حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

# نۆستالیژیا لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا

تێزێکە

عزالدین صابر محمد

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە ، وەک بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

پ.ی.د سامان جلال عزیز

٢٧٢٤کوردی ٢٠٢٤زایینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

# نۆستالیژیا لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا

**تێزێکە**

**عزالدین صابر محمد**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە ، وەک بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.ی.د سامان جلال عزیز**

2724 کوردی

2024 زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی: نۆستالیژیا لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا ، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، وەک بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.ی.د سامان جلال عزیز**

2024 / ١/٢٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ. ی. د. محمد عمر عول**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

2024 / ٢/٢٥

CamScanner

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ. د. ابراهیم عبدالرحمن محمود

ئەندام

ڕۆژ: ٥/ ٣/ 2024

ناو: پ. د. ئازاد عبدلواحید کریم

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ٥/ ٣/ 2024

ناو: پ.د. حمە نوری عمر کاکی

ئەندام

ڕۆژ: ٥/ ٣/ 2024

ناو: پ. د. شنۆ محمد محمود

ئەندام

ڕۆژ: ٥/ ٣/ 2024

ناو: پ.ی. د. سامان جلال عزیز

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ٥/ ٣/ 2024

ناو: پ.ی.د. ئاسۆ عمر مصطفی

ئەندام

ڕۆژ: ٥/ ٣/ 2024

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ: ١٢/ ٤/ 2024

CamScanner

## هێما کورتکراوەکان

| هێما | وشە |
| --- | --- |
| د . | دیوان |
| د: دی | دیوانی دیلان |
| د: پ | دیوانی پیرەمێرد |
| د : هێ | دیوانی هێمن |

# سوپاس و پێزانین

ـ سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان.

ـــ سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتیارم ( پ.ی.د. سامان جلال عزیز) ، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی خستە ئەستۆ، بەردەوام بەسەرنج و تێبینییەکانی هاوکارم بوو.

- سوپاس بۆسەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان ، سەرۆکایەتی بەشی کوردی ، سەرجەم مامۆستایان لە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی .

ـ سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە هاوکارییان کردم، لە وەرگێڕانی بابەتە پێویستەکاندا .

پێشکەشە بە:

- بە ڕۆحی فریشتە ئاسای دایکم ، باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە دوو گەنجینەی پڕ لە سۆز بوونە بۆم .
- ئەوانەی بە دڵسـۆزیی و گیانی بـاوەڕ بە خۆبوونەوە، لــە سـامانی نەتەوایەتی میللەتەکەمان دەڕوانن.
- بە هاوسەر و هاوڕێی ژیانم ، بەجگەرگۆشەکانم ( هەنسک و هەناسە و محەمەد )
- بە کـــەرکوک

پوختە : نۆستالیژیا ، وەک بابەتێکی گرنگی کاریگەریی سەر دەروونی مرۆڤ ، بە گشتی پانتاییەکی فراوانی لە دونیای ئەدەب دا داگیرکردووە، ئەم چەمکە بەواتای گەڕانەوە بۆڕابردوو و خەمی دووری و ئاوات و ئومێدی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان دێت ، هاوکات لەگەڵ گلەیی لەئێستای پڕ لەناڵە و حەسرەت ، لەگەڵ حەز و ئاواتی داهاتوویەکی باشتر.

نۆستالیژیا چەمکێکی هاوبەشە لەنێوان سایکۆلۆژیا و هونەر بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ، مامەڵەکردن وکارکردن لەگەڵ دەقە نۆستالیژییەکان دا ، پرۆسەیەکی گرانە و پێویستی بە وردبینی و شرۆڤەی دروست هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، کە بە ناونیشانی :نۆستالیژیا لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دایە، لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت ، لە لێکۆڵینەوەکەدا جگە لە پێشەکییەک ، لەسێ بەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەم : لە سێ پار پێک هاتووە، پاری یەکەم تایبەتە بە بنەمای تیۆریی و مێژووی دەرکەوتنی زاراوەکە ، کە چەند باسێک لەخۆ دەگرێت، لەوانە : زاراوەی نۆستالیژیا ، چەمک و پێناسەی نۆستالیژیا ، مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی نۆستالیژیا ، جۆرەکانی نۆستالیژیا لەڕووی تیۆرییەوە، لەگەڵ هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا .

پاری دووەمیش لەژێرناوی نۆستالیژیا لەنێوان پاڵنەرو سوودا دەردەکەوێت و چەند باسێک لەخۆدەگرێت لەوانە : نۆستالیژیا ڕۆمانسیزم، لەگەڵ هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا، پاری سێیەمیش چەند باسێک لەخۆدەگرێت وەکو : سوودەکانی نۆستالیژیا ، وەسفی کاتی ماڵئاوایی ، پەیوەندی نۆستالیژیا بەهونەر و ژانەرە ئەدەبییەکانەوە ، وەکو : پەیوەندی نۆستالیژیا بەئەفسانەوە ، پەیوەندی نۆستالیژیا و ئەدەب ، نۆستالیژیا و سیاسەت ، پەیوەندی نۆستالیژیا و ڕەخنەی دەروونی ، پەیوەندی نۆستالیژیا و فەلسەفە ، پەیوەندی نۆستالیژیا و یۆتۆپیا.

بەشی دووەمیش : تایبەتە بە دیاریکردن و خستنەڕووی جۆر و شێوەکانی نۆستالیژیا ، لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا ، لەڕووی پراکتیکییەوە.

بەشی سێیەمیش : لەژێر ناونیشانی (پەیوەندی نۆستالیژیا بە ئیستاتیکا وەیە)، کەچەند باسێک لەخۆدەگرێت لەوانە : زمانی شیعری دەقە نۆستالیژییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) لەڕووی پراکتیکییەوە ، وێنەی هونەری لە دەقە نۆستالیژییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) لەڕووی پراکتیکییەوە ، ئیستاتیکای ناونیشان لە دەقە نۆستالیژییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) لەڕووی پراکتیکییەوە .

لەکۆتاییشدا، ئەنجام و پوختەیەک بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

| ناوەرۆک | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | 1 |
| بەشی یەکەم : مێژووی دەرکەوتن و بنەمای تیۆری نۆستالیژیا | 3 |
| یەکەم : چەمک و زاراوەی نۆستالیژیا | – |
| ١-١ ) زاراوەی نۆستالیژیا | 3 |
| 2-1-1 ) چەمک و پێناسەی نۆستالیژیا | 6 |
| 3-1-1 ) مێژووی دەرکەوتن و پەرەسەندنی نۆستالیژیا | 17 |
| 4-1-1) جۆرەکانی نۆستالیژیا | 19 |
| 4-1-1/ 1 ) نۆستالیژیای تاک | 21 |
| 4-1-1/ 1- أ ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی | 21 |
| 4-1-1/ 1- ب ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی | 22 |
| 4-1-1/ 1- ج ) نۆستالیژیای خەمی پیری و ترس لەمردن | 23 |
| 4-1-1/ 1 - د ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار | 23 |
| 4-1-1/ 1 – ت ) نۆستالیژیای خەمی نیشتیمان | 24 |
| 4-1-1/ 1 - ز ) نۆستالیژیای دووری ئازیزان( لەدەستدانی ئازیزان) | 25 |
| 4-1-1/ 1 - ژ ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سروشت | 26 |
| 4-1-1/ 1 - س ) نۆستالیژیای شاری نمونەیی | 26 |
| 4-1-1/ 1 - ش) نۆستالیژیای داهاتـــــــــوو | 27 |
| 4-1-1/ 1 - ێ) نۆستالیژیای بەندیخانـــــــــە | 28 |
| 4-1-1/ 1 - ک) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕابردووی پڕ سەروەری | 29 |
| 4-1-1/ 2 ) نۆستالیژیای گشتی . | 29 |
| 4-1-1/ 2- آ ) نۆستالیژیای ڕووداوە مێژوییەکان | 30 |
| 4-1-1/ 2 - ب ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکۆنەکان | 31 |
| 4-1-1/ 2 - ج ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان | 31 |
| 4-1-1/ 2- د ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆکەسایەتییە نەتەوەیی ومێژووییەکان | 32 |
| 4-1-1/ 2- ح ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتی و بۆنە ئایینییەکان | 32 |
| 2-1 / نۆستالیژیا لە نێوان پاڵنەر و سوود دا : | 33 |
| 1-2-1) نۆستالیژیا و ڕۆمانسیزم | 33 |
| 2-2-1) هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا | 35 |
| 1-2-2:آ ) گەشتکردن | 36 |

| | |
|---|---|
| 36 | 2-2-1:ب ) زیندانیکردن و گرتن |
| 38 | 2-2-1:ج ) غوربەت |
| 38 | 2-2-1:ح ) ئاین |
| 39 | 2-2-1:خ ) شکستی دەسەڵاتی سیاسی |
| 40 | 2-2-1:د ) کارەساتی مێژووی |
| 42 | 2-2-1:ت ) گەران بەدوای پەناگەی ئارام و مۆدێرن دا |
| 43 | 2-2-1:ز ) کەلەپوری میللی |
| 44 | 2-2-1:ژ ) خەون |
| 45 | 2-2-1:س ) خۆشەویستی |
| 46 | 2-2-1:ش ) لەدەست دانی یەکێک لەئەندامانی خیزان یان ئازیزێک |
| 46 | 2-2-1:ێ ) هەستەکانی مرۆڤ |
| 47 | 2-2-1:ک ) هۆکاری ڕۆحی |
| 47 | 2-2-1:ل ) تەنهایی |
| 48 | 3-2-1 / سودەکانی نۆستالیژیا |
| 51 | 4-2-1 / وەسفی کاتی ماڵئاوایی |
| | 3-1 / پەیوەندی نۆستالیژیا بە هونەر و ژانەرە ئەدەبییە جۆر بەجۆرەکانەوە. |
| 53 | 1-3-1) نۆستالیژیا و ئەفسانە |
| 55 | 2-3-1/) نۆستالیژیا وئەدەب |
| 59 | 3-3-1) نۆستالیژیا و سیاسەت |
| 62 | 4-3-1) نۆستالیژیا و ڕەخنەی دەروونی |
| 64 | 5-3-1) نۆستالیژیا وفەلسەفە |
| 68 | 6-3-1) نۆستالیژیا و یۆتۆپیا |
| 70 | بەشی دووەم : جۆرەکانی نۆستالیژیا لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن ) دا . |
| 70 | 1-2 ) نۆستالیژیای تاک |
| 71 | 1-1-2 ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی |
| 72 | 1-1-2/ أ ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی پیرەمێردا |
| 73 | 1-1-2/ ب ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی دیلان دا |
| 74 | 1-1-2/ ج ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی هێمن دا |
| 75 | 2-1-2 ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی |
| 76 | 2-1-2- أ ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی پیرەمێردا |
| 79 | 2-1-2- ب ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی دیلاندا |
| 81 | 2-1-2- ج ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی هێمن دا |

| | |
|---|---|
| 3-1-2 ) نۆستالیژیای خەمی پیری (ترس لەمردن ) | 84 |
| 3-1-2/أ ) نۆستالیژیای خەمی پیری (ترس لەمردن ) لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 85 |
| 3-1-2/ب ) نۆستالیژیای خەمی پیری (ترس لەمردن ) لەشیعرەکانی دیلان دا | 87 |
| 3-1-2/ج ) نۆستالیژیای خەمی پیری (ترس لەمردن ) لەشیعرەکانی هیمن دا | 90 |
| 4-1-2 ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دوری و مەرگی ئازیزان | 93 |
| 4-1-2/ ا )نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری و مەرگی ئازیزان،لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 94 |
| 4-1-2/ب ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری و مەرگی ئازیزان،لەشیعرەکانی دیلان دا | 97 |
| 4-1-2/ ج ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری ومەرگی ئازیزان،لەشیعرەکانی هێمن دا | 100 |
| 5-1-2 ) نۆستالیژیای خەم وحەسرەتی نیستیمان | 104 |
| 5-1-2/ أ ) نۆستالیژیای خەم وحەسرەتی نیستیمان،لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 105 |
| 5-1-2/ ب ) نۆستالیژیای خەم وحەسرەتی نیستیمان،لەشیعرەکانی دیلان دا | 108 |
| 5-1-2/ ج ) نۆستالیژیای خەم وحەسرەتی نیستیمان،لەشیعرەکانی هێمن دا | 112 |
| 6-1-2 ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار | 119 |
| 6-1-2/ أ ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 120 |
| 6-1-2/ب ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار، لەشیعرەکانی دیلان دا | 123 |
| 6-1-2/ ج ) نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار، لەشیعرەکانی هێمن دا | 127 |
| 7-1-2 ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت | 133 |
| 7-1-2/ أ ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت ، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 134 |
| 7-1-2/ب ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت، لەشیعرەکانی دیلان دا | 138 |
| 7-1-2/ج ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروست، لەشیعرەکانی هێمن دا | 141 |
| 8-1-2 ) نۆستالیژیای شاری نمونەیی | 144 |
| 8-1-2/ أ) نۆستالیژیای شاری نمونەیی، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 145 |
| 8-1-2/ب) نۆستالیژیای شاری نمونەیی، لەشیعرەکانی دیلان دا | 150 |
| 8-1-2/ج ) نۆستالیژیای شاری نمونەیی، لەشیعرەکانی هێمن دا | 152 |
| 9-1-2 ) نۆستالیژیای داهاتوو | 155 |
| 9-1-2/ أ ) نۆستالیژیای داهاتوو، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 155 |
| 9-1-2/ب ) نۆستالیژیای داهاتوو، لەشیعرەکانی دیـــلان دا | 157 |
| 9-1-2/ج ) نۆستالیژیای داهاتوو، لەشیعرەکانی هێمـــن دا | 159 |
| 2-2 ) نۆستالیژیای گشتی لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هیمن ) دا | 161 |
| 1-2-2) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان | 162 |
| 1-2-2/أ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان ، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا | 163 |
| 1-2-2/ب) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان، لەشیعرەکانی دیلاندا | 166 |

| | |
|---|---|
| 167 | 2-2-1/ج)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان ، لەشیعرەکانی هێمن دا |
| 170 | 2-2-2)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمەفۆلکلۆرییاکان. |
| 171 | 2-2-2/أ)    نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییاکان، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا |
| 174 | 2-2-2/ب)  نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمەفۆلکلۆرییاکان، لەشیعرەکانی دیلان دا |
| 176 | 2-2-2/ج)  نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییاکان، لەشیعرەکانی هێمن دا |
| 178 | 2-2-3 )      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان |
| 179 | 2-2-3 /أ) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا |
| 182 | 2-2-3 /ب)  نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان ، لەشیعرەکانی دیلان دا |
| 186 | 2-2-3 /ج)  نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان ، لەشیعرەکانی هێمندا |
| 189 | 2-2-4)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان و نەتەوەییەکان |
| 189 | 2-2-4/أ)  نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان، لەشیعرەکانی پیرەمێرددا |
| 191 | 2-2-4/ب) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان ، لەشیعرەکانی دیلان دا |
| 194 | 2-2-4/ج) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا |
| 196 | 2-2-5-)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاوپیرۆزییە ئاینییەکان |
| 196 | 2-2-5-ا)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاوپیرۆزییە ئاینییەکان لەشیعرەکانی پیرەمێرددا |
| 199 | 2-2-5-ب)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاوپیرۆزییە ئاینییەکان لەشیعرەکانی دیلان دا |
| 199 | 2-2-5-ج)      نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاوپیرۆزییە ئاینییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا |
| – | بەشی سییەم : پەیوەندی نۆستالیژیا بە ئیستاتیکا و دەروونناسییەوە : |
| 201 | 3-1)   تایبەتمەندییە ئیستاتیکییەکانی دەقی نۆستالیژیی |
| 201 | 3-1-1/)      زمانی شیعری دەقە نۆستالیژییەکان |
| 204 | 3-1-1/أ)      زمانی شیعری دەقە نۆستالیژییەکانی پیرەمێرد |
| 211 | 3-1-1/ب)      زمانی شیعری دەقە نۆستالیژییەکانی دیلان |
| 217 | 3-1-1/ج)      زمانی شیعری دەقە نۆستالیژییەکانی هێمن |
| 225 | 3-1-2-1)      ڕۆلی هەستەکان لەدروستکردنی وێنەی دەقە نۆستالیژییەکان |
| 228 | 3-1-2-1/ أ)      وێنەی هونەری لە دەقە نۆستالیژییەکانی پیرەمێردا |
| 233 | 3-1-2-1/ ب)      وێنەی هونەری لە دەقە نۆستالیژییەکانی دیلان دا |
| 239 | 3-1-2-1/ج)      وێنەی هونەری لە دەقە نۆستالیژییەکانی هێمن دا |
| 245 | 3-1-3)      ئیستاتیکای ناونیشان لەدەقە نۆستالیژییەکاندا |
| 247 | 3-1-3/أ)      ئیستاتیکای ناونیشان لەدەقە نۆستالیژییەکانی پیرەمێرددا |
| 253 | 3-1-3/ب)      ئیستاتیکای ناونیشان لەدەقە نۆستالیژییەکانی دیلاندا |
| 258 | 3-1-3/ج)      ئیستاتیکای ناونیشان لەدەقە نۆستالیژییەکانی هێمن دا |
| 264 | ئەنجام |

| | |
|---|---|
| لیستی سەرچاوەکان | 266 |
| ملخص | 281 |
| Abstract | 283 |

پێشـــــــــــــــــەکی:

زاراوەی نۆســـــتالیژیا یـــان گەڕانەوە بـــۆ ڕابـــــردوو، یەکـــێکە لەو زاراوانەی، کە لەپـــاڵ تایبەتمەنـــدییە دەروونییەکەیـــدا، وەکـــو زاراوەیەکـــی ڕەخنەیـــی،لەم ســـاڵانەی دواییـــدا لای ڕەخنەگـــران و لێکـــۆڵەران گرنگـــی زۆری پێـــدراوە. نۆســـتالیژیا چەمکێکـــی هاوبەشـــە لە نێـــوان ســـایکۆلۆژیاو زۆربەی زانســـتەکانی تـــر بەگشـــتی و ئەدەب بەتـــایبەتی. نۆســـتالیژیا ســـەرەتا لەڕێـــی زانســـتی پزیشـــکییەوە، هـــاتووەتە نێـــو زانســـتی دەروونناســـیەوە، دواتـــریش هـــاتووەتە نێـــو بـــواری ئەدەبیـــاتەوە، لەســـەرەتادا ئەم زاراوەیە، بـــۆ ئەو کەســـە غەمگـــین و خەمبـــارانە بەکاردەهـــات، کە تاســـە و ئـــارەزووی گەڕانەوەیـــان بـــۆ زێـــد و نیشـــتمانی خۆیـــان دەکرد،بـــۆیە بەتێـــپەڕ بـــوونی کـــات، شـــێوەیەکی گشـــتگیری وەرگـــرت، بەمانـــای خەم و حەسرەت و دووری و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەکارهاتووە.

ئەگەرچـــی دەرکەوتنـــی زاراوەکە نـــوێیە ! بەڵام چەمـــک و نیشـــانەکانی لەئەدەبیـــاتی کۆنـــدا بـــوونی هەبـــووە و لەلایەن شـــاعیرانەوە بەکارهـــاتووە، بێگومـــان ئەمـــیش کـــۆمەڵێ هۆکـــار و پـــاڵنەری تـــایبەتی و گشـــتی هەبـــووە، لەوانە فـــاکتەری سیاســـی، فـــاکتەری ئـــاینی، کـــۆمەڵایەتی، ســـۆزداریی......هتد، ئەو شـــاعیرانەی ، کە دیـــاردەی نۆســـتالیژیا لە نێـــو دەقەکانیانـــدا دەبینرێـــت، یـــان بەکاریـــان هێنـــاوە، گیرۆدەیـــی خەم و حەســـرەت و ئـــازارو دڵتەنگـــی و غـــوربەت دەبـــن.نۆســـتالیژیا، ئۆرگـــانێکی کـــاریگەرە لە جەســـتەماندا، کە خۆشـــی و کەشـــێکی ئارامـــمان بـــۆ دابـــین دەکـــات، هەســـتێکە کۆمـــان دەکـــاتەوە ، لەگەڵ کـــۆمەڵە کەســـانێک ، کە تاســـەی دووریـــان دەکەیـــن ، نۆســـتالیژیا ئەو خەونە ئەفســـوناویەیە، کە دەمـــان گەیەنێـــتەوە بە شـــوێن و کـــاتە دڵڕفێنەکـــانی ڕابـــردوو.نۆســـتالیژیا بـــۆ داهـــاتوو بەهێزمـــان دەکـــات، بـــاری دەروونیمـــان باشـــتر دەکـــات و خواســـتی پەیوەنـــدی کۆمەڵایەتیمـــان زیـــاتر دەکـــات، بە تـــایبەت لەگەڵ ئەو کەســـانەی ، کە ڕابردوومـــان لەگەڵیانـــدا هاوبەشـــە، وەک دایـــک و بـــاوک و هـــاوڕێی منداڵی.....هتـــد، نۆســـتالیژیا ئـــێمە هـــێمن تـــر و ئاســـودە دەکات، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، بارودۆخێکی بەسوودە و خراپ نییە.

**ناونیشانی لێکۆڵینەکە :**ئەم تێزە بە ناونیشانی نۆستالیژیایە لەشیعرەکانی ( پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا،.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە.:**

ئەم تێزە ، هەوڵێکە بۆدەرخستن و خستنەڕووی بابەت و دۆخ و حاڵەتی نۆستالیژیا، لە نێو دەقە شیعرییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا ، لەگەڵ دیاریکردنی جۆر و شێوەکانی دەقە نۆستالیژییەکانیان و دەرخستنی تایبەتمەندیی نۆستالیژیی هەریەکەیان .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**لەم تێزەدا، بۆ لایەنی تیۆری سوودمان لە ڕێبازی(وەسفی) وەرگرتووە ، بۆ پراکتیزەکردن و شرۆڤەکردنی دەقە نۆستالیژییەکانیش سوودمان لە ڕێبازی شیکاری و ڕەخنەی دەروونی و شێوازگەری وەرگرتووە .

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە**: گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆلینەوەیەک بەم ناونیشانە سەبارەت بە (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) بەئەنجام نەگەیەندراوە، کە بەوردی گشت جۆرو شێوەکانی نۆستالیژیا لە دووتوێی تێزێکی ئەکادیمیدا بخرێتە ڕوو ،

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

نۆستالیژیا وەکو حاڵەتێکی دەروونی لەبواری ئەدەبیدا ، پەرچەکرداری دۆخی (کات ) و بارودۆخی شوێنە جیاوازەکانە ، بۆیە هەمیشە جێی گرنگی و بایەخی ڕەخنەگران و توێژەران بووە . ئەم تێزەی ئێمە هەوڵی ڕوونکردنەوەی حاڵەتی نۆستالیژیا دەدات لەئەدەبی کوردی بەگشتی و لای شاعیرانی سنوری تێزەکەمان بەتایبەتی ، هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی جۆر و شێوەکانی نۆستالیژیا و هۆکارەکانی کاریگەریی سەرحاڵەتی نۆستالیژیا ، کارلەسەرخستنەڕووی چەمکی نۆستالیژیا دەکەین لە نێوان کاتی ( ڕابردوو و ئێستا و ئایندە دا) ، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارەدەدەین ، کە نۆستالیژیا تەنها پەیوەست نییە بەڕابردووەوە ، بەڵکوڕەتکردنەوەی ئێستا وئاوات خواستنە بۆداهاتوویەکی باشتر، لەگەڵ دیاریکردنی گرفتی نێوان (نۆستالیژیا و نامۆیی) .

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت ، لە لێکۆڵینەوەکەدا جگە لە پێشەکی و ئەنجام ، لەسێ بەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەم : لەسێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم تایبەتە بە بنەمای تیۆری و مێژوویی دەرکەوتنی زاراوەکە ، ، کە چەند باسێک لەخۆ دەگرێت ، لەوانە : زاراوەی نۆستالیژیا ، چەمک و پێناسەی نۆستالیژیا ، مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی نۆستالیژیا ، جۆرەکانی نۆستالیژیا لە ڕووی تیۆرییەوە، لەگەڵ هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا ، پاری دووەمیش لەژێرناوی نۆستالیژیا لەنێوان پالنەرو سوودا دەردەکەوێت و چەند باسێک لەخۆدەگرێت لەوانە : نۆستالیژیا ڕۆمانسیزم، لەگەڵ هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا، پاری سێیەمیش چەند باسێک لەخۆدەگرێت لەوانە : سودەکانی نۆستالیژیا ، وەسفی کاتی ماڵئاوایی ، پەیوەندی نۆستالیژیا بەهونەر و ژانەرە ئەدەبییەکانەوە ، وەکو : پەیوەندی نۆستالیژیا بەئەفسانەوە ، پەیوەندی نۆستالیژیا و ئەدەب ، نۆستالیژیا و سیاسەت ، پەیوەندی نۆستالیژیا و ڕەخنەی دەروونی ، پەیوەندی نۆستالیژیا و فەلسەفە ، پەیوەندی نۆستالیژیا و یۆتۆپیا. بەشی دووەمیش : تایبەتە بە دیاریکردن و خستنەڕووی جۆر و شێوەکانی نۆستالیژیا ، لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا ، لەڕووی پراکتیکییەوە. بەشی سێیەمیش : لەژێر ناونیشانی (پەیوەندی نۆستالیژیا بە ئیستاتیکا یە ، چەند باسێک لەخۆدەگرێت لەوانە : زمانی شیعری دەقە نۆستالیژییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) لەڕووی پراکتیکییەوە ، وێنەی هونەری لە دەقە نۆستالیژییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) لەڕووی پراکتیکییەوە ، ئیستاتیکای ناونیشان لە دەقە نۆستالیژییەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) لە ڕووی پراکتیکییەوە .

لەکۆتاییشدا پوختەیەک بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم: بنەما تیۆرییەکانی نۆستالیژیا و مێژووی دەرکەوتنی

### یەکەم :چەمک و زاراوەی نۆستالیژیا :

### 1 – 1: زاراوەی نۆستالیژیا:

زاراوەی نۆستالیژیا یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یەکێکە لەو زاراوانەی، کە لەپاڵ تایبەتمەندییە دەروونییەکەیدا، وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی، لەم سالانەی دواییدا لای ڕەخنەگرانی ئەدەب دەرکەوتووە، ئەگەرچی ئەم دەرکەوتنە نوێیە ! بەڵام چەمکەکەی لەئەدەبیاتی کۆندا بوونی هەبووە و لەلایەن شاعیرانەوە بەکارهاتووە، بێگومان ئەمیش کۆمەڵێ هۆکارو پاڵنەری تایبەتی و گشتی هەبووە، لەوانە فاکتەری سیاسی، فاکتەری ئاینی، کۆمەلایەتی، سۆزدارییی......هتد، ئەوشاعیرانەی کە دیاردەیی نۆستالیژیا لە نێو دەقەکانیاندا دەبینرێت، یان بەکاریان هێناوە، توشی خەم و حەسرەت و ئازارو دڵتەنگی و غوربەت بوون.

بۆ ئەوەی زیاتر واتا و مەبەستی زاراوەکە ڕوونبکەینەوە،بە پێویستی دەزانین بگەڕێینەوە لای تێڕوانینی نەتەوە جۆر بە جۆرەکان دەربارەی ئەم چەمکە.

زاراوەی نۆستالیژیا ((لەبنەڕەتدا Nostalgia زاراوەیەکی فەڕەنسیە، کە بنچینەی زاراوەکە لە دوو وشەی یۆنانی وەرگیراوە (nosto-nostos)، کە بە واتای نیشتیمان یان گەڕانەوە بۆ خاک دێت، وشەی دووەم (alogs)، کە بە واتای ڕەنج یان ئاوات یان حەسرەت دێت)) (عبداللهیان :1394،ل2) ، کەواتە: بنەڕەتی وشەکە یۆنانییە، بەڵام فەڕەنسییەکان وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی لە ڕێگەی وشە یۆنانییەکەوە بەکاریان هێناوە ، وەکو وتمان نۆستالیژیا وەک وشە، وشەیەکی لێکدراوە و لەدوو وشەی یۆنانی داڕێژراوە ، کەواتە: زاراوەی نۆستالیژیا بنەچەکەی فەڕەنسییە،(( کە لە فەرهەنگی فەرەنسی ئینگلیزییی ، زانکۆی کامبریدج وشەی ( Nostalgie ) بەکار هاتووە))( Cambridge dictionary.2022.Cambridge University Press.Cambridge.92).

((واتای زاراوەکە لە واتای وشەکەی نزیکە، کە بەواتاکانی، داخ و حەسرەت بۆ ڕابردوو، حەزکردن بە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، دروست بوونی هەستی غەریبی لەلای مرۆڤ دێت )) (عەبدوڵلا: 2016: ل 15)، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت: کە نۆستالیژیا تامەزرۆییەکی بێ سنورە، بۆ دۆخێکی بەسەرچوو، خەم و نامۆیی(( حەسرەتی ڕابردووە، دڵ تەنگیە بۆ خێزانە)) (باتنی، 1384:ل10)، نۆستالیژیا لە بابەتە سروشتی و دەرونییەکانی مرۆڤە، کە لە ڕاستییدا پەیوەستە بە جیهانی دەروونناسییەوە، دوایی تێکەڵ بووە و پەیوەست بووە بە ئەدەبیاتهوە، پاشان لەلایەن

نوسەران و شاعیرانەوە بەکارهێنراوە ، ئینجا واتاکەی بەرەو جیهانی هەست و حەسرەت و خەم و دووری لە نیشتیمان، ماڵ، کۆڵان، یادگاریی کۆن بووە، هەڵبەتە،"لەبەرامبەر زاراوەی nostalgia چەندین واتای تر هەیە، بۆ نموونە فەرەنسییەکان، سەبارەت بە نۆستالیژیا ((maladie dupays کە بەواتای نەخۆشی نیشتیمانیان بەکارهێناوە، ئەڵمانییەکانیش زاراوەی ( Heimweh )، کەبەواتای دووری لە ماڵ، خەفەتی ماڵ بەکار دەهێنن، ئیسپانییەکانیش وشەی ( elmalde corazon )، کەبەواتای دەردی دڵ، دڵ تەنگی بۆ ڕابردوو، بەکاردەهێنن)) (صنعتی،:1382:ل29)، هەر سەبارەت بە زاراوەی نۆستالیژیا، لە فەرهەنگی ئۆکس فۆرددا، نۆستالیژیا بە واتای ((دووری و خەم و حەسرەتی نیشتمان هاتووە )) (ئۆکس فۆرد:2003،ل314)

ئەگەر لە نێو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیدا، بۆ زاراوەی نۆستالیژیا بگەڕێین، دەبینین لێرە و لەوێ چەند واتا و بۆچوونێک بەدی دەکەین، لەوانە (دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، لە فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، سەبارەت بە زاراوەی نۆستالیژیا لە ڕووی بنەڕەتەوە، هەمان بۆچونی نوسەرانی تری هەیە بەوەی ، کە بنەڕەتی زاراوەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ یۆنانییەکان، زاراوەکە پەیوەست دەکات بەو خەم و ئازارەی ، کە دووچاری نەخۆشەکە دەبێت، لە ئەنجامی ئەو ترسەی لەلای نەخۆش دروست بووە، بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە زێدی خۆی ((ترس لەوەی، کە نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شوێن و ژینگەی بنەڕەتی خۆی )) (ئەسوەد :2015:ل391)، بەپێی ئەم بۆچوونە، بنەچەی nostalgia وەکو زاراوەکە دەگەڕێتەوە، بۆ یۆنانییەکان، لەڕووی کاتیشەوە نۆستالیژیا پەیوەست کراوە بە ڕابردووە وە، بەڵام دەکرێت هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم تێڕوانینە بکەین، بەتایبەتی کاتێک لێرەدا ، نۆستالیژیا دەبەستێتەوە بە ڕابردووەوە، دەکرێت ئەوە ڕاست بکەینەوە و بڵێین: نۆستالیژیا تەنها پەیوەست نییە بە ڕابردووەوە، ، بەڵکو هەندێ جار ئومێد و حەسرەت و ئاوات خواستن بۆ داهاتوویەکی باشترە، ئێمە هەوڵدەدەین لە باسی نۆستالیژیادا زیاتر ئەمە ڕوونبکەینەوە، هەڵمەت بایز ڕەسوڵیش ، زاراوەکە دەگەڕێنێتەوەبۆ فەرەنسییەکان و لەوبارەیەوە دەڵێت:((وشەکە وەک زاراوە لە nostalgie فەرەنسییەوە هاتووە، کە بەواتای داخ و حەسرەت هەڵکێشان بۆ ڕابردوو، بۆماڵ و وڵات وهەست بە غەریبی کردن دێت)) ( ڕەسوڵ: 2018: ل263)، هەرسەبارەت بەزاراوەی نۆستالیژیا لە فەهەنگی ئەلمونجد دا، زاراوەی نۆستالیژیای گرێداوە بە ڕەهەندە دەرونییەکانەوە، بەجۆرێک ئاماژەی بە (( تاسەکردن، دڵ بۆلێدان، بیرکردنەوە، سۆز جوڵاندن کردووە)) ( سوبحانی1396:، ل565).

کەواتە: ئەم بۆچونە ئەوەمان پێدەڵێت: کە نۆستالیژیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەلایەنی دەروونییەوە هەیە، هەردوو توخمی کات و شوێن هۆکاری سەرەکی دروست بوونی دیاردەی

نۆستالیژیان. ئەگەرچی (کاتی) دووری لە زێد و نیشتیمان کورت بێت یان مەودای دووریەکەش کەم بێت! بەشێوەیەکی گشتی لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا لە پاڵ زاراوەی نۆستالیژیا ، زاراوەگەلێکی تر هەیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دراونەتە پاڵ واتای دووری نیشتیمان، لەوانە :گەڕانەوە بۆڕابردوو، نامۆیی، غوربەت،دڵتەنگی،خەم وحەسرەت ، تاراوگە، هتد....، دەبینرێت، (سۆران مامەندیش)، لەنامەی ماستەرەکەیدا بە پشت بەستن بە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژاریی موکریانی، دەڵێت: ((هەندێ وشە زۆر نزیکن لە بابەتی نۆستالیژیاوە، تەنانەت دەتوانین بڵێین ڕێک خۆیەتی، لەوانە نامۆیی، بیانی، غەریبی، غەوارە یان نامۆیی بێگانەیی )) (عەبدالله: 2016، ل20)، هەروەها (ڤیان عباس) یش لە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەڵێت : (( ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەتی زاراوەی نۆستالیژیا ، ئەوا لەبنەڕەتدا بۆ زاراوەی ( alienation) ی ، لاتینی دەگەڕێتەوە )) (ابراهیم : 2007، ل6) .

ئەوەی ، کە گرنگە لێرەدا ڕاستبکرێتەوە، ئەوەیە وشەی نامۆیی لەگەڵ بابەتی نۆستالیژیا تێکەڵ کراوە، دەکرێت بوترێت نزیکیەک هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام هەریەکەیان بۆخۆی واتای سەربەخۆیان هەیە بۆ مەبەستی دیاریکراو لە شوێن و کاتی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن، ، بۆنموونە: وشەی نامۆیی (( لە Alienation، لە ئاوەڵناوی Alien ) هاتووە، کە بەمانای نەناسراو یان بێگانە دێت، هەروەها بەواتای سەرپێچی کاریان گۆڕاویش دێت)) (قادر :2006، ل12) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕووی زاراوەوە جیاوازیەکی زۆریان هەیە.

لەڕووی تێگەیشتن و چەمکەوە، دەتوانین کەمترین جیاوازی نێوانیان لەوەدا ببینینەوە، کە نامۆیی حالەتێکی تاڵە و گرانە لە ئەزمونی مرۆڤدا، بەشێێک لە مرۆڤەکان تووشی دەبن، بەهۆکاری جیاجیا، لەوانە مرۆڤ کاتێک، خۆی لە وڵاتێکی غەریب و بێگانە دەبینێتەوە، ئەگەرچی ژیانێکی خۆشی هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا هەر نامۆ و غەریبە، (بەڵام نۆستالیژیا مەرج نیە تەنها بەهۆی دووری لە نیشتیمان دروست ببێت)(الراوي: 2015،42)، هەندێکجار مرۆڤ لەنیشتیمانی خۆشیدا، بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆی، جا ئەو ڕابردووە تاڵ بێت یان شیرین دروست دەبێت، کەواتە: دەتوانین بڵێین : نۆستالیژیا لە ڕووی دەروونیەوە هێورترە لە نامۆیی.

لە ئەدەبیاتی فارسیشدا، بۆ زاراوەی نۆستالیژیا، ((واتاکانی غەم و حەسرەت و دووری نیشتیمان و یادەوەریی بەدی دەکرێن )) (سوهیل: 2006: ل 564)، واتە: لە ئەدەبیاتی فارسیدا بۆ زاراوە بنەڕەتیەکە، یەک زاراوەی دیارو جێگیر نیـیە، بەڵکو زاراوەکە وەکو نەخۆشییەکی پەیوەست بە نیشتیمان و ڕەهەندێکی دەروونی، کە لە ئەنجامی دووری نیشتیمان، دووری لە دایک و باوک و ئازیزان، دروست دەبێت.

لە نێــو فەرهەنــگە عەرەبییەکانیشــدا، بەرامــبەر زاراوەی نۆســتالیژیا، چەنــد زاراوەیەک بەکارهاتوون لەوانە ((الحنین، الشوق، حنین الی الوطن، حنین الی الماضي، الاشتیاق) وشەی الحنین، ( هەموو ئەو ناوانەی کە لێی وەرگیراون، ئیلهامی سۆزدارییان هەیە)(عەلی :2010,32) کە گوزارشت لە ڕوونی و ئاشکرایی وخۆش گوزەرانی هەست دەکەن، لە هەمان کاتدا لە ناواخندا هەڵگری ڕەهەندی بەزەیین، لە دەوری گریان و ناخۆشی و دڵتەنگی دەخولێتەوە، کە لەبەزەییەوە وەرگیراوە )) (سعد، 2011:ل11) وشەی حنین لە سۆزو بەزەییەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک خوای گەورە لە سورەتی مەریەم دا دەفەرمویت: (( وَحَنَانًا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيًّا )) (القران کریم: مریم، ایە 13)، واتە: هەر سۆزو بەزەییە دیاریی ئێمەیە بۆ خەڵک. هەر سەبارەت بە زاراوەی حەنین لە فەرهەنگی موحیط دا هاتووە، کە زاراوەی(( الحنین، بەواتای تامەزرۆیی و خەم و دەنگی خەم و خۆشی )) لێکدراوەتەوە ( فیروز و یعقوب: 1980، ل213)، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، حنین و شوق بۆ واتاو مەبەستەکانی خەم و پەژارەو گەڕانەوە بۆ ماڵ و تامەزرۆیی بۆ دیداریی ئازیزان، بەکارهاتوون. لە فەرهەنگی (لسان العرب)یشدا نۆستالیژیا بە واتای ((دەنگی گریانێکی چڕ یان خەم و خۆشی دێت)) (زکی : 1935 ل354).

## 1-1- 2 :چەمک و پێناسەی نۆستالیژیا:

نۆستالیژیا چەمکێکی هاوبەشەلەنێوان سایکۆلۆژیاو زۆربەی زانستەکانی تر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی، لەهەمان کاتدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کە بنەچەی زاراوەی نۆستالیژیا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، کە وشەکە پەیوەستە بە هەست و خۆشەویستی و خەم و حەسرەتەوە، لە ڕاستیدا نۆستالیژیا جۆرە نەخۆشییەکە، کە توشی مرۆڤ دەبێت، وا لە مرۆڤ دەکات حەز بە گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتیمانی خۆی و شاد بوونەوە، بەدیداری دۆست و ئازیزان بکات، ئەگەر ڕوونتر بدوێین سەبارەت بە زاراوەکە ((نۆستالیژیا لە سەرەتادا، پەیوەست بووە بە زانستی پزیشکیی وسەر بە زانستی دەروونناسی بووە )) (، Dominique:1968,p35 ، Geahchan)، نۆستالیژیا، یان گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، یان گەڕانەوە بۆ ئەو ماوەیەی، کە لەگەڵ بیرەوەرییەکانیدا ئاوێتە دەبێت، لەڕاستیدا لە نێو زانستی ئەدەبدا، هەوڵدراوە، کە جەوهەر و هۆیەکانی دروستبوونی نۆستالیژیا ڕوونبکرێتەوە، لە ڕیگەی لێکۆڵینەوە جۆربەجۆرەکانەوە، بۆ گەیشتن بەو یادەوەرییانەی، کە لەڕیگەی هەستەکانی مرۆڤەوە، دەگەن بە مێشک و دڵ و دەروون، کە زۆرجار ئەم فلاشباکە ڕووداوی گرنگن، کاریگەریی لەسەر کەسە خۆشەویستەکانمان دروستدەکات، (زۆرجار ئەم ڕووداوانە لەو شوێنانە ڕوودەدەن، کە یادەوەریی خۆش و ناخۆشمان تێدا هەبووە)(جانکوهن:1987،134) ئەگەر تۆزێک بگەڕێینە بۆدواوە بە دیاریکراویش، بۆ سەرەتاکانی بەکارهێنان و چەسپاندنی زاراوەکە، نۆستالیژیا

سەرەتا لەڕێی زانستی پزیشکییەوە، هاتووەتە نێو زانستی دەروونناسیەوە، دواتر هاتووەتە نێو بواری ئەدەبیاتەوە. لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە، بۆ ئەو کەسە غەمگین و خەمبارانە بەکاردەهات، کە تاسە و ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ زێد و نیشتمانی خۆیان دەکرد((بۆیە بەتێپەڕ بوونی کات، شێوەیەکی گشتگیری وەرگرت، بەمانای خەم و حەسرەت و دووری و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەکارهاتووە )) (جعفری:1378: 26)، کەواتە: ئەم چەمکەی دەروونناسی، پەرچە کرداری حاڵەتێکی نەستی و ناخود ئاگاییە، کە لەناخی شاعیر و نوسەراندا سەر هەڵدەدات، ((ئەم هەستە گشتی و سروشتییە کاتێک ئاشکرا دەبێت، کە تاک لە بیری خۆیدا، ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ ڕابردوو، بەمەش توشی خەم و دڵ تەنگی دەبێت )) (بلاوی:1398: 53)، گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو، تایبەت نییە بە چینێک یان قۆناغێکی دیاریکراو، بەڵکو دەشێت ئەم هەستە لای زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا هەبن، لەهەموو کات و سەردەمێکیش ڕەنگی داوەتەوە، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەردەم لەبیرکردنەوەیەکی بەردەوامدایە، بەجۆرێک بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ چرکە ساتێکیش ناوەستێت، چەندین بابەت هەن، کە ڕۆژانە هزر و بیری مرۆڤ داگیردەکەن، بیرکردنەوە لە ئێستا، لە ڕابردوو، لە داهاتوو، ئەمانە هەموو لە خەیاڵدانی مرۆڤدا ئامادەگییان هەیە، هەندێک لە شارەزایانی بواری دەروونزانی ((چەق بەستنی مرۆڤ لە ڕابردوو، زۆربیرکردنەوە لەو شتانە، کە تێپەڕیون و گەڕانەوەیان زۆر ئەستەمە، بەناخۆشی و شتێکی نەرێنی دەزانن))( پەموک: 2008: 84 )، بۆیە پێویستە مرۆڤ سوود لە ڕووداوەکانی ڕابردوو وەربگرێت و بیکاتە چرای خۆش بەختی و هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی گەشتر، نەک خەم و حەسرەت خواردن بۆ ڕابردوو و داگیرکردنی خەیاڵی،

لێرەدا دەتوانین بڵێین: نۆستالیژیا بریتییە: لە ((جۆرێک لە خەم و حەسرەتی ڕابردوو، کە گەڕانەوەی نییە )) (فروغی : 1374: 84)، ڕەنگبێ دیارترین نمونەی گەڕانەوە، ئەو گەڕانەوەیە بێت، کاتێک سەیری میتۆلۆژیای یۆنانی دەکەین، کە چیرۆکە بەناو بانگەکەی ((ئەدیسۆس دەدۆزینەوە، ئەوپاشا بەهێز و پاڵەوانە، کە ئاواتی گەڕانەوە بووە بۆ ماڵەوە، دوای جەنگی ترِوادە، ئازاری بە دەست دووری لەماڵەوە چەشتووە، چونکە توانای گەڕانەوەی نەبووە بۆ ماڵەوە))(کلاهچیان:1384،11).

هەروەها (هاینس هۆڤەر) کە لە ساڵی 1688 لە نامەیەکی ئەکادیمی، بواری پزیشکی، پێشکەشی کردووە، دیاردەی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، ڕوون دەکاتەوە، کاتێک زاراوەی نۆستالیژیای بە کارهێنا، ئەمیش لەئەنجامی ئەوەی تێبینی کرد، ((کە سەربازانی سویسری، لەکاتی جەنگدا، بە هۆی دوورییان لە ماڵ و نیشتیمان، نیشانەی نۆستالیژییان پێوە دیارە، ئارەزووی گەڕانەوەیان دەکرد بۆ زێدی خۆیان، گەڕانەوە بۆ دیمەنەکانی (چیای ئالپ)، پزیشکەکان ئەم حاڵەتەیان بە (( (schweizerheimwehشویزەر هایمۆی) پێناسە کرد، ئاماژە بۆ ئەوەش کرابوو، کە سەربازەکان خۆیان لە وتنی گۆرانی سویسری دوور دەخستەوە، بۆیە

نۆستالیژیا وەکو نارێکیەکی دەروونی تەماشا کرا)) (خدادی: 1373: 29)، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تیۆروانینەکان سەبارەت بەم چەمکە تاڕادەیەک، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، شارەزایان وەکو دیاردەیەکی پۆزەتیف سەیری نۆستالیژیا دەکەن.

هەر سەبارەت بە پێناسەی نۆستالیژیا دەگوترێت: نۆستالیژیا بریتییە: لە ((ئەوبارە دەروونییە یان حاڵەتە سۆزدارییە، کە لەدەقێکی دیاریکراودا، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، دروست دەکرێت )) (عصفور: 2001: 20، ) کەواتە: نۆستالیژیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لایەنی دەروونی و هەست و سۆزەوە هەیە، لە پێناسەیەکی تری نۆستالیژیادا هاتووە، دەڵێت: نۆستالیژیا ((هەستێکی سروشتی سەرتاسەری یاخود گشتگیرە، غەریزەیەکە لە نێوان چینە جیاوازەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا دەبینرێت، یاخود بوونی هەیە )) (شاملو: 1375: 11)، نۆستالیژیا خەونی ڕابردوو لە خۆدەگرێت، ئەو خەونەی، کەمرۆڤ لە ڕابردوودا ئەنجامی داوە، ڕابردوویەک، کە گەڕانەوەی مەحاڵە و ئەستەمە، مرۆڤ کاتێک سەرقاڵی ڕابردوو دەبێت و لە سنوری خۆی دەردەچێت، خۆی تووشی کێشەی تەندروستی و دەروونی دەکات و بەرەو لاوازی دەچێت،( لەلایەکی ترەوە، بەشێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوەدەکەن ،کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بڕوابەخۆبوون و تەنهاییەوە هەیە، بەجۆرێک ئاماژە بەوەدەکەن)(جبوری:2007، 96) کە ئەو کەسانەی کەمتر بڕوایان بە خۆیانە، زیاتر بە دەست تەنهاییەوە دەناڵێنن، کەواتە: دەتوانین بڵێین: نۆستالیژیا هێندە بارێکی دەروونی خراپ نییە، ئێمە نۆستالیژیامان بەلاوە پەسەندە ، بەڵام بەو شێوە باشە نییە! کە پێمان وابێت، خراپیش نییەو سەلامەتە، ئەگەر بڵێین هەموومان نۆستالیژین، یان زۆربەمان ئاواتەخوازین، بۆنموونە (( ڕابردوو هەموومان پێیدا تێپەڕیوین و هەمیشە بەو هەستەدا تێپەڕبین کە لە هەستی خەم و شادی دەچێت )) (مختاری: 1372: 48 )، گەر زیاتر ڕازیبین بە واقیعی ئێستای خۆمان، ئەوە هەستی نۆستالیژیا کەم دەبێت، بەڵام لەناوناچێت ، نۆستالیژیا ئۆرگانێکی ترە لە جەستەماندا کە خۆشی و کەشێکی ئارامان بۆ دابین دەکات،هەستێکە کۆمان دەکاتەوە ، لەگەڵ کۆمەڵەکەسێک و شوێنە دڵڕفێنە کان پێکەوەمان دەبەستێتەوە.

نۆستالیژیا بۆ داهاتوو بەهێزمان دەکات، باری دەروونیمان باشتر دەکات و خواستی پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان زیاتر دەکات، بە تایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی ، کە ڕابردوویان لەگەڵدا هاوبەشە، وەک دایک و باوک و هاوڕێی منداڵی، نۆستالیژیا ئێمە هێمن تر و ئاسودە دەکات، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، بارودۆخێکی بەسوودە و خراپ نییە.

لەڕاستیدا تاکە مەترسی پشت نۆستالیژیا خۆهەڵخەڵەتاندنە، کاتێک ئێمە بەردەوام لەخەیاڵکردنداین، یان کاتێک بەناڕاست لێی تێدەگەین، بەردەوام دەبین لە ، لەچاوکردنی ئەو

چاویلکە پەمەییانەی ڕابردووا لەبری ئەوەی بەجدی سەیری ئێستا بکەین،(دێین خۆمان لەڕابردوودا نغرۆ دەکەین و تێیدا دەژین ،ئەمیش بۆ خۆدزینەوە لە ئێستا پڕ لە ناڵە و ڕەتکردنەوەی داهاتوو)(سعد:2004، 136) یان هەموو شتێکی نوێ چونکە پێمان وایە ڕابردوو هەمیشە و هەمیشە باشترە. لەفەزای نۆستالیژییدا نەریتە کۆنەکان زۆر باشن!، چێشتخانە کۆنەکان بەتام ترن، فیلمی کۆن باشترینە، بەردەوام تاسەی یادگارییە کۆنەکان دەکەین، پەنا بۆ زیندووکردنەوەیان دەبەین لە بازنەیەکی دزێودا، ئەگەرچی ئەمانە هۆکارن بۆئەوەی داهاتوو تێک بدەن!، واتا نۆستالیژیا بۆ داهاتوو ئامادەمان دەکات و بەهێزمان دەکات، لە نێو دەق و شیعری شاعیرانیشدا، هەندێک جار نۆستالیژیا وەکو شێوازێک لە ناڕازی بوون لەم دۆخەی ئێستا دەردەخرێت، بۆنمونە ((کەسێک بۆ باشی دەورانی ڕابردووی ژیانی، تووشی دڵتەنگی دەبێت و لە دۆخی ئێستای ناڕازییە، هەر ئەم هەستە دەبێتە هۆی ئەو حاڵەتەی پێی دەڵێن: نۆستالیژیا )) (روشنفکر: 1391: 32)، بەهەمان شێوە لە بواری دەروونناسیشدا، نۆستالیژیا بە مانای ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دێت، کە ئەمەیان دەکرێت بڵێین هەر بەواتای حەسرەتە، کەواتە: نۆستالیژیا نائاسودەییەکە، بەرامبەر شوێن و کاتی ئێستا، کە تووشی هەستەکانی مرۆڤ دەبێت، ئەو هەستەی دەبێتە هۆی وەرگەڕان و دوورکەوتنەوە لە کات و شوێنی ئێستا، ئەمیش دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی، کە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵدایە، بۆ ئەوەی شوێنگرەوەیەک پەیدا بکات، بۆ ئەو دۆخە نەخوازراوەی تێی کەوتووە، ((ئەم ویستە یان ئەم حەزو ئارەزووە بۆ ڕزگار بوون لەم دۆخە نەخوازراوەی ئێستا، هەندێ جار لەڕێگەی پەنابردن بۆ ڕابردوو، هەندێ جاریش دەیەوێت، لە ڕێگەی ڕوانین لە داهاتوو خۆی ڕزگار بکات، ئا ئەمەیە نۆستالیژیا )) (خدادی: 1383: 45).

ئەگەرچی نۆستالیژیا زاراوەیەکی دەروونناسییە، بەڵام هەر زوو سەرنجی زانایانی ئەدەبی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، سەرنج و دیدی خۆیان لەبارەوە خستۆتە ڕوو، (کانت) پێی وابوو، کە نۆستالیژیا نەخۆشییەک نییە! تاکو ببێتە هۆی دروستبوونی مەیلی حەز و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەو پێی وایە، بەهۆی هەژارییەوە دروستدەبێت ، بە باشتربوونی بارودۆخی دارایی و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت کۆتایی بە دیاردەی نۆستالیژیا بهێنرێت، واتە: ((کانت نۆستالیژیا بە خراپی گوزەران و دۆخی کۆمەڵایەتییەوە بەستۆتەوە، نەک گەڕانەوە بۆ یادگارییەکانی ڕابردووی نیشتیمان و زێدی لەدایکبوون)) (جعفری: 1396: 29)،لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سەرچاوەی سەرەکی کاریگەریی سەر سۆزی مرۆڤە، لە لایەک خۆڕزگارکردنە لە ئێستای پڕ ئازار، لەهەمان کاتیشدا هەستکردنە بەخۆشی،(نۆستالیژیا وەکو دیاردەیەک، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەکەوێتەسەر بەهۆی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاینیەوە)(فیروز ومحمد: 1980 ،12) زۆرکەس پەنادەبەنە بەر نۆستالیژیا، بۆ

دەربازبوون لەو واقعە پڕ ئازارەی تێیدا دەژین، ئەویش بەیادکردنەوەی ئەو یادەورییانەی لە ڕابـردوودا بەسـەریان هـاتووە، واتە: نۆسـتالیژیا پـاڵنەرێکی سروشـتییە، کە گـاریگەریی لەسـەر زۆرکەس هەیە، بەهـــۆی یـــادکردنەوەی ئەو ئەزمـــوون و ڕووداوانەی لە ڕابـــردوودا بەسـەریانداهاتووە، دڵخـۆش دەبـن، (زۆربەی ئەو کەسـانە لەژێـر کـاریگەریی فشـاری دەروونـی بەردەوام و هیلاکی و شەکەتیدا دەژین)(قصی ،2002، 91) لێرەدا هەست بە ئاسـوودەیی دەکەن، کاتێـک بە خەیـاڵ بەرەو ڕابـردوو دەگەڕێـنەوە، ئەگەر چـی ڕابردوویەکـی تـاڵ و پڕشکسـتیش بوبێت، بیـری دایـک و بـاوک و ئـازیزان و کـۆلان و شـەقام و شـوێنە گشـتییەکان دەکەنەوە، ئـالێرەدا نۆســتالیژیا یارمەتیــان دەدات، بــۆ چەنــد ســاتێک دەروونیــان ئــارام بــکەنەوە و دووربکەونەوە لەو فشارە دەروونیەی تێیدا بوون.

نۆسـتالیژیا هەسـت و سـۆزێکی کـاتییە، لەکـات و شـوێنێکی دیـاریکراودا دروسـت دەبێت، هەنـدێ جـاریش بەپڕۆسـەیەک وەسـفدەکرێت، کە تێیـدا هەسـت و کـاتە خـۆش و ناخۆشـەکان لەخۆدەگرێت، لێرەدا دەکرێت بپرسین، ئایا هیچ کاتێک بەنهێنی نۆستالیژیا سەرسام بوویت؟ ئەو هەستەی، کە سەرت لێدەدات، کاتێک سەردانی ئەو خانوە کۆنە دەکەیت، کە لە ڕۆژانی منداڵی یان گەنجی تێیدا دەژیایت، ژوورە کۆنەکەت، جلوبەرگە بەجێماوەکەت، بۆنە ئاشناکەت، تەمەنی بەجێ ماوی منداڵیت، بێ بەری لە بەرپرسیارێتی، کاتێک هەموو شت باش بوو؟ ئالێرەدا خۆزگە دەخوازیت ئەو ژیانە بگەڕێتەوە، بەڵێ ئێستا تۆ لەقوڵایی نۆستالیژیادای.

نۆسـتالیژیا لە فەرهەنگە جۆربەجۆرەکانیشـدا، بەچەنـدین واتـاو مەبەسـتی تـاڕادەیەک لێـک نزیـک هـاتووە، بـۆ نمـوونە لە فەرهەنگـی ئۆکسـفۆردا نۆسـتالیژیا بەم شـێوەیە پێناسـەکراوە ((بیرکردنێکی ویژدانیە یاخود سۆزێکی خەمبارانەیە بۆ ڕابردوو، هەندێ جاریش پەیوەست بووە بەکات و شوێنێک و کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراوەوە، )) (احسان:2015 ، 485) واتا کلاسیکییەکەی ئەم زاراوەیە لە ڕووی ئەدەبیشـەوە ئەوەیە، کە نووسـەران و شـاعیران کاتێک لە زێدی خۆیـان دوور دەکەونەوە، ئەو هەسـت و سـۆزەیان لا دروسـت دەبێت و ئـارەزووی گەڕانەوە بـۆ سـاتە لەدەسـت چووەکـانی ڕابـردوو دەکەن، بـۆیە لەمـاڵەوە بەدەم خۆخـواردنەوە و گـۆرانی وتـن و نووسینەوە، ئاواتەخوازی گەڕانەوەی ئەو ساتە خۆشانەیت.

لەفەرهەنگـی لیکسیکۆشـدا بەم شـێوەیە پێناسـەی نۆسـتالیژیا کـراوە، ((نۆسـتالیژیا واتە: گەڕانەوە بـۆ شـێوازە کـۆن و بەهـا گرنگەکـان، کە بەدرێژایـی سـاتە لەدەسـتچووەکان لەیادمانـدا بەزینـدوویی دەمێنـنەوە )) (ف. لیکسـیکۆ::2019: 413)، ڕەنـگە یەکێـک لە بەهـا گرنگەکـان بەلای مرۆڤەوە، بوونی شارێکی نموونەیی بێت، کە بوونیاد بنرێت، کە ئەمە ئاوات و حەزی زۆرێک لە مرۆڤەکانە، بێگومان زۆرجـار مرۆڤـی نۆسـتالیژی، بە ئـاواتی دروسـتکردنی شـارێکی نموونەییە،

که لەئەنجامی خراپی ژیانی ئێستا ئەم بیرۆکەیەی لەلا گەڵاڵە دەبێت، لێرەوە مرۆڤی نۆستالیژی، بە خەیاڵ شارێکی نموونەیی دەنەخشێنێت، لەبەر ئەمەیە دەگوترێت (نۆستالیژیا هیچ کات لەگەڵ ئێستای ئامادەدا ڕێکناکەوێت)(کامیل: 1998، 52) لەبەر ئەمەیە دەگوترێت مرۆڤ هەمیشە خۆی، لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریەکاندا دەگونجێنێت، گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گۆڕانی ئەندامان، بەردەوام مرۆڤ تووشی حاڵەتی نامۆیی و نۆستالیژیی دەکات، ئەمە ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت: کە مرۆڤ مەرج نییە، تەنها بەهۆی دوورکەوتنەوە و غەریبیەوە، تووشی نۆستالیژیا ببێت، چونکە نۆستالیژیا حاڵەتێکی دەروونی و هەڵچوونە!،

لەفەرهەنگی لۆنگمان یشدا ((نۆستالیژیا بەواتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دێت، حەسرەتێکە بۆ شت و چالاکییەکانی ڕابردوو، بەهۆی بە بیرهاتنەوەی کاتەخۆشەکان، کە لەڕابردوودا ڕوویان داوە، بەڵام ئێستاکە بیریان لێدەکاتەوە، خەمبار دەبێت )) ( لۆگمان: 1998: 928)، ئەوەی لەم پێناسانەی سەرەوە بۆ نۆستالیژیا کراون، ئەوەیە نۆستالیژیا وەکو بارێکی دەروونی کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی مرۆڤ هەیە، بە یادکردنەوەی ئەو چیرۆک و ڕووداوانەی لەڕابردوودا ڕوویانداوە و ئەزموون کراون، دڵخۆش دەبن، مەبەستەکە ئەوەیە، ئەوانەی لەژێر فشاری دەروونیدان یان بەدەست کێشەیەکەوە دەناڵێنن، بەگەڕانەوەیان بۆ ڕابردوو، دەیانەوێت لەخەم و ئازارو خەمۆکی دووربکەونەوە.

نۆستالیژیا فیڵێکە لەمێشکدا، کاتێک بەدوای خۆشی و شادی دەگەڕێین، مرۆڤ کاتێک لە دۆخی تەنگانە و خەمۆکیدا بێت،(هەندێک لە مرۆڤەکان بەم شێوەیە دەژین، کە هەندێک لە ڕووداوە خۆش و سادەکانی ژیانی ڕابردوویان بیردێتەوە، کاتێک بەدیداری یەکتر شاد دەبن، دوور لە هۆکارەکانی پێشکەوتن و پەیوەندییە ساختەکان)(مقداد: 2014، 31) بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئالوودەبوونی ملیۆنان کەس پێوەی، نەمانی پەیوەندی و دوورکەوتنەوە لەیەکتر لەبری لێکنزیکبوونەوە، ئەمانە هۆکاری نۆستالیژیان، واتە: ئەوانەی ژیانی باشتری پێشوویان لەدەستداوە و ئێستا بە دەست ئامادەنەبوونی ژیانی ڕابردووەوە دەناڵێنن.

لەفەرهەنگی زاراوەی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەم شێوەیە لە نۆستالیژیا دواون ((نۆستالیژیا واتا سۆزی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و (الحنين الى الوطن) گەڕانەوە بۆڕابردوو(الحنين الى الماضي)، نۆستالیژیا ئاماژە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشیانەی دەکات، کە مرۆڤ دووچاری بووە، بەهۆی سۆزی گەڕانەوە بۆ ژینگەی خۆی )) (اسود: 2015: 391).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا زۆربەی ئەو پێناسانەی لە فەرهەنگە جۆربەجۆرەکاندا هاتوون، نزیکیەک لە تێڕوانینیان هەیە سەبارەت بەنۆستالیژیا، ئەمان ئاماژە بەوەدەکەن، (کە نۆستالیژیا

دۆخێکی دڵتەنگییە، بەهۆی نامۆبوونی خۆیان و نامۆبوونیان بە نشتیمان و بە خێزان)(موسی :2001، 47) ئەمانە وا لە مرۆڤی تووش بوو بە نۆستالیژیا دەکات، کە خۆی بێ دەسەڵات بکات و نەتوانێت وەک پێویست چالاکیەکانی بەپێی پێویست و بەپێی نەخشەو پلانی گونجاو ئەنجام بدات، لەئەنجامیشدا تووشی بێ ئومێدی و خەم و حەسرەت دەبێت ماناو ئامانجی ڕەفتارەکانی لەگەڵ خۆی و دەوروبەری لەدەست دەدات، لەهەندێ کاتدا، کەسی تووش بوو بە نۆستالیژیا، جۆرە ڕەفتارو ئاکارێک دەنوێنێت، کە لەگەڵ ئاکاری باوی کۆمەڵگا و دەوروبەری ناگونجێت، لەڕووی چالاکیی و بەشداریی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە کەسێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێز و دابڕاو لە کۆمەڵگا.

لە پێناسەیەکی تری نۆستالیژیادا هاتووە، کە ((نۆستالیژیا ئارەزوویەکی ناخۆش و نامۆیە، هەڵچوونێکی توندە، بۆ ئەو هەستە ناوەکییانەی مرۆڤ، کە کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەری لەسەرە، کە خوای شیعر پاڵنەرێتی بۆ وتنی ڕاستی و دەربڕینی باڵا، کە ئامادەگی هەیە لە دەروونی شاعیردا )) ( العماری، 2015، 71).

هەندێک پێیان وایە، کە ئەوە عەقڵی مرۆڤە، کە داهێنەرە لە جوانکردنی ڕابردوو، لە لای ئەوکەسانەی، کە توشی نەخۆشی نۆستالیژیا دەبن، چونکە کاتێک دەگەنە مەوداو دووریەکی جوانیناسی سەبارەت بە ڕابردوو، بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوان یادەوەریی ڕاستی نیین، بەڵکو دروست بوونی عەقڵین! هۆکارەکەی ئەوەیە، کە یادەوەرییەکانی مرۆڤ هەرجارێک کە یاد دەکرێنەوە، دووبارە دروست دەبنەوە، بۆیە دەبنە مایەی هەستێکی باوەڕ پێنەکراو، لە واقعێکی ڕابردووی ڕاستەقینەی مرۆڤ، چونکە مەبەست لە نۆستالیژیا چێژە، نەک گەڕانەوەی یادەوەرییەکان، یادەوەریش ڕێگەی پێدراوە بە شێوەیەک خۆی هەموار بکاتەوە، کە لە ناوەندی چێژدا بە باشترین شێوە بحەسێتەوە.

لە پێناسەیەکی نوێی نۆستالیژیادا هاتووە، کە ((نۆستالیژیا هەستێکی ناوەکییە، کە دەبێتە مایەی خەم و ئازار، مرۆڤ بەدەسیەوە دەناڵێنێت، لە ئەنجامی ئەوشتانەی لەدەستیداون )) ( الجاحظ، 1982: 6)، نۆستالیژیا بە خەمەوە گرێدراوە، کەزۆرجار لە ئەنجامی دۆڕان و شکست تووشی مرۆڤ دەبێت، مرۆڤ کاتێک بەهۆی لەدەستدانی خۆشەویست و ئازیزانی، کە ڕۆیشتوون و هەموو شتە جوانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە و هیچ شتێک لەجێی خۆی نەماوە، تەنها یادەوەرییەکەی دەمێنێتەوە، مرۆڤ بەیادکردنەوەی تووشی خەم و حەسرەتی دووری و ئازار دەبێت، هەندێ جاریش چێژ و خۆشی لە یادەوەریان وەردەگرێت، (بەڵام خۆشیەک بەتامی شکست و خەم)(ناعوری: 13،1969) دۆخی نۆستالیژیا تەنها ئەزموونێکی تاکە کەسی نیە، بەڵکو ڕەنگە لە کۆمەڵ و دۆخی گشتی دا خۆی بەرجەستە بکات، وەک چۆن،

کەلتورگەلێک هەن، خەم و پەژارەیەکی سیمانتیکی دادەمەزرێنن، خەم و پەژارە بۆ ڕابردوو، خەم بۆ لەدەست دان، خەم و تورەیی لەئێستادا لە هەموو ڕوویەکەوە، نەک ئاماژە بەدیدی داهاتویەکی نادیارو ناڕون.

لێرەدا نۆستالیژیا ئاماژەیە بۆئەو کێشە و کەم و کوڕییانەی لەسیستەمی مەعریفی و هەستی و سۆزداریی، لای تاکەکانی کۆمەڵ، ئەمەش دەبێتە مایەی دروست بوونی کۆسپ لەبەردەم هەوڵەکانی بەرەوپێش بردن و بنیاتنان و داهاتویەکی گەش.

ابراهیم ئیباریی سەبارەت بە نۆستالیژیا دەڵێت: ((دیاردەیەکی بۆ ماوەییە لەمرۆڤدا، بەرە ونیشتیمان ڕایدەکێشێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤ، لەو کاتانەوە بوونی خۆی ناسیووە و بوونیش ئەوی ناسیووە، پەیوەست بووە بەژینگەکەی و دەست بەرداری نەبووە )) (ئیباری: 1962: 3)، هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵ بەڕابردووەوە پەیوەستن، سیماکانی خەم و کارو چالاکییەکانی خۆی دەنەخشێنێت، خەڵکی تێیدا کاردەکەن و بەرهەمهێنن، بەڵکو هەندێ جار داهێنەرن، ئەرێنی خۆیان لەدەست نادەن، بەپێچەوانەوە هەوڵدەدەن ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت، خۆشی و شادی خۆیان ڕادەگرن و خەمەکانیان نابێتە هۆی ئەوەی هەست بەبێ توانایی بکەن، لەهەمان کاتدا نائاگاییەکی ژێر بەژێر هەیە، کە لە یادەوەریەکانی ڕابردووەوە سەرچاوەی گرتووە، بەناڵە وحەسرەت و تاسەوە ، بۆ ئەو کاتە جوانانە دەڕوانێت، کە بەسەر چووە و هەرگیز ناگەڕێتەوە ، ئەمەیە نۆستالیژیا.

بۆیە دەوترێت : نۆستالیژیا بریتیە :لە ((کاتە پڕ سەروەرییەکان، کاتە خۆشەکان، کە لەڕابردوودا ڕوویانداوە، گەڕانەوەیان مەحاڵە )) ( شاملو: 1375: 10 ). ئەو هەستە شیرین و تاڵ و ناخۆشییانەیە، کە هەندێک کەس پێیداتێدەپەڕن کاتێک بیر لەڕابردوو دەکەنەوە، ڕابردوویان لە ژیانی ئێستا باشتر بووە، ئەوانەی، کە هەردەم بیر لە ڕابردوو دەکەنەوە هەمیشە غەمبارن، نۆستالیژیا لە ڕاستیدا زیاتر پەیوەستە بە دەرد و ئازار و خەمەوە، (ئەوانەی پەیوەستن بە یادەوەری ڕابردووەوە، زیاتر ئارام و ڕۆمانسین)(حلمی :2009 ، 18) بۆیە هەردەم نوقمی خەیاڵ بوون، لەمێژەوە گوتراوە: ئەوە یادەوەرییە مرۆڤ لەناو دەبات، جا چ یادەوەری خۆش بێت یان ناخۆش، ئەوانەی پڕن لە خەم و خەفەت، ئەوانەی لەلایەن نۆستالیژیاوە کۆنترۆڵ کراون، هەمیشە ڕابردوو بەجوانی دەبینن ، ئەوانەی لەحاڵەتی ونکردنی خود دان، هەمیشە بەنێو ڕێڕەوەکانی ڕابردوودا دەفڕن.

چەمکی نۆستالیژیا لە دەیەی ڕابردوودا، گەشەسەندن و بەرەو پێش چوونی بەخۆوە بینیوە، ئەگەرچی ئەوەی پەیوەست بووە، بە ئەدەبەوە سنورداریش بوو‌بێت! کە لە لێکۆڵینەوە

زانستییەکاندا، لەسەر بنەمای چاودێریکردن تێبینی نەکراوە، کە مەیلێک هەیە بۆ بیرکردنەوەی ڕابردوو و هەڵوێستە سۆزداریەکان.

دەگوترێت: نۆستالیژیا بە دوو ئاراستەدا ڕۆیشتووە، یەکێک لە ئاراستەکان ئەوەیە، کە کاریگەیی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی میزاج ودروستکردنی هەستێکی خۆش ، هەمیشە ئەوانەی تووشی نۆستالیژیا بوونە، زیاتر کەسی خۆ بەکەم زانن، بەگاڵتەجارییەوە گەشبینن بە داهاتوو! هەرچەندە داهاتووش بەڕابردووەوە لکاوە، ((نۆستالیژیا واتای پەیوەست بوونە بەشتێکی لەدەست چوو، جا ئەوشتە بەرجەستە بێت یان واتایی، ئەمە مرۆڤ توشی نامۆیی دەکات لە نیشتیمانەکەی خۆی))(بليغ: 1979: 33).

هایدگەر بایەخێکی زۆری داوە بە مرۆڤ لە مەیدانی ژیاندا، ئەو پێی وایە ((مرۆڤ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت و پرس و ڕایەکی لەبارەی ژیانیەوە پێبکرێت، بەبێ خواست و ڕەزامەندی خۆی، فرێ دراوەتە ناو ئەم ژیانەوە، پاش ماوەیەک هەر بە بێ ویست و ڕەزامەندی خۆی فرێ دەدرێتە دەرەوە، ))(قادر: 2006، 57)، مرۆڤ هەندێ جار بە هۆی لەدەستدانی شتێکی واتایی یان بەرجەستە، چەندجارێک تووشی حاڵەتی دەروونی وەکو نۆستالیژیی و نامۆیی دەبێت، بەواتایەکی تر، لە ئەنجامی پەیوەست بوونی مرۆڤ بە شتێکەوە، دواتر لەدەست دانی ئەو حاڵەتە نۆستالیژیای لا دروست دەبێت ، ئەمە زۆرترین کاریگەریی دەروونی لەسەر بەجێ دەهێڵێت، هەڵبەتە لەڕێگای یادەوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ شتە لە دەستچووەکان، یادەوەریەک، کە لە مێشکدا شوێنی خۆی دەکاتەوە، دەبێتە هۆی وشیارکردنەوە و لە ئەنجامدا تاک گیرۆدەی خەم و حەسرەت دەکات، دۆخێک دێنێتە کایەوە، لە ئەنجامی ئەوەی مرۆڤ لە ڕابردوودا ئەزموونی کردووە.

بێگومان ئەم ئەزموونە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، دەگوترێت ئاگادارکردنەوەیی یادەوەریی بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە، دەکرێت لێرەدا بپرسین ؟ ئایا، هەموو یادکردنەوەیەک، یان هەموو گەڕانەوەیەک بۆ ڕابردوو دڵتەنگی دەهێنێت؟ یان مرۆڤ تووشی خەم و حەسرەت دەکات ؟ (بێگومان نەخێر، چونکە جۆری ئەو یادەوەریانەی لە مێشکدا دێن و دەچن کاردانەوە و کاریگەریی دەبێت)(سعد: 2011، 62) چونکە هەل و مەرجەکان هاوبەشن سەبارەت بە کاریگەریان لەسەر دروست بوونی دیاردەی نۆستالیژیا ، بۆ نموونە هەندێجار هەندێ ڕووداو کە لە ژیانی بەرجەستەدا ڕوویانداوە کاریگەریی زۆر لەسەر تاک دروست ناکات ، بەڵام بۆی هەیە لە ئایندەدا ئەم ڕووداوانە بەهۆکاری جۆراو جۆر کار بکاتە سەر مرۆڤ و کاریگەریی لەسەر دروست بکات، ئالێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، دەکرێت بپرسین، کە ئایا پەیوەندی ڕابردوو و ئاینده، چۆن دەبنە هۆی دروست بوونی نۆستالیژیا و خەم و

حەسرەت لای مرۆڤ ؟؟ هەندێک لەلێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان دەریدەخەن، (( کە مرۆڤ لەسەدەکانی پێشتر لەڕووی ژیاری و دەرونیەوە لە مرۆڤی ئێستا باشتر بوونە))(حسین: 1954: 34).

ڕەنگە ئەو تێڕوانینە و جۆری خەم و کێشەو نالەباریەکانی ڕۆژگار و حەسرەتی مرۆڤ، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر تەنها جیاوازیان لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی مرۆڤەکان بێت، ئەگەرنا هەموو بەهاکان، پیرۆزیەکان، لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا تاڕادەیەک چونیەک و هاوبەشن، ئیدی سروشتی مرۆڤ وایە، کە لەهەموو سەردەمێک لە سروشتی پێشکەوتنی خۆی بێزارە، (( هەرسەردەمێکیش خۆی لەقۆناغی پێش خۆی بە باشتر دەزانێت)) (فرهادی: 1382: 9)، ڕاستیەکەش ئەوەیە، کە کات و سەردەمی ڕابردوو، وەکو ئێستا، کات و بارودۆخی باش و خراپی تێدابووە، بەڵام دوورکەوتن! لەڕووی کاتەوە لەو سەردەمانە، هەندێ جار ئێستا ڕووناک دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە (یادی پاک و ناخی پاک و بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی ژیانی ڕابردوو، کاریگەریی بەسەر ژیانی ئێستاوە دەبێت)(صباح: 2003، 14) بەسەر سروشت و یاد و ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا زاڵ دەبێت، ئەمەش دەبێتە مایەی دروست بوونی خەم و حەسرەت و نۆستالیژیا.

هەڵبەتە بۆنەکان، تام و چێژەکان، شوێنەکان، یارییە منداڵییەکان، بابەتە تایبەتییەکان، بێ جیاوازی، کاریگەرییەکی دوولایەنەیان لەسەر دیاردەی نۆستالیژیا هەیە، لەلایەک یادی ڕابردوو بەزیندووی دەهێڵنەوە، لەلایەکی ترەوە هۆکاری زەمینەسازین بۆ دروست بوونی نۆستالیژیا لە ئایندەدا، (نۆرین مارتن) سەبارەت بەنۆستالیژیا دەڵێت: ((نۆستالیژیا هەستێکی گەردونیە، وەک خەم و خۆشی، خەڵکی هەموو تەمەن و کەلتورێک لەم هەستەدا هاوبەشن، ئەگەرچی هەمووان مێژوویەکی هاوبەشیان نیە، بەڵام هەموان هەست بەنۆستالیژیا دەکەن ))( mirce cartarescu:1989: 71)، ئەگەر نۆستالیژیا پەیوەست بێت بە هەموو کەسێکەوە، هەموو کەسێک بە خەیاڵ و لە ناخی خۆیدا بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی، ئەم گەڕانەوەیەش خەم و ئازار بهێنێت، بۆچی مرۆڤ هێندە ئارەزووی ئەو گەڕانەوەیە دەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت لەوەوە دەستپێبکەین، کە نۆستالیژیا بەسەر دوو بەشدا دابەشبووە، (( نۆستالیژیای نوێگەر یان چاکسازیی ، نۆستالیژیای بۆ گەڕاوە ، نۆستالیژیای چاکسازیی یان نوێگەرئەونۆستالیژیایە،کەئیلهامت پێدەبەخشێت(هانتدەدات) بۆگەڕانەوە بۆ ڕابردوو و گۆڕینی ئەو ڕابردووە و چاککردنی ، بەڵام ئەگەر ڕابردوو وەکو خۆی وەربگرین بەهەموو یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانییەوە ئەوە پێی دەوترێت نۆستالیژیای بۆ گەڕاوە، نۆستالیژیای باڵا، لەسەر

ئەو نیـازە دامەزراوە، کە بە ئاگـاییەوە ڕابـردوو بانگـدەکات و هەسـتەکانی ئەو کـاتە دووبـارە دەردەخات ))(الطربولی: 2005: 34).

شـــارەزایان پێیـــانوایە (نۆســـتالیژیا میکـــانزمێکی بەرگـــرییە، لەلایەن مێشـــکەوە بـــۆ بەرزکردنەوەی میزاج و باشترکردنی باری دەروونی بەکاردێت، بەتایبەتی لە کاتی بێزاری و تەنهاییدا، بەتایبەت لە بەساڵاچواندا)(عمرو: 2001، 46) مرۆڤ کاتێک هەست دەکات بەهای ژیانی بەرەو کۆتایی چووە و بەرە و خراپتریش دەچێت، ئالێرەدا عەقڵ بە پەرۆشەوە، لەڕێگای هەست و سۆزەوە، یادەوەرییە جۆربەجۆرەکانی ڕابردووی بانگدەکات، ئەو یادەوەریانەش چالاک و دڵخۆشـــی دەکەن، وایلێـدەکەن، کە لەگەڵ بەربەســـت و ئاســـتەنگەکانی بەردەم ژیـاری خـۆی بگونجێنێت، ئەمەیە دەڵـێن: ڕابـردوو هێـزی مـردوانە، کەواتە: نۆسـتالیژیا سـەرچاوەی ئـارامی دەروونییە، مرۆڤ بۆ ئەوەی دووبارە ژیانێکی خۆش فەراهەم بکات، لە هەمان کاتدا هەست بە بەهـا و گرنگـی ژیـان بکـات، پەنـا دەبـاتە بەر نۆسـتالیژیا، کە یەکـێکە لە ڕێگـا سـەرەکیەکانی دەرپەڕاندنی خەمۆکی.

لەڕوانگەی نەخۆشییە دەروونیەکانیشەوە نۆستالیژیا، وەکو خەونێک لێکدەدرێتەوە کە،( کە لە ڕابردوویەکی پڕسەوەریی و پڕ دەسکەوتەوە وەرگیراوە)(محمود: 1995، 53) کە لە دۆخی نەمریدا بە زۆر دروستیان دەکەین، بۆیە نۆستالیژیا دەستێکە لە تێرمی سایکۆلۆژیا، بەسەر ئەو خەمانەی، کە دروستدەبێت، دەتوانرێت چاکبکرێنەوە لە کاتی دروست بوونی  حەزیی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە هەست بە نامۆبوون دەکەن.

جێی خـۆیەتی ئەو هـێڵە بـاریکەی نێوان نـامۆبوون و نۆسـتالیژیا، بخەیـنەڕوو، وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا، نۆسـتالیژیا هەڵکشـانی ویژدانـی خـودە، بەراورد بەوەی لەڕابـردوودا ڕوویداوە، بۆ ئەوەی لە داهاتودا چی ڕودەدات، لەکاتێکدا نامۆبوون هەستی نەگونجانە لەگەڵ خودی تاکدا، نۆستالیژیا تەنها پاڵنەرێکی دەروونی هەیە، ئەویش پەیوەست بوونە بە کات و شوێنەوە، لەو ڕێگایەوە یاد دەکرێتەوە، بەرامبەر بە دڵڕەقی و خراپی ئێستا،( بەڵام نامۆبوون پاڵنەر و هۆکاری جۆربەجۆری هەیە، بۆ پەیوەستبوون بە ڕابردووی شوێن و کات)(نبیل :2017، 54) جا لێرەدا لە یاددا بێت یان لە بیردا، لێرەدا دەردەکەوێت سەرەڕای هەندێک جیاوازی کەم لەنێوان نامۆبوون و نۆستالیژیادا، بەڵام لە بیرکردنەوەدا نزیکن لەیەکەوە، مرۆڤ کاتێک هەست بەنامۆبوون دەکات، کاتێک هەستدەکات شوێنی ڕەسەنی گۆڕاوە، زۆر زوو حەز بە گەڕانەوە بۆ نۆستالیژیا یان گەڕانەوە بۆ شوێنە بنەڕەتیەکەی خۆی دەکات، ((مرۆڤ سەرەتا بەنامۆبوون دەسـتپێدەکات، لە دواییـدا بـۆ نۆسـتالیژیا دەگـوازرێتەوە )) (سرغینی: 2013: 8 ) ئەوەی لە نۆسـتالیژیادا ڕوودەدات، سەرلێشـێواویەکە لە نێـوان خەم و بیرکـردنەوە و خـۆزگەدا، کە لە

ئەنجامی یادەوەریەک، کە لە کات و شوێنێک ڕوویدابێت، کە بەند و بەستێکی هەستەوەری تەواوی تێدابێت.

کەواتە: نۆستالیژیا هەستێکی خەمباری و خەسارەت بارە، لەگەڵ هەندێک لە گۆشەگیری ، کە لە ئەنجامی لەدەستدانی تەواوەوە سەرچاوە دەگرێت، نۆستالیژیا لەڕاستیدا، نزیکە لە نکۆڵیکردن لە ئێستای شوێن و ناوەڕۆک، یان ڕەنگدانەوەی حاڵەتی پێشکەوتووە، کە ڕەنگە مایەی ڕازیبوون بێت، بۆیە: کەسی نۆستالیژی هیوای وایە بەرو شوێنێکی تر بڕوات، یان بگەڕێتەوە بە پێچەوانەی لۆژیکی کات.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین : نامۆیی : هەستکردنە بەوەی ئەوانەی لەوێن لەگەڵ تۆ ناگونجێن و لێت تێناگەن، بۆ تۆ ناشێن ! یان ئەو شوێنە هی تۆ نییە و ناتوانیت لەگەڵیان هەڵبکەیت! نۆستالژیا لەگەڵ هەست بەنامۆیی کردندا ،خەفەتخواردن بۆسەردەم و کات شوێنی تر دێتە ئاراوە،! لەلایەکەوە یادەوەرییەکانیان ئەگەر خۆش یان ناخۆش بن ،! بۆ ئێستا دڵدانەوەی تێدایە ، ڕابردوو وەک سەروەرییەک دیتە پێش چاو، کەواتە: نامۆیی قۆناغێکیسەرەتایی هەستی نۆستالیژییە ، حەسرەتکێشان بۆ سەردەم و شوینەکانی ڕابردوو، بنەما و کۆڵەکە سەرەکەییەکەی دروست بوونی نۆستالیژیایە، لەگەڵ ئەوەی نۆستالیژیا ڕایەڵەشی دریژدەبێتەوە بەرەو ئاییندە، بەوەی خۆزگەبخوازییێت بەئایندەی گەش و جوان وشییاو ..... هتد .

لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە بوترێت : بەلای ئێمەوە نۆستالیژیا، سۆز و ئارەزوو و تامەزرۆیی و مەیلە، بۆ سەردەم و کات و شوێن و یادەوەریی و ڕووداو و بەسەرهاتە خۆش و ناخۆشەکان، کە لە ژیانی هونەرمەند دا ڕوویان داوە، یان دەشێ رووبدەن ، هونەرمەند تاسەی هەیە بۆ بینینیان یان دووبارە بینینەوەیان .

## 1-1-3 : مێژووی دەرکەوتن و پەرەسەندنی نۆستالیژیا

هەڵبەت لەخوێندنەوەی شیکارییانەدا دەگەینە ئەوئەنجامەی، کە لەگەڵ دەرکەوتن و پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی نۆستالیژیا لەدایکبووە، واتە: نۆستالیژیا بە شێوەیەک لە شێوەکان لەلای تاک بە تاکی کۆمەڵگا بوونی هەبووە، پاشان بە نێوکۆمەڵگادا بڵاوبووەتەوە و تەشەنەی کردووە، دەتوانین ڕەگ و ڕیشەی نۆستالیژیا لەسەرەتادا لە نێو دەقە ئاینیەکانی تەورات و قورئان دا بەدیبکەین، بۆ نموونە: ((لە سەرەتاکانی تەورات، کە باس لە چیرۆکی مرۆڤ و بەرە حەرامەکە دەکات، کە بەهۆیەوە لە بەهەشت دەرکرا )) ( کتێبی پیرۆز-پەیمانی دێرین؛ سیفری دروستبوون: 2:16-17)، چیرۆکی دایکە حەوا و باوکە ئادەم و قەدەغەکردنیان لە نەخواردنی بەری ئەودارەی، کە بەهۆیەوە لە بەهەشت دەرکران، ڕەنگە سەرەتای لەدایکبوونی

نۆستالیژیا بێت، چونکە دوای فریودانیان لەلایەن شەیتانەوە، ئیدی حەز و حەسرەتی ئادەم و حەوا بۆ ئەوە بووە، کە لەبەری ئەو دارە بخۆن، بەڵام ئازاد نەبوونە لەو هەڵبژاردنەدا، بۆیە حەزی خواردنی ئەو بەرە لە دڵ و دەروونیاندا چەکەرەدەکات، تاوەکو ئەو کاتەی لە بەهەشت دەردەکرێن، ئیدی بەگەیشتنیان بەزەوی، خەم و حەسرەت دایاندەگرێت بەهۆی ئەنجامدانی ئەو هەڵەیەی، کە ئەنجامیاندا.ئەگەرچی نۆستالیژیا لەدەرونی مرۆڤدا بوونی نەبووە، بەڵام دەوروبەر پاڵنەربوونە بۆ دروستبوونی، پاشان دوایی کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلی برایەوە، لەپێناو بەدەست هێنانی خۆشکەکەیدا، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ((فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ )) (قورئانی پیرۆز: مائیدە، ئایەتی29).

پاش ئەنجامدانی ئەم کارە ئیدی قابیل توشی خەم و حەسرەتی لەدەست دانی براکەی دەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دایک و باوکی جێدەهێڵێت، دەچێتە شوێنێکی تر ژیان دەکات، خەم و حەسرەتی گەڕانەوە بۆ لای دایک و باوکی دایدەگرێت،ئا ئەمە بۆخۆی نۆستالژیابووە.

لەدیدو تێروانینی فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنانیشدا نۆستالیژیا بەدیدەکرێت، (بۆ نموونە: سوقرات، کە بەیەکێک لە هەرە بیرمەندەکانیان دادەنرێت، بەڵام لە تەمەنی منداڵیدا خاوەن ڕووخسارێکی ناشیرین بووە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی هەموو کات لەلای منداڵەکانی دەوروبەری نامۆبووە، ئەمە حەز و ئارەزووی ئەوەی لای سوقرات دروستکردووە، کە خۆزگە ئەویش ڕووخسارێکی جوانی هەبووبا، ئەمیش یەکێکە لەجۆرەکانی نۆستالیژیا)(الاسدي: 2016 ،21). ئەفلاتونیش لە کتێبی کۆماردا، کە ساڵی 391 پ.ز، نووسراوە، دوای ئەوەی تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە کۆمارێکی نموونەیی دەخاتەڕوو، دڵنیابووە لەوەی، کە لە ئەرزی واقیعدا بۆی فەراهەم نابێت، بۆیە بە خەیاڵ هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، واتا ئاواتەخوازی دروستکردنی ئەو کۆمارە نموونەییە بووە، کە ئەمیش بۆخۆی جۆرێکە لە نۆستالیژیا .

وشەی نۆستالیژیا بۆ یەکەمجار(( لە ساڵی 1668 ز ،بەهۆی (یوهانس هۆفەر)ەوە، کە پزیشکێکی خەڵکی سویسرابوو، بڵاوبووەوە، هۆکاری ئەم ناونانەیش، واتا هۆکاری بەکارهێنانی وشەی نۆستالیژیا لەلایەن ئەم پزیشکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستی غەریبییەی، کە تووشی سەربازە سویسرییەکان دەبوو، بەهۆی دوورکەتنەوە لەماڵ و حاڵی خۆیان)) (صالح، 2021، 105). ئەو سەربازانە کاتێک گوێیان لە گۆرانییەکی میللی خۆیان دەبوو، یان خواردنێکی میللی خۆیان دەخوارد، تووشی کاردانەوە و کاریگەریی دەبوون، (هۆفر) بە سوود وەرگرتن لەم زاراوەیە، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (دڵتەنگیی پزیشکیی) ئەم وشەیەی بەکارهێنا، کە وتارەکەی تایبەت بوو بە ڕوونکردنەوەی حالەتی ڕۆحی نەخۆشەکانی، بەم کارەشی توانی ناوی خۆی بە نەمریی بهێڵێتەوە، وەکو یەکێک لە خاوەن تیۆرییە وردەکان، ناوی لە مێژووی پزیشکشییدا

مایەوە، لەسەر بنەمای تیۆرەکەی ئەو، ((نۆستالیژیا ناونیشانی دەرد و ئازاریکە، نەخۆشەکە وا هەستدەکات، کە لە خاکی خۆیدا نییە، یان ترسی ئەوەی هەیە کە جاریکی تر خاکی خۆی نەبینێتەوە)) (حريرجي: 1394: 114). بە دەستپێکی سەدەی بیستەم، نۆستالیژیا پەیوەندیی زیاتری بە گۆشەنیگای دەروونناسانەوە دروستکرد، بەم پێیە نۆستالیژیا زیاتر پەیوستبووەوە بە ڕۆح و دەروونی مرۆڤ، هەرچەندە پەیوەندیی بەجەستەییشەوە نادیدەناگیریێ، لێرەوە وشەی نۆستالیژیا پەرەیسەند و لە نێو خەڵکدا بڵاوبووەوە، لە مانا گشتیی و تازەکەیدا بوو بەو هەستەی، کە هەر تاکێک دەیتوانی خاوەنی بێت و پێوستی بەوە نەبوو ،کە تەنها سەرباز بێت، دواتر ئەم هەستە شاراوەیە، بە گرنگییەکی ڕەفتاریی لە بوونی مرۆڤی تێگەیشتوو و هەستیاردا بەدیدێت. کە لە بەرانبەر شۆک و ترسەکانی دنیاوە چارەیەک بەدییناکات، واتا جۆرێکە لە خەمئامێزی ،کە پەیوەندیەکی ئاڵۆزی لەگەڵ هۆشیاری و جیهانبینیدا هەیە، مرۆڤی ئاگا بە مەرگی خۆی و ڕاوەستاو لەگەڵ سەردەمدا ناتوانێت خەمبار نەبێت، بەهاتنە ناوەوەی ئەم وشەیە بۆ کایەی فەلسەفە و ئەدەبیات، مانایەکی نوێی بەخۆوەگرت ، بە هەستی ڕۆمانتیکیانە و خەمی درەنگ هاتنە دنیا سەرچاوەی گرت، ئەم وشەیە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەشێوازی نوێ دەرکەوت، کە لەسەر بنەمای ئەم وشەیە شاعیر یان نووسەر لە هۆنینەوەی شیعر یان نووسیندا(( ئەو ڕابردووەی کە لە زەینی خۆی دابوو، یان لەسەر ئەو خاکە، کە لە دڵیدایە و خەمئامێزان و حەسرەتهێنە، وێنابکات و بە پێنووسەکەی بیکێشێت)) (شريفيان:1385: 33).

ئەگەر لە نێو ئەدەبیاتی کۆنیشدا بۆ دیاردەی نۆستالیژیا بگەڕێین، دەیان نموونەی جوان دەبینین، ڕەنگە ئەوەی پێشینانی ئێمە گوتویانە (ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار)، باشترین نموونەی نۆستالیژیا بێت، لەنیو ئەدەبیاتی فۆلکلۆرییدا، لە نیو دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی کلاسیک و نوێی کوردیشدا، نموونە و هەستی نۆستالیژی زۆر هەن.

## 1-1-4: جۆرەکانی نۆستالیژیا

بەوپێیەی نۆستالیژیا فاکتەرو پاڵنەری جۆربەجۆری هەیە، کەوا لە نوسەر و شاعیران دەکات کاریگەریی یادەوەرییان بەسەر هەست و دەروونیانەوە بەئاشکرا دیاربێت، جۆربەجۆری ئەم فاکتەر و پاڵنەرانەش بووەتە هۆی دەرکەوتن و هەمەچەشنی نۆستالیژیا. (Ray ) لە وتارێکیدا بەناونیشانی بیرەوەریی و نۆستالیژیا، ((هەستی نۆستالیژیای بەگرنگترین فاکتەری پەرەسەندنی خێزانی دەزانێت )) (Ray: 1996، 82)، یادەوەریی و یادکردنەوەی هەموو ڕووداوەکانی ڕابردوو، کە لەژیانی ئەدیبدا ڕویانداوە، بەڕوونی بەبەرهەماکانی نووسەرەوە ڕەنگدەداتەوە، هەندێک لەو ڕووداوانە، کە نووسەر لە سەردەمی منداڵی یان گەنجی پێیدا

تێپەڕیووە، وادەکات چێژ لەم فەزایەی ئێستای وەربگرێت، چونکە کاتێک زۆربەی خەڵک باس لە نۆسـتالیژیا دەکەن، بـاس لە ئەزمـوونێکی سـۆزداری زۆر ئەرێنـی دەکەن، هەنـدێک لە بیرەوەریەکانی ڕابردوو ئەزموونێکی خۆشـن، بەڵام ڕەنگ و تـام و چێژێکی تاڵ لە گەروماندا جێدەهێڵن.

بەگوتەی (سڤێتلا بۆیم ) نووسـەری ئایندەی نۆسـتالیژیا (The future of nostalogia)، دوو جـۆر نۆسـتالیژیا هەیە، ئەوانـیش(( نۆسـتالیژیای گێـڕانەوە:واتە ئامـاژە بەوەی، کە ئەوان هەوڵـدەدەن بـۆ بنیاتنـانەوە یـان گەڕانـدنەوەی شـێوازی شـتەکانی ڕابـردوو، دووهەمیشـیان نۆستالیژیای چاکسازیی- گەڕاوە: کە ئاماژە بە هەست و سۆزو پەرۆشی و نۆستالیژی دەکات، قبـوڵی دەکـات کە ڕابـردوو وەک ئەوەیە کە نەگـۆڕاوە)) (جنـادلە: 2018: 206)، ئەمە ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە نۆسـتالیژیای ڕەنگدانەوە، ئیلهامت پێدەبەخشێت بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، واتـا یارمەتیدەرە بـۆ ئەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو قبوڵ بکەیت وەکو خـۆی، نۆسـتالیژیای چاککراویش ئەگەری ئەوەی هەیە، کە توشی خەمباریت بکات، هۆکاریش بۆ ئەوەی، کە سەختی ژیان و ئەو ڕووداوە سەختانەی لە ڕابردوودا ئەزمونت کردووە، توشـی بیرەوەریەکی نەرێنیت دەکات.

مـۆریس هـالیواکس لەکتێبێکـدا، بەناونیشـانی (یـادەوەریی گشـتی) جەخـت دەکـاتە سـەر بیرەوەری کۆمەڵ و لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەستنیشان دەکات ((ئەو ڕاستیە بیردەهێنێتەوە، کە سـەرەڕای کەسـایەتی یـادەوەرییەکە، لەهەمـان کاتـدا لەگەڵ ئەوانـی تـردا هاوبەشـی دەکەن ))(رضـایی: 1395: 41)، کەواتە: منـی تـاک لەنێـو پـێگە کـۆمەڵایەتییەکە، دەتـوانم بیرەوەرییەکـانم بگێـڕمەوە، چـونکە یادەوەرییەکـانم بەیـادەوەریی کەسـانی تـرەوە بەسـتراوە، ئەمە دەبێـتە هـۆی ئـاڵوگۆڕی ئەزموونەکـانی ڕابـردوو، کەواتە: (کـرداری گەڕانەوە بـۆ یـادەوەرییە کۆنەکـان و بەدیاریکراویش لە نێوان یادەوەری تاک و کۆمەڵدا نیشانە گەلێکی تر هەن، وەک مـوڵکی دەسـتە جەمعـی، کە زۆربەی بیرەوەریەکـان بیـرەوەری تـاک نـین بەتەنهـا! ئەم یادەوەرییـانە لەکۆتایـدا فاکتەری دروست بوونی نۆستالیژیان)(داودی: 1977 ،24) چیرۆک گەلیکن پەیوەستن بە مێژووی دوور و درێژی کۆمەڵگاوە، کە مرۆڤ تێیدا ئەندامە، واتە: هاوبەشـی کردنی ژمـارەیەکی زۆریـی بیرەوەری تـاک، نۆسـتالیژیای کۆمەڵ پێکدەهێنێت، ئەمە ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە(( کە دوو جـۆری سـەرەکی نۆسـتالیژیا هەیە، ئەوانـیش: نۆسـتالیژیای تـاک و نۆسـتالیژیای گشـت- کۆمەڵن)) (سبزیان پور: 1392، 141 ).

## 1-1-4-1: نۆستالیژیای تاک:

نۆستالیژیای تاک، ئەو جۆرەیە، کە شاعیر یان نوسەر هەمیشە لەگەڵ یادەوەریی و ڕابردووی خۆیدا دەژی، ئەو ڕابردووەی کە لە کات و شوێنی دیاریکراودا، یادگارگەلێکی تێدا ئەنجام داوە، لێرەدا شاعیر تەنها گرنگی بەو یادەوەریانە دەدات، کە پەیوەستن بە ژیانی ڕابردووی خۆیەوە، جا یادگاریەکان خۆش بن یا ناخۆش، شاعیر بەجۆرێک گوزارشتی لێدەکات، کە هەندێ جار لە نێو دەقەکەدا، بەخێرایی یان سەرپێی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ژیانی رابردووی خۆی و چەند دیمەنێکی دیاریکراوی ئەو یادگاریانە بەوشە دەنەخشێنێت،! لە دێرێک یان چەند دێرێکدا، پاشان دەچێتەوە سەر بابەتەکەی خۆی، هەندێک جاریش، تەواوی ڕووداو و وێنەکانی نێو دەقەکەی، تایبەت دەکات بە ویناکردنی ڕووداو و یادگارییەکانی ڕابردووی خۆی، (کە ڕەنگە شاعیر بەهۆی کاریگەربوونی بەدۆخێکی دەروونی، تەواوی وێنە و کەرەستەکانی دەقەکە دەخاتە خزمەتی وێنەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی و دۆخێکی نۆستالیژیانەی تاک بەرهەم دەهێنێت)(فورست: 1380 ،28) تەنانەت لەم جۆرەیاندا شاعیر هەندێ جار ناونیشانی دەقەکەشی تایبەت دەکات بە ژیانی ڕابردووی خۆیەوە، ئەمیش شاعیر دەخاتە بەردەم دروست بوونی دوو جۆر نۆستالیژیاوە، کە تایبەتن بە تاکەوە، یەکەمیان ((نۆستالیژیای چاکسازییە دووەمیان نۆستالیژیای بۆگەڕاوە)) ( عبیدی: 2017: 23 )، کە مەبەست لە یەکەمیان، ئەو جۆرەی نۆستالیژیایە، کە بۆ نموونە، کەسێک یان شاعیرێک، لە شوێنێک (بارێک یان مەیخانەیەک) تووشی خواردنەوە بووبێت، دواتر بەهۆی خواردنەوەکەوە، تووشی کێشەی زۆر بووبێت، پاشان بەبینینی ئەو شوێنە، بیربکاتەوە ئەم شوێنە سەرەتای دەست پێکردنی کێشەکانی بووە، هەوڵ بدات خۆی بگۆڕێت، ئەمەیە نۆستالیژیای چاکسازی تاکە، ((هەرچی جۆری دووهەمیانە، ئەگەر ڕابردووی وەکو خۆی وەرگرت بە خۆشی و ناخۆشیەوە، ئەوە نۆستالیژیای بۆگەڕاوەی تاکە)) ( عطاالقضاة: 2019: 255).

لە هەمان کاتدا چەندین شێوە و جۆری نۆستالیژیای تاک بەدیدەکرێت، کەڕەنگە لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خێزانیەوە، بگۆڕێت، ئێمە هەوڵ دەدەین جۆرەکانی بخەینە ڕوو.

**1-1-4-1-ا: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی**: ئەم جۆرەی نۆستالیژیا پەیوەندی بەژیانی تایبەتی شاعیرەوە هەیە، ئەزموونی تاک و ئەوەی تێیدایە بەرجەستە دەبێت، قۆناغی منداڵی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ، بنەمایەکی بنەڕەتی و گرنگ و مەترسیدارە، چونکە هەموو وێنە جیاوازەکانی بیرو فکریی تێدا جێگیر دەبێت و ناسڕێتەوە،

((بۆیە هەندێ لە توێژەران پێیان وایە، سەردەمی منداڵی، سەردەمی درۆ و خۆشەویستی و ئەفسانەیە)) (سەیر: 132،1383)، شاعیر بەهۆی ئەو بارودۆخە دەروونی و جەستەییەی لە ئێستادا، تێیدا دەژی، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی دەكات، لێرەدا دەبینین شاعیر بەتامەزرۆییەوە، ئارەزووی گەڕانەوە دەكات، بۆ ڕۆژانی سەردەمی مناڵی.

تەماشاكەن چ گریانێک تێكەڵ بە سۆزی من بووە
دڵی خۆم لە ناو خەم و پەژارەدا لێ ونـــــبووە
لێوان لێوە پێكی دەستم – لەنائومێدی پڕ، پربووە
نەوایەک ناگاتە فریام، وەها زمانم سڕ بـــــووە
عومری بەسەر چووم تازە جوابی دڵ ناداتـــەوە
سەری شوشەی بادە نەبێ چ دەرگایەک بكاتەوە
لێم گەڕێن با لەشیعرێكدا باوەش بكەم بە مناڵیما
خەیاڵ بێزارە لە سەفەر بەناو ئایندەی خاڵیما
<u>ئەی چەند ئومێدێكی جوانە گەڕانەوە بۆ مناڵی</u>
لە دڵۆپێک هەنگوین ئەچی لە ناو دەریایەک لە تاڵی (د: رەنج سەنگاوی: 2005:)

**1-1-4-1-ب: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی**: یادكردنەوە و گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی و جوانی، یەكێكی ترە لە جۆرەكانی نۆستالیژیای تاكەكەسی، كە مرۆڤ لەو تەمەنەدا تواناو هێز و چالاكییەكانی دەگاتە لوتكە، بەجۆرێک مرۆڤ لەم قۆناغەدا خۆی وەک پاڵەوانێک دێتە بەرچاو، بۆگەیشتن بە حەز و ئارەزوەكانی سڵ لە هیچ ناكاتەوە، لەم قۆناغەدا مرۆڤ ئاواتە خوازە كات بوەستێت، لێرەدا((شاعیر باس لە ڕۆژگاری گەنجی خۆی و ئەو یادەوەریانەدەكات، كە لە یادەوەرییەدا هەڵیگرتوون ، ئەو ڕووداوانە ئێستا بەفرمێسكەوە یاد دەكاتەوە )) (محمد: 2008: 67)، سەبارەت بە تەمەنی گەنجی صابری شاعیر بارێكی نۆستالیژی ئێجگار كاریگەریی لا دروست بووە و لەوباەرەیەوە دەڵێت:

عومری گەنجیمان بە غصە و نامورادی بردە سەر
وا لە پیری هاتە دەست سەرشتەی كارو موراد
باوەک كوژمان كردە باب و باوەژن مان كردە داک
گەنجی عومری حاسیلاتی ڕەنجی خۆمان دا بەباد (د: صابری: 2008: 83)

### 1-1-4-1-ج: نۆستالیژیای پیری و ترس لە مردن:

ژیانی مرۆڤ وەکو مۆم بەردەوام لە تـوانەوەدایە، قۆنـاغی پیـری قۆنـاغی بـێ هێـزی و ڕووتێکردنی دەرد و نەخۆشیە، ((قۆناغێکی ناخۆش و سەختی ژیانی مرۆڤە، ئەمیش جۆرێک لە خەم و حەسـرەت لای مـرۆڤ دروسـت دەکـات )) (فهمـی: 1970، 43)، شـاعیران لە ئەنجـامی نائومێدیان لەژیان و ترسیان لەمردن بەرەو تەمەنی گەنجی دەگەڕێنەوە، لەوبارەیەوە ئەحمەد محەمەد لە ئەنجامی نائومێدبوونی لە تەمەنی ئێستای پڕ لە خەمی، دەیەوێت وێنای ژیانی پڕ لە ئازاری پیرمان بۆ بگێڕیتەوە و دیاردەی نۆستالیژیای دروستکردوە و دەڵێت:

ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم ئـــــــــەڕۆی ئاوڕ نادەیتەوە
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکا، لە عومری من ئەسڕیتەوە
خۆزگە منیش وەک پەپولە، گشت تەمەنم وەرزێک بوایە
دوور لە خەم و تاڵی ژیان، تەنیا گوڵم بناسیایە
ڕێگام سەودا تەنیاییە و کەسێ نایەت بۆ سەردانم
ئیتر چیبکەم لەم تەمەنە، کە لە هەمووی پەشیمانم
لە گریانی مناڵیما، پێیکەنینم بە خەم ئەهات
کە چی ئێستا خەم دەریایە و بۆ کەنارم شەپۆل ئەدات
لە سەد جارا تەنیا جارێ، زەردەخەم دێتە میوان
وەک سێبەری لای ئێوارەی خۆرنشینی دار ئەرخەوان
ئەی هاوڕێیان چاوم نوقمی نیگارێکی پڕ بەهارە
تاسەم وەری بەڵام هێشتا خۆشەویستیم هەر بێدارە
ئێستاش گەڵای عومری گەنجیم وەکو پایز هەڵوەریوە
کێ وەکو من تەم و غوبار پەنجەرەکەی داپۆشیوە ( د: ئەحمەد محەمەد،15,2010)

### 1-1-4-1-د: نۆســـــتالیژیای خەم و حەســــرەتی دووری یـــار:

ئەم جــۆرەی نۆسـتالیژیای تـاک، پانتاییەکـــی فـراوان و زۆری لە دیـوانی شـاعیرانی کـۆن و نـوێدا داگیـر کردووە، چونکە عیشق لای مرۆڤ دۆخێکە لە وەرچەرخان و بزاوتنی بەردەوام دایە، بارێکی نـاجێگیرە و هەڵـپە و هەڵچـونێکە، کە لە دڵەوە دەردەچێت نەک عەقڵ، مـرۆڤ زۆرجـار بەهـۆی دووری لە خۆشەویستەکەی، بەخەیاڵ بەرەو یادەوەرییەکانی ڕابردووی دەگەڕێتەوە و درێژە بەتەمەنـی عەشـقەکەی دەدات، لــە خەم و حەسـرەتی دووری یـار، شـاعیر تووشـی بـارێکی

دەروونی خراپ دەبێت و دەگاتە ئەو پەڕی حاڵەتی دەروونی و دیاردەی نۆستالیژیا، محەمەد عومەر عوسمان، بەگەڕانەوە بۆ ساتی ژوانی یارو ناوهێنانی کات و شوێنی بەیەک گەیشتنی خۆی و خۆشەویستەکەی، پاشان ئاماژەکردن بەوەی کە ئێستا یاریی لێ ونە، پاشان دەرخستنی ئارەزووی بینینی یار و شوێنی ژوانیان، دەگاتە لوتکەی حاڵەتی نۆستالیژیا.

**پاییز بوو باران نم نم ئەباری**
نیگای چاوانی پاییزیی و مەستی
وەک چەم ڕژایە دەشتی گیانمەوە
دەستی خۆزگەمی خستە نێو دەستی
وێنەی دوو دڵ و تیرێکمان هەڵکەند
لەسەر قەدی ئەو دار ئەرخەوانە
توخوا تۆ بڵێی ئەو دارە مابێ
یان ئەویش سوتوی سەر گۆڕەکانە
بۆ چوار وەرزی ساڵ نابێتە پاییز
تا نیگای ئەوم هەردەم نیشاندا
ئەو نیگای لە سنگما ئەسوتێ
چەخماخە ئەدا لە ناخی گیانما
بە سۆز و یادی هەواری باڵای
زستانی پار بو لە ڕێبەندانا
بەفری بەردەرگام کرد بە پەیکەری
تا تەزوی ئۆخەی بێنێ بە گیانا (د:محمد عومەر: شنەبا: 2002: 45)

**1-1-4-1- ث: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ نیشتیمان:** خۆشەویستی نیشتیمان شتێکی بۆ ماوەییە لەمرۆڤدا، ((کە بەرەو نیشتیمان ڕایدەکێشێ و دەست دەگرێت بەسەر سروشتیدا، وایلێدەکات زۆر تامەزرۆی نیشتیمان بێت )) ( وهیب: 2007: 66 )، کەواتە: ئەو زەویەی مرۆڤ لەسەری دەژێت و هەوای هەڵدەمژێت و لەبەروبوومەکەی دەخوات و دەخواتەوە، ئیدی دەبێتە بەشێک لە ڕۆحی و لێی جیانابێتەوە، لەپێناویدا گیان دەبەخشێت و لەدووری بێ ئۆقرە دەبێت، شاعیریش وەک هەرتاکێکی ئەو نیشتیمانە، عاشقی خاکە و ڕەگ و ڕیشەی لە دڵ و دەروونیدا داکوتاوە، بەدوورکەوتنەوەی لە زێدی خۆی تووشی خەم و حەسرەتی دووری دەبێت و هەوری خەم بەسەریدا دادەبارێت، زۆرجار دووری لەنیشتیمان و باسکردن و ستایش کردنی لەلایەن شاعیرانەوە، وێنەیەکی هەستی زۆر جوان دروست دەکات.

پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مەرگم
لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم
تازە بوکێ بووی بەسەر چیاو
ئەهاتنە سەیرت لەم لاو ئەولاوە (د:مفتی پێنجوێنی: 1990: 115)

جلالی مەلەکشا ، حەزی نۆستالیژی و خەمی دووری نیشتیمان، ئۆقرەی لێبڕیوە، ئەوەتا هیندە تاسەی زێد و نیشتیمانی خۆی دەکات ، بەڵام دەزانیت ئێستا ناتوانێت بە نیشتیمانی خۆی شادبێتەوە، بۆیە داوادەکات ، پاشمەرگیش بێت لاشەی خەم هەڵگرتووی ببەنەوە بۆ کوردستان، لەو ڕووەوە دەڵێ :

گەلی یاران
کاتێ مردم ، دەخیل تان بم
لەم غەریبستانە مەمنێژن
جەستە ماندووە خەم ڕێژەکەم بسوتێنن
خۆڵەمێشە خەمبارەکەم
بە ئاوی دیجلە بسپێرن
دیجلە دەمبا بۆ ئۆقیانوس
دەبمە هەڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان
بای زریانیش هەڵدەکات و
جەستەی سپی چەشنی هەورم
دەباتەوە بۆ کوردستان ( د، جەلالی مەلەکشا : 2012 ، 61)

**1-1-4-1-ز: نۆستالیژیای خەم حەسرەتی دووری ئازیزان (لەدەست دانی یەکێک لە ئەندامانی خێزان ):** بەو پێیەیی مرۆڤ زۆربەی کات لەژێر کاریگەریی هەست و سۆزیدایە، بە لەدەست دانی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی یان کەسێکی ئازیزی، بەهۆی بیرکردنەوە لە یادگارییەکانی ڕابردوویان، تووشی خەم و حەسرەتی دووری دەبێت ، بۆیە ((هەندێک ڕووداو و قۆناغ، کە بەسەر مرۆڤدا تێپەڕ دەبێت، لەبیرکردنیان ئاسان نییە، زۆرترین کاریگەریی لەسەر مرۆڤ جێ دەهێلێت، هەمیشە لە خەیاڵ و بیریدا دەمێنێتەوە )) (عمرو: 2001: 75 ).

سەبارەت بە لەدەستدانی عەنبەرخاتونی خێزانی، مەولەوی دەگاتە ئەوپەڕی حاڵەتە نۆستالیژییەکە ودەڵێت:

شورای عاشورا دیسان بەزمەش بەست

موحەڕەم ئاما مەحرەم شی نەدەست
ئەوخەریک نەچوڵ شارعەدەم دا
من کەربەلای سارای ماتەمدا
ئەو یەزید مەرگ وەئەسیر بەردە
من زادەی زیاد خەم بەقیر کەردە
بازاڕەن وادەی مامەڵەن ساقی
هەی بگرە فانی وەی بدەر باقی
ڕۆ (حوسەین) ئاسا فەردا کەرۆ بوو
داخۆم سەر جەکۆ لاشەم جەکۆ بۆ (د:مەولەوی: 1386: 339)

**1-1-4-1-ژ: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سروشت** : مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی، خۆی لەگەڵ سروشت گونجاندوە و عاشقی گوڵ و گوڵزار و تاڤگە و هاژەی ڕووبار و دیمەنە دلڕفێنەکانی سروشت بووە، بەجۆرێک ((سروشت زۆرترین کاریگەریی لەسەر کەسی نۆستالیژی جیَ دەهێڵێت، هەموو بونەوەرێکی زیندوو و نازیندوو، ڕووەک و ئاژەڵ، وێنە و تابلۆی زیندوو و دەستکردەکان، کاریگەریی لەسەر چاو و دڵ و دەروونی شاعیر دروست دەکەن )) ( الربیعی: 2013: 112)، هەر ئەمەش وادەکات خەم و حەسرەتی شاعیر ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت بڕەوێنێتەوە.

کاکەی فەلاح لە شیعری من و پایز، بەئاشکرا، ئەوەمان پیَ دەڵێت، کە دیمەنەکانی سروشتی پایز، دەیگەیەنێت بە دیاردەی نۆستالیژیا و لەو بارەیەوە دەڵێت:

زۆر سروشتییە سەرنج و چێژم
پایز باڵداری هەست ئەخروشێنیَ
لەگەڵا ڕێزان زەوقیَ ئەچێژم
تینوێتی ناخم دائەمرکێنیَ
پەڵەهەورێکی ڕەش بە ئاسمانەوە
دڵم وەک خونچە گەش ئەکاتەوە ( د:کاکەی فلاح: 2004 ، 180)

**1-1-4-1-س: نۆستالیژیای شاری نمونەیی** : دروست بوونی شاریی نموونەیی یۆتۆپیا، یەکێکی ترە لە شێوەکانی نۆستالیژیای تاک((یەکەمین کەس، کە زاراوەی یۆتۆپیای هێنایەکایەوە، نووسەری بەریتانی (تۆماس مۆر) بوو، کە ڕۆمانێکی فەلسەفی خەیاڵی نووسیوە بەناوی یۆتۆپیا، لەساڵی 1956 بڵاوکرایەوە )) (ابوسعود: 68)، هەڵبەتە مەبەست لەو نیشتیمانەیە،

که له هیچ شوێنێک بوونی نییە، یۆتۆبیا ((یەکێکە لە پرەنسیپەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی، نۆستالیژیای کۆمەڵگای نموونەییە، کەپێی دەڵێن: یۆتۆپیا، ئەم جۆرە نۆستالیژیایە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگای نموونەیی دەکات، شاعیر ئاواتەخوازی کۆمەڵگایەکی نموونەییە )) (ابوغالی: 1995: 61)، ئەم جۆرە نۆستالیژیایە، کاتێک لای شاعیر دروست دەبێت، کە کۆمەڵگا لە ڕووی کەلتوریی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە تووشی بەربەستی گەورە بۆتەوە.

لەوبارەیەوە لەتیف هەڵمەت لە (نەخشەی دڵ ) دا، دەڵێت:

دڵم گەورەترین وڵاتی زەوی و ئاسمانە و
هێشتا لەسەر نەخشەی دڵی هیچ کچێکدا
ناوی نی یە ،
ئای من نازانم بۆچی گیانی خۆم
دەکەم بەچڵە ڕێحانە و
ئارەقی گۆنای کچێکی پێ وشک وشک دەکەمەوە
کەبەتاڵێ پرچی دەمم گرێچن دەکا و
نایەڵێ گۆرانیەکەم تەواو بکەم
کچێ وەرە! باوەشتم بۆ بکە جۆلانێ و
مەمکەکانت لەدەممدا بتوێنەوە
باهەست بکەم، کە گەورەبووم (د:لەتیف هەڵمەت: نەخشەی دڵ: 230)

وەکو ئاماژەمان پێیدا، شاری نموونەیی لە ئەنجامی ئەندێشە و خەیاڵی شاعیر، لەبەرامبەر دژوارییەکانی ژیان دروست دەبێت، چونکە مرۆڤ تووشی نائومێدی و ڕەشبینی دەبێت، بەرامبەر ئەو کۆمەڵگا و بارودۆخەی تێیدا دەژی، حەز بە شوێن و بارودۆخێکی نموونەیی دەکات، لەم دەقەشدا شاعیر شاری نموونەیی خۆی و یۆتۆپیا، شارێک هاوشێوەی فریشتەکان و شوێنی حەوانەوەی ڕۆح، دڵی خۆی کردووە بەو شارە نموونەییە، لەهەمان کاتدا ، ئەیەوێ باوەشی ئەو کچە بکات بە شارێکی یۆتۆپیایی .

**1-1-4-1-ش: نۆستالیژیای داهاتوو** : شاعیران کاتێک هەست بەدڵتەنگی و خەم و حەسرەت دەکەن بەهۆی خراپی بارودۆخی ئێستا و ڕابردووەوە، حەز و ئاواتی داهاتوویەکی باشتر دەبێتە خۆزگەیەک و لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە بەخوێنەری دەگەیەنن، یان کاتێک شاعیران پەنا دەبەنەبەر (گریمانە و پێشبینی لە خولڨاندنی وێنەی شیعرەکانیان بۆ نەخشاندنی داهاتوویەکی باشتر)(توفیق: 2017، 59 )، بەمەش نۆستالیژیای داهاتوو دروست دەبێت.

لەتیف هەڵمەتیش لەبارەی داهاتوویەکی گەشترەوە دەڵێت:

گەردەمتوانی خەمم دەکرد بە گۆرانی
بۆمناڵێک، کە ڕەشەبا بوکە شوشەکەی شکان
چاوەکانی خۆمم دەکرد بە ئاگردان
بەفری کۆنم تیادەسوتان
دەنگی خۆمم دەکرد بەپاچ
شارەکەمم پێ دەروخان
بەخوێنی خۆم
نەخشەیەکی ترم دەکرد
بۆ ئەو شارەی لە دڵمدا مرد (د:لەتیف هەڵمەت: 2014: ل34)

**1-1-4-1-ی: نۆستالیژیای بەندیخانە:** زیندانیکردنی مرۆڤ و دوورخستنەوەی لە زێدی خۆی، یەکێکی ترە لە جۆرەکانی نۆستالیژیای تاک، کە مرۆڤ بەهۆی بارودۆخی تایبەتی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیەوە توشی دەبێت، مرۆڤی نۆستالیژی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی لە دۆست و ئازیزان و زێدی خۆی بەهۆی زیندانەوە، ناچار پەنا دەباتە بەر یادکردنەوەی بیرەوەریەکانی ڕابردووی خۆی، پشکۆ نەجمەددین لە کتێبی ئەزموون و یاددا، سەبارەت بەزیندان دەڵێت: ((زیندان کەوڵکردنی کەرامەتە لەبەر پێی گزگلەکاندا )) (نجم الدین: 2010: 76): لەم بارەوە گۆران دەڵێت:

ئەی دونیای جوان، دونیای بەهار، دونیای ڕووناکی
تاوانم کرد گەڵ پێوەی نام مۆری ناپاکی
فڕێی دامە پشتی دەرگای ئاسن و پۆڵا
لەڕۆژێکی تەنگەڵانی تاریک و چۆڵا
لەگەڵ ئەوەی گیانم تیایە بەهەناسەو بە نەبز
ئەڵێی مردوم خزاومەتە ژێر ئەلحەدی قەبر
بەقەد کونی دەلاقەکەم ئاسمان دیارە
ئەمە هەمووی ناونیشانی ڕۆژی بەهارە
بۆ بەندییەک کەزیندانی دڵی غەمباری
دوا دەلاقەی گیراوە، لەڕۆژی بەهاری
بۆ بەندەیەک کەپەیوەندی لەگەڵ دونیای دەر

بەدەستی داد پچڕێنراوە هاوڕێ و برادەر (د:قانع: 1980، 219)

**1-1-4-1-ک: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو**: گەڕانەوە بۆخۆشی و ناخۆشی و تاڵی ڕابردوو ، گەڕانەوە بۆ سەردەمی پڕ سەروەریی، گەڕانەوە بۆ خۆشی و شادییەکانی ڕابردوو، کە لەئێستادا بوونیان نییە و گەڕانەوەیان ئەستەمە، یەکێکی ترە لە جۆرەکانی نۆستالیژیای تاک ، کە لە شیعری شاعیراندا دەبینرێت.

زۆر بەهێمنی پێی وتم...
ئەم خۆشەویستیەت لێ دێ
بیرت ماوە چ ڕەنگی تۆخی باوەش و
گوڵەکانیت خۆ بیرناچێ
چۆن عەتریان پیاکردی
بیرتە دوگمەی سنگی قسەم کرایەوە و
تۆش چۆن بەئاوی کەوسەری لێوەکانت
وەڵامت بۆ ئەدایەوە ،!
بیرت ماوە چۆن پەنجەکانت شمشاڵ بوون
پەلەکانت ئەیانژەنی و
هەنێ هەوری قرچولۆچی نەیارانیش
پێڵاوەکانی دیداریان تەڕئەکردین
جێ ژوانیش چەندبەجوانی شوێن پێکانی هەڵئەگرتین
لەو ڕۆژەوە
من بارانم و
تۆش هەوریت و لەباوەشی
وەفاداریی منا نوستوی....... (د: برهان بەرزنجی :2021، 37 )

**2-4-1-1 : نۆستالیژیای گشتی**: لەم جۆرەی نۆستالیژیادا، دەروون و هەستەکانی مرۆڤ لەبری ئەوەی ڕوو لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تاک بکات، لەبازنەی ڕووداو و یادگاریی و بابەتە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی گۆمەڵگا دەسوڕێتەوە، (( لێرەدا شاعیر لەگەڵ خەم و ئازارەکانی کۆمەڵدا دەڕوات و خەم و یادەوەریەکان هاوبەش دەکات، لەخۆشیەکانیش بەشداردەبێت و دەبێتە بەشێک لەوان )) (ئەحمەدی: 2012: 154)، واتە: شاعیر دەتوانێت ببێتە پاسەوان و وتاربێژی کۆمەڵ، بەواتایەکی تر نۆستالیژیای کۆمەڵ ئەو یادەوەرییانەیە، کە زیاتر

لەکەسێک بیریان دەکەوێتەوە، وەکو داستانە کۆنەکان و ئەفسانە بەجێ ماوەکان و شاعیرو ناودارانی گۆمەڵگاو سەرکردە مێژووییەکان، کەلەکاتێکی دیار و سەردەمێکی مێژوویدا، ناو و ڕۆڵیان لە خزمەتکردنی کۆمەڵدا دیاربووە، نۆستالیژیای گشتی خوێنەر ئاشنا دەکات بە بیرەوەریی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوویەکی دوور یان نزیک ڕوویان داوە، نۆستالیژیای گشتی گرنگیەکی تایبەتی بە دۆخی کۆمەڵایەتی و عەقڵی زیندووی هەمووان دەدات، لە هۆشیاریی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە و پەرۆشی ئازارە هاوبەشەکانە. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو جۆرانەی نۆستالیژیای کۆمەڵ (گشتی) بخەینە بەرباس.

**1-1-4-2-أ: نۆستالیژیای ڕووداوەمێژووییەکان**: لەم جۆرەی نۆستالیژیای گشتی دا، ڕووداو گەلێکی وەکو شەڕ و جەنگ و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی ناودارانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، مێژوو وەکو سەرچاوەییەکی فراوان و والا، باشترین سەرچاوەی بەردەستی شاعیران بووە، کاریگەرییان لەسەر زیهنییەتی بیری شاعیر هەبووە، چونکە ڕووداوە جۆر بەجۆرەکانی مێژوو لایەنی باش و سەرکەوتن و نسکۆی زۆری تێدایە، ئەمانە هەمیشە دەبنە سەرچاوەی دەربڕین لای شاعیر (( لەم ڕوانگەیەوە کەسێتی و ڕووداوە مێژووییەکان، وەک دەمامکێک بۆ ئەوەیە گوزارشت لەو هەڵوێستە بکات، کە دەیەوێت )) (حەمەد: 2012: 316)، قوبادی جلیلزادە، لە دەقی (خەنجەری شێخ ) ئاماژەیەکی ڕوون بە هەڵوێستی شێخ مەحمود لە بەردەقارەمان و ڕووداوەکانی دەکات: کاتێک دەڵێت:

عەیامێکە هەموو دەمەو ئێوارەیەک
خەنجەرێکی تیژی دەبان
بەسەر شاری بەفرو شیعرو ڕەشەبادا
<u>بەسەر دەربەندی بازیان و</u>
<u>بەسەر کوانوی برینی بەردەقارەمان</u>
جەوهەری ئەشکی دەڕێژێ
تاقم............ تاقم
خەڵکی بۆی دەچنە سەربان
چاویان لێ یە ،
گەڕەک بەگەڕەک و ماڵ بەماڵ
ڕەوەز ڕەوەز
قەدپاڵ قەدپاڵ
تائاواش دەبێ لەشاخی

ئاورینگ دەدا

کۆڕژنی گرکانی ناخی

گۆیژە دەڵێ

ئەوە خەنجەری بێ خودانە

خەنجەری بەپشتی شێخە

بۆ بەرپشتی دەگەڕێ

بۆن ئارەقەی شێخی لێ دێ (د:قوبادی جەلی زاد: 1990: 62 )

**1-1-4-2 -ب: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان**: لەم جۆرەی نۆستالیژیادا، شاعیر پەنا دەباتە بەر ئەفسانەی نەتەوەیی و جیهانی، دیارە ((مرۆڤ لەسەرەتاوە پەنای بۆ ئەفسانە بردووە، بۆ ئەوەی دەوروبەری خۆی بناسێت، چونکە ئەفسانە داهێنراوێکی پڕ لە داهێنان و پڕ لە هێڵی سارد و گەرمە )) (حەسەن: 2007: 33) .

لێرەدا دەبینین : نالی شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی باڵندەیی ئەفسانەیی (هوما )ەوە ، دیاردەیی نۆستالیژی دروست کردووە، کاتێک دەڵێت:

برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو

خەتت هات و وتی من ناسیخی توغرایی خونکارم . (د. نالی :2010، 284)

**1-1-4-2 -ج: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکان**: هەر نەتەوەیەک خاوەن بەرهەمی نەتەوەیی خۆیەتی، فۆلکلۆریش سەرچاوە و کانگایەکی دەوڵەمەندە لەبەردەستی شاعیردا، کە بەپێی پێویستی سروشتی بابەتەکان و ئەزموونی ڕۆشنبیرییان سوودیان لێ وەردەگرێت، ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن و دەبنە پاڵ پشتی ناوەڕۆک و بیر، هەڵبەتە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان کەلەپور و بابەتی سەردەمیانە هەیە، لە ڕووی جۆر و کاریگەرییەوە، واتا فۆلکلۆر ڕۆڵی گرێدانی ڕابردوو و ئێستا دەگێڕێت، سەبارەت بە ئەدەبی کوردیش (( کاریگەریی ئەدەبی فۆلکلۆری بەسەر قۆناغە تەواوکارییەکانی ئەدەبی کوردیدا، لە میانەی ناو هێنانی دەق و کەرەستەی فۆلکلۆری داهێنان هاتۆتە ئاراوە )) (شوان: 2016: 146 ). نەوزاد ڕەفعەت، دەربارەی داستانی فۆلکلۆری (خەج و سیامەند ) دەڵێت:

زێش نەوێرێ بیدرکێنێ

چیایی سیپانیش بترسێ دەنگ هەڵبڕێ

من شایەتم

سیامەند پەلی دار بەنێی لە دڵ ڕاچوو

خەجێش لە حەژمەت ئەو، خۆی هەڵدێرا (د:نەوزاد رەفعت: 1985: 42 ).

**2-4-1-1 ــح: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتیە نەتەوەییەکان**: لەم جۆرەی نۆستالیژیای گشتی دا، شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەریی کەسایەتییە نەتەوەییەکان و سەرکردە و پیاوی قارەمان و شاعیر و گۆرانی بێژی کۆن، جا ئەم کەسایەتیانە چ کەسایەتی نەتەوەیی یان سیاسی یان ئەدەبی بن، گرنگ ئەوەیە مولکی کۆمەڵگان، ((شاعیر ناوی کەسایەتیەکانی کۆمەڵگا دێنێ، یاخود ناوی شاعیرانی کۆن دەکات و ڕاستەوخۆ ناویان دەهێنێت )) ( کروس: 2020: 61).

پاش ئەوەی دیم
بەفر و خوێن پێکەوە بارین
گەڵاو ستێر پێکڕا وەرین
شەو جەننابی (شێخ نەهری ) م، هاتە خەون
سیمای مات و چاوەکانی پڕ فرمێسک و گلەیی بوون (د.نەوزاد رفعت: 1992: 36)

**2-4-1-1 ــخ: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆکەسایەتیی و بۆنە ئاینیەکان**: ئەم مەبەستەی نۆستالیژیا بەهۆی گەڕانەوەی شاعیر بۆ یاد و بۆنەیەکی ئاینیەوە دروست دەبێت، (ئاین سەرچاوەیەکی گرنگ و فراوانی نێو ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردە، بەهۆی پیرۆزی و کاریگەری لەسەر شاعیران، بەتایبەت لە شیعری کلاسیکی کوردی بەپلەی یەکەم پاشان شیعری نوێ و هاوچەرخ، بەتەواوەتی باوەشیان بۆ ئاین کردۆتەوە، چونکە وەک دەردەکەوێت کۆمەڵگای کوردی مێژوویەکی نییە لەدەرەوەی ئاین، جا ئەو ئاینە ئاسمانی بێت یان ئاینی ئەرز) (قەرەداغی: 2001، 16).

جەلال میرزا کەریم لە (نەخشەی خەونەکاندا ) مەسیح دەکاتە ڕێ نیشاندەری ڕێگا و دەڵێت:

دەروێشێکم
ئەمەوێ لە ڕیسوایی ئەم
شارە خەونی سەرشێتەدا
کەشکۆڵ و عەسای لێ توڕ دەم
ئەم جارەیان پرچ و ڕیشی
مەسیحێکی هەستانەوە
بهێڵمەوە (د:جلال میرزاکریم : 1992: 12 )

## 2-1:نۆستالیژیا لە نێوان پاڵنەر و سوود دا

### 1-2-1، نۆستالیژیا و ڕۆمانسیزم:

دوای نیو سەدە چەمکی نۆستالیژیا بە گۆڕانکارییەکی زۆرەوە لە بابەتی دەروونناسییەوە بوو بە بابەتێکی ئەدەبی و بەکارهات، لە چوارچێوەی بابەتی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی، لەم ڕووەوە نۆستالیژیا سەرەتا لەلایەن ڕۆمانتیکەکانی ئەوروپاوە، بوو بە یەکێک لە دەروازە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی ڕۆمانسیزم، ئەگەر کەسێک بگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشم و پێناسانەی کە ڕۆمانتیکەکان بۆ ڕۆمانسیزم کردوویانە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ناتوانرێ بەبێ نۆستالیژیا بیر لە ڕۆمانسیزم بکەینەوە. (گەڕانەوە بۆ سروشت) ی ڕۆسۆ، (هەوڵدان بۆ هەڵاتن لە واقع)ی واترهاوس، (ئارەزووی گەیشتن بە بێکۆتایی لە کۆتایی) فیرچیڵد و زۆر دروشمی تر...

لە ڕاستیدا(( سەردەم بە جۆرێکە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین باسی نۆستالیژیا بکەین و ڕۆمانسیزم فەرامۆش بکەین. ئەم بزووتنەوە فراوانە، کە لە بنەڕەتدا بایەخ بە سۆز و هەست دەدات، دژی کلاسیزمی نوێ و ڕۆشنگەریی وەستایەوە)) (فورست: 11،2001) ، بە گەڕانەوە بۆ پێناسەی سەرەکی ڕۆمانسیزم بە سانایی دەتوانین بزانین، کە چۆن و بۆچی ڕۆمانتیکەکان ڕوویان لە نۆستالیژیا کرد و دژی بیرۆکەی شاریی و نوێگەریی و پیشەسازی بوون، لە ئەنجامدا دوورکەوتنەوە لە ژیانی ئاسایی، کە لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکانی شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەرەنسا پەیوەندییەکی قووڵی هەیە، تەنانەت سروشتی ناوەڕۆکەکانی ڕۆمانسیزم و پەیوەندی قووڵی ئەم بزووتنەوەیە بە نۆستالیژیاوە پیشان دەدات، چونکە سەرەڕای ئەوەی ڕۆمانتیکەکان هەستیان بەباشتر دەزانی لە عەقڵ، لەگەڵ ئەوەشدا مەیلیان هەبوو بۆ خەم و شکست و خەفەتێک، کە دواتر باڵی بەسەر ئەدەبییاتی ڕۆمانتیکدا کێشا ، ئەوان لە ژیانی کۆمەڵاتیدا، خوازیاری ژیانی لادێیی و سروشت و سارانشینیی بوون، بەدەست جیاوازی چینایەتی ئازاریان دەکێشا! بەم پێیەش(( لە لایەکەوە بۆ گەڕان بەدوای ئازادی و یەکسانی لەهەوڵدابوون، لە لایەکی ترەوە بۆ یادگاری و نەریتیی میلیی و ناوچەیی دەگەڕانەوە))(حسینی: 1374، 172)، بەم جۆرە، زۆربەی شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی وەک: ساموێل کۆلیردج، ویلیام بلەیک، شیلی، بایرۆن، گۆتە، وۆردسوۆرث، جان کیتس، ئێمێرسۆن و زۆرێکیتر دژی ژیانی شار و هەڵاتن بەرەو ژیانی سروشتی ناسراون، چونکە لە کۆتاییدا لە دیدی ئەواندا هەست بۆ خۆی جۆرێکە لە ڕەوشت، شیعرێک کە لێوانلێو لە سۆز بێت، بارگاوییە بە سیمبولی نوستالیژیا و

ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە و مرۆڤی مێژوویی سەدەکانی ناوەڕاست لە بەرامبەر شەپۆلی مودێرنیزەی ئەوروپا.

لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ سروشت یان هەمان دروشمی ڕۆسۆیی، گێڕانەوەی ڕەسەنایەتی مرۆڤبوون و هیۆمانیزمە. چونکە لەو ڕۆژگارەدا پێیان وابوو کە عەقڵگەرایی، مرۆڤی لە بنەڕەت و ڕەسەنایەتی خۆی دوور خستۆتەوە و ئەخلاقی سروشتیی ئەوی بۆگەن کردووە.

ئەگەر بتوانین ئەوە قبوڵ بکەین ، کە نەفرەت کردن لە شار و ئازار چەشتن بەهۆی ژینگە و سەردەم و ڕاکردن بەرەو بۆشایی یان سەردەمەکانی تر، ((تایبەتمەندی ڕۆمانسیزمن، ئەوا دەتوانین ئەوەش قبوڵ بکەین کە نۆستالیژیاش بۆ بابەتێکی سەرەکی ڕۆمانسیزم گۆڕاوە)) (مقداد، 2014، 114) ، هەروەک چۆن سەرەتای سەدەی هەژدە، بزوتنەوەی (تۆفان و ئاشوب) لە شیعر و مۆسیقایی ئەڵمانیادا، بوو بە سەرەتایەکی سیاسی تر بۆ ناسیۆنالیزمی سەدەی نۆزدە((بووبە بنەمایەکی تری قوتابخانەی ڕۆمانتیک، کە دەتوانین دیدی نۆستالیژیای تێدا بەدی بکەین، (گەشت و هەڵاتن)ە. ڕەنجان لە ژینگە و سەردەمی ئێستا و هەڵاتن بەرەو ناشوێن یان زەمانێکی تر و بانگەشەی کۆچکردن بەرەو سەفەری مێژوویی و جوگرافی...کۆچی واقعی یان لەسەر باڵی خەیاڵ)) (سه یر، 1383، 132) ، یەکێکە لە تایبەتمەنییەکانی ڕۆمانتیکەکان. لەم گەشت و گەڕانە جوگرافی و مێژووییانەدا، مەلی خەیاڵی نووسەر یان شاعیر بەرەو سەرزەمین و شوێنە دوورەکان هەڵدەفڕێت.

لە سەفەری مێژووییدا، شاعیر و نووسەر ڕۆحی خۆی بەرەو سەدەکانی پڕ لەهەست و سۆز و شکۆ و هێزی ناوەڕاست هەڵدەفڕێنت، کە بە بۆچوونی (فریدریک شلیگل) سەردەمی پاڵەوانەکان و عیشق و ئەفسانەی پەرییەکان و خوڵقێنەری دیاردەیەک بەناوی ڕۆمانسیزم بوو، جگە لە گەشتی جوگرافی و مێژوویی، شاعیر و نووسەری ڕۆمانتیک گەشتی واقعیشی هەیە و یادگاری ئەو گەشتانە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ڕۆمانتیکەکان لە گەشتی خەیاڵیی خۆیاندا ئارەزووی دۆزینەوەی ژینگەیەکی جوان و ڕازاوە و شکۆمەند دەکەن، کە لە کۆتاییدا خولیای هونەرمەندانی ڕۆمانتیکە. ئەمە نۆستالیژیایە! کە هاوکاتە لەگەڵ گەڕان بەدوای بەهەشتی ونبوو و هەموو ئەو شتانەی بزربوون و لەدەست چوونە، بە بۆچوونی (لۆکاچ) سەردەمی زێڕینی ڕۆمانتیکەکان نەک هەر پەیوەستە بە ڕابردووەوە، بەڵکو ئامانجیشە و ئەرکی هەموو تاکێک گەیشتنە بەو ئامانجەی، کە ئەمە بۆخۆی خەوبینین و حەسرەت هەڵکێشان بۆ بەهەشتە، بەهەشت وەک دنیایەکی نموونەیی یان یۆتۆپیایی.

یەکێکی تر لە بنەماکانی نۆستالیژیا لە قوتابخانەی ڕۆمانتیکدا، بریتییە لە(( نۆستالیژیای دووری لە بەهەشت و ڕۆحی ئەزەلی))(سید، 69،1366)، لەم حاڵەتەدا شاعیر هەست دەکات، کە لە ئەسڵ و بنەچەی خۆی دوور کەوتۆتەوە و وەک دوورخراوەیەک (نەفیکراوێک) لەم غوربەتەدا دەژی. شلیگل شاعیری بەناوبانگی ڕۆمانتیک لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ڕۆح لە ژێر بەندی تاڵی غوربەتدا دەژی! ڕۆح، کە شوێنگەی مەعنەوی مرۆڤە، لە ماڵ و مەنزڵی باوانی ڕاستەقینەی خۆی دوور کەوتۆتەوە و لەم دنیایەدا ژیان بەسەر دەبات))(لوکاش:1982:79)، بۆیە مرۆڤ هەمیشە ڕۆحی ئازاردەکێشێ و شاعیرانیش، کە هەست ناسک و مودریکن دەیانەوێ و خۆزگە بۆ بەهەشت دەخوازن، ئا لێرەوە چەمکی نۆستالیژیا لەبیری مرۆڤی ئەو قۆناغەدا دەرکەوتووە.

ئەم دنیابینییە، هەروەک (ئەلیادە) لە کتێبی (ئەفسانە، خەو و ڕاز) دا، پێیوایە،کە لە ناو عاریفانی ئایینە جیاوازەکانیشدا بوونی هەیە. لە نێو عاریفانی ئیسلامیدا، (مەولانا) زۆر بەجوانی وێنەی غوربەتی ڕۆحی کێشاوە. مەولانا پێی وایە بوونی ئەم جیهانە لەسەر بناغەی نەزانی و نەفامی دامەزراوە و کۆڵەکەی ئەم جیهانە نائاگایی و غەفڵەتە، مەبەست لە نائاگایی، کە بەرامبەر هۆشیاری بەکارهێنراوە، بریتییە: لە مەست بوون بە چێژی جەستەیی و نەفسانی، کە دەبێتە مایەی کوێربوونی عەقڵ و ئەسیربوونی زیاتری ڕۆح، کەواتە: باڵندەی ڕۆحی مرۆڤ، کە لە قەفەسی جەستەدا گیری خواردووە، ئەگەر هەوڵ و تەقەلا بۆ ئازادی و قوتاربوون نەدات ئەوا نیشانەی بێئاگایی و غەفڵەتە.

## 1-2- 2: هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا:

بەوپێیەی نۆستالیژیا دیاردەیەکی دەروونییە، کاریگەریی لەسەر هەست و دەروونی مرۆڤ دەکات، دیاردەیەکە، کە بۆماوەیی و گوازراوە نییە، مرۆڤ لە هەموو تەمەنێکدا هەستی پێدەکەن، دەروونی مرۆڤیش کاریگەریی گەلێک بارودۆخ و دیاردە و حاڵەت و کێشەی جۆر بەجۆریی لەسەرە، واتا ڕووداوەکانی ژیان، وێنە جۆر بەجۆرەکان، فاکتەرو کەسانی دەوروبەر، دیاردە سروشتییەکان، پاڵنەرە ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر مرۆڤی نۆستالیژییەوە هەیە، واتا واقعی ژیانی ڕابردوو بە باش و خراپییەوە، لەنێو دەقە نۆستالیژیەکاندا دەبینرێن، دەکرێت بڵێین: هەموو ئەو لایەنانەی، کە خۆشی و ئازار دەبەخشن، هۆکاریی دروست بوونی نۆستالیژیان، واتە: ((هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا زۆرن، کە هەندێکیان (دەروونی یان سیاسی یان ئاینی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوورین )) (دحمانی، 2006،

54)، هەندێکیشــیان پەیوەنــدیی ڕاســتەوخۆیان  بە تــاکەوە هەیە، هەندێکیشــیان پەیوەســتن بە کۆمەڵەوە.

ئێمە هەوڵمانداوە ئەو هۆکارانە بناسێنین، بە نمونەی شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ و هاوچەرخ لە ئەدەبی کوردیدا.

**-1-2-  2:آ: گەشتکردن:** گەشتکردن: کە چالاکییەکی کرداریی و ڕۆحی مرۆڤە، لە شوێنێکی دیاریکراوە وە بۆ شوێنێکی تر، هەڵبەتە مرۆڤ لە پێناو ئاسودەیی و گەیشتن بە چێژێکی نەبڕاوە گەشت دەکات، لە هەمانکاتدا دەکرێت مرۆڤ لە پێناو زانست یا ئاین یا بازرگانی یان سیاسەت و....هتد گەشت بکات، ((گەشتکردن ئەگەرچی بەشێوەیەکی خۆویستانە یان بەزۆر و دوور لە ئیرادەی تاک بێت، بەڵام کاریگەریی لەسەر ناخی تاک بە جێ دەهێڵێت و هەمیشە شەوقی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبێتە بەشێک لە ژیانی گەشتیار )) (صالح، 2021، 61).

ئەوەتانێ گۆرانی شاعیر لە ئەنجامی ئەوگەشتەی کردوویەتی ئاهو حەسرەتی دووری، لەنامەیەکیدا  بۆ دایکی دەنوسێت، دەگاتە لوتکەی حاڵتی نۆستالیژی، خۆزگە و حەسرەت هەڵدەکێشێ بۆ هەبووی کەس و کار لە نزیکی خۆی ، کاتێک دەڵێت:

دەگریم و دەسوتێم هەروەکو مۆم
ئاهم ئەگاتە گۆشی گەردوون
مات و کز و مەلول و مەحزوون
بۆحاڵی غەریبی، بێکەسی خۆم   (د: گۆران،2011، 179)

**1-2-  2:ب:  زیندان و گرتن:** گرتن و دورخستنەوەی سیاسی (یەکێکە لەگرنگترین و دیارترین هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا) (ابراهیم: 2007، 63)، چونکە زیندان بۆ خۆی سنوردارکردن و مل پێکەچکردن و ڕوشاندنی کەرامەتی مرۆڤە، لەدەست دانی ئازادییە! نیشتەجێ کردنێکی زۆرەملێی دڕندانەیە، کەتێیدا مرۆڤ توشی خەم و حەسرەتی دووریی وڵات و ئازیزان دەبێت، چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزی بە ئازادیە و دژی کۆت و بەندە، بۆیە زیندان کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ جێ دەهێڵێت، بۆیە بە زمان و شێوازێکی پڕسۆز باسی خۆی دەکات، کەواتا: شیعری زیندان ((ئەو شیعرەیە لەچوارچێوەی زیندان نوسراون، بیرۆکەکانیان لەگەڵ ئازار و خەم و تەنیایدا سەریهەڵداوە )) (سابیر:2015 ، 7)، میللەتی کوردیش بەدرێژایی مێژوویی پڕ لە بەرگری خۆی، هەمیشە تووشی گرتن و زیندان بۆتەوە، بۆیە وەسفەکانی شاعیران لە ژوورە تاریکەکانی زیندانەوە، تەنها وەصفکردنی جۆری

سزا و ژیانی ناخۆشی نێو بەندیخانە نییە، بەڵکو هەندێ جار هەلێک بووە بۆ یادکردنەوەی ڕابردوی (پێش زیندان) ، بۆیە: (بێکەسی شاعیر) و عاشقی نیشتیمان، لەم دەقەدا چرکەساتەکانی یادکرنەوە و بارودۆخی پڕ لە حەسرەتی خۆی بۆ نیشتیمان، کە حاڵەتێکی پڕ لە نۆستالیژیایە، دووپاتدەکاتەوە و دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لەزیکر و فکری تۆ غافڵ نەبووم، واتێ نەگەی
حەپس و تێ هەڵدات و زیللەت، تۆی لەبیربردۆتەوە (د: بێکەس، 2008 ، 15)

شەهیدمەلا عەلی یش هەر لەناو زیندانی موسڵەوە ، تووشی حاڵەتێکی نۆستالیژی بووتەوە، خەم و حەسرەتی دووری یاری نازەنینی ئۆقرەی لێبڕیوە، ئارەزووی دیدار دەکات، کاتێک دەڵێ :

کەڕێیان داویی بۆیەک جار
توخوا ئازیز
دیدەنیم کە
چەند ڕۆژێکم وەرزی بەهار
ماوە ، (بێ وادە) هات پایز
خەزەڵ وەرە
توخوا وەرە
با وا تێنەگەن کەدەردی
سورە گوڵی
گەشی دوێنێی
سەر دواچڵی
ئەمڕۆ لەبەر زریان زەردی
بەرەو مەرگ چوونە ئەمکا زیز.... تۆ خەنیم کە!
ئازیز گیان .... ئەگەر تۆ ڕازییت
خوێنم ئەڕێژمە دێراوی
بەڕێحانە و گووڵ چێنراوی
دەوروبەری ڕێی پێشوازیت ( د. شەهید مەلا عەلی : 2011 ، 145)

**1-2- 2:ج: غوربەت:** نۆستالیژیا هەندێ جار بەهۆی غوربەت و ئاوارەیی دروست دەبێت، واتا بەهۆی دورکەوتنەوە لە زێد و نشتیمان دورکەوتنەوە لە ئازیزان دروست دەبێت، دیارە هۆکارەکانی پشت دروست بوونی غوربەت و ئاوارەیی زۆرن، لەوانە ناڕازی بوون و ڕەتکردنەوە و بەگژداچوونەوەی ئەو سستەم و نەریتە ڕامیارییانەی، کە لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی تاک دا یەکناگرنەوە، یاخود ئەو سیستەمە ڕامیارییانەی، کە جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزیی، لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات، یان زۆرجار لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نائاساییەوە دێتەکایەوە، کە وڵاتی پێدا تێپەڕ دەبێت وەکو شەڕو ئاژاوەیی سیاسیی و کودەتا، خراپی بارودۆخی ئابووری، واتە: غوربەت "لەکاتی ئاژاوە و دڵەڕاوکێ لە ئەنجامی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت " (شتا: 1993: 12)، یان وەکو دەگوترێت: غوربەت ((تەنها گۆڕینی شوێن و گوێزانەوەی جوگرافیا و وونکردنی زمان نییە، بەڵکو لەبنچینەوە کاڵبوونەوە و لەقولایشدا بیرچوونەوە و لە کوشندەترین حاڵەتیشدا لێ سەندنەوەی ڕابردووە )) (عەلی:2008: 76).

لەم دەقەدا شێرکۆ بێکەس، لەئەنجامی غوربەت و ئاوارەیی و دوورکەوتنەوە لە زێد و ئازیزانی خۆی، دەگات بەحاڵەتی نۆستالیژی، کە کاریگەریی تەواوی لەسەر هەست و دەروون و بیرکردنەوەی دروستکردووە، کاتێک دەڵێت:

هەرکە بازاڕێکی میللیم هاتە سەر ڕێ
ڕائەکەم و ئەچمە ناوی
تیایا خـــــول ئەخۆم
ئەڵێم بەشکو هاواری میوە فرۆشێ
هاواری ماسی فرۆشێ
لەهاوار و ژاوەژاوی ئێوارانی مەیدانەکە و
بەرحەوزەکە و
لەژێر پردەکەی خۆمان بچێ (د:شێرکۆ بێکەس :دەربەندی پەپولە، 136)

**1-2- 2:ح - ئاین:** وابەستەبوون، بەئاین یەکێکی ترە لەوهۆکارانەی دەبنە هۆی دروست بوونی نۆستالیژیا، چونکە ئاین هەر لەگەڵ **پەیدابوونی** و سەرهەڵانی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنی تێڕوانینی مرۆڤایەتی دا، جێگەی سەرنج و بایەخ بووە، شاعیران و ئەدیبانی کوردیش بەکۆن و نوێوە، بابەتی ئاینی بەئاشکرا بە بەرهەمەکانیانەوە دیارە، ڕەنگە ئەمەیان پەیوەندی بە پەروەردەبوونیانەوە هەبێت، لەژێر سێبەری پەروەردەیەکی ئاینیدا، بۆیە شاعیران

خەم و حەسرەتی دووریی لە دیداریی پێغەمبەر، گەیشتن بە شارە پیرۆزەکانی وەک (مەکە) و مەدینە، گەیشتن بەدیداریی خالق، گەڕانەوە بۆ کۆڕو کۆبوونەوەی ئاینیی ، لە حوجرەو شوێنە ئاینیەکان، حاڵەتی نۆستالیژییان لا دروست دەکات، کەواتە: نۆستالیژیای شیعری ئاینی ((جۆرێکی نۆستالیژیایە، کە شاعیران لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە، سۆز و دەروونیان پەیوەست دەکەن بە خوا و شوێنە ئاینینەکانەوە )) (غمیض: 2015: 54).

هەندێ جاریش، مرۆڤ بەهۆی ئاین و لەژێر گوتاریی ئاینیدا، بەژیانی خۆی نامۆدەبێت، لەڕێگەی بیرکردنەوە لە مردن و سزای دواڕۆژ ((مرۆڤ کاتێک تواناو هێزی خۆی دەداتە دەست هێزێکی نادیار و دەرەکی، تا لە کۆست و کارەسات بیپارێزێت، بۆیە هەمیشە چاوی لە ئاسمانە،! بۆ باشتر کردنی ژیانی تایبەتی خۆی )) (عەلی: 2005: 20).

لێرەدا شاعیر بە گەڕانەوە بۆ یادکرنەوەی پێغەمبەرانی خودا، لەڕێگەی گێڕانەوەوە، دەست لەملانێی حاڵەتی نۆستالیژیا دەبێت کاتێک دەڵێت:

لەسەر و سیمای ئێوەوە
یەکەیەکە پێغەمبەرەکان دەبینم
دەبینم چۆن
عیسا وا لەخاچ دراوە
ملی (سمایل) دەبینم
لەژێر کێردی تازە ساوا
یاقوب بەچاوی مجرۆوە
کراسە بە خوێنەکەی یوسف
هەڵدەمژێ و دەیکا بەبۆوە
برایمی بت شکێن دەبینم
بەبێ باکی بەناو ئاگرا مل دەنێ
ئەیوب دەبینم بەکرێ
کرم دەم لە جەرگی دەنێ
محەمەد دەبینم بەشەو
کۆچ دەکاو مەکە جێ دێڵێ (د: ئازاد دڵزار: 1994: 140)

**1-2-2:- خ: شکستی دەسەڵاتی سیاسی (وڵاتێک، شارێک، میرنشینێک):**نۆستالیژیا ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە، لە ڕێگەی هەست و دەروونەوە، کە لەڕێگەیەوە ئارەزویی گەڕانەوە دەکات بۆ شتە لە دەست چووەکان،! جا ئەو شتانە پەیوەندی بەتاکەوە هەبێت یان بەکۆمەڵ،

واتە: نۆستالیژیا هۆکاری ئارامکردنەوەی دەروونە، ((نۆستالیژیا هەستێکی قوڵی ئەدیبە، وایلێدەکات قوڵ بێتەوە بۆ نێو یادگە، لەهەمان کاتدا یاد دەورژێنێت و یادگاریی و بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی لا پەرەدەسێنێت و بە هۆی پرۆسەی نۆسینی دەقەوە دادەمرکێتەوە )) (قادر: 2013: 257).

هەڵبەتە، مرۆڤ هەندێ جار لەئەنجامی کەوتنی (شکستی) دەسەلاتی ولاتێک، شارێک، ڕێکخراو و بزوتنەوەیەک، شۆڕشێک، توشی خەم و حەسرەتی لەدەستدان دەبێت، بەتێپەڕبوونی کاتیش یاد و ئارەزوی گەڕانەوەی ئەو ڕۆژانە دەکات، کە لە ژێر سێبەری ئەو سیستەمە حوکمڕانییە، ژیاوە، کە ئەمە هۆکارێکی دیاریی دروست بوونی نۆستالیژیایە، ئەگەر لە مێژوویی دوورو نزیکی کورد بڕوانین چەندین شکست و نسکۆی لەو جۆرە دەبینین، هەر لە کەوتنی شۆڕشە جۆربەجۆرەکانی کورد و هەرەسی میرنشینە کوردییەکان و لەناوبردنی بزوتنەوە نەتەوەییەکان لەلایەن دوژمنانی کوردەوە، کە بێگومان ئەمانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر دەروون و هەستەکانی شاعیرانی کورد هەبووە.

لێرەدا دەبینین شێخ ڕەزا بەیادکردنەوە و گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی حوکمی بابانەکان، خەم و حەسرەتی دووری بەدەقەکەوە دەبینین، دیاردەی نۆستالیژیا لەدەقەکەدا شاعیری گەیاندۆتە حاڵەتی نامۆی بەڕۆژگاری ئێستا: کاتێک دەڵێت:

لەبیرم دێ سولەیـــــــمانی دارولمولکی بابان بوو
نەمەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
دریخ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو
بە زەربی حەملەیێ بەغدای تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان، ڕاستت دەوێ، باوکی سولەیمان بوو (د: شێخ ڕەزا:2003: 8)

**1-2- 2:-د: کارەساتی مێژووی**: ئەگەر سۆزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو هێندە پانتاییەکی فراوانی نێو لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی کوردیی داگیرکردبێت، دەبێت هۆکار و پاڵنەریی جۆربەجۆر هەبن، بۆ دروست بوونی دیاردەی نۆستالیژیا، سروشتی مرۆڤیش وایە بەردەوام لەژێر

کاریگەریی ڕووداوەکانی ڕابردوودایە، چونکە نۆستالیژیا ((سۆزێکی گەورەیە بۆ ڕابردوو، بۆ نیشتیمان، بۆ خەونەکان، هەموو ئەمانە لە کلێشەو مەودایی جیاجیا دا، لە دونیای هاوچەرخدا، بە فۆڕمێکی دیکە دەردەکەون، ونبوونی ئەم دونیا بینییە، ونبوونی یادەوەریی و ئەو حکایەتانەیە، کە لە پێش هەر ڕوانینێکی نۆستالیژیاوەیە))(جبار:2000: 252).

کورد بەدرێژایی مێژووی توشی چەندین کارەسات و ڕووداوی ناخۆش بۆتەوە، کە هەندێکیان سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوورین، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر شاعیران کردووە، بوونەتە هۆی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە فرەچەشنانە، چونکە کاریگەرییان لەسەر یاد و یادگەیان بەجێ هێشتووە، ڕووداو و کارەساتە جۆربەجۆرەکانی ڕابردوو، کەرەستەیەکی فراوانی ئەدەبییە، ڕووداوە مێژووییەکانی هەر نەتەوەیەک، پڕە لەخاڵی سەرکەوتن و شکست، بۆ نموونە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕووخانی کۆماری مهاباد و لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانیان......هتد، هەوێنی دروست بوونی دەیان دەقی نۆستالیژین لە ئەدەبی کوردی دا.

قوبادی جلیزادە ، لەشیعری ئەنفال دا، بەگەڕانەوە بۆ یادکردنەوەی کارەساتەکانی ئەنفال، حاڵەتێکی نۆستالیژی لەم دەقە دا چنیووە، کە دەڵێت:

دەچمەوە گوندی

بیری ئەو سەگە ئازایە دەکەم

تا نەیان کوشت

دووی ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازییە نەبوەوە

کە ژن و

منال و

پیر و

مەڕ و

مانگا و

کەڵەشێر و

مریشکیان

ئەنفال دەکرد (د.قوبادی جلیزادە:2014 69)

**1-2- 2-ت: گەڕان بەدوای پەناگەی شارستانی مۆدێرن و ئارام:** ئەگەر نیشتیمان گۆڕا بۆ دۆخێکی خۆسەپێن و دژایەتیکردنی ئەوانی تر، ئالێرەدا وەکو زیندانی لێدێت و مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ دەبێت، واهەست دەکات، کە کەرامەت و کەسێتی و ئاینەکەی لەمەترسیدان، خۆ ئەگەر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا بڕوانین، کە پەیوەندی بەخۆشی و ئارەزووەکانی مرۆڤەوە هەیە، کە خۆی لە دەوری کۆڕو کۆبوونەوەی ئافرەتان و سروشت و پێشکەوتنی شارستانیەت دەبینێتەوە، ئەمانە ئەو هۆکارانەن، کەوادەکەن مرۆڤ بەدوای ژیانێکی باشتردا بگەڕێت ((مرۆڤ لەڕووی جەستەیی و عەقڵییەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی پەیوەندیدارە بە دەوروبەری خۆی، بیرکردنەوەو جموجۆڵی بەردەوام ، دەبیات بەرەو ئەم ئامانجە دیاریکراوانەی هەوڵی بۆ دەدات، زۆرجار دەگاتە حاڵەتێک خۆی دەکات بەقوربانی لەپێناو بەدیهێنانی هەندێ لە خەون و ئاواتەکانی )) (عەبدوڵا: 2013: 29)، ئەمانە وادەکەن مرۆڤ دوور بکەوێتەوە لەزێدی خۆی، لێرە بەدواوە ووردە ووردە بەتێپەڕبوونی کات، مرۆڤ تووشی دیاردەی نۆستالیژیا دەبێت و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و یادگارییە کۆن و لە دەستچووەکان دەکات (( ئەم چەمکە مانای خۆی لە شوێن کاتی سەرزەمینی وەردەگرێت، کەسێک یاخود کۆمەڵ و گروپێک دوایی نیشتەجێ بوونیان کاریگەریی شوێنی تازەیان دەکەوێتە سەر )) (عزیز و حمەامین: 1397: 127).

دەقی من چیم ئەویست لە نیشتیمان، باشترین نموونەی گەڕانە بەدوایی ژیانێکی باشتر، کە شێرکۆی گەیاندۆتە ئەوپەڕی حاڵەتی بێ ئومێدی لە نیشتیمان و گەڕان بەدوای پەناگەیەکی ئاسوودە و ئارام

من چیم ئەویست لە نیشتیمان
جگە لەوەی کە نانێک و
کە کونجێکی دڵنیایی و
گیرفانێکی بەحورمەت و
مشتێ هەتاوی ئارام و
بارانێکی خۆشەویستی و
پەنجەرەیەکی کراوەی سەر
ئاواز و عیشقم باتێ

من چیم دەویست

لەوە زیاتر کە نەیدامیّ

بۆیە ئیتر نیوەشەویّ

دەروازەکەییم شکاند و چوومە دەریّ

بەئێجگاریی چومەدەریّ . (د:شێرکۆ بێ کەس : 2012، 213 )

**1-2-2-ز: کەلەپوری میللی:** ئەدەبی فۆلکلۆری و کەلەپوری میللی ڕەگ و ڕیشەیەکی پتەوی هەیە، لەقۆناغە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤدا ڕەنگە داوەتەوە، هەمیشە جیّ بایەخ بووە، کەلەپور کانگایەکی دەوڵەمەند و سەرچاوەیەکی فراوان و والآیە لەبەردەم شاعیراندا، (( ئەو ئەدەبەش هاوشانی ئەدەبی نووسراو لەچەندین ژانەری جۆراو جۆر پێک هاتووە، وەک داستان، لاوک، حەیران، ئەفسانە، دابوونەریت، بەیتە شعر، نوکتە، پەندو قسەی نەستەق، حکایەت و جۆرەکانی........هتد)) (حسین: 2010: 269)، سەبارەت بە دەوڵەمەندی کەلەپوری کوردی (دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ )یش دەڵێت: ((گومان لەوەدا نییە، کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هۆکارەکەش تەنها ئەوە نییە، کە ئەدەبی نووسراو نەختێک دوا کەوتووە، بەڵکو ژیانی تایبەتی کورد، وێنە جیاواز و گۆڕانی زوو بەزوو لەم وێنانە هۆی ئەو دەرکەوتنەن )) (ڕەسول: 1970: 10).

ڕەنگدانەوەی بابەتە کەلەپورییەکان لەئەدەبیاتی کوردی دا، کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی هەیە، چونکە کەلەپور هەمیشە ئامادەبوون و زیندویەتی تێدایە، ئەمەش وای کردووە، کە سنوری کات و شوێن ببڕێت و بۆ هەموو سەردەمێک بشێن، کەواتە: دەتوانین بڵێین: گەڕانەوە و یادکردنەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی کەرەستە کەلەپورییەکانەوە هۆکارێکی تری دروست بوونی نۆستالیژیان، شاعیران بەیادکردنەوەی ڕووداوێک حاڵەتی نۆستالیژیای لادروست دەبێت.

لەم دەقەدا ئەحمەد ڕێبوار، بەهۆی سوود وەرگرتن لە کارەساتی سروشتی وەک وشکە ساڵییەوە، یادی ڕۆژانی ڕابردووی خۆی دەکاتەوە، حەسرەت دایدەگرێت و حاڵەتی نۆستالیژی بەئاشکرا بەدەقەکەوە دەبینرێت، ئەوەی لەم دەقەدا جێی تێرامانە! ئەوەیە، کە بە لای شاعیرەوە هۆی دروست بوونی نۆستالیژیا وشکە ساڵییە ! ، بەلآم بەلای خوێنەرەوە ، لە ئێستادا کە دەستەواژەی (بوکە بەبارانە) دەبیستێت ، هەستی نۆستالیژی و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی لا دروست دەبێت ، کاتێک دەڵێت:

<u>بەمناڵی</u>

هەر کە ئاسمان هەورەکانی بەدیل دەگرت

بوکی پەڕۆی هیوا، سرک و تامەزرۆمان

بۆ خواوەندی
بارانێکی پەڵەی سوز، دروست ئەکرد
ماڵ بە ماڵ
کۆڵان.....کۆڵان.....ئەمانگێڕا
تا.......تان و پۆی لەئاوی ڕوون هەڵئەکێشرا (د: ئەحمەد ریبوار:1985: 38)

مــحەمەد حەمەبــاقیش لە ڕێگــای یــادکردنەوەی کەلەپــورەوە، کە خــۆی لەوە دەبینێــتەوە، پێشینان دەیـان وت، ئەگەر کۆمەڵە چولەکە بەیەکەوە بجریوینن، مانـای هـاتنی میـوانە، شـاعیر لەڕێگەی گێڕاوەی ڕووداوە کانی منداڵییەوە، دەگاتە حاڵەتێکی تەواوی نۆستالیژی کاتێک دەڵێت :

<u>کەمناڵ بووم</u>
شۆڕەبییەکی پرچ درێژ
لەناو حەوشەکەمان هەبوو
پرچی لە پرچی تۆ ئەچوو
هەرچی کاتی
پۆلێ چۆلەکە بەجریوە
خۆیان ئەکردە بەناو قژیا
دایکم ئەیوت :... میوانمان دێت
من ئەوسا سەیرم لێ ئەهات ... (د:محمدحمەباقی: 1980: 141)

**1-2-2- ژ:خەون: خەو**، وەسیلەیەکە بۆ دەربڕینی حاڵەتە نۆستالیژییەکەی شـاعیر، کە بەهۆی ڕووداو وکارەسـاتەوە حـاڵەتەکەی لادروسـت بـووە ،لەبـارەی خەونەوە سـیگمۆند فرۆید دەڵێت: ((خەو گەیشـتنە بەو شـتانەی، کەمـرۆڤ لەژیـانی ڕۆژانەدا پێیـان ناگـات ))(بریتـون: 1978: 22)، خەو ڕەگەزێکە هەڵگری کۆمەڵێک پرسـیار و بۆچـوونی بێ کۆتـایە، هەمیشـە بە کۆمەڵێک نهێنـی دەورە دراوە، خەو لە نێـو ئەدەبیاتـدا هێنـدە گرنـگ و کـاریگەرە، کە هاوشـانی ئەفسـانە ڕۆیشـتووە، واتە: چەنـد ئەفسـانە ڕۆڵـی هەیە، لە پێکهـاتەی شـیعردا، خەویـش هێنـدە کـاریگەرە، ((خەو یەکێکە لە پیرەنسیپەکانی سوریالیزم، چونکە سنوری لۆژیک و کۆت و بەند دەشـکێنێ و دەچێـتە جیهـانی بـێ سانسـۆرەوە، بەڕوانـگەی خەو خـۆت ڕزگـار دەکەیـت لە هەژمـوون و دەسەڵاتە ڕەهاکانی عەقڵ، خەو پردێکە مرۆڤ بەهـۆیەوە لە جیهانی واقیعەوە دەپەڕێنێتەوە بۆ جیهــانی شــتە چەپێنراوەکــان، ))(بەرزنجــی: 2014: 70)، پەیوەنــدی نێــوان شــیعر و خەو لە

وابەستەکردنی کات و شوێنە، واتا شیعر پانتایی بەدیهێنانی خەونی شاعیرە، بەدیهینانێکی وەهمی ئەو حەز و ئارەزوانەیە، کە شاعیر توانای بەدیهێنانیانی نییە.

لەتیف هەڵمەت لەم شیعرەدا، نۆستالیژیایەک بۆ ئەو خەونە واقیعی و ڕاستیانەی قۆناغی منداڵی دادەخات، کە گێڕانەوەیەکە خراوەتە قاڵبی خەو، کە خۆی لەخۆیدا واقعی ڕاستەقینەی ژیانی پڕ کارەساتی کوردن، کە دەڵێت:

ئەم شەو خەوێکی خۆش و ناخۆشم بینی
منداڵ بوم و خەریک بووم بە بەردۆکە
خانۆچکەیەکم هەڵدەچنی
بەرلەوەی تەواوی کەم
فیلێک بەوێدا تێپەڕی و وێرانی کرد
یاربوو.....نازانم پێرار بوو، خەوێکی ناخۆشترم بینی
خانوەکەمان بەر بروسکە کەوت و
هۆنراوەکانم بوون بەخۆڵە مێش (د:لەتیف هەڵمەت،: 1979: 24)

**1-2-2-س: خۆشەویستی:** خۆشەویستی و ئەڤینداری یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا، بەتایبەتی خۆشەویستی شکست خواردوو و دووری یار، خۆشەویستی زۆرترین کاریگەریی لەسەر شاعیران بەجێ دەهێڵێت، (( گومانی تێدانییە شیعری ئەویندارىی بۆ خۆی یەکێکە لە بابەتە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی شیعر و ڕاستەوخۆ سەروکاری لەگەڵ هەست و دەروون وچێژی کەسی شاعیر هەیە )) ( مستەفا: 1989: 47 )، زۆرجار وادەبێت شاعیر بەهۆی دووری لە یار، خەم و پەژارە دایدەگرێت و تۆشی حەسرەتی دووری دەبێت، پەنادەباتە بەر یادگارییەکانی ڕابردوو، کاتەکانی لەگەڵ ڕووداو و یادگارییەکانی ڕابردوودا بەسەر دەبات، ئەمیش بۆخۆی دەیگەیەنێت بە لوتکەی دیاردەی نۆستالیژیا .

لەم دەقەدا بێخودی شاعیر ، بەدڵێکی پڕ لە ئاهو حەسرەت، دەردی دووری و بێ بەشی خۆی لە دیداری یار دەردەبڕێت، لێرەدا هەست و دەروونی شاعیر بۆ گەیشتن بە یار، پرە لە نا ئومێدی و کەسەر، دیمەنی پەرێشانی و سینەی پڕ لە ئاه و ناڵەی خۆی، لە هەر کاتێکی تاریکی و ناکامی و نا ئومێدی لە ژیانی دەردەخات، کە چۆن بەهۆی دووری لەیار، خەم و پەژارە شەوی لێکردوە بە ڕۆژ و ڕۆژی لێکردووە بە شەوی تاریک و پڕ بە حەسرەتەوە، کە دەڵێت:

لە دولبەرم گفتوگۆیەکم نەبیست، ئەی سینە ئەفغانی

لەلێوی پێکەنینێکم نەدی، ئەی دیدە گریانێ
دەستم ناگاتە شوشەی گەردنی مینایی ئەی ساقی
دەمم ناگاتە چاوی، ئەی عەرەق خورێنە فینجانێ
پەرێشانم لە ڕووی ئەو شۆخە بۆ ساتێ ئەی پەرچەم
دڵم بەینێکە زۆر تاریکە ئەی شەو ماهی تابانێ
گەهێ زامداری تێغی نازو غەمزەم چارێ ئەی جەراح
گەهێ بیماری چاوم ئەی ڕەئیسی سیحجە دەرمانێ
بەشەو شێواوی زولفی عەمبەرم، ئیمدادێ ئەی سونبول
بەڕۆژ چەوتاوی بالأی دولبەرم ئەی سەروجەولانێ
لەشەوقی ماهی ڕووی ئەو شۆخە توخوا پرتەوێ ئەی ڕۆژ
بەیادی چاکی سینەی، ئەی سەحەر سادەی گریانێ
بەتاو هات لەشکری غەم سالەخۆ ڕۆیشتنێ ئەی دڵ (د: بێخود:1385: 129)

لەگەڵ ئەم هۆکارانەی کە باسمانکرد و تیشکمان خستنە سەر، چەندین هۆکاری تریش هەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی نۆستالیژیا لەوانە :

**1-2-2-ش**: لەدەستدانی یەکێک لە ئەندامانی خێزان و ئازیزان: وەک (دایک باوک، برا، خوشک، کوڕ، کچ....هتد) ( العماری و علیان:2015: 71)

**دوانزە:** پیری و ترسان لە مردن و گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی (شریفیان: 1386: 22)

**1-2-2- ێ**: هەستەکانی مرۆڤیش (**بینیین،بیستن ، بۆنکردن ، چەشتن ، بەرکەوتن** ) هۆکارێکی دیاری دروست بوونی نۆستالیژیان .

شێرکۆ بێکەس لەم دەقەدا ، بەسود وەرگرتن لەهەستی بۆنکردن و بینین، حاڵەتێکی نۆستالیژیی لادروست بووە ، لەڕێگەی گەڕان بۆ بۆنی دڵخوازی خۆی، کە خۆی لە بۆنی یادگاریی کۆنی یاردەبینێتەوە ، دەگات بەوپەڕی حاڵەتی نۆستالیژیا.

لەناو باخی کریستاڵی بۆندا
هەنگە زەردەی عاشق بووم
سەد خولم خوارد
نمەنمەی زەرد و سوری

زۆربارانی

هەوری عەترم

پرژانە سەرقۆڵی چاکەت

قژی دەیان شوشەی کورت و کەڵەگەتم

گەیاندە لووت

بەڵام هیچیان

بۆنی لەشی  هاویانتیان

لێوەنەهات      .... (د:شێرکۆ بێ کەس : 1986  ،  ل84 ).

**1-2-2- ک:** هۆکاری ڕوحی: لێرەدا مرۆڤ هەست بە نامۆبوونی خۆی دەکات، ((کاتێک حەز بەگەڕانەوە بۆ جیهانی ڕۆح و دوا رۆژ دەکات )) (عمرو: 2001، 109).

**1-2-2- ل** : تەنهایی : مرۆڤ کاتێک بەتەنهایە ،  ئیدیی ڕابردوو هێرشی بۆ دەهێنێت ، لەڕێگەی بیر وخەیاڵ و  گەڕانەوە بۆ یادگارییە تاڵ و شیرینەکانی خۆی.

## 1-2--3: سوودەکانی نۆستالیژیا:.

شـیعر لە دێـر زەمـانەوە ((بۆتەبەشـێک لە بـوونی ئـادەمیزاد،! کە لە دڵ و دەروون خـۆی حەشـارداوە و لێی جیانـابێتەوە ))( صلێوە :2019: 69)، بەوپێیەی نۆسـتالیژیا بەردەوام مـامەڵە و سـەودای لەگەڵ هەسـت و دەروونـی مـرۆڤە هەیە ،مـرۆڤ بەردەوام لەژێرکـاریگەریی ژینگە و دەوروبەر و بـاری فرەچەشـنی دەروونـی دایە ، نۆسـتالیژیاش پەرچەکردارێکـی ئامـادەیە بـۆ چەندین بارودۆخ، وەکو لەدەستدانی دۆست و دوری لەزێد و داڕوخـانی سـۆز و گواسـتنەوە لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تـر، دیاردەی نۆسـتالیژیاش لە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوازە، هەروەکـو چـۆن لای شـاعیرانیش بەهـۆی بـارودۆخە جۆربەجۆرەکـانی ژیانیـانەوە جیـاواز دەردەکەوێت، لە نوسـەرێکەوە بـۆ نوسـەرێکی تـر، چـونکە وەک پـۆل ڤـالێری دەڵێت: ((شـتێکی هەڵەو کوشندەیە ئەگەر داوا لە هەمووشیعرێک بکەیت، کە یەک واتـای واقعـی هەبێت))( بەرزنجی، 2020، 246)، دەروونناسان و شارەزایانی بواری دەروونـی پێیـان وایە، کە هەسـتەکان بە گشـتی، کاریگەری ئەرێنی بەهێزیان هەیە لەسەر تەندروستی دەروونیمان، هەندێ جار بیرە نۆستالیژییە کان دەتوانن ئاسـودەیمان زیـاد بکەن ، لەڕێگەی هەسـتکردن بەترسـەوە، بەڵام سـەرتا دەکرێت بپرسـین؟ ئەگەر نۆسـتالیژیا پەیوەنـدی بەڕابـردووە هەبێ، ڕووداوە جۆربەجۆرەکـان پـاڵنەر و دروستکەری نۆستالیژیابن، چۆن نۆستالیژیا بەسوود دەبێت ؟

(کریستن باچۆ) پسپۆڕی بواری نۆستالیژیا لە وتارێکیدا دەڵێت: ((نۆسـتالیژیا بەسروشـتی خۆی شیرین و تاڵیشە، چونکە لەلایەکەوە گۆڕانکاریت بیر دەخاتەوە، لەلایەکیتر، ژیانی پڕ لەبێ بەختی و شکسـت و خراپـت بیردەخـاتەوە))(ابراهیم:2014: 206)، واتە: کاتێـک هەسـت بەخـەم یـان نائومێدی دەکەیـن، لەوانەیە مـایەی خۆشـحاڵی بێت، کاتێک دەکەوێتەوە بیرمـان، کەهێشـتا ئەو کەسـەین کەدڵخـۆش و بەهێـز و بەبەرهەمـین، ئەمەلەکاتێکـدا ڕەنـگە هەنـدێ کەس هەسـت بە ئاسـودەیی نەکەن، کە ڕابـردووی خۆیـان بیـردەکەوێتەوە، بـۆیە شـتێکی سروشـتیە، کە ئەگەر نۆستالیژیا هەمیشە هەستێکی باش و خۆشت بۆ نەهێنێت.

بـۆیە یەکێـک لە سـودەکانی نۆسـتالیژیا ئەوەیە، کە کاریگەریمـان لەسـەر دروسـت دەکـات، بەبـێ لەبەرچـاوگرتنی ڕەگەز و تەمەن، هەروەکـو چـۆن نۆسـتالیژیا کـار دەکـاتە سـەر ئاسـتی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری وئابوریمان(( چونکە زۆربەمان درک بە ماوەیەکی ژیانی ڕابردوومـان دەکەین و حەزدەکەین بۆی بگەڕێینەوە بەگرنگیەوە)) (عبدالله :1978: 31).

سودێکی تری نۆسـتالیژیا دەرخسـتنی جیاوازی تێڕوانینـی کەسـەکانە بۆ ڕابـردوو، شـتێکی سروشتییە، کە لە ئەنجامی کاریگەریی نۆستالیژیا، کاردانەوەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسـێکی تـر

جیاوازبێت، ((چونکە کەسانێک هەن کە نایانەوێت ڕابردووی خۆیان بیربکەوێتەوە یان بیری لێبکەنەوە))(بوقرورە،:1997: 137).

گەیشتن بەئامانج، یەکێکی ترە لە سودەکانی نۆستالیژیا، ((نۆستالیژیا یادەوەریمان دەپارێزێت))(فهمی: 1969، 123). ئەویش بە کاراکردنەوەی یادەوەری بەباشی و کارکردن بۆ ڕزگاربوون لە نەرێنییەکان، کە پێویستە جاریکە ئەنجامی نەدەینەوە.

گەشەپێدانی خود، بیرەوەرییەکان بەدرێژایی ژیانمان ڕێنوێنیمان دەکەن، بۆ بیرهاتنەوەی ئەو یادەوەریە خۆشانەی، کە دەتوانن دڵخۆشمان بکەن، ((ئەگەرچی ئەو بیرەوەریانە لە ڕابردوودا ماونەتەوە، لێرەدا نۆستالیژیا وامان لێدەکات باشتر خۆمان بناسین، هەنگاو بەرەوپێش بنێین))(جاحظ:1982: 43)، کەواتە: ئێمە نۆستالیژیامان خۆشدەوێت، بەڵام ئەوەندەش باش نییە، کەبیری لێدەکەینەوە، لەهەمانکاتدا ئاواتەخوازیشین بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی لەدەست چوو، بۆیە نۆستالیژیا ((ئۆرگانێکی ترە لە جەستەمان، کە خۆشیەکانی ڕابردوومان پێ دەبەخشێتەوە ))(الناعوری: 1991، 237).

سودێکی تری نۆستالیژیا، دۆخی تێک شکاوی ئێستای پڕ لە ئازار دەبەستێتەوەبە ڕابردووەوە، واتا: پردی پەیوەندی نێوان ئێستا و ڕابردووە، (( بیرکردنەوە لە ڕووداو و ئەزمونەکانی ڕۆژانی زوو، کەپڕن لە بیرەوەری تاڵ و شیرین، کە خۆیان لە : شوێن، بۆن، مۆسیقا، جل و بەرگ....هتد، دەبینەوە، کە لەئەنجامی بەرکەوتنی ئەمانە یادی ئازیزانمان بیردێتەوە ))(صالح: 2021، 60). ئەمە ئیدی لە ئەدەبدا، ئەگەر تێڕوانینە شیعرییەکان بە شێوەی زانستی بەرجەستە بکرێن(( بەهایەکی ئیستاتیکی بەرهەم دێت)) (کریم: 2017: 146).

نۆستالیژیا دڵ و دەروون و لاشە، ئارام دەکاتەوە! لەگەڵ ئەوەی شتێکی نامۆیە، لێکۆڵەران ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە ((نۆستالیژیا مرۆڤ هێوردەکاتەوە)) (الاسدي: 2016: 23)،

تەنیایی دیاردەی نۆستالیژیا دروست دەکات و بەکاری دەخات، شارەزایان دەڵێن: ((نۆستالیژیا میکانزمێکی بەرگریە، کە لەلایەن عەقڵەوە بەکاردێت، بۆ بەرزکردنەوەی میزاج و بەرزکردنەوەی باری دەروونی)) (رمضان : 1395، 57)، بۆیە لە کاتی بێزاریی یان هەستکردن بەتەمەن، یان مرۆڤ کاتێک هەستدەکات، ژیانی ئێستای بەها و گرنگی لە دەست داوە، بەتایبەتی لە کاتی تەنهایدا، ئالێرەدا مێشک بیرەوەرییە پڕسۆزەکانی خۆی بانگ دەکات، ئەم بیرەوەریانە هێز و توانای پێدەبەخشن وایان لێدەکات، کە پێویستە ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە بێتەوە، کە هاتونەتە پێش، واتا سودێکی تری نۆستالیژیا ئەوەیە، ((واتلێدەکات، هەست بە گرنگی ژیان و بەهاکانی بکەین، هۆکارێکیشە بۆ ڕەواندنەوەی خەمۆکی )) (عبداللهیان: 1394، 23).

نۆستالیژیا کاریگەریی لەسەر ڕۆح دروست دەکات، بەوپێیەی بنەڕەتی زاراوەکەبەمانای گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕابردووی مرۆڤ دێت، لەکۆندا بەواتای هەستی نەرێنی دەهات، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە، کە نۆستالیژیا هەستێکی خۆش و شیرینت پێ دەبەخشێت، کاریگەریی ئەرێنی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بۆیە دکتۆر جولیانا دەڵێت: (( نۆستالیژیا میزاج بارگاوی دەکات، لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار هەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو توشی خەم و حەسرەتت دەکات، لەکاتی تەنیایدا، بەڵام زۆربەی خەڵک زۆر زوو هەست بە ئاسودەیی دەکەن ))(رحیمی و باقری و علمی:1394: 45).

نۆستالیژیا لایەنێکی ئەرێنیە،! هەستێکی ئارامە و دڵخۆشیت پێدەبەخشێت، بیرکردنەوە لە ڕابردوو، ڕێگەیەکە بۆ خۆگونجاندن، لەگەڵ ترسەکانی داهاتوو، پەیوەست بە ترسی مەرگ و نەمری و گرنگی و سود بەخشی ژیان، ئەدلەر دەڵێت: (( ئەوکەم وکوڕییەی مرۆڤ هەیەتی لە ڕێگەی هونەرەوە پڕیدەکاتەوە))(صلێوە: 2013: 98)، واتا پەنابردنی نوسەران و شاعیران بۆ دەقە نۆستالیژیەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەیە کەلەژیانی ڕابردووی هەیان بووە.

یەکێکی تر لەسودەکانی نۆستالیژیا، لای ئەو کەسانەی لە زێدی خۆیان دوورن و لە تاراوگە دەژین، وایان لێدەکات لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردووی، لە نامۆبوون و خەمۆکی دووربکەونەوە و هەست بە چەشنێک لە کامەرانی بکەن، ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت، بۆیە دەڵێن ((ئەگەر غوربەت و دووری وڵات نەبوایە، ئەوە دیاردەی نۆستالیژیا نەدەبوو ))(نسب: 2018: 762).

نۆستالیژیا لای ئەو کەسانەی، کە دوور کەوتونەتەوە لە نیشتیمانی خۆیان، ((وایان لێدەکات هەرگیز کەلتور و داب و نەریتی خۆیان لەبیرنەچێتەوە و پەیوەستیان دەکات بە ڕابردووی نەتەوەیی و ناهێڵێت نەوەکانی داهاتویان لەبیری بکەن ))(غمیض: 2014: 45).

بەگشتی نۆستالیژیا ئارەزوی بەردەوامی لە ژیان و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگیەکانی ئێستا زیاد دەکات، وایان لێدە کات خۆیان بگونجێنن، لەگەڵ ژیانی ئێستای پڕ لە حەسرەتدا .

## 4-2-1: وەصفی(پەسنی) کاتیماڵئاوایی

نۆستالیژیا دیاردەیەکە پەیوەستە بەخود و کۆمەڵەوە، ئەمانیش بە ڕابردووەوە، ئەو ڕابردووەش لە ئێستا و داهاتوودا بەرجەستە دەبێت، نوسەریش لە ڕێگەی ئەو ڕابردووەوە ئەزموونێک گەڵاڵە دەکات دەیخاتە بەر دیدی خوێنەر، مەرجیش نییە نۆستالیژیا هەر پەیوەست بێت بە ڕابردوو و یادەوەری کەسێک، یاخود شاعیرێک بەڵکو لە هەندێک باردا نۆستالیژیا بەرجەستەکردنی ڕابردوو و یادەوەری کۆمەڵێکە، یا نەتەوەیەکە، لە ئێستادا زیندوو دەکرێنەوە و بەهایان بۆ دادەنرێت و بە بەرزی ڕادەگیرێن(( دەتوانین لە زۆر ڕێگەوە، یادی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بکەین، ئەویش جا ئەگەر هۆکارەکان ناوەکی یا دەرەکی، خۆیی یان بابەتی، لێڵ و تاریک، یاخود ڕوون و بێگەردبن))( جنداری :2001: 109).

هەر لەکۆنەوەش نۆستالیژیا لە شیعردا بوونی هەبووە، کە ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارو دەربەدەریی و دووره وڵاتییه ! شیعری نۆستالیژی بەدرێژایی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبی، سەرقاڵی نەخشاندن و وێناکردنی هەڵوێستی کاتی ماڵئاواییە، کە لە هەڵوێستی مرۆڤی خاوەن پێگەو باڵاوە سەرچاوەدەگرێت، ((ساتی ماڵئاوایی ساتەوەختێکن کە لە خۆشی و شادیەوە دەگۆڕێن بۆساتی تاڵی و جیابوونەوە ))(خشروم: 1982: 43)، کاتێک مرۆڤ لە خاک و نیشتیمانی خۆی جێ لەق دەبێت و لەزەوییەکی نامۆ و سەختدا خۆی دەبینێتەوە، ئیدی ماڵئاوایی لە دڵ و دەروونیدا دەبێتە یادگارییەکی سەخت و زۆرترین کاریگەریی بەسەرەوە بەجێ دەهێڵێت، چونکە ماڵئاوایی کارێکی هێندە بەئازارە، کەوەصفکردنی کارێکی ئەستەمە، (( لەنێو ئەدەبیاتی کۆنی عەرەبدا ئەوەی سەبارەت بە ماڵئاوایی دەبینرێت، وەصفی ماڵئاوایی بەهۆی کۆچ و کۆچبەری خێڵەکانەوە بەرجەستەدەبێت، کاتێک بەشوێن لەوەڕگاو سەرچاوەی ئاودا ئەم شوێن و شوێنیانکردووە، کە جۆرێک لە هەستی نۆستالیژیایان لەلابەدیدەکرێت، کاتێک شوێنی خۆیان گۆڕیەوە)) (ابوسليم: 61،2013)، شاعیریش کاتێک خوشەویستەکەی یان کەس و کارەکەی بەجێ دەهێڵێت، دەبێت حاڵی چۆن بێت ؟، چ هەستێکی هەبێت، بێگومان تووشی نائومێدی و ڕەشبینییەکی لەڕادەبەدەردەبێت، ((بۆیە شاعیر پەنادەباتە بەر دروستکردن و ئەفراندنی وێنە جۆربەجۆرەکانی هەستی و جوڵاو و دەیخاتە خزمەت وەصفکردنی کاتی ماڵئاوایی)) (عمرالمولد: 2007: 185)، کەواتە: لە مێژە شاعیران دیمەنەکانی کاتی ماڵئاواییان بەشێوەی کاریگەر بۆکێشاوین، کە لەئەنجامی جیابوونەوە و ماڵئاوایکردن، توشی خەم و حەسرەتی دووری بوونە و دیاردەی نۆستالیژیایان لا دروست بووە، بۆیە هەندێک لە زانایان پێیان وایە ((دیاردەی نۆستالیژیا لەنێو شاعیرانی تاراوگە، کاتێک دروست بووە، کە لەنیشتیمان و کەس و کاری خۆیان دابڕاون)) (البلوله زين: 2010: 232)، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەو دیمەنی ماڵئاواییەی کە

لەشیعرەکانیاندا گوزارشتیان لێکردووە، سەرەتای دروست بوونی دیاردەی نۆستالیژیایە لە ئەدەبەکەیاندا، دوایی کەسایەتیان.

کاتی ماڵئاوایی، بەدرێژایی سەفەرەکەیان، تا جیهان و شوێنە تازەکەیان، پێویست بووە هاودەمیان بێت، هەرکاتێکیش لە شوێنە تازەکەیان بەهاو هۆکار و جۆش و خرۆشێکی ئەوشتانەیان دۆزییەوە، کە حەز و سۆزیان بجولێنێت، ئەوە یادگارییەکانی ڕابردوویان بۆ دەگەڕێنێتەوە، ئەوکاتە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەمیان دەکەن، کە ئەمیش بۆخۆی نۆستالیژیایە، (ئالێرەدا کاتی ماڵئاوایی ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا ئاوێتەدەکات و بەیانیش بەنادیاری دەهێڵێتەوە)(هیلنز:1381،29)بۆیە لەم کاتەدا لێدانی دڵ زیاد دەکات، هەستی مرۆڤایەتی پڕحەسرەت دەبێت، ویژدانی ڕاستەقینەی دەسوتێت و دەبرێت، لایەنی سۆزداریی هەڵدەچێت و هەموو هێمنییەک دەخاتەجوڵە! بەجۆرێک، کە زمان توانایی دەربرینی ئەم هەموو هەست و سۆزە کەڵەکە بووەی نییە، بۆیە مرۆڤ تەنها دەتوانێت خۆی بخواتەوە، یان ڕەنگە پەنابباتە بەر ئەو دابوونەریتە کۆمەلایەتی و ئاینیانەی، کە پێشینانیان ئەنجامیان داوە، (( گومانی تێدا نییە، کە ماڵئاوایی بریتییە لە: (لکاندنی جیابوونەوە و دورکەوتنەوە و لەدەست دان، درککردن بەو هەست و مانایەی، کە توشی مرۆڤ دەبێت، هەموو کەس هەستی پێناکات، تەنها ئەوانە نەبێت، کەپێیدا تێپەڕیون )( الحراسیس: 2016: 169 )، هەڵبەتە شاعیران دیارترینی مرۆڤەکانن بۆدەرخستنی ئەو دیمەنانەی کاتی ماڵئاوایی لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە.

نالی لە ئەنجامی خراپ بوونی بارودۆخی کۆمەڵی ئەوسایی کوردەواریی، دەگاتە ترۆپکی نامۆیی و بەهۆی نامۆبوونیەوە بە هەڵسوکەوتی خەڵکی حاڵەتی نۆستالیژیایی (داهاتوویەکی گەشتر ) لادروست دەبێت و دەڵێت:

ڕەفیقان ئەوا من ڕۆیم لەلاتان
لەمەزڵومان بلا چۆڵ بێت ولاتان
بلا ساشار بەشار و دێ بەدێ بێن
لەدەس یاران بکەین تەرکیی ولاتان....... ( د: نالی ,2017، 260)

بۆیە دەتوانین بڵێین، کە هەندێجار دیاردەی نۆستالیژیا بە وەصفی کاتی ماڵئاوایی دەست پێدەکات، چونکە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ماوەی کۆچ و نامۆبوونە لەلایەک، ساتی هەڵچوونی سۆزدارییە لەلایەکی تر، کە بەژداریی لە ئاراستەکردن و جولاندنی ویژدانی شاعیر دەکات.

## پەیوەندی نۆستالیژیا بە هونەرو ژانەرە ئەدەبییە جۆربەجۆرەکانەوە

### 1-3-1: نۆستالیژیا و ئەفسانە:

ئەفسانە لەڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ چاخە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، یەکەمین سەرچاوەش بووە لای مرۆڤ، بۆ گوزارشتکردن لە بیرو باوەڕەکانی خۆی سەبارەت بەگەردوون، چونکە ((ئەفسانە یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەنوێنێ، ئەم قۆناغە فەلسەفییە سەرەتاییە، وەک قۆناغە فەلسەفییەکانی تر لەئەنجامی قوڵبوونەوە لە دیاردەکانی گەردوون و پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤ، لەسەر ئەرز پەیدا ئەبێت )) (ابراهیم: 1986: 14)، سەبارەت بە پێناسەی ئەفسانەش (جیمس فریزەر) ئەفسانە بە سیحرەوە گرێ دەدات و لەم بارەوە دەڵێت : ((ئەفسانە پەیوەندی هە یە بەباری قۆناغی سیحری بنیادەمەوە ، بەلای ئەوەوە ئەفسانە، لەقۆناغە بەراییەکاندا هاوشانی سیحرە و بەپێی گۆڕانی تێگەیشتن و پێشکەوتن سیحرو چەمکی ئەفسانەش بەرەو پێش دەچێت)) (جوتیار، 2007، 26)، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ یش پێی وایە، گەر لەکونجی فەلسەفەوە بڕوانینە ئەفسانە، ئەتوانین بەجۆرێکی هۆشیاریی کۆمەلایەتی دابنێین، هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ ئەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت.

بەهای نۆستالیژی ئەفسانەیی، ((بەشێکە لە ژیانی رابردووی مرۆڤ، کە بەسەرچووە و بە شێوەیەکی پەردەپۆشکراو ئاواتی منداڵی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت)) (ابراهام، 1998، 116)، لەو پێناسەیەدا کە باشترە بڵێین: ئاواتەکانی سەردەمی منداڵی لەخۆدەگرێت، بەری ئاواتەکانی داهاتووشە، بۆیە ((ئەفسانەسازی لە ڕاستیدا وەڵامی گەڕانە بۆ ئاواتی خود)) (کمبل: 1984: 51)، بابەتی نەمری لە ئەفسانەدا ئاوات و گۆڕانکارییەکانێتی، ئەفسانە بیرگەی جیهانییە، کە دواتر دەچێتە قولایی دامەزراوەکانەوە، بۆیە دەکرێت وەک پۆلێکی گەڕانەوەی نۆستالیژی دابنرێت، کە پێشتر ئەو ڕابردووە بێدارکەرەوەیەی لە مێشکدا بە ڕابردوویەکی ئاواتی دادەنرێت، . ئەم ڕاستییەش بەسەر ڕابردووە ئەفسانەییەکەدا جێبەجێ دەکرێت(( هەرچەندە ئەفسانە واقیعێکی دێرینە لە شێوەی گێڕانەوە پێمان دەگات، بەڵام ئەم بێدارییە ڕەنگدانەوەیەکی بێگەردی ڕاستیەکان نییە، چونکە بە خەیاڵی مرۆڤ قەرەبوو دەکرێتەوە)) (برونسیلا، 1378، 157)، لە راستیدا، ئەزموونی بەردەوامان هاتووەتە سەر ئەزموونی پێشینان و باوباپیرانمان ، ئەزموونی ئەوەی کە بتوانین لە دەرەوەی گرووپی ناوخۆیی خۆمان یەک بخەین! بەڵام ئەم بێدارییە ڕەنگدانەوەیەکی بێگەردی ڕاستییەکان نییە، چونکە خەیاڵی مرۆڤ، بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازی و کەموکوڕییەکانی ژیان، هەندێکجار حەقیقەتی نەخوازراوی ئەفسانەیی تیدایە، ئەفسانە چیرۆک و گێڕانەوەی ڕاستی و ناواقعی پێشینانە. ئەفسانە درۆناکات، بەڵام دان پێدا

نانێت،((لەکاتی پێویستدا خوی لە هەندێک ڕاستی و لەڕەخنە و نارەزایی دەپارێزێت، یان بەپێچەوانەشەوە نارەزایی لەسەر واقیع یان یاخیبوون لەسەر پەیوەندییەکان بەرز دەکاتەوە. . ئەفسانە ئەم ڕاستیانە ڕووندەکاتەوە و ئاشکرای دەکات تا ئەو ڕادەیەی، کە دەڵێت: غەریزە و سۆز و هزر ڕێگەپێدراوە و ئاشکرای دەکات)) (بارت: 1996: 54)، واتا دەستێوەردانی ئێستا لە ڕابردوودا، هەموو مەرجە ڕۆحییەکان لە ترس، ئارەزوو، چاوەڕوانی و پێویستی تا (تووڕەیی، نارەزایەتی، بەختەوەری، خۆشەویستی کە ئەمانە دەتوانرێت بخریتە سەر ئەزموونی ڕابردوو و کاریگەری لەسەری هەبێت، بۆ نموونە:((کاتێک، کە فەردۆسی لە باسی ڕابردوویی میتۆلۆژی ئەفسانەیی دەڵێت، ئاماژە به کاریگەریی **نۆستالیژیا** دە کات ، وە ک ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی دۆخی زەمەنی تیپەڕیوو و واقیعی ژیانی هاوچەرخی خۆی)) (ابراهام، 1998، 116) ، ئەمە و هەندێک لەو شتانەی تێپەڕیوە، بەسەر داستانەکاندا جێبەجێ دەکرێت چونکە ئەسڵی داستان ئەفسانەیە،! جیا نییە لە ئەفسانە و لە سروشت و پێکهاتەدا،. وەک گوتمان، ((داهاتوو، لە ئەفسانەو ڕابردوو دا دەبینرێت، نۆستالیژیا لەلایەکەوە لە رابردوو دەڕوانێت، لەلایەکی دیکەشەوە، چاودێری داهاتوودە کات، ئەمەش بۆخۆی پەیوەندیی نۆستالیژیا و ئەفسانە دەردەخات )) (هینلز: 1381، 170).

ئەگەر نۆستالیژیا گەڕانەوەبێت بۆ ڕابردووی کۆن، گەڕانەوەبێت((بۆ سەردەمی منداڵی و گەنجی، یان گەڕانەوەبێت بۆ زەمەنی زوو، شتە کۆن و کەلتوریی و نەتەوەیی و شارستانییەتی کۆن و مەسەلەی ژیان و مردن و پیری و ترسی مردن و خەم و حەسرەت بۆ داهاتووی گەشتر و باشتر، ئەوە خۆی لەخۆیدا ناو هێنانی ئەفسانە نۆستالیژیایە، چونکە یەکێک لەلایەنە بەرچاوەکانی خەمی غوربەت ئەفسانە سازییە)) (عەبدوڵا، 2016، 91)، لەڕاستیدا ئەفسانەکان سەر لە نوێ بەنیاتنانەوەی جیهانی سەرەتایین، یان هەمان بەهەشتی لەدەستچووە، بەم تێڕوانینەوە ئەفسانەش باری نۆستالیژیای تایبەت بەخۆی هەیە، یەکێک لە خاسیەتەکانی دەقی نۆستالیژیش بریتیە لە : ((ئاوڕدانەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی کۆنی پڕبەرهەم و بەپیرۆز سەیرکردنی ڕابردوو)) ( احمدی: 2012، 43)، ئەفسانەش بەشێکە لە ڕابردوو، واتە: ئەفسانە دنیایەکی پڕ لە نهێنی و داهێنانی لە خۆگرتووە، چونکە سەرچاوەکانیان خەم و ناخۆشی و حەسرەت و ئارەزووە لە بن نەهاتوەکانی مرۆڤە، لێرەوەش ئەفسانە دەبێتە کەرەستەیەک(( کە شاعیر دیاردەی نۆستالیژیای پێبەرهەم دەهێنێت ، گەلێک جار سودی لێوەردەگرێت، نۆستالیژیا، بە ئاواتی ئەوەیە شتە لە دەستچووەکانی ڕۆژگاری ڕابردوو، لە ڕۆژگاری ئێستادا بهێنێتەوە بەردەست و گیانییان پێببەخشێت و زیندوویان بکاتەوە))(حمادي،2005، 76)، نۆستالیژیا هەوڵدانێکە بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخی دەروون و بیرکردنەوە، هەوڵدەدات هاوسەنگییان بکات، تا بکرێت لە فشارە جیاجیاکان بە دووریيان بگرێت. ئەدیب وەک هەر تاکێکی تری

کـۆمەڵگە، بە دوور نیـیە لەو ڕەوش و بـارودۆخ و ڕووداو و یادگارییـانەی کە لە ڕابـردوودا ڕووبەڕووی بۆتەوە ! بەڵکو زیاتریش کاری لێ دەکات و شوێنەواری لەسەر هەست و نەست و سۆزی جێدەهێڵێت، بۆ هەر یەک لەمانە دەشێت ئەزموونی تایبەتییان بۆ بسازێنێت و لە هۆشیدا تۆماریان بکات.

## 1-3-2: نۆستالۆژیا و ئەدەب :

(سـورەتگەر)، لە پێناسـەی ئەدەبدا دەڵێت: ((ئەدەب گوزرارشـتە لە جۆرێـک لە جۆرەکـانی دەربڕین و گواستنەوەی بیر، لە زەینێکەوە بۆ زەینێکی تر)) (محمد:1395: 117)، بە مانـایەکی تـر ئەدەب گوزراشتە لە هونەری بەیانکردنی مەبەست و ڕاز و بەیانکردنی ئەندیشـە و حاڵەتێک کە لە زەینـی ئـاخێوەردا هـاتووەتە بـوون و بەرجەسـتەکردنی لە زەینـی خـوێنەردا، لە کاتێکدا کە هۆکاری ئاشکراکردنی ڕازەکان یـان دەبڕین و گواسـتەوەی وشـەکان بریتین لـە: دەربڕینەکان،! هەروەها ئەوە دەردەکەوێت کە ئادگارە جۆراوجۆرەکانی ژیان، کە لە زەینی شـاعیر ڕادەکشـێت و دەست بەسەر ڕۆحیدا دەگرێ و بەسەر هەموو هەست و سـۆزەکانیدا دەسـەڵات پەیدادەکات، تا بزانێت، جگە لە نۆستالیژیا شتێک لە زەینیدا نیە، (لەم حاڵەتەیشـدا هێزێکی تـایبەت بە شـاعیر دەبەخشێت و شاعیر دەچێتە پلەیەکی باڵاتر لەچاو جیهـانی واقیعیک)(یونک: 1993، 27) زاراوەی نۆسـتالیژیاش، کە لەڕێگـای دەروونناسـیەوە، هـاتوەتە نـاو ئەدەبەوە، ئەدەبـیش ئامـاژە بە شـێوازێک لە نووسـین دەکـات، کە لەسـەر بنەمـای ئەوەی شـاعیر یـان نووسـەر وێـنەی ئەو ڕابردووە دەکێشێت، کە لە مێشـکیدا هەڵدەچێت، دەبێت بوترێت کە نۆسـتالزیا دیاردەیەکە، کە تەنیا پەیوست نییە بە سـەردەمی ئێسـتاوە ، بەڵکو هەر لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ و لە هەمـوو سـەردەمەکاندا بـوونی هەیە. وەک پێشـتر ئاماژەمانپێـدا ، ئەو زاراوەیە سـەرەتا وەک نەخۆشییەکە دۆزرایەوە، پاشان کەوتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە لەبواریی ئەدەبدا.

نۆسـتالیژیا پەیوەنـدییەکی بەهێـزی بە ئەدەبەوە هەیە، ئێسـتا وەک دووانەیەکـی لەیەک دانەبـڕاو تەماشـا دەکـرێن. ئەگەر لە کۆنـدا نۆسـتالیژیا وەک حـاڵەتێکی دەروونـی و تـایبەت بە بواری دەروونزانی وێنا دەکرا، ئەوا ئەمڕۆ بە تەواوی بووە بە بەشێک لە ئەدەب و ئەم چەمکە لەناو ئەدەبدا بوونی خۆی پاراستووە و توانیویەتی درێژە بە تەمەنی خـۆی بدات، ئەگەر ئەدەب نەبووایە ڕەنگە ئەم چەمکە بەم شێوەیەی ئێستا بەربڵاو و ناسـراو نەبووایە و وەک وشـەیەکی گوماناوی و نامۆ بمایەتەوە.

نۆستالیژیا ((نزیکەی پەنجا سـاڵ دوای بڵاوبوونەوەی وتـارەکەی (هـوفەر) وردە وردە مەیدانی سایکۆلۆژیایی بەجێ هێشت و هاتە ناو ئەدەبەوە، لە ناو ئەدەبدا وەک نەخۆشی تەماشا

نەدەكرا ! بەڵكو ئاماژەدان بوو بە هەستی رۆمانتیکی و خەمی درەنگ لەدایکبوون)) (عطا: 2019: 67).

ئەم چەمکە لەگەڵ ئەوەی ئەدەب بەگشتی بێبەش نییە لێی، بەڵام زیاتر لە ڕێبازی رۆمانتیکدا بەرجەستە دەبوو، چونکە ئەم ڕێبازە گرنگی بە گەڕانەوە دەدا بۆ ناو خودی مرۆڤ و هەست و سۆزەکانی، (نۆستالیژیا لە سەردەمی رۆمانتیکی فەڕەنسادا، لە بەرهەمەکانی (هۆگۆ و بالزاک و بۆدلێر و سارتەر) واتای جیاجیای هەڵگرتووە. لە بەرهەمەکانی (هۆگۆ) دا واتای (دەردی سووتێنەری دووری لە نیشتیمان)ی وەرگرتووە ! لە بەرهەمەکانی (بۆدلێر) دا، بە مانای ئیشتیاق و تامەزرۆیی بۆ سەرزەمینی بێگانە، تامەزرۆیی و خەم بۆ شتە لە دەستچووەکان هاتووە. لە بەرهەمەکانی (ژان پۆل سارتەر) دا بە مانای تامەزرۆیی پووچ بوون بەکارهاتووە ) (الرواى: 2015: 91).

لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئیتر نۆستالیژیا واتای دووری لە نیشتیمانی جوگرافیایی هەڵدەگرێت، (مارسێل برۆست) لە رۆمانی (گەڕان بەدوای زەمانی لەدەستچوو) دا باسی ئەوە دەکات،کە چۆن پاڵەوانی ڕۆمانەکەی لە دوای خواردنەوەی چایەک دەکەوێتەوە یادی سەردەمی منداڵی و یادگارییەکانی لەگەڵ پووریدا، ئەو سەردەمەی کە منداڵێکی بەختەوەر و خۆشبەخت بوو نەک پیاوێکی دڵتەنگ و بێزار لە ژیان ((ڕەنگە بتوانین ڕۆمانی (نەفامی) ی (میلان کۆندێرا) وەک تازەترین بەرهەمی ئاوێتە بە هەستی نۆستالۆژیا بناسێنین)) (تكايي ، 1391، 22).
دەشێت دیمەنێک ببێتە هۆی دروستبوونی هەستی نۆستالیژیا لە تاکەکان بخولقێنێت، یاخود بۆنێک، دەنگێک، ڕەنگێک، ئاوازێک، تامێک، یان هەر شتێکی تر، کە مرۆڤ دەبەنەوە بەرەو سەردەمی ڕابردوو، یادەوەرییەکانیان بیر دەهێنێتەوە و هەستی نۆستالیژیا دروست دەکەن ، (لۆرد بایرۆن) دەڵێت: ((سەردەمی ڕابردوو! هەموو ئەو کاتانەن، کە تێپەڕیون و زۆر باشن)) (سبحانی، 1396، 22). لێرەدا دەبینین (بایرۆن) هەموو کات و زەمانێکی ڕابردوو بە باش دەزانێت و یادکردنەوەشی بە چێژبەخشترین شت دادەنێت. ئەمەش بە تەواوی بریتییە لە: هەستی نۆستالیژییانە.

نۆستالیژیای دووری نیشتمان پێش ئەوەی لەلای ڕۆژئاواییەکان سەرهەڵبدات و وەکو چەمکێکی سایکۆلۆجیی و ئەدەبی باسی لێوەبکرێت، لەلای شاعیری عارف و سۆفی ئیسلامی باسی لێوە کراوە و دەتوانین بڵێین: دیوانی زۆربەی شاعیرانی عارف، فیراقنامەیە و بۆ دووری نیشتیمانی ڕاستەقینە و مەعشوقی ئەبەدی وتراوە، بەڵام زاراوەی (نۆستالیژیا) لە بەرهەمەکانیاندا بەدی ناکرێن، ئەگەرچی بە ناوەڕۆک نۆستالیژیا بە تەواوی لەناو دەقەکاندا ئامادەیی هەیە، غوربەت و دووری لە نیشتیمان لەلای عاریفان زۆر جیاوازە ! چونکە نیشتمانی ئەوان جیاوازە، ئەمەشیان لە دەقی قورئان و فەرموده و کلتوری ئیسلامی وەرگرتوو. دەبینین

نیشتیمان لەلای مەولانای ڕۆمی بریتییە : لەو بەهەشتەی کە باوکە ئادەم و دایکە حەوای لێدەرکرا و لەو ڕۆژەوە ئیتر ئەم سەرزەمینە بۆ ئێمە مەنفا و غەریبستانە و تا نەچینەوە نیشتیمانی ڕەسەن و بنەڕەتی خۆمان ئاسودە و دڵخۆش نابین، مەولانا خۆی بە (نەی) و نیشتمانیش بە (نەیستان) دەچوێنێ و دەفەرموێت:

**کز نیستان تا مرا ببریدەاند**

**از نفیرم مرد و زن نالیدەاند**

**هرکسی کو دور ماند از ائل خویش**

**باز جوید روزگار ویل خویش** (د. رومی، 1386، 2)

واتە: لەو ڕۆژەوەی منیان لە شوێنی ڕەسەن و نیشتمانی ڕاستەقینەم (نەیستان) بڕیوەتەوە، پیاو و ژن ناڵە و هاواری خۆیان تێکەڵ بە ناڵە گیان سووتێنەرەکانی من کردووە و لەگەڵ مندا دەناڵێنن، لەگەڵ مندا لەدەست دەردی فیراق و دابران خەریکی ناڵە و شین و گریانن، مەبەستی سەرەکی ئەم دێرە ئەوەیە، کە ڕۆحی ئادەمیزاد لە پلەی جیهانی باڵاوە بۆ ئەم جیهانە ماددییە کەوتە خوارەوە ، زۆر غەمگین و خەفەتبارە و تامەزرۆی ئەوەیە بۆ نیشتیمانی ئەسڵی خۆی بگەڕێتەوە، هەرکەسێک دوور کەوێتەوە لە ئەسڵ و بنەڕەتی خۆی، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت جارێکی تر بۆی بگەڕێتەوە و بە ڕۆژگاری ویساڵ شاد بێتەوە، ئەمە گوزارشتە لە حاڵی ڕاستەقینەی مرۆڤ، کە هیچ کات لە غوربەتدا ناحەسێتەوە. ئاسودەیی مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی بەدەست دێت.

هەروەها شاعیر و عارفی گەورەی کورد (مەحوی) لە چوارینەیەکدا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی ئەم هەستی غوربەتە و حەسرەتی نۆستالیژی دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئەو شەڕانی، مـن ئومێدی ئاشتیم

(پر غلگ بود آنچە ما پنداشتیم)

کێ لە باغی قودسی هەڵکەندم هەر ئەو

ناشتی لەم شورەزارەم ناشتیم (د: مەحوی، 1385، 390)

ئەم چوارینەیە یەکێکە لە چوارینە هەرە جوان و پڕ ماناکانی حەزرەتی مەحوی کە بە چەند وشەیەکی کەم، بەڵام بەهێز و پڕ مانا (قل و دل) سەرگوزەشتەی ئادەمیزاد و حیکایەتی ژیان و ماجەرای وجود دەگێڕێتەوە، ئەم چوارینەیە گوزارشتە لە پەیوەندی نێوان زەوی و

ئاسـمان، ژیـان و مـردن، دونیـا و دواڕۆژ، سـەرەتا و کۆتـایی ئـێمە، نیـوەدێڕی دووەمـی ئەم چوارینەیە هی خواجە حافزی شیرازییە و مەحوی تێکهەڵکێشی کردووە:

**مـا ز یاران چـشم یـاری داشتیـم**

**خـود غلگ بود آنچە مـا پنداشتیم** (د: جاحظ ، 1384، 368)

بەڵام مەحوی وشـەی (خـود)ی کـردووە بە (پـر)... مەحـوی دەفەرموێت: ئەو شـەڕانی مـن ئومێدی ئاشتیم... مەبەستی مەحوی لە جێناوی کەسـی سـەربەخۆ (ئەو) دونیایە. واتـا ئێمە بە ئومێدی ئاشـتی و خۆشـگوزەرانی و ڕەحمەت هـاتینە مەیدانی ژیـانەوە، چـاوەڕوانی دۆسـتی و میهرەبانی و موحیببەت بووین، ویستمان دەست لە گەردنی ئاشتی و ئارامی بکەین، بەڵام (پــر غلگ بــود آنچــە مــا پنداشـتیم)، ئەوەی ئـێمە بیرمـان لێدەکردەوە وا دەرنەچـوو، بۆچـوون و لێکدانەوەکانی ئـێمە پـڕ لە هەڵە و نادروسـتی بـوون، ئەو چـاوەڕوانییەی ئـێمە هەمـانبوو تەنهـا مشـتێک خەیـاڵ و وەهـم و پـووچی بـوو، واتە((بە ئـاوی تێگەیشـتین ئـێمە دنیـا و هەر سـەرابێ بوو))(دیوانی مەحوی،(1385) 232)، بەڵێ دنیا لە سەرابێکی فریودەر پتر نەبوو.

هەڵبەتە نۆستالیژیا دیاردەیەک نییە تایبەت بێت بە ڕێبازێک یان سەردەمێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە هەموو قۆناغ و سـەردەمەکاندا بوونی هەیە، لەنێو ئەدەبیـاتی کوردیش، دووچـامەکەی نـالی و سـالم و بەشـێک لە شـیعرەکانی مەولەوی و حـاجی قـادر چەنـدین دەقـی تـر مـۆرکی نۆسـتالیژیایان پێـوەیە، بەواتـایەکی تـر ئەدەبـی کلاسـیکیش بەدەرنیـیە لە دەربڕینـی خەم و حەسـرەت و گەڕانەوە بـۆ ڕابـردوو، سـەرباری چەنـدین جـۆری تـری نۆسـتالیژیا وەکـو، نۆستالیژیای دووری یارو نشتیمان و غوربەت....هتد،

لەناو ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخی کوردیش، نۆستالیژیا بەشێوەیەکی بەرچاو لەبەرهەمی شاعیران و نوسەراندا دەبینرێت، سەرباری هەستی غەمباریی و خەم و حەسرەت و تەنهایی و غوربەت، کەپێشتر لەشیعری کلاسیکدا بوونی هەبووە، بەڵام غوربەت و تەنیایی و حەسـرەتی ڕابردووی پڕپەشیمانی، ئاوات خواسـتن بۆ دەسـتەبەرکردنی داهـاتوویەکی نموونەیی و ئارام، بەشـێوەیەکی بەرچـاو دەبینرێـت و بـوونە بە بەشـێک لە شـێوازی شـیعری شـاعیرانی نـوێ و هـاوچەرخ، ڕەنـگە ئەمـانە پەیوەنـدییان بەو پێشـکەوتنە خێـرایەوە هەبێـت، کە شارسـتانییەت و تەکنەلۆژیـا بەخـۆیەوە بینـی، هۆکـارێکی تـر کـۆچی بەلێشـاوی شـاعیران و نوسـەرانی کـوردە بەنموونە، کە هەندێکیان بەهۆی بارودۆخی سیاسـی و ئـابوریی و کۆمەڵایەتییەوە، وڵاتیـان جێ هێشـتووە، کە دیـاردەی نۆسـتالیژیا لای ئەمـانە بـوەتە دیـاردەیەکی زەق، بەجۆرێـک هەنـدێ شاعیری کورد، کۆمەڵێک بەرهەم و دەقی دیار و گرنگیان هەیە، تایبەتن بە دیاردەی نۆستالیژیا،

کە ڕەنگدانەوەی خەمی غوربەت و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ڕاکردن لە واقیعی ئێستای ژیان، وەڕەس بوون لە شارستانییەت و مۆدێرنە، بۆتە بەشێک لە ستایلی شیعریان و پێوەی ناسراون، (بۆنموونە لە غوربەتایی محەمەد عوسمان و دیوانی فەرهەنگی خەمی حەسیب قەرەداغی و دەربەندی پەپولەی شێرکۆ بێکەس، نەبا غەریبی جێت بگرێ ی ئەژی گۆران، ڕێگا دوورەکانی چاومان ی جلال میرزا کریم، سەمای بەفریی ئێوارانی جلال بەرزنجی، تاڤگەی مەندی نەژاد عەزیز، شەوێک لە شەوانی سیمرخی سەلاح شوان، نزا سپییەکانی منی عوسمان شەیدا، هەولێک بۆ کوشتنی کات ی دڵشاد عبدالله، ناڵەی جودایی هێمن، ڕۆمانی وێنەیەک لەسەر ئاوی سەلاح عومەر، شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی)(عەبدالله، 2016: 157) ئەمانەو چەندین نموونەی تر.

## 1-3-3: نۆستالیژیا و سیاسەت:

بایەخدان بە لایەنەسیاسییەکانی هەرکاریگەرییەکی ئەدەبی و بەستەنەوەیان بە ڕێڕەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە کارێکی پیرۆزە، بەڵام پێویستە ئاگامان لەمەترسیەکانی بێت، نەهێڵین لایەنە سلبییەکانی سواری تەوقی سەری لایەنە ئەرێنییەکانی ببن و بیکەنە ژێرەوە، یان بەجۆرێکی تر شوێنەواری بسڕنەوە .

پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەدەب، پەیوەندی نێوان گشت و تایبەتە. نە سیاسەت لە ئاستی هونەردایە، نە هونەریش لە ئاستی سیاسەتدایە ، (( ئەوەی سیاسەت بە هەموو شتێک دابنێت و ئەدەب و هونەر بەپێویست نەزانێت، مانای وایە شتە گشتییەکە دەخاتە شوێنی شتە تایبەتییەکە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، ئەوەی ئەدەب و هونەر بە هەموو شتێک بزانێت، مانای وایە شتە تایبەتییەکە دەخاتە شوێنی شتە گشتییەکە. ئەم دوو جۆرە لە بیرکردنەوە، هەردووکیان هەڵەن))(بێ کەس ،: 1972، 6)، بیرکردنەوەی ڕاست بریتییە: لە یەکێتی سیاسەت و ئەدەب، بەمەرجی دانانی سیاسەت لە ریزی پێشەوە، کاتێک ڕاستترین شت یەکێتی نێوان سیاسەت و ئەدەب بێت، دانانی سیاسەت لە ریزی پێشەوەدا، دەبێتە کارێکی مەوزوعی، چونکە ئەدەب لە خزمەتی سیاسەتدایە، گۆڕانە سیاسییەکان، دەوری هەرە سەرەکییان لەو گۆڕانانەدا هەیە، کە بەسەر داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا دێن، یەکێتی ئەدەب و سیاسەت، یەکێتییەکی دیالێکتیکییە. هەر تێگەیشتنێکی تر بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت، زانستی نییەو لێکدانەوەیەکی چەوتە. ئەو نووسەرانەی وابزانن ئەدەب و سیاسەت یەک شتن و پەیوەندی دیالێکتیکی لە نێوانیاندا نییە، لەڕاستیدا دەیانەوێت سیاسەت بەلاوەبنێن و ئەدەب و هونەر لە شوێنی دابنێن، هەروەها بیرکردنەوە لەوەی ئەدەب و هونەر لەگەڵ سیاسەتدا نەگونجێن و جیاوازبن و هەر یەکەیان لە گۆشەیەکدا بێت، دیسان بەمە سیاسەت فڕێدەدەنەلاوە و دەیانەوێت ئەدەب و هونەر هەموو

شـتێک بێـت(( بیرکردنــەوەی نووســەرە سیاسـییەکانیش لــەم رووەوە، کـە مەبەسـتیان دانـانی سیاسـەت بێت لـە شـوێنی ئـەدەب و هـونەر، یـان جیاکردنـەوەی سیاسـەت بێت لـە ئـەدەب و هونەر،تیۆری پێویستنەبوون و سڕینەوەی ئەدەب و هونـەر بڵاوبکەنـەوە، ئـەم بیرکردنـەوەیـەش هـەر هـەڵـەیـە و ڕەتکردنەوەی نێوان کرداری پـەیوەندییـە دیالێکتیکییەکـەی نێوان سیاسـەت و ئەدەب و هونەرە))(قەرەداغی:1972: 5).

پەیوەستکردنی نۆستالیژیا و سیاسەت لە دروستکردنی پەیوەندیەکی مەترسیدا، لە وەڵامـی بزوتنەوەی ڕۆشنگەریی لە سەدەی حەڤدەم سەریهەڵدا ، (( ئەویش بە تایبەتمەندییەکی نمونەیی داهێنـەرانەی جیهـانی گشـتی، هـزری خـۆی نمـایش کـرد، لەوێـدا ڕۆمانتیکەکـان دژ بەعەقڵـی ڕۆشنگەران، دەستیانکرد بە پیاهەڵدان بە تەوەر و بابەتی گەڕانەوە بۆ ماڵ لەبەرهەمەکانیاندا، ناوێکی نوێیان بۆ ئەو چەمکە داتاشی لە ژێر نـاوی ناسـیۆنالیزمی ڕۆمـانتیکی )) (فورست، 2001، 103)، تەوەریی نۆستالیژیا هەرگیز ڕووداوێکی داخوازی شـووم نەبووە، بەڵکو هەسـتانەوەیەکە لە پلەیەکی مرۆڤایەتیدا، لەشوێنێکی تەمومژاوی پڕ لەنـامۆیی، کە لە ناوەندێکی جیهانیدا پەیڕەو دەکـرێ، لەزۆربەی زمـانە میللـیە جۆربەجـۆرە هـاوهزر و هاوڕێبازەکانـدا ، ڕونکـردنەوە و مەهـانەیەک ئامـادەیە سـەبارەت بە هۆگربـوون بەنیشـتیمانەوە، بەواتـایەکی تـر ڕۆشـنبیران و شـاعیرانی ئەوروپـی هـاتوون، لە کۆمەڵێـک نەریتـی نەتەوەیـیەوە، بانگەشــەی ئەوە دەکەن، کە هەریەکەیان وشەیەکی تایبەت بە زمانی نەتەوەیی خۆیـان هەیە، بۆ دەربڕینی خەم و پەژارەی پــڕ لە حەســرەتی دووری لە خــاکی بــاب و بــاپیران، ((هەریەک لە چیکەکــان، ڕووســەکان، ئیسـپانییەکان، بەشـێوەیەکی ڕادیکاڵیـانە ، جـۆرە وشـەیەکیان داتاشـیوە و بەکاریـدەهێنن بـۆ مەبەستی (نۆستالیژیا)، یان دووری نشتیمان و حەزی گەڕانەوە بـۆ ماڵەوە، کە لەسـەر بنـاغەی چیرۆکـی میللـی و نەتەوەییەوە وەرگیـراوە، بەڵام لەگەڵ هەمـوو ئەم جیاوازییـانەدا، دیاردەی نۆستالیژیای ڕۆمانتیکی شێوەیەکی هاو واتای هاوبەشی هەیە لایان، کە خۆی لە دەستەواژەی ( من تامەزرۆم بۆ ماڵی باوکم ) دەبینێتەوە، کە دروشـمێکی ڕۆمانسیانەی ئاڵۆزە، بە بەهـایەکی سـەردەمیانەوە وەکو خـۆی مـایەوە))(عطا،2019، 65) لەو بارەیەوە (ئەلبێرت کامۆی) نوسـەر و فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێت: ((هەر کاردانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە، نۆسـتالیژیایەکی ڕوون نیشـان دەدا ))(کامۆ، 1984: 54)، واتا بە تێڕوانینی کامۆ، دەکرێت بنەڕەتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی وەک نۆسـتالیژیا تەماشـابکرێت، هەروەهـا شـارەزایانی بـواری کۆمەڵناسـی نـوێ، ((لەوبڕوایەدان، کە دەکرێـت بـزوتنەوەی کـۆمەڵایەتی لەژێرچەمکـی نۆسـتالیژیایی کـۆمەڵ تەماشـابکرێت ))(برایـان: 2003: 84)، بۆئەوەی چارەنوسـی فەلسـەفە و مێژووناسـی دیاریبکرێت و ببەسـترێت بەیەکەوە، گوتاری کۆمەڵناسیش دوودیدی تێدا بەرهەمهاتووە، سەبارەت بە نۆستالیژیا و سیاسەت(( دیدی یەکەم: پێی وایە، کە لە کۆتایدا نۆستالیژیا وەک جۆرێک لە پاشەکشەکردن بۆ ڕابردوو، ڕاکردن

و دەربـازبوون لەوكێشـانەی ئێسـتا دەبینرێت، کەبنەمـای خـۆی لەچەمکی کاتـدا حەشـارداوە: لایەنگرانی تێڕوانینی دووەم ڕکابەرە سەرسەختەکانی نۆستالیژیان ، قبولکردنی بە ئاشکرای لـۆژیکی ئایـدیۆلۆژیایە، کە بنەمـایی حەقیقەتـی مێژوویـی و ناڕاسـتی نوسـتالژیا جیادەکـاتەوە، مێژوو، وەک میکانیزمێک بـۆ شـەرعیەتدان و پاسـاودانی دۆخـی ئێسـتا، تەنهـا ئەگەرێکە، واتـا مێژوو وەکو میکانزمێک لەپێناو ڕازاندنەوەی دۆخی ئێستا دەست دەدات))( فتاحی، 2011 : 9))

بەڵام بەدەر لە مێــژووی مــۆدێرن و دامەزراوەیـــی، کە دەورەدراوە بە دامەزراوەکـــانی دەسەڵات و مۆزەخانە و زانکۆ و هەزار بێنە و بەرەی میراتی و پاراستنی پێشینان و مێژووی شکستخواردوو، کە ئەمانەش قابیلی سەرنج دانن .

ئە و داگیرکارییەی ئەدەب لەلایەن سیاسەت بە ئێستاشەوە کە بە ناڕاستەوخۆ داگیرکراوە و هەندێکجاریش کارێکی کردووە کە ئەدەب و ئەدیب پێکەوە تێوەگلاون، شـەرعییەتی بەو فەزا سیاسییە داوە، کە سێبەرە بەسـەر ئەدەبەوە، مـادام شـیعر و چیرۆک و ڕۆمـانی سیاسـی هەیە بەناڕاسـتەوخۆ باسـی سیاسـەت دەکـات، کەواتە: دەبێت ڕەخـنەی سیاسـییش هەبێت و ئەدەب بگـرێتەوە و ببێتە جێگـرەوەی ڕەخنە تیۆرییەکـان، نمـوونەی دەیـان کەسـی ئەدیب و نووسـەر لەبەردەستە، تیری ئیگلتۆن لەمبارەیەوە پێی وایە، کە ((مێژووی تیۆری نوێی ئەدەبی بەشێکە لە مێژووی سیاسـی و ئایدیۆلۆژی سـەردەمەکان، تیۆری ئەدەبی بە بۆچوونی ئەو پەیوەندییەکی زۆر تایبەتی هەیە بە سیستەمی سیاسییەوە، چونکە لە زانینەوە بێت یان لە خۆوە بێت، یارمەتی و پشــتگیری کــردن و بەهێزکردنــی ئەم گریمانــانەی داوە، واتە گریمانەکــانی ئەم سیســتەمە سیاسییە، پێمـان دەڵـێ: ئەدەب بەشـێوەیەکی زیندوو پەیوەسـتە بە بـارودۆخی ژیـانی مـرۆڤەوە، چونکە ئەدەب شـتێکی بەرجەسـتەیە زیـاتر لەوەی شـتێکی واتـایی بێت)) (صـالح، 2011: 72)، ئەم تێگەیشتنەی تیری ئیگلتۆن لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕەخنەی کۆن لەئەنجامی کاردانەوەی ئەدەبیـاتی کلاسـیک بـووە ، کە ئەگەری هەڵهـاتنی تێـدابوو ، هەڵهـاتن لە مێـژووی ڕاسـتەقینە، هەڵهاتن لە واقعی تاڵی پڕ کارەسات، هەروەک چۆن بەشێکی زۆر لە ئەدیبانی دنیا هەوڵیانداوە واقیع بزر بکەن و خوێنەر فریو بدەن و ئەدەب ڕابکێشنە ناو ژیانی واقیعی و دوورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژیا، لە نێو ئەدەبیاتی کوردیشدا، سیاسەت پانتاییەکی فراوانی لاپەڕەی دیوانی شاعیرانی داگیرکـردووە. کە ئـێمە لە بەشـی پڕاکتیکی پەیوەسـت بەشـاعیرانی سنوری لێکۆڵینەوەکەمـان تیشکی زیاتری دەخەینە سەر.

سـەرباری ئەمـانە زۆرداریيەکـی ئەدەبـی هەیە پێـی وایە دەبـێ ئەدەب سـەربەخۆ بێت و لەکـایەی سیاسـەت دوور بکەوێـتەوە، بەڵام سـەرەنجام بەئەزمـوون دەرکەوتـووە کە ئەدەب نـاتوانێ خـۆی لەو ڕەهەنـدانە بەدوور بگـرێ، کە پەیوەنـدیان بە ڕووداوی واقیعـی سیاسـییەوە

هەیە، بۆیە ئەو حکایەتانەش کە دەقنووس بە خەیاڵ تەوزیفیان دەکات، هەمان مانای واقیعەکەیە بۆ خوێنەر، کە لە کۆتاییدا دەرکەوتووە ئەو جۆرە ئەدەبە سیاسییە و لە بری سیاسەت کار دەکات، هەندێکجار تێڕامان بۆ تێکستێک، هەمان مەغزا و مەبەستی هەیە، کە سروشتی ئەدەبی سیاسییە.

### 1-3-4: **نوستالژیا و دەروون:**

ئەدەب ساتی گۆڕانە لەباری فیزییکیەوە بۆباری میتافیزیکی لەڕێگای دەقەوە!زمان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت بۆ دەرخستنی ناخی خوێنەر، ئەدەب ڕۆڵی پاککەرەوەی ڕۆح دەبینێت لای داهێنەر، زاڵبوونی لایەنی دەروونی لەئەدەبدا بەڕونی ڕەنگیداوەتەوە، ئەفلاتونیش هەر لەبەر لایەنی دەروونی شاعیرانی لەکۆمارەکەی دەرکردووە، چونکە پێی وابوو شیعر هەست و سۆز دەبزوێنێت و مرۆڤ دەروخێنێت، مرۆڤ لە ژیانیدا بەچەندین قۆناغی گەشەدا تێدەپەڕێت و توشی چەندەها تاقیکردنەوەی دەروونی دەبێت(( فرۆید ئەدەب و هونەر بەشێوەکانی دەربڕین دادەنێت، چونکە گوزارشت لە حەزو ئارەزوەکپکراوەکان دەکات، بۆیە پێی وایە شاعیران دوایی هۆنینەوەی دەقێک هەست بە ئاسودەیی ڕۆح دەکەن ))(دزەیی :2021: 57)، خستنە ڕووی ئەرک و گرنگی ڕەخنە بەشێوەیەکی گشتی بەپێویست دەزانین، بۆ ئەوەی گرنگی ئەم جۆرەی ڕەخنەی دەروونی ، لە دۆزینەوەی کاریگەرییە شاراوەکانی ڕۆحی و دەروونی نووسەر لە تێکستە جۆراوجۆرەکاندا ئاشکرا بکرێت، وەک لایەنێکی گرنگی کاریگەریی سەر دیاردەی نۆستالیژیا، پێشتر ئاماژەمان پیکرد، نۆستالیژیا، لە ڕوانگەی دەروونیی و دەروونناسییەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو دونیای ئەدەب، بۆیە شتێکی سروشتیە ئەگەر بیخەینە بەر تیشکی شرۆڤەکردن، کاریگەرییە ئەدەبییەکانی ڕەخنەی دەروونی قەرزداری بڵاوبوونەوەی تێروانینە نوێیەکانی دەروونشیکارییە، کە لەڕۆژانی فرۆیددا دەستی پێکرد. بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو و بگەینە ئەوەی، کاتێک گفتوگۆی نوێ وەک خودئاگایی و ناهوشیاری و کردارەکانی شیکردنەوەی وەک دەروونشیکاریی گرنگ بوون، (( دەروونشیکاریش ئەو ناوەیە ، کە فرۆید سەرەتا لە ساڵی ١٨٩٦ دوای گۆڕینی چارەسەری نەخۆشەکانی، لە سەرەتای چارەسەرێکدا بوو، بۆ ئاشکراکردن و سەرکوتکردنی غەریزە و قسەکردن لەسەر ئەوەی نەخۆشەکە ڕەتی کردۆتەوە)) (عبدالله : 2011 ، 20) ، لەوکاتەوە دەروونشیکاریی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، ((دەکرێت لە شیکاریی کارە ئەدەبیەکاندا بەکار بهێنرێت))(صنعتی،:1382: 3). ئەدەب و شیعر لای سیگمۆند فرۆیید ، بەرهەمی هەستی بێئاگایین. بۆیە لای وا بووە، کە شاعیران وەک منداڵ وان چونکە، بەشە گرنگەکەی مێشکیان لەژێر کاریگەری نائاگاییدایە، ( فرۆید ) مێشکی مرۆڤی دابەشکردووە بۆ سێ بەش، (( من، منی باڵا، ئید )، ( ئید ) ئەو بەشەیە، تەواو لە ژێر کاریگەری بێئاگاییدایە،

جلەو بۆ ئارەزوو و غەریزەکانی شل دەکات، بە بێ گوێدانە بارودۆخ و باری مەوزوعی و دەرەوە، لەگەڵ خەون و ئارەزووەکان و دنیای خۆیدا ڕووبەڕووە))(موسی:1982، 75)، شاعیرانیش بەهۆی گرنگیدان و ئیشکردنیان لەسەر هەست و غەریزەکانیان بە تەواوی دەکەونە ژێر کەریگەری ئەو بەشەی مێشک، لە کاتی نووسینی هەر دەقێک، باری دەروونی نووسەر، ((لە ڕێگەی زمان و هێما و میتافۆرەکاندا، دەست دەگرێ بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا، بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێک سایکۆلۆژییەتی دەق پێکهاتەیەکی گرینگە، هاوکات سایکۆلۆژییەتی خوێنەریش لەم نێوەدا کاریگەری دەبێت، بە مانای هەر دەقێک دەبێتە پردێک، لە نێوان ساکۆلۆژییەتی نووسەر و سایکۆلۆژییەتی وەرگر))(قوصی :2002 ، 83) ، بۆیە هەندێک لە دەقەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر لای خوێنەران دەمێننەوە و ئارامی و لەزەت و چەشەیەکی تایبەتییان پێدەبەخشن، هەندێجاریش پڕیان دەکەن لە گومان و نیگەرانی و پرسیار، مرۆڤ دەبێت لە کوالیتی و تایبەتمەندیەکانی ئەم بناغەیە تێبگات، واتە: ( لە کارەوە تا چیرۆکی ژیان، لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەوە، تا نووسەرەکەی، کە لە کات وساتێکدا بە ئاگایی و جارێک بە نائاگایی، گوزارشت لە پێویستییە دەروونییەکانی نەتەوەیەک دەکات و بەو شێوەیە کارەکە زیاترە لە ئەوەی، کە پێی وایە پرۆسەی دروست بوونی ئەدەبی بە پرۆسەی بینینی ئەو خەونانە دەمێنێتەوە کە لە بەئاگابووندا ڕووبەڕووی دەبینەوە، )(یونک:1993: 61)، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە! بۆ پەیوەندیەکانی نێوان کار و ژیان، کە جێی سەرنجە ! جاروبار ، ئێستا و یادەوەری کۆن وپڕحەسرەتی منداڵی، کە لەگەڵ هونەرمەند دا دەژی، بەرهەمی ئەم بەئاگابوونەیە! دەبنە کەرستەی پڕبەرهەمی نۆستالیژیا لەدەروونی ئەدەبدا (( واتا ئەمە ئەو شوێنەیە، کە پێویستە کاری بۆ بکەین و توخمەکانی کاریگەری ئێستا و یادگە و یادەوەریی کۆن بگێرینەوە، کەداینەمۆی دروست بوونی دیاردەی نۆستالیژیایە، لە پێشهاتێکدا، کە ئێستا جێگرەوەی یاری منداڵی و ڕابردووە، ئەمە بۆ ئەفسانەش ڕاستە، جگە لەوەی یادەوەری منداڵێک هەیە بۆ دروستکردنی کارەکە، ڕێگەش بە خەونی ڕەچەڵەکی منداڵیی دەدات)) (احمد:1377: 212)، لە دەربڕینی ئەدەبیدا دەیەوێت هەموو شتێک بە ئاگایەوە بڵێت:کاری دەروونناسی دەق بەڵێنی دەروونناسییە، شیعر زیاترە لە ئەوەی کە هەموو ئەم مانا و قسە نەگێڕاوانە دروست بکەین .

(( پەیوەندی نێوان دەروونناسی و ڕەخنەی ئەدەبی لە ساڵانی ڕابردوودا، کە یەکێک بوو لە گرنگترین گفتوگۆکانی ئەو ڕوانگەیەی کە لەم بزووتنەوەیە سەری هەڵدابێت، بۆ ئەوەی نائاگایی ئەدەبی بەدەست بهێنێت، فرۆید کاری ئەدەبی وەک نیشانەیەکی بێهیودەی هونەرمەند شیکردەوە. لە قوتابخانەی شیکاریی دەقەکەدا)) (هانس جی:2000، 267)، ، کاری ئەدەبی بە

تەوەری دەروونناسی نووسەر یان خوێنەر دادەنرێت(( کاری ڕەخنەی دەروونی چ لە کۆن و چ لە جۆری تازەکەیدا ، تێڕوانینی بۆ ئەدەب ، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لەو هۆهاندەرییانەیە، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی کاری ئەدەبی لە مێشک و بەرجەستەکردنی بۆ بینەر)) (زرینکوب، 1376: 72)"، نۆستالیژیا وەک هەستی دەروونی یەکێکە لە بەهێزترین پاڵنەرەکان لە بارگاویکردنی ئەقڵییەتی شاعیر و دروستکردنی کەشێکی هیمن و پڕمتمانە لەدەروونی ئەدەبیدا ، هەندێک جار کاریگەری لەسەر تەواوی عەقڵ هەیە، بەو شێوەیە هەموو کارەکە پەیوەندی بە دەروونی هەڵچووەوە هەیە، شیکاری هونەریی لە بوونی دەرکەوتە نۆستالیژییەکان، لە ڕاستیدا ناسینی پێوەر و سەرنجی شاعیر بۆ ڕابردوو، پێگەی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەیە ،کە لەگەڵ ئێستا و ئاواتەکانی بۆ داهاتووهەیەتی و دەروونی پڕ لە نۆستالیژی بەرهەم دێنێت، هەموو ئەمانە مانای دەرخستنی هەڵوێستی ئەون بۆ گەردوون و لایەنە زۆر گرنگەکانی کەسایەتیە.

### 1-3 – 5: نۆستالیژیا و فەلسەفە.:

شیعر و فەلسەفە دوو چەمکن پەیوەندی بەهێز و توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە، زۆرجاران وەک دوو هێڵی تەریب هەندێکجاریش پێچەوانە و دژ، پەیوەندییەکە تا ئاستی ئەوەی، هەندێکجار شاعیران بیرۆکەی فەلسەفی لە نێو شیعرەکانییان بەرجەستە دەکەن(( یان هەندێک لە فەیلەسوفەکان بە زمانی شیعر بابەت و فەلسەفەکانییان دەنووسنەوە، هەندێک لە نووسەران و ڕەخنەگران هاوڕانین لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا و پێیانوایە، شیعر و فەلسەفە لە دوو کایەی تەواو جیاواز ئیش دەکەن و نابێت تێکەڵاوی یەکترییان بکەین، بە مانایەک، لەگەڵ بە (شیعرکردنی فەلسەفە) یان (بە فەلسەفەکردنی شیعردا) نیین)) (شایب:2003، 81)، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەتا هەردوو فەیلەسوفی ناودار ( ئیپمادۆکلیس و پارمەنیدس)، لە سەدەی پێنجەمی پ ز، بە شیعر بۆچوونە فەلسەفییەکانییان دەربڕیووە و کاریگەرییان لەسەر شاعیراندا هەبوو، بەڵام هەردووکییان لە بنەڕەتدا، فەیلەسوف بوون نەک شاعیر، هەروەها دوو کەسایەتی دیاری نێو فەلسەفەی کۆنی یونانی بوون، (( بۆ نموونە، (ئیپمادۆکلیس) فەلسەفەکەی دەربارەی چوار پێکهاتەی سەرەکی گەردوونی بوون وەک ( زەوی، هەوا، ئاو، ئاگر) لە هەمانکاتیش، شیعرەکانی (هۆمیرۆس و سۆفۆکلێس) ناوەڕۆکی فەلسەفییانەیان هەبوو)) (طرابیشی:1982، 34).

هایدگەر پێیوابووە، شیعر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانەیە چونکە، هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بەتایبەت بیرکردنەوە قووڵەکان، لە نێوخۆیاندا شیعریین، بۆیە هایدگەر دەیگوت زمانماڵی بوونە، هەرچەندە لەسەردەمی مۆدێرنە و لە بەرئەنجامی گەشە و

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، مرۆڤ تووشی نامۆبوون دەبێت، نامۆبوونێک تا ئاستی ئەوەی مرۆڤ ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات.

لە هۆکارەکانی نۆستالیژیای فەلسەفی ئەوەیە(( کە غوربەت چێژی هەست بە خۆبوونی لای شاعیرانی تاراوگە لاواز دەکات، ئەمە وایلێدەکات بەدەرچونی لە نیشتیمان بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت و بەرێگەی ڕاستدا هەنگاو بنێ، چونکە لە شارستانییەتێکی نامۆدا توشی ناکۆکییەکی رۆحی و جەستەیی بووەتەوە، کە لەگەڵ پێکهاتە بنەڕەتیەکانی خۆیدا، لەڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە دژبەیەکن! ئەمە وایلێدەکات خۆی بگونجێنێت، لەگەڵ جیهانی رۆحدا)) (نبیل:92،2017) ، ئەو لێبوردەیی و خۆشەویستییەی، کە دەوری داوە، وایلێدەکات لە ژیانی بەرجەستەدا بە نامۆبوونی فەلسەفی لە جیهانی هەستەوە بۆ دنیایەکی نموونەیی و نەمری هەنگاو بنێ.

(( شیعر و فەلسەفە دوو وێنەی دەربڕینی بوونن، شیعر نزیکترین هونەرە لە بوونەوە، فکر و بیرۆکەکان(وێنە) بەتەنها بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە لە بووندا، )) (بادحو:2019: 17)، کە یاسا چەسپاو و پێویستەکانمان پێدەبەخشێت، بۆ ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتمان و جیهانی ڕاستەقینەی هەتاهەتایی و دنیای نموونەی، نەک دنیای شتە بەشەکییەکان، ئەمە ئەو جیهانەیە، کە شاعیرانی تاراوگە ئارەزویاندەکرد و بەدوایدا وێل بوون، بۆدۆزینەوە و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەڵهاتن لەو جیهانە واقعییەی، کە نەیانتوانی ئامانجەکەیان تێدا بهێنە دی ! کە تێیدا هەستیان بە ئارامی و دڵنەوایی و خۆشەویستی و شادی نەدەکرد، (( نۆستالیژیا پادشای هەموو هەوڵ و ڕێگاکانە لای شاعیرانی تاراوگە، ئەمە ئەو هەوڵەیە، کە، یاد و بیرکردنی نیشتیمان و خەڵک و سروشت و کات چارەسەری نەکردوون و خۆیان لە ژێر گوشاری بێ سوود دا بینیوەتەوە، سەرباری هەستی پڕ ئێش و ئازاری نامۆیی، بۆیە حەزی هەڵاتنیان لادروست بوو بەرەو دنیای نموونەیی و نەمری، کە ئازادیی ڕەها و بەختەوەریی هەتاهەتاییان پێببەخشێت)) (احسان: 1998: 88) ، شاعیرانی دوور لەزێدی باوباپیران، ئەو ڕەمزانەی بەکاریان هێناوە، بۆ دنیای نموونەیی و نەمری بریتیین لە : (( ئاگری گوندەکان و ڕێگای تۆز و وڵاتی تەلبەندکراو و جیهانی هزر و دنیای خەون و دونیای ئارەزووی ناوەکی و بەهەشتی قووڵ، بەکارهێنانی ئەم ڕەمزانە ئاماژە بۆ حەزی فەلسەفیان دەکات، ئەمحەزانەش بەگشتی لای شاعیرانی تاراوگە و دوورە وڵات دەبینرێت)) (ابوریش:2013،113) ، لە ئەنجامی فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەیان، (( ئەمە سەرباریی هەڵهاتنیان بەهۆی پاڵپەستۆی مادیی قورس لەسەر کەسایەتی پڕ لە خەون و ئارەزوویان، کە لەناخەوە لەگەڵی دەژیان، کە بەهای کۆمەڵایەتی و ڕۆحی تایبەتی ڕۆژهەڵاتیان هەبوو، وەکو داب و نەریتی ڕەسەن و ئاینی ئاسمانی،ئەمانە

هۆکارگەلێکن، بەبەردەوامی لە یادگەی ئەوشاعیرانەدان))(عریضە: 1992: 109) ، بوونەتە هۆی دروست بوونی حەزی گەڕانەوە بۆ زێد و دیاردەی نۆستالیژیا، لەگەڵ ئەمەشدا مانای ئەوە نییە هەموو شاعیرانی دوورەوڵات، سەرقاڵی بیرکردنەوە و یادکرنەوەی کێشە نەتەوەییەکان بووبن،چونکە ڕۆمانتیکانە خاوەنی بیر و ئیلهامێکی هێمن بوون لە باوەشی نەمری دا، ئەدەبی ڕۆمانسی وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی ڕەوتە شۆڕشگێڕ و نەتەوەییەکانە، هیواکانی ئەو کۆمەڵگایانەی لە ئەدەبدا دەربڕیوە، کە تێیدا هەنگاوی هونەری و شۆڕشی فکری و کەم دەرامەتبوونی واقیع و بەختەوەری دنیای خەونی تێدا بنیاتنراوە ..

شاعیرانی تاراوگە، لەسەرەتادا بەوئاراستە فەلسەفییەی پەیڕەویانکرد، شتێکی نوێیان نەهێنایە بەرهەم! هیچ یەکێکیان فەلسەفەیان وەک میتۆدێک لە ژیانیدا بەکارنەهێنا، بێشک ئەوان کاریگەربوون بە فەلسەفە سۆفییەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ، ((بۆ نموونە ئەفلاتون پێی وایە، کە دوو جیهان هەیە: جیهانی نمونەیی، کە جیهانی حەقیقەت و بنچینەییە، جیهانی سروشت کە دنیای ئێمەیە، کە دنیای دیاردەکانە، کە بە کات و شوێنەوە سنورداره، دووەمیش جیهانی نموونەیی و نەمری لای بوزییەکان ئەو جیهانە هەمیشەییەیە ، کە مرۆڤ تێیدا تێپەڕی دەبێت)) (زکی: 1935، 62) ، ئەگەر بگەیت بە ئاستێکی دیاریکراو لە بەرزبوونەوەی ڕۆحی، ئەوکاتە تۆ ئازاد دەبیت لە، لە دایکبوون و مردن، تا هەتایە دەژیت، دەتوانیت تێبینیکارێکی باشی گەمەی جیهان بیت، توانای بەئەنجام گەیاندنی هەموو شتێکت دەبێت، (( دەتوانیت ببیتە چاودێریکاری قیامەتی و ئەو دنیایە ئەبەدییە، کە ناگۆڕێت وتێیدا مرۆڤ دەچێتە بەهەشت یان ئاگرەوە، ))(ماکوری:1982: 162)، دونیای نموونەیی ئەفلاتونی لای ئیبن سینا، شوێنێکی بەرزتری هەیە، ((جیهانێ بەرزی، کە گیانی تێیدا کەوتۆتە خوارەوە، لای ئیبن عەرەبیش، جیهانی رۆح و فیردەوسی باڵایە، جیهانی بەئاگایی قیامەتە، کە جیهانێکی نەبڕاوەیە، کە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایات، کە مرۆڤ یان دەچێتە بەهەشت یان دەچیتە ئاگرەوە. ))(زکی:1935: 164)، وەکو زیادکردنێک بۆ ئەوانەی پێشتر سەبارەت بە نۆستالیژیای شاعیرانی تاراوگە، بۆ جیهانی نموونەیی و نەمری، (( ئەوا تیشکدەرەوەی ئەو جۆرانەی نامۆیی فەلسەفیین، کە لەگەڵی ژیاون لە جیهانە تازەکەیان، کە پاڵی پێوە ناون بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلسەفە لە نۆستالیژیادا، کە خۆی لەو ئاوات و خەون و خۆزگانە دەبینیەوە، کە نەهاتبووە دی، گەنجێتی و گریانی وێرانکەر و شوێنی نشتەجێ بوونیان، جیاوازی ماڵ و شوێنەکان، وێنەی دووەمی ئەو نوستالیژیایە بوو، کە بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵیاندا گەشەی کرد و حەزی گەڕانەوەیان بۆ دونیای نمونەیی و نەمری جگە لە هەولێک زیاتر نەبوو))(مطلک،2003،78) .

محەمەد مستەفا حەدەرە، بیرو رای جیاوازی هەیە، سەبارەت بە نۆستالیژیا لای شاعیرانی تاراوگە، کە ((هونەرێکی تەواو پێگەیشتوو و پێشکەوتووە، لە ڕووی نوێبوونەوە و بیری تازەوە، ئەمە نەک تەنها لە بەر ئەوەی شیعری نۆستالیژی ، پانتاییەکی زۆری بەرهەمی شاعیرانی تاراوگەی داگیرکردووە، بەڵکو ئەوەی شاعیرانی تاراوگە، کە وتویانە و نووسیویانە باشترە لەو شیعرانەی،کەوەک کەلەپور بۆمان جێماون سەبارەت بەنۆستالیژیا)) (ابوریش:2013، 131) ، لەگەڵ ئەمەدا جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەنێوان ئەم دووجۆرە شیعرەدا سەبارەت بەغوربەت، ئەو هەستکردنەی شیعر، بەغوربەت و نامۆیی(( شعری کۆن وێنای غوربەتی شوێن دەکات بە شێوەیەکی سادە و سانا! ئەمە لە کاتێکدا شیعری تاراوگە وێنەی غوربەتی دەروونی سەرسوڕهێنەر و ئالۆز دەکێشێت، غوربەتێکی تێکشکاو کە وێناکردنی ئاسان نییە))(عویض ،:2015: 11)، غوربەتێکی فەلسەفی قوڵ، نامۆبوونێکی خودبین و شەیدای ماڵێکی ئارام، دەربڕینەکانی شاعیرانی غوربەت، تایبەتن بە نۆستالیژیایەک، کە نوێنەر و وێنەی جۆرە شیعرێک دەکەن، کە هەستێکی نامۆ بە جیهان دروستی کردوون، کەواتە: گەڕانەوە بۆ نیشتیمان هێزێکی کاریگەریی شیعری تاراوگەیە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر واتای نامۆیی و نۆستالیژیا و غوربەت، حەقیقەت و میتافۆڕ(مجازی) و غوربەت گەورەترین بزوێنەری شیعرەکانیانن ، لەمەوە دەگەین بەو ئەنجامەی، کە دیاردەی نۆستالیژیا و نامۆیی فەلسەفی لە نێو شاعیرانی تاراوگە ناوبانگێکی پەیداکردووە، کە پێشتر نەبووە، لەشێوەی شاعیرێکی تاراوگەنشین، جگە لە حەزی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و ئەو سروشت و کۆمەڵگایەی تێیدا گەورە بووە و دروست بوونی دیاردەی نۆستالیژیا، لەگەڵ ئەوەی ئەم دیاردەیە شێوەیەکی دەروونی و فەلسەفی قوڵی وەرگرتووە، بۆ نوێنەرایەتیکردنی نامۆیی دەروونی و نامۆیی ڕۆح و نامۆیی بوون (وجود) و حەزی گەڕانەوە بۆ نۆستالیژیای بۆ جیهانی نموونەیی و نەمری.

بۆیە دەتوانین: بڵێین کە شاعیرانی دوورنیشتیمان، مانای نوێیان خستە سەر شیعری نامۆیی و نۆستالیژیا، کە تینووی گەڕان بوون بەدوایدا، کە بووبووە مایەی دروست بوونی مەبەستێکی شیعری نوێ، لەوانە: ئاسانی لەدەربڕین و بەستنەوەی وێنە جۆربە جۆرە کانی هەست و فەلسەفە و لایەنی دەروونی، کە ئێمە هەوڵدەدەین لە بەشەکانی تری لێکۆڵینەوەکەمان بیخەینە بەرباس.

## 1-3- 6 : نۆستالیژیا و یۆتۆپیا:

یەکێک لەو بابەتانەی پەیوەستە بە چەمکی نۆستالیژیاوە بریتییە: لە بیرکردنەوەی نموونەیی (ئایدیالیزمی)، بە گوزارشتێکی تر، نۆستالیژیا هەمیشە گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو، ئەگەر تاک لە دۆخی ئێستا ناڕازی بێت، لە زۆربەی کاتدا پەنا بۆ ڕابردوو دەبات، بەڵام هەندێکجار بۆ دەربازبوون لە ئێستا، پەنا بۆ ئایندە دەبات و ئەمەیان ناوناوە ئایدیالیزم، پێشتر باسی جۆرێک لە لەدەستدان و دڵتەنگیمان کردووە، کە پاڵنەرە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بەبیرهێنانەوەی ڕابردوو، ئەم هەستە هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی ،کە تاک دوای چوونە نێو کەش و هەوای ڕابردوو و بەو دەستمایەی ، کە بەهۆی ئەو مەیلەوە بەدەستی هێناوە ئاگاداری داهاتوو دەبێت، لە ڕاستیدا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ حاڵی ئێستا و لە بارودۆخێکدا کە لە ئەنجامی کاریگەری ڕابردووەوە ژێروژوور بووە، (( بیر لە دروسکردنی داهاتوو دەکاتەوە، لە ئەنجامی ئەم کردارەدا، ئەو سیمایەکی ئایدیایی بە ڕابردوو دەبەخشێت و لە کۆتاییدا شارێکی نموونەیی دروست دەکات، کە هەموو شتەکان تێیدا گونجاو و بەردەستن ))(حجت:2012: 18) .

بەڵام ئایا دروستکردنی کەشێکی لەم جۆرە، هەمیشە لە ئەنجامی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەستەبەر دەبێت ؟ بە دەربڕینێکی تر، ئایا سەرمایەی فیکریی ئەم بیرە هەمیشە لە رابردووەوە ئیلهام وەردەگرێت و مەرجی دروستبوونی شاری نموونەیی (یۆتۆپیا) هەمیشە دڵتەنگییە بۆ ڕابردوو؟بە بۆچوونی ئێمە هەندێک کات بەبێ کاریگەرییەکی دیاریکراوی ڕابردوو، دەکرێت بگەیتە بەرهەم هێنانی کەشێکی ئایدیاڵی لە ئایندەدا، ڕوونتر بڵێین، بۆ کێشانی کۆمەڵێک ئامانجی ئایدیاڵی لە داهاتوودا، هەمیشە هەبوونی ئەزموونێکی تۆخ لە ڕابردوو و خەمی لە دەستدانی پێویست نییە و دەتوانرێت بەبێ دڵتەنگبوون و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئارەزوومەندی ئێستا یان داهاتوویەکی پرشنگدار بین.

خەیاڵی هەبوونی شاری نمونەیی، هاوتەمەنە لەگەڵ پەیدابوونی شارستانی و مرۆڤایەتیدا، لەو کاتەوەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدی هاتووە، مرۆڤ عەوداڵی شاری نموونەیی بووە هەندێک جار ئەوی وەک بەهەشتی ئەم دنیا وێنا کردووە. جێگایەک کە هیچ نیشانەیەکی ڕەنج، خەم، نەخۆشی و پیری پێوە نییە. کۆنترین ئەفسانەی دیار دەربارەی بەهەشتی ئەم جیهانە، ئەفسانەی گلگامشە.لەم داستانە سۆمەرییەدا، کە پەیوەستە بە هەزارەی دووەمی پێش زایین( وێنەی جۆرێک لە بەهەشت دەبینین: کە گوێبیستی قیرەی قەڵەڕەش نابیت، باڵندەیەک هاواری مەرگ ناکات، شێر دڕندە نییە، بەرخ نابێتە پارووی مەرگ، کۆتر ناناڵێنێت، نە بێوەژن هەبوو نە نەخۆشی، نە پیری و نە پرسە و نە گریان و لە جێگایەکی تردا، میوەکانی هەمووی یاقوتە و

ڕەزی جـوانی هەڵواسـراو... هەمـوو تەماشـاکردنێکی هەر خۆشـییە، لەم لاوە دارێـک بەرەکەی گەوهەرە و لەولاوە میوەی دیکە... سیدرەکان (جۆرەدارێکە) چڕ و پڕشکۆن. گەوهەری هەمـوو ڕەنگەکـان لەسـەر دارەکـان هەڵواسـراون، ڕایەخـی باخەکـان فەرشـێکە لە زەمـڕودی سـەوز) (شاملۆ:2013: 281).سەردەمێکیش بە ڕووکردنە سەردەمی زێڕین، یادی ڕۆژگارێک دەکاتەوە کە ژیانی ئاوێتەی سروشت بووە و لە ئارامی و فراوانی و ئازادیدا ژیاوە. ((جۆرێکی تری شاری نموونەیی ، کاتێک دروست دەبێت، کە مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت ئاواتەکانی لە سایەی عەقڵ و ئـاوەزەوە ئەگەری بەدیهاتنیـان هەیە، بەم جـۆرە بیـرۆکەی شـاری نمـوونەیی پـێ دەنێـتە نێـو ئەندێشـەی مـرۆڤەوە، مـرۆڤ لەو ئەندێشـانەدا بەدوای خۆشـبەختیدا دەگەڕێـت کە بەیـانکەری ئاواتەکـانییەتی) (کلاهجیـان،1384، 28).یەکەمـین بیرمەنـد، کە ئەندێشـەی ئایـدیاڵی لەسـەر بنەمـای عەقڵ دامەزراند، ئەفلاتون (427 – 357 پ. ز) بوو.گەورەترین بیرمەندی سەردەمی شارستانی یۆنـانی بـوو، ئەو لە کتێبـی (کۆمـار)دا، بە باسـکردنی کـۆمەڵگەی نمـونەیی، بیـرۆکەی شـاری نمونەیی هێنایە کایەوە.نوسەر و شاعیری فەرەنسی ( ئەناتول فرانس ) دەڵێت: ((ئەگەر یۆتۆپیای سـەدەکانی تـر نەبـوایە، ئەوە هەتـا ئێسـتا لە ئەشـکەوت و دارسـتانەکان بەڕووتـی دەژیـاین، یۆتۆپیاکـان بـوون، یەکەم نەخشـەی دروسـتکردنی شـارەکانیان هێنـایە کـایەوە و هەرخەونە گەورەکانیشـە لەدوایـدا واقیعێکـی سـوود بەخـش دروسـت دەکەن، یۆتۆپیـا بنەمـای هەمـوو پێشکەوتنێکەو هەوڵ دانە بۆ گەشتن بە داهاتوویەکی باشتر ))(شافعی:2014: 67).

(تۆمـاس مـۆر) یەکەم کەسـە ، (( کە زاراوەی یۆتۆپیـای وەک جـۆرێکی تـایبەتی ئەدەبـی بەکارهێنـا، ئەولە سـەدەی شـانزەیەم، ئەم نـاوەی بـۆ کـۆمەڵگەی خەیـاڵی و خۆشـبەختی خـۆی هەڵبژارد، زاراوەکە یۆنانییە و لە دوو بەش (OU) بە مانای (نا) و (TOPOD) بە مانای (شوێن) دێت و دەتوانین لەگەل) (EATOPIA) جێگایەکە، کە هەموو شتەکانی باشە) وەکو دوو وشـەی هاوڕەگەز دایانبنێین، لە راستیدا ئەم زاراوەیە هەڵگری هەردوو واتاکەیە. هەم (NOPLACE) و هەم .(GOODPLACE) جێگـایەکی هێنـدە خـوازراو و نمـونەیی، کە لە واقیعـدا شـتی وا ناگونجێت. یۆتۆپیا بە دیاریکراوی ناونیشانی جۆرێکە لە ئەدەبیاتی داستانی، کە نموونەیەک لە حکومەتی سیاسی، کۆمەلایەتی و شێوە ژیانی نمونەیی دەخاتەڕوو))(ابومسعود:1998: 67).

هاوواتایەکی تری یۆتۆپیا هەروەک باسکرا، شاری نموونەییە، ئەم زاراوە جوانە، کە ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بوونی هەیە، لەبەشێک بەرهەمی شاعیرانی هاوچەرخدا دەبینرێت.

**بەشی دووەم: جۆرەکانی نۆستالیژیا لەشیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) دا:**

نۆستالیژیا ، وەک دۆخێکی دەروونی کاریگەریی لەسەرزۆربەی مرۆڤەکان هەیە ! چونکە نۆستالیژیا ئەو دۆخەیە ، کە عەقڵ بەکاریدەهێنێت بۆ یارمەتیدانی کەسی نۆستالیژی و بەرزکردنەوەی مۆراڵ و ئاسودەکردنی دەروون ، لەئەدەبیشدا نۆستالیژیا حاڵەتی خەم و پەژارەیە ، کە بەهۆی دوورکەوتنەوە لەنیشتیمان و گلەیی لەڕۆژگاریی ئێستا و ئاواتی داهاتوویەکی باشترەوە بەرجەستەدەبێت ، واتا دەکرێت بڵێین: نۆستالیژیا زۆرجار لەدەوری دووکاتدا دەسوڕێتەوە ، یان گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی کۆن و بەسەرچوو یان هەنگاو نانە بۆ داهاتوویەکی نموونەیی، هاوکات لەگەڵ ڕەتکردنەوە و گلەیکردن لە ئێستا ، (ئەمەجگە لەدروستکردنی شارێکی نموونەیی و بەهەشت ئاسای دوور لە خەم و نامۆیی) ( میرە،عومەر: 2020، 56) ، زۆر کەس دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، بەئامانجی دەربازبوون لەواقیعی پڕئازاری ئێستا و گەڕانەوە بۆ ئەوساتە خۆشانەی، کە لە ڕابردوودا تێیدا ژیاون ، لەگەڵ ئەوەی نۆستالیژیا یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ باشترکردنی باری دەروونییان، لەهەمان کاتدا زیانبەخشیش دەبێت ! ئەگەر کەسەکە لەسەر یادەوەرییەکانی ڕابردووی بژی و هەنگاوی گرنگ و کاریگەر بەرەو داهاتوو نەنێت !(( چونکە ڕابردوو بنەمایەکی پڕ بایەخە بۆ خۆشکردنی ئێستا و داهاتوو)) ( ابراهیم : 2014، 11).

لەهەمانکاتتدا نۆستالیژیا تەنیا حاڵەت و ئەزمونێکی تاکەکەسی نییە ! بەڵکو پەیوەستیشە بەکۆمەڵەوە ، لێکۆڵەران لەلێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیاندا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری سەرەکی نۆستالیژیایان دیاری کردووە، نۆستالیژیای ((تاکەکەسی و گشتی )) ( عباس : 2021، 53) ، بێگومان هەریەک لەم دوو جۆرەی نۆستالیژیا ،چەندین جۆر و شێوەی تریان لێ دروست دەبێت ، کە ئێمە هەوڵدەدەین بەووردی هەڵوێستەی لەسەر بکەین.

**یەکەم : ( نۆستالیژیای تاک )**

بنەمای سەرەکی و سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم جۆرەی نۆستالیژیا خەم و حەسرەت و بیرەوەرییەکانی ڕابردووی شاعیر یان نوسەرەکە خۆیەتی ، ئەم جۆرەی نۆستالیژیا سوڕانەوەیە بەدەوری بیرەوەرییەکانی تاک و گوزارشتکردنە لە ڕووداو و هەستی تاکەکەسیی ، کە لای تاک رەنگدەداتەوە ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەقوڵایی ڕۆحی تاکەکەسەوە هەیە، شاعیرانیش لەسەر بنەمای یادەوەرییەتایبەتییەکانیان حاڵەتە نۆستالیژیەکەیان لابەرجەستەدەبێت ، (لەم جۆرەی نۆستالیژیادا شاعیر وێنەی ڕووداوەکانی ژیانی تایبەتی خۆی دەکێشێت ! داخ و حەسرەتی لەدەستدانی تەمەنی بەسەرچووی دایدەگرێت) ( موسی: 1390، 173) ، ناڵە و گلەیی

لەپیری و ترس لەمردن و حەزی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و گەنجی و یادی مەرگی ئازیزان و حەزی گەڕانەوە بۆسروشت و یادی جاران ، تەنهایی و دووری لەنیشتیمان و نەگەیشتن بەیار و شکستی عەشق، دیارترین جۆرەکانی نۆستالیژیای تاکن.

ئێمە لەدیوانی شاعیرانی سنووری لێکۆڵینەوەکەماندا، ئەو جۆرانەی نۆستالیژیای تاک دەخەینەڕوو ، کە لەلایەن (پیرەمێرد، دیلان،هێمن)ەوە، ئەزموون کراون .

## 2- 1 -1 : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا پەیوەندی بەژیانی تایبەتی و ئەزموونی ناوازەی سەردەمی منداڵی شاعیرەوە هەیە ، وەکو گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی ، چونکە منداڵی جوانترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە ، کە بە تێپەڕبوونی کات هیچی لێ نامێنێتەوە، جگە لە یادەوەری و حەسرەت نەبێ ، ((لەم قوناغەدا وێنە جۆربەجۆرەکانی ژیان لە مێشک و دەروونـدا دەچەسپێت و هەرگیز ناسڕێتەوە ، بۆیە مرۆڤ هەرچەندە گەورە بێت هێشتا وابەستەی ئەم قۆناغەیە، لەڕووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و فێربوون و خوێندنەوە)) . (عوادالحربی:2015: 76) ، دیارە پێکهاتەی بنەڕەتی و بنەمای مێشک و زمان لای شاعیران بەتایبەتی و خەڵکی بەگشتی، لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکارییدا دروست دەبێت (مسبوق:1394: 11) ، ئەم پێکهاتە و بنەمایە کاریگەری لەسەر لایەنی جوانکاری و هونەریی شاعیر دەبێت.

مرۆڤ زۆربەی ئەوەی فێری بووە، هی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و ژینگە بنەڕەتییەکەیەتی ، یادەوەری منداڵی و حەزو ئاوات خواستن بۆ ئەو سەردەمە کاریگەری لەسەر شیعری شاعیران دەبێت ، لە دەقەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە و بەرجەستە دەبێت (( بۆیە هەندێ لە لێکۆڵەران پێیان وایە سەردەمی منداڵی سەردەمی بێهودەیی و عەشق و ئەفسانەیە ، کە شاعرانی ڕۆمانسیەت گرنگیان پێی داوە )) ( صفری:1389: 12) ،لێرەدا شاعیران لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی ، ئەفراندنێکی جوان لە دەقدا بەرجەستە دەکەن ، ڕەنگڕێژی ئێستای پڕ لە خەم و ناڵەی پیری و تەنهایی و حەسرەتی دووری و عەشقێکی ناکام دەکەن ، ئێستایەک ! کە هێز و تینی لێ براوە ، بۆیە بە ناچاری بەدەروونێکی تەنگ و دڵێکی پڕ لە حەسرەت ، یادی سەردەمی منداڵی و سەردەمی پڕ لە جوانی بەرائەت دەکەنەوە.

## 2- 1 -1 :- أ: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لە شیعرەکانی پیرەمێرد دا:

پیرەمێرد بە ڕاستەوخۆ، لە چەند دەقێکدا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی سەردەمی منداڵی خۆی ، ئەم جۆرەی نۆستالیژیای دروست کردووە:

هەر بەمنداڵی لەسەرشاخی بڵند پەروەردە بووم

بەرزە ئەستۆم ، نانەویَ بۆ مەسنەد ئەم عەقڵەم بەسە

سانعی ئەم ئەرزە ئێمەی خستە ژوور بەغدا بەجیَ

زۆربەجێیە (عەیبە ) مۆری کرد و ئەم شەقڵەم بەسە

وەک غرامەفۆن لەقەشقە هەوهەوی سوارەی بەیان

هەرلەگوێم دیَ ئێستەکەش ئەم نەعنەعە و تەپڵەم بەسە..(د:پ :2013، ل 99 )

پیرەمێرد لەم دەقەدا لە ئەنجامی ئەو شڵەژانەدەروونییە کەڵەکەبووەی ناخی، کە لەئەنجامی زوڵم و زۆری دوژمنانی کوردەوە لە دەرونیدا پەیدابووە ، بەتایبەتی دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموودی نەمر و ڕووداوەکانی کارەساتی 6ی ئەیلولی شاری سلێمانی ، دڵ و دەروونی جۆش دەخوات و ڕووی دەمی لە نەیارانی کورد دەکات ، کە ئەو (پیرەمێرد) ڕۆژانی منداڵی یان پەروەردەی منداڵی و ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی وانەی بەرگری و تێکۆشانیان لە شاخە سەربەرزەکانی کوردستاندا پێوتووەتەوە ، بۆیە ئامادەنییە سەرنەوی بکات بۆ هیچ دوژمنێک .

واتە : شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (منداڵی) و شێوازی ژیان و پەروەردەکردنی خۆی حاڵەتێکی نۆستالیژی بەرجەستەکردووە ، لە هەمان کاتدا حاڵەتە نۆستالیژیاکە تێکەڵ بە ڕق دەکات و حەزی تۆڵەکردنەوەی لە دوژمنەکەی لەلا گەڵاڵە کردووە ، لەهەمان کاتدا ئەوە بە گوێی دوژمندا دەدات ، کە کورد بەهۆی بڕیاری هەڵەی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بە عێراقەوە لکێندراوە ، ئەگەرنا ئەوە حەزی ئێمەی کورد نییە.

لەبیرمە جارێک باوکم بۆ ئێران

بەسەفەر چوو بوو سەفەری خێران

هەندیَ کتێبی بۆمن هێنابوو

بەیتی پشیلەو مشکیشی تیابوو

نوسیبووی ڕۆڵەی خاوەن عەقڵ و هۆش

بیخوێنەرەوە بەیتی گورپەو موش ( د:پ: 2013 ، 423)

وەک پێشتر باسمان کرد گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی ، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕووداو ویادگارییانەی ، کاریگەرییان بەسەر دەروونی مرۆڤەوە هەیە ، پیرەمێرد لێرەدا بەزمانێکی سادە سەرنجمان بۆ ڕووداوێکی سەردەمی منداڵی خۆی و باوکی رادەکێشێت ، باسی ئەو سەردەمەی، کە منداڵ کاتە خۆشەکانی بریتی دەبن لە سەیرکردنی فیلم کارتۆنێک ، پیرەمێرد باسی ئەو سەفەرە دەکات ، کە باوکی لە گەڕانەوەیدا لە ئێران کتێبی مشک و پشیلەی بۆ دەهێنێت ، کە دیارە چیرۆکی تایبەت بە منداڵان بووە.

ئێمە پێمان وایە، شاعیر لەم دەقەدا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی ،هەوڵی بەدەستهێنانی ئارامی دەروون دەدات، گەڕانەوەشی بۆ ئەو یادگارییە کۆنەی رابردووی خۆی بۆ تیمارکردن و سارێژکردنی خەم و برینەکانی ئێستایەتی.

لەبیرمە شێرە بەفرینەم ئەکرد ، سواری ئەبووم بێ زین

نسێ بوو جێگەکەی ئەی بەست ئەما تاکو دەمی هاوین (د:پ: 2013،33)

لە ڕاستیدا ئەم دەقە ، زادەی حاڵەتێکی نۆستالیژی تاکە ، شاعیر لە ڕێگەی ڕووداوی بەفر بارینەوە وەکو دیاردەیەکی سروشتی و حەزی گەیشتنەوە بەو ڕووداوە حاڵەتە نۆستالیژیاکەی لە دەقەکەدا جوانتر کردووە .

پیرەمێرد لە ئێستادا ، لە بوونی بەفر و گەیشتن بەو ئاواتە ، بە دەروونێکی پڕ لە شادییەوە، دوای هاتنەدی ئاواتەکەی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و ڕووداوەکانی رابردوو ، شاعیر ڕووداوەکانی ڕۆژی بەفربارینی جاران وەکو فۆتۆگرافێک دەهێنێتە پێش چاوی خوێنەر ، تەنانەت هەموو ئەو کەلوپەل و شێوازی خۆشی دەربڕینی جاران دەگێڕێتەوە.

## 2- 1 -1 :- ب: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ منداڵی لە شیعرەکانی دیلاندا:

گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، لە لای دیلان جیاوازترە لە شاعیرانی تری سنووری لێکۆڵینەوەکەمان ، چونکە لای دیلان ڕاستەوخۆ حەزی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی لەدەقەکانییدا نابینرێت ! بەلام دیلان لە دەقی (منداڵ)دا ، کاتێک دەڵێ :

مناڵ : ئەی باڵداریی دەنوک سوور

بریقەی دێ دوور بەدوور

ئێسک سوکی نەرم و شڵ

دڵ دێنێتە جوڵەو پل

وەرە لەتویێ دەسرازە

لەتوکی نەرم و تازە

لەسنگی گەرم و گوڕم

لەچاوی هیوا پڕم

بۆت سازئەدەم هێلانە

ئەی مەلی خنجیلانە

وەرە من بەپەرۆشم

من بێشکەو لەش و هۆشم

خۆشە بۆ هەڵنیشتنت

بۆجێی ئارام گرتنت (د،دی : 2013 ، 75)

لێرەدا دیلان، لەبری یادکردنەوەی یادگاری و شوێن و کاتی منداڵی خۆی ، ناڕاستەوخۆ باس لە پاکی و بەرائەتی منداڵ دەکات ، لە ڕێگەی کاراکتەرێکی تری منداڵەوە ، کە منداڵێکی غەیری خۆیەتی ، باس لە سەردەمی منداڵی دەکات و ئاخ و حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشێت ، کە ئەمە ئەبێتە تایبەتمەندییەکی جیاوازی دیلان لەچاو شاعیرانی تری نێو سنووری تێزەکەمان ، کە ئەویش قسەکردنە لەسەر قۆناغ و سەردەمی منداڵی ، دیلان دەیەوێت کۆش و باوەشی خۆی بکات بە شارێکی نموونەیی بۆ ئەو منداڵییەی کە حەز و ئارەزووی دەکات ، ئەو شارە نموونەیەی بەشێکی گرنگی نۆستالیژیایە.

لەگەڵ دروستبوونی ئەو حاڵەتە گرنگەیەی نۆستالیژیا ، دیلان لە ڕێگەی وێنە کێشانی بێشکە و دەستراز و بەرائەتی منداڵەوە، خوێنەریش ڕادەکێشێت و تووشی حاڵەتی نۆستالیژیای دەکات.

## 2- 1 -1 :- ج: نۆستالیژیای گەڕانەوەبۆسەردەمی منالّی لەشیعرەکانی هێمن دا:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیای تاک لەشیعرەکانی هێمن دا ، دەرئەنجامی ئەوژیانە سەختەیە ، کە لەئێستای ئاوەرەیی و دوورە وڵاتیدا تاڵاویی پێ دەچێژێت، دووری لەیارو ئازیزانی توشی خەم و حەسرەتی کردووە.

بەمنداڵی لەلێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ

بەپیریش لەزەتی ئەوماچە لەدڵم دەرناچێ (د،هێ: 2012، 184)

هێمن لەدەقی (ماچی شیرین) دا ، دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی منداڵی ،کەبەهۆی داخ و ناڵەی دەروون و کەسەری پیری و بێ هێزی و کەچ بینیەوە ، کە سەرتاپای ژیانی ئێستای لێ تاریک کردووە، ئێستای پڕ لەژان و ناخۆشی ، ئێستای بێ کەسی و تەنهایی! بێ یار و خۆشەویست ، ئێستایی تاریک و شەوی بێ یار! کە هێمن بۆ سەردەمی پڕ لەجوانی منداڵی دەگەڕێتەوە، باسی ماچی منداڵی دەکات! تاکو ئاهێک بەدەروونی پڕ لە ناسۆری پیریدا بکات ،لێرەدا گەرانەوەکە بۆ خۆدەربازکردنە لەم ژیانەی ئێستا، پەنای بردۆتە بەر ئەو ڕووداوە ئیرۆتیکییەی سەردەمی منداڵی ، بەجۆرێک شاعیر هێندە تامەزرۆی دیداری یارە ! جەختدەکاتەوە ، کە هەرگیز ئەو ماچەی سەردەمی منداڵی لەیادنەکردووە ، تەنانەت بەم حاڵەشەوە.

بەمنداڵی ، کەپەروەردەی چیا بووم

کەوم دی، پۆڕو سوێسکە و ئاسکم دی

بەلاوچاکی لەشاری کوردەواری

کچم دی نازەنین و ناسکم دی (د:هێ :2012، 238)

هێمن لەم دەقەدا ، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی و باسکردنی سروشت و ناوهێنانی گیاندارانی نیشتیمان ، هەست بەجۆرێک لەئاسودەیی دەروون دەکەی لەدەقەکەدا ، واتە : باسکردنی ڕابردووی پڕلەجوانی و ڕەتکردنەوەی ئێستای پڕ لەخەم و حەسرەتی دووری یار و سروشتی ڕازاوەی زێدی خۆی، لەهەمان کاتدا ئامانجی شاعیر لە گەڕانەوەی بۆ سەردەمی منداڵی و باسکردنی ڕووداوەکانی دوێنی ، گلەییە لەواقعی ئێستا.

بەشێوەیەکی گشتی دروست بوونی ئەم جۆرەی نۆستالیژیا لای هێمن ،بەهۆی ژیانی پڕمەینەت و ئازاری دەرونی ئێستاوە بەرجەستە بووە .

## 2-1-2 : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی :

قۆناغی لاوی یان گەنجێتی ، قۆناغی دەرکەوتنی وزە و توانای مرۆڤە ! ماوەی چالاکی و گەشەی مێشک و جەستەیە ، ئەم قۆناغە سەرەتای دەست پێکردنی هەستکردن بەبەرپرسیارێتییە ، ((قۆناغی گەنجی سەردەمی جوانی و خۆشەویستی و یادگاری جوانە)) ((قباحە : 2008، 67) ، لەم قۆناغەدا مرۆڤ بیرو خەیاڵی فراوان دەبێت ، تاقیکردنەوەی نوێ و فرەچەشنی دێتە ڕێ! مەسەلەکانی عەشق وخۆپەرستی و خۆشەویستی نیشتیمان ، شانازیکردن بەخود لەدڵ و دەرونیدا چەکەرەدەکەن ، لەم قۆناغەدا بەهەرەو تواناکانی بەدەردەکەون ،

سەردەمێکی پڕ لەجوانی و خۆشییە! قۆناغی نوقم بوونە لەدونیای خەیاڵ و جوانی ، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە ،مرۆڤ دەکەوێتە ژێرکاریگەریی حەسرەت و گەڕانەوە بۆ رووداو و یادگارییەکانی گەنجی، بۆیە شاعیران و نوسەران کاتێک پایزی تەمەنیان بەرە و زەردی دەچێت ، حەز و حەسرەتی گەڕانەوە بۆتەمەنی گەنجی دایاندەگرێت ! لەنێو دێر و دەقەکانیاندا باسی سەردەمی پڕ لەجوانی و کامەرانی خۆیان دەکەن، باسی ڕۆژانی ئەفسوناویی و شکۆ و شانازی خۆیان دەکەن ، ئەگەر ڕابردوویان بەهەڵوێست و جوامێری بەڕێ کردبێت ، ئالێرەدا دەکەونە ژێرکاریگەریی حاڵەتی نۆستالیژیاوە ، (کە لەوانەیە ببێتە پەرچەکردارێک بۆ بیرکردنەوەی نەرێنی و دوورکەوتنەوە لە شێوازی ژیانێکی خراپ) ، (قادر: 2021، 110)

بەپێچەوانەشەوە دەبێتە مایەی خەم و حەسرەت خواردن و ئازارێکی بێ کۆتایی ، لەم کاتەدا لەئەنجامی گەڕانەوە بۆ ئەو کردەوە خراپ و ناخۆشانەی سەردەمی گەنجی ،هەوری پەشیمانی دایدەگرێ.

**2-1-2 :- أ : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لە شیعرەکانی پیرەمێرد دا:**

ئەم جۆرەی نۆستالیژیای تاک ، بەڕوونی لە شیعرەکانی پیرەمێردا دەبینرێت ! شاعیر لەدەقی (تاق تاق کەرە) دا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی خۆی کاتێک دەڵێ:

ئەوا من دیارە بۆ یار ئەناڵم

تۆپەیجوری کێی ؟ هاوار بەماڵم

من گەنجی شادیم جەردەیەک بردی

تۆ چیت لێ قەوما کێ وای لێکردی

من ڕووخسارێکی وێنەی شەمم دی

دەردی پەروانەم لێ هاتۆتە دی

ناڵەی من لەشەوق ئەو ڕووخسارەیە

ئاهم لەدووری ئەو دیدارەیە (د،پ : 2013 ، 208)

پیرەمێرد بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ،ئاهو ناڵەی گرگرتوی خۆی دەبەستێتەوە بەدووری یارەوە ، شاعیر بە دڵێکی پڕ لە گلەییەوە ! هاواری لێهەستاوە بەهۆی لەدەست چوونی تەمەنی گەنجی

خۆیەوە ، هەڵبەت خەم دەخوات بۆ ئەو نازەنینەی، کە لەتەمەنی گەنجیدا پڕبووە لەجوانی، ڕووخساری مانگ ئاسا لەئاسماندا درەوشاوەتەوە ،ئەویارەی کەمایەی خۆشی و شادییەکانی تەمەنی گەنجی شاعیربووە ، بەڵام پیرەمێرد نایشارێتەوە ،کە گەنجی بەسەرچووە و پیری دەرگای لێگرتووە و ژیانی پڕکردووە لەناڵە و فوغان، ئەگەرچی شاعیر دەیەوێت بڵێت : کەتەمەنی گەنجی و جوانی لە ڕێی جوانی و ئارەزووی دیداری یاردا بەسەرچووە ! دیوێکی تری خەم و حەسرەتی پیرەمێرد بۆحاڵی یارە، کەئەوشێوە جوان و شەم ئاسایەی جارانی نەماوە ، دەقەکە لەیەک کاتدا نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی لەدەستچونی تەمەنی گەنجی (عاشق و مەعشوقی ) پێوەدیارە.

ئای بۆ سەرمەستی تافی جوانی

جوانی شەوقێکە بۆ زیندەگانی

چەند خۆشە نەشئەی عەشقی دێکانی

کە کچە کوردێک ئەچێ بۆ کانی (د:پ: : 2013 ، 214)

شاعیر دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆسەردەمی گەنجی پڕ لەسەرکێشی و بزێوی ، بۆئەوساتەی ، کەپڕە لەهیواو ئومێد و تامەزرۆیی و تاسەی بینینی یار ، پیرەمێرد ئارەزوویی ئەوکاتەدەکات ، کە کچان دەچن بۆسەرکانی و گەنجانیش لەسەرڕێدا دەوەستن، شاعیر ئارەزووی ئەو دیمەنە دەکات ، هیچ نەبێت بۆساتێکیش چێژ لەدیمەنی گۆزەی سەرشانی یار ببینێت ، چونکە پیرەمێرد پێی وایە ئەوساتانە پڕن لەژیان ! پڕن لەجوانی! ئەمە وێنەیەکی نۆستالیژی جوانە ! نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسەردەمی گەنجی و شوێن پێکەوە لەدەقەکەدا بەرجەستەبوونە .

ئامان چەند خۆشە تافی جوانی

<u>خۆزگە خوا بیدا</u> جوانی و نەوجوانی

بەهەرزەکاریم کەباوکم ساغ بوو

هەرزەکاریمان لەلایاساغ بوو

ڕەزوو خانومان بوو لەگورگەدەر

گورگانە شەوێم ئەکرد بێ کەدەر

هاوینان کۆچمان ئەکرد بۆ ئەوێ

ڕامان ئەسپارد ولاغمان ئەوێ

وورد و درشتیان ئەهاتنە شوێنمان

لەو دیارەوە دیار ئەبوو شوێنمان (د:پ : 2013 ، 237)

شاعیر ئارەزووی گەڕانەوەدەکات بۆسەردەمی گەنجی و جوانی ، شاعیر لەئێستای تەمەنی پیریدا ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەوسەردەمەی ، کە لاوبووە و مالیان لەگوندی گورگەدەربووە ، شاعیر یادی ڕووداوەکانی تەمەنی گەنجی دەکاتەوە ، بەتایبەتی وێنەی ڕابردووی وەدەرنانی ئاژەڵ و ولاغمان بۆ دەکێشێت ، شاعیر بەحەسرەتەوە خۆزگەی دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە باوکیشی لەژیاندا بووە ، دەقەکە بووە بەزادەی نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی و یادی ئازیزان.

ساقی ! واپیری لێم بووە بە زنجیر

دەستم داوێنت تەنها تۆی دەستگیر

زوو کەبەلەنجەی بێ درەنگەوە

بەئالۆ والای بالای شەنگەوە

بەجامی جەمی جەمسەری سەرجەم

ڕەنگی ئەندامم تێک بەستە بەهەم

وام گورج کەرەوە بەمەستی جوانی

تازەکاتەوە ئەم پیرەی فانی

پێم بدە تاپێم هێزی پێ پەیکا

بێوچان پلەی ڕێی مەحشەر تەی کا (د:پ: : 2013 ، 244)

پیرەمێرد هەرلەسەرەتای دەقەکەدا داد و هاوار بۆساقی دەبات ! داوای لێدەکات یارمەتی بدات بۆ لەبیرچونەوەی تەمەنی ئێستای پیری ، دەقەکە زادەی حالەتێکی نۆستالیژی پڕ حەسرەتە ، کە لەئێستادا پیری ژینی لێ تال کردووە و برستی لێ بڕیووە ، بۆیە حەزی گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەدەروونیدا چەسپیووە ، ئارەزووی گەڕانەوەی هەیە ، بۆسەردەمی گەنجی و جوانی ، گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کەهێزو توانای لەڕادەبەدەری هەبووە، گەیشتنەوەش

بەم سەردەمە لەساقی دەخوازێت، هەڵبەتە ئەمە تەنها خەیاڵێکە و هیچی تر،چونکە گەڕانەوەی تەمەنی لەدەست چوو ئەستەمە ، بەم جۆرە دەقەکە دەبێت بەدەقێکی نۆستالیژی تەواو .

## 2-1-2 :- ب: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی دیلاندا:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیای گەنجی لەدەقی دیلاندا ، تاڕادەیەک مۆرکی  سیاسی پێوەیە ، واتە : حاڵەتە نۆستالیژییەکە ، لەهەناوی خراپیی بارودۆخی سیاسی نەتەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

دەقی شەپۆڵی دیلان، گەڕانەوەیە بۆ تەمەنی گەنجی پڕ لە خەمی خۆی ، لەڕێگای گێڕانەوەی خەم و دەردەسەرییەکانی ڕابردووی  سیاسی کۆمەڵایەتی ئابوری خۆی.

شەپۆل شەپۆل لەگەڵ دەریای ژیانا
هاتین ... ڕۆیین بەدووتوێی ئاسمانا
هەندێ خەیاڵ هەندێ ڕاستی و دروستی
گێژاومان کرد ... بست بەبست دەریای هەستی
کەبێنە سەر ڕابردووی پڕ ئەشکەنجە
گرێی دڵە وەک برینی شێرپەنجە
گرێی چاوە تاکەتاکەی نیگاری
ئارام بەرە تاسەی وەک بزماری
کام تاسەیان یادێکی باهەوایە
ژان هێنەرە وەک خۆی بۆبرین وایە
کوێزانێکە بۆ قەتماغەی زاممان
لەبەهارا هەر کوێ ئەچوین زستان بوو
لەهاوینا چزە لەپێست هەستابوو
کووچە نەما تیای نەگەڕێن پەتیارە
شەقام نەما نەیپشکنین بێ چارە
کوننەپەپوو ئاواز خوێنی شەوگاربوو
فیرنەگولە بولبولی میرغوزار بوو
تا ئەو شوینەی دەڵێت:
بنارەکان سەوز و ڕووناک ئەنوێنن
چنارەکان زەرکەفت هەڵئەوەرێنن
ئەوا دیسان تەمەن لەنوێ نوسراوە

شەوی بەرات لە ئیمڕۆوە بەسراوە (د:دی : 2013 ، 375)

دیلان لەم دەقەدا ، گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی ڕابردوو(گەنجی) خۆی ، لەڕێگەی ئاوێتەکردنی خەمەکانی نیشتیمان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە بەخەمی خۆیەوە! حاڵەتە نۆستالیژییەکەی بەرجەستەبووە ، شاعیر لەڕێگەی وشەکانی (هاتین ڕۆیین) وەکو ئاماژەیەک بۆ تێپەڕبوونی کات ،لەنێوان (ئێستا و ڕابردوودا) پەنادەباتە بەر خەیاڵێکی قوڵ، بەئامانجی گەیشتن بەخەونی ئازادی و نەتەوە ، ڕووداوەکانی تەمەنی ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە ،گەرچی ڕاستەوخۆ وشەی (گەنجی) بەکار ناهێنێت ،بەڵام چەندین نیشانە و ئاماژەهەن بۆ حاڵەتە نۆستالیژییەکە ، جگە لەمێژووی نووسینی دەقەکە لەئێستادا ، ئاماژەدان بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، شیعر وەک فۆتۆگرافەرێک ژیانی ڕابردووی خۆی وێنا دەکات ،وەکو خۆی دەڵێت:

بێنە سەر ڕابردووی پڕئەشکەنجە

گرێی دڵە وەک برینی شێرپەنجە (د،دی: 2013: 373)

شاعیر لەگێڕانەوەی ڕابردوودا ، دەمانباتە نێوژیانی پڕئازاری کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی و خەڵک ، (بەهاری جوانی) وەکو ئاماژەیەک بۆتەمەنی گەنجی دەچوێنێت بە(زستانی بەستوو)، وەکو ئاماژەیەک بۆ تەمەنی ئێستای پیری ،

بەشێوەیەکی گشتی دیلان حاڵەتی نۆستالیژی گەنجی ، لەڕێگەی گێڕانەوەی خراپی بار و گوزەرانی خۆی و خەڵکەوە، بەهۆی بەکارهێنانی (جێناوی کۆی ، مان- ین) ەوە ، بەرجەستەدەکات ، بەهۆی وشەکانی (هاتین ، ڕۆیین، گێژاومانکرد .......هتد) ،کەپڕبووە لە ناخۆشی و ئازار ، شاعیر تەنانەت یادکردنەوەی ئەو ڕووداوانە ، بەوە وەصف دەکات، کە وەک ئەوەیەبە گوێزانێک برینێک هەڵکۆڵێت، کە ئەمە وێنەیەکی لێکچواندنە لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا.

تۆبۆ دڵت لەگەڵ ئازار پەیوەستە

بەزەییە ، ڕێزگرتنە ، یا هەستە

پەیمان بێ لەگەڵ فرمێسکی چاوا

لەگەڵ پرچی ئالۆسکاوی تاوتاوا

هەتا شێوەی ئێش بمێنێ لەناوا

شەرتە نەڵێم ، هەرگیز نەڵێم ماڵئاوا

شکۆفەی ژینی عومرم نەوبەهاربوو

وەکو پشکۆ لەشەوگارا دیاربوو

تەمەن کورتە وەکو کورتی گوڵاڵە

لەلێو ئەڕژا بەخوڕ ئەو خوێنە ئاڵە (د،دی : 2013، 385)

دیلان لێرەدا ، ڕاستەوخۆگەڕاوەتەوە بۆ ژینی گەنجی خۆی لەڕابردوودا، لەڕێگەی نیشانەی (بەهاری جوانی) ، کە هەموو وەصفکردنێکی(پەسنکردنێکی) بەهاریانە ئاماژەیە بۆ تەمەنی گەنجی ، ئاماژەدەکات بەوەی کە ژینی سەردەمی گەنجی وەکو پشکۆیەک وابووە لەشەوێکی تاریکدا ، بێگومان گەڕانەوە و یادکردنەوەی ئەو ڕابردووە بۆ لەبیرچونەوەی ئازارو ناڵەی ئێستایە ، بۆ خۆشاردنەوەیە لە بێ هێزی و شاردنەوەی ئازارو ناڵەی پشتی چەماوە ! چۆن گەنجێک خەمبارنەبێت ، کەقەرەبووی ئەو گەنجێتییەی پێ ناکرێتەوە ، چی لەوە بەئازارترە ،کە گەنجێک بیناییەکەی ڕێگای تاریکی ڕووناک دەکردەوە ، کەچی ئێستا ڕێگا بەباشی نابینێت ، لەدەقەکەدا حاڵەتە نۆستالیژییەکە هێندە کاریگەرە ، خوێنەر تووشی سەرسوڕماندەکات بە هۆی کامەرانی و خۆشی تەمەنی گەنجی و ترسی شاعیر لە مردن و پیری .

## 2-1-2 :- ج : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی لەشیعرەکانی هێمن دا:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، لەشیعری هێمنیشدا بەڕوونی دەبینرێت ، شاعیر لەئێستای پیری و بێ هێزیدا ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ ڕابردووی پڕسەروەری سەردەمی گەنجی ، خەم دەخوات بۆ لەدەستچوونی هێزی ئەژنۆ و بینایی چاو .

لەو خەوەدا هێشتا لاو بووم     هێشتا بەنمود و بەرچاو بووم

هێشتا مابوو گوڕو هێزم     هێشتا گەرم بوو ئامێزم

هێشتا هەمبوو باهۆی قەوی     ڕەوەکەم دەکردن کەوی

لەجێ ژوانێ خۆم ڕادەگرت     مێژم بەبزۆزاندا دەگرت

هێشتا پێم دەکرا دەستبازی     گراویم دەکردن ڕازی

هێشتا کنفت و پیر نەبووم     "لەباڵ جوانانداتیرنەبوم " ( د،هێ :2012، 268)


هێمن لەڕێگەی گێڕانەوەی خەوێکی ئەفسوناوی ، تاسە و حەسرەتی گەڕانەوە بۆسەردەمی گەنجی دەخوازێت ، ئەو سەردەمەی ، کە وەک خۆی دەڵێ : هێشتا قۆڵ و بازووی بەهێز و چالاکم هەبوو.

ئەو خەوە هێمن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی ، کە حەزو ئارەزووەکانی تێکەڵ بەسروشتی جوان و قەشەنگی قەندیل کردبوو ، شاعیر لەگێڕانەوەکەیدا بەردەوام دەبێت و سەردەمی گەنجی خۆی ، کە پڕبووە لەعیشق و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ یار، ئەو سەردەمەی لێوان لێوبووە لەدەست بازی و سڵنەکردنەوە لە ئاستەنگ و بەربەستەکانی سەرەڕێی.

بەڵام هەر لەوخەوەدا،هێمن ئەوە بەگوێی خوێنەردەدات ، کە هەموو ئەو ساتە خۆشانەی ئەو کات ، ئێستا پیری لێی سەندوەتەوە و برستی لێ بڕاوە ! حاڵەتە نۆستالیژیاکە گەیشتۆتە لوتکە ،بەهۆی حەزی گەڕانەوە بۆ گەنجی.

لەودەمەیدا دڵ لێی داوە بۆجێی ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم ، چاوی جوان
گەرچی خەڵکی ولاتی چاوجوانانم
چاوی جوانم نەدی تێربەچاوی جوان
هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ وون بوو
پەچەو رووبەند و چارشێوم دوژمن بوو
ئێستا پیرم و کەوتومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە (د،هێ : 2012، 303)

هێمن لێرەدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی خۆی ، لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (هەتالاوبووم) ، کە شاعیری جوان پەرست ، بەئاخ و حەسرەتەوە یادی ڕۆژانی گەنجی و جوانی دەکاتەوە، کە هیچ خۆشی و چێژێکی لەو سەردەمە نەبینیووە،حاڵەتێکی نۆستالیژی نەرێنی دروستکردووە، شاعیری عاشقی ژن و جوانی ، لەسەردەم و قۆناغی گەنجی ئەودا ، بەهۆی سەختی و نالەباری باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ، نەگەیشتووە بەحەزو ئارەزووە بالاکانی ، کە ئەوسا و ئێستا ئاواتی بۆ دەخوازێت ، ئەویش گەیشتنە بەچاوی جوان ، هەڵبەتە وەکو هێمن نایشارێتەوە کە لەسەردەمی گەنجی ئەودا دوورلەئێستا وەکو دەڵێ: (پەچەو رووبەند و چارشێوە) م ، دوژمن بوو، کە ئەمە بۆ خۆی وەکو حاڵەتێکی پارادۆکسی دەردەکەوێ ،




واتا : لەئێستادا هۆکاری شاردنەوەی ڕوخسارو دەم و چاوی جوانی ئافرەت پیری و نەبینینە.

بۆیە هێمن لەئێستای پیرییدا داخ و حەسرەتی ئەوقۆناغە ، دڵ و دەرونی لەت لەتکردووە ، نۆستالیژیا حاڵەتێکی نەرێنی دروست کردوە، ئەگەرچی لەئێستای پیریش ڕازی نییە. کە ئەمەیان نۆستالیژیایەکی تری خستۆتەسەرئەوی تر.

ژوانی بن سیلەو پەسیوی لاویەتی یادی بەخێر

بۆئەوەی پیرانە نەمرم یادی دێرینم دەوێ

کوانێ ئەو شەوگارە بێ دەنگە لەژوانگەی جێ هەوار

کچ ڕەوەک بوو من گوتم : هێدی بە حەجمینم دەوێ

کوانێ ئەو ڕۆژگارەی کەسەرچۆپیم دەگرت بانگم دەکرد

دۆم دەوێ دۆی قۆڵ بەبازن وپەنجە نەخشینم دەوێ ( د.هی :2012، 359)

هێمنی جوان پەرست ، تامەزرۆی دەستبازی وچاو و زوڵف و جێ ژوانی یارە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی گەنجی کۆمەڵێ وێنەی هونەری قۆناغی گەنجیمان پیشاندەدات ، خوێنەر تێکەڵی ئەو وێنە و ڕووداوانە دەکات ، کە لە ڕابردوودا ئەزمونی کردوون ، شاعیر هاتووە تکا دەکات و دەیەوێ بڵێ : ئیدی تەمەنی من بەرە و کۆتایی دەڕوات ، بەڵام لێم گەڕێن با بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژانی کۆبونەوە لەگەڵ یار، بەڵام لەکوێ ؟ لەناو باخ و ڕەز و و دەشت و دەر ، ژوانی (بن سیلە – قوژبن) (پەسیو- حەشارگەی) سەردەمی لاوێتی.

هێمن ئارەزوو دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لەشایی و ڕەش بەڵەکدا ، گەنجانی کورد ، تاکو کاتێکی درەنگ ، بەخۆشی و شادی کاتیان بەڕێدەکرد، بەتیلەی چاو و لەژێر لێوەوە ، هیوا و

ئـارەزووی تەمەنێکیـان بەیەکدەگەیانـد ، بەڵام هەمـوو ئەمـانە ، ئەوشـادی و خۆشـیەی تەمەنـی گەنجی، ئێستا ونە ! بوونی نییە ، تەنها دەیەوێ بەباڵی خەیاڵ پێی بگات ! دەروونـی پڕ لەگڕو ناڵەی هێوربکاتەوە چونکە ئیدی ئێستا پیر و تەنهایی مۆتەکەی بەردەمی تەنهایی شاعیرن.

بەیان ئەنگوت و شەو ڕابورد و من هێشتا خەوم نایە

دەخوێنن بولبول و قومری بەڵام قاسپەی کەوم نایە

خەیاڵ دەمباتە جێ ژوانی شەوانی لاویەتی ، ئەمما

خرینگەی بازنە و خرخاڵ بەرموری ئەوم نایە ( د،هێ : 2012، 415)

هێمن لێرەدا ، وادیارە پیری و تەنهایی ئۆقرەی لێ بڕیوە ، چونکە وەک دەبینین شـاعیر هەست بەبێ کەسی و بێ یاری دەکات ، هەست دەکات لەبوونی ئەودا شتێک ونە ! ئامادەبونێک لەئێسـتای ئەودا دیـارنییە ! لەنـاخەوە هەسـت بەجۆرێـک لەبـێ نـازی دەکـات ، هەسـت دەکـات هاوسەفەر و هاوژینی و هاوکارێک ،کەبۆ ئێسـتای ئەو زۆر پێویسـتە ! دیـارنییە ، هـێمن هـاتووە پەنای بردۆتە بەرخوڵقاندنی کۆمەڵی وێنەی هەستی ، بەهۆی دەنگ و خوێندنی(ئاوازی) بولبـول و قـومرییەوە، بەهـۆی دەنگـی خڕخـاڵ و بـازنەوە ، وەکـو دەڵـێ : هـێمن ئەگەرچـی هەسـتیان پێدەکات بەڵام ناگات بەهاوسۆز، یاریشی بێ وجوودە، ئەگەرچی خەیاڵی جێ ژوانـی ڕابردوو دەکات ! بەڵام کات درەنگە.

## 3-1-2 : نۆستالیژیای خەمی پیری ( ترس لەمردن) :

ناڵە و ناڕەحەتییەکانی پیری و بیرکردنەوە لە مردن ، جۆرێکی تـرە لە جۆرەکـانی نۆسـتالیژیای تـاک ، مـرۆڤ بەشـێوەیەکی گشـتی لە تەمەنـی پیریـدا، زوو زوو گوزەرێـک بە ڕووداوە فـرە چەشنەکانی تەمەنی رابرووی خۆی لە (گەنجی ومنداڵی) دەکات ، ڕەنگە ترسـی مـردن دیـارترین هۆکاری ئەو یادکردنەوەیە بێت ، کە مرۆڤ دەباتەوە بۆ رابردوو .

دیـارە مـرۆڤ بە سروشـت حەزی لە مـردن نییە و لێـی دەترسـێت ، (خـوڵقێنەری مـرۆڤیش بە مەبەسـت ئەوەی کـردووە ، تـا مـرۆڤ خـۆی و خۆشەویسـتان و ئـازیزانی لە مـردن بە دوور بگرێت و بپارێزێت ، هەموو ئامرازەکانی خۆپارێزیش بۆ دوورکەوتنەوە لە مـردن بەکاربهێنێت) (عبدالکریم:59:2014).

ئەو ڕاسـتییەش هـیچ کەس ناتوانێـت لێـی ڕابکـات ، (کە مـرۆڤ دێـتە بـوون وبەهـۆی گەشـەکردنییەوە ئاکـامەکەی هەر دەبێت پیربێت(رفیق:2011، 78) پیـریش نـاڕەحەتی و نالەبـاری

زۆری هەیە ، هۆکارەکانی ترس لە مردن لە نێو مرۆڤەکاندا جیاواز و فرە رەهەندە ، بێگومان شاعیران و نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا هەریەک بەجۆرێک گوزارشتیان کردووە، لەو ترسەی پەیوەستە بە مردن و تەمەنی پیری خۆیانەوە، چونکە ئەم تەمەنە هەندێک گۆڕانکاری جەستەیی و دەروونی بەسەردا هێناون ، کە تووشی خەم و حەسرەتی کردوون .

شاعیران بە شێوەیەکی گشتی لە تەمەنی پیریدا ئەو بۆشاییە دەروونی و جەستەییەی درکی پێ دەکەن ، بە گەڕانەوەیان بۆ یادگارییەکانی ڕابردوو پڕدەکەنەوە ، بەمەبەش دەقێکی نۆستالیژی بارگاوی بەخەم و حەسرەت دەخوڵقێت، لەرێی خەیاڵ و ئەندێشەوە ، ئیدی نۆستالیژیای پیری و ترس لە مردن فەراهەم دەبێت .

## 3-1-2 : -أ: نۆستالیژیای خەمی پیری و ترس لە مردن لە شیعرەکانی پیرەمێرد:

ئەمجۆرەی نۆستالیژیای تاک خەمی پیری و ترس لەمردن ، بەڕوونی لەشیعری پیرەمێرددا دەبینرێت، ئەم حاڵەتەی نۆستالیژیا لای شاعیر گرێدراوی بابەتەکانی سروشت و دووری یار و بابەتی ئاینییە، ئەگەرچی ترس پەیوەست نییە بەقۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنەوە ، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن ئەویش گەورەتردەبێت و زیاد دەکات و جۆری جیاوازی لێ پەیدادەبێت ،هەندێ ترس هەن کاتین، کەئەمەیان دەشێ ئاسایی بن ، بەڵام ترس هەیە جێگیرە، وەکو ترس لە مردن، کەئەمەیان بارێکی دەروونی خراپ دروستدەکەن ، کە ئەم جۆرەیان لەشیعری پیرەمێرددا بوونی هەیە.

دەقی (عەشرەت هاوارە ) نۆستالیژیای خەمی پیری تێدا بەرجەستە بووە ، ئەم دەقە زادەی نۆستالیژیای خەم و کەسەری (پیری + خەمی نیشتیمان ) ە ، دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد و دەربازبوونی مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی لەسنوری ئاوی ئاراسەوە، خەمی نەتەوە و پیری باریکی گران لەدەروونی شاعیر دروست دەکەن..

عەشرەت هاوارە ، عەشرەت هاوارە

کەوتومە ئاراس ئاو بێ بوارە

ڕێم نییە منیش شوێن ئەوان کەوم

<u>پیرم هەنگاوێک</u> بنێم ئەکەوم

لێرەش وا کەوتوم بەدەم دەردەوە

لەئێشی دووری و ئاهی سەردەوە (د:پ: : 2013 ، 117)

پیرەمێرد لەم دەقەدا بەئاشكرا ، وێنەی پڕ ئازار و بێ هێزی خۆی كێشاوە ، هاوارو ناڵەی بێ چارەیی خۆی بەگوێی هەمووان دا دەدات ، بێ هێزی و كەساسی خۆی ئاشكراكردووە ، وینەیەكی خەفەتباری پیرەمێردێكی ئێسك نەرم و پشت چەماوەی لاوازی خستۆتەڕوو، كەتوانای ڕۆیشتنی نییە ،بەدەست خەم و دەردەوە گرفتاربووە، خەمی گشتی نەتەوەشی هاتۆتەسەر ، پیرەمێرد لەدەقەكەدا نۆستالیژیای خەمی پیری و خەمی نیشتیمان ئاوێتەی یەكدی دەكات ، گلەیی و ناڵەی پیرەمێرد تەنها لەتاو جەستەی ماندوو شكستەی خۆی نییە ، بەڵكو دەروونی ئاوری گرتووە ، حەسرەتی ئەوەیەتی ،كە ناتوانێت وەكو ڕۆڵەكانی نەتەوە ، هەنگاو بنێ .

كە بای داروس.......

پیاو خۆی تێئەگاو ئەبوژێتەوە

ئەوبایەی خاكی زیندووكردەوە

پیری لەبیری پیران بردەوە

بەدەماغ خۆیدا لەدەماغی من

ئاخ بێ دەماغە گوڵەباغی من

بەدەست پیریەوە كۆكە – كۆك مە

خوازبێنی بەفر و هەڵە كۆكمە

ساتوخوا كوڕگەل ئێوە و خواتان

سەیركەن لەباتیم هەتا دەلوێ بۆتان (د.پ: : 2013 ، 184)

شاعیر گلەیی لەتەمەنی پیری خۆی دەكات ، حالەتی نۆستالیژی بەشێكی تەواو و گرنگی دەقەكەیە ، شاعیر زەمینە بۆ پیشاندانی پیری خۆی دەڕەخسێنێت ، خۆی و سروشت ئاوێزانی یەكتردەكات ، نایشارێتەوە ، كەتەمەنی بەرەو پیری چووە و كۆكە كۆكیەتی! وەكو ئاماژەیەك بۆ پیربوون، كاتێك ئەم پیربووە و پایزی تەمەنی بەرە و خەزان دەچێت ، شادی و ئاسودەیی بەرەو كزی و نەمان دەچن، لەژێر ڕەحمەتی زیادبوون و فراوان بوونی خەم و ئازارەكانیدا ، پیرەمێرد لەپایزی تەمەنیدا ، هەست بەتروسكاییەك ناكات، بۆڕەواندنەوەی خەم و ئازارەكانی ، كەوەك هەورە تریشقە ترسی خستۆتە دەرونییەوە ، ( هەروەك دەزانین مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم

جۆرە بیرانەدا ، دەستەوەستان ناوەستێت ، ڕێگە چارەدەدۆزێتەوە بۆبیرچونەوە و خۆلادان لێی )(( محمد: 1397، 151)) ، جابۆیە پیرەمێرد ، داوا لەگەنج و لاوانی نەتەوەکەی دەکات لەبری ئەویش ، چێژلە سروشت و دروستکراوەکانی خوای گەورە ببینن.

پیرەمێرد لەدەقی **(بانگی بەیان )** دەگاتە ئەوپەڕی دۆخی نۆستالیژی ، کاتێک دەڵێ :

**پیر و ئوفتادە و رەنجوور و غەمبار**

**بێ هیوای ژین و ژیان نالە کار**

**لەدەس بێ دادی شای دەقیانوس**

**تاریخی مەرگی خۆمم ئەنوسی**

**وەك دەروێشەکەی گۆلی زرێبار**

**کەولێ و پۆستی خۆمم کێشابووە کەنار** (د.پ : 2013، 231)

پیرەمێرد ، هاوار و دادی بەرزبۆتەوەلەدەست پیری ، پیری هەراسانی کردووە ، توشی نالەو ئازاری بێ کۆتایی بووە، چونکە ئیدی پیری چارەیەکی بۆ نەهێشتۆتەوە و یەخەی گرتووە.

## 3-1-2 : - ب: نۆستالیژیای خەمی پیری و ترس لەمردن لە شیعرەکانی دیلاندا

ئەم جۆرەی نۆستالیژیای تاک بە روونی لە شیعرەکانی دیلاندا دەبینرێت بە هۆی هەڵکشان تەمەن و نەخۆشی و ترس لە مردنەوە ، تووشی بارێکی دەروونی خراپ بووە و ترسی مردن بەبەشێک لە دەقەکانەیەوە دەبینرێت ،

تۆپیرۆزەکەی شینی ئاسمانت پەشێوە گیانم

تۆ کەفچەڕێنی رووە و دامانت فریای ئامانم

بکەوە بەسۆز یا بەشەماڵێ گڕەی دەروونم

لەگیان لەجەستە لەلەش داماڵێ شای چەند و چوونم.

وەڵام کوا ؟ وەڵام لەکوێیە ؟ ........ بەشەو یا بەتاریکی

کێ برین پێچی برینمی پێ یە ؟ .......... ڕێی تاریکی

هەردەیە ، بەردە ، جار چاڵ و چۆڵە ..... جاریَ هەورازە

ئەم دەستم پیرە ساوام لەکۆڵە ...... ئاواتم ڕازە

کیَ لەگەڵمایە بۆم ئەڵیَ بەستەم ...... لەمەرگ تورەم

کیَ لایە لەگڕ یالەدووکەڵیَ ؟ ......... سووک ئەکاتەوە

ئامان ئامانیَ بۆ چارەم ئەڵیَ ... گیان بیباتەوە (د: دی : 2013 ، 388)

دیلان بە ئاشکرا و بەڕوونی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی رابردوو، لە ریگەی دەست بردن بۆ دیاردە و رەگەزەکانی سروشت، گلەیی دەکات و بێزاری دەردەبڕێت لە ئێستای پڕ لە ئازار و ریگای پڕ لە هەوراز.

دیلان تەمەنی رابردووی پڕە لە هەوراز و نشێو و ئامانج و ئاواتی زۆرە ، هەوڵی بەدیهێنانی ئارەزووەکانی دەدات ، ئەو ئارەزووانەی وەکو خۆی دەڵێت : چەندین جار لە تەمەنی ئێستای (جەستەشکستەم زیاترە) ، دیلان هاوار و ناڵە و حەسرەتی بێئەنجامی دەگەێنێتە دۆڵ و ملەی شاخ ، ئارەزووی هەڵکردنی شەماڵ و شنەیەکە ! هەڵبەت مەبەستی لە حەسانەوەیەکی ژێر سێبەر و بایکی فێنکە ، چونکە وەک دەڵێت: ئێستا دوور لە تەمەنی گەنجی و یادی جاران پەشێوە گیانم ، شاعیر بە دوای وەڵامدا وێڵە ! دەپرسێت؟، کە ئێستا من تەمەنم پیرە و رێگام هەورازە کێ بیرنپێچی رێمە ؟! ، کێ رێگای تاریکم رووناک دەکاتەوە ؟ ، کێ بەم تەمەنەوە ئاواتی پەنهانی دەروونم دەهێنێتە دی ، شاعیر ناڵەی جەستەی ماندووی بەهۆی پیری و لێکەوتەکانییەوە دەگەیەنێتە هەمووان ، هاوار دەکات کە لە مەرگ تووڕەیە .

لەدەقی (ئازار شکێن) دا دیلان ، بەدەم نەخۆشی و ئازارەوە، حاڵەتێکی نۆستالیژی بەدەقەکە بەخشیوە.

شەو درێژە درێژایی لەبن نایە

<u>کیَ شەبەقیَ ئەخاتە ئەم دەرگایە</u>

<u>کەی رۆشنایی ئەگاتە ئائەم لایە</u>

شەبەق دوورە ،چی گڵۆپە بیَ شەوقە

شەپۆلی شەو لەگەردندا وەک تەوقە

چاو برناکا ،گلێنەش لەمن تەوقە

ئاخ هاتووچۆی سێبەریش بەزەوقە

بۆکێ بەرم دەستی چمک ڕاکێشان ؟

خۆدیارنییە ڕێگای دووری کاکێشان

نەمن و نە کۆڕی گەرمی دەروێشان

کۆڕەکەی من بوو بەکۆڕی دڵ ئێشان

سەرم گێژە ، سەرینەکەم لاخوارە

ئەو بەرەوەم بەئاستەمێ لێ دیارە (د:دی : 2013 ، 382)

عەبدوڵلائاگرین ، دەڵێ: (ئەم دەقە ناوازەییەی دیلان لەخەستەخانەی دڵ هۆنراوەتەوە، دەڵێ : من ئەم قەسیدەیەم لەخەستەخانە بەدەنگی دیلان گوێ لێبووە)(ئاگرین: 2013، ل381)، ئەم دەقە ئەنجامی پیری و نەخۆشی و ئازاری شاعیرە، کە ئاوات بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی جوانی و جەستەی بێ ئازار دەخوازێت، هەڵبەت لەڕێگای پەنابردن بۆ بەکارهێنانی وشەکانی (شەودرێژ ، شەبەق ، شەوق) ، نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی پیری لە دەقەدا بەرجەستە بووە.

دیلان هەر لە سەرەتاوە، دەقەکە ئاوێزانی گلەیی و رەتکردنەوەی ژینی ئێستا دەکات ، ناڕازییە لە تەمەنی پیری، کە ئێستای نقوومی ئازار و خەم و حەسرەت کردووە ، شاعیر باس لە ئازاری خۆی دەکات ، دەزانێت کە ئەو تەمەنە کەمەی ماویەتی چارە و ڕووناکییەکی تێدا نەماوە ، دەزانێت شەوگاری تەمەنی پڕ ئازاری دوور و درێژە و شەبەق دوورە ! شاعیر کە دەڵێت :

شەو لە گەردندا وەک تەوقە

چاو برناکا گلێنەش لە من تەوقە (د:دی:2013، 285)

ئەم دەربڕینانە ئاماژەیەکی روونن بۆ تەمەنی پیری شاعیر و تلانەوە لە نێو خەم و ئازاری پیری و نەخۆشی ، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی پڕ لە تراژیدی دروست کردووە ، پێی وایە ، کە ئاسۆیەک نەماوە و ترس تەواوی ژوورەکەی پڕ کردووە ، ئەمە بۆ خۆی حاڵەتە نۆستالیژییەکە تەواو دەکات ، لە ئەنجامی ترس لە مردن و خەم و ناڵەی پیری.

## 3-1-2 : - ج : نۆستالیژیای خەمی پیری و ترس لەمردن لەشیعرەکانی هێمن دا:

گلەیی لەڕۆژگار و خەمی دووری و غوربەت ، ئاویتەی خەمی پیرین لەشیعرەکانی هێمندا، هۆکاریی دروست بونی حالەتە نۆستالیژییەکەن ، ئەمە بەڕوونی لەشیعرەکانی هێمندا دەبینرێت.

بەسەد دکتۆر و دەرمان ناکرێ چارەی
کەسێک تیری مژوڵی ئەوکچە کوردەی لەدڵ ڕاچێ
دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ ، ئەوکچە کوردەی
بچێتە مەکتەب و بسکی بەمۆدی تازە هەڵپاچێ!
خەم و دەردە زەمانە پیری کردم ، وشک و بێ زەوقم
کەشاعیر وشک و بێ شۆڕ بوو لەناو خەڵکی دەبێ لاچێ
لەگۆشەی بێکەسیدا ئێستە وا دڵتەنگ و خەمبارم
نیە باکم ئەگەر ماڵم بەجارێکی بەقوڕدا چێ ( د:هێ :2012، 184)

هێمن بەڕاستەوخۆ و تەمەنی پیری خۆی ڕادەگەیەنێت، هێندە گیرۆدەی خەم و حەسرەت و دەرد و ئازارە ، کە چارەکردنی ئەو خەمە بەئەستەم دەزانێ ، هێمن دەزانێ ، کەتەمەنی هەڵکشاووە ! چیتر کچان دڵی خۆیان بۆناکەنەوە و بەئاسانی پێی ڕازی نابن ، شاعیر پێی وایە ، کە هۆکاری پیربوونی ، خەمی زەمانەیە، ئێش و ئازارەکانی ڕۆژگارە زوو پێستی لۆچ کردووە .

شاعیر سەرباری خەم و حەسرەتی پیری و نالەی دەروونی ، بەلام بێ پەڕوایە ، دەست بەرداریی حەزو ئارەزووەکانی نابێت.

پیر و زورهانم و ئێستاش دڵەکەم هەردەیەوێ

سەروماڵم بەفیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم

داستانی مەم و زین کۆنە کچێکم گەرەکە


شلکە ڕانی بگوشم بۆنی سینگ و مەم کەم

من لەجوانی دەگەڕێم تێپەڕە زستانی دزێو

کچ کە ڕووم نادەنێ ، باسەیری گوڵ و شەونم کەم ( د:هێ :2012، 211)

خەم و حەسرەتی پیری و حەزی گەڕانەوە بۆ گەنجی لەدەقەکەدا حالەتە نۆستالیژیەکەی دروستکردووە ، نیشانە و ئاماژەکانی (پیرو زوهانم + من لەجوانی دەگەڕێم + تێپەڕە زستانی

دزێو) ، ئاماژەن بۆ خەمی پیری و ڕاکردن لە ئازارەکانی ئەم قۆناغە و حەزی گەڕانەوە بۆ گەنجی ، هێمن گەرچی دەزانێ ئیدی پیری یەخەی پێگرتووە ، بەڵام هێشتا حەزی گەیشتن بە خەت و خاڵ و پەرچەمی یار لەدەروونیدا لەجوڵەدایە، جۆش و خرۆشێکی هەرماوە ، جا شاعیر بۆئەوەی ترس و خەمی پیری لەدڵ دەربکات، دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی ، ئەوسەردەمەی وەکو لاوێک بگات بەحەزی ئیرۆتیکی و دەست لەشلکە ڕانی کچان گیربکات، بۆن و بەرامەی سینگ و مەمکی یار مەستی بکات، هەر بۆیە هاوار و ناڵەی لێ بەرزبۆتەوە و حەسرەت بۆ تەمەنی گەنجی دەخوات ، ئارەزووی تێپەڕبوونی زستانی دزێو دەکات ، وەکو ئاماژەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لەپیری .




ژیلەمۆی ئاگری بەیانانم
باوکی فرمێسکم و کوڕی ژانم
باڵە سوتاوەکانی پەروانەم
شوشە بادەی بەتاڵی مەیخانەم
چڵە ڕێحانەی دوورەدێراوم
سازی ناسازی هەڵپەسێرراوم
تکە ئاونگی سەر گەڵای زەردم
خەستەوو دەردەداری چێدەردم
ئاخرین تیشکی خۆری پایزم
شاعیری پیری تورەو زیزم
چۆن دەتوانم بەتۆ بڵێم من چیم!
خۆم گومانم هەیە کەهەم یان نیم ! ( د:هێ : 2012، 299)

خەمی پیری لەم دەقەدا بەڕوونی دەبینرێت ، هێمن چەندین وێنەی لێکچواندنی دروستکردووە بەهۆی بەراوردکردنی تەمەنی پیری خۆی لەگەڵ کەرەستە و گیاندارانی دەوروبەریدا ، پیرییەک کەپڕە لەئازار و ناڵە ، پیرییەک کە هێزو توانای لێ بڕیووە ، بەجۆرێک پیری پەرێشانی کردووە نازانی هەیە یا نییە ! شاعیر گلەیی دەکات و ناڕازییە لە ژیانی پڕ لە حەسرەتی ئێستای ، هێمن هاتووە بەراوردێک دەکات لەنێوان ئەم ژیانەی ئێستای (پیری) ، لەگەڵ هەندێ لە ڕەگەزە و

پێکهێنەرەکانی سروشت، بۆ نموونە: وێنەی لێکچواندنی لە نێوان خۆی و (باڵە سوتاوەکانی پەروانە) ، (شوشەی بادەی بەتاڵ) ، (چڵە ڕێحانەی دووره دێراو) ، (سازی ناساز) ، (تکەئاونگی سەرگەڵای زەرد)، دروستکردووە ، وەک ئاماژەیەک بۆبێ هێزی و پەراوێزخراویی و بێ کەڵک (پیری)، کەهەریەکێک لەمانە هەن ، بەڵام بەتامی نەبوون ! شاعیر گلەییەکەی بەوە کۆتایی پێدەهێنێت ،کەخۆری تەمەنی وەکو ئاخرین تیشکی پایز وایە ، واتا : پیری میوانیەتی و تەمەنی بەرەو کۆتاییە ! حاڵەتێکی نۆستالیژی تەواو تەواو دروست بووە

ئەو پەنجەی وا لەبێهێزی دەلەرزێ

کوشیویەتی مەمکۆڵەی بالابەرزێ

ئەو ددانەی ئێستێ نەماوە تاقی

گەستۆیەتی زۆرجار چەنەگەی ساقی

ئەو چاوانەی سۆمایی لێ بڕاوە

هێند لەجوانان داگیرا ،داگیراوە

ئەو لێوەی وائێستێ باری گرتووە

کوڵمەی نەرم و نۆڵی یاری گرتووە

ئەو باهۆیەی زەمانە لێی بڕی هێز

کام کیژ جوانە گرتویەتیە نێو ئامێز

ئەو دڵەی واژوانی دەویست و جوانی

ئێستا پڕە لە غەم ، لە نیگەرانی

ئەو پێیانەی شەرزەی کردووە کوترو کوان

ماندوو نابوو قەت لەهاتو چۆی جێ ژوان ( د:هێ :2012، 373)

ئەگەر پیری بریتی بێت: لەهەڵکشانی تەمەن و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕوخسار و لاشەدا دێن ، ئەوە پیری زیاتر لەو گۆڕانکارییانە ، کاریگەریی دەکاتە سەر لایەنی دەروونی مرۆڤ ، واتا : ( پیربوون لەحاڵەتە ئاسایەکەیدا قۆناغێکی ژیانە و زۆربەی جار هاوشانە لەگەڵ کامڵ بوون و هەبونی زانیاری و ئەزمونی زۆر لەبارەی ژیانەوە ، هەروەک چۆن پیری ئاخرین

قۆنـاغی ژیـانه ، کەتـاک لێـرەدا هەمـوو ڕابـردوو کۆدەکـاتەوە )(( احمـد: 1390، 76) ، دەقەکە هەردووکـاتی (پیـری و گەنجـی) پـیکەوە گرێـداوە ، شـاعیر دەقەکەی دابەشـکردووە بەسـەر (ڕابردوو – گەنجی )(ئێستا – پیری) ، هەردوو کاتەکەش لەڕێگەی چەندین ئاماژە و نیشانەوە ڕاگەیانـدووە ، وێنەیەکـی پڕئـازار و تراژیـدی کێشـاوە ، وێنەی (دەسـت و پەنـجەی لەرزۆک) دەکێشێ ، بەڵام بەدوایدا ئەم وێنەیە دەبەستێتەوە بەڕووداوەکانی تەمەنی گەنجییەوە ، کەهەست بەجۆریـک لەخۆشـاردنەوە دەکەیـن لەئێسـتای تەمەنـی پیـری هێمنـدا ،هاوشـان جۆرێـک لە دڵدانەوەی خۆی دەبینرێت بەهۆی وێنەکەوە.

دواتر هـێمن وێنەی (بێ هێزی و کزی و لەرزۆکی ( ددان و چاو و لێو) ی ، خـۆی هێناوە ، کەئێستا بەهۆی پیرییەوە دەناڵێنن و ناچالاکن ، دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی گەنجی و یادگارییەکانی ڕابـردووی پـڕ لە ووزە و چـالاکی خـۆی ، کە لەجێژواندا چەنـدین جـار بەهـۆی ددانەوە چەناگەی یاری گەستووە و چاوی لەیار داگرتووە ، لێوی لەرزۆکی ئێستای، کوڵمی یاری پێ گرتووە.

هـێمن تەمەنـی پیـری ئێسـتای پـڕە لە نیگەرانـی و خـەم و حەسـرەت ، حـاڵەتە نۆسـتالیژیەکەش زادەی هەردوو (کات – زەمەن ) ی، پیری و گەنجییە ، واتە: نۆستالیژیا لەدەقەکەدا بەهۆی خەم و ترس لەمردن لەلایەک و خەم و حەسرەتی گەنجی لەلایەکی تر دروست بووە.

## 4-1-2 : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووریی و مەرگی ئازیزان :

مەبەسـت لەنۆسـتالیژیای دووریـی ئـازیزان لەشـیعردا ئەوەیە ، کە گوزارشـت لەهەسـتی شـاعیردەکات ، کەدوای جیابونەوە و دوورکەوتنەوە لەئازیزان لای دروست دەبێت . (الربیعی : 2013، 281) واتا : ئەمەش یەکێکە لەجۆرەکانی نۆستالیژیای تاک : لایەنێکی دیار و هۆکارێکی گـاریگەریی دروسـت بـوونی نۆسـتالیژیایە ، کە بەهـۆی دووری و مەرگـی ئـازیزانەوە لەدەقدا بەرجەستە دەبێت ، جا ئەو دووریە بەهۆی مەرگی ئەندامانی خێزانەوە بێت ، وەکو باوک، دایک، بـرا، خوشـک .....هتـد ، ، یـاخود هـاوڕێی و دۆسـت و ئـازیزانی نەتەوەوە بێـت ، کە لەشـاعیر دووردەکەونەوە ، شـاعیر دەگەڕێتەوە بـۆ یـاد و یادەوەرییەکـانی ڕابردوویـان ، کە تـاڕادەیەک لەشـێوەی لاوانـدنەوەدا دەردەکەوێـت ، (جـاری وا هەیە ، مـردن و حـاڵەتی لەدەسـتدانی گیـانی (ڕۆح) دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی خەم ، بەو مانایەی مردن جۆرێکە لەجیابونەوە و دابڕان ، یـان دوورییەکی هەتاهەتایی ) (( خۆشناو : 2021، 34)) ، یاخود شاعیر بەهۆی دووری و غوربەتەوە ، تاسەی دووری ئازیزانی دڵ و دەرونی گرتێبەردەدەن ، وەکو دووری لە کەس و کار و خزم و

دۆستان ، هۆكاری دووركەوتنەوەش هەندێ جار سیاسی یان كۆمەڵایەتی یان ئابوورین یان شەرو جەنگە.

نۆستالیژیا ، كە بەواتای (خەم و حەسرەتی دووری گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دێت ) ، تاكی كورد بەگشتی دیلی ئەم حاڵەتەن ، نووسەران و شاعیران بەتایبەتی زیاتر ئەم حاڵەتە نۆستالیژیایە لەدەقەكانیان دەبینرێت ، چونكە كورد لەوەتەی هەیە بەهۆی زوڵم و زۆری دوژمنانەوە ، زۆرجار توشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە و دووری چەشتووە ، تاكی كورد بەهۆی لێكەوتە و دەرئەنجامەكانی جەنگەوە، تۆشی ئاوارەیی بووە و زۆرجاریش بێ ماڵئاوایی لە دۆستان و كەس و كار دووركەوتووەتەوە یان دوورخراوەتەوە ، تاسەی دووری بووە بەبەشێك لەژیانی كورد .

**4-1-2 : - أ : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری و مەرگی ئازیزان لەشیعرە كانی پیرەمێرددا:**

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا لەدەقەكانی پیرەمێردا دەبینرێت ، كەبۆتە هۆی دروست بونی خەم و كەسەرێكی زۆر، شاعیر خەم دەخوات، بەهۆی لەدەستدان و مەرگی دایكی و چەندین ناودارو كەسایەتی كورد، چەندین وێنەی خەفەتباری دروستكردووە، كە حەسرەت و ژانی دووریان حاڵەتی نۆستالیژی لەدەقەكاندا بەرجەستەكردووە.

ئاخ ئاخ و داخ داخ ، وەی وەی وەی ڕۆ

هەر هەشت بەجارێك لێم هاتونە سۆ

ئای محمود ئاغای سوارەی مەعییەت

سمێڵ بابڕی بەسام و هەیبەت

بەوەفا و ناموس ، پیاوی قەدیم بوو

بۆ وەزیرانی پێشوو نەدیم بوو

داخەكەم ئێمە قەدرمان نەزانی

هەتاكو ئەجەل فرسەتی هانی

باوەڕم نییە پیاوێكی وەها

لەم زەمەنەدا بێتە دنیا

بۆ تاریخ ئەوەی کە جەرگی داغە

ئەڵێ ئەە سەد حەیف بۆ مەحمود ئاغا ( د:پ: 2013 ، 335)

پیرەمێرد ، هەرلەسەرەتای دەقەکەوە بەهۆی وشە و دەستەواژەی (ئاخ ئاخ ، وەی ڕۆ) ، خەم دەخوات بەهۆی لەدەست دانی محمود ئاغاوە، وێنەیەکی تراژیدی دروست کردووە، لەئەنجامی دورکەوتنەوەی ئەو پیاوە ناودارەوە ، حاڵەتە نۆستالیژییەکە زیاتر بەهۆی گەڕانەوەی پیرەمێردەوە دروست بووە بۆ یاد و یادەوەری و وەصفی محمود ئاغاوە ، کەپیاوێکی خانەدان و بەسام و هەیبەت بووە ، شاعیر حەسرەتی دووری دەکێشێت ، خەمی شاعیر لەلایەک بۆ مەرگی محمود ئاغایە ،لەلایەکی تریشەوە خەم لەخەڵکی شار دەخوات کە تا لە ژیان بووە قەدریان نەگرتووە .

لەساڵی (١٩٥٨) لەشاری سلێمانی لافاوێکی گەورە هەڵساوە ، ئەو لافاوە بوومەلەرزەیەکی بەهێزیشی لەگەڵ بووە ، پیرەمێرد دەڵێ: ئەوە نیشانەی کۆچی دوایی شێخ حسام الدینە.

هێند لەدووری تۆ بەکوڵ دیدەی خوێن بار گریا
بەردی ڕەق شەق بوو ، تەقەی هات و بەهاوار گریا
ئاسمانیش لەشەفەق گریەی خوێنینی هەڵڕشت
هێند بەسەر ڕۆژی ڕەشمدا کە شەوی تار گریا
شەوی دووریت کە ئەجەلم هاتە سەر و نەیکوشتم
تابەیانی ئەویش بۆ جەستەی بیمار گریا
هەور بەسەر باغی گوڵی بەختی منا تێدەپەڕێ
بەزەیی هاتەوە وا وشکە ، بەناچار گریا
ڕێزەدانی تۆ ، شەوێک هاتە خەیاڵی من بۆیە
چاو بەفرمێسکی وەکو گەوهەری شەهوار گریا
خیتتەی میسری و مەحەببەت کە بەوەفا ئاوایە
چاوی من چاوەیی نیلە وەکو جۆبار گریا
دڵی بێچارە لەدەست جەور و جەفای ماهڕوان
قەبری دەروێشی دی وەک گوڵی زرێبار گریا
کەنەما نوری (نەقشبەندی ) لەناو هەورامانا
پیری هەواری لەسەر لوتکەی (هاوار ) گریا ( د:پ: 2013 ، 337)

شاعیر بەهۆی دووری لەشێخ حوسامەدیینەوە ، توشی خەم و حەسرەت دەبێت ، سۆزی دەجولێت و یادی دەکاتەوە ، شاعیر لەدروستکردنی وێنەیەکی نۆستالیژی پڕ خەم سەرکەوتوو بووە ، کاتێک بەهۆی دووریی و وەصفی هیجرانی شێخ حسام الدینەوە ژیانی تاڵ و دەروونی پڕ ئازاری خۆی وێنا دەکات ، شاعیر لە وەصفی حەسرەتباری خۆیدا ، دەڵێ : لەدووری تۆدا هێندە گریاوم ، ئەوەندەم فرمێسک ڕشتووە ، ڕۆژی ڕووناکم تاریک بووە، وەک ئاماژەیەک بۆکوێری بەهۆی فرمێسک ڕشتنی زۆرەوە ، شاعیر بەجۆرێک زیادەڕۆی دەکات لە وەصفی خەفەتباری خۆی ، دەڵێ: جەهەنمم بینی بەڵام نەمردم.

دواتر پیرەمێرد پێی وایە، بەهۆی مەرگی ئەو پیاوچاکەوەبووە ، بەرد شەقی بردووە و ئاسمانیش فرمێسکی زۆری هەڵڕشتووە ، وەک ئاماژەیەک بۆ (بومەلەرزە و لافاوەکەی شار ) ،شاعیر هێندە خەم و حەسرەت لەدڵ و دەرونیدایە ، هێندە یادیکردۆتەوە ، لەخەودا دەم و ددانی بینیوە ، پاشان هاتوە وێنەیەکی چواندنی لەنێوان چاوی خۆی و ڕووباری نیل دا دروست کردووە، چاوی بە ڕووباری نیل دەچوێنێت بەجۆریک نیل چەندێ ئاوی لێ دیتەخوار، چاوی ئەمیش هێندە فرمێسکی لێ هاتۆتەخوار.

کاک ئەحمەدی خۆشەویستی خوا

زۆرکەس بەسایەی تۆوە نان ئەخوا

لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ

هەر تۆ سەربەرزی قەومەکەت ئەوێ

کەلەزیندانیان تێک خزاندبووین

سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین

تۆ چوبویتە لای (بدیع الزمان )

مژدەت دابوویە بەژیان و مان

فەرمووبوت ئێوە نامرن ئەمێنن

تاسەر ئازادی گەلتان ئەسێنن (د:پ : 2013، 112)

پیرەمێرد لەم دەقە لەپاڵ یادکردنەوەی کاک ئەحمەدی شێخ، ڕاستەوخۆ گلەیی لەڕۆژگار و دەوروبەر دەکات ، واتا خەم و حەسرەتی شاعیر تەنها بەهۆی دوورکەوتنەوەی مەرگی شێخ ئەحمەدەوە نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەویشدا خەمی ئەو خەڵکە دەخوات کە بەهۆی ناوی شێخ ئەحمەدەوە پاروە نان دەخۆن ، وەک نیشانەیەک بۆ خەڵک ڕووتاندنەوە، کە دیارە ئەم دەستەواژەیە بۆخۆی مەجازییە ! پاشان پیرەمێرد خەمی چاکە و دووری شێخ ئەحمەد لەڕێگەی خەوێکی بەدیع زەمانەوە دەگێڕێتەوە ، کە کاتی خۆی شاعیر لەزیندان بووە و ئەم هاتۆتە خەونی و مژدەی ئازاد بونی پێدابوون ، کەواتا : حاڵەتە نۆستالیژیاکە، لەنێوان نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری ئازیزان و نۆستالیژیای داهاتوو بەرجەستە بووە ، چونکە پیرەمێرد پێی وایە مژدەی ئازادبوون و سەرکەوتن و گەیشتن بەئاواتی پێدراوە  ئازیزان لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە .

**2-1-4 : - ب : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری و مەرگی ئازیزان لەشیعرە کانی دیلاندا :**

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، بۆتە بەشێکی دیار لەشیعرەکانی دیلان ، لەشیعرەکانیدا خەم و حەسرەتی بۆلەدەستدانی (باوکی ، شێخ محمودی نەمر ، بێخود و چەندین هاوڕێ و دۆست و دراوسێی خۆی دەربڕیووە ) . دیلان لە نوگرەسەلمانەوە بۆ یادی کۆچکردوی باوکی توشی خەم و حەسرەتی دووری بووە و دەڵێت:

گڕەی پەژارەی دووری دیدارت

قرچەی هەڵهێنا پێستی ئارامم

گەردی سەرگوڵی وونی ڕوخسارت

شێوانی وێنەی تان و پۆی فامم

شەرای بێ وادەی تاسەی رەنجووری

سووتانی .... تەرز و گوڵی ئامانم

قرچەی نیوەڕۆی هیجرانی دووری

پەڕو پۆی ئۆقرەی هەڵچوزانم

گێژەلۆکەکەی دەم ملە ماتەم

بردی بەیداخی جۆشی دەماخم

تەمی ئێوارێی گوێی خەم

داپۆشیَ گردی بناری ئاخم ( د:دی : 2013 ، 181)

شاعیر لەم کاتەدا بەهۆکاری سیاسی زیندانی کراوە و دوورخراوەتەوە ، دوورە لەشار و شوێن و کەس و کار و ئازیزانی ، ئەمەبۆخۆی دەرونی پەرێشان کردووە و تووشی نامۆیی بووە ، لەمەش کارەسات بارتر هەر لەزیندانەوە، هەواڵی مەرگی باوکی دەبیستێت ، ئیدی هەوری ڕەشی خەم ئەوەندەی تر ئاسمانی ژینی تاریک دەکات ! ئەوەندەی تر کاریگەریی ناخۆشی بەسەرەوە بەجیَ دەهێڵیت.

دیلان لە غەریبییەوە ، سۆزی دەجولێت و حەز و ئارەزووی دیدار و یادی باوکی دەروونی گرتێبەردەدات ، هەروەک خۆی دەڵیَ : خەم و پەژارەی دووریی گڕی لە دڵ و جەستەم بەرداوە، دیلان بەردەوام دەبێت لە هەڵڕشتنی خەم و حەسرەتی دووری، ئەمجارە پەنا دەباتە بەر درووستکردنی وێنەیەکی لێکچواندن لە نێوان (رووخساری باوک و گوڵ) دا، پێی وایە ئیدی کە رووخساری باوکی لیَ ونە فام و هۆشێکی نەماوە.

شاعیر هاتووە خەمی هیجران و دووری باوکی ، بە گەرمای تاقەت پڕوکێنی نیوەڕوانی سارای نوگرەسەلمان چواندووە، کە پەڕ و باڵی هەڵقرچاندووە، حاڵەتە نۆستالژییەکە گەیشتووەتە ئەو پەڕی دۆخی کاریگەریی و ئاوێتەی خەم و حەسرەتی دووریی بووە.

لەم دەقەشدا دیلان بەبۆنەی کۆچی بێخودی شاعیرەوە دەگاتە ئەوپەڕی حاڵەتی نۆستالیژی!

خۆمنیش وەک تۆ گێژی ماتەمم ڕەشە ئاسمانم

وەکو تۆ وێڵی دەشتەکەی خەمم خوڕەگیانم

نەک من و نەک تۆ بارەگاو تەختی شیعروسەلیقە

ڕەش پۆش و زیزە واشکا بەختی کەوت لە تریفە

فریشتە تک تک دڵۆپی چاوی وەکو مرواریی

ئەبارێتە سەر جۆگەی زوخاوی بۆ کوردەواریی

ئەزانیَ مەلی نوکتەو گفتو گۆ کۆچی کردووە

دەزگاو تەرازووی ئەدەب ئەلێ ڕۆ     بێخود مردووە (د.دی: 2013 ، 188)

دیلان لە یادی بێخوددا، خەم و حەسرەتێک دای دەگرێت، بەجۆرێک بە هۆی مەرگ و دووری بێخودەوە، گێژ و ماتەمبار و دڵ شەقار شەقارە، سەراپای ئاسمانی ڕەش و تاریکە، سۆزی دووری بۆ دەجولێت و یادی دەکاتەوە، ئەمەش دەیگەیەنێت بە حاڵەتە نۆستالیژیاییەکە .

شاعیر هێندە دەروونی ئالۆزە بەهۆی ڕووداوەکەوە (مەرگی بێخود)ەوە ، وێنەی فرمێسکی ڕژاوی فریشتەکانمان بۆ دەکێشێت، شین و حەسرەتی کۆڕی کوردەوارییمان نیشان دەدات ، ژان و ئازاری ئەدیبان و هونەردۆستانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەیادی حەسەنی هاوڕێشیدا دەڵێ:

حەسەن .... هێجگار شیرین بوو

هاوڕێی وەنەوشەو شین بوو!..

هەودای ڕۆشنایی ژین بوو

خۆشەویستی نەسرین بوو

بیرو بڕوای ڕووناک بوو

دەروون بێ گرێ و پاک بوو

هەستی پڕ بوو لەجوانی

لەیادی نیشتیمانی

هەرچەن لەووڵات دوور بوو

بۆووڵات گڕی سوور بوو

ئەسوتا بۆ ڕووناکی

بۆنەتەوەی هەژاری     (د.دی: 2013 ، 211)

دیلان لە وەسفی(پەسنی) (حەسەنی هاوڕێی) دا، داخ و کەسەری دووری دڵەی پڕ سۆزی دەکاتە، ، حاڵەتە نۆستالژیاکە گڕ لە دەروونی بەردەدات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ یادگارییەکانی ڕۆژانی ڕابردووی ئەم هاوڕێیەی، تاسەی دووری پاڵنەرێکی باشە بۆ وەصفێکی(پەسنی)جوان

و ڕۆمانسییانەی حەسەن. ئەوەتا لە وەصفی(پەسنی) ئەم ئازیزەیدا دەڵێت: ئەو مرۆڤێکی فرە شیرین بوو، هێندەی وەنەوشە شین و جوان بوو، تێکۆشەرێکی بە باوەڕ و نیشتمانپەروەر بوو. گەڕانەوەی دیلان بۆ ئەم یادەوەرییانە لە ئەنجامی خەم و حەسرەتی دووریی هاوڕێکەیەوە بووە.

## 4-1-2 : - ج : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری و مەرگی ئازیزان لەشیعرە کانی هێمن دا:

هێمنی ئاوارە و دوورە نیشتیمان ، بەهۆی دووری لەکەس و کار و خزم و ئازیزانی ، تووشی خەم و حەسرەتی دووری بووە ئۆقرەی لێ بڕاوە بۆ دیداری ئازیزانی ، بەڵام دەردی هێمن دەردێکی بێ چارە و گەورەیە! هۆکارەکە سیاسییە، ئاسان نییە دەست بەرداری غەریبی و دوور وڵاتی بێت ، نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری ئازیزان لەهەردوو دیوانە شیعری (بارگەی یاران وناڵەی جودایی ) دا ، بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت ، شاعیر بەهۆی ئاوارەیی و دوورە وڵاتــی یەوە لەزۆربەی ئــازیزانی دووربــووە ، نەیتوانیــوە بەشــداریی خۆشــی و ناخۆشیەکانی کەس و کاروئازیزانی ببێت ، ئەمیش بۆتە هەوێنی لەدایک بوونی چەندین دەقی نۆستالیژیی خەم و حەسرەتی دووری ئازیزان .

یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو

لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی

چۆن پەنا بۆمەی نەبەم ساقی ئەدی ؟

نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم!

نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم ( د:هێ :2012، 282)

هێمن بەهۆی غوربەت و دوور وڵاتییەوە ، خەم و حەسرەتی دووری دایگرتووە ! ئۆقرەی لێ بڕاوە و دەرونی ئاڵۆزبووە ، خەو و خواردنی لێ تاڵ بووە ، یادی یاران و ئازیزان و دوور وڵاتی هێمنی گەیاندووە بەوپەڕی حاڵەتی نۆستالیژیا ، شاعیر هەست بەدڵتەنگی و نامۆیی دەکات ، خەم ڕەوێنێک نابینێ ، بۆیە پەنا بۆمەی دەبات ، بۆئەوەی هەندێ لەخەم و حەسرەتی دووری لەبیرخۆی بەرێتەوە ، ((جاتێکەڵ بوونی ئەم هەستە ، بە غوربەت و ئاوارەیی و نامۆیی ، کە تێکەڵ بە ناخی مام هێمن بووە ، بووە بە هاوار ناڵەی هەموو ئاوارەیەکە)) ( دەشتی : 2009،

276)، کاتێک شاعیر چاو دەگێڕێت و کەس نابینێ ، توشی حاڵەتی نۆستالیژیای دووری ئازیزان دەبیت .

هەمیشە دەرد دەبینم ، دەرد دەبینم
درۆی دوژمن ، دەهۆی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کەڕەنگی نەوبەهاری زەرد دەبینم
بەسۆزەی با کەسکڵی دڵ گەشاوە
دەرون پڕ سۆزو فرمێسکم خوناوە
لەدووری لەیلا بەواوەیلا وو شیوەن
دەرۆم و پۆلی شینگێڕم بەدواوە
بزەی هاتێ گوتی : ڕوناکە ئاسۆم
وەرە جەلاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە مێداڵی ئیفتیخارە
کەبومە قارەمانی میللەتی خۆم
ئەوەی بیست شاعیرو گریا بەزاری
ئەگەرچی بەسترابوو لێو و زاری
گوتی : لەیلا هەمیشە پایەداری
لەژێر خاکا لەپێش چاوان دیاری
کەتۆ تۆرای لەچاوان وەک خەوی من
لەبسکت ڕەشترە مانگە شەوی من
برۆ مەجنون ! بەلەیلاکەی خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر ڕۆی ئەوی من (د:هێ:2012، 342)

شاعیر بەهۆی مەرگی یادی (لەیلا قاسم ) ەوە ، دەقێکی بارگاوی بە نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دوور دروستکردووە.

هێمن بەئاشکرا بەهۆی ئاماژەکانی (دووری لەیلا ، دەروون پڕ سۆز و فرمێسکی خوێناوی ) ەوە ، خەم و حەسرەتی دووری ئازیزێکیمان پیشان دەدات ، شاعیر ناڵەی دەروونی کوڵ دەدات و ڕق و تۆڵە بەسەر دوژمنی کورددا دەبارێنێت ، سەرباری نیشاندانی وێنەیەکی خەفەتبار، بەهۆی دوورکەوتنەوە و مەرگی لەیلا قاسمەوە ، بەراوردێکی نموونەیی و جوان دەکات لە نێوان تۆرانی لەیلا (وەک ئاماژەیەک بۆ دوورکەوتنەوە و مەرگ) ، (خەو

تۆرانی(زڕان) خۆی) ،  وێنەیەکی لێکچواندن دروستدەکات، پاشان هێمن وێنەیەکی لێکچواندنی تر لەنێوان مانگەشەو و بسکی ڕەشی لەیلادا، کەئەمە هەم وەصفە و هەم یاد ، پاشان ڕووی دەم لەمەجنون دەکات ! پێ دەڵێت: ئەگەرچی لەیلاکەت نەوەندە جوان بووە ، بەڵام هێمن پێی وایە لەیلا قاسم شاجوانتر و بەناوبانگترە ، گەرچی دوژمن لەیلای لێ دورخستینەوە ،! بەڵام ناوناوبانگی تا دونیا دونیایە دەمێنێتەوە و ئاسۆ ڕوونە  .

هەرلەبۆتانەوە  هەتا سۆران
هەموو سۆرانی شینە بۆ گوران
هەر لەکوێستانەوە هەتا گەرمێن
یەخەمان دادڕاوە تا دامێن
لەجەزیرە هەتاکوو بەحری ڕەش
نییە کیژێ سەری نەنابێت لەهەش
لەدیاربەکرەوە هەتاورمێ
سەربەقوڕ،مل بەکوێنە نێرو مێ
هەرلەکەرکوکەوە هەتا سنە
شین و ڕۆڕۆ و فغانی پیاو و ژنە
لەمەریوان هەتا زێبار
وەک زرێبارە چاوی کوردی هەژار
هەر لەزاخۆ هەتاکوو کرماشان
پرسەیە ، ماتەمە ، بەرخۆدان
لەمەهاباد هەتا سلێمانی
ناڵە – ناڵە لەباتی گۆرانی
هەرلەبێچارەوە هەتا شەمزین
کچ و کوڕ ، لاو و پیر ی کورد شەمزین
لەشنۆ هەتا سەنجابی
توشی کوردێکی بێ کەسەر نابی
هەرلەهەولێرەوە هەتا پاوە
نەتەوەی کوردپەشێوە تاساوە
جاچلۆن دڵ بەخەم نەبین ، نەگرین
جاچلۆن کۆڕی شینی بۆنەگرین؟
شاعیرێک بوو بەنرخ و بێ وێنە

بیری ڕۆشن بوو چەشنی ئاوێنە
پێشڕەوی گەل بوو ،نەک لەگەل کەوتوو
تاکی کەم بوو لەجوان پەرستیدا
هەستی پاک ،مێشکی تازە ،بیری نوێ
شیعری پڕسۆز، قسەی بەتام و خوێ
دڵتەڕو خۆش خەیاڵ و ناک بین
بەهونەرشارەزا ،وشەی ڕەنگین
پێم پەری شیعرو مۆسیقای تۆران
بۆیە بردیانەوە سەری گۆران
یاخودای جوانی توڕەبوو لێمان
ئەوچرایەی ڕەوا نەدی پێمان
ڕۆژگار گەوهەری وەبن گڵ دا
داخی ئەو مایەوە لەناودڵدا
داخەکەم ئەوبڵێسەیە دامرکا
کەخەریک بوو وڵاتی ڕۆشنتر بکا
ڕۆیی گۆرانی خۆشەویست ڕۆیی
شین و ڕۆڕۆیی گەلی نەبیست ڕۆیی
ڕۆیی ئاواتی بردە بن گڵی ڕەش
ڕۆیی کورد ماوە بێکەس و بێبەش (د:هێ:2012 ، 202)

لە ئەدەبیاتی کوردیدا شاعیران ((لەمەرگی خزم و هاوڕێیان و کەسە نزیکەکاندا ، فرمێسکی خەم و حەسرەتبارییان هەڵڕشتووە ، تێکستی خەم نامە و ماتەمباریان بۆهۆنیوەتەوە )) (دەشتی : 2014، 21) ، شاعیران کاتێک لەنێوان خۆیانندا هاوڕێیەکی شاعیریان دووردەکەوێتەوە و ماڵئاوایی دەکات ، لەخەم و حەسرەتی دووری دا ، ماتەم نامەیان بۆ هۆنیوەتەوە ،! یاد و یادەوەرییان لەهزر و دیدی ڕۆڵەکانی گەلدا بەزیندوویی هێشتۆتەوە.

هێمن لەخەم و حەسرەتی مەرگی گۆرانی شاعیردا ، باس لەو زیانانە دەکات کە گەلی کورد بەهۆی مەرگی گۆرانەوە پێ گەیشتووە ، هێمن هێندە دڵ پڕ لە ئازار و حەسرەتە ، کەهاتووە وێنەیەکی شینگێڕی هەموان دەگێڕێتەوە ، بەناوی هەموانەوە دەلاوێنێتەوە ، وێنە خەمبارییەکەی گەلی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان بەناوهێنانی ( میرنشینی بۆتان و سۆران ، جەزیرە تا تابەحری ڕەش ، دیاربەکرتا ورمێ ، لەکەرکوک تا سنە ، لەوێشەوە بۆ مەریوان و زاخۆ و کرماشان ، لەمەهاباتەوە تاکو سلێمانی ، شەمزین و سنوری هەولێر

دەکێشـێت و نـاڵەی و بـێ چـارەی گەل نیشـان دەدات ، پاشـان هـێمن دێـتە سـەر بـاس و یادگارییەکانی گۆران و کردار و ڕەفتارەکانی دەگێڕێتەوە، کە ئەمە بۆخۆی نۆستالیژیایە، هێمن وەکو هـاوڕێ و هاوزمـانی گۆران خەفەتبـار و دەردەدارە بۆ مەرگی گۆران بۆیە لە وەسفی گەورەیی و بلیمەتی گۆراندا بەردەوام دەبێت .

((چونکە یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، ئەوەیە کە شـاعیران ستایشـی خوو ڕەوشت و بەرهەم و هەڵوێستی کۆچکردوو دەکەن ، کەلەژیاندا هەیبووە ))( محمد: 2012، 280) ، لەکۆتایشدا شاعیر دەگاتە ئەو ڕاستییەی چیتر گۆران بوونی نەماوە و مردووە ، دەڵێ : داخەکەم ئیدی ئەو بڵێسـەیەدامرکایەوە، وەک ئامـاژە بۆمەرگی گۆران ، بۆیە هـێمن یش وەکو هەمـووان بەشـین و ڕۆڕۆوە ، درێـژە بەئـاواتی پـێ نەگەییـوی گـۆران دەدات و کۆتـایی بەدەقە حەسرەت بارەکە دەهێنێت.

## 2-1- 5 : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی نیشتیمان:

کە نۆستالیژیا بریتـی بێت: لە گەڕانەوە و گواسـتنەوەی یـاد و یـادەوەریی هـونەریی (لەکـات و شـوێنی ئێسـتادا ، بۆکـات و شـوێنی ڕابـردوو) ، ((بلـوله زیـن : 2010، 14)) ، لەهەمـان کاتتـدا زیـادەڕۆیی نییە ! ئەگەر بڵێین: کـاریگەرترینی ئەو ڕووداوانەی بەسـەر مرۆڤدا دێن ، بـریتین لەتەنهایی و دورکەوتنەوە لەشوێن و نیشتیمانی خۆت ، !

یەکێک لەو(( ڕەهەنـدە قوڵانەی ، کە ئەدەب وابەسـتەی دەوروبەر و کۆمەڵگادەکات نیشـتیمانە ، پەیوەندی مرۆڤ بەخاک و زێدەوە ،پەیوەندییەکی ئەزەلی و ئۆرگانی فرەجەمسـەرە ))(( رشید و امـین : 2014 ، 173)) ، کە مـــرۆڤ هێنـــدە وابەســـتەی خـــاک و نیشـــتیمان بێـــت ، چـــۆن بەدوورکەوتـــنەوەی خەم و حەسـرەتی دووری دایناگرێـت ، بەسـەربردنی ژیـان لەغـوربەت هەسـتێکی وا لای مـرۆڤ دروسـت دەکـات ، کە هەنـدێ مـرۆڤ دەگەیەنێـتە لێـواری مەرگ ، واتلێدەکات ، کە هەموو کات یادی کوچە و کۆڵا و شـار و وڵات و ئازیزانی نیشـتیمان بکەی ، نیشـتیمان پانتـاییەکی فـراوان لە بیـر و مێشـک و دەرونـی مرۆڤدا داگیـر دەکـات ، لەدووری و غوربەتتدا دڵی مرۆڤ هێندەی پەڕەی گوڵ ناسک دەبێتەوە ، بەجۆرێک ئەوشتانەی جاران لێیان بێزابوو و لێیان هەڵدەهات ، ئێستا بەتاسـەوە ئـارەزووی دیدار و پێگەیشـتنیان دەکات ، تاسـەی هەواڵپرسینی ئازیزێکیت ! تەنـانەت حەز بە هەواڵپرسـینی ئەوانەش دەکەیت ، کە جـاران حەزت پێیان نەبووە ، لەغوربەتدا بۆ هەرکوێ بچیت خەم و حەسرەتی نیشـتیمانت بەکۆڵەوەیە ، واتـا : مرۆڤ پەیوەست بوونێکی سەیر و ناسروشتی بەو جێگەیەوە هەیە ، کە تێیدا لەدایک بووە.

ئەمە بۆ شاعیری هەست ناسکیش ڕاستە ، شاعیر هەمیشە بەتامەزرۆییەوە ، بەئاواتی بۆن و بەرامەی باران و بای نیشتیمانە ، تاکو تۆزێک تاسەی دووری پێ بشکێنێت ، ئاواتەخوازی بینینەوەی خۆری دەم کەل و پیاسەیەکی ئێوارانی شار و نیشتیمانە ، ((لەبەر ئەوەی شاعیر هەرگیز ناتوانێ دابڕاو بێت لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خۆی و ئەوشوێن و زێدەی تێیدا گەورە بووە )) (مصطفی : 2009، 43) ، لەغەریبی و دووریدا ، بۆنێک دەنگێک شێوە و ڕەنگێک ، ڕووداو و باسێک مرۆڤ (شاعیر) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوشوێن و کۆڵان و گەڕەکەی (منداڵی گەنجی ) تێدا بەسەربردووە ، بۆیە خەم و دووری نیشتیمان دوانەیەکی وابەستەی یەکترن.

ئەگەرچی مرۆڤ هەندێ جاربەهۆکاری جۆراوجۆر لەنیشتیمانی خۆی دووردەکەوێتەوە ، بەئاواتی گەیشتن بەژیانێکی باشتر و کەشێکی ئارامتر ، بەڵام لەغەریبی و دوورییدا ، چاویان پڕدەبێت لەفرمێسک ، دەروونیان پڕدەبێت لەخەم و حەسرەت ، سۆزێکی وێرانکەر یەخەیان دەگرێت و قوڕگیان پڕدەکات لەگریان ، بە تامەزرۆییەوە هەوڵی گەڕانەوە دەدەن بۆ نیشتیمان.

شاعیران و نووسەران ، بەدوورکەوتنەوەیان لەنیشتیمان ، زیاتر بەرهەمی داهێنراو دەخوڵقێنن ، کە گوزارشت لەوسۆزەی ناخیان دەکات ، حەزی گەڕانەوەشیان ، لەڕێگای گێڕانەوەی یادگاری و ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی نێو شارو شارۆچکەکانی نیشتیمان چەندین وێنەی پڕحەسرەت دروست دەکەن.

شاعیرانی سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ڕامیارییەوە تووشی ئاوارەیی و خەریبی بوونە ، نۆستالیژیای خەم و حەسرەت و دووری نیشتیمان لەچەندین دەقی شیعرییان دەبینرێت.

## 2-1- 5 : - أ : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی نیشتیمان لەشیعرەکانی پیرەمێرددا:

گەڕانەوە بۆنیشتیمان لەشیعرەکانی پیرەمێرد، لایەنێکی دیاری نێو دیوانەکەیەتی ، ئەمجۆرەی نۆستالیژیا بەهۆی ئەوەوەیە ، کەشاعیر تەمەنێکی لەوڵاتی غەریبیدا بەسەربردووە ، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی، هەستی نۆستالیژی و غەریبی بەئاشکرا بەهەندێ لە دەقەکانیەوەدیاربێت ، ((جا دیاریشە تاقیکردنەوەکانی پیرەمێرد لەژیاندا ،چ لەناونیشتیمان ، چ دووری نیشتیمان هەڵگری هەمان سیمای خۆشەویستی وڵاتەکەین ، وەک دەزانرێت پیرەمێرد بە خۆشەویستی و هەوێنی نیشتیمان پەروەرییەوە نیشتیمانی بەجێ هێشتووە))(مستەفا : 2008، 16) ، لەڕاستیدا گەڕانەوەی پیرەمێرد بۆ نیشتیمان دەکرێت بەهۆی حاڵەتی نۆستالیژیاوە تەماشابکرێت ، ئەگەرتەماشابکەین دەبینین (گۆرانی شاعیر) لەوبارەیەوە دەڵێت : (( چارەکەچەرخێک لەمەوبەر ئاگری جگەری

نیشتیمان وایلێکرد ، دەستی لەدووپارچە جگەری خۆی پێ هەڵگرتی، لەئەستەمبوڵەوە خۆی گەیاندەوە گوێ ئاگردانەکەی ، کەسەردەمانێک قەلەندەرخانەت ناو نابوو ))( سجادی : 1951، 76).

پیرەمێرد، هەرلەخاکی غەریبیەوە لەوڵاتی تورکیاوە ، بەدەروونێکی ماندوو و شەکەتەوە ،ئارەزووی دیدار و گەیشتنەوە بەدایکی نیشتیمان ئۆقرەی لێهەڵدەگرێت ، بەخەیاڵ بەرە و شاری سلێمانی دەفڕێت و دەڵێت :

ئەوا ڕووم کردە تۆ ئەی دایکی موشفیق بیست و پێنج ساڵە
لەغوربەتدا ، بەیادی تۆ ئەژیم خوا شاهیدی حاڵە
بەیانی دا ، نەسیم لای تۆوە هات، بۆنی وەتەن پێوە
ئەوا نوسرایەوە پیرانە سەر عومرم لەسەر نوێوە
ئەڵێن نەفحەی ژیانی پێوە ، بادی بەهار وایە
بەسروەی بای وەتەن ماوم بەهار و بای لەلام "با" یە
(ترین ) جوڵایەوە ، واکەوتە ڕێ ، باوەڕبەخۆم ناکەم
خەوە یاخود خەیاڵ ، یاراستە ئەم حاڵی فەرەحناکەم
هەوای تەختی سلێمانی هەیە ، باد ترین ، بابێ
(بڵا) بابێ لە (شهبا ) بێ ،
لە(فیحا) بێ ، لە (زورا ) بێ (د:پ : 2013 ، 67)

شاعیر نایشارێتەوە ، کە 25 ساڵە لەغەریبیدا بەیادی نیشتیمانەوە دەژی : لەگەڵ ئەوەی ژیان لەغەریبی ، لەڕووی شەقام و ژیانی بەرجەستەوە خۆشتر و باشتر بووە ، بەڵام هەر بەیادی نیشتیمانەوە ژیاوە ، بۆئەمەش خوا دەکات بەشاهید بەسەرخۆیەوە ، کەچەند پەرێشانی دیداری کوچەوکۆڵانی شاربووە ، لەگەڵ بڕیاردانی شاعیر بەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان ، ئیدی لەگەڵ بەیاندا نەسیم بۆن و بەرامی نیشتیمان دەگەیەنێتە شاعیر، بۆیە بەو تەمەنی پیریەوە سەرلەنوێ تەمەنی دەست پێدەکاتەوە ! شاعیرهێندە ئارەزووی گەڕانەوە دەکات ، پێی وایە بای بەهاری نیشتیمان وەکو: (نەفخی سوور) سەرلەنوێ ژیان زیندوودەکاتەوە ، تەنانەت ئەوکاتی سواری شەمەندەفەر دەبێت و دەکەوێتە ڕێ، هێشتا باوەڕ بەچاوەکانی ناکات و پێوایە ( خەوە) ، هێندە تامەزرۆی دیداری کوچەو شەقامی نیشتیمانە ، ئا ئەمەیە حاڵەتە نۆستالیژییەکە ! واتا: گەڕانەوە بۆ سلێمانی ئاواتی لەمێژینەی بووە.

پاشان پیرەمێرد دار و بەردی سلێمانی بەراورد دەکات لەگەڵ شوێن و بەها گرنگەکانی دونیادا ، ئەوەی نیشتیمانی خۆی، بەپیرۆزتر و بەبەهاتر دادەنێت . کاتێک دەڵێ :

بەچاوما بێ ئەگەر لەتۆزێک لەتۆزی  بای سلێمانی
کەنووری تووره، تووریک ناهێنێ سورمەی (سلێمانی )
کەبا بۆنی گوڵێکی (کانی با ) بێنێ لەلام وایه
تەلای کەیخوسرەوی وەک گەنجی باداوەر هەمووی بایه
گزنگی خۆر ئەداته بەفرەکەی شاخی (عمر گدرون )
بریقەی خۆشتره لای من له دورڕ و گەوهەری قارون   (د:پ: 2013، 68)

پیرەمێرد لەدوورەوه لەوڵاتی غەریبیەوه ، لەوەسف و مەدحی شاری سلێمانی دا زیادەڕۆیی دەکات ، کاتێک پێیوایه تۆز و خۆڵی شاری سلێمانی پیرۆزتر و بەبەهاتره ، لەتۆز وخۆڵ و خاکی (کێوی تورڕ) ، شاعیر پێی وایه بۆنی گوڵ و باخی (کانی با ) ، تیشکی سەرلوتکەی شاخی پیرەمەگروون(عومەر گەردوون) ، له دوور و گەوهەری قاروون به بەهاتره ، ئا ئەمه لوتکەی حاڵەته نۆستالیژییەکەیه.

پاشان پیرەمێرد بەدەم یادی ڕابردووه وه باس له بەنرخی بەرهەمی نیشتیمان دەکات و دەڵێ :

<u>بەئاواتی</u> ئەخوازن خەڵک تەعامی مائیدەی عیسا

هەمووی حەڵوا گەزۆیەک ناهێنێ دەستم کەوێ ئێستا  (د،پ :2013، 68)

شاعیر لەوەسفی بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی شاری سلێمانی بەردەوام دەبێت ، ئەمجاره هاتووه بەراوردێک لەنێوان (مائیدەکەی عیسا) و گەزۆی بەنرخی سلێمانی دەکات ، گەزۆی نیشتیمان بەبەنرختر دادەنێت ، حاڵەتی نۆستالیژیا وای لەپیرەمێرد کردووه ، که هەموو شتیکی نیشتیمانی لاجوان و بەنرخ بێت  .

دوای ئەوەی شاخی گۆیژەشی لی قەدەغەدەکرێت ، حەزی گەیشتن بەگۆیژه و خەمی نیشتیمان لەم دەقەدا بەرجەسته دەبێت و لەو بارەیەوه دەڵێ :

ئەمەوێ گۆیژه و ئەزمەڕ بێت بەڕێم

وەک قەیسی دوجەیل پیایا بگەڕێم

لەگەڵ باڵنده و دڕندەی یاربم

وەک تاق تاق کەره شەوان بێدار بم

هەرجێیەک خاکی وڵات پڕنم بێ

هەرشوێنێ دانەی ئاو لەسەرلم بێ

ئە و جێیە جۆشی گریانی منە

ئەوە هەواری هاواری منە (د:پ: 2013، 51)

خەمی نیشتیمان تەنها لەوکاتە دروست نەبووە لای شاعیر ، کەلەنیشتیمان دووربووە ، بەڵکو کاتێک یادکردنەوەی نەورۆز و چوونە گۆیژەی لێ قەدەغە دەکرێت ، گڕ لە دەروونی بەردەبێت ،هەوری ڕەش ئاسمانی ژینی تاریک دەکات ، تووشی نۆستالیژیای خەمی دووری گۆیژە دەبێت ، ((شاعیر لەم دەقەدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خەم و ئازارخواردن و ڕەشبینی))(عومەر:2021،141) ، شاعیر حەز و ئارەزووی (شوێن- ئەزمەڕ و گۆیژە) لەدەرونیدا دەچەسپێت ، دەیەوێت لەو سروشتە جوانە هاوڕێی باڵندە و گیانداران بێت ، چونکە پیرەمێرد لەو لوتکەیەوە دەیەوێ هاواری نیشتیمان بەگوێی جیهاندا بدات.

## 2-1- 5 : - ب : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی نیشتیمان لەشیعرەکانی دیلاندا:

دیلان، وەکو هەر شاعیرێکی تری کورد نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی نیشتیمان بووە بە بەشێکی گرنگی شیعرەکانی ، بێگومان بارودۆخی سیاسی و رامیاری و کۆمەڵایەتی پاڵنەری ئەمەن ، ئەم جۆرەی نۆستالیژیا بەروونی لە شیعرەکانی دیلاندا دەبینرێت ، ئەگەر چی دیلان ساڵانێکی زۆر ئاوارە نەبووە و لە غەریبیدا نەژیاوە وەکو پیرەمێرد و هێمن ، بەڵام ئەم جۆرەی نۆستالیژیای تاک لەشیعری دیلاندا بەهۆی گرتن و دوورخستنەوەی شاعیر بۆ زیندانی نوگرەسەلمان، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەوسای عێراقەوە لە شیعرەکانیدا دروستبووە ، واتە نۆستالیژیای خەمی نیشتیمان بەجۆرێکی جیاوازتر لای دیلان دەبینرێت ، ئێمە ئەو شێوە جیاوازییە دەخەینەڕوو:

دەقی (گوڵی سارای خواروو) شاعیر لەزیندانی نوگرەسەلمانەوە بەتێڕامان لەگوڵی ژێر بەردێک ، خەمی دووری نیشتیمان دەردەبڕێت،

تۆئەوێت نەویست ڕەشەبای قایم

تۆوی فڕانی بۆئەم پەڕی دوور

بۆ ئەو جێگایەی هەمیشە ودایم

پڕله لوورەیەو لەنینۆکی سوور

بەڵێ وەکو تۆ منی ئاوارە

ویستم بخوێنم چۆن دڵم ئەڵێ

خوێندم ڕوومکردە ئەوشەوقەی دیارە

کەواخەریکە ئاشکرا هەڵێ

خوێندم چۆن دڵم بۆی نۆتەکردم

ئەشخوێنم هەتا جوڵەم تێدابێ

سەرێ بووسەدجار هێنام و بردم

ڕزگاریی ئەبێ بەخوێن پەیدا بێ (د:دی 2013 ،:183)

دەقی (گوڵی سارای خواروو) لە زیندانی نوگرە سەلمان ساڵی 1955 نووسراوە ، واتا: دیلان لە دووری ئاو و هەوای نیشتیمان و کەس وکار و ئازیزانی ئەم دەقەی نووسیوە ، کە ئەمە بۆ خۆی بەرگێکی نۆستالیژی ڕوون و ئاشکرای بە بەری دەقەدا کردووە.

شاعیر لە ریگەی هەڵچوون و سۆزی دەروونی خۆیەوە چەند وێنەیەکی تراژیدی خەمی نیشتیمان دەکێشێت ، لە ڕێگەی سۆز و ژانی غەریبی ئاوێتە بە خەمی گوڵی سارا، حەزی گەڕانەوە بۆ باوەشی شار و نیشتیمان ناشارێتەوە ، کۆمەڵێک وێنەی خەماوی بەرهەم هێناوە ، دیلان خەمی دووری لە شار و نیشتیمان لە ڕێگەی قسەکردن لەگەڵ ئەو گوڵەی ژێر بەردی سارای خواروو باس دەکات ، شاعیر بە پرسیار دەست پێدەکات و دەڵێ:

چی گەیانێتیە ئەم مەرز و بوومە ؟!

چۆن رووای کام بای سەروو هێناتی ؟!

یاوەک دەمێکە و من زوو وتوومە

کە تۆش پەروازەی دەستی خەباتی ! (د:دی :2013، 184)

لە راستیدا دیلان لە ژێر چەتری پرسیارکردنەوە دەیەوێت هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە نیشتیمان بدرکێنێ،کە بە هۆی هەڵوێستی نیشیمانییەوە لەم غەریبییەدا کەوتووە .

شاعیر بەهۆی دووری لە نیشتیمانەوە دەروونی لێڵ وئاڵۆزبووە و هاواری لێ هەڵساوە ، دەڵێت: (تۆ ئێرەت نەویست (خۆی و گوڵی ساراش پێکەوە)، بەڵام رەشبای قایم هەڵیگرتووی و گەیاندووتیە ئێرە)، وەکو ئاماژەیەک بۆ دەسەڵاتی سەرکوتکەر ، شاعیر لە وەسفی حاڵ و شوێن و گوزەرانی خۆی دوور لە نیشتیمان دەڵێت: ئێرە پڕە لە لوورە لوور و نینۆکی سوور ، کە ئاماژەیە بۆ پیاوانی دەسەڵات و جەلادەکانی دوژمن ، ئەمەش حەزی گەڕانەوی شاعیر نیشاندەدات و ناڕازییە لە حاڵی ئێستای.

شاعیر ئەگەرچی دوور لە زێدی خۆیەتی ، لە نامۆیی و غەریبیدا دەژیت ، دڵ و هۆشی هەر لای نیشتیمانە ، ئەو خەمە بە جۆرێک ئارامی لێ هەڵگرتووە ، بە تەحەداوە (ئالەنگێریەوە) دەڵێت: گەرچی لە پێناوی تۆدا دوور لە ئازیزانم دەژیم، بەڵام تا دوا تنۆکی خوێنی جەستەم لە پێناوی تۆدا تێدەکۆشم و باکم نییە ، واتا لێرەدا لە پاڵ نۆستالیژیای خەمی نیشتیمان ، نۆستالیژیای داهاتوویەکی باشتر بەرجەستە بووە .

شاعیر لەدەقی (سولێمانی ) کاتێک دەڵێ:

ناسۆروداخ
ئەی نازەنین
خوای دەم و لێو .. خوای پێکەنین
بەو یادەوە....
دەست و پەنجە بەبادەوە
بێنە جامێ لەو شەرابە
مەزەم لایە .. دڵ کەبابە. !
بۆ ڕابردوو
بۆ خەوێکی لەدەس چوو!
ئەوا ئێستا...
گیان ناسرەوێ لەناو پێستا
لەکێ ...... پرس کەین ...... کام
سەری تازە وەرەس کەین ...؟
بۆمان باسکا ،.......
دڵی ( یاقوتی ) ئەم شارە
بۆ وا بۆتە پارە پارە ( د.دی : 2013 ، 295)

که نۆستالیژیا هەستێکی دووریی تێکەڵ بە حەسرەت بێت ، بۆ رابردوو و کاتی بەسەرچوو ، دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان لە شتە گرنگ و پڕ بەهاکان دوور بکەونەوە ، ئەو شتانەی کە لە رابردوودا هەیبووە و جێی بایەخ و گرنگی نەبووە ئێستا ، لە دەستی داون خەم و حەسرەتی بۆ دەخوات .

کاتێک شاعیر خەم و حەسرەتی نیشتیمان دایدەگرێت ، ئەوا بنەڕەتی ئەو حاڵەتە نۆستالیژیایە ، گەڕانەوەیە بۆ نیشتیمان ، سروشتیش وەکو بنەڕەتی ئەو نیشتیمانە دەبینرێ! کە پێکهاتەکانی بریتین: لە شاخ و دەشت و دۆڵ و رووبار و ئاسمان و دار ودرخەت ...هتد ، (ئەمەش بەهۆی پەیوەستبوونی مرۆڤ بە سروشتی ئەو شوێنەی لە منداڵییەوە تێیدا گەورە بووە ).(عواد الحربی:53:2015)

ئەم دەقەی دیلان ،زادەی نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی نیشتیمانە، ئەگەر چی بە راستەوخۆ ئاماژەکان نابینرێن، شاعیر خەم و حەسرەتی نیشتیمان دەروونی تەواو پەرێشان کردووە ، هیلاک و ماندووە ، خەم بۆ لە دەستچوونی بەها و پیرۆزییەکانی نیشتیمان دەخوات ، گلەیی لە ئێستا دەکات و ناڕازییە ، ئاوات بۆ رابردووی نیشتیمان دەخوازێت ، بە هۆی تێکدانی سروشتی شاری سلێمانییەوە ،کە خەڵکی روویان لە بڕینەوەی دارکردووە ، ((سەبارەت بەم دار بڕینەوەیە دیلان پەنجەی بۆ گەشتەکەی ریچ درێژکردووە ، کە لەساڵی 1820 هاتۆتە سلێمانی وتویەتی لە عەزیز بەگی مەسرەفم پرسی دەوروبەری شار بۆ چی دار و درەختی ئەوەنە تیا نییە ؟ ئەویش وتویەتی تا تاسلوجە هەمووی دار بووە ، بڕایەوە)) (ئاگرین:292:2013).

واتا: شاعیر لەگەڵ گلەیی و ناڵەی دەروونی ، کە گوزارشت لە رووحی خۆی دەکات، وەکو شاعیرێک هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر بە نیشتیمان و خەمی وڵاتی لە کۆڵ ناوە ، دەیەوێت هەمووانیش ئاگادار بکاتەوە ، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە ، بۆیە خەم دایدەگرێت و هانا بۆ پیاڵە و جامی مەی دەبات ، داوادەکات مەیگێڕ بە جامی مەی ئەو ڕووداوەی لە بیرباتەوە ، کە دڵی شاعیری وەکو کەباب سوتاندووە.

لەهەمان کاتدا دیلان رابردووی نیشتیمان بە خەوێکی لە دەستچوو ناودەبات ، پێی وایە دڵی یاقووت ئاسای ئەم شارە (سلێمانی) پارچە پارچە کراوە ، لە کۆتایشدا خەمی نیشتیمان دەکات بە پرسیار و وەڵامەکەشی بۆ خەڵک و خوێنەر بە جێدەهێڵێت.

دیلان لە دەقی (مامە کوڕنوو) شدا ، دەڵێت:

هەڵبڕە چاوی نومایش تێر سەرنجی وورد بدە

وەک بەجێت هێشت وانەماوە شارەکەی جارانەکەم

ئەوبەهارەی تۆبەجێت هێشت پڕ برینی تازەبوو

پڕ لەئافاتی لەپڕبوو بۆ گوڵی ئینجانەکەم

ئەوگوڵەی ئاواتی کورد بوو بێتە پشکوتن دەمێ

ڕایوەشێنێ بای شەماڵی نەرمی کوردستانەکەم (د:دی : 2013 ، 208)

وەک وتمان : نۆستالیژیای خەمی نیشتیمان بەشێکی گرنگی شیعرەکانی دیلانە ، خەم و ژانێکی لە دەروونی شاعیردا بەرپا کردووە کۆتایی هاتنی ئەستەمە ، ئەو خەمە مەگەر بە چرۆکردنی ئاواتی گەلی کورد بڕەوێتەوە ، خەمی نیشتیمان و و چرۆنەکردنی گوڵی ئاواتی گەل ، وەکو هەورێکی ڕەش دەروونی شاعیری تەنگ و ئاڵۆزکردووە ، د.دڵشادعەلی، سەبارەت بە دەقی (مامە کوڕنو) دەڵێت: ((ئەو ژانە شیعرییەی کە رۆژانی عومەر عەلی موتەسەرفی ئەو سەردەمەی سلێمانی هێناویانە بە بیر و زەینیدا بە توانجەوە پەردە لەسەر رووی کاربەدەستانی رژێمەکە هەڵدەداتەوە و ئەو ڕاستییە دەخاتە بەر دەستی جەماوەری گەلەکەی کە هەر ئەوانن بوونەتە کۆسپی بەردەم هیواکانیان)) (عەلی:2008:103) ، دیلان لە رێگەی کەسایەتی مامە کوڕنووەوە بەشێکی دەقەکەی بۆ خەمی نیشتیمان و رووداوەکانی رابردووی تەرخان کردووە ، داوای دیلان لەو کەسایەتییەی شار بۆ ئەوەیە جیاوازی نێوان زەمەنی (ئێستا و رابردووی بە چاوی خۆی ببینێت) ، کە ئەمە بۆ خۆی حاڵە نۆستالیژیاکەیە ، چونکە شاعیر خەم بۆ رابردوو و نیشتیمان دەخوات و گلەیی لە ئێستا هەیە ، شاعیر بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی رووداوەکانی رابردووی شار و سروشت و وەرزی جاران ، بەراوردێکی رابردووی شار، دوور لە دەسەڵاتی پڕ ستەمی عومەر عەلی و ئێستای نیشتیمان دەکات ، ئوباڵی بە ئاوات نەگەیشتنی گەل دەخاتە ئەستۆی ئەوان ، گەلیش لە رەفتار و پلانەکانیان ئاگادار دەکاتەوە.

ئەم دەقەی دیلان دەکرێت وەک دەقئاوێزانی چامەکەی نالی و سالم تەماشابکرێت ، چونکە هەردووکیان هەڵگری هەمان حاڵەتی نۆستالیژیای خەمی نیشتیمانن.

## 2-1- 5 : - ج : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی نیشتیمان لەشیعرەکانی هێمن دا:

غوربەت و ئاوارەیی ، هەوری ڕەشی تەمەنی پڕ نائومێدی هێمن، هۆکاری دروست بوونی چەندین دەقی ناوازە و نۆستالیژین ، دووری لەزێد هۆکارێکی دیار و کاریگەری دروست بونی حاڵەتی نۆستالیژیان لای هێمن ، شاعیر هاتووە دەرد و خەمی خۆی هێندە تێکەڵاوی خەم و

کەسەری نیشتیمانەکەی کردووە ، خوێنەر هەندێ جار ناتوانێت سنوری نێوان خەمی کەسی هێمن و خەمی گشتی گەل جیابکاتەوە !

شاعیر لەگەڵ ئەوەی ئاوارەییەکەی هەرلەنێو هاوزمانی خۆیدایە ! وەک دەڵێ: (ئاوارەنیم وادەزانم لەماڵم ) ، بەڵام ناتوانێت خەم و سۆزی دەروونی پڕ لەناڵەی لەدەقەکانیدا بشارێتەوە ، ئەوەتا هێمن لە (ناڵەی جودایدا ) ، کە شانامەیەکی تایبەت بە نۆستالیژیای خەمی نیشتیمانە ، ئەو هەستە پڕ لەحەسرەتەی دووری نیشتیمان لای هێمن بەڕوونی دەردەکەوێ . کاتێک دەڵێ:

مەی حەڵاڵە بۆمنی وێرانە ماڵ

بۆ منی سەرگەشتەو رووت و ڕەجاڵ

بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین

بۆ منی دڵ پڕ لەناسۆرو برین

بۆ منی ئاوارەو دوورەوەتەن

بلبلی بێ بەش لەگوڵزارو چەمەن (د:هێ :,2012، 276)

دەبینین هێمن بەهۆی دووری لەزێد ونیشتیمانی خۆی ، دڵ و دەرونی پڕ لەخەم و ناسۆری دوورییە ، بۆیە پەنا دەباتە بەر مەی بۆئەوەی تۆزێک لەخەم و ئازارەکانی کەم بکاتەوە (هێمن لەدووری وڵاتییدا،کەسۆزی غەریبی بەربینی گرتووە ، پەنادەباتە بەرمەی، مەی لای ئەم، دووکەڵ کێشێکە پەژارە و خەمە پەنگخواردووەکانی ناو دەروونی لێوە سەردەکەن ،خەیاڵێکی خۆشی دەداتی )((حەسەن : 1980، 59))

هێمن دوای ئەوەی سەرگەرم دەکات ، ئیدی وورده وورده خەم و حەسرەتی دل و دەروونی دووره وڵاتی هەڵدەڕێژێ کاتێک دەڵێ :

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی

دەردی وشیاریی و سەبووری کوشتمی

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی

چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی

نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم

ڕووله‌هه‌رلایه‌ ده‌كه‌م نامۆیه‌ بۆم

نابینم جێ ، ژوان و كه‌ونه‌ لانی خۆم ((د:هێ: 282،2012)

شاعیر له‌م كۆپله‌یه‌دا چه‌ندین وشه‌ و ده‌سته‌واژه‌ی به‌كارهێناوه‌ ، كه‌هه‌موویان ئاماژه‌ن بۆ نۆستالیژیای خه‌می نیشتیمان ، وه‌ك: ( ده‌ردی دووری ، دووره‌ وه‌ته‌ن ، ده‌ركراو ، خه‌م ڕه‌وێنێك شك نابه‌م، نابینم خاك و ولاَت و شاری خۆم، نامۆیی )، حاله‌ته‌ نۆستالیژییه‌كه‌ هێنده‌ ڕوونه‌ ، ته‌نانه‌ت خوێنه‌ریش به‌ره‌ و ئاڵۆزی ده‌روونی ده‌بات ، چونكه‌ چه‌ندین وێنه‌ی خه‌مناك و هه‌ست بزوێنی خه‌فه‌تباری دروستكردووه‌ ، شاعیر چۆن خه‌مبار و دڵ په‌رێشان نه‌بێت كاتێك دۆست و ئازیزانی له‌نزیك نین ، چۆن دڵ پڕ له‌حه‌سره‌ت نابێت ،كه‌ شارو ولاَتی خۆی لێ ونه‌ ،ناتوانێت هه‌نگاو بنێ به‌ره‌و جێژوانی جاران .

شاعیر به‌هۆی ئاواره‌یی و غه‌ریبییه‌وه‌ ،هێز و توانای لێ براوه‌ و شێوه‌ و سیماشی گۆڕاوه‌ ،بۆیه‌ ده‌ڵێ:

ئه‌ی ئه‌وانه‌ی قه‌ت له‌بیرم ناچنه‌وه‌

ئێسته‌ بمبینن ئه‌رێ ده‌مناسنه‌وه‌ ؟!

ڕۆژگار هاڕیومی وه‌ك ئه‌سپۆنی ورد

هێزو توانای لێ بڕیوم ده‌رده‌ كورد ((د:هێ: 2012، 285)

هێمن نایشارێته‌وه‌ ، كه‌ ئه‌وئازار و كه‌سه‌ره‌ی ناخی له‌دوور ولاَتیدا ، بێ هێز و په‌رێشانی كردووه‌ ، بۆیه‌ ده‌پرسێت؟ ،ئه‌گه‌ر ته‌مه‌ن بواری دا یه‌كدی ببینین ، ئایا ده‌مناسنه‌وه‌ ؟ وه‌كو ئاماژه‌یه‌ك بۆ گۆڕانی سیمای خۆی به‌هۆی خه‌می دوورییه‌وه‌.

هێمن دووركه‌وتنه‌وه‌ له‌خزم و كه‌س و كار ، له‌خێزان و منداڵ ، له‌گوند و شاری خۆی ، له‌یادگارییه‌كانی ڕابردووی خۆی ، به‌ ژه‌هری مار ده‌چوێنێت، وه‌ك ئاماژه‌یه‌ك بۆ سه‌ختی و به‌ئازاریی دووری : كاتێك ده‌ڵێ:

ئاخ دیسان ڕووپه‌ڕێك دڕا
له‌ڕۆژ ئه‌ژمێرێ ته‌مه‌نم
ئاخ دیسان شه‌و داهاته‌وه‌
من هه‌روا دووره‌ وه‌ته‌نم
ئاخ دیسان چوومه‌ ژێر باڵی

ڕەشی شەوگاری تەنیایی

<u>ئاخ دەبێ دیسان بچێژم</u>

<u>ژەهراوی تاڵی جودایی</u>

ئاخ دیسان دەبێ ڕابوێرم

لەژوورێکی ساردوسڕا

دەگەڵ ئازاردەستەملان بم

تابەیان لەنوێنی شڕدا ((د:هێ : 2012، 292)

شاعیر دڵگران و خەفەتبار و دڵ پڕ حەسرەتە، بەتێپەڕبوونی چرکەکانی تەمەن لەغەریبیدا ، بەتایبەت بەڕێکردنی شەوگاریی تەنهایی و یادکردنەوەی ئازیزان لەوشەوانەدا ، کەئەمە حاڵەتی نۆستالیژیا دەگەیەنێتە لوتکەی کاریگەریی ، کە هێمنی لەت لەتکردووە.

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر

جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە

شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە

لێم گەڕێ بادەربڕم سۆزی دەروون

لێم گەڕێ باهەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون ((د:هێ:2012، 294)

شاعیر وێنە خەماویەکەی بەقوڵی دەگێڕێتەوە ، لێکچواندنێک لەنێوان ناڵەو فوغانی خۆی و ناڵەو شینی نەی دروستکردووە ، هێمن پێی وایە دوورکەوتنەوە لەنیشتیمان ئێش و ئازاری تایبەتی هەیە ، کە لە هیچ ئازارێک ناچێت ، مەگەر تەنها مرۆڤی دوور لە نیشتیمان هەست بەو ئازارەبکات.

هێمنی ئاوارە ، لەگەڵ هەموو ئازارەکانیدا ، خەم و حەزی گەیشتنەوە بە باوەشی نیشتیمان و دیداری ئازیزان، بەنێو دەماری لەشیدا دێن و دەچن

لەشاییدا لەوەختی هەڵپەڕینا

لەخۆشیدا لەکاتی پێکەنینا

لەکۆڕی ماتەم و گریان و شینا

ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەرلەبیرە

بەشەو تاکوبەسەرمازاڵ دەبێ خەو

بەڕۆژ تاکو دووبارەدێتەوە شەو

لەکاتێکدا ،کە دەدوێنم ئەم و ئەو

ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەر لەبیرە

زەمانێکی کە دەچمە سەیری گوڵزار

لەگەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفادار

تەنانەت وەختی دەست بازی لەگەڵ یار

ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەر لەبیرە ((د:هێ: 2012، 109)

هێمن خەم و حەسرەتی نیشتیمانەکەی بەگوێی هەمووانـدا دەدات ، بەسـۆز و هەستێکی پـڕ لەعیشقی نیشتیمانەوە ، پێمان دەڵێ: من هێمنی پڕ لەنۆستالیژیای نیشتیمانم ، ئەم چەند دێرەی کردووە بە بەڵگەی دەربڕینی ئەوهەستە نۆستالیژیەی ، کە بۆتەهۆی ئەوەی بیسەلمێنی هەرگیز یادی نیشتیمانی لەبیرنەکردووە ، بەغەمگینی و حەسرەتەوە بانگمان دەکات ، کەئا ئەوە منم تەنانەت بۆچرکەیەکیش خەمی نیشتیمانم بەلاوەنەناوە ، هێمن وێنەی ژیانی پڕلەئازار و واقعی خۆی دەکێشێت ، کەپڕە لەیادی وڵات ، زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت ،کەهەمیشە خەمێک لەکۆڵ بگرێت ، بەڵام ئەوە هێمنە لەکاتی خۆشی و هەڵپەڕکێ و پێکەنین و تەنانەت لەکاتی ماتەم و گریانیشدا، یادی نیشتیمان لای ئامادەگی هەیە ، ئەگەر شەو هۆکاری هاتنی دونیایەک لە خەم و دەروون پەرێشانی مرۆڤی ئاوارە بێت ، بەڵام شەو لای هێمن (کاتی یادکردنەوەی نیشتیمانە ) ، ئەگەر ڕۆژ کاتی پەیداکردنی بژێوی ژیان و جوانکردنی چرکەکانی تەمەن بێت ،بەڵام لای هێمن چەقی ئیلهام بەخشی یادکردنەوەی پیرۆزییەکانی نیشتیمانە ، لەڕۆژدا مەستی جوانی کێو و تەلان و بەندەنە ، هێمن تەنانەت لەکاتی دەستبازی لەگەڵ یاریش نیشتیمانی هەرلەبیرە .

خۆشەویستم ! لەبیرم ناچی تاوێ

دەمفرێنێ باڵی خەیاڵم تاوێ

هەرچەندە دوورم !بەڵام خۆشبێ خەیاڵم

ئاوارەنیم وادەزانم لەماڵم ((د:هێ:2012، 216)

شاعیر دڵنەوایی ئازیزان و خۆشەویستانی نیشتیمان دەکات ، کە ئەگەرچی ئاوارە و دوور لەوڵاتە،بەڵام دار(عەصای ) خەیاڵی هەیە ، لەڕێگەی خەیاڵی قوڵەوە دەگاتەوە بەجوانییەکانی نیشتیمان و یادی ئازیزانی.

یادم بکەن ، یادی منی دوور وڵات

یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات

یادی منی بێ بەش لەخۆشی و شادی

یادی منی سەوداسەری ئازادی ((د:هێ:2012، 253)

بەڵام هێمن داواکاریی هەیە، داوا دەکات ، کەئەو لەبیرنەکەن لەوغەریبی و ئاوارەییەدا : ئەمە نۆستالیژیایە ، کە دەرونی پڕە لەحەسرەتی یادی هەموو خۆشەویستانی ولات.

لەمێژە ئاواتی منە

ببینم وڵاتی سنە

زێد کۆن و ڕەسەنی کورد

بەدرێژایی تەمەنی کورد ((د:هێ:2012، 350)

ئەم دەقە، هێمنی گەیاندووە بە نۆستالیژیایەکی تەواو ، بەهۆی ئەوەی شاعیر ئارەزوو دەکات ، بگات بە بینینی شاری سنەی هەمیشە جوان ، حەسرەتی دیداری ئازیزانی ئەو شارەی لەدڵدایە .

بەس نەبێ دەستبەسەری و دەربەدەری

نەچمە نێو کورِوکاڵم تاکەی ؟

باخەوانانی جیهان پێم ناڵێن

بۆ وەری میوەی کاڵم تاکەی ؟

مانگ و مێریخی دەپێوی ئینسان

منی کوردە زیندە بەچاڵم تاکەی ؟

چاوەڕێی تیشکی هەتاوی هیوام

نەوەرێ هەورو گەواڵم تاکەی ؟ ((د:هێ:2012، 345)

لەکۆتایشدا ، هێمن لەداخی ئاوارەیی و دەربەدەری خۆی و هەمووکورد، بەدەروونێکی ئاڵۆز وپڕ لە نائومێدیەوە ، ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ نێو گەنجانی نیشتیمان ، بەحەسرەتەوە خۆزگە بۆ دیدارو باوەشی یاردەخوازێ ، هاوار و ناڵەی خۆی لەدووتوێی نامەیەکی پڕلەگلەیی وە بەرزدەکاتەوە ، بانگ لەمرۆڤ دۆستان دەکات ، کە بەسیەتی ئەو زوڵم و زۆرەی بەرامبەر کورد دەکرێت ، داوادەکات چیتر کورد ئاوارەی وڵاتان نەکرێت، ئاواتی هەڵهاتنی ئاسۆی گەشی کورد دەکات، کەئەمە حاڵەتە نۆستالیژیەکە ئاوێتەی نۆستالیژیای داهاتوی باشتر دەکات.

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕهەستی من

چۆن لەئەژنۆ ببنەوە دوودەستی من

چۆن نەناڵێ ئەودڵەی ئەنگاوتەیە

بەردلەبەردی بێتەوە دەنگی هەیە

ژانی ناسۆری جودایم چێشتووە

هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە

هەڵبڕاوم من لەیاری نازەنین

دەرکراوم من لەخاکی دڵ نشین

بوومە ئاوارەو پەڕیوەی دوور وڵات

کەوتمە نێو ووردە داوی ڕێی خەبات ((د:هێ ،2012، 283)

لێرەدا هێمن لەڕێگەی ئاماژەکانی ( بوومە ئاوارە ، پەڕوەی دوورە وڵات ، دەرکراوم لەخاکی خۆم ، ژانی جودایم چەشتووە ، ....هتد) دەگاتە حاڵەتێکی پڕ لە نۆستالیژیی کاریگەر و ڕوون ، شاعیر دڵ و دەروونی پڕحەسرەتی بەهۆی ئاوارەیی و دوورە وڵاتیەوە ، توشی نامۆیی و تەنهایی هاتووە ئەژنۆکانی بوونەتە تاکە هاوڕێ و خەم ڕەوێنی ، تەنانەت بواری ئەوەشمان بۆ ناهێڵێتەوە ، بپرسین ؟ کە هێمن لەناو هاوزمانانی خۆی لەباشوری کوردستان دەژێ بۆچی هێندە خەمبارە ؟ هەرخۆی بەرلەدروستبوونی ئەم پرسیارە، دەردی دووریەکەیمان بۆ ڕوون

دەکاتەوە ، کەبەهۆی دووری لەکەس و کارەکەیەوە پەرێشان و خەمبارە ، بەوەش کۆتایی دێنێت و دەڵێ: تەنانەت بەرێکیش ببێت بە دووپارچەوە ئازاری خۆی هەیە .

بۆچی تەرەبووم لەوڵات؟

بۆ هێلانەم لێ شێواوە

ئەو هەموورێگەم پێواوە

بۆ لەخۆشی دوورە بەشم

بۆ ئەوەندە چارە ڕەشم

چییە گوناە و تاوانم

تەریدەم ؟ جەردەی کاروانم؟

پیاوکوژم ؟ ڕێگرم؟ دزم ؟

بۆ دوورم لە کەس و خزم

تاوانم ئەوەیە کوردم

خەڵکی بناری هەڵگوردم ((د:هێ:2012، 270)

شاعیر لەناو قوڵایی حاڵەتە نۆستالیژیەکەدا ، دەپرسێت ؟ بۆچی دوورکەوتۆتەوە لەوڵات ؟ بۆچی بێلانەیە و شوێنی حەوانەوەی داگیرکراوە ؟ دەپرسێت بۆچی لەخۆشگوزەرانی بێ بەشە ؟ دەپرسێت گوناحی چییە ، دزە ؟ یان ڕێگرە ؟ جا ئەم هەموو پرسیارکردنە،بەهۆی خەم و دوورییەوەیە، جا هەرخۆی دەردی دووری دەست نیشان دەکات ، کەتەنها لەبەر کوردبوونە، کە ئەوە خەمێکی قوڵەوبرینیکی سارێژ نەبووە.

## 2-1- 6 : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار :

ئەمیش یەکێکی ترە ، لەجۆرەکانی نۆستالیژیای تاک ، خۆشەویستی و دڵداریش بەشێکی گرنگ و فراوانی شیعری شاعیرانن بەگشتی ، عەشق و خۆشەویستییش پێویستی بە سەرکێشی و قوربانی دانە ، گەیشتن بە عەشق خۆڕاگری دەوێ ، یۆنانییە کۆنەکان سەبارەت بەخۆشەویستی، خاوەن تێڕوانینی تایەبەتی خۆیانن ، پێیان وایە خۆشەویستی ئافرەت دوو جۆرە ( یەکەمیان خۆشەویستی لەشە(جەستەیە) کە لەوشەی ( eros ) خوای خۆشەویستی

وەرگیراوە ، بۆوەسفکردن بەکاردێت ، دووەمیان : خۆشەویستی عوزری (agape ) ، ئەگاپیە ، ئەم جۆرە خۆشەویستییە ، زۆرجاریش بەخۆشەویستی ئەفلاتونی بەناوبانگە ، چونکە ئەفلاتون هەوڵی داوە خۆشەویستی لەش (ئیرۆسی ) بخاتە ژێر کاریگەری فەلسەفە میسالییەکەیەوە و ڕەگێکی ڕۆحی پێ بدات )( میراودەلی : 2021 ، 69 ) ، بۆیە ئەفلاتون لەزمانی سوکراتەوە ڕای خۆی بەرامبەر بە خۆشەویستی دەردەبڕێ ، بەلای ئەوەوە خۆشەویستی جۆرە حەز و ئارەزوویەکە لەوشتانەی ، کە نیمانە ، کە لێیان دوورین و دەستمان پێیان ناگات ، واتا خۆشەویستی لە پێویستی و خۆشەویستییەوە پەیدا دەبێ ، لە ڕاستیدا خۆشەویستی و عەشق واتە : سوتان و خەم خواردن لەپێناو ئامانج و مەبەست ، خۆشەویستی هەڵڕشتنی فرمێسک و بەڕێکردنی ڕۆژگاری تایبەت و سەختە ، چاوبڕینە لەئاسۆ ((هۆکاری سەرەکی عەشق خۆشەویستیە ، دواتر دڵ ئارەزووی دەکات و بۆی دەسوتێ ، کەئەمیش دیاردەی خۆشەویستییە لەدەقی شیعری))( قادر : 2022، 24) ، کەواتا : کە عەشق و خۆشەویستی هەبوو ، بۆ گەیشتن بەئامانج و مەبەست ، دابڕان و دوورکەوتنەوەش ڕوو دەدات ، هۆکار و پاڵنەرەکانیان زۆرن ، دووری لەیار و خۆشەویستی، زۆرجار هۆکاری دروست بوونی چەندین حاڵەت و دەقی نۆستالیژین لەدەقی شاعیران دا بەگشتی ، ئەم جۆرە نۆستالیژیایە بەڕوونی لە دەقی شاعیرانی کورددا دەبینرێت ، شاعیران بەهۆی دوورییان لەیار و خۆشەویستیان ، خەم و پەژارە دایان دەگرێت ، ئارەزووی گەیشتن بەدیداری یار دەکەن ، یادی ڕۆژانی ڕابردوو دەکەن ، کە لەگەڵ خۆشەویستانیان بەسەریان بردووە ، (ئەو ڕۆژانەی (ژن) پانتاییەکی فراوانی چێژبەخش بووە لەژیانیاندا) ( دخموش : 2005 ، 101) ، کەچی ئێستا کۆسپ و بەربەستە جۆربەجۆرەکانی ژیان لێکی دوورخستونەتەوە ، شاعیر لەم کاتەدا هەستێکی ناخۆشی لادروست دەبێت و ڕووبەڕووی حاڵەتێکی قوڵی نۆستالیژی دەبێتەوە ، شاعیر زۆرجار حەز بەتەنهایی و غەریبی دەکات ، هەستدەکات لەلایەن کۆمەڵگاوە پەراوێزخراوە ، هەتا کاردەگاتە ئەوەی هەست بەبێ هێزی و بێ توانایی خۆی دەکات ، لەبەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەم جۆرەی نۆستالیژیای دووری یار ، لەپاڵ باسکردنی پەیمان شکێنی و بێ وەفایی یار ، هەندێ جار بۆ یادگارییە لەبیرنەکراوەکانیش دەگەڕێتەوە .

## 2-1- 6 : - أ : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار لە شیعرەکانی پیرەمێرد دا:

خەم و حەسرەتی شاعیر بۆتە هۆی پەرێشانی و بێ هیوایی ، ئەم جۆرەی نۆستالیژیای تاک ، لەچەندین دەقی پیرەمێرددا دەبینرێت ، شاعیر لەڕێگەی یادکردنەوەی خۆشەویستەکەیەوە حاڵەتە نۆستالیژیاکەی لەدەقەکانیدا بەرجەستە کردووە ، ئەوژیانە سۆزدارییەی تێیدا ژیاوە لەڕابردوودا ، کاریگەریی زۆری لەسەرژیانی بەجێ هێشتووە ، بەتایبەتی لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا

، یادیکردۆتەوە و ئازارێکی زۆری بەهۆیەوە چەشتووە ، پیرەمێرد بەپێنوسی خۆی دان بەوەدا دەنێت ، کە توشی حاڵەتی نۆستالیژیای دووری یار بووە ، ئەم ڕاستیە بەپێنوسی خۆی لەڕۆژنامەی (ژین ) دا ، نووسیوە! ( پیرەمێرد ئەو حاڵەتەی دڵداریمان بۆئاشکرا دەکات ، ئەو چیرۆکەی بەناوی (گلکۆی میهرەبانەوە ) بڵاوی کردۆتەوە) ، (ئومێد ئاشنا : 2001، 79).

چەند خۆشە یادی هیجرانی یاران

فرمێسک بەچاوما بێنێ وەک باران

ڕشێنەی فرمێسک دڵ ئاو – ڕشێن کا

شینی عەشق هۆشم بێ سەروشوێن کا ( د.پ: : 2013، 195)

ئەوەی لێرەدا ، حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە ، پیرەمێرد حەزوئارەزووی گەڕانەوەی هەیە بۆ یاد و یادەوەریی ئەوخۆشەویستییەی ، نەیتوانیوە تێیدا بگات بەئامانج ، ئەوەش کاریگەییەکی زۆری لەدەرونیدابەجێ هێشتووە، توشی حاڵەتی نۆستالیژی کردووە ، بەجۆرێک شاعیر ئارەزووی دووبارەبوونەوەی ئەوعەشقە دەکات ، عەشقێک توشی خەم و فرمێسکی بێ کۆتایی بکات و هۆشی لێ ببڕێت ، وەکو ئاماژەیەک بۆ دووبارە عاشق بونەوە، ئەو حەز و ئارەزووە نۆستالیژییە ، چونکە ((نۆستالیژیا بەئاواتی ئەوەوەیە ، کە شتە لەدەستچووەکانی ڕۆژگاری ڕابردوو ئێستا بهێنێتەوە بەردەست )) ( قادر : 2013 ، 25)، لێرەدا تایبەتمەندییەکی پیرەمێرد بەدیدەکریت ، کەبەدەگمەن لای شاعیرانی تر دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە ئەگەردوری یارلای شاعیرانی تر بوبیتە هۆی بەرهەمهینانی نۆستالیژیایەکی پڕ لەخەم و حەسرەت،کە یادەوەرییەکی نەخوازراو و ناخۆش بەجێدەهێڵێ، کەچی پیرەمێرد دەڵێ : چەند خۆشە یاد و یادەوەری هیجرانی یار، کەبووەتە هۆی دلخۆشی شاعیر، کەلەڕاستیدا هیجرانی یار (دوورکەوتنەوەی یار) هیچ خۆشییەکی تیدا نییە.

لەبیرتە شەوێک هاتیە لام

بۆ دڵ نەوایی و تەسەللام

بەزولف و خاڵت سوێندت دام

کەتامردن تۆبی لەلام

ئەنجا لێوت لەسەر لێونام

ئێستاش لەسەرئەوپەیمانەم

هەتائەمرم ئەودێوانەم

گیرۆدەیئەوزوڵفەجوانەم

سیابەختی ئەوخاڵانەم

تیم گەیشتوی چەند بەوەفام (د:پ: : 2013 ، 198)

ئاماژەدان و بەبیریارهێنانەوەی کات و شوێنی بەیەک گەیشتنی خۆی و خۆشەویستەکەی ، نیشانە و ئاماژەی نۆستالیژیایەکی تەواوی پڕ خەم و پەرێشانی شاعیرە ، ئاماژەی ئەوەیە شاعیر بەقۆناغێکی پڕخەم و ئازاری دووری عەشقدا تێ پەڕیووە ، شاعیر خەم بۆ ڕۆژانی پڕ لەجوانی و کاتە پڕ چێژەکان دەخوات ، هەر ئەمەیە وادەکات ئاوڕ لە ڕابردووبداتەوە ، ئەو ڕۆژگارەی لەگەڵ یاربوون مایەی شادمانی بووە ، ڕۆژانێکی پڕ لەمەستی و دەست بازیی بووە ، ئەمانە وادەکەن پیرەمێرد پەیمان دووپاتبکاتەوە ، حەزی خۆی بۆدرێژە پێدانی خۆشەویستیەکەی دەردەبڕێت ، بەڵام ئەمە مەحاڵە لەئێستای پیریدا.

چاو کە دەردی دووری تێکەوت ، ئارەزووی گریان ئەکا
نیوە موویەکیش کە کەوتەچاوەوە هەرژان ئەکا
تۆ لەپێش چاوم نەمای گیانیش لەلەشما دەرچوو
هەروەکو ئاوێنە سورەت لاچووعەکسیش لاچووە
بەچاوی مەستی هۆشی لێ فڕاندم عەشرەت هاوار
نەخۆش ساغ ڕووت ئەکا ، بێ حاکمییە ، شێواوە ئەم شارە ( د:پ : 2013 ، 214)

شاعیر لێرەدا دەمان باتە، نێو خۆشەویستیەکی شکستخواردووی بەئامانج نەگەیشتوو ، پیرەمێرد هەست بەلاوازی و بێ توانایی دەکات، تووشی خەمی دووری یاربووە ، بۆیە ئارەزووی گریانێکی قوڵ دەکات ، وێنەیەکی خەفەتباری دروستکردووە ، کەبەدوورکەوتنەوەی یار ئەویش گیان و ڕۆحی دەرچووە ، حالەتی نۆستالیژیا تووشی ئەم زیادەڕەویەی کردووە ، کەواتا : دوورکەوتنەوەی یار کاریگەریەکی زۆری بەسەر دەرونی شاعیردا هێناوە ، بۆیە هانا بۆ دەوروبەری خۆی دەبات ، ئاگاداریاندەکاتەوە لە بێ مروەتی یار و ، ئێش و ئازاری خۆی.

هاوار تێپەڕی ، هاوار تێپەڕی
دووری باڵاکەت لەحەد تێپەڕی

پەژارەت هێزی لەئەژنۆم بڕی
لەهێلانەی دڵ شەوقی دڵ فڕی
فراقت فەرقی کرد بەکۆی مەفرەق
دل بەشەوقی غەم وەک شەبەق بوو شەق
تۆ جویَ بویتەوە و گیان جیابوەوە
ڕۆژی ڕووناکم تاریک بووە وە
تیرێکی وەهات داوە لەجەرگم
بێزارم لەژین لام خۆشە مەرگم
توخوا خۆت بیڵێ نەونەمامی نۆ
مردن خۆشترە یا دووری تۆ       ( د:پ: 2013 ، 166)

لەم دەقەدا ، کە بەناونیشانی (سۆزی پیرەمێرد ) ە ، شاعیر ناڵە و هاواری دەگەیەنێتە هەمووان ، کە بەهۆی دووری یارەوە توشی حاڵەتی نۆستالیژی بووە ، خەم دەرونی داگیرکردووە و هێز و توانای نەماوە ، ڕۆژگاری ڕوناکی بووە بە شەوی تار بەهۆی خەمی دووریەوە ، شاعیر خۆی بە ڕێبواری ڕێگای عەشق دەزانێ ، بەدوورکەوتنەوەی یار ، پیَ وایە گیانیشی دەرچووە ، لەوەش کاریگەر تر پیرەمێرد مردنی پیَ خۆشترە ! لە دوورکەوتنەوەی یار ، دەقەکە بۆتە باخچەیەکی بیَ نەمام بەهۆی دووریەوە ، ئەودووریەی شاعیری توشی خەمێکی بیَ کۆتایی کردووە.

## 2-1- 6 : - ب : نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار لە شیعرەکانی دیلاندا :

ئەم جۆرە نۆستالیژیایە بەشێکی دیاری دەقەکانی دیلان پێکدەهێنێ ، دووری یار بۆتە هۆی پەرێشانی و دروست بوونی خەم و حەسرەتێکی زۆر.

شیرین .... بەستەی گوڵاڵەی سوور       تریفەی مانگم
شیرین ... گەشەی ئەستێرەی دوور       گفتوگۆ بانگم
شیرین .... تیشکی ڕۆژی دەم کەل       بۆ وێرانە دڵ
شیرین .... هاژەو جریوەی مەل       بۆوەنەوشەو گوڵ
شیرین ئەوپەڕی جوانی  شێوەی       نیگاری سروشت
شیرین تۆ ئەوتاقەسێوەی       کەفەرهادی کوشت
شیرین ... تۆ بوی یەکەم بینین       کارەبای نازت
چاو.... هەڵبڕین زەردەخەنەت       سروەکەی ڕازت
لێی شێوانم تەلی تاری       هەڵبەست و خەیاڵ

بوم بەو مەلەی بێ لایەنە زامدارەو بێ باڵ
ئیتر نەمانگ نە ئەستێرە نەگزنگی زەرد
نەفوی شمشاڵ نەقاسپەی کەو لەم بەرد و لەوبەرد (د:[ی : 2013 ، 142)

دیـــلان لەســـــەرەتای دەقەکەدا ئامـــاژەیەکی بـــۆ خۆشەویســـتی شـــیرین کردووە،لەجـــۆری ئەوخۆشەویستییەی ئەفلاتون ناوی ناوە (eros) ، شاعیر وەسفی ڕوخساری جوان و بەرزی و بڵندی بـاڵای یـار دەکـات ، وێنەیەکـی چوانـدنی دروسـت کـردووە ، لەنێـوان (یـار) و (تـریفەی مانگەشەو) و (ڕووناکی ئەستێرە) و (تیشکی ڕۆژی) دەم کەلدا ، دواتر ئەو وێنە جوانەی یاری تاوانبـارکردووە، چـونکە پێـی وایە هۆکـاری شـێواوی و خەفەتبـاری دڵـی خـۆیەتی ، پاشـان وێنەیەکی لێکچواندنی تری لەنێوان جوانی و دەنگی شیرین و ئاواز و جریوەی مەل و وەنەوشە و گوڵ و سروشتی ڕازاوە و جواندا خولڤاندووە ، پاشـان دیلان لەڕێگەی کرداری ڕابردووی (بوو) ەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دیدار و نیگا و بینین ، ئەو نیگایەی وەک تیرێک دڵی شاعیری پێکاوە و توشـی خەم و حەسرەت و پەرێشـانی کردووە ، بەجۆرێک وەک خـۆی دەڵـێ : بـۆتە پچڕانی (تەلی تار ) ی شاعیر ، وەکو ئاماژەیەک بۆ تەلـی هەسـتی شـیعر وتـن ، واتـا (( شـیرین بـۆتە تەوەرێکـی سـەرەکی ئەوژیـانەی بەدەوریـدا هـاتوچۆی پێکـراوە ، بـۆیە وشـە بەوشـەی ئەوچەنـد بەیـتەش سـۆزێکی خەماوییـان لـێ دەچـۆڕێ و ئـاوازێکی مەلـول و پـڕ ئـازار و ئەشـکەنجەیان لـێ بەرزدەبێـتەوە ))( عەلی : 2008 ، 90) ، ئەگەر ئەوبەیتـانە بەهـۆی شـیرینەوە ، خەم و حەسرەتیان کردبێت بەقورگی شاعیردا ، کەواتا حاڵەتە نۆستالیژیەکە تەواو بەرجەستەی نێوان کاتی ڕابردوو و ئێستایە.

کۆسپی بەرلوت بڵند ترە لەوشاخ و کێوە
ئەبێ شیرین پەلەقاژەی دڵەی مندالّم
نوێنی لێژ و شەوبێداری شەوگاری تاڵم
هەڵیگرم بۆ ئەوکاتەی ڕژێمی ڕاستی
ئەگاتە دەست ئەوکەسانەی بەخوێنی خواستی
ئەوسا منیش یاداخی دڵ تێرتێر ئەڕێژم
لەوهەنگوینەی گوڵی لێوت تۆزێ ئەچێژم
یاوەک بولبول هەربەتەمای گەین بەئاوات
بەرەو هیوا باڵ ئەکوتم بمبات و بمبات (د:دی : 2013 ، 146)

لێرەدا حاڵەتە نۆستالیژییەکە ، لەئەنجامی دووری یـار و نەگەیشـتن بەئامـانجی عەشـق دروسـت بووە،ئەگەرچی ئەو عەشقەش تێکەڵ بە لایەنی سیاسی کراوە.

دیلان دڵەی منداڵ ئاسای بەهۆی دووری یار و خەمی عەشقەوە ئۆقرەی لێ بڕاوە ، شەو تابەیان بێدارە و چاوەڕوانی گەیشتنە بەئاوات ، بەڵام ئەو کاتەی کۆسپەکانی بەردەمیان لادەچێت ، جائەوکات وەک خۆی دەڵی : لەهەنگوینی لێوت تۆزێ دەمژم.

ئەوهەست و سۆزە بەرزەی خۆشەویستی ئاماژەن بۆ عەشقی شیرین ، عەشقێکی دوور(یار+ئاسۆی ئازادی) ، کە حاڵەتە نۆستالیژیەکەی وابەستەی هەستێکی پڕحەسرەت کردووە ، کەشاعیری تۆشی کزی و لاوازونالەباری دەروون کردووە ، چونکە هەردووکی ئێستا دوورە ، ئاکامەکەشی نادیارە.

لەوکاتەدا نیگای چاوی سەرگێژ کەرم
یاخۆبۆنی زوڵفی خاوی ئاگابەرم
دایئەخورپان دڵی سووتاو تاسەی بەگوور
سەری ئەکرد لەهەردووچاو فرمێسکی خوڕ
لەوکاتەدا من پەتیارەی شێوەی بووم
بۆیەسووری ئەونیگارە تێی هەڵئەسووم
لەوکاتەدا من ئەمویست ئەوئاوازە
ئەوەی بەگوێی دڵم ئەمبیست ئەوپەروازە
هەرلەدوورەوە نیگاری وەک گڕی سوور
وەک ئەستێرەی گوێی کەناری ئاسمانی دوور
تاوتاو بەجریوەی دووری بملاوێنێ
دڵی ڕاهاتووی ڕەنجووری بهاژێنێ
بناڵێنێ تادوانوزەی گەرم و بێباک (د:دی : 2013 ، 170)

دیلان ڕاماندەکێشێ بۆ نێو چەندین وێنەی تراژیدی ، کە حەز و ئارەزوی گەیشتن بەیاری تێدا وێناکراوە ، شاعیر لەلایەک ئەگەر بێ هێز و بێ دەسەڵاتە بەڵام خەیاڵی دەڕوات ، هێزێک یارمەتی دەدات و دەیجوڵێنێ بۆ ئەوەی ئاواتەخوازبێت بۆ دیداری یار ، حەز بە بینی ڕوخسار و نیگا و زوڵفی سەرگێژکەری یاردەکات ، ئەوەش حاڵەتە نۆستالیژیەکەیە ، شاعیر نایشارێتەوە بەهۆی دووری لەیارەوە توشی خەم و بێزاری بووە ، چاوەکانی بونە بەکانیاوی فرمێسکێکی سوێر ، وەک خۆی دەڵێ:(پەتیارەم ( شێت ) بوم و شەیدای بینینی یارم ، ئارەزووی ئاوازی دەنگی یارە .

ئەی نازەنین ئەی بەرگ ئەرخەوانی
وتەی گەرمم لەگەڵ تۆیە و ئەیزانی

سەوداسەری ئەوگفتوگۆدێرینەم
لەپ سوتاوی ئەویەکەم دەست گوشینەم
لەو دەمە وە تۆم کردوە بەتاسە
بێ مەودایە کۆی دوکەڵی هەناسە
بێ دواییە ئەشک باسوور وسوێر
بێنایێ لەبن ئەگەر چی دیدە کوێربێ
ئیتر بۆچی ئەم دەیتە بەرتیغی دەم
هیچ ناترسی بتسوتێنێ هەناسەم (د:دی : 2013 ، 264)

دیلان هەر لەسەرەتای دەقەکەوە ، دەمانگەڕێنێتەوە بۆیادی ڕابردوو ، شاعیر حاڵەتە نۆستالیژیەکەی لا بەرجەستە بووە ، بەهۆی گەڕانەوە بۆیادی ڕابردوو ، یادی یەکەم دیدار و یەکەم کاتی یەکتر ناسین و یەکەم نیگاو بەستنی پەیمانی خۆشەویستی ، دیلان ئەگەرچی ئێستا خەفەتبار و دڵ پڕ حەسرەتە بەهۆی دووریەوە ، بەڵام بەیادی ڕابردووە هەر بەپێوەیە ، بەعەشقێکی پڕ ئازارەوە گلەیی دەکات ، هاوار و ناڵەی لێ هەستاوە ، دووری هێندە کاریگەریی لەسەردروستکردووە ، هەناسەی بووە بەگڕێکی سوتێنەر ، تەنانەت ، ئەگەری سوتاندنی یاریشی هەیە.

ئەوئاواتەی هەم بوو ڕۆیی ئەویشم پوچ
لێم ناگەڕێ..لێم ناگەڕێ یادی دەنگی
گەیشتە گوێچکەی دڵ کەڕێ شێوەی شەنگی
ئەوا نیگایەکی تازەی شین تر لەئەو
بچڕانی لۆلۆی دەسڕازەی ئارام و خەو
لێم ناگەڕێ .. من نازانم پەنای سروەت
بۆگوێی باری شانم دەستی ڕێکەوت
هەستێکی باڵ شکاوم بوو ئەویش نەما
کونجێکی پڕ داوم بوو کەچی ڕما
ئەی نیگای مەنگی بێ دەنگی دووچاوی شین
تیری برژنگ و خەدەنگی پڕتاب و تین
لێم گەڕێ بەشەقی ئەودەستەی تۆی واخوڵقان
ئەودەستەی ئەوباڵاوجەستەی تۆی وانەخشان (د:دی : 2013 ، 172)

دیلان لەناخەوە ڕووخاوە ، خەم و حەسرەتی دووری ، وەکو هەورێکی ڕەش باڵی بەسەردا کێشاوە ، شاعیر پڕە لەنۆستالیژیای دووری یار ، ئارەزووی دیدار دەکات ، شاعیر خەم و حەسرەتەکەی بەهۆی بەئاوات نەگەیشتنەوەیە ، یادی دەنگ و شێوەی یار دێتەوە یادی ، کەئەمە حاڵەتە نۆستالیژیەکە درێژە پێدەدات ، بەڵام لەئێستادا بەهۆی( تێپەربوونی کاتەوە) لەنیوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ، پەناگەیەکی هێمن و ئارام بوونی نەماوە بۆ یار و خۆشی.

**2-1- 6 : - ج: نۆستالیژیای خەم و حەسرەتی دووری یار لە شیعرەکانی هێمن دا :**

هێمن لەپاڵ بەرگری کردن لەئافرەت و داواکردنی مافەکانی ، بۆ ڕزگاربوون لەکۆت و بەندی کۆمەڵگا و هاندانیان بۆ ئازادی ،لەگەل ئەوەشدا ((هێمن وەکو زۆربەی هۆنەرانمان توشی داوی دلـداری بووە ، هەر وەکو چۆن هێزی بەتینی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەریی بوونەتە سەرچاوەی خورپە و ئیلهامی هۆنراوەبەنرخەکانی ، ئاواش ئافرەتی کورد سروش و خورپەی هۆنراوە دلّدارییەکانی پێ بەخشیوە ))( موکریانی : 1975، 14).

بێگومان ئاوارەیی و غەریبی و دەردوخەم و حەسرەتی دلّداری هێمنی بەرە و قۆناغی شێتی و پەرێشانی و بێ هێزی بردووە، حاڵەتی نۆستالیژی بەهۆی خەمی دووری (یار-دلبەریک)ەوە،لە لای دروست بووە ، ئەمیش بەبەڵگەی شیعری خۆی کاتێک لە(دەقی کچی مەهابادی ) دا دەڵێ:

لەسوێیانت وەها دێوانەبووم چاومەستی خوێن شیرین

لەقەرنی بیستەما ڕەنگە ڕەچاوکەم کاری فەرهادی (د:هێ:2012 : 149)

خەم و ئازاری دووری یار، هێمنی توشی ئازارونالّەی دەرون کردووە ، بەجۆرێک دێوانە بووە ، بۆیە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە لەم سەدەی بیستەمەدا ڕەنگە کاری فەرهاد دوبارەبکاتەوە.

بەڵێ سەختە یەکجار سەختە

دووری لەژن ، نامرادی ( د:هێ :2012، 173)

ڕاستە هێمن، لەپێناو سەرفرازی نەتەوەکەی لەخەباتتدایە و شەیدای ئازادییە ، بەڵام نایشارێتەوە ژیانی دوور لە ژن (بەواتای دووری یار) ئاسان نییە و زۆرسەختە ، وەکو ئاماژەیەک بۆ حەزی گەیشتن بەیار.

سەرم وڕە و گیانم دێشێ

کەس نییە نازم بکێشێ ( د:هێ :2012، 226)

ئەم کـۆپلەیە نۆســتالیژیایەکی ڕوونــی تێـدایە ، ئەویــش حەزی هێمــنە بــۆ گەیشــتن بەوخەم ڕەوێنەی،کە دڵ ئارەزووی دەکات .

ستەمکاری منی دوورخستەوە لەو یارە شیرینەم

ئیتر من چۆن ڕقی زۆرم لەئازاروستەم نابێ

ئەوی سەربەرزە  لەم وێرانەدا توشی خەم و دەردە

چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەور وتەم نابێ (د:هێ :2012، 261)

شـاعیر یـاری نـازەنینی بەشـیرینی گیـان دەچـوێنێ بـۆ ڕەوینـەوەی تـاڵی ژیـان ، پاشـان لەگەڵ دروسـت بـوونی حـاڵەتە نۆسـتالیژییەکە ، هـێمن ڕقـی خـۆی لەزۆرداران ئاشـکرادەکات ، چـونکە بەهۆکاری دوورکەوتنەوەی خۆی و یارەکەی دەزانێ، هەڵبەتە هۆکاری تریش هەن.

پاشـان هـێمن لەدەقـی (شـەوگاری تەنهاییـدا ) حەزی گەیشـتن بەیـار و دروسـت بـوونی چەنـد وێنەیەکی ئیرۆتیکی ، بۆتەهۆی دروست بوونی حاڵەتە نۆستالیژییەکە:

لەناو دەریای خەیاڵم دیمەوە من گەوهەری نایاب

هەمە گەوهەر ئیتر چاوم لەدینار و درهەم نابێ

وەرەناوباوەشی گەرم وگوڕو پڕتاسەوومەیلم

ڕەدیفیش تێک بچێ پێم خۆشە من دەستم لەمەم دابێ

وەرەباهەڵمژم ئەولێوەشیرینە بەکەیفی خۆم

لەپاش ئەوتاڵیە ! بامن دەمێک شەکرم لەدەم نابێ

پەلەت بێ چاوەڕێتم ،زوو وەرە، بس خۆت بخافلێنە

هەزارجار((هێمن))یش بم بۆ ویساڵت چۆن پەلەم نابێ ( د:هێ :2012، 261)

شــاعیر لەڕێـگەی خەیــاڵ و یــادگەی خـۆیەوە ،ئـارەزووی دیـداری یـاری نـازەنینی دەکـات ، کەئیستای تاڵ و پڕلەحەسرەتە ،دەیەوێ داهاتوو لەگەڵ یاردا پربکات لەکامەرانی، بۆیە یاری گەوهەرئاسـای لێو شـەکەر لەدوورەوە بـۆتە هەوێنـی دروسـت بـوونی چەنـدین وێنەی جـوان ، لەهەمان کاتتدا خەم و ئازارێکی بێ کۆتایی بۆتە بەشی هێمنی تەنیا و ئاوارە.

هـێمن، ئـارەزووی ژوانـی یاردەکـات و مەیلـی دەسـتبازی و دەسـت لەملانـێ دەکـات ، ئەمەش هەست و سۆزی پڕ لەحەسرەتی دەجوڵێنێ و بەتاسـەوە ئـارەزووی گەیشـتن و دیـداری یـارە، ئارەزووی مژینی لێوی یارو دەم شیرین کردن دەکات ! لەڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەی (دەمێک شـەکرم لەدەمـدا بێ) ، کەئەمە بۆخـۆی وێنەیەکـی لێکچواندنیشـە ، لەکۆتایشـدا هـێمن ئەوەنـدە تـاڵاوی دووری چەشـتووە! پەلەیەتی بۆ دیداری یـار ، وەک خـۆی دەڵـێ : کە هێمنیشـە ! بەڵام بەهۆی دووری تۆوە ئۆقرەم لێ بڕاوە و ئارەزووی دیدار دەکەم.

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی!

تۆخودانی ، تۆخۆشەویستی منی!

لەئاسمان نی ، تاوێت ڕانەگا دەستم

لەقاف نی ، کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم

تۆی لەمن ون کرد و منی لەتۆ دوور

ئەو بستۆکەی دووژمن ناوی نا سنوور( د:هی :2012، 232)

حـاڵەتە نۆسـتالیژیەکە ، لەم کـۆپلەیەدا بـۆتە هـۆی دوورسـت بـوونی دووریەکـی دوولایەن ، لەلایەک دووری یار و لەلایەکی تریشەوە دووری نیشتیمان ، کە هەردووکیان شاعیریان توشی خەمی دووری کردووە ، بۆیە هێمن بەدەروونێکی تێک شکاوەوە دەڵێ:

ئەوێستا تۆ لەوێ دیلی دەستی بێگانە و ئەمنیش

لەدووری تۆ دەکێشم ڕەنج و دەرد و داخی بێ مرادی

زەمانە هێمنی تۆی وێڵی دەشت و چۆڵ و سەحراکرد

فەرامۆشی مەفەرموو ، جاروبارە هەربکە یادی ( د:هێ : 2012، 149)

شاعیر دوورە لەیار ، دوورە لەشار و مـاڵی خـۆی ، دەروونـی پڕ لەئـازارە ، نـامراد و بەئامـانج نەگەیشـتووە ، بەڵام چـاوی لەڕێگـای هـاتن و دیـداری یـارە ، ئەوەی لێـرەدا وادەکـات حـاڵەتە نۆستالیژیەکە جیاوازتر دەربکەوێت لە دەقەکانی تر ، لەپاڵ یادکردنەوەی یـار و حەزی گەیشـتن بەدیداری یار ، هێمن داوا لەخۆشەویستەکەی دەکات جارجارە ئەویش یادی بکات و فەرامۆشی نەکات.

پاشان هێمن گلەیی لە کۆمەڵگادەکات ، حاڵەتی نۆستالیژی خەم و حەسرەتی دووری بەرجەستە دەکات :

دابی کوردی وایە ،کەس لاگیری لێقەوماو نییە

بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زیزە یاری مەهۆشم

تیغی بێ مەیلی جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە

جەرگی لەتکردم بەجارێک ئەنجنیوەی سینەشم

کوشتمی شەشخانی ئومێدی لەمن گرتن حەریف

مۆرەهەڵداوێم بێهودە بەهیوای دووشەشم ( د:هێ:2012، 163)

شاعیر گلەیی دەکات لەکۆمەڵگا بەگشتی ، کە قەدری لێ قەوماوێکی وەکو هێمن ناگرن ، دڵنەوایی ناکەن و بەدەمیەوە ناچن ، دواتر ئەم گلەیی کردنەوە بە دیوێکی تردا دەبات و دەڵێ : من کەیاری شیرینم لێ زیزە و نەبۆتە مایەی دڵخۆشیم ، ئیدی بۆ لۆمەی خەڵکی بکەم ! وەکو ئاماژەیەک بۆ دووری یار، شاعیر دەیەوێ بڵێ: ئەوە سیفاتی خراپی خۆشەویستەکەم نییە، بەڵکو لەناو کورددا واباوە، بۆیە لۆمەی خۆشەویستەکەم ناکەم، ئەوە بەخت و ناوچەوانی خۆمە ،کەوا دڵبریندار و سینە ڕەشم ، کەواتە: بێ مەیلی و دووری یاری بۆتە هۆی دروست بوونی حاڵەتە نۆستالیژیەکە ، ئەگەرچی هێمن بەئومێد و ئاواتی گەیشتنە بەیاری نازداری خۆی ، بەڵام ئەنجامێکی نییە.

ئەگەرچی ڕۆیی قەت ناچێ لەیادم

دەکەم یادت ، بەیادی تۆ شادم

کەبارگەت بۆهەوار تێکنا عەزیزم

شکا ئەستوندەکی تاوڵی مرادم ( د:هی :2012، 178)

ئەم دەقە زادەی سۆزێکی بێ سنوری ئاوێتەی ویژدانی پڕحەسرەتی شاعیرە ، حاڵەتە نۆستالیژیەکە بەهۆی کۆچ ڕەویی یارەوە دروست بووە ، خەمێکی قوڵی پڕلەزامی لە دەرونی هێمندا جێ هێشتووە ، ئەگەر جاروباریش تروسکاییەک شک ببات و شادیەک لەدڵدیا ببینرێت ، ئەوەبەهۆی یاد و یادەوەریی یارەوەیە.

خۆشەویستم ! لەبیرم ناچی تاوێ

دەمفرێنێ باڵی خەیـــاڵم تاوێ

هەرچەندە دوورم ، بەڵام خۆش بێ خەیاڵم

ئاوارەنیم وا دەزانـــــــم لەماڵم ( د.هێ :217,2012)

هێمنــی هەســت ناســک و خــاوەنی ســۆزێکی پــڕ لەعەشــق و خۆشەویســتی ، هەمیشــە حەزوئارەزووی گەیشتنە بەدیداری یار ، کەئەمە حاڵەتە نۆستالیژییەکە درێژە پێدەدات، لەشیعرە دڵـدارییەکانی دا ، کەبــێ گومــان ئـاوارەیی و تەنهـایی خەم و ناسـۆری زۆریـان لەدەرونیـدا بەرپاکردووە ، بەڵام گەڕانەوە بۆ یاد و یادگاریەکانی یار ئارامیـان پێ بەخشیووە ، وەک خۆی دەڵـێ : ئەگەر یـادی تـۆ ئەی یـار ، بەخەیـاڵیش بـێ ، بۆتەمـایەی ئەوەی هەسـت بە ئـاوارەیی و تەنهایی نەکەم.

جاران پەناگەی شەوانم ......ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو

گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە ......مایەی حەسانەوەی من بوو

دەردی ژیان ، ڕەنجی خەبات.........ماندووبونی ڕۆژی ناخۆش

بەشەو لەئامێزی ئەودا ......هەمووم دەکردن فەرامۆش

نیگای چاوی بزەی لێوی .....برینی دەکردم سارێژ

برینی ئەودڵەی دوژمن .....بەتیر دەیکرد دابێژ- دابێژ

نازی ، تۆرانی ، زیزبوونی......لاواندنەوەی ئاشتبونەوەی

هەمووی لەجێی خۆی شیرین بوو......زۆرسەختە لەبیرچونەوەی

بەڵێ سەختە یەکجار سەختە ....دووری لەژن ، نامرادی ( د.هێ :2012، 221)

هێمن ، لەپاڵ خەم و ئازاری سەختی نیشتیمان ، سەربارێی خەبات و تێکۆشان بۆئـازادی گەل ، کەئەمەبۆتە هـۆی ئـاوارەیی و غەریبی ، خەم و ئـازارێکی تـری هەیە ، ئەویش دووریە لەژن و پەناگەی یار ، کە خەم و حەسرەتێکی زۆری چەشتووە بەوهۆیەوە.

هێمن، لەم دەقەدا هەرلەسەرەتاوە دەگەڕێتەوە بۆ یادی ڕابردووی یار ، بۆیادی ئەو ڕۆژانەی ، کەهەمیشە دەست لەملانێی یار و ژن بووە ، گەڕاوەتەوە بۆیـادی ئەو ڕۆژانەی یـاری نـازەنین هەوێنی شادی و خۆش گوزەرانی بووە ، باوەشـی یـار خەم ڕەوێنـی شـاعیرە ، باوەشـی یـار ،

هۆکاری حەسانەوە و دوورخستنەوەی خەم و پەژارە بووە ، خەندەیەک ، بزەیەک ، نیگایەکی شێتانە لەڕابردوودا مایەی دڵنەوایی و ئارامی دەروونی شاعیربووە.

هێمن بەجۆرێک تووشی حاڵەتی نۆستالیژی بووە ،هێندە ئارەزووی یاردەکات ، هێندە شەیدای ئەوعەشقەیە ، تۆران و زیز بوونی یار و بێ مەیلیەکەشی چێژبەخش بووە لەڕابردوودا.

بەڵام لەئێستادا ئاوارەیی و دووری لەزێد، ئەو هەمووخۆشی و شادیەی ڕابردووی لێ سەندۆتەوە ، دووری یار و تەنهایی و خەم لەئێستادا بوونەتە هۆی دروست بوونی خەمێکی قوڵ.

پەیامی من بە گوێی ئەودڵبەرە نازدارە راناگا
نەسیم (بێسیم) دەبینێ شڵ دەبێ بەم کارە راناگا
گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتن ئەمما
لەکورتی دا تەمەن وادیارە بەودیدارە ڕاناگا
وەکو پەروانە دەوری لێدەدەن لاوانی خۆ ولاتی
گوڵی ئێرە بەژوانی بولبولی ئاوارە ڕاناگا
نەخۆش و دەردەدارو دڵ بریندارم ،پەرستارێک
بەحاڵی ئەم دڵە پڕژان و پڕ ئازارە ڕاناگا
دەکەی ماچی دەم لێوان ئەگەر هێزو گوڕێکت بێ
دەنا جوانێک بەدەردی عاشقی بێچارە ڕاناگا
هەتا کۆمتربێت پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ
ئیتر دەستم بەداوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا
دەبێ بولبول لەمن فێربێ غەزەلخوێنی ، بەڵام چیبکەم
گرفتارم ، چریکەم بەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا (د:هێ : 2012، 234)

لێرەدا ، هەرلەسەرەتای دەقەکەوە هێمن ، پەیامی خۆشەویستی و عەشق ڕادەگەیەنێ ، بێ ئەوەی بگاتەوە بەیاری نازەنین ، شاعیری ئاوارە و دڵ پڕ لەژانە و دوورەلەزێدی خۆی ، شەیدای گەیشتنە بەیار ، ئارەزووی بەریەک کەوتنی دەم و لێوی یاری هەیە ، بەڵام بۆگەیشتن بەیار ،توشی نۆستالیژیای دووری یاربووە ،بۆیە پێویستە ئارام بگرێ تا ئەوکاتەی خۆری ئازادی هەڵدێ ، خەبات و تێکۆشان لەپێناو گەیشتن بەخۆری ئازادی ، هێمنی خستۆتە نێوان بەرداشی بێ ئومێدی لەلایەک ، کە ڕەنگە تەمەن ڕێگای نەدات بەدیداری یار بگات ، کە ئەمە

وێنەیەکی خەفەتباری نەخشاندووە ، لەلایەکی ترەوە بەئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانێ و گوڵی هیوای سیس نەبووە ، بەهیواوە بەئاواتی چێژێکی ئیرۆتیکیە لەگەڵ یار.

شاعیر سەرباری دووری و ئاوارەیی و تاڵیەکانی غەریبی ، هێشتا هێز و گوڕ بەخۆی دەدات ، کە ئەمە سەربای ئەو ڕەشبینیەی سەرەتای دەقەکە ، گەشبین دەبێت و حاڵەتە نۆستالیژیەکەی لابەردەوام دەبێت.

بەهار بوو فەسڵی زستانم ، ئەگەر یارم لەگەڵ بایە

درۆیە گەر گوتویانە بەخونچێکی بەهار نایە

لەبارانی مەپرسە تاهەوربگریێ بەری ڕۆژ

دەبێ بگریم هەتا ڕووی تۆ لەژێر چارشێوەی ڕەشدایە ( د:هێ :2012، 181)

دووری یار هێندە کاریگەریی لەسەر هێمن دروست کردووە ، حاڵەتە نۆستالیژیەکە ، دەقەکەی پڕکردووە لەحەزی گەیشتن بەیار ، شاعیر دەزانێ زستان چەند سەختە ، بەفر و ڕەهێڵە و خەزانی چەند وەڕسکەرن ، سروشتی زستان چەند بێزارکەرە کاتێک ڕەشەبا دەنرکێنێ ، بەڵام هێمن هێندە ئارەزووی گەیشتن دەکات بەیار ، پێی وایە لەو زستانە سەختەدا ، لەگەڵ یار دەبێت بەبەهاری پڕ لەجوانی.

بەهار ⟵ شاعیر= تەمەنی(گەنجی)

زستان ⟵ شاعیر= تەمەنی (پیری)

شاعیر لەئێستای پڕ لە ناڵە و برینی دووری ، کەتەمەنیشی لەهەڵکشاندایە ، تەنها یار دەتوانێ سەرلەنوێ تەمەنی بنوسێتەوە و بەرگی گەنجی لەبەربکات.

### 2-1- 7 : **نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سروشت. : .**

هەرلەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتییەوە ، مرۆڤ بەتاسەوە لەسروشتی ڕوانیوە ، هەوڵی کردنەوەی گرێ کوێرە و پرسیارەکانی سروشتی داوە ، (( ئەوەی پەیوەندی بەئەدەبەوە هەیە ، شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندان ، هەریەکە بەشێوازێکی تایبەتی هەوڵی خۆیان داوە ، بۆلێکدانەوە و شیکردنەوەی کۆدەکانی سروشت ))( محمود : 2007، 16).

گەڕانەوە بۆباوەشی سروشت ،لایەنێکی بەرچاوی شیعری شاعیرانی ڕۆمانتیکە ، هەڵبەتە ئەم گەڕانەوەیە بەرە و سروشت بەهۆی بێزاربوونەوە بووە لەو ژیانە جەنجاڵەی سەردەم ، لەهەمان کاتدا ڕۆمانتییەکان سروشتیان کردبووە سەرچاوەی ئیلهامیان، بۆیە ڕۆسۆ سروشتی

وەکو مەڵبەندێکی پاک و خاوێن زانیوە ، ڕۆسۆ ((داوایدەکرد جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ باوەشی سروشت ، بەلایەوە پیرۆزترین مەڵبەندە ، کە ئادەمیزاد بەسەربەستی و بەختیاری تێیدا بژی، خۆی دووربخاتەوە لەگیر و گرفتی شارستانێتی ، کە مرۆڤ توشی بووە بەتوشی کۆمەڵێک یاسا و نەریتی پڕو پوچەوە ))( احمد : 1989، 142).

هەرچی پەیوەستە بە حاڵەتە نۆستالیژیەکانیشەوە ، سروشت بەهەموو پێکهاتەکانیەوە ، لە چەم و دۆڵ و شاخ و دەشت و کانی و ڕووبار و دەریا و زەریاکان ....هتد ، ئەمانە حەز و ئارەزووی کەسی نۆستالیژی ڕادەکێشن و دەبنە هەوێنی دروست بوونی چەندین دەقی نۆستالیژی ، بەتایبەت کاتێک مرۆڤ کەساس و پیردەبێت ، یاخود لەکاتی بوونی خەم و تەنهایی و ئاوارەیی و غوربەت دا ئارەزووی پیاسەیەکی نێوسروشتی زێدی خۆی دەکات .

شاعیرانی کوردیش بەشێوەیەکی فراوان مەیلی بەسەرکردنەوەی دیاردە و پێکهاتەکانی سروشتیان هەبووە لەشیعرەکانیاندا، چونکە مرۆڤ کە لە ساتە ناخۆشەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، ئەوە خەمەکانی دەڕەوێنەوە و ئاسودەیی بۆناخیان دەگەڕێتەوە ( اسماعیل : 2008، 5).

کەواتە: گەڕانەوە بۆسروشت لەلایەن شاعیرانەوە بە ئامانجی ڕەوینەوەی خەم و حەسرەتی دووری و کاتە ناخۆشەکانە ، گەڕانەوە بۆ نێو باوەشی ژیانی کۆنی گوند و دەست لەملانێی تاڤگە و سەرچاوەکانی ئاو، خاڵی کردنەوەی دەروونە ، لەهەموو پاڵنەرە نێگەتیفەکان و هەنگاونانە بەرەو گەشبینی دەروون.

## 2-1- 7 : - أ: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت لەشیعرەکانی پیرەمێردا:

گەڕانەوە بۆسروشت ، لایەنێکی دیار و ئاشکرای نێو دەقەشیعرییەکانی پیرەمێردە ، وێنە و تابلۆ ڕازاوەکانی سروشت بونەتە هەوێنی چەندین شیعری جوان ، شاعیر لە چەندین دەقدا دەستی بۆ وێنەکانی خوڕە و هاژەی ئاوی ڕووباری سیروان و تاڤگەی زەڵم و تانجەڕۆ بردووە ، هاوشان لەگەڵ گواستنەوە و وەسفی وێنە ڕازاوەکانی گۆیژە و دەشت و دۆڵی پڕ لەجوانی بەشێکی ناوچەکانی کوردستان ، کە شاعیر یادگاری لەگەڵ هەندێکیاندا هەیە ، پیرەمێرد وێنە جۆربەجۆرەکانی سروشتی ئاوێتەی هەست و سۆزێکی کاریگەرکردووە ، وەکو فۆتۆگرافەرێکی بەتوانا سروشت لەڕێگەی زمان و وشەکانەوە ئاراستەی خوێنەر دەکات .

دڵ گەشایەوە بەبەهەشتی گوڵ
گەشتی ناو گوڵان بوو بەسەفای دڵ
بۆنی گوڵ ڕۆحی تازە کردەوە

دڵخۆشیی تاڵی لەبیربردەوە

بابچینە ناو گوڵ بەگۆرانیەوە

بەزەمزەمەوە و شادمانیەوە

خوایە چەند خۆشە جیهان

لەناو گوڵانا ژیان

خۆزگە گوڵ تاسەر ئەما

یا دیسان نوێ دەبووەوە

خۆش نەواو ئازادەسەر

بێ خەفەت بیبەینەبەر ( د:پ :2013، 371)

حەزی نۆستالیژی پیرەمێرد و گەڕانەوە بۆسروشتی نیشتیمان ، لەڕێگەی دەشت و دەر و کەژ و کێوی ڕازاوە بەگوڵ ، شاعیر بەرەو شادی و کامەرانی دەبات ، شاعیر پێی وایە بۆنی گوڵ و گوڵزاری سروشت ، دووبارە ڕۆح بەبەر مرۆڤدا دەکەن ، لەهەمان کاتدا ئەو حەزەی کە هەیەتی بۆ بینینی سروشتی پڕ لەجوانی ،دەیەوێت لای هەمووان هەبێت ، حەزدەکات هەمووان بچنە نێو سروشت و گوڵ و گوڵزارەوە ، بۆڕەواندنەوەی خەم و ئازارەکانیان.

پیرەمێـرد بەسەرسـوڕمانەوە لەسروشـت دەڕوانـێ و چێژێکـی تـایبەتی دەداتـێ ، حـاڵەتە نۆستالیژیەکە زیاتر بەرجەستەدەبێت ! کاتێک بەهۆی وشەی (خۆزگە ) وە ، ئاوات بۆ هەڵکشـان و تەمەن درێـژی گـوڵ و گـوڵان دەخوازێـت ، چـونکە پێـی وایە مـایەی ڕەویـنەوەی خەم و حەسرەتی مرۆڤە.

ئەرێ شۆڕەبی سەر حەوزەکەمان

تۆسێبەرێ بووی هاوینان بۆمان

بەهار بەلەنجەو لاری خەرامان

شنەت ئەبوو بەباوەشێنی گیان

بەبەرگی سەوزی تاوسی کاڵات

حەوزەکە بووبووە ئاوێنەی باڵات

ئێستە بۆ رووت و بێ بەرگ و باری

سەرشۆڕ و ڕەنگ زەرد ، کز و غەمباری ( د:پ :2013، 226)

نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت ، سەرتاپای وێنەکانی دەقەکەی پڕکردووە لەحەسرەت ، خەم و حەسرەتی یادی ئەو دارشۆڕەبیەی ، کەئێستا سەرکز و لاوازە ، ئەو دارشۆڕەبیەی وەک پێکهاتەیەکی سروشت حەوشیماڵی شاعیری لەبەهاراندا کردبووە تابلۆیەکی سروشتی ڕازاوە و پڕ لەجوانی ، شاعیر لەڕێگەی پرسیارەوە خەم دەخوات، بە نەمانی وێنە و بەرگی هەمیشە سەوزی ئەودارە سروشتیە ،ئەودارەی لەوەرزی هاوینی ساڵانی ڕابردوودا ، لەسێبەریدا دەیان یادگاری جوان تۆمارکراون، بەڵام ئێستا ئەو جوانی و لەش و لارە تاوس ئاسایەی نەماوە ، کەئەمەبۆخۆی خەمێکی لەدەرونی شاعیردا دروست کردووە .

توخوا ئاوەکەی بۆن گوڵاوەکە
بۆسەرچاوەکە کەمێ لاوەکە
بڕوانم ئاخۆ جامی فتوغراف
نیشانم نادات شێوەی ئێڵی جاف
نە ! ئەو دەبدەبە و سەر ئەو سەر ئاوە
ئێستا ئەفسانە و نەخشی سەر ئاوە
ئەم دڕک و داڵە و ئەم قەل و داڵە
ماونەوە لەشوێن ئەو گەورە ماڵە ( د:پ :2013، 125)

شاعیر لەسەرەتای دەقەکەدا ، حەزی بینین و دووبارەچوونەوە بۆ دیدەنی سروشتی پڕ لەجوانی (دوئاوانەکە) ، کەشوێنی بەیەکگەیشتنی ئاوی زەڵم و تانجەڕۆیە ، لەدەرونیدا کەوتۆتە جوڵە ، لەهەمان کاتدا داخ و حەسرەتی لەدەرونی دا دروستکردووە ، شاعیر لوتکەی نۆستالیژی بونی خۆی دەخاتەڕوو ، کاتێک ڕوودەکاتە ئەو شوێن و ئاوە و لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ : توخوا هەروەکو چۆن جامی فۆتۆگراف شێوەی خۆی دەردەخاتەوە ، تۆش بەهەمان شێوە، شێوە و دیمەنەکانی جارانی پڕلەجوانی خۆتمان پێشان بدە، بەڵکو بۆن و بەرامەی ئەو گوڵ و گوڵزارەی جارانمان بەلوتدا بێت و ئەو دیمەنە جوانانەی جاران هەندێ لەخەمەکانمان کەم بکاتەوە.

پیرەمێرد خەم و حەسرەتی دووری یار و نازدارانی جاف ئاوێزانی خەمی سروشتی جوانی نیشتیمان دەکات ، ئەمجارەیان شاعیر(پۆڕ) ی زەردیان ، کە جۆرە باڵندەیەکی سروشتی ناوچەکەیە، دەکاتە ئیلهام بەخش و دەپرسێت ؟

پۆڕە جوانەکەی دەوری زەردیان
ئای ! بۆ کناچت دەوری بەربەیان
کاتێ سفێدەی سەحەر دەرکەوێ
پێشخانەی شەفەق لەکەژ سەرکەوێ

دەمی بێداری کە دەستی مەریەم
قۆناغەی عیسا ئەشوا لەسەرچەم
ئاوی زیندەگی دێتە زەمزەمەوە
ئەبێ بەزەمزەم ئاوی ئەو چەمە
زەڵم و تانجەڕۆ دەست لەملان بن
سەرپۆپەی گوڵان جێی بلبلان بن
دەنگی کناچەت بەرزو سەرئازاد
دەنگت بداتەوە وەک دەنگی سەییاد
لەکەناری زەڵم ، ئەو سەوزە گیایە
تۆوی کەنیشکی جافی تێدایە
تۆ بەکناچە و لەنجە و لارەوە
من بەچاوێکی فرمێسک بارەوە
بەرامبەر بەیەک هەردوو بناڵین
هەردووکمان وەک یەک بۆیار عەوداڵین
شێوەی ئەوسنگە جەودانەی سەد تەرز
لەسینەی مندا شیوەن بکا بەرز
گوێ مله دەنگت بێ بەیادی جاران
کوا ماڵە گەورە و پۆلی نازداران ( د:پ :2013، 128)

بایرۆنی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی، لەبارەی ئاوێتەکردنی خۆشەویستی سروشت و یارەکەی دەڵێت : (زۆرباوەڕپێ نەکراوە ، کەتۆلەبیربەرمەوە ، بەڵام لەوەگرنگتر ئەوەیە ، کەناتوانم لەئاستی گوڵێکی بەهاردا چاو وەرگێڕم )(ئاشنا : 2001، 288) ، جا پیرەمێرد لێرەدا هەردوو خەمەکەی ئاوێتەی یەکدی کردووە ، مەبەستمان خەمی نیشتیمان و یارە لەلایەک ، لەگەڵ حەزی گەڕانەوە بۆ سروشتی پڕ لەجوانی ناوچەی شارەزوور ، شاعیر پرسیار لە پێکهاتەیەکی ئەو سروشتە ڕازاوەیە دەکات ، کە پۆڕە ، دەپرسێت وا دیارە تۆش بەدوای خۆشەویستەکەتدا وێڵی ؟ (وابەکناچە کناچێ) ئاوازێکی جوانت دروست کردووە ، دیارە ئەمە حەزی شاعیرە بۆ ئاوازی پۆڕی سروشتەکە و باڵندەکەش پێکەوە ، بۆیە وا بۆیادی ئەو گەڕاوەتەوە ، پیرەمێرد خۆی بەهاودەردی ئەوباڵندەیە دەزانی ، ئەودەنگەی لەسپێدەیەکی جوانی شارەزووردا ، کە لەڕابردوودا بەرگوێی دەکەوتن ، خەم و ئازاریان دەڕەواندەوە ، بەڵام ئێستا لەدووری ئەوسروشتە ، تەنها حەسرەتی بۆهەڵدەکێشێ و توشی نۆستالیژیای سروشت بووە.

وەک من دەردە دار ، وەک من دەردە دار

گوڵان ببینن رەنگ ڕەنگ بەقەتار

ئای بۆ یارێکی وەک من دەردە دار

سەیری بەهارکەین دیارە و دیار

بەهەرغەمێکی تێروپڕبگرین

لەهەررەنگێکیان غەمێک وەربگرین

گوڵاڵە خوێنی دیدەی شەوبێدار

لەوەنەوشە شین ، لەنێرکس خومار

لەخونچە پەیکان ،لەگوڵ سۆسەن خار

لەنەورۆز بۆ دڵ زامی پڕ ئازار ( د:پ :2013، 162)

شاعیر بەدەرونێکی پڕ لەحەسرەتەوە ، ئاخ بۆ گەیشتن بەیارێکی وەفاداردەخوازێت، لەنێو سروشتێکی ڕازاوە ، کەئەمەیان واتا: حەزی سروشتەکەیە : زیاتر حاڵەتە نۆستالیژیەکەی لەدەقەکەدا بەرجەستەکردووە ، واتا : ئەگەر نۆستالیژیا حەز و ئارەزوویەک بێت بۆ شتە لەدەستچووەکانی ڕابردوو ، ئەوە لێرەدا پیرەمێرد دووجار دوو حەز و دوو شت پێکەوە گرێ دەدات ، لەیەک کاتدا بەسەربردنی کاتێکی ڕۆمانسیانە لەباوەشی یاردا ، لەنێو ئەو سروشتەی کە ئارەزووی دەکات.

**2-1- 7 : - ب : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت لەشیعرەکانی دیلاندا :**

سروشت وەکو لایەنێکی گرنگ و هۆکارێکی دیاری دروست بوونی نۆستالیژیای تاک ، بەڕوونی لەشیعرەکانی دیلاندا دەبینرێت ، گەڕانەوە بۆسروشت و دەست بردن بۆ پێکهاتەکانی سروشت لەشیعرەکانی دیلاندا ، هەندێ جار ئاوێتەی هەندێ بابەتی ترن ، یەکێک لەوبابەتانە ، خەمی نیشتیمانە و مرۆڤایەتییە ، (بو نموونە : دەبینین سروشت لای شاعیرانی تر هاوکێشەوبەرامبەرییەکی ئیستاتیکی موعاناتی کەسیە، بەڵام دیلان لەگەڵ ئەوتایبەتمەندیەدا ، لەئاکامی تێڕوانینی ماتریالیزمانەی بۆسروشت و کۆمەڵ ، سروشت بووە بەهاوکێشە و بەرامبەرێکی ئیستاتیکی گونجاو بۆ موعاناتی مرۆڤایەتی)، (محمد : 2007 ، 74).

پایز بوەرێ گەڵای درەخت

زستان بابێنێ وەیشومەی سەخت

خەزان بازەردبێ دەشت و چیاو کێو

بەفر ، داپۆشە هەوراز و نشێو

ڕەهێڵە ڕایدە پۆشی پەناچاڵ

بای دەشت ، بیشکێنە نەمامی ناوماڵ

پەپوو ، ڕۆژتە ، بخوێنە بەگەرم

سەرماو سۆڵەیە ، لەکەس نەکەی شەرم ( د:پ : 2013 ، 71)

دیلان لەدەقەکەدا ،لەڕێگەی دیاردە و پێکهاتەکانی سروشتەوە ، خەمی مرۆڤایەتی و نیشتیمانی بەرجەستەکردووە ، شاعیر وێنەیەکی دژ و پڕ لەململانێی کێشاوە ، لەنێوان دووجەمسەری سروشتدا ، لەلایەک جەمسەری پەپوو ، زستان و پایز ، لەڕێگەی خەزان و بەفر و ڕەهێڵە و دوکەڵەوە ، لەلایەکی تر (گوڵ و نەمام و چیا و کێو و هەوراز و نشێو لەبەهاردا ، هەڵبەتە واتای قوڵ و ناوەوەی دەقەکە هەرچیەک بێت ، شاعیر حاڵەتە نۆستالیژیەکەی بۆ ناشاردرێتەوە ، کە داواکردن و حەزی گەیشتنە بەبەهار ، کە هۆکاری دڵنەوایی و کامەرانییە ، داواکاری شاعیر لە کاتی زستان و پایز بێگومان حەزێکی پێچەوانەیە.

لەلێوی (لالە) خوێن بارین بووجاران

لەدڵ دا باوە پڕ ئەسرین بووجاران

لەئاسۆگا ... سروشتی تازە کۆرپە

دڵی بەردی ئەخستە جۆش و خورپە

لەتاو ... باق و بریقەی نێو نزاران

شەوارەی بوو قوڵینگ و قازی بەهاران

لەگرمەی هەوروهاڕەی تیژی تەرزە

شکۆفە هەڵوەریوی ترس و لەرزە

لەدەشتێکا .. کەسەیرانگا بووجاران

لەپڕ هەورێ کەبارانی ئەباران

کە ئارایشت ئەشێوا بەرگ ئەگۆڕا

هەزاران (دڵ) ئەچوو .. پەیمان ئەدۆڕا ..! (د:دی : 2013 ،341)

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ نێو سروشتی پڕ لەجوانی و بەهاری جاران ، دیلان حەز و حەسرەتێکی قوڵ دایگرتووە ، بۆ سروشتی زەمەنی ڕابردوو ، لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک دیاردە و

پێکهاتەی سروشتەوە وەک : ( ئاسۆگا سروشت ، تازە کۆرپە، باق و بریقی نێو نزاران ، گرمەی هەوری بەهاران ، قاز و قولَینگ ...هتد.

دیلان ، وەکو فۆتۆگرافەرێک وێنەی پڕ لەحەسرە ت و چێژبەخشی ڕابردووی دروستکردووە ، لەسەیران و نێو نزاران ، لەئاسمانی بەقولَینگ ڕازاوە ، هاتن و نالَەی هەوری پڕ لەگالَە ی بەهاران ، سروشتی بەهار و دەرچونی خەلَک بۆسەیران ، ئەم وێنانە لەگەلَ دروستکردنی نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سروشت ، لەهەمان کاتدا هەولَێکە بۆ جولاَندنی هەستی خوێنەریش.

ئەلَێ .... بەهار بەهاری پار

نەورۆز لەگەلَ شەش ڕۆژی تازە

مەل ئەیخوێن بەستە و ئاوازە

پڕ بوو لەهەلَبەستی تاوەچەم ... هاژەی

هێجگار بەخوڕ بوو

گۆرانی بۆ مێرگی پڕ بوو

لەبریقەی نێرگزی شەنگ

یاوەنەوشەی چاوشینی مەن

بەلاَم ئیمسالَ ئەلورێنێ

ڕەشە  بای تیژ ... ئەگرمێنێ ووردە مێروو

ئەبزوێنێ (د:دی: 2013 ، 260)

دیلان گەڕاوەتەوە بۆسروشت ، ئەو سروشتەی لەڕابردوودا مایەی ئارامی و دلَنەوایی بووە ، شاعیر دەمانباتەوە بۆ نەورۆزی پار ، سەرەتای بەهاری سالَی ڕابردوو ، ئەوکات مەل بەدەنگ و ئاوازی دلَڕفێنی شادی دەخستە دلَی هەموانەوە، چەم لەڕێگەی سەمفۆنیاوە دەیان ئاوازی سیحراوای دەچڕی ، دەشت و مێرگ و نێرگزەجاریش پڕ بوون لە بریقە و بۆن و بەرامەی خەم ڕەوێن ، دیلان بەگەڕانەوەی بۆ سروشتی ڕابردوو، سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆلای وەنەوشەی چاو مەست ، دیارە وێناکردنی ئەم هەموو دیمەنە بۆخۆی حالَەتێکی نۆستالیژی قولَی لەدەروونی شاعیردا دروستکردووە .

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد ، دیلان هەندێ جار لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سروشتەوە ، خەمی مرۆڤایەتی و نەتەوە ئاوێزانی حاڵەتە سروشتیەکە دەکات:

ئەی هەنسک و سۆزی بلوێر
کەی بێ من ... تێر
قوم بدە م لەو ((گوێ)) شەتاوە
دەم بخەمە دەمی چاوە .....؟
دەس بکەمە ملی چیا
وەک شەونمی سەرسەوزە گیا
وەکو هەنگی سەر هەڵاڵە
سەربکەمە سەر گوڵاڵە
سنگی نێرگس هەڵبمژم
کەمەری (تاڤگە ) بگوشم (د:دی : 2013 ، 267)

ئەو کاتەی شاعیر بەدوایدا وێڵە ، بۆئەوەی ئۆخەی بکات ، دڵ و دەرونی بحەسێتەوە و پڕ بێت لەخۆش بەختی ، وەک خۆی دەڵێ : ئەزانی (کەی ) یە ؟

شاعیر لەڕێگەی چاوی دڵەوە بەکامێرای سۆزی ، حەز و حەسرەتی گەیشتن بەسروشتی جوانی نیشتیمان ئاشکرادەکات ، خوێنەر ئارەزووی فڕین دەکات بۆئەوسروشتە ڕازاوەیە ، شاعیر وێنەی سروشتی مێرگ و تاڤگەی نزیک شار دەکێشێ، کە وەکو (شەلال- تاڤگە) لەشوێنی بەرزەوە دێتە خوارێ ، لەهەمان کاتدا حەزی نۆستالیژی لەدڵی دیلاندا دەجوڵێت ، بۆئەوەی دەست لەملانێی چیاو بەرگی سەوزی دەشت و دەربکات ، ئاوێزانی شەونمی تەڕ و ناسک بێت وەکو هەنگی سەرگوڵاڵە سەربکاتە سەرگوڵ ،کە ئەمانە وێنەیەکی دلفڕێنن ، پاشان حەزی شاعیر سەردەکات ، بەتاسەوە ئارەزووی بۆنی پڕلەسیحری نێرگسە ، بەشێوەیەکی گشتی دەقەکە هەڵگری سیمای نۆستالیژیای سروشتییە.

### 2-1- 7 : - ج: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆسروشت لەشیعرەکانی هێمندا. :

هەروەکو چۆن هێمن عاشقی ژن و جوانییە ، ئاوهاش عاشقی سروشتە ! لەپێناو نیشتیمان ئاوارە و دەربەدەرە ، حەزی گەڕانەوە بۆ نێوسروشتی زێدی خۆی حاڵەتێکی بەرزی نۆستالیژی لەشیعرەکانی دا دروست کردووە ، خەمی نیشتیمان و زێدی خۆی نۆستالیژیای سروشتی لەشیعرەکانیدا پڕهەست ترکردووە ، گەڕانەوەی شاعیر بۆ سروشتی جوانی نیشتیمان و زێدی خۆی ، لەپێناو ڕەوینەوەی خەم و ئازارە پەنگخواردوەکانێتی ، هەروەها

هۆکـارێکی تـری گەڕانەوە بۆسروشـت لای هـێمن ، (( مەبەسـت لەهـۆنینەوەی هـۆنراوە بـۆ سروشت لەلایەن هۆنیارەوە ئەوەبووە ، کە هەستی ڕۆڵەکانی کورد بجولێنێ تاکو ولاتەکەیان زیاتر خۆش بوێ ))( نوری : 2017، 69).

تەک و تەنیا بەئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەردێ

بەدڵتەنگی و کزوخەمناکی ڕادەکشێم لەسەربەردێ

دەکەم جاسەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا

شەو و بێ دەنگی چەند خۆشە ،هەمیشە خۆزگە هەرشەوبا

وەکو ئاواڵی چاک ئەستێرەکان گوێ ڕادەدێرن بۆم

هەتابۆیان بەیان کەم موو بەموو ڕازی دەروونی خۆم (د:هێ :2012، 164)

هێمن دەرونی پڕە لەخەم و ئازاری دووری ولات و ئازیزانی ، خەمی کۆمەڵ و نەتەوەی لەکۆڵ نـاوە ، سـەختی ژیـان پشـتی شـکاندووە ، دەردە کۆمەڵایەتییەکـان دەروونیـان شەقارشـەقار کردووە ، لەهەمووی سەخت تر ئاوارەیی و غەریبی ، ڕۆژانە تـاڵاویی پێ دەچێژن ، شـاعیر بۆ ئەوەی کەمێـک لەم هەمـوو خەمە دووربکەوێـتەوە ، لەڕێـگەی ئاواتخواسـتن و خەیـاڵەوە، دەگەڕێتەوە بۆنێو سروشتی هێمن و جوان ، ئارەزووی بەرتریفەی مانگەشەوە دەکات ، ئەیەوێ بەهۆی وێنەی شـوان و بلوێرە سیحراوەیەکەی لەنێو سروشـتی لادێ دا ، تۆزێک خەم بەبابدا بدات، شاعیر گەڕاوەتەوە بۆسروشت ، چ سروشتێک ؟ کاتی شەو ، شەوێکی هێمن و بێ دەنگ ، لەژێر تیشک و تریفەی مانگەشەو ، ئارەزوو دەکات، کەلەوزەمەنەدا ! کات بوەستێ لەوشەوەدا و ئیدی ڕۆژ توانای هەڵهاتنی نەبێت ، ئەیەوێ بڕوانێ لەئەستێران ، بەهێمنی سکاڵای پڕ لەخەم و حەسرەتی بۆ باسدەکات ، چونکە پێی وایە سارێژکەری دڵەی زامداری سروشتە.

هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە

کە بەو مانگە شەوە جوانە

دانشتوی لە ڕژدو هەڵدێر

پەنجە دەبزێوی لە بلوێر

دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی

شادی بەکەیفی بێ خەمی (د:هێ :2012، 141)

ئەگەر دیلان و پیرەمێرد گەڕابێتنەوە بۆ نێو دەشت و دەروسەوزەگیا ، لەنزیک تاڤگە و ڕووبارۆچکەکانی نیشتیمان دەواریان هەڵدابێ ، هێمنی ئاوارە و تەنیا بۆ لەبیرکردنی خەمەکانی ، ئەیەوێ لەمانگەشەوی دەشت و دەردا خەم بەبادا ، لەمانگەشەودا ئاوات بە کاکی شوانەی نیشتیمان و زێدی خۆی دەخوازێک ، کە لەگەڵ سروشتدا دەست لەملانە ، ئەو دیمەنە هەستی ڕاستەقینەی شاعیرە بۆ نێو سروشت ، کەواتا : هێمن بەهۆی وشەی (خۆزگە) وە ،حاڵەتە نۆستالیژیەکەی بەرجەستەکردووە ، چونکە ئەوسروشتە ئارامی دەکاتەوە و چێژی لێ وەردەگرێت ، پەنابردن بۆ ناوهێنانی بلوێر و ئاوازەکەی ، ئەوە ئەوپەڕی حەزی هێمنە، بۆ ئەو ئاوازە پڕ لەجوانیەی چێژی پێدەدات و دڵخۆشی دەکات ، لەنێو سروشتێکی ئارامدا، ئەو دیمەنە شاعیر شاگەشکە دەکات ، وەک خۆی دەڵێ: کە تۆ لەگەڵ تەبیعەت هاودەمی ، ئیدی خەمێکت نییە ، شاد و کامەرانی! کە ئەمەیان حاڵەتە نۆستالیژیەکە زیاتر قوڵدەکاتەوە لەدەقەکەدا.

تەلارو سەرسەرا و کۆشک چ دێنێ

کەکۆیلە وەرهەمی تێدا هەڵێنێ

لەگەڵ کازیوە بۆی نەفرم چلاوچڵ

نەبینم گوڵ، چلۆن ئارام دەبێ دڵ (د:هێ :2012، 159)

هێمن ئەیەوێ دەردو خەمی دەرونی ، خەم و ناخۆشی و ئازارەکانی ناخی ، حەسرەتی ئاوارەیی و دوورە وڵاتی و زێد لەبیربکات، توشی حاڵەتی نۆستالیژی بووە ، حەزدەکات بگەڕێتەوە بۆسروشتی ڕازاوە ،لەنێو گوڵ و گوڵزاردا هەر لەگەڵ کازیوەدا وەکو باڵندەی باڵنەخشین ئارەزووی فڕین دەکات ، لەنێو لق و چڵی گوڵاندا ، تا بەم ئاواتەش نەگات ئارام نابێتەوە ، دەرونی سۆزی گڕگرتووی دانامرکێ.

جیلوەی جوانی لەهەرچیدا هەبێ خۆشم دەوێ

ڕۆژێ کوشتەی مینی ژۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم

هەریەکەی بۆخۆی دەجولێنێتەوە هەستی دەرون

زەردەپەڕ ، کاروان کوژە ، تاریک و ڕوونی سوبحەدەم

ئاسمانی ساو و دەریای مەند و تارمایی چیا

سێوی سور و بەهێی زەردو هەناری گوڵ بەدەم (د:هێ :2012، 295)

حەزی گەیشتن  بەئافرەت و دیاردە و پێکهاتەکانی سروشت لەم دەقەدا ئاوێتەی یەکدی بووە ، شاعیر گەرچی پیری سەرەڕێی پێگرتووە، وەک دەڵێ : (ئێستە پیری مەیکەدەم ) ، بەڵام هێشتا حەز و ئارەزووی هەموو جلیوەیەکی جوانییە ، دروست بوونی حاڵەتی نۆستالیژی سروشت ، بەهۆی وشە و دەسەواژەکانی ( زەردەپەڕ ، ئەستێرەی کاروان کوژ ، ئاسمانی ساو ، سێوی سور ، تاریک و ڕوونی سبحەدەم ، ..هتد) بەرجەستەبوون ، کەهەریەکێ لەوانە هەستی شاعیر دەجولێنن.

**2-1- 8 : نۆستالیژیای شاری نمونەیی (یۆتۆپیا ) :**

بیرۆکەی شاری نموونەیی لای زۆرێک لە نووسەر و شاعیرانی بە ئەزموون لە مێژە هەیە ، خەونی شارێکی نموونەیی ، کە مرۆڤ تێیدا بەئازادی و یەکسانی بژی ، شارێک یاسا تێیدا سەروەر بێت ، یۆتۆپیا شوێنێکی کاملی بێ کەموکوڕییە، بەتایبەتی لەڕووی یاساکانی بەڕێوەبردن و بارودۆخ و(حاڵەتی) کۆمەڵایەتییەوە، پەنا بردن بۆ ئەم بیرۆکەیە لە ئەنجامی سەختی ژیان و خراپەکاری و ساختەکاری و نادادییەوە دێتە بوون ، کە دەوری مرۆڤایەتی داوە ( ئەفلاتوون یەکەم کەس بووە لە کتێبی کۆماردا ئاماژەی بە شاری نموونەیی داوە ، پێیوابووە مرۆڤەکان لەهەموو شتێکدا یەکسانن ، دوای ئەویش فارابی لە کتێبی شاری نموونەیی وێنەی یەکسانی مرۆڤایەتی بەرامبەر نادادی یاسا دەکێشێت) (توفيق:2008:47) ،

کەواتا : مرۆڤ لەدێر زەمانەوە خەونی بە شارێکی نموونەیی بینیوە ، کەتیایدا هەمووان مافی خۆی لە ئەرک و بەرپرسیارێتیدا پێبدرێ ، شارێک بێ برسێتی و نا دادپەروەری ، هەژاریش جێگەی تێدا نەبێتەوە ، شاری یاسا و دادپەروەری بێت ، بە جۆرێک بەختەوەری بۆ هەمووان فەراهەم بکات ، شاری زانست و زانیاری ، کە مرۆڤایەتی بگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی پاکی خۆی ، لە راستیدا شاری نموونەیی  لە ئەرزی واقیعدابوونی  نییە ! بەڵکو نووسەران لە ڕێگەی خەیاڵ و فانتازیاوە دەیهێنە بوون ، لێرەدا ئەدەب دەبێتە شانۆی دروستبوونی حەز و ئارەزووی بەدیهێنان ، بەمەش نۆستالیژیا دروست دەبێت.

لە هەمان کاتدا لایەنی شاراوەی دەروونی شاعیران دەردەکەوێت ،کە هەوڵی گەیشتن دەدەن بەو شارە نموونەییە لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە ، ئەو شارە نموونەییە بەهۆی بارودۆخی پڕ لەمەینەتی ئێستا ، لە هزر و دەروونیاندا نەخشەیان بۆ کێشراوە .

واتا یۆتۆپیا، ئەو شارەی پێچەوانەی شاری (دیستۆپیا)یە ، کە دیستۆبیا لە ئەدەبدا کۆمەڵگایەکی گەندەڵ و پڕ ترسە، هیچ کەس ئاواتی بۆ ناخوازێ ، بەجۆرێکە کە پڕ لە ئاژاوە و نادادپەروەری و خراپەکاریە ، جیهانێکی خەیاڵییە،  هیچ شوێنێکی بۆ چاکە تێدا نییە ، دیارترین سیماکانی

بـــريتييه له :((هەژاریـــی و نەخۆشـــی و وێرانکـــاری و کوشـــتن وســـتەمکارییە ، جیهـــانێکە کە مرۆڤـــایەتی تێـــدا زەوتکـــراوە))(البغـــدادي:1998:91) ، شـــاعیرانی کـــوردیش دەیـــانەوێ لەو شـــارە دیستۆپیاییەوە، بگەن بە شاری نموونەیی یۆتۆپیا ، شاعیرانی سنووری تێزەکەی ئێمەش بێبەش نیین لە دەست بردن بۆ ئەو خەیاڵە یۆتۆپیاییەی بارگاوییە بە ئەندێشەیەکی فراوان .

## 2-1- 8 : - أ : نۆستالیژیای شاری نموونەیی لە شیعرەکانی پیرەمێردا :

پیرەمێـــرد بەدەر لەوپاشـــخانە ڕۆشـــنبیرییەی هەیبـــووە ، بەهـــۆی گەڕان و بینینـــی ناوچەکـــانی دەرەوەی ســـنوری نیشـــتیمانەوە ، بەتـــایبەتی بەســـەربردنی ســـاڵانێکی تەمەنـــی لەوڵاتـــی تورکیـــا ، شارســـتانیەتی ئەو وڵاتە کـــاریگەرییەکی زۆری لەســـەر دەرون و هـــزری دروســـتکردووە ، (پـــاش گەڕانەوەی لەتورکیـــا ، ڕۆژێـــک لەگـــوێی ڕووبـــاری دیجـــلە لەبەغـــدا دانیشـــتووە ، لەپـــاڵەوە بەراوردێکی دواکەوتنی کوردستانی کردووە لەچاو وڵاتانی تر، ئەو وڵاتانەی بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی و ڕێکەت و خوێندەوارییەوە بونەتە خاوەنی شارستانیەتی پێشکەتووی پڕ لە کۆشک و شەقام و باخچە ....هتد) ( هاوار : 2013، 87).

لێرەوە بیـرۆکەی دروسـت بـوونی شـاری نمـوونەی (یۆتۆپیـا ) لەدەرونـی پیرەمێرددا دروسـت بووە ، حەز و ئارەزوی وابووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ، کوردستـانیش وەک وڵاتە  پێشکەوتووەکان هەنگاوی شارستانی گەورەبنێت.

پیرەمێـــرد لەڕێـــگەی خەیـــاڵەوە، لەوکـــاتەدا بەشـــێوەیەکی ڕۆمـــانتیکی شـــارێکی نمـــوونەیی و پێشکەوتووی بۆ کورد هێناوەتە بوون ،

شەوێ لەگۆێ شەتی بەغدا ، خەیاڵی کوردم ئەکرد
گەلێ لەگەل بەجێ مابووم ، دەست و بردم ئەکرد
بەباڵی شیعر و خەیاڵ کەوتمە پەلە و تەک و تاز
لەئاسمانی سەرفرازی ، بەجارێ کەوتمە پەرواز
فەزای ئومێدم ئەدی ، بێ نیهایەت ڕۆشن ، ساف
تلۆعی تاڵعی کورد ، بوبووە نووری پەردەشکاف
کەدیم دەوڵەتی تازەی ، شوێن دەوڵەتی عەباسی
منیش ئەکەوتمە خولیا ، خولیای لالەعەباسی
خەتی حدودم کێشا لەخاکی ڕۆم و عەجەم
بەپانی فەیلی و لوڕ و زەهاویشم دابووە دەم
لەراستەوە سابلاغ بوو هەتا خەتی هەکاری

لەسەر تەماسی شیمال لازمە هەتا چاری
کەڕاست و چەپ ئەمەبێ روو لەرۆژهەلات بڕۆ
هەمووقەومی خۆمانن رەنجەڕۆن و سەرە ڕۆ
ئومێدی زۆر بەکوردی موکریانە دیندارن
بەڵام لەدەست گەڕی زاڵم کەساس و غەمبارن ( د:پ : 2013 ، 87)

شاعیر بەهۆی خەم و حەسرەتی دواکەوتووی وڵات ، نایشارێتەوە ، کە مەلی خەیاڵی شیعریی باڵ دەگرێت ، هەر لەدەستپێکی دەقەکەوە بیرۆکەی دامەزراندنی شارە نموونەییەکەی بەخەیاڵ دادەڕێژێ ، کەخۆی لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبینێتەوە ، چ دەوڵەتێک ، نموونەیی و شارستانی و مۆدێرن ، پاشان دێ سنوری دەوڵەتەکەی دەکێشێت و لەگەڵ نەتەوەکانی تری جیادەکاتەوە ، لەڕۆژهەلات بۆڕۆژئاوا ، لەباکورەوە بۆباشور درێژ دەبێتەوە ، کە ئەمە بیرۆکەیە بۆ کورد لەخەیاڵێک زیاتر نییە بەهۆی تەماعی نەتەوەکانی دراوسێ و پەرتەوازەیی و دواکەوتووی کوردەوە ، بەڵام ئیدی ئەمە خەیاڵە و خەونی شاعیرانەیە ئەبێت بێتە دی.

ئەلیکتریک لەبەرانانەوە هەتا گۆیژە
تەلی بەسەر شارەوە ڕاکێشرابوو بەبێ پەیژە
لەڕاستی تەختی سلێمانی چوار پێنج ئەوەندەی مانگ
گڵۆپی نوور دەر – و – ژوور ڕووناک ئەکاتەوە تابانگ
تەرەسوداتی تلسکۆبی سەرعومەر گەردوون
لەپێش قولەی ئیڤڵ بۆی لواوە کەشفی شئوون
لەسەرچنارەوە تا تانجەڕۆ ، لەڕیزی چەم
بوخاری ماکینە ڕووی ئاسمانی کردووە بەتەم
لە (گوڵپ) ەوە چەمی (خواجایی ) هەتا (شنروێ)
بەپێی تەبیعەتی بەگزادە (مۆنتیکارلۆی ) ئەوێ ( د:پ : 2013، 87)

لەوسەردەمەدا شار ، تاڕادەیەکی زۆر لەڕووناکی و کارەبا بێ بەش بووە ، وەکو ئیستا کارەبا نەبووە،هەر لەوکاتەدا پیرەمێرد بەهۆی بیرۆکەیەکی (یۆتۆپیایی ) یەوە ، هەربەخەیاڵ تەلی کارەبا لەبەرانانەوە دەگەیەنێت بەشاخی گۆیژە ، شاعیر لەشارە نموونەییەکەیدا ، بەچوارپێنج تەڵ ستونی کارەبا دەگەیەنێت بە شاری سلێمانی ، کە ڕووناکی ئەو کارەبایە شەو تابەیان شار ڕووناک دەکاتەوە، هەڵبەتە ئەمە بۆ ئەو کاتە مەگەر هەر بەخەیال و لەشارە نموونەییەکەی پیرەمێردا بوونی هەبووبێ،شاعیر بەردەوام دەبێت لە ئاوەدانکردنەوە و ڕازاندنەوەی شارە نموونەییەکەی ، بەخەیال تەلەسکۆب دەگەیەنێتە شار و لەسەر چیای ( پیرەمەگروون) جێگیری

دەکات ، هاوشێوەی قولەی(بورجی) ئیڤڵ ، ئەمیش بۆ برەودان بە بواری زانست و زانیاری دەربارەی گەردوون ، پاشان بۆ بەگزادەکانی نیشتیمان شەپۆلی ڕادیۆیی ڕادەکێشێ:

بەتاڤگەی سەری زەڵم بۆچی نەڵێم نیگارە
ئەوەندە بەفیزە پریشکی کەفی گوهەربارە
ئەساسی مەرکەزی تەیارەخانە لای خورماڵ
موسڵاتی لەگەڵ ئەوروپا ئەکاتە ئیکمال
تونێل بەناو گۆیژە و تاریدەرا وەکو توروس
خەتی شەمەندەفەری پێگەییە ناوخاکی ڕووس
دەماری مەعدەنی ئاڵتونی شاری عەوالان
تجارەتی هەموو دنیا ، کیش ئەکا بەتالان ( د:پ: 2013 ، 88)

پاشان خەیاڵ ئەیبات بۆ دروستکردنی شارێکی گەشتیاری لەدەوروبەری تاڤگەی زەڵم (کەئێستا ، کاتی نوسینی دەقەکە ) لەواقعدا شتێکی ئەستەمە و تاکی کورد بەخەیالیشیدا نایات شتێکی وا مۆدێرن ، شاعیر وورده وورده شارە نموونەییەکەی هەر بەخەیاڵ فراوانتر دەکات ، بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی و بەستنەوەی نیشتیمان بە نەتەوەکانی ترەوە ، خەیاڵی دامەزراندن و دروستکردنی فرۆکەخانە دەکات ، هەربەدوایدا دەست دەکات بەدروستکردن و هەڵکۆڵینی شاخی گۆیژە و تونێل لێدەدات ، پێمان وایە شاعیر بۆئەوکاتی بارودۆخی کورد زیادەڕۆیی کردووە لەبنیاتنانی شارەنموونەییەکەیدا ، چونکە ئەوەتا ئێستا ئێمە لەسەردەمی پێشکەوتنی شارستانیەت و تەکنەلۆژیادایین، کەچی تا ئێستا هێڵێکی شەمەندەفەرمان نییە ، بەڵام پیرەمێرد نزیکەی سەد ساڵ پێش ئێستا بەحەزێکی نۆستالیژی و بیرۆکەیەکی یۆتۆپییەوە ، هێڵی شەمەندەفەر ڕادەکێشێ بۆ ئاسانکاریی مامەڵەی بازرگانی ، لەنێوان نیشتیمان و ڕووس و ئەوروپا ،

بۆڕی نەوتی سپیمان گیشتە بەحری سپی
شکستی خوارد ئەمریکا کەبیری نەوتی تەپی
لەگۆیژەوە سەرکەوە بۆ ئەزمڕ هەتا قەیوان
بەڕیزە ئوتێل و ئەیوانی گەیوەتە کەیوان
ئەمانە من بەخەیاڵ ، یابەخەو کەوا ئەمدی
هیوام بەخوایە بۆ کورد بەڕاستی بێنێتە دی ( د:پ: 2013 ،88)

شاعیر حەزی نۆستالیژی و بیرۆکەی (یۆتۆپیا) بەجۆرێک دەیبات بەرە و خەیاڵی دروستکردنی شاری نمونەیی ، کە ئێمە دوایی نزیکەی سەد ساڵ توانای هێنانەدی بەشێکی ئەو ئومێد و ئارەزووەمان نییە ، پیرەمێرد لەوکاتەدا بیرۆکەی دەرهێنان پەترۆڵ و ڕاکێشانی بۆڕی نەوتی هەیە بۆ سەر دەریای سپی ، نەوتی کوردستان لەخەیاڵی یۆتۆپیای پیرەمێرددا ، بۆپڕکردنەوەی و جێگرەوەی نەوتی ئەمریکایە.

لەخانووی قوڕ و چەند نموونەیەک لە خانوی قایەوگەچ ، خەیاڵی دروستکردنی باڵەخانە و دامەزراندنی ئوتێلی سەردەمی و مۆدێرن دەکات لەسەر چیای ئەزمەڕ هەتا قەیوان ، دیارە ئەمانە وەک خۆی دەڵێ: هەر بە خەیاڵ ئارەزووی دەکات ، حەز و حەسرەتێکی نۆستالیژی شاعیرن ، بۆیە تکاکارە خوای گەورە بۆ کوردی بهێنێتە دی.

بەفەیزێتی سابتە ،هەولێر دێیەگە و مەخمور
ڕەواجی دەغڵی پێسەی بلادی خستە فتوور
هەموو تجارەتی ئەزمیر تەنها بەهەنجیر
ئەوەندە زۆرە ، ئەترشێ و فڕێی ئەدەن لێرە
خەڵووزی ماوەت ، ئەڵماسی مۆمیای دەوری خاوێ
ئەمانە بێنە بڕە و مەعدەنی تری ناوێ
سەهۆڵی پیری موبارەک بۆمانی سەرقەندیل
دەماری نەوت یەک بگرن ئەبێتە رووباری نیل
داری میوەی بەرداری ،داری کەرەستەی بەرزی
چەوەندەر و گیێزەری لەگەڵ سێوی بن ئەرزی
گەزۆ بنێشت ، کەتیرە ،سمۆرە ، ڕێوی دەڵەک
بەراز و گورگ و چەقەڵ ئاسک و پڵنگی بەڵک
ترێ و هەنار و بەهێ ، قۆخ ، هەڵوژە ، سێو ، گێلاس
کەما ، چنوور ، بەڕەزا ، کاشمە و قارچ و ڕێواس
بەقوەتی ئەمەوە ویسعەتی قەریحەم بوو
لەخاکی ڕۆم و عەجەم گەیشتمە مەتڵەبی زوو
وەختێ لەوێ هاتمەوە رووم کردە دیجلە و بەغدا
کەچی خیلافی ئەمەل موشکیلات ئەبوو پەیدا
وەکو سەدای بێگانە جۆششی ئاوی دیجلە
بەعارەبی بانگی کرد وتی : لاتجی وحیلە

وەختێ چاوم هەڵبڕی لۆزندەرێکی لنگ رووت
بەیایابە رووی کردە من و عەتابەی ئەوت
تەمای بوو بێتە سەرم ، تۆبزی لەدەس ئالآن
چاوی کەوت بە خەنجەری کوردی رایکرد تێی تەقان ( د.پ: 2013 ، 91)

دوای ئەوەی بـرەو دەدات بە  بیـرۆکەی شـارە نمـوونەییەکەی، شـاعیر لەبـواری شارسـتانی و بیناسازی پەیوەندی سیاسـی و دەوڵەتداری و نەوتدا ، ئینجا هەوڵدەدات شـارە نمـوونەییەکەی لەبواری کشـتوکاڵ دا پێش بخـات ، چـونکە ئێسـتای نیشـتیمان لەو بـوارەدا ، ڕێک لە بیـرۆکەی دیستۆپیا دەچێت ، شاعیر گرنگی بە چاندن و پێشخستنی بەروبوومی دانەوێڵەی دەشتی هەولێر و مەخمـور دەدات ، پاشـان دەسـت دەبـات بـۆ بازرگـانی خەڵـوزی دەوری مـاوەت و ئەڵماسـی دەوروبەری قەرەداغ.

پیرەمێرد ، خەیاڵی دامەزراندنی کارگەدەکات ، لەسەر چیای پیرەمەگروون ، کەهاوین و زسـتان ساردە و بەفری لێ نابڕێت، جـا دامەزرانـدنی کـارگەی بیـرە و ڕاکێشـانی بـۆڕی نەوت لەشـارە نموونەییەکەیدا ، بەرامبەر بە سود و قـازانجی ڕووبـاری نیـل دادەنێت و بەگـرنگیەوە چـاودێری دەکات.
بێگومـان هەمـوو ئەو بیـرە ئـابووری و بازرگانیـانەی شـاعیر لەشـارەنمونەییەکەیدا خەیـاڵی بۆکردووە ، بەهۆی نەبونی و خراپی باری ئابوری وڵات و خراپی گوزەران و باری ڕامیـاری و دەوڵەت داری نیشتیمانەوە بووە ، ئەوە حەزی نۆستالیژی پیرەمێردە بۆ ژیـانێکی باشـتر لەوەی ئێستا ، واتا ڕەتکردنەوەی حاڵی ئێستایە.
لەهێلانەی دڵ ، لەهێلانەی دڵ
ئەگەرجێت تەنگ بێ لەهێلانەی دڵ
ئەو لەشە جوانەی نازکتر لەگوڵ
لەئاهی گەرمی دڵەی پڕ سکڵ
تینی بگاتێ دڵ ئەبێ خجڵ
دڵیش بەبێ تۆ هەڵکردی مشکڵ
کەوابێ بارێ ئەی بەرگوزیدە
بگوێزەرەوە گلێنەی دیدە
برژانگەکانم ببێت بەپەرژین
ڕێی گوزەر نادا بە دیدەی بەدبین
بەهەرچوار دەورە لەئاوی دیدەم

جەزیرەیەکت بۆدێتە بەرهەم

لەوێ وەک پەری جەزیرەی واق واق

چونکە تاقانەی دانیشە بەتاق ( د:پ : 2013، 187)

خەم و حەسرەتی دووری یار ، ئارەزووی خۆشەویستێک بۆ ڕەوینەوەی دەردی پیری و تەنهایی ، شاعیر ڕادەکێشێت بۆ نێو دونیای خەیاڵ و بیرۆکەی شاری نموونەیی ! پیرەمێرد بەسود وەرگرتن لەئەفسانەی جەزیرەی واق واق ، ئەو دورگەیەی ناوی هەیە و بوونی نییە ! شاعیر دەیەوێ لاشە و دیدەی خۆی بکات بە پەناگەیەکی ئارام و بێ ترس بۆ یار ، ئەیەوێ جیهانێکی نمونەیی و ژیانێکی پەری ئاسای بۆ دروست بکات، بۆ بەسەربردنی ژیانێکی دوور لەترس و ڕقی مرۆڤەکان .

**2-1- 8 : - ب : نۆستالیژیای شاری نموونەیی لە شیعرەکانی دیلاندا:**

دیلان بەو پێیەی لە بەشێک لە شیعرەکانیدا سکاڵا دەکات ، دەنگی دلێری دژی زوڵم و نادادپەروەری بەرزدەکاتەوە ، ئەم جۆرەی نۆستالیژیا بوونە بە سیمایەکی ڕوونی ئەو دەقانە ،

لەسینگی گەرم و گوڕم

لەچاوی هیوا بڕم

بۆت ساز ئەدەم هێلانە

ئەی مەلی خنجیلانە

وەرەمن بەپەرۆشم

من بێشکە و لەش و کۆشم

خۆشە بۆهەڵنشینت

بۆجێی ئارام و گرتنت (د:دی : 2013 ، 75)

دیلان، بانگ لە کۆرپەی ساوا دەکات ، ئەو کۆرپەیەی زۆرجار بێ ئارامە و ترسی لە هەموو شتێکی دەوروبەر هەیە ، دەترسێ و دەگری ، ئۆقرەی نییە ، لێرەدا شاعیر ئێمە و ئەویش ڕادەکێشێتە نێو شاری نموونەیی خۆیەوە ، بە سۆزەوە دەیەوێت سینگ و چاوی خۆی بکات بە هێلانەیەکی ئارام تاکو بە هێمنی تێیدا بحەسێتەوە .

شاعیر دەزانێ ئەم دونیایە پڕە لە دڕندە و ڕق و چەوساندنەوە ، بۆیە بە پەرۆشەوە لە ڕێگەی خەیاڵەوە هەوڵی پاراستنی ئەو کۆرپە بچکۆلانەیە دەدات ، دەیەوێت لە خەم و ئازار و ژان دووری بخاتەوە ، بۆیە کۆش و باوەشی خۆی بۆ دەکاتە شارێکی نموونەیی ، شارێک هێمن و دوور لە ترس ، بێگومان ئەو شارە نموونەییە تەنیا لەخەیاڵ و زەینی شاعیردا بوونی هەیە ،

ئەگەرنا لەو رۆژگارەدا هیچ شوێنێک بەهۆی زوڵم و جەوری رژێمەوە بۆ هیچ تاکێکی کورد ئارام و بێترس نەبووە.

کۆتر کۆرپەی نازکتر لەگوڵ
سەودای جوانی پڕ بەدڵ
منیش گڕی ئاسمانم
چریسکەی باڵەکانم
ملەقوتێی گوێسوانەم
هاقی دەمی کولانەم
لایلایەیە بۆ خەوت
بۆپرخەی ڕۆژ و شەوت
بنوو بێ ترس و سڵ
ئەی خونچەی گەشی سەرچڵ (د:دی : 2013 ، 76)

دیلان گلەیی هەیە لەسیستەمی سیاسی، واتە:(govern ment)، لەدروستکردنی شارە نموونەییەکەیدا بەگومانە لەدونیای واقیعی خۆی ، ترسی هەیە و بێ ئۆقرەیە، دەزانێ ئاسمانی نیشتیمان هەوری ڕەش دایپۆشییەوە ، هاکا ، دایکا و لافاوی رقی قین لەدڵان، رووحی پەپولە ئاسای هەزاران بفڕێنێ ، بۆیە شارە نموونەییەکەی بەخەیاڵی پڕ لە ئەندێشە فراوانتر دەکات.

خۆی دەکات بە گڕی ئاسمان ، باڵی بریسکاوی دەکات بە چەتری پارێزگاریی کۆرپەڵەکانی ، خۆی دەکات بە داری گوێسوانە ، نەبادا هەوری رق ، ئارامی ئەو شارە نموونەییە بشێوێنێت ، رووح و گیان دەکات بە کولانە بۆ ئەوەی بە بێ ترس لە ئامێزی دا پرخەی بێت و شەو و رۆژی تێدا بکاتەوە .

منی کوڕی نەتەوەی کورد — نیازیان وایە بەدەست و برد
بیکەن بەگۆشت بۆ غولی شەڕ — وڵات پاکژکەن بۆلەوەڕ!..
منی کوڕی گەلێکی دوور — لەدونیای نوێی پڕگوڵی سوور
نیازیان وایە چاوسوری شەڕ — ئاشی پیلان بخاتە گەڕ
هەڵچنێ ئێسک و لاشە — هەرزان بێ بۆ داڵ و واشە
من بۆم وتی بەستەی قژکاڵ — بۆم باسکردی گوڵاڵەی ئاڵ
چۆن بەخوێناوی قوربانی — گەشەیکرد و شادمانی
ڕوویکردە وەنەوشەی رووی شەنگ — لەخۆیدا تارای ڕەنگاو رەنگ!..
تۆش بۆت وتم بەلەرەی لێو — لێوی ئاڵتر لەبەرگی سێو

وتت ئێمەی گڕی شەڕدیو بەکۆمەڵ لەخاکا ڕزیو
نابین بەپێشەنگی ئاگر نابینەسەرکەلی باگر
ئێتردەستی جوانی هونەر دەستی (مۆسیقا) و دۆستی فەڕ
ئەنێینە ناو دەستی گەلان ئاشتی ئەلێین لەگەڵ مەلان (د:دی : 2013 ، 83)

دیلان ، بە خەیاڵ دەیەوێت لە سەردەمی ئیمپریالیزمی رۆژئاواییدا ، شارێکی نموونەی بۆ کوردان دروست بکات، شاعیر دەزانێ شەڕخوازان هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاگر شەڕ جۆش دەدەن ، هەوڵی نانەوەی ئاشووب دەدەن ، ترس و بیم بڵاودەکەنەوە ، ئارامی میللەتان دەشێوێنن ، مرۆڤ دەکەن بە سووتەمەنی شەڕ، دیلان لە شارە نموونەییەکەیدا، هەوڵی پاراستن و دوورخستنەوەی کورد دەدات لە ئاگری شەڕ ، ئەو شەڕەی دژی هەموو مرۆڤایەتی هەڵگیرساوە ، هەوڵدەدات گەل دووردەخاتەوە لە ترس ، شارێکی نموونەیی دەخوڵقێنێت ،بەجۆرێک بەخەیاڵی باڵگرتووی مۆسیقا و هونەر دەکاتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی و کامەرانی ، بێگومان خەیاڵ و حەزە یۆتۆپیاییەکە، ئاویتەی حاڵەتێکی نۆستالیژیایە، لە لای دیلان..

**2-1- 8 : - ج : نۆستالیژیای شاری نموونەیی لە شیعرەکانی هێمن دا :**

هێمنی سەرباری ئاوارەیی و دەربەدەری ، شاعیرێکی یاخییە و دژی ستەم و داب و نەریتی سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ناپەسەندە ، لەئەنجامی خراپی گوزەرانی خۆی و نەتەوەکەی، بەدەست فەرمانڕەوای نادادپەروەر و زۆردارەوە ، کە کۆمەڵگاو نیشتیمانی پڕکردووە لەنادادی ، ئەو ژیانە سەختەی خۆی و نەتەوەکەی ! حاڵەتی دیستۆپیا لەدەروونی هێمندا دروستکردووە.

هێمن ، بەدوای شارێکی نموونەییدا وێلە، بۆ ئەوەی میللەت و یار و خۆشەویستانی لەدەست زوڵم و ترس ڕزگاربکات ، جیهانێکی ئارام و نموونەییان بۆ فەراهەم بکات:

هێزم لێ بڕا تاکەی دەربەرم

لەناو مەینەت و دەردی سەرزەمین

ئەوە بەینێکە کەوتۆتە سەرم

بیری ئازادی و ئارەزووی فڕین

بەڵام داخەکەم نیمە باڵ و پەڕ

کەبفرم، برۆم خۆم بدەم نەجات

بچمە شوێنێکی لێی نەبێ بەدفەڕ

لەباوەش بگرم نۆبوکی ئاوات (د:هێ :2012، 166)

هێمن ، لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی دەوروبەری ، کە زادەی نامۆیی و بەدکرداریی و مەینەتی و دوو ڕووی و ئازارو ژان و ناپاکین، بۆیە بیری ئازادی و ڕزگاربوون لەبەند و باو و دەستووری بەدفەڕ و نەزۆک دەکەوێتە دەروونیەوە ، ئەیەوێ شارێکی نموونەیی بنیات بنێ ، ئەوەتا لەناو ئەم هەموو نادادپەروەریەدا بەوهەموو ئازار و پەشێویەوە، ئەیەوێ وەک باڵداریێ باڵ بگرێ و لەشەقەی باڵ بدات و بفڕێ ، هیوای شارێکی نمونەیی لەخەیاڵییدا سەرهەڵدەدات بۆ گەیشتن بەئازادی و سەربەستی، ئەم ئارەزووی فڕینە ، لوتکەی ئەندێشەیەکی فراوانە ، حەزێکی نۆستالیژی قوڵە.

ناناهەورەڕەش ئەتۆنەوی بە

لەوبەرزانەوەوەرەبەرەوخوار

کەم کەمە وەرە ڕێکی زەوی بە

لەسەرپشتی خۆت ئەمن بکە سوار

ئەوجا هەستەوە برۆ بەرەو ژوور

مەوێستە هەتا تەشکی ئاسمان

بمبەرە نزیک ئاسۆی جوان و سوور

نەجاتم بدە لە کـــــــــاولی خەمان (د:هێ :2012، 167)

هێمن دەروونی پڕلەخەمە ، خەم و حەسرەت سەرتاپای ژیانی داگیرکردووە ، ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی داڕوخاوە و پڕە لەداڵ و گورگی ستەمکار، هەست دەکات شوێنێک نەماوە بۆ ئاسودەیی دەروون ، هاتووە لەڕێی خەیاڵێکی فراوانەوە ، بەسود وەرگرتن لەبیرۆکەی یۆتۆپیایی ، لەبری حەزی بوون بەباڵندە و پەیداکردنی باڵ ، داوا لەهەورەکان دەکات نزم ببنەوە ! بۆ ئەوەی شاعیر لەسەر باڵ و پشتیان سەر بکەوێ ، بۆئەوەی ڕزگاری بکەن لە خەم و نادادی دنیای واقیعی ئێستای ، هەوڵی گەیشتن بەشارێکی ئارام و دوور لەترس دەدات.

جا ، كە هێمن لەبۆنەیەكی تردا لە ڕۆژگاری ئاوارەیی و بێ ئومێدی دا ڕۆچووە ، زوڵم و زۆری داگیرکەران تاك بەتاکی کوردی توشی خەم و پەژارە کردووە ! هێمن هاتووە لەدەقی ( لەئاواتی بەرز ) شارێکی نموونەیی دروست دەکات و دەڵێ:

مەدرەسەو دانیشگە بۆشار و لادێ دادەنێن
خوێندەواربێ تاکوو رۆڵەی زیرەک و نازداری کورد
ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادڕێ کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد
بێبرەونابێ مەتاعی کوردەواریمان ئیتر
ڕەونەقی پەیدا دەکا ئەوجارەکە بازاڕی کورد
دادەمەزرێنن لەگشت شاری وڵات کارخانەیەک
تابەدەستی خۆی رەنێو بێ بەرهەم و کرگاری کورد
بەردەدەن گاجوتی لەر ،سواری تەراکتۆران دەبن
دێتەدەر بورەوبەیار و بەندەن و نیساری کورد
کشتوکاڵ و جووت و گامان دێتە سەرباری لەبار
پڕەبێ تێروجەواڵ و مشت دەبێ عەمباری کورد
خەستەخانەشمان دەبێ ،دکتۆر و دەرمانیش فرە
ناکەوێ تازە لەکوچان خەستە وو بیماری کورد (د:هێ :2012، 173)

نیشتیمان بەدەست دووژمنانی کوردەوە ، لەهەموو ڕوویەکەوە داڕوخاوە ، تاکی کورد گیرۆدەی دەیان دەردی کۆمەڵایەتییە ، نەخوێندەواری هۆکارێکی گەورە و دیاری ناهۆشیاری کوردە ، بار و دۆخی شار و لادێکانی کورد خراپە و خوێندنگا و زانکۆ لە ناوچە کوردیەکاندا لەئاستی ئومێدی گەل نییە ، کارخانە بۆ ڕەخساندنی هەڵی کار بۆ کرێکارانی کورد لەوناوچانەدا نییە ، لایەنی تەندروستی لەناوچە کوردییەکاندا لەوپەڕی خراپیدایە ، بەگشتی شار شاری دیستۆپییایە ! (شاریی خراپەکاران و گەندڵیە ) ، بۆیە لەم کاتەدا هێمن حەزی بنیاتنانی شاری نموونەیی هەیە ، حاڵەتێکی نۆستالیژی دروست دەکات ، شاعیر ئەیەوێ منداڵان و گەنجانی کورد دەیان هەزار میل نەبڕن بۆ درێژەدان بەخوێندن ، بەڵکو لەشارە نموونەییەکەیدا زانکۆ و خوێندنگای مۆدێرن لە ناوچە کوردیەکاندا هەبێت ، پاشان بەخەیاڵ لەو شارە نموونەییەدا ڕێ لە سوتاندن و دڕاندنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەگرێت ، بازاڕ و کارخانەی گەورە لەو ناوچانەدا دەدامەزرێنێ ، پاشان لەشارە نموونەییەکەیدا گرنگی بەلایەنی کشتوکاڵ دەدات و لەپاڵیشیدا برەو بەلایەنی تەندروستی دەدات ، بۆ ئەوەی چیتر نەخۆش و دەردەداری کورد

لەکۆلانەکاندا نەمرن ، ئەم خەیاڵە فراوانە ، زادەی ئەندێشـەیەکی قوڵی ڕۆمانسیانەیە و ئـاوات خواستنە بەجیهانێکی باشتر ،تا دەگاتە ئەوەی لەخەیاڵدانیدا شارێکی ئۆتۆپیایی دابمەزرێنێ.

## 2-1- 9 : **نۆستالیژیای داهاتوو ( ئاینده سازیی ) : .**

نۆستالیژیا ، وەکو ئەوەی پەیوەستە بە رابردووەوە و گەرانەوەیە بۆ ڕابردوو ، ئەوا جاری واهەیە (شـاعیر یـان چیرۆکنـووس یـان ڕۆمـاننووس ، بەتاسـەوە دەیەوێ لەڕێی نۆسـتالیژیاوە بەسـتەڵەکی ڕابـردوو لەئێسـتا و داهـاتوودا بتـوێنێتەوە و ئەزمـوونی لەسـەربنیات بنـێ )( قـادر: 2008، 257) ، واتا : شاعیران بەگشتی ، بەهۆی دووچاربوونیان بەڕەشبینی ودروست بوونی تـرس و دڵەڕاوکـێ ، بیـر لەداهـاتووی خۆیـان و خۆشەویسـتانیان دەکەنەوە بەهـۆی خەم و حەسـرەتی ڕابـردووی پـڕ لە ئـازار و چەوسـاندنەوەوە ، گیـانی بەرەنگـاری و هەوڵـدانیان لابەرجەسـتەدەبێت ، ئەیـانەوێ بـاری پـڕ مەینـەت و خەمـی ڕابـردووی نیشـتیمان و ئێسـتای پڕحەسرەت بگۆڕن بۆ داهاتوویەکی باشتر ، (پەنابردن بۆ دیدگای داهـاتووی باشـتر لەشـێوەی پێشنیاز لەلایەن نوسەران و شاعیرانەوە ئاراستەدەکرێت ) (عیاد : 1971 ،43).

کەواتـا : شـاعیران ئـاواتی داهـاتوویەکی باشـتر بـۆ خۆیـان و ئازیزانیـان دەخـوازن و هەنـدێ جاریش پێشنیازی گونجاو بۆ باشترکردنی داهاتوو دەخەنە ڕوو.

## 2-1- 9 : - أ: **نۆستالیژیای داهاتووی باشتر لەشیعرەکانی پیرەمێرد دا :**

شاعیر دەزانێ ، ڕابردووی گەلی کورد ، پڕە لە ڕووداوی نـاخۆش و کارەسـاتی جۆراوجۆر ، نەتەوە بەشـــێوەیەکی گشـــتی گیـــرۆدەی دەیـــان دەردی کـــۆمەلایەتییە ، کـــۆمەڵ بەدەســـت دواکەوتووییەوە دەناڵێنێ ، هۆکارەکەش هەرچییەک بێت ، چارەسـەر و سـارێژبوونی برینەکـان لەئێستادا تەنها بەدەستهێنانی زانستە ، بۆیە بۆ فەراهەمکردنی داهـاتوویەکی باشـتر پێشـنیازی ڕووکردنە کۆکردنەوەی زانست و زانیاری دەکات ،

لای من بەخوێندەوارییە ، ئاە بە خوێندەوارییە

هەر میللەتێ کەفەنی نەبێ دەردی کارییە

ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم

بی بینـــــــــــــــم و نەبێتە گرێی کفنەکەم ( د:پ : 2013 ، 26)

شاعیر بەزمانێکی سادە، گوزارشت لە گرنگی و بەهای خوێندن و خوێندەواری دەکـات ، چـونکە تاکە ئومێدی بەرەوپێش بردنی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بۆ گەلانـی دونیا ئەگەر خوێندن

هۆکـاری خۆشـگوزەرانی و پێشـکەوتن بێت ، ئەوە بـۆ گەلـی کـورد لەو کـاتەدا ، لەپـاڵ ئەو گرنگیـانەدا هۆکـارێکی گرنگـی بەرجەسـتەکردنی سـەقامگیری کـۆمەڵایەتی و نەتەویـی بـووە ، چـونکە بەشـێکی زۆری کێشـەکانی ڕابـردووی گەل بەهـۆی ناهۆشـیارییەوە دروسـت بـوونە! ( ڕامیاری ، ئابوری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ).

پێشنیازی شـاعیر بۆ داهـاتوویەکی باشـتر لەوەی ئێسـتا و ڕابـردوو ، خوێندنە ، بۆیە پێی وایە هەر میللەتـێ گرنگـی بەزانسـت و زانیـاری نەدات تووشـی دواکەوتـووی دەبێـت ، حەزێکـی نۆستالیژی لای پیرەمێرد بوونی هەیە لەدەقەکەدا ، کە ئەویش بڵاوبونەوەی خوێندەوارییە لەنـاو گەلدا ، بۆیە ئارەزوودەکات پێش ئەوەی بمرێ حەزدەکات بەوئاواتەی بگات.

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغ و تەرقین ڕەونەقی دەستەی گوڵن
تازە ئێمە تێگەیشتوین دایکی چاکی خوێندەوار
نەسلی وا دێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتە کار
ژن شەریکی ژینی پیاوە نەک خەریکی بەرد و دار
تەربیەی مێشکی منالی --- بۆوەتەن بێ و جان نسار ( د،پ : 2013 ، 31)

شـاعیر وەک دڵسـۆزێکی دیـاری نەتەوەکەی ، پێـی وایە : لەپێنـاو پێشـکەوتنی وڵات و نەتەوە و دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی باشتر ، دەبێت کچانیش شان بەشانی کوڕان بخرێنە بەر خوێندن ، چونکە وەک شاعیر دەفەرمووێ: (نێرو مێ هەردوو بەجوتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن ، دوورە دەرچوونی لەدیلی ، مەل بەباڵێ نافڕێ ) ، شاعیر باش تێ گەیشتووە ، هەروەکو چۆن ژنـان ، پیاوی قارەمان و چاونەترس بۆنەتەوە ، دێنێتە دونیاوە ، ئاوهاش دەتوانن لەڕێگەی خوێندنەوە ژنان و کچان داهاتووی وڵات بەرەوپێش ببەن ، ئەوە حەز و خۆزگەی نۆسـتالیژی پیرەمێردە ، بۆ خستنەبەرخوێنی کچـان لەوکـاتەدا ، کە ئەمە کـارێکی نـامۆبووە بـۆ ئەوکـاتە، بەهـۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە.

یادکەن براکە یادکەن یادی کاوەی ئاسنگەر
سەر ڕێ و شوێنی بگرن تاکوو وەتەن بێتە بەر ( د:پ : 2013 ، 49)

میللەتی کورد لەڕابردوودا ، تووشی دەیان کارەستانی جەرگ بڕ و ناخۆش بۆتەوە ، ڕابردووی گەل و نەتەوە پڕە لە فیداکاری و بەرەنگاری ، جا بۆئەوەی داهـاتوش وەکو ڕابـردوو نەبێت و هەر بەژێردەستی نەمێنین ، کارەساتەکانی ڕابردوو دووبارەنەبنەوە ، شاعیر داوادەکات لەسـەر

ڕێچکەی کاوەی ئاسنگەر بەردەوام بین ، هەمیشە لەتێکۆشانی بەردەوام دابین ! ئەوە پێشنیاز و حەزی نۆستالیژی شاعیرە ، بۆ باشترکردنی داهاتووی نەتەوەکەی.

**2-1- 9 : - ب : نۆستالیژیای داهاتووی باشتر لەشیعرەکانی دیلاندا : .**

دیـلان ، کە لەنێـو ئـازار و نەهامەتییەکـانی ئەم گەلە زوڵـم لێکـراوەدا گەورەبـووە ، درک بە مەترسییەکانی گەل دەکات ، ڕێگای سەرکەوتن و پێشکەوتن شارەزایە ، هۆکاری دواکەوتووی گەلیش دەزانێ چیە ! بۆیە هەروەکو شاعیران (پیرەمێرد و هێمن ) ، بۆ گەیشتن بەداهاتووەیەکی گەش ، دەستنیشانی هۆکار و پاڵنەرەکان دەکات ، کە لەلایەک خوێندن و فێربوونە ، لەلایەکیش تێکۆشان و کۆڵنەدانە ،

لەبەر جوانی ڕوخساری ئەم وڵاتە

کەبوکێکی نەمری ڕۆژ هەڵاتە

دەخوێنن .. بابەخوێندن .. بەفێربوون

بابەهونەر بەتێگەیین لەگەردووون

هۆی دەردو دووری بەهاری پێ دیاری دەکەین

سەیرانەکەی بەهارەکەی جارجار دەکەین ( د:دی : 2013 ، 284)

دیـلان پێـی وایە ، بـۆئەوەی داهـاتووش وەکـو ڕابـردوو پـڕلەخەم و پەشـیمانی نەبێـت ، وەکـو ڕابـردوو داهـاتووی وڵات تاریـک و پـڕ ئازارنەبێت ، داهـاتوو وەک ئێسـتا وڵات نەبێتە شـوێنی داگیـرکەران ، وەکـو ئێسـتا گیـرۆدەی ئەو هەمـوو نـاڵە و ئـازارە نەبـڕاوەیە نەبـین، داوادەکـات بخوێنن، چونکە خوێندن ئامرازێکی گرنگی سەرکەوتنە ، چرای خۆشگوزەرانی و پایە و سەکۆی ســـەرکەوتنە، حەز و ئـــارەزووی فێربـــوون و بەدەســـتهێنانی زانیـــاریی هەیە ، حەســـرەتی نۆسـتالیژی شـاعیر ، لەپێنـاو داهـاتوویەکی باشـترە ،کە ئـاواتی گەیشـتنە بەبەهـاری ئـازادی و سەربەستی.

بائێمەش وەک ئەو گوڵ و مێرووە

کە بۆ ڕووناکی و گەشە تێنووە

بۆ گەشەی گوڵی سەربەستی و شادی

بۆ هەڵهاتنی ڕۆژی ئازادی

ئێمە بۆ بادەی ڕزگاری تێنوو

ببین بەغەڵوز ، ببین بەسووتو (د:دی : 2013 ، 88)

دیلان بەنیگەرانییەوە لەداهاتوو دەڕوانێ ، دەروونی پڕە لە خەمی نیشتیمان ، بەگومانە لەو واقیعەی تێیدا دەژی ، هیچ ئومێدێکی نییە ، توڕەیە لەزۆرداران و داگیرکەران.

ئارەزووی خەبات و تێکۆشان دەکات ، حەزی بەرەنگاریی لەدەروونیدا بێ ئۆقرەی کردووە ، لەپێناو داهاتووی باشتردا ، بۆیە پێشنیاری خۆبەخەڵوزکردن و سووتان دەکات ! (مردن لەپێناو نیشتیمان) ، کەواتە : نۆستالیژیای داهاتووی گەشتر لەدەقەکەدا ، بەرجەستەی زوڵم و زۆرداری ڕابردوو و ئێستایە ، بۆیە بۆگەیشتن بە خۆری ئازادی داوای بەختکردنی ڕۆح و گیان دەکات.

ئەی تێکۆشانی پڕ خوێن
بازیندان بێ چرپاو نوێن
مۆسیقام بێ دار و جوێن
ئەنجام ( تیغەکان ) ئەسوێن
ئەنجام تەناف بێ یا دار
گورزی دەستی ستەمکار
دەستی لیستی (استعمار )
ئەوانەی پیا دێتە خوار!..
ئەنجام هەر شەڕ و شەڕگێڕ
استیعمار بەلەش تێر
تینوی خوێنی سور و سوێر
پەڵ ئەکوتێ شەل و کوێر
ئینجا .. ئاشتی پەرستان
یاخۆ .. ئازادی ویستان
ئەڕژێنە باخ و بێستان
لەگەرمیان و لە کوێستان!..
ئەڕژێنە باخی ئاوات
لەوجێ یەی ، ڕۆژ لێی هەڵهات
بەزەبری سەختی خەبات

ڕۆژی ، سەربەستی و نەجات
ئیتر ئەو تەوقەی جاران
بەزۆر ئەکرایە ملمان
بۆ گێرەی ئاغاکانمان
تێکرا ئەکەونە پچڕان
ئیتر نەترسی بەرگە
نەخۆشی بەمەرگە
نەهەڵگوشینی ورگە
نەهەڵقرچانی جەرگە
ئەوسادێتەوە یادم
کەتۆی قیبلەی مرادم
تۆی ئەوپەڕی ئاواتم
تۆی گۆی هونەر وهاتم ( د.دی : 2013 ، 65)

گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی ، هیچ کات هەر والەخۆڕا بەدەست نایەت ، بەڵکو ئازادی خوێنی دەوێ ، بەدرێژایی مێژووی چەندین ساڵەی کوردیش ، هەرکاتێک دوژمن جەور و ستەمی زیاتر بووبێت و ستەمی زیاتری کردبێت ، دەنگی خەبات و تێکۆشان زیاتر بەرزبوەتەوە.

شاعیر لەچەقی تاریکی ڕۆژگاری کورددا ، بێ ئومێد و بێ هیوا نییە ، پێشنیازی خەبات و تێکۆشانی چڕدەکات بۆگەیشتن بە ئومێدی نەتەوە ، شاعیر لەڕێگەی وشەی (ئەنجام ) ، وەک ڕەمز و مانایەکی دەلالی ، کەهەڵگری واتای داهاتووی گەشتری هەیە ، دەیەوێ نەتەوە بگات بەو داهاتووەی ، کە حاڵەتێکی نۆستالیژی لای شاعیر دروستکردووە ، داهاتوویەک ، کەپەتی زیندان و سێدارە بپچڕێنێ ، میللەتیش بەئازادی شادبێت .

**2-1- 9 : - ج : نۆستالیژیای داهاتووی باشتر لەشیعرەکانی هێمن دا :**

ئەگەرچی ، هێمن ئاوارەیە ، لەغەریبیشدا خەمی نەتەوەکەی لەکۆڵناوە ، هەوڵی دیاریکردن و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دواکەوتووی میللەت دەدات ، ئەمیش هاوشانی دیلان و پیرەمێرد ، داوادەکات گرنگی بەخوێندن و زانست بدرێت ، پێشنیازی بۆکچان و ژنانی نەتەوەکەی ئەوەیە ، لەماڵ بێنەدەرەوە و بخوێنن:

تاکوو ژن ئازاد نەبێ ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

کۆیلەتی باوی نەماوە ، کیژی کوردی خۆشەویست
ڕاپەڕە هەستە لەخەو ، ئاخر چ وەختی خەوتنە
دەرکە بشکێنە ، پەچەبدڕێنە ، ڕاکە مدرە سە
چارەی دەردی کوردەواری خوێندنە ،هەرخوێندنە
دایکی ئازایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم : تۆش تێبگە ((ناگاتە دەریایە زنە )) (د:هێ : 2012، 122)

هێمنیش داوادەکات کچان بخوێنن ، بۆئەوەی هاوشانی پیاوان داهاتووی نیشتیمانەکەیان بەرەو باشتر ببەن ، داوا لەکۆمەڵگاش دەکات کە ئەوکۆت بەندەی لەسەر ژنان و شێوازی ژیانیان هەیە لاییبەن.

لەخەودا دیم لەسەر هەڵگورد.......لەسەرچیای سەرکەشی کورد
ماندوو، خەستە ، شەکەت ، کفت........لەسەرتەختێکی زێڕ کفت
لەبن لێفەی ئەتڵەسی سوور.........لەسەر دۆشەگێکی ئەستوور
بۆحەسانەوە درێژ ببووم..........بەبۆنی گوڵان گێژ ببووم
کەوی گرتبوی دەور و بەرم...........غوڕڕە کەو لەبن سەرم
شنە کاکۆڵی دەبزاوتم ........گزنگ ڕوومەتی دەنگاوتم
لەفریشتان بەرزتر بووجێم........هەور دەڕەوین لەبن پێم
هەوایەکم هەڵدەمژی .....کورد و کەودەری پێ دەژی
گەیبوومە پۆپەی ئاواتم ...لێم دیار بوو هەموو وڵاتم(د:هێ :2012، 266 )
شاعیر عاشقی ئازادییە ، بەدوای سەربەستیدا وێڵە ، ئاواتە خوازی داهاتوویەکی باشە بۆ خوی و میللەتەکەی ، ئەم دەقە داهێنانێکی پڕ لەجوانی نۆستالیژیای داهاتووی باشترە.

هێمن ، جیاواز لە دیلان و پیرەمێرد ئارەزووی گەیشتن دەکات بەلوتکە، لوتکەی پێشکەوتن و سەربەستی نیشتیمان ، شاعیر ئێستا کە تەنهایە و دەروونی پڕ لەناڵەی دووریە ، دەروونی بووە بە کانگای ڕەشبینی و خەم ، خەودەبینێ بە داهاتوویەکی باشترەوە بۆ میللەتەکەی ، چونکە لە ڕاستیدا ( خەون واتە : هەنگاونان بۆ داهاتوو و ئایندەسازی )( مامەند :٢٠١٦،٢٨٨).

شاعیر ، کە لەژیانی بەرجەستە و واقیعی دا نەیتوانیووە ، بگات بەوەی دڵ ئارەزووی دەکات ، توانای هێنانەدی ئاواتەکانی نەبووە ، هاتووە خەوی کردووە بە شانۆی بەدیهینانی ئەو داهاتووەگەشەی ئاواتی بۆ دەخوازێ ، وێنەی داهاتوویەکی پڕ لەجوانی دەکێشێ ، نۆستالیژیایەک دەخوڵقێنێ ، جگە لەخۆی خوێنەریش ڕادەکێشێت بۆ نێو ئەو ئاوات و

خۆزگەیەی ، کەمرۆڤ هەندێ جار پێویستی بەخەیاڵە بۆبەدیهێنانی ، شادبوونەوە بە بینیی وڵات و ئازیزانی لەپاڵ ئاواتی سەربەستی ، بۆهێمن داهاتوویەکی جوانە.

پشوی دوایم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە

لەسایەی ئەم گوڵ و گوڵزارەیە بومە هەزاردەستان

دەزانن زامی دیلی چەند بەئێش و چەند بە ئازارە ؟

دەبێ ڕابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕیزی سەربەستان

خەتای خۆمانە تائێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین

ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لە خەو هەستان (د:هێ :2012، 346)

دوژمنی داگیرکەر ، نیشتیمانی کردووە بە شەوەزەنگ ، ژیانی تاک بەتاکی کردووە بە دۆزەخ ، لەپاڵ پێشنیازی بەردەوامیدان بەخەبات و خۆڕاگری ، هیوا و ئاواتی داهاتوویەکی باشتر دەخوازێ ، ئەویش دەبەستێتەوە بە وشیار بوونەوەی هەموان ، بۆیەپێی وایە ئازادی و خۆشگوزەرانی پێویستی بە لەخەوهەستانە ، هێمن و ئاماژەی (لەخەوهەستان) وەکو پێشنیازی شاعیرە بۆ گەل بەگشتی لەپێناو بەدەستهێنانی داهاتوویەکی باشتر.

## دووەم(2-2) : نۆستالیژیای گشتی لەشیعرەکانی پیرەمێرد و دیلان و هێمن دا:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، پەیوەستە بەیادەوەریی کۆمەڵەوە ، خەم و حەسرەتی پەیوەست بەپرسە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان ڕووندەکاتەوە ، ( لەنۆستالیژیای گشتی دا شاعیر گرنگی بەدۆخێکی کۆمەڵایەتی گشتی دەدات )( رشید : 2021 ، 257 ) .

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، کاردانەوەی تاکە بەرامبەرئەو ڕووداوانەی کاریگەرییان بەسەرکۆمەڵەوە بەجێ هێشتووە ، شاعیرهەستی پڕحەسرەت و شەوقی دیداری دەگەیەنێتە هەموو بەهاو هەیبەت و کەلتوور و مێژووی نەتەوەیی ، ئەفسانە و داستانە کۆنەکانی نەتەوەیی و جیهانیەکان ، کەلتوور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ، ڕووداوە کاریگەرەکانی مێژوو ، جەنگ و داگیرکاریی و نسکۆی کۆمەڵ و نەتەوەکان ، کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەیی و جیهانییەکان ، داب و نەریتە ئاینییەکان و کتێبە پیرۆزەکان ، کەلەپورەمێژووییەکان ، ئەمانە هەموو دەبنە پێکهاتە و باس و خواسی ئەم جۆرەی نۆستالیژیای گشتی.

نۆستالیژیای گشتی زادەی کات و سەردەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە ، شاعیر کەسێکی دانەبڕاوی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، ئەم وادەکات پەیوەندییەکی ڕۆحی و جەستەیی تۆکمەی لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەبێت ، ئەو ژینگەیە کاریگەری گەورە بەجێ دەهێڵێ ، بەسەر هەست و نەستی شاعیرەوە، لە هەمانکاتدا ئەگەر ئەفسانە و داستانە کۆنەکانی نەتەوەیی و جیهانی ، کەلتوور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریتە ئاینی و ڕووداوە مێژووییەکان هەڵقولاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی شاعیر بن ، ئەوە شاعیر بەگەڕانەوە و یادکردنی هەر یەکێک لەو بنەمایانەی سامانی نەتەوەیی و گشتی، ئیدی نۆستالیژیای گشتی دروست دەبێت ، لەم جۆرەی نۆستالیژیاشدا هەموو خەڵک بەشدارە ، نۆستالیژیاکە پەیوەستە بەخەم و حەسرەت و خۆزگەی کۆمەڵەوە .

## 2-2- 1 : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان:

ئەفسانە ، کە لەئەنجامی تێڕامان و هەوڵدانی مرۆڤە ، بۆشرۆڤەکردن و لێکدانەوەی گرێکوێرەی پرسیارەکانی گەردوون و دەوروبەری خۆی ، ئەفسانەکان بەگشتی هەڵگری ئەندێشە و ئاوات و ئارەزووی مرۆڤن ، ئەفسانە ( ئەودونیا تایبەتەیە ، کە مرۆڤ بوونی خۆی و دەوروبەرەکەی پێ لێکدەداتەوە ، بۆیە دەبێتە کەرەستەیەکی باش بۆلێکۆڵینەوەی بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگا)(کریم : 1399، 142) ، ئەفسانە هەرلەکۆنەوە لەناوزۆربەی میللەتانی جیهاندا بوونی هەبووە ، ئەمیش بەشێوەی حیکایەت و چیرۆک و سەرگوزشتە دەگێڕدرێتەوە ، کەجۆرێک لەتەم و مژیان تێدایە، هەر میللەتێکیش ئەفسانەی تایبەت بەخۆی هەیە ، کەمۆرکی ئەومیللەتەی پێوەدیارە، هۆکارەکەش بێ توانایی ودەستەوەستانی مرۆڤە بەرامبەربەدیاردەکانی دەوروبەر و سروشت و گەردوون ، (کەئەستەمە توانا سنوردارەکانی مرۆڤ بتوانێ بەرامبەر ئەو هەموو نهێنی و زانیارییە شاراوانە بوەستێتەوە ) ( بطل: 1982، 25) ، ئالێرەدا مرۆڤ پەنای بردۆتە بەر خەیاڵ و پرسیارکردن لەخود ، واتا پێویستی ژیان و حەز و ئارەزوەکانی مرۆڤە وورده وورده پێشکەوتووە و گەشەیکردووە و گەیشتۆتە ئەمڕۆ،

ئەفسانە ، ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا دەردەخات ، چونکە ئەفسانەکان لەهەناوی قۆناغی ڕابردوودا لەدایک بوونە ، ئاستی بیروباوەڕو زانیاری و توانای بیرکردنەوە و مەودای شارستانییەت و مێژووی مرۆڤایەتی دەردەخات.

ئەفسانە زیاتر مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزدەکات و زۆرترین کاریگەریی دەخاتە سەر ! نەک عەقڵی مرۆڤ ، چونکە زۆربەی ئەفسانەکان شتی زیادەڕۆیی زۆریان تێدایە و ناعەقڵانین ، دەکەونە سەرووی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤەوە ، هەرگیز ناتوانرێت بەڕاست دابنرێن ، (

مصطفى : 2009، 187) ، مەبەستەکە ئەوەیە ، کە زیادەڕۆیی لە ئەفسانەکاندا هۆکاریی ئەوەیە ، کەمرۆڤ بەئاسانی نەچێتە ژێرباری باوەڕپێکردنیانەوە ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەفسانەکان گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە ، چونکە وابەستەیە بە بابەتەکانی فۆلکلۆر و ئاین و دەروونی و بیناسازی و کۆمەڵزانییەوە.

لەئەدەبیاتی کوردیشدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ، هەموو جۆرەکانی هێماو ڕەمز و نیشانە ئەفسانەییەکان بوونیان هەیە ، کەهەڵگری وێنەی خەیاڵی پڕ لەئەندێشەی بارگاوی بەهێزی ئەفسوناوین ، کەهەندێکیان هەمووسنورەکانی توانا و دەسەڵاتی مرۆڤی ئاسایی دەبەزێنن ، جارجاریش لەنێو سنوری خەیاڵی و فەنتازی و جادوویدا دێن و دەچن ، شاعیرانیش کاتێک دەست دەبەن بۆ ئەو وێنە و ڕەمزە ئەفسانەییانە جۆرێک لە یادکردنەوە و حەز دەردەکەون ، کەئەمەش پەیوەستیان دەکات بەنۆستالیژیاوە .

## 2-2- 1 :- أ: : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان لەشیعرەکانی پیرەمێردا :

پیرەمێرد وەکو شاعیرێکی دیاری کورد ، هەمیشە کەلەپوری نەتەوەیی جێی بایەخ وگرنگی پێدانی بووە ، بەبایەخەوە هەوڵی زیندوکردنەوەی ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی داوە، لەوبوارەدا هەریەکە لە ( پەندەکانی پیرەمێرد و دوانزە سوارەی مەریوان و مەحمود ئاغای شیوەکەڵ و گاڵتەوگەپ و مەتەڵ ) دیارترین بەرهەمی پیرەمێردن ، شاعیر لەشیعرەکانی دا سودی لەئەفسانەی خۆماڵی و جیهانی بینیوە ، بۆیان گەڕاوەتەوە و بوونە بەبەشێک لە شیعرەکانی .

بەدوو زوڵفی وەک زنجیر
پێم بەسترابوو وەکو نێچیر
پێکەنی وتی ئەی پیر
واتۆشم هێنایە گیر
وەک جوانێکی بەختیار
پیم گوت : پیری ئازادم
قەلەندەری دڵشادم
بەندێنیم بەند گوشادم
قەهرەمانی دێوزادم
وابۆتو هاتمە ژێر بار (د:پ،2013- 38)

پیرەمێرد لەم شیعرەدا ئەفسانەی (قەهرەمانی دێوزادە ) ی ، بەکارهێناوە وەک رەمزێک بۆ ئازایەتی و چاو نەترسی ،چونکە لەئەفسانەی کوردی دا ئەوکەسانەی دەتوانن شەڕ لەگەڵ دێو

و درنج بکەن و زالیش بن بەسەریاندا ، ئەوانە پاڵەوانن و دەبنە نموونەی ئازایەتی ، گەڕانەوەکە بۆکات و یادی ڕابردوو، نۆستالیژیای لەدەقەکەدا بەرجەستەکردووە ! هەر بۆیە شاعیر خۆی بەقەهرەمانی دێوزاد چواندووە ، کەدەتوانێت لەبەرامبەر ئازارو ناخۆشیەکانی یارەکەی بوەستێتەوە.

دڵی دڵ ڕاگرە ، چونکو لەگەڵ تۆ کۆنە یارێکە
دەمی هاو دەم بە بەڵکۆ پێت ئەڵێت ئازوەردەکارێکە
بەئەگریجەی ڕەشی ڕووی بەرگی ماتەم پۆشی ئەفسونە
وەها کارێ دەکار بۆکوشتوانی تەعزێ دارێکە
کە زوهرە دێتە بورجی نازوو تاجی لەسەری دەگری
غەڵوزە دڵ دەسوتێنێ چنورێک و چنارێکە (د:پ: 2013، 47)

شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (زوهرە) ەوە ، گەڕاوەتەوە بۆ ئەفسانەی ئەستێرەی زوهرە ، کەهەسارەیەکی کۆمەڵەی خۆرە ،کە لە ئەفسانەدا ڕەمزی ئەفرۆدیتی خواوەندی جوانییە ،لای یۆنانی کۆن و ڤینۆسی خواوەندی جوانی ڕۆمانەکانە ، بەڵام(( پیرەمێرد هاتووە سیفەتی ئافرەتی بەخشیوەتە ئەم هەسارەیە ))(مستەفا: 2009، 195) ،هەرئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی وێنەیەکی نۆستالیژی جوان.

دەروێش کەئەمەی بیست لەخۆشیا

کەشکۆڵی هەڵگرت ڕووی کردە دەریا

بەجۆش و خرۆش (یاهو من یاهوو)

مەلیکەی دەریای هێنایە (بەڕ) زوو

بانگەکا بەکۆمەڵ گەوهەر دەربێنن

لەگوێی ئەم بەحرە هەڵی ڕژێنن (د:پ:2013، 23)

شاعیر لەدەقی (عەشقی پاک ) دا ، لە ڕێگەی گێڕانەوەی عەشقی پاکی دەروێشەوە ، ئێستاو ڕابردوو ئاوێتەی یەکدی دەکات، ئەو پیاوەی لەڕابردوودا دڵی دەچێتە کچی وەزیر ، وەزیریش بۆ ئەوەی خۆی ڕزگاربکات لەدەست دەروێش، داوای سەد گەوهەرەی لێدەکات ، پێی وایە ناتوانێ کۆی بکاتەوە ، دەروێشیش لەخۆشیدا ڕوودەکاتە دەریا و داوا لەمەلیکەی دەریا دەکات ، کە ئەو برە گەوهەرەی بۆ فەراهەم بکات ، ئەوەی لە ئەفسانەکەدا هاتووە ، هەموو زیندەوەران

و گیانلەبەرانی دەریا لەژێر فەرمانی ئەودان، پەری دەریاش داوا لەهەموان دەکات لەدەریادا بۆی بگەڕێن و گەوهەرەکەی بۆ پەیدابکەن .

کەواتە: شاعیر بەگەڕانەوە بۆ کاتی ڕابردوو هاوکات لەگەڵ ئەفسانەی ( پەری دەریا ) حاڵەتی نۆستالیژی بەدەقەکە بەخشیوە.

شێتێک دەڕۆی بەگۆشەی شارا
دی سەلکی کەریان کردووە بەدارا
وتی یاران من هۆشم بەستراوە
لەوسەلکەکەرەی هەڵواسراوە
وتیان ئەوسەلکەبۆچاوەزارە
ئەمە پارێزی چاوی بەدکارە
پێ کەنی وتی : ئەوسەلکەکەرە
لەچاو ئێوەدا پڕ مەغسترە
ئەو بەزیندویی کەبارئەکرا
نەقیزەی لەخۆی پێ مەنع نەکرا
ئێستاچۆن بەڵا دوور ئەخاتەوە
بۆیە قوڕدرا بەوڵاتەوە(د:پ:2013، 168)

شاعیر دەردە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو ، بەئامانجی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ ، پیرەمێرد بەتەنزەوە ، گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ئەفسانەیەکی کۆن ، کە لە نێو خەڵکدا باوە ، بەهۆی بەکارهێنانی (مورووی شین و ناڵەکەر و سەلکەکەرەوە ) ، چاوەزار لەخۆیان دووردەخەنەوە ، یان بۆ پاراستن و دوورکەوتنەوە لەبەڵا بەکارهاتووە ، لەڕێگەی بەکارهێنانی کاتی ڕابردوو لەگەڵ یاد و بەکارهێنانی ئەفسانەکەدا ، حاڵەتە نۆستالیژیەکە بەرجەستە بووە.

بورجی ڕۆژی کورد کەڕۆژهەڵات بوو

هەڵمان هەڵنەکەوت بەشمان هەڵات بوو

قافییەی ئەکراد هەر بەرنیهادبوو

<u>بومی شوم لەشوێن بوممان دڵشاد بوو</u> (د:پ:2001، 350)

شاعیر لە ڕێگەی ئەفسانەی (بووم ، کوندەپەپوو)ەوە ، حاڵەتی نۆستالیژی دروستکردووە ،باسی نەهامەتی و ناخۆشیەکانی کورد دەکات ، کە هەر بەشی دەردەسەری بووە ، کوندەپەپوش

لەئەفسانەی کوردی دا نیشانەی شومی و وێرانییە ، لەهەر شوێنێک بخوێنی وێرانی و ناخۆشی ڕووی تێدەکات دەبێتە کەلاوە .

**2-2- 1 :- ب : : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان لەشیعرەکانی دیلاندا :**

دیلان لەئەزمونی شیعری خۆیدا ، لەنێو جیهانی داستان و ئەفسانەی کوردی و جیهانیدا ئەسپی خۆی تاوداوە ، بەوپەڕی سەلیقە و کارامەییەوە، ڕەمز و نیشانە ئەفسانەییەکانی بەکارهێناوە ، لەوبواردا دەستێکی باڵای هەبووە.

لەوساتەوە ڕاست یا درۆ

کەمێشک و گۆشت .... بوون بەپشکۆ

چزان ... بەچاوی (نوقاوی ) ئەژدەهاکا

بوون بە (لاوک) لەسەرچیاو لەژێرخاکا

لەو ئەفسانەی (مارکوشتن ) ... ڕاست یا درۆ

ئەم وڵاتە (قوربانی ) گرتۆتە ئەستۆ ..... (د:دی : 2013 ، 253)

شاعیر گەڕاوەتەوە، بۆ ڕووداوەکانی نێو ئەفسانەی (زوحاک) و ماری سەرشانی ، کەلەلایەن کاوەی ئاسنگەرەوە ، لەیەکەم ڕۆژی نەورۆزدا کوژرا ، واهاتووە لەئەفسانەکەدا دوو مار لەسەر شانی پەیدابوونە،کە هەموو ڕۆژێک مێشکی دوولاویان دەرخواردی داوە ، کاوەش بەچەکوشەکەی سەری پانکردونەتەوە ، دەقەکە شێوەیەکی نۆستالیژی ئەفسانەیی وەرگرتووە.

دیلان لە دەقی ( ڕووداوە نەبڕاوەکە ) دا ، سودی لە ئەفسانەیەکی ئاینی وەرگرتووە و بەهۆیەوە حاڵەتێکی نۆستالیژیی بەدەقەکە بەخشیوە :

دەقی ( رووداوە نەبڕاوەکە ):
کوێستانەکان دەردەداری کەمخوێنی بوو
ورتەی شەماڵ
لەگەڵ گوێچکەی نهێنی بوو
شەڕ زوو هات
(گڕە) سوور بوو
دۆزەخی وەرز

پڕ لە (مۆر) بوو

گەڵا

وەکو (سی ) سیلاوی

کوناودەر بوو

کەوهەرلەکەربەلای شاخا

دەنوک و قاچ خەناوی بوو ( د:دی : 2013 ، 356)

ئاشــکرایە ، کەمەڵبەنــد و شــوێنی ژیــانکردنی کەو کوێســتانە دڵڕفێنەکــانە ، هەروەهــا بەسروشتی خۆی (دەنوک و پێی سوورە ) ، بەڵام لەئەفسانەی ئاینیدا وادەگێڕنەوە ، کە (کەو ) بۆیە پێ و دەنوکی سوور بووە ، لەکاتی شەهیدکردنی دا ، لەخوێنی حسین دا ، لەکەربەلا لەخوێنی حسین دا چینەی کردووە ، ئەمە لێهاتوویی دیلانە ! سروشت و ئەفسانە دەکاتە کەرەستەی و هۆکاری دروستکردنی حاڵەتی نۆستالیژی.

گوڵەباغ ئیمساڵ شکاوە چڵی

وەنەوشە سیس و ژاکاوە گوڵی

گوڵاڵە بەحاڵ هێزی تیا ماوە

ئەوەندە خوێنی لەلەش تکاوە

پەپولە حۆل و گێژ و وڕ بووە

هێندە قەبرغەی بەدڕکاچووە!..

سروودی پۆلی مەلی سەردرەخت

خوێندنی پەپووی شومە بەناوەخت ( د:دی : 2013 ، 61)

شــاعیر بەســوود وەرگــرتن لە ( گــوڵاڵە و وەنەوشــە ) ، وەکــو ڕەمــز و نیشــانە بــۆ مرۆڤــی نیشتیمانپەروەر، بارودۆخی تایبەتی خۆی لەنێو زیندانی شاری کوفەوە دەگێڕێتەوە ، دیلان گوڵاڵە و وەنەوشەی خواستووە بۆ مرۆڤی پاک و بەهەڵوێست ، کە ڕژێمی سەرکوتکەر تووشی دەردو حەسرەتی دەکات، لەهەمانکاتدا (پەپوی شوم ) ، نیشانە و ئاماژەیە بۆ هاتنی ڕووداوی نەخوازرا و پیاوی بەکرێ گیراو ، کەواتا : دیلان سودی لەئەفسانەیەکی گشتی وەرگرتووە ، حاڵەتێکی نۆستالیژی بێ بەرجەستە کردووە .

## 2-2- 1 :- ج: : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ئەفسانە کۆنەکان لەشیعرەکانی هێمن دا:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ،زۆربەی شاعیرانی کورد ، دەستیان بۆ ڕەمزە ئەفسانەییەکان بردووە ، دەقی شیعری پڕبایەخیان پێ دروستکردووە، بۆ مەبەستی جوراوجۆر بەکاریان هێناوە ، کە هەندێکیان ئەفسانەی جیهانین هەندێکیشیان ئەفسانەی ناوخۆیین .، هێمن یەکێکە لەو شاعیرانەی توانیویەتی بەشێوەیەکی وورد ، ڕەمزی ئەفسانەیی بەکاربهێنێت ، گەڵی مەبەستی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی لەبەرگی ئەفسانەدا لەڕێی ئەفسانەی خۆماڵی و جیهانیەوە دەربڕیووە.

شەو زرینگاوە ، راشکا
شەیتان سامی لەخواشکا
کەلێنی خوێناوی گڕکردن
فریشتەی پشوو بڕکردن
خەم و خەفەت دادەبێژێ
داسی مەرگ و نەمان دەسوێ
هەوەڵ گەوزەی داوێتە کونی
دێن و دەچن بەئەسپایی
لەچوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن
بێچووە شەیتانی بەدفەڕن ( د:هێ :2012، 228)

هێمن ، کەخەم و حەسرەتی لەسێدارەدانی قازی محەمەد دەرونی لەت لەت کردووە ، بەیادی ئەو کارەساتە ، کەلەگۆڕەپانی چوارچرا دا لەسێدارەدران ، لەڕێگەی کۆمەڵێ ڕەمزی ئەفسانەییەوە ،وەک : ( شەیتان ، خوای شەڕ ، خێوی شەو ، بێچووە شەیتان) دۆخێکی نۆستالیژیی ئەفسانەیی خستۆتە ڕوو ، کەهەریەک لەوانە ڕەمز و نیشانەی خراپەکاری و شەڕن ، هێمن ئەم ڕەمزانەی بەرامبەر بەدەسەڵاتی ئێران و دەسەڵاتدارانی بەکارهێناوە ، بەخوای شەڕی چواندون.

من بەرە و ئاسۆ ، بەرە و ڕووناکی باڵم گرتووە

چۆن بەرە و تاریکی دەخشێم ، پاڵ وەشەیتانێ دەدەم ؟ ( د:هێ :2012، 296)

دیارە ئەوە لەگاتاکانی زەردەشتدا هاتووە ، کە ئەوەی حەزی لە تاریکی و ماتەم بێ ڕێگەی ئەهریمەنی گرتووە ، هەرکەسێکیش حەزی لەڕووناکی و ئازادی و پاکی و جوانی بێ، بەرە و ڕێگەی ئەهورایی دەچێ ، هێمنیش بەپشت بەستن بەو دەقەی زەردەشت حەزی نۆستالیژی خۆی ناشارێتەوە، بەرە و ڕوناکییە و دوورکەوتوەتەوە لە تاریکی.

هێمن لەئاماژەدان بە هەردوو ڕەمزی (خێر و شەڕ ) بەردەوام دەبێ ، ئەو دووهێزەی لەدێر زەمانەوە لەململانێدان ، شاعیر لەناڵەی جودایی دا ، ئەو ململانێیە بەسەرکەوتنی (پەری ) کە ڕەمزی خێر و چاکەیە ، کۆتایی پێدێنێ:

دێم و ناترسم لەپەرژینی بەرزی

هەرپەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی

تابمێنێ نووری چاو و هێزی پێم

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم ( دیوانی هێمن :2012، 287)

ئەفسانەی (پەری و دێو لەنێو ئاینی زەردەشتی دابوونی هەیە ) (نوری : 97،2017) ، پەری ڕەمزو نیشانەی ئەهورایی و ڕووناکی دەگەیەنێ ، دێویش نیشانە و ڕەمزی خراپەکاری و تاریکییە، لێرەدا حەزی شاعیر لەپاڵ هێزی چاکە و ڕووناکی (پەرییە) ، وەکو ئاماژە بۆ شۆرشگێران و خەباتکەرانی وڵات ، کە ئارەزووی نۆستالیژی هێمن بەرە و سەرکەوتنی بردوون ، (دێوەزمە) ڕەمزی دووژمنانی کوردە.

دڕندەی هارو ماری بێ ڕەزابوو

لەتاڵان و بڕۆیە شارەزابوو

لەترسانی وڵات پڕ ترس ڕەوبوو

ڕەموزنەی تاریکان و خێوی شەڕ بوو ([:هێ: 2012،307)

لێرەشدا هێمن ، لەململانێی ئەفسانەیی نێوان هێزی شەڕو تاریکی ، کە ( ڕموزنە و خێوی شەڕو مار) ە ، هێزی چاکە ،کە (فریشتەیە) ی بەکارهێناوە ، کە ناوێکی خوازراوە بۆ کچی میر لە دەقەکەدا ، هێمن لەپاڵ ئەو ڕەمز و ئەفسانە خۆماڵییەدا ، ئەفسانەی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی هێناوەتەوە (فریشتە ) کە خوای جوانییە ، کە لەئەفسانە کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمانییدا (ئەفرۆیدت و ڤینوس ) ە.

لەکویَ حاڵی من و تۆ وادەبوو ئەی خۆپەرست ئێستا
ئەگەر دنیا ئسوڵ و قاعیدە و نەزم و حیسابی با ؟
بەجامیَ بادە تێر نابم ، ئەگەر مەیلت هەیە ساقی!
گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت ، بۆم تێکە تابیبا
وەبەر من نایەڵیَ لێرەش مەی و ساقی ، جەنابی شێخ
دەنا لەولا شەراب و حۆری باهەر بۆ جەنابی با
هەموو عەمری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو؟ فێری شەرابی با (د:هیَ :2012، 186)

هێمن بەگەڕانەوە بۆ ئەفسانەی ( ئاوی حەیات و خدری زیندە) دەقێکی نۆستالیژی هەست بزوێنی دروستکردووە ، خدری زیندە لەئەفسانە کوردی و جیهانییەکان ، ڕەمزی چاکە و پیاوێکی ئیماندار و لەخواترسە ، خدری زیندە لەگەڵ ئەسکەندەر بەدوای ئاوی ژیاندا گەراون و دۆزیویەتیەوە و لێی خواردۆتەوە ، نەمری بەدەست هێناوە ، جا شاعیر بەهۆی خەم و حەسرەتی بەردەوامی خۆی ، دەگاتە ئەو باوەڕەی دونیا ئەگەر خۆشیش بیَ تاسەر نییە ، کەواتا : ئەم نەمرییەی بەلاوە گرنگ نییە ،

دەبوو جێی ئەو بەرزتر با لەهەوران

کەچی دەژیا لەژووری ماڵی گەوران

دەبووچەتری سەری باڵی <u>هوما</u> با

نەوەک ئاوا لە ڕووپۆشیَ خزابا (د:هیَ :2012، 30)

هێمن خەم و حەسرەتی قوڵ دایدەگرێت ، حاڵەتەنۆستالیژیەکە ، شاعیر ناچاردەکات دەست بۆ وشەی ( هوما ) ببات ، کە لەنێو دەقەئەفسانەییەکاندا واهاتووە ، کەجۆرەباڵندەیەکی گەورە و سەنگینە شاعیر خۆزگە بەسەرباڵی هۆما دەخوازیَ ، وەکو ئاماژەیەک بۆ مرۆڤی خەباتکەر و بەها و نرخی لای ئەو، نەوەکو لەماڵەوە دابنیشیَ و بەند بێت.

## 2-2- 2 :- نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان :

ئەدەبی فۆلکلۆریی ، ئەدەبێکی سەرزارییە و بەرهەمی قۆناغە، جۆربەجۆرەکانی مێژووی کۆنە ، ئەدەبی فۆلکلۆریی هەمیشە وەکو بنەما و کانگایەکی گرنگ ، لەبەردەستی نووسەران و شاعیراندایە ، ( یەکێکە لەهۆکارەکانی نوێگەریی و نوێبونەوەی شیعری لای میللەتان بەگشتی و شیعر و شاعیرانی کوردیش بەتایبەتی ) ( عەبدوڵلا : 2016 ، 379) ، واتا : فۆلکلۆر بەهەموو جۆر

و شێوەکانییەوە ، لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە هەمیشە پاڵپشتێکی باشی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ بوونە.

ئەدەبی فۆلکلۆریی هەرمیللەتێک بەشێکی دانەبڕاوە لەمێژووەکەی ، کەواتا : ئەدەبی فۆلکلۆریی( کەبە بەرهەمی نەتەوەیی دادەنرێت ، بەپێی قۆناغەکانی ژیان و بارودۆخی گەلان گۆڕانکاریی بەسەردادێ ، بەڵام لەهەمانکاتدا سیمای خەڵکەکەی دەنوێنێت و دیاری دەکات )(ئەمین ، حمەامین : 2015، 267) ، بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی نوسراوی کوردیش لەژێرکاریگەریی بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی فۆلکلۆردا ،هەنگاوی باشی ناوە و بەردەوام لەگەشەدابووە ، نوسەران و شاعیران بەردەوام پارێزگارییان لێکردووە و بەشێوەیەکی تازە لەشیعرەکانیان بەکاریان هێناوە ، بەکارهێنانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و بەیت و بەند و بالۆرە لەپێناو جوانکردن و بەپیتکردنی ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانیان بووە (ئنجا شاعیر بەگەڕانەوە و سودوەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆریی گەڕانەوەیەکی تەواو تۆکمە دروست دەکات ، هەم بۆڕابردوو هەمیش بۆ شارستانیەتی نەتەوەکەی خۆی )(نوري : 124،2021) ، کەواتا : بەگەڕانەوەی شاعیران بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییە هەمەچەشنەکان حاڵەتی نۆستالیژی دروست دەبێ .

## 2-2- 2 :- أ : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لەشیعرەکانیپیرەمێردا:

پیرەمێرد وەکو شاعیر و نووسەر، گرنگییەکی زۆری بە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان داوە و بەهۆیانەوە دەیان دەقی ناوازەی بەرهەم هێناوە ، لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەپەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق و سەرزاری و سود وەرگرتن لەچەندین داستانی فۆلکلۆری خۆماڵی و جیهانی ، شیعرەکانی پیرەمێرد پڕن لە ڕستە و دەستەواژەی سەرزاری کۆن، کەنرخ و بەهای دێرەشیعرەکانیان گەیاندۆتە پلەی داهێنانی ناوازە ، شاعیر هەوڵی زۆری داوە سوود لەفۆلکلۆری کوردی و ئەدەبیاتی بێگانە ببینێت و شیعرەکانی لەسەربنیات بنێ ، لەو ڕووەوە ئاوڕی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی داوەتەوە ، وێنە و کەرەستەی بەپێزی لێ وەرگرتوون ، کەفوکوڵی دڵی خۆی تێکەڵ کردوون و نموونەی شیعری جوانی بۆ کێشاوین .( محمود: 199،2021) ، بەمەش حاڵەتی نۆستالیژی گەڕانەوە بۆبەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی دروستکردووە.

ئێستا واپیری کەساسی کردم
هێجگار مووی سپی ئابرووی بردم
پیری لەپڕهات بەپیرمەوە
بەندم بە زویری و ئەسیریمەوە
زەوقێ نابینم لەم بگرەو بەرە

ڕاسته گورگ پیربوو ، بووه مەسخەرە (د،پ: 2001، 201)

پیرەمێرد بەهۆی خەمی پیرییەوە ، تووشی حەسرەت بووە ، ترسی پیری و کۆتایی تەمەن حاڵەتە نۆستالیژیەکەی بەدەقەکە بەخشیوە ، هاوکات بۆ جوانکردنی واتا و گەیاندنی پەیامی دەروونی پڕ لەخەمی خۆی ، هاتووە سودی لە وتە سەرزارییە فۆلکلۆریە وەرگرتووە و بۆی گەڕاوەتەوە ، کە دەڵی (گورگ پیربوو دەبێتە مەسخەرە)حاڵەتە نۆستالیژییەکە لەهەناوی خەم و حەسرەتی پییریی و ئەو پەندە فۆلکلۆرییەوە دروست بووە.

دەم دەنکی نەگرێت تەنگ و نازداربێ

تریێ ڕەش لەسایەی گەردنیا دیاربێ ( د:پ: 2001، 309)

پیرەمێرد حاڵە نۆستالیژیەکەی دروستکردووە لە دەقەکەدا ، بە سودوەرگرتن لەو وتە سەرزارییە باوەی ناو کۆمەڵگاوە ، کە دەڵی: گەردنی هێندە سپیە ، تریێ ڕەش لە گەردن و ملیدا دیارە ، ئەوە حەز و ئارەزوی نۆستالیژیی شاعیرە بۆ گەردنی سپی و لوسی یار ، ئەو وێنە و یادەی وتە سەرزاریەکەی پیشان داوە.

خوا عەیبی بزنی واخستۆتە ڕوو

کەچی کڵاوی کردووە بۆ بەڕوو ( د:پ: 2001، 338)

شاعیر سودی لەو پەندە کوردیە وەرگرتووە ، کەدەڵی: خودا عەیبی بزنی دانەپۆشیوە و کڵاوی بۆ بەڕوو دروستکردووە، ئەمە حەسرەتی نۆستالیژی شاعیرە بەدەقەکەوە دەرکەوتووە.

چیم کردووە ئێستا جارێ لەکوێمە ؟

میللەت لەمەودوا ئومێدی پێمە

سەیرکە بەهارم لێ بێ ئینشەڵڵا

لەکوردستاندا بیکەم بەهەڵا

شمال و جنوب تێکەڵ کەم بەقین

بلەرزینمەوە (گاکەی ژێر زەمین ) (د،پ : 2013 ، 62)

پیرەمێرد حەز و ئارەزوویەکی بێ ئەندازەی هەیە ، بۆ بەرەو پێش بردنی زمانی کوردی ، ئەو حەز و ئارەزووەی تێکەڵ بە وتە سەررزاریە کردووە کە دەڵی : زەوی لەسەرپشتی گایەکە ،

بەجولانەوەی زەویش دەجولێتەوە ، شاعیر بەگەڕانەوەی بۆ بابەتە فۆلکلۆرییەکە، نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی لەدەقەکەدا بەرجەستە کردووە .

کەمەجنون کەوتە خەڵوەتخانەی خاک
ندایەک هات لەقوببەی بارەگای پاک
وتی : ئەی شێتە دیاری کردەوەت کوا
سەرێکی هەڵبڕی ڕووی کردەلای خوا
وتی : تۆخۆت ئەزانی شۆڕی لەیلا
سەری واگێژ و وێژکردم لەمەیلا
نەبیری ڕووی جیهانم بوو ، نەمەحشەر
خەیاڵم عەشقی لەیلابوو سەراسەر
لەلای خوا خۆش بوو ئەجوابە ڕەوانە
بووە ئەستێرە بۆ ئەم ئاسمانە (د.پ : 2013 ، 197)

شاعیر نۆستالیژیا گشتیەکەی ، بەهۆی گەڕانەوە بۆ داستانێکی فۆلکلۆرییەوە دروستکردووە ، حەزو حەسرەت و ئارەزو و عەشقی مەجنون بۆ لەیلا پیشان دەدات ، پیرەمێرد لە دەقەکەدا هاوشان لە سود وەرگرتن لەو داستانە فۆلکلۆرییە ، گەڕاوەتەوە بۆ ئەو قسە سەرزاریەی ناو خەڵک ، کە دەڵێن: مەجنون بووە بە ئەستێرەیەک لە ئاسمان و شەوان دەردەکەوێت .

لەدەوری بێستون دەنگی قوڵنگی گیانی فەرهاد دێ

قەوانێکی غەرامەفۆنی ( شۆخی ئەرمەن ) ە ، ئەم شەو

کەگوێم زرنگایەوە ، وادەنگی زەنگی وشتری لەیل دێ

ئەوا لەولاشەوە مەجنونە ئەگری شیوەنە ئەم شەو (د.پ : 2013، 211)

شاعیر لێرەدا بە ئاوێتەکردنی داستانێکی خۆماڵی و جیهانی ، نۆستالیژیایەکی گشتی دروستکردووە، پیرەمێرد جگە لەگەڕانەوە بۆ داستانەکانی (لەیل و مەجنون و شیرین و فەرهاد) ، ڕووداوێکی پڕ لەعەشقی لەدەقەکەدا تەوزیف کردووە لەڕێگەی خەیاڵەوە.

پەچەت ڕووخساری داپۆشیت و من دەردم گرانتر بوو
بەڵێ دیارە کە ڕۆژئاوابوو دەردی قورس ئەبێ بیمار

ڕەگی ڕۆحم بەدیدەی تۆوە پەیوەستە و بەسەربەستی
بەسەد لادا تەراندت ناپسێ سەختە وەکو بزمار
لەدەوری بێستوندا شەو کە دەنگێکی بەسۆز ئەبیەی
ئەوە گیانی منە بۆ بێ کەسی فەرهاد ئەکا هاوار
لەدوجەیلا ، کەناقەی مەحمەلێکم دی ئەڵێم لەیلە
بەرە و پیری ئەچم ئەشعاری قەیسی بۆ ئەکەم تیکرار (د:پ : 2013 ، 221)

دووبارە لەم دەقەشدا شاعیر بە گەڕانەوە بۆ دوو داستانی خۆماڵی و جیهانی ، نۆستالیژیایەکی گشتی بە دەقەکە بەخشیوە ، ناوهێنان و ئاماژەکردن بە کاراکتەرەکانی هەردوو داستانەکە ، گەڕانەوەیەکی ڕووکەش نییە ، بەڵکو شاعیر کۆڵنەدان و دووبارەکردنەوەی خۆشەویستی بۆ یارەکەی مەبەستە ، حەز و ئارەزووی گەیشتن بەیارەکەی دەروونی داگیر کردووە، فەرهادی وەکو ڕەمزی هیواو جوامێری بەکارهێناوە ، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی تراژیدی دەکێشێت ، لەڕێگەی لەیلای دوجەیلیەوە.

## 2-2- 2 :- ب : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لەشیعرەکانی دیلاندا:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، بەڕوونی لەشیعری دیلاندا دەبینرێت ، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی فۆلکلۆرەوە، دیلان سودی لەحکایەت و پەند و سەرگوزشتە و مەتەڵ وەرگرتووە و بۆتەهۆی دروست بونی چەندین دەقی ئەدەبی جوان..

دیلان لەدەقی (تاوان – 1967) لەڕێگەی گەڕانەوە و سود وەرگرتن لە پەندێکی کۆنی کوردی ، کەئاوێتەی خەمی نەتەوەیی و گشتی کردووە ، حاڵەتی نۆستالیژی دروست کردووە:

ئەی نازەنین ... هەردوو بەرگ خوێناوین

هەردوو بەکوڵ بۆئەم کوردە گریاوین

گریانێکی لەداخانا ... نەک ترسان

لەبێگانە ... بۆ دوژمنی لەخۆمان

بۆ ئازاری جەرگ بڕ و بۆ ئێشێ

دار پۆازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ (د:دی : 2013 ، 288)

شاعیر خەم و حەسرەتی نیشتیمانەکەی بەرجەستەکەری حاڵەتە نۆستالیژییەکەیە لەدەقەکەدا ، بەسود وەرگرتن لەپەندی کوردی، شاعیر گلەیی لە ڕۆژگاری پڕ لە کێشمەکێشی کورد دەکات ، هەڵـبەتە وەک ڕەتکـردنەوەی شــەڕی براکـوژی دەیەوێ ئەوە بەگـوێی هەموانـدا بـدات ، کە ئەوشــەڕە هۆکـاریی مـاڵوێرانی و بەئـاوات نەگەیشـتنی گەلە ،حەز و ئـاواتی دیـلان یەکگـرتن ونەهیشتنی ناکۆکی و دوبەرەکییە، واتا : ئەگەر کێشە ناوخۆییەکان و دەستی ناوخۆیی نەبێت ، هەڵهاتنی خۆری ئازادی نزیک دەبێت.

ئەی نازەنین ئەی دوور لەدووی ئەم شارە

سالّ لەگەلّ ســــــــــالّ خۆزگە بەپارە ( د:دی : 2013 ، 286)

دیـلان دوای دەستنیشـانی کردنـی دەردی گەل ، هۆکـاری دواکەوتـن و دابـڕان لەشارسـتانیەت ، پاشان سودی لەپەندێکی ترە کوردی بینیوە ، کە ئەویش ئەوەیە(ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار) ، دەقەکە دووبـارە بەهـۆی خەمـی نیشـتیمان و سـود وەرگـرتن لەبەرهەمـی فۆلکلـۆریەوە حـالەتی نۆستالیژی تێدا بەرجەستە بووە.

یاگوڵ خەندەران بۆبزەی سەرلێو

هێندە ئەبینێ روو گرژ بۆ جنێو

کەبیستی قاقا یاپێکەنینێ

بەجۆرێ کوڵ و جۆشش ئەسێنێ

ئەی شەوە زەنگ ، ئەی تاریکی ، ئەی ڕەشایی شەو
دەی .... باڵی ڕەش بکەرەوە بۆچاوی بێ خەو
بۆبێداری ....ڕۆژی ڕوونی ... تاریک و تاڵە
بۆناچاری ...کەڕۆژ هەرگیز زیندانە لای ئەو
کام پێکەنین پڕلەگوڵە و گەشی ئاواتە
بۆ ئەو زەنگی بە ناسۆری ڕێگای نەهاتە
کام وورشەی ڕوو یا کام پرشەی ئەستێرەی
چاوی جگەر سۆزە ، سینە دۆزە ، ئەبرێ هەناوی
لای ئەو .. وێنەی ئەستێرەکەی دژی کاروانە
خشتە بەرە ... ڕێگای درێژ بەنزیک زانە !! .. (د:دی : 2013 ، 280)

حاڵەنۆستالیژیەکە ، بەسود وەرگرتن لە وتەی سەرزاری ( ئەستێرەی کاروان کوژە) ەوە ، بەرجەستە بووە ، کە وابـاوە ئەو ئەستێرەیە ، سەر لە کاروانچی تێک دەدات ، لە هەمانکاتدا شاعیر دەیەوێ (شەو) بکاتە شارێکی نموونەیی بۆ بێدارانی خەو . کە واتا لەم دەقەدا بەهۆی خەم و حەسرەتی نیشتیمانەوە ، نۆستالیژیای فۆلکلۆر و شاریی نموونەیی بەرجەستەبوونە.

## 2-2- 2 :- ج : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا:

بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان،بەشێوەیەکی گشتی بوونە بەسەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندی لە شیعرەکانی هێمن ، شاعیر لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ قسەی سەرزاری و مەتەڵ و پەندی کوردی و کۆمەڵێ وشە و دەستەواژەی کۆنی کوردی ، کەئێستا خەریکە بەر و لەناوچون دەچن ، چەندین بەرهەمی جوانی پێشکەش کردووین.

هێمن بەهۆی خەم و حەسرەتی ئاوارەیی و خراپی بار و گوزەرانییەوە ، گلەیی لەڕۆژگاری ئێستای پڕمەینەت دەکات ، ئاوێتە بە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ، حاڵەتی نۆستالیژی هەست بزوێنی دروستکردووە.

چڵکی دەستە ماڵی دونیا وەک دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێن و بێ بەڵێن
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵ پەرست
جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و بەڵێن
نا مەچۆ جوانێ مەچۆ ، واوە مەچۆ
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ
ئەو هەوەس بازانە جێی متمانە نین!
هەردەزانن گوڵ چنین و بەهێ ڕنین ( دهێ :2012، 199)

هێمن بەگەڕانەوە و سود وەرگرتن لەو پەندە فۆلکلۆریەی ، کە دەڵێ : (ماڵی دونیا چڵکی دەستە ) ە ، نۆستالیژیایەکی گشتی دروستکردووە ، شاعیر بەدەروونێکی ڕۆمانتیکیانەوە ، بەگژ داب و نەریتی خراپی کۆمەڵی کوردەواریدا دەچێ ، کە ئەویش مەسەلەی کچ فرۆشتن و شیرباییە ، هەڵبەتە خەم و حەسرەتی هێمن ، بۆ تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە، کە ئەویش بۆتە هۆی حالەتە نۆستالیژیەکە سەرباری گەڕانەوەی شاعیر بۆ پەندە کۆنەکە . .

قەت دگەڵ بێگانە کان وەڵایی دانووم ناکوڵێ

من کەشاهینم چلۆن ئاخر رەفیقی قەل دەکەم ( د:هێ :2012، 283)

لەم دەقەشدا هێمن ، سودی لەو قسەسەرزاریەی خەڵک وەرگرتووە وەکو بەشێکی فۆلکلۆر، کەدەڵێ: (دانووم لەگەڵ ناکولێ )، هێمن گەرچی ئاوارە و غەریبە ، جێگە و نوێنێکی گەرم شک نابات ، بەڵام بەم حاڵەشەوە ئامادە نییە ، سەربۆ خەڵکی نەیار و دوژمنی کورد شۆڕبکات ، بۆیە خۆی بەشاهین چواندووە و دوژمن و ئەو جۆرەخەڵکانەشی بە قەڵ چواندووە.

قەڵای میران بەدەس ناکەس دەنەخشێ

کە ، دار هۆرەی لەخۆی بێ زوو دەقڵیشێ

ئەگەر زێڕو دراو دەوری نەبووبا

بلوری ژین دەبوو غەوری نەبوبا (د:هێ:2012، 228)

شاعیر سودی لەو لەو پەندە کوردیە وەرگرتووە ، کە دەڵێ : ( دار کرمی لەخۆی نەبێ هەزار ساڵ دەژێ )(دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ) ، گەڕانەوە و حاڵەتە نۆستالیژیەکە ، بەرجەستەبووی خەم و حەسرەتی نیشتیمانە ، لە پاڵ سود وەرگرتن لەپەندە فۆلکلۆریەکە دا ، کەدەرونی هێمنی نا ئاسودە کردووە ، کە ئەویش یەکنەگرتن و دووبەرەکی نێو ماڵی کوردانە

بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەمالی تۆ

ئەدی بۆچی دەیانگوت ، دار کەپیر بوو تازە دانایە ( د:هێ :2012، 231)

هێمن بەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو پەندەی،کە دەڵێ: ( داری پیر دانایە ) ، نۆستالیژیایەکی گشتی دروست بووە ، شاعیر بەهۆی خەمی دووری لەیار و خەمی پیریەوە ، کە دووهۆکاری دیاری دروست بوونی دۆخی نۆستالیژیان ، وێنەیەکی جوان و خەماوی بۆ دروستکردووین ، وێنەی پیرە پیاوێکی کیشاوە ، کە بەدڵێکی پڕ لەعەشقەوە ، بۆ کچێکی شۆخ بەچۆکدا دەکەوێ.

کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حاڵی من ؟

ئەوکەسەی گیرۆدەی ئەگریجە و پەرچەم نەبێ

ڕەمزی دڵداری لە زینێ فێر نەبوو یارم دەنا

کوا ئەویندار وەفاداری وەکو من (مەم ) نەبێ (د:هێ :2012، 180)

هێمن ، بەهۆی گەڕانەوە و سود وەرگرتن لە هەردوو کەسایەتی دیاری نێو (داستانی مەم و زین ) نۆستالیژیایەکی گشتی بەدەقەکە بەخشیوە ، هێمن بەهۆی دووری لەیاری نازەنینی

توشی خەم و حەسرەت بووە ، بۆیە لەپاڵ گلەیی کردن لەیاری خۆی، کە وەفادار نەبووە ، وەفاداری عەشقی خۆشی ڕادەگەیەنێ.

داستانی مەم و زین کۆنە ، کچێکم گەرەکە

شلکە ڕانی بگوشم بۆنی سینگ و مەم کەم

من لە جوانی دەگەڕێم ، تێپەڕە زستانی دزێو

کچ کە ڕووم نادەنێ ، باسەیری گوڵ و شەونم کەم (د.هێ :2012، 210)

لێرەشدا بەسود وەرگرتن ویادکردنەوەی داستانی مەم و زین ، نۆستالیژیایەکی گشتی دروست بووە ، شاعیر بەتەمەنێکی پیرەوە ، ئارەزووی دەست بازی و مەیلی کچان دەکات ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی خەمێکی قوڵ بەدەقەکەوە دیارە بەهۆی پیری و لێکەوتەکانیەوە ، حەزی گەڕانەوەشی هەیە بۆسەردەمی گەنجی.

شەنگە بێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شوانی ئیتر

ڕەنگە هێشتا لە چیاو زۆزانە بۆ شوان ببمەوە

من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لەمێژینەم بەڵام

ڕێژنەیەکم لێ بدە پێم وایە بۆ ڕەوان ببمەوە

شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا

من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە (د.هێ : 2012،337)

هێمن بە گەڕانەوە بۆ داستانی شێخی سەنعان ، نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆریەکانی دروست کردووە ، شاعیر تووشی خەمی دووری یار بووە ئاوات و حەسرەتێکی قوڵی هەیە، بۆ دیداری سروشت و یار دەقەکە ڕەهەندێکی نۆستالیژی ئەڤینداری پێوەدیارە.

## 2-2- 3 :- **نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان** :

مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی ، هەڵگری چەندین جۆر و ڕووداوی فرە چەشنە ، لەڕووی ( سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، رامیاری ) ەوە ، گەلی کوردیش بەهۆی زوڵم و زۆری میللەتانی دەوروبەر و جیهان و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ و هێزێکی شەڕکەری گەورە و ڕێکخراوەوە ، چەندین ڕووداو و کارەساتی جەرگ بڕی بەسەرهاتووە ، کە ئەم ڕووداو و

کارەساتانە لەنێو دیوانی بەشێکی شاعیرانی کوردا ، ئاماژەی وێنەیی بۆ کراوە ، (ئەگەرچی کەسانێک هەن پێیان وایە مێژوو تەنها ساتە گەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو ، دەنا کوا ئەو فڕ و فێڵ و ساختەکاریی و خیانەتکاریی و شەڕ و خوێن و کوشتارە و هەڵچوونەی ، کە ڕوویانداوە ، مێژووش تەنها بەئاماژە و سەرە قەڵەم بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە )( محمود : 2004 ، 56) ، ئەو ڕووداوە مێژوویانە ، هەرچەندە بۆ سەردەمێکی زۆربگەڕێتەوە ، شاعیران دێن ئەو مێژووە تەوزیف دەکەن ، ئەم گەڕانەوەیە بۆ مێژووە کۆنەکە ، بۆ خۆی حاڵەتی نۆستالیژیا لەدەقەدا دروست دەکات ، لەهەمانکاتدا گەڕانەوە بۆ ئەو ڕووداوانە ، وادەکات بەزیندوویی بمێننەوە و لەدیدی نەوەی ئێستا و داهاتوو بەزیندووی یادبکرێنەوە، ئەم ڕووداوانە جگە لەوەی دەبنەمایەی خەم و حەسرەتی شاعیر ، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبنە هۆی دروست بوونی چەندین وێنەی تراژیدی کاریگەر ، کە تێکەڵ بەخەیاڵ و ئەندێشە دەکرێن ، لەڕێگەی ئاماژەیەک یان ڕەمزێکەوە نۆستالیژیایەکی گشتی بەرجەستەدەبێت ، مێژووی سەدان ساڵەی کوردیش پڕە لەڕووداوی فرەچەشن ، شاعیرانمان لەڕێگەی زمانەوە ئێمە و نەوەکانی داهاتوو لێ ئاگاداردەکەنەوە.

## 2-2- 3 :- أ: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان لەشیعرەکانی پیرەمێردا:

پیرەمێرد ، کەخاوەن خامەیەکی بەبرشت و دونیابینییەکی بەئەزموون بووە ، بەئاگاییەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان و نۆستالیژیایەکی گشتی دروستکردووە ، دیارە شاعیر لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی نەتەوەکەیدا ژیاوە ، ئەو ڕووداوانەی لەمێژووی نەتەوەی کورددا هەیە ، هۆشیارانە یادیکردونەتەوە ، تاکو لەبیرو یادگەی نەوەی داهاتودا بمێننەوە،

دەقەکانی کردووە بە ئاوێنەی ئەوڕووداوە مێژووییانە ، هاوشان لەگەڵ ڕووداوە نەتەوەییەکان دەستی بۆ ڕووداوی جیهانیش بردووە و لەدەقەکانیدا تەوزیفی کردووە .

پیرەمێرد لەدەقی (وەفدی کوردستان) دا ، گەڕاوەتەوە بۆ ڕووداوەکانی شەشی ئەیلول و لێکەوتەکانی کاتێک دەڵێ :

وەفدی کوردستان ، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لەگوڵەکەی باغەکەی سارا
کەبەخوێناوی لاوان ئاودرا
بیبەنەخزمەت عەرشی عیراقی
بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی

پەردەو تارای سور بەرن بۆ ئەمیر
بلێن  پاش کوشتار ، هێشتا تۆی دڵگیر
دەک خەجاڵەت بن لەڕووی مەحشەرا
ئێمە خاکی غەم ئەکەین بەسەرا
ئێوەش ئەو عەرشەی بەخوێن گوڵ ڕەنگە
سوجدەی بۆ ئەبەن هیچ ناڵێن نەنگە   ( د:پ : 2013 ، 101)

لەڕۆژی (6 ئەیلولی ساڵی 1930) دا ، خەڵکی شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی گرنگ و پێویست ڕێک دەخەن ، دژی ئەو ڕاپرسییەی کە سەرلەبەری بە فێڵ و درۆ ڕێکخرابوو، لەوکاتەدا سەربازانی ڕژێمی ئەوکات، دەسترێژی گولە دەکەنە نێو لاوان و خەڵکی خۆپیشاندەری شار ، چەندین کەس دەکوژرێت و هەندێکیش بریندار دەبێت ، بەشێکی خەڵکی شاریش لەمامۆستایان و خوێندکاران زیندانی دەکرێن ، لەکاتێکدا گەل دڵشکاوە و رق دایگرتوون ،پیاوانی ڕژێم وەفدێک دروست دەکەن بەناوی ئەشرافەکانەوە ، دەچنە شاری بەغدا بۆ کڕنۆش بردن و پۆزش هێنانەوە ، بۆ کاربەدەستانی ئەوێ.

جا لێرەدا پیرەمێرد خەم و حەسرەتی خۆی ناشارێتەوە ، ڕووداوەکە لەدەقەکەدا تەوزیف دەکات ، گەرانەوەکە جگە لەدروستکردنی نۆستالیژیایەکی مێژوویی ، بیرهێنانەوەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو جێ دەهێڵێت ، نارەزایی و خەمی حەسرەتی دەروونی بەرامبەر هەڵوێستی ئەو وەفدە دەردەبڕێت.

ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە
تەحلیلی وا باوە کە قوبپەی غەمە، تەمە
چەرخێکی کۆنە، ماکینەکەی ژەنگی گرتووە
چەوری نەکا بە خوێن پەکی سووڕانی کەوتوە
پیرێژنێکە، هەر شەوەی شوویەک ئەکا بە خەڵق
سووراو بە خوێنی مێردی ئەکا پێی ئە [ : شەفەق
گوڵگون بە خوێنی عاشقە دێوجامەی فەلەک
چنگی پڵنگی ناوەتە ژێر قاقمی بەڵەک
گاهێ بە خوێنی ئالی نبی سوورئەبێ فیرات
گاە خوێنی کوردی تێکەڵ ئەبێ دیجلە زیاد ئەکات
سەرداری ئێمە بوو کە لەسەر دار بە پێکەنین
بانگی ئەکرد: بە کوشتنی من میللەتم ئەژین

ئەم خوێنی کوردە کە وەکوو خوێنی سیاوەحشە
خوێنی نەسێنرێ هەڵدەقوڵێ دائما گەشە
بۆ ئێمە لازمە هەموو ساڵێک هەتا دەژین
ئەم رۆژی (٤٢)ی ئایارە بکەین بە شین ( د:پ : 2013 ، 103)

تورکە کەمالیەکان، پاش ئەوەی کە بە مەرامی خۆیان گەیشتن ، هەرچی نەتەوەکانی تر هەبوو هەمووی خرانە ژێر سزا و ئەشکەنجەوە، بەتایبەتی ئەرمەنییەکان و کوردەکان، جگە لەو کردەوانەی کە (جمال السفاح) بەرامبەر بە عەرەبەکان کردبووی، (شێخ عەبدوالقادری شەمدینانی و دکتۆر فواد و گەلی تێکۆشەری تری گەلی کورد ) گیران و خنکێنران، بە هەزاران سێدارە لە ناو دێهات و چیا و دۆڵەکانی کوردستاندا هەڵخرابوو، بۆ خنکاندنی لاوانی کورد و بە هەزاران پیر و منداڵ و ژن، کۆرپەی ساوای سەربێشکە هەمووی ئەکوژرێن و گرانییەکی پیس لە کوردستانی(ژێر دەسەڵاتی) تورکیا بڵاوئەبێتەوە. ئەم دەستدرێژیە نارەوایە کارێکی تەواوی کردبووە سەر هەموو مرۆڤێکی بەویژدان ، پیرەمێردیش بەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕووداوە دڕندانەیەی تورکەکان ، حاڵەتێکی نۆستالیژی گشتی دروستکردووە.

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوپار

هەرخوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نێو بەهار

ئەو ڕەنگە سورە بوو کە لەئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆگەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بەعەشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە ( د:پ : 2013 ،118)

دێرەکانی ئەم دەقە ، سەرڕێژکراون لەیادی ڕووداوەکانی ڕابردووی ڕاپەرین و بەگژداچونەکەی گەل دژی (زوحاک) ، کەبۆتە دەقێکی نۆستالیژی مێژوویی وەها ، کە تا دونیا دونیایە بەزیندوویی ڕووداوەکە دەهێڵێتەوە ، لەهەمان کاتدا ، (شیعر هەر ئەوەندە بەرز و جوان ئەبێت ،

هەر ئەوەندە بەنرخ دەبێت ، لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە لەڕووی هۆش و هەستی پاکی نەتەوەییەوە) (رسول : 1397، 118).

دەنگێکی قودس لای قودسەوە هات
ناوجەژنانی کرد بەجەژنێکی ڕاست
ئەوشەوە بەختی محوەر وەرگەڕا
نوزەی نازییەکان لەلیبیا بڕا
ڕۆژی (رومیل ) یش بەو شەوە شکا
ئابڕوی فاشیستی ئێجگاری تکا
ئەمریکا هات جەزائیری گرت
ئەمیرال( دارلان ) کەوتە جرت و فرت
ئەوشەوە بانگی ڕۆڵەی کوردستان
لەشەرقی ئەدنی گەییەئاسمان
لەشوێن معراجی مسجد الاقێی
دەنگی گۆرانی ( گۆران ) مان هەڵسا
فەڵەستین شوێنی سەڵاحەددینە
بۆیە ئەم دەنگە هێندە شیرینە (د:پ : 2013 ، 340)

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ، ئێستگەیەکیان کردبووەوە لەشاری حەیفای فەڵەستین ، ڕۆژانە بۆماوەی چەند چرکەیەک بەرنامەکانی بەزمانی کوردی بڵاودەکردەوە ، کە ئەمە یەکەم جاربوو بە زمانی کوردی لەڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆوە پرۆگرام بڵاوبکرێتەوە ، جا ئەم ڕووداوە کاریگەریی لەسەر هەموو تاکێکی کورد هەبوو، پیرەمێردیش بەهەستێکی خۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ یادی کردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکە ، حاڵەتێکی نۆستالیژی گشتی بەدەقەکە دەبەخشێت.

شاعیر لەگەڵ یادی ئەو ڕووداوە ، یادی چەندین ڕووداووی تری مێژووی کردووە ، دەقەکەی کردووە بەشانۆی ڕووداوی شکستهێنانی سەرکردەی نازییەکان (رۆمیل) لەئەفریقادا، یادی سەرکردەی شەڕکەری دەریای فەرەنسی (دارلان) ، هاوشان لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا پیرەمێرد سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ڕووداوی (شەوڕەوی پێغەمبەر) و یادی سەرکەوتنی سەرکردەی مێژووی کورد صلاح الدین .

### 2-2- 3 :- ب: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان لەشیعرەکانی دیلاندا :

ئەم جۆرەی نۆستالیژیای گشتی لە شیعرەکانی دیلاندا بە ڕوونی دەبینرێت ، شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ ڕووداوە نەتەوەیی و جیهانییەکان، هەندێک جاریش لەڕێی ڕەمز و نیشانەوە ئاماژەی بۆ هەندێ رووداوکردووە.

دیلان لە ساڵی (1960) هاوبەشی تێکۆشانی گەلی کۆنغۆ دەکات ، جەربەزەیی و جوامێری لۆمۆمبا وەک تێکۆشەرێکی سەرسەخت و پیرۆزی گەلێکی ژێر دەست و چەوساوە دەرئەخات و دەڵێت:

ئەی لۆمۆمبیای هەمووگەلان

ئێمەش لەخاکی کوردستان

ئەتکەین بە بەستەی سەرزمان

ئەتکەین بەپەیکەرێکی بەرز بۆ تێکۆشان

بۆ ..... ڕزگار بوون

بۆ... بەگژ داگیرکەراچوون .....!....(دی : 2013 ، 36)

دیلان بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕووداوکانی شۆرش و تێکۆشانی گەلی کۆنغۆ نۆستالیژیایەکی گشتی دروستکردووە، شاعیر لەڕێگەی یادکردن و ناونهێنانی (لۆمۆمبیا) ، کە یەکێکە لە تێکۆشەرە سەرسەختەکانی ئەو گەلە ، وەکو پلێنگێکی ڕەش بە داینەمۆی بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی بەگژداچونەوەی تەماحکاران و داگیرکەرانی دەناسرێت ، شاعیر دەیەوێ لێرەوە لەخاکی پیرۆزی کوردستانەوە ئەوسەرکردە مێژووییە بکاتە سومبولی خۆی بۆ بەگژداچونەوەی دوژمنانی کورد .

ڕووداوی دەستگیرکردنی غەنی بلوریان لە کوردستانی ئێران.

ئەی چوار سەری ناو زیندانی
سەر زۆر پژا
کۆنەپەرستی ئیرانی
سەرزۆرپژا
خوێن زۆر ڕژا
کەچی لەجێگەی هەر سەرێ
سەدسەری تر دێتەدەرێ

لەجێی هەردلۆپەخوێنێ
سەدگوڵ سەری دەرئەهێنێ
ئاسودەبن زەبری زیندان
هەڵواسین و پەت و خنکان
تەوژمی خەبات لەق ناکا
هێزی تێکۆشان شەق ناکا
ئاسودەبن بەکوشتن بێ یامردن
ریشەی کورد قەد نایا لەبن (د:دی : 2013 ، 258)

ئەم دەقە ئاوێنەی ڕووداوی دەستگیرکردنی (غەنی بلوریانە) ، لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا ، دیلان بەگەڕانەوە بۆ یادو بارودۆخی ڕووداوەکە لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتی ئێرانەوە ، حاڵەتە نۆستالیژیەکەی لەدەقەکەدا دروستکردووە ، خەم و حەسرەتێکی قوڵی لەدەروونی دیلاندا بەرپاکردووە ، بۆتە هۆی ئەوەی ڕقێکی پیروز لەناخی دیلاندا بەرپابێت دژ بەداگیرکەران ، شاعیر باوەڕی وایە سێدارە و زیندان هەرچەندە ئەستور و تۆکمەبن ، داگیرکەران هەرچەندە دلڕەق تر و خوێنمژتربن ، لەبەر تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەل خۆی ڕاناگرێ ، خۆری ئازادیش خەریکە هەڵدێ ، غەنی بلوریان ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی ئێران بوو ، ساڵی 1955 دەستگیرکراو حوکمی سێدارەدانی بۆ دەرچوو ، بەڵام ساڵی 1979 لەئەنجامی ڕاپەڕینی گەلی ئێرانەوە ئازادکرا.

ئاوڕێ .... ئاوڕێکی دوور
لەڕۆژێ ...... ڕۆژێکی سوور
ئاوڕێ لەڕۆژێکی سوور
لەتەختێ هەڵگەڕایەوە
لەکارێ دەنگی دایەوە
لەگەڵا چۆن ژیایەوە
ئاوڕێ لەقیامەتێ
لە یادێ یادی میلەتێ
کەڕاپەڕێ لەخەو
بەرامبەر سامی شەو
بۆ گزنگی ڕۆژێکی نەو
ئاوڕێ بێتە عیبرەتێ
بۆ زاڵمێ دارێ پەتێ

یابۆ وەچەی زوحاک

هیتلەر و چار و ماک

بۆکۆشکی بوو بەخاک

ئاورێ لەچەکوش بەشان

لەکۆرێ کۆڕی قارەمان

ئاورێ لەچەکوش بەشان

لەکاوەی قارەمان

کەسنگی کردەوە گەلی لەپشتەوە

گرەوی بردەوە (د:دی : 2013 ، 108)

دیـلان هەر لەسەرەتای دەقەکەوە ڕاستەوخۆبەهۆی وشەی ( ئـاورێ ) گەڕاوەتەوە بۆ ڕووداوەکـانی ڕابـردووی کـاوەی ئاسنگەر ، کەدژی ئەژدیهـاک ڕاپەڕی ، کەئەم گەڕانەوەیە حاڵەتە نۆستالیژیەکەی لەدەقەکەدا بەرجەستەکردووە ، شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوور ، ئەوڕۆژەی ، کەدەنگـی حەق و تێکۆشـان بەسـەر زاڵـم و سـتەمکاریی دا سـەرکەوت ، دیـلان وێنەیەکی پڕ حەماسەتی بۆکێشاوین ، کاتێک دەڵێ (ئاورێ .... لە قیامەتێ ) ، جۆش و خرۆشـی پڕ لە تورەیی جەماوەری ڕاپەڕیو دەخاتەڕوو ، سەرباری دروست بونی نۆستالیژیایەکی قوڵ ، ڕووداوەکەشی بەزیندوویی هێشتۆتەوە.

(یادی ڕووداوی شەرەکانی بەردەقارەمان و شەری ئاوباریک)

ئێستە پێخەفی نەرم و نۆڵی شەو

بەردە یاخاکی کانی ئاسکانە

بەردەقارەمان لەجێی خۆی ماوە

هەر لەدەربەندە یالەپیرانە ؟

ئێستا ئاوباریک وەک بومەلەرزە

هەرهەڵئەلەرزێ یالەوەستانە ؟ (د:دی 2013 ، 194)

دیلان لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ یادی وەفاتی شێخ محمود ، لاپەڕەکانی مێژووی پڕ سەروەری شێخ محمود هەڵدەداتەوە ، وەکو شەڕی بەردەقارەمان ، کە شێخی نەمر نەبەردیەکی بێ وێنەی تێدا تۆمارکردووە ، دواتر یادی ڕووداوی بەرگری و شەڕی گوندی ئاوباریک دەکاتەوە ، وەکو مێژوویەکی پڕ لەشانازی تۆماری دەکات ، حاڵەتێکی نۆستالیژی گشتی بەدەقەکە بەخشیوە.

ئەی گەلی جەزائیری جیڕ

منیش وەک تۆ

لە (سەڵماس ) و (چهریە ) و (خۆ)

یاخۆ لە (وان(

لە (باشقڵە ) و دەشتی بۆتان

لە (ئاگرداغ ) یا لە (دەرسیم )

دوژمن تێر خوێناوی مژیم

تێر سوتانی

تێر برژانی (د:دی : 2013 ،227)

شـــاعیر، بەگەڕانەوە بـــۆ ڕووداوەکـــانی گەلـــی جەزائیـــر و چوانـــدنی بە خەم و ڕووداو و مەینەتییەکانی گەلی کورد ، (نۆستل) لیژیایەکی گشتی دروستکردووە ، کە ڕژێمی ستەمکار و داگیرکەر لەناوچەکانی (سەڵماس و چەهریە و خو ) لە ( وان و باشقڵە و دەشتی بۆتان و ئاگرداخ و دەرسیم ، دژ بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجامیانیان دا و سەدانیان لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لەخوێندا سورکرد .

## 2-2- 3 :- ج: نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا:

سەرباری باگراوندی مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکەی ، کەکاریگەریی بەسەرداهێنانی شیعری هێمنەوە هەبووە ، شاعیر کە بەهۆی کاری سیاسی و خەبات و تێکۆشان لەپێناو نەتەوەکەی ئاوارە و دەربەدەربووە ، لەغوربەتدا هەمیشە کتێب وەک هاوڕێیەکی دانەبڕاو لەهێمن ، شارەزاییەکی باشی پێبەخشیوە سەبارەت بەمێژووی خەباتی گەلان ، لەهەمانکاتدا ئاگاداریی گەلێ لایەنی مێژوویی نەتەوەکەی بووە ، هێمن سەرباری ئەوەی سیاسیەکی بەئەزمون بووە ، بەڵام خەم و حەسرەتی نەتەوەکەی لەئێستا و ڕابردوودا (مێژووی نەتەوە) ، بوونەتە هۆی دروست بونی حاڵەتی نۆستالیژی قووڵ و بەردەوام لەدەقەکانیدا ، جاروباریش دەستی بۆڕووداوی مێژوویی جیهانی بردووە.

لەچوار چرای مەهاباد لەکانگای بری ئازاد

دەستی ڕەشی ئینتیداب چەقاندی داری بێداد

لەکاتی نیوەشەودا لەجەنگەی نیوەشەودا

کراکاری ناڕەوا لەدار درا پێشەوا ( د:هێ :2012، 17)

ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان ، بەسەرکردایەتی قازی نەمر ، هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەو کۆمارە جوانەمەرگە ، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر تەواوی

ژیـان و ئەزمـوونی شـیعری هـێمن هەبـووە ، لێـرەدا شـاعیر گەڕاوەتەوە بـۆ یـادی ڕووداوی لەسـێدارەدانی پێشـەوا قـازی محـمەمەد ، حـالەتە نۆسـتالیژییەکە بەهـۆی یـادکردنەوەی کـات و شوێن و چۆنیەتی لەسێدارەدانی پێشەوا وە دروست بووە.

بانە وێرانە جگەر بریانە .... لەش سرە ،دڵ پڕە ، چاوگریانە
بەوبەهارە گوڵی وێ پەڕ – پەڕبوون .....وابەدەردی خەزەڵی پایز چوون
جەرگی مێلاقە لەداخان ڕەش بوو .... ئەشکی شلێرە وەرین و گەش بوون
پیرسولەیمان خەمی دیکەی نابا .....سیسە دار و دەوەنی ئەربابا
ئەوی شین ماوەتەوە شین گێڕە .... هەرگەلایەکی هەزار دێرە
میگ و میراژی بەهاوکاری یەک .... چونە سەر خەڵکی هەژاری بێ چەک
زۆربەڕەقتر لە قەراری جاران ... بانە وێرانە ، کرا بۆمباران
هەرچی خانووبوو لەنزم و بەرزی .. وەک دڵی عەسکەری بەعسی لەرزی پێشـەوا ( د؛هێ :2012، 370)

لەمێـژووی خەبـات و تێکۆشـانی گەلـی کـورددا ، چەنـدین ڕووداوی جەرگبـڕی وەهـای تێـدا تۆمارکراوە ، کەمێژوو شەرمەزارە لەئاسـتیان ، حـالەتی نۆسـتالیژیا دروسـت بـووە لەدەقەکەدا ، بەهۆی یادکردن و گەڕانەوەی هێمن بۆ ڕووداوی بۆمبابارانکردنی (شـاری بـانە) لەڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ، شـاعیر وێنەیەکـی خەفەتبـاری کێشـاوە ، کەبەو هـۆیەوە کارەسـاتێکی مێـژووی دروسـت بـووە ، شـاعیر لەڕێـگەی بەکارهێنـانی پێکهاتەکـانی سروشـتەوە گوزارشـت لەوکـاتە ناخۆش و تاڵەدەکات ، کە خۆشی لەهەمووان کردووە بەشین ، بەهاری گەلـی گۆڕیـوە بە پـایز ، شاعیر لەڕێگەی کرداری ڕابردووەوە ، وێنەی کـاتی کارەسـاتەکە و دوای کارەسـاتەکە ئـاوێتەی یەکـدی دەکـات ، حـالەتێکی نۆسـتالیژی گشـتی ڕوون بەدەقەکە دەبەخشـێت ، دەقەکە بـووە بەئاوێنەیەک بۆ پیشاندانی ڕووداوە مێژووییەکە.

تێدەگا خەڵکی مەگەر مێشکی ڕزیو

چ دەکا بەعسی بەکوردی ئەودیو

ئەم قەلادزەی بەشەهید مەشهورە

هەربەناپاڵمی بەعس خاپورە

گەوزی لەم شارە لەنێو خوێن و خور

بەسەدا پیرو منداڵ ، کیژو کوڕ

گوندەکانی هەموولێ ڕووخاندین

ڕەزەکانی هەموولێ سوتاندین ( د،هێ :2012، 372)

دووبارە هێمن ، یادی ڕووداوێکی تری جەرگ بڕی کردۆتەوە ، کە لە مێژووی گەلی کوردا تۆمارکراوە ، گەڕاوەتەوە بۆ خەمێکی پڕ ئازاری گەلی کورد ، ڕووداوی بۆردومانکردنی شاری قەلادزێ ، ئەوشارەی تەنها لەبەر کوردبوون خەڵتانی خوێن کراوە ، سەرباری دروست بوونی حالەتی نۆستالیژیا لەدەقەکەدا ، دەقەکە بووە بەهۆی زیندووهێشتنەوەی ڕووداوەکە .

کوردە ئەی کوردی لەخۆشی بێبەش

بەس نییە کۆیلەتی دێوەزمەی رەش؟

باژوێ ئەسپی هەوەسی خۆی هەروا ؟

بتگرێ ، بتکوژێ ، وابێ پەروا

ئەو "قزل قەلعە " کە بۆتە "باستیل"

هەردەبێ پڕبێ لەیەخسیر و دیل

تاکو کەی نەشکێ کەلەپچەو دەسبەند؟ ( د،هێ :2012، 222)

هێمن لەم دەقەدا هاوشان لەگەڵ خەم و حەسرەتی گەل و گلەیی لەڕۆژگاری خۆی ، لەلایەک لەبەریەکنەگرتن و دووبەرەکی کوردان ، لەلایەک بەهۆی ڕانەپەرین و بەگژ داگیرکەراندا نەچوون ، خەمێکی قوڵ نۆستالیژیایەکی مێژووی دروستکردووە، کە شاعیر بەهۆی ئەو زوڵم و گرتنەی بەردەوامەی دوژمن درێژەی پێداوە ، لەدەقەکەدا دوو شوێن وەکو بەرجەستەکردنی ژیانێکی تاڵ بۆ بەندیان و زیندانیان ، کە لە مێژووی کورد و جیهانیدا ناویان دیارە ئەویش (قزل قەلعە ، قەڵای باستیل ) ە ، ئەم دووقەڵایە مێژوویەکی ڕەشیان هەیە ، لە درێژەدان بە ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵاتی سەرکوتکەری زاڵم.

دێدەگیان ! کچی کوردی ژیکەڵە

داوێنی پاکت دوور بێ لەپەڵە

"لینین" ڕاپەڕی ماڵی "چار" شێوا

تۆ هێشتا حەپسی لەژێر چارشێوا ( د،هێ: 2012، 97)

لەم دەقەشدا شاعیر نۆستالیژیایەکی گشتی دروست کردووە ، بەهۆی ڕووداوەکانی سەردەمی لینین و شکستی (چار) ەوە ، کە ئەمەش سود وەرگرتنی شاعیرە لە ڕووداوە جیهانیەکان بۆ تەوزیف کردنی مێژوو ، سەرباری بوونی حاڵەتێکی نۆستالیژی داهاتووی باشتر لەدەقەکەدا .

## 2-2- 4 :- نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان

ئەمیش، یەکێکە لەجۆرەکانی نۆستالیژیای گشتی ، چونکە شاعیران دەگەڕێنەوە بۆ کەسایەتییەکی مێژوویی یاخود سەرکردەیەکی دیاری نەتەوەیی یاخود جیهانی ، شاعیرێکی ناودار یان شۆڕشگێڕێک یاخود کەسایەتییەکی ئاینی، ئەگەرچی سۆران مامەند لەنامەی ماستەرەکەیدا ،پێی وایە ئەم گەڕانەوەیە و ناو هێنانی ئەم کەسایەتیانە ئامانج لێی بەخشینی ئیستاتیکایە بەدەقەکە ، بەڵام ئێمە پێمان وایە زیاتر نییە لە گەڕانەوەیەک بۆ یادەوەریی و بیرهێنانەوەی هەڵوێستێک و زیندووهێشتنەوەی ناوبانگی ئەو کەسایەتیانە ، یادکردنەوەی هەڵوێستێک یان کارو کردەوەیەکی ئەوکەسایەتیانە دەبێتە ئیلهام بەخشی بۆشاعیر ، هەندێ جاریش شاعیر دەیکاتە مایەی پەندو ئامۆژگاریی بۆنەوەکانی داهاتوو.

### 2-2- 4 :- أ : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتی مێژوویی و نەتەوەییەکان لەشیعرەکانی پیرەمێردا:

پیرەمێرد ، وەکو شاعیر و نوسەر و ڕۆشنبیرێک ، لەوتار و لەشیعرەکانیدا ، لەگەڕانەوە و یادکردنەوەی کەسایەتی جیهانی و شاعیرانی کورددا درێغی نەکردووە ، چی بۆ زیندوو هێشتنەوەی ناوناوبانگیان ، یاخود یادکردنەوەی هەڵوێست و کارێکیان ، یاخود وەکو شیوەننامە ئەم حاڵەتە نۆستالیژیایەی دروست کردووە. .

مەولەویم دیبوو ئەوسا کەمابوو

لەتافی پیری ئێستای منا بوو

ئەم چەند شیعرانەی بۆ بەجێ هێشتوم

ئەیکەم بەتاسەی عومری بابردووم ( د:پ :2013، 243)

پیرەمێرد بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە گەڕاوەتەوە بۆ یادی شاعیری ناوداری کورد مەولەوی ، سەرباری دروستبوونی حاڵەتی نۆستالیژیایەکی گشتی ، داخ و حەسرەتی پیریش بەدەقەکەوە دیارە.

پۆکەر کە ! جۆکەر لەهەموو شوێنێ
خەرج وباجی خۆی بەزۆر ئەسێنێ
وامزانی ئەمە تازە  لەناوە
نەمزانی سەد لەمەوپێش باوە
(سالم) لەمەوپێش باسی کردووە
ئەوبەگەنجەفە ناوی بردووە
سێ ئاس و دووشای داناوە بەفول
کچیش (بی بی ) یە ، کوڕ لۆتی بێ پوول
ئەوسایە جۆکەر دانەهاتبوو
وادیارە پیاوی ئەوسا یەک ڕوو بوو   ( د:پ : 2013 ، 265)

شاعیر لە پاڵ گلەیی لە حاڵی ئێستای کۆمەڵ  و خستنەڕووی هەندێک کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی ، کە ئازار و خەمێکیان لە دەروونی شاعیردا دروست کردووە ، حاڵەتی نۆستالیژیای گشتی بەهۆی گەڕانەوەی پیرەمێرد بۆ ناو هەڵوێستی شاعیری ناوداری کورد (سالم)ەوە دروست بووە .

ئەگەر گشت کێڵگەی داچێنرێ دەڵێن

فیرعەونی خاکی میسری پێ ئەڵێن

ئەگەرشارەزوور بێ و ئاوابێ

ڕۆژی شەتتی میسر ئەبێ ئاوابێ

خۆرنەوەرزانی شای خان ئەحمەد خان

بوبووە نمونەی ئیرەمی جیهان    ( د:پ 2013 ، 132)

شاعیر لە دەقی (تاڤگەی زەڵم)دا دەگەڕێتەوە بۆ یادی کات و شوێنی رابردووی ناوچەی شارەزوورو سەرچاوەی ئاوی زەڵم ، حەسرەتی بێبەرهەمی و بێخزمەتی ناوچەکە دەروونی پەرێشان کردووە ، گەڕانەوەی شاعیر بۆ ناو و یادی فیرعەونی میسرییەکان و خان ئەحمەد خانی کەسایەتی دیاری ناوچەی شارەزوور ، حاڵەتە نۆستالیژیاکەی بەرجەستە کردووە .

ئومێدم وایە هەر بەم زووانە
ئێلات بچنەوە بۆ ئەو کوێستانە

وەلی دێوانە ویستی لەیەزدان
کەڕێی شەم نەبێ بچێ بۆکوێستان
ئەوسایە دوعای ئەوگیرابووبوو
ئێستا بازاری وەلی بەسەرچوو
جێ نشینی ئەو منم ئەمەوێ
ئێڵ بۆ هەوارگەی کوێستا ن سەرکەوێ ( د:پ : 2013 ، 131)

لەم دەقەدا ، بە سوود وەرگرتن لە حەز و ئارەزووی پیرەمێرد بۆ ژیانی کۆچەریی کوردی ئەو ناوچەیە ، لەگەڵ گەڕانەوەی شاعیر بۆ هەڵوێست و ناوی شاعیری کورد (وەلی دێوانە) حالەتە نۆستالیژیاکە لە دەقەکەدا گەلاڵە بووە.

## 2-2- 4 :- ب : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتی مێژوویی و نەتەوەییەکان لەشیعرەکانی دیلاندا :

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا بەڕوونی و بەشێوەیەکی بەرچاو لەدیوانی دیلاندا دەبینرێت ، چەندین جار گەڕاوەتەوە بۆ یادی کەسایەتی سەربازی جیهانی و نەتەوەیی وەک شێخ مەحمود و مستەفا بارزانی ، ناوهێنانی چەند شاعیرێکی کورد و کەسایەتی و سەرکردەی جیهانی.

بەخولێکی تر ئەستێرەی مرۆڤدار
نەوەی کاوەی گەیاندەوە یادی پار
کام یاد؟ کام مرۆڤی سەر ڕووی بووم
یادی کۆچی ناوکاتێکی بەدوشووم
یادی کەسێ بەروبومی پەیمانی
بەغدای ڕزیو هات کردی بەقوربانی
کۆچی کەسێ لەتەقەلای بێبەش بوو
ژینی شۆرش ، مردنیشی شۆرش بوو
کۆچی سەرۆک شێخ محمودی کوردپەروەر
ڕۆڵەی گەلی ڕاپەڕیوی جەنگاوەر (د:دی : 2013 ، 229)

شاعیر لەم دەقەدا کەڕاوەتەوە بۆیادی سەرکردەی نەتەوەیی کورد شێخ مەحمودی حەفید ، بەهۆی یادی ئەوەوە حاڵەتەنۆستالیژییەکە دروست بووە ، هاوشان لەگەڵ یادی هەندێ هەڵوێستی نەتەوەیی ئەوسەرکردەیە .

وتی : بەدەنگێکە زوڵاڵ

ئەی گورەکان

پیاوخۆرەکان!..

ئەم ئەستێرەی مرۆڤدارە

جێگای گشتە ... هی هەرچوارە!..

وتی ئائەم دەشت و کێوە

تەرخان نەکراوە بۆ ئێوە

دروست نەکرا بۆ سوپاتان!..

ببن بەخۆڵی بەرپاتان!..

بۆیێ ئاگر ، گوللە و بۆمبا

ڕووی کردە مەرزی (لۆمۆمبا )

بۆیێ لۆمۆمبا ئەکوژێ

ئەزانێ ڕێگا و ڕێبازی

بەبێ بەچەک

بەرامبەر ئەودەستەی

خوێن ئەمژێ (د:دی : 2013، 248)

لۆمۆمبا : باتریس لۆمۆمبا لەساڵی 1925 ، لەناوچەی (کاسای ) لەوڵاتی کۆنغۆ لەدایک بووە ، وەک کەڵە پیاوێکی سیاسی و تێکۆشەرێکی نیشتیمان پەروەر دەرکەوتووە ، لە ئەنجامی تێکۆشانی دژی داگیر کەرانی وڵاتەکەی کوژراوە ، بەم بۆنەیەوە دیلان یادی ئەو مرۆڤە ئازادی خوازە دەکاتەوە ، حاڵەتە نۆستالیژیاکە بە هۆی یادی ئەو سەرکردە جیهانییەوە دروست بووە.

ئای کێ بێ بانگ و هاوار و پەیام

بگەیەنێتە گوێی گۆڕی (خەیام )

بلێ هەی سەر شێت کوشتەی دلی تەر

گەرتێتا ماوە یەک تۆز نرخ و فەڕ

تۆ .. لەسەرباکەی شوشەکەی شکان

لەگەڵ خودادا کردت بەزۆران

هەڵسەبەرەو ئەم ناوە هەڵتوتێ

نەک شوشەشکا وا ڕەز و باخ ئەسوتێ (د:دی : 2013 ، 275)

داخ و حەسرەت بووە بەهاوڕێیەکی دانەبڕاوی دیلان ، کە بەهۆی زوڵم و زۆری سیاسەتی ڕژێمی ئەوکات ، کە دژی گەلی کورد جێ بەجێی دەکرد ، جگە لە هەوڵی کوشتن و زیندانیکردنی تاکی کورد ، کەوتبووە برینەوە و سوتاندنی ڕەزوباخی جوتیارانی کورد ، جا ئەم دەقە هەر لەسەرەتاوە حاڵەتێکی نۆستالیژی خەفەتباری بەرجەستەکردووە ، دیلان ئەو خەمە نەتەوەییەی دەروونی پەرێشان کردووە ، ئاوێتەی یادی هەڵوێستی (خەیام) ی ، دەکات ، سکاڵای کوردی پێدەگەیەنێ ، تاوەکو چۆن خەیام چەند جارێک بەگژخوادا چووە ، ئاوهاش بۆکورد هەڵوێستێک وەربگرێت و دەنگ و خەمی کورد بگەیەنێت بەخودا ، بەو گەڕانەوەیەش بۆ یادی خەیام نۆستالیژیایەکی گشتی دروست بووە.

لەجێی زەوی نەرم و هەڵۆڵ بێ

ئەبێ خوڕەی ئاو تۆزێ دەهۆڵ بێ

ئەگینا شەراب لەمامۆستای ماف

بۆئەگەیشتە ئەو پەڕ قولەی قاف

قاتی شەرابە گیانی ئەفلاتوون

سەردەرکە هەتانەبووی بەمەیموون

بەرەو مەڵەندی کوردستان ڕەوتێ

نەک کوپەشکا وا ڕەز ئەسوتێ (د:دی : 2013 ، 276)

دووبارە دیلان بەهۆی گەڕانەوە بۆیادی ئەفلاتون ، حاڵەتێکی نۆستالیژی لەم کۆپلەشیعرەدا دروستکردووە ، دیارە خەمی سوتانی ڕەزوباخی کورد ، لێرەدا خەم و حەسرەتێکی قوڵی لای دیلان دروستکردووە ، بەڵام شاعیر چارەیەک شک نابات ، لەلایەک بەهۆی ئەوەی کورد خۆی نەیتوانیوە بەرگرییەکی تەواو لەبوونی خۆی بکات ، لەلایەکیش بەهۆی بێ هەڵوێستی گەلانی جیهان بەرامبەر بەو زوڵم و ستەمەی ڕژێم ، کە دەرحەق بەکورد و خاکەکەی ئەنجامی دەدا،

بڕوانە مێژوو ئەگەر ئەتەوێ

راستی و تەمت بۆ دەرئەکەوێ

ئەوە هۆلاکۆ،هیتلەر ، نیرون ، چار

ڕۆیین چوونەوە وەک بەفرەکەی پار (د.دی : 2013 ، 338)

حاڵەتە نۆستالیژییەکە بەهۆی گەڕانەوەی دیلان، بۆ یادی چەندین کەسایەتی و سەرکردەی جیهانیەوە دروست بووە . کەناو و ناوبانگیان لەنێوگەلانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە .

**4 -2-2 :- ج : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتی مێژوویی و نەتەوەییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا.** :

هێمنی ئاوارە و دوورە وڵات ، هەروەکو چۆن زۆربەی جۆرەکانی نۆستالیژیای تاک ، لێکەوتەی ئەو ژیانە نامۆ و غەریبیەن ، کە هێمنی تێدا بووە ، لێرەشدا هێمن کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ یاد و ناوی کەسایەتییەک ، شێوە و بۆنی غەریبی و گلەیی لە ڕۆژکاری تێدا هەست پێدەکرێت.

لەکاتی نیوەشەودا لەجەنگەی نیوەشەودا

کراکاری ناڕەوا لەدار درا پێشەوا

ڕۆڵەی وەفاداری کورد پێشەوای ئارام وورد

بۆ کورد ژیا ، بۆکورد مرد گیانی فیداری گەلی کرد

زانابوو ،کوردپەروەر بوو پێشەوابوو ،ڕابەر بوو

هەرکورد نەبوو بەشەر بوو خەمی خەڵکی لەبەر بوو (د.هێ: 2012 ،65)

هێمن لە دەقەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ یادی پێشەوای کورد (قازی محەمەد) ، نۆستالیژیا لەم کۆپلەیەدا لە نێوان خەم و حەسرەتی شاعیر بۆ ئەو کەسایەتییە ناودارەی کورد و خەمی نەتەوەدا بەرجەستە بووە.

سەرو ماڵ و کەماڵ و بیر و هۆشم

لەنەردی عیشقی تۆدا پاکی دۆڕا

لەچاوم دێ فرمێسکی خوێنین

کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵنەچۆڕا

من و لاشەی پەپولەماینەوە و بەس

شەوی دووری ، شەمیش تواوە لە گۆڕا (د:هێ :2012، 169)

خەم و حەسرەتی دووری یار دەروونی هێمنی نالەبار کردووە ، وێنە تراژیدییەکانی لەدەستچوونی عەشق و بیر و هۆش و ڕژانی فرمێسکی خوێنین ، دەقەکە لە نۆستالیژیایەکی تاکەوە دەگۆڕێت بۆ نۆستالیژیایەکی گشتی بەهۆی ناوهێنان و یادی (شەم) یار و دڵبەری شاعیری کورد (وەلی دێوانە)ەوە .

کەپاش ئەو رەنج و دەردو کفت و کۆیە ..... دەبینن کۆتەڵی ((حاجی )) لە کۆیە
دەبینن کۆتەڵی شاسواریی کۆیی ..... کەڕۆژێکی بەپێیان لێرە ڕۆیی
چلۆن بۆس ورمە نابێ خاکی شارێک ..... کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێک
ئەوە کۆتەڵ نییە ڕمزی نەجاتە ....... ئەوە دەسکەوتی چەند ساڵەی خەباتە
ئەوە ڕووگەی هەموو کوردێکی پاکە ...... ئەوە جێگای نیازە ، پیرە ، چاکە
بوتی ساحەب دڵانی دڵ بەسۆیە .... کەئەوڕۆ پێی دەنازێ شاری کۆیە
سڵاو ئەی حاجی ئەی ڕۆڵەی زەمانە ... لەسایەی تۆوە هەرچی هەمانە (د:هی :2012، 257)

هێمن عاشقی بست بە بستی خاکی کوردستانە ، بە گەڕانەوە بۆ یادی (حاجی قادری کۆیی) ، سەرباری دروستبوونی حاڵەتە نۆستالیژیاکە ، سەرنجمان رادەکێشێت بۆ یادگارییەکانی حاجی و شاری کۆیە ، هەست و نەستمان ئاوێزانی ئەو یادە دەکات ، نەمریش بۆ ناو و یادی حاجی قادر بەجێدەهێڵێت .

بابەتاهیر! منیش دەڵێم وەک تۆ

(ئاخ لەدەس دیدە وای لەچەنگی دڵ )

دڵی جوانی پەرست و چاوی هەوەس

شەو هەتا ڕۆژ بەمن دەدەن گینگڵ

کێ دەزانێ بەشەو  لەمن چ دەکا

ئەو خەیاڵەپەشێو و ئاڵۆزەم

کێ دەزانێ کە چم بەسەردێنێ

ئەو دڵە پڕ بڵێسە و سۆزەم ؟ (د:هێ : 2012،262)

وەک لەسەرەتای ئەم باسەدا ، تیشکمان خستە سەر ئەوەی ، کە هێمن لە هەموو گەڕانەوەی یادی کەسایەتییەکاندا ، حاڵەتە نۆستالیژیاکە ئاوێتەی جۆرێک لە گلەیی تایبەتی شاعیر دەبینرێت ، سەربارەت بە ژیان و گوزەرانی ئێستای هاوکات لەگەڵ خەمی دووری لە ئازیزان ،لەم دەقەدا سەرباری گەڕانەوەی شاعیر بۆ یادی (بابا تاهیر) ، ئەم یادەی کردووە بە فرسەتێک بۆ خستنەڕووی خەم و حەسرەتی خۆی سەبارەت بە بێکەسی و ئاوارەیی و نامۆیی لە غەریبیدا .

## 2-2- 5 :- نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاو پیرۆزییە ئاینییەکان:

ئەم جۆرەی نۆستالیژیا ، گەڕانەوەیە بۆ هەموو پیرۆزییەئاینیەکان و هەموو ئەو ڕووداو و چیرۆکانەی لە کتێبە ئاینیە پیرۆزەکاندا هاتوون ، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ناوی کتێبە ئاینیەکان و پەیامبەران و ڕابەرانی مەزهەبە جۆربەجۆرەکانیان، ئەمانەی باسمانکردن سەرچاوەی دروست بوونی گەلێک وێنەی فرەچەشنن بەگشتی ، لە ناو کوردیش ئاینەکانی ( ئیسلام ، مەسیحی ، زەردەشتی ، جولەکە ، ئێزیدی ...هتد ) لەلایەن خەڵکەوە پەیڕەو دەکرێت ، لەنێو ئاینی ئیسلامیشدا چەند مەزهەبێک دەبینرێت وەکو (سونە و شیعە) ، کە لەنێو هەریەک لەم مەزهەبانەش چەندین تەریقەت بوونیان هەیە ، ئەمانە لەلایەن بەشێکی شاعیرانی کوردەوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە.

شاعیرانی کورد بەزۆری پەیڕەوکاری ئاینی ئیسلامن و لەسەر ئەو ئاینە ڕۆیشتوون ، کە میراتی باب و باپیرانیانە ، لەبەر ئەوەش بۆتە نەریتێکی خودی ، ( کەم دیوانی شاعیرانی کورد هەیە ، چەند پارچە ودێرێک تایبەت نەکەن بەو بابەتە) (عباس : 2021 ، 153)، شاعیران کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ڕووداوێکی کۆنی پەیامبەرێک یاخود ناوهێنانی کتێبێکی ئاینی و دەستور و دەقێک حاڵەتێکی نۆستالیژی دروست دەبێت، سەبارەت بەشاعیرانی سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش ،ئەم جۆرەی نۆستالیژیا لەدەقی (هێمن و دیلاندا ) کەم دەبینرێت ، بەڵام لەشیعرەکانی پیرەمێردا زیاتر بەرچاودەکەوێت

## 2-2- 5 :- أ : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاو پیرۆزییە ئاینییەکان لەشیعرەکانی پیرەمێرد دا:

پیرەمێرد زیاتر لە دیلان و هێمن گەڕاوەتەوە بۆ بابەتە ئاینیەکان و ئەم حاڵەتە نۆستالیژیەی لا دەبینرێت ،

خوا حەزرەتی ئیسماعیلی لەژێر تیغ هێنایە دەر

ساڵتان هەموو هەر بەجەژن و بەشادی بباتە سەر

ئەو جەژنە جەژنە میللەتی تیا بەشادمانی بژی

بۆیە بەهاری پەسندە گوڵ و میوەی دێتەبەر (د:پ : 2013 ، 11)

پیرەمێرد ، سوودی لە ڕووداوی ئاینی پێغەمبەر ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی حاڵەتە نۆستالیژیەکە لەدەقەکەدا ، لێرەدا گەڕانەوەکەی شاعیر بۆ یادی ڕابردوویەکی ئاینییە.

کاتێ سفیدەی سەحەر دەرکەوێ

پێشخانەی شەفەق لەکەژ سەرکەوێ

دەمی بێداری کە دەستی مەریەم

قۆناغەی عیسا ئەشوا لەسەر چەم

ئاوی زیندەگی دێتە زەمزەمە

ئەبێ بە زەمزەم ئاوی ئەو چەمە (د:پ : 2013 ،128)

حەز و ئارەزووی پیرەمێرد بۆ باوەشی سروشتی پڕ لەجوانی ناوچەی شارەزور ، لەکاتی هەڵهاتنی گزنگی خۆر و هەڵکردنی شنەبایەکی فێنک ، دەقەکەی ئاوێتە و ئاوێزانی حاڵەتێکی نۆستالیژی ئاینی کردووە ، بەگەڕانەوەی شاعیر بۆ ناو یادی (عیسا و مەریەم ی دایکی ) ، حاڵەتە نۆستالیژیەکەی بەرجەستەکردوە، هاوشان لەگەڵ دروستکردنی وێنەیەکی لێکچواندن لەنێوان ئاوی ئەو ناوچەیە و ئاوی زەمزەم ، وەکو ئاوێکی پیرۆز لای موسڵمانان .

من ماسیەکم لەنەتەوەی نوون

یونس پێغەمبەر بەو بوو بە ذالنون

داپیرەم چەندێک لەناوسینەدا

پارێزگاری کرد و ەنەوزی نەدا

بە (لااله الا انت ) ەوە

قەهری ئیزەدی لێ دوورکەوتەوە

کەهاتە دەرێ و بوو بەپێغەمبەر

ئیتر لە ئێمەی نەپرسی خەبەر (د.پ : 2013 ، 231)

شاعیر، بەگەڕانەوە بۆ یادی یونس پێغەمبەر و پاڕانەوە بەناوبانگ و گرنگەکەی، کاتێک لەناو سکی ئەوماسیە گەورەیەدابووە ! وەکو لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە و باسی لێکراوە (لاالە الاانت سبحانک انی کنت من الظالمین ) ، حاڵەتێکی نۆستالیژی ئاینی دروستکردووە بەسود وەرگرتن لە هونەری جوانکاری تێلنیشان.

من سووتاوی ئەو شوعلە و ئەو نوورەم

دێوانەی جەزبەی ئەو کێو و نوورەم

موسا (ارنی ) ی ، وت کەوتە تکا

بە( لن ترانی ) ئابروی تکا

منیش تەمەنای دیدارم ئەکرد

لەجیاتی دیدار ئەم عەشقەم وەرگرت (د.پ : 2013 ، 209 )

پیرەمێرد، ئاوات و خۆزگەی دیدار و وەرگرتنی عەشقێکی جیاواز ، بەراوورد دەکات لەگەڵ ڕووداوی داواکەی موسا پێغەمبەر، لەخوای گەورە و وەرگرتنی وەڵامێکی نەرێنی ،کاتێک موسا داوای بینینی خوای گەورەی کردووە بەڕاستەوخۆ ! واتا : حاڵەتە نۆستالیژیەکە بەرجەستەی ڕووداوی ئاینی داواکەی موسا پێغەمبەرە.

تۆ نەبویتایە بەئاگری نەمرود

نەسلی ابراهیم نەدەبوو مەوجوود

ئەو ئیبراهیمەی تۆ نەوەی ئەوی

لەکوردستاندا دەرکەوت برەوی

باپیرە گەورەت فەخری کوردانە

مەڵبەندی ئەوە ئەم جێ و مەکانە (د.پ : 2013 ، 393)

لەم دەقەدا پیرەمێرد ، بەسـود وەرگـرتن و گەڕانەوە بـۆ یـاد و نـاوی ئیبـراهیم پێغەمـبەر و ڕووداوی سوتاندنەکەی لەلایەن نەمروودەوە ، نۆستالیژیایەکی ئاینی دروستکردووە.

## 2-2- 5 :- ب : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاو پیرۆزییە ئاینییەکان لەشیعرەکانی دیلاندا:

هەڵـبەتە، کەم دیـوانی شـاعیران هەیە سـوودی لەسـەرچاوەیەکی ئـاینی نەبینیبێـت ، بـۆ دروسـتکردنی بەرهەمێکی داهێنەرانە ، شـاعیر بەگەڕانەوە بـۆ یـادی کتێبـی پیـرۆزی ئاڤێسـتا ، حاڵەتێکی نۆستالیژی پڕحەسرەتی دروستکردووە.

ئەی کتێبەکەی ئاوێستا

ئاخۆ .... ئاخۆ

بۆچەند بریندار دەرمانە

پەنای چەندەها خێزانە

بەڵام ئێستا

ئەی کتێبەکەی ئاوێستا

سێبەری تۆ

لەم پەڕ ئەوپەڕ پێیا بڕۆ

لەو شاخانە

لەوملە و لوتکە بەرزانە

سێبەری سەخت

جێگەی دوانە بۆ مەبەست (د:دی : 2013 ، 278)

دیلان بەگەڕانەوە بۆ ناو و یادی کتێبی پیرۆزی ئاوێستا (ئاڤێستا) ، وەکو سـەرچاوەیەکی ئاینی ، کەبۆتەهۆی دروست بوونی حالەتی نۆستالیژیای ئاینی ، هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا خەمی دیلان خەمی لا لێنەکردنەوە و پەیڕەونەکردنی دەستور و دەقە باوەکانی ئەو کتێبە پیرۆزە ، وێنەیەکی پڕحەسرەتی دروستکردووە.

## 2-2- 5 :ج : نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ بەهاو پیرۆزییە ئاینییەکان لەشیعرەکانی هێمن دا:

هێمنـیش ، بەسـوود وەرگـرتن لە ڕووداوی ئـاینی و گەڕانەوە بـۆ نـاوی پەیـامبەری خـودا ، پێغەمبەر یوسف حاڵەتێکی نۆستالیژی پڕلەخەم و حەسرەتی لەدەقەکەدا دروستکردووە.

وەپاش کەوت خەباتمان        داگیر کراوە وڵاتمان

تێپەڕی ڕۆژی هاتمان        ڕووخا کۆشکی ئاواتمان

نەهاتی و تەنگانەیە          باو باوی بێگانەیە
خزری ئەو یەکانەیە      لیمان لە بەهانەیە
بوینەوە دیل و یەخسیر .......... ولاتمان کرا داگیر
ڕاوکەربونەوە نێچیر  ......        یوسف خرانە ناو بیر (د:هێ :2012، 145)

هێمن تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ بووە، لە ئەنجامی زوڵم و زۆری دوژمنانی کورد ، بەهۆی سوتاندن و تالانکردنی موڵک وماڵی کوردان و کوشتن و گرتنی لاوانی کوردەوە ، ناڵەی دەروونی هێمن بووە بەهاواری نەتەوەیەک ، بەهۆی لەناوچونی کۆماری کوردستان و لەناوچونی ئومێدی چەندین ساڵەی کورد ، شاعیر حاڵەتە نۆستالژیەکەی بەهۆی ئاوێتەکردنی خەمی خۆی و نەتەوەکەی دروستکردووە، کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ یادی یویسف پێغەمبەر و وێنەیەکی لێکچواندنی دروستکردووە .

## بەشی سێیەم : پەیوەندی نۆستالیژیا بە ئیستاتیکاوە

### 1-3: تایبەتمەندییە ئیستاتیکیەکانی دەقی نۆستالیژیی

### -1-1-3 : زمانی شیعریی دەقە نۆستالیژییەکان.

زمان ، هەر لە سەرەتای پەیدابوونیەوە ، هۆکار و ئامرازێکی لێک تێگەیشتن و گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکان بووە لە نێوان خەڵکیدا ، ئەمە بە زمانی ئاسایی خەڵک ناسرا بوو ، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، لێرەدا ئەو زمانە ئاساییە نیە کە خەڵکی قسەی پێدەکەن، بەڵکو مەبەستی ئێمە زمانی شیعرییە ، دیارە هەرلەمێژە ڕەخنەگران گرنگی و بایەخی تایبەتییان بە زمانی شیعری داوە ، چونکە زمانی شیعری ناسنامەی پرۆسەی داهێنانی شیعرییە ، ئەرستۆ پێی وایە : (( زمانی شیعری لەزمانی ئاسایی جیاوازە و بۆ ئەوە دەچێت، کەشاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەت بەکار بهێنێت ، کەلەزمانە ئاساییە بڵاوەکەی ناو خەڵک دوور بێت ، پێی وایە: کە زمان لە شیعردا دەبێت ڕوون بێت )) (نالینو: 556،1970) ، زمانی شیعریی پێویستە لەو دەستورو یاسایانە لابدات ، کە دەربڕینی باوی زمان ئاسایی پێ ئاراستەدەکرێت، کەواتە : زمان لای شاعیر بەکارهێنانێکی تایبەتیە ، چونکە لەئەنجامی ئەوە دروست دەبێت ، کە بەشێوەیەکی تایبەت ئەو زمانە بەکاردەهێنێت ، تاوەکو بەهۆیەوە مانایەکی تازە و جیا لەمانا ئاساییەکەی بگەیەنێتە خوێنەر ، کاتێک زمانی شیعریی ئاوێزانی فەنتازیا و خەیاڵی پڕ لە ئەندێشەی بیر و خەونەکانی شاعیر دەبێتەوە، ئەوا ئەو دنیابینینە جوانەمان دەداتێ، کە لە ڕێگای هەستەوەرەکانمانەوە هەستی پێدەکەین ، دواتر دەقە شیعرییەکە دەبێتە خۆراکێکی ڕۆحی بۆ ژیان .

زمانی شیعر لەبنەڕەتدا بونیادێکی پڕ مانا و ناوەڕۆکە ، ئەمیش لە ئەنجامی هەڵبژاردن و دۆزینەوەی وشەی داهێنەرانەوەیە ، کاروچالاکی زمانی شیعر دەلالەتی ناخی شاعیرە ، دیارە زمان بەهۆی دەوڵەمەندییەوە لەفەرهەنگی لیکسیکی وشەدا ، بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعریی لایەنێکی چالاک و بەهێزە ((بەپەرینەوەی زمانی دەلالی بەرە و زمانی ڕەمزکردن))( عدنان :1986، 20) ، زمانی شیعری زمانێکی فرە ڕەهەندە ، دەشێ چەندین واتای جۆربەجۆر ببەخشێت، وشەش لای شاعیران نەک هەر واتای زمانەوانی ئاشکرا ئەبەخشێت ، بەڵکو دەلالەتیش لەواتای (بەیانی-ڕوونبێژی) ئەوتۆ ئەکات ، بەجۆرێک ئەگەر خوێنەر شارەزایی لایەنی ڕەوانبێژی نەبێت بەئاسانی ناتوانێت لێی تێبگات ، ئەو وشانەی لەشیعردا بەکاردەهێنرێت ، زۆرجار واتا تایبەتییەکەی بەتەنها نابەخشێت ، بەڵکو واتایەکی قوڵتری هەیە .

کەواتە: زمـان بەوپێـیەی دیـارترین ئـامرازی شـیعرە ، دەشـێت  شـێوەیەکی ڕەمـزی هەبێـت ، پەیوەنـدی نێوان شـیعر و دنیـای دەرەوەش ئەو ڕەمـزەیە، کە لەبـاتەکەدا ڕەنگدەداتەوە  ، بـۆیە زمانەکە کت ومت نـابێتە وێنەیەکی بـابەتەکە، واتـا زمـانی شـیعری زمـانێکی تـایبەتییە ، جیـاوازە لەزمـانە ئاسـاییەکە و خـاوەن بەکارهێنـانێکی تـایبەتییە، مانـایەکی نـوێی نائاسـایی دەگەیەنێـت، ((نهێنی شـیعریش ئـا لەمەدایە، واتە: خاسـیەتی شـیعریی لەدەربڕینی ئەو جیهـانە دایە ،کەزمـانی ئاسایی لەئاستیدا دەستە وەستان دەوەستێت و توانـای دەربڕینی نییە ، ئەو زمـانە سـنوردارە ! لەکاتێکدا ئەو جیهانە سنوری نییە ، ناشتوانرێت بە سنوردارێک بێ سنورێک دەربـبڕدرێت ، بۆیە دەبێت ڕوو بکەیـنە ئەو هۆیـانەی ، کە لە ڕێگایـانەوە بەسـەر ئەو سـنوردارییە زاڵ دەبـین ، ئەو هۆیانەش بە شێوەیەکی دیاریکراو خاسیەتی شیعریی یان زمانەکەیە، کە لە کۆنـدا ناویـان نـابوو زمانی (خوازە))( عناد، 1994، 38)

ئەم زمانەش دەربڕینی دەلالەتە بنەڕەتییەکەی لەزمـانی ئاسـاییدا هەیە، ئەگەرچـی زمـانی شیعریی کۆمەڵێک خاسـیەتی هەیە، کە لە زمـانە ئاسـاییەکەی جیادەکاتەوە ، ((بنچینەکەی خـۆی ئاماژەیە بە هەندێ لایەنی وەکو : هەڵچـوون و خەیـاڵکردن، کەچـی لەزمـانی ئاسـایدا ، دەربـڕین تەنیا ئاماژە بۆ ئەو واقیعە دەکات ،کە ڕاستەوخۆ لەبەرچاوە))(علي: 1990، 43) ، ئەو بیروڕایانەی ، کە پێشـتر باسـمان کـرد ، بەڵـگەی ئەوەن ، کە زمـانی شـیعری جـۆرە دەربڕینێکـی تـایبەتییە، لەئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت ، بۆ دۆزینەوە و بەخشینی مانـای نـوێ و دوورکەوتنەوە  بەپێی تواناو دەسەڵاتی شـاعیر لە شـێوازی دەربڕینـی ڕاسـتەوخۆ وگەیانـدنی مانـا فەرهەنگییە ڕوونەکـان ، بـۆیە بەشـێک لەڕەخنەگـران پێیـان وایە ،کە زمـانی شـیعر وەکـو دیـاردەیەکی زمـانی سـەرچاوەکەی ژیـری و بلیمەتـی مـرۆڤە ، کەواتە : شـیعر لەپـلەی یەکەمـدا چالاکییەکی زمانەوانییە ، وەک چۆن هونەرێکە ئامرازەکەی وشـەیە ، بەواتـایەکی تـر جەوهەری زمانی شیعر، (لەدەنگەوە دەستپێدەکات و بەناو وشەسازیدا تێدەپەڕێت و بەڕسـتەسازی کۆتـایی دێـت ، لەهەمانکاتـدا ئەگەر شـیعر ئەزموونێـک بێـت ، ئەوە زمـان و قسـەکردن دەرخەری ئەو ئەزمـونەیە و هەسـت و سـۆزی شـاعیریش لەڕێـگەی ئەو ئەزمـوونەوە بەدەردەکەوێـت ))( خليل: 2013،54)، زمانی شیعری مەبەستێکی هونەرییە ، لەگەڵ  ئەوەی ئامرازێکە بۆ دەرخستنی مانا و ئەفراندنی هونەر.

ئەگەرچـی شـاعیران بەیەک شـێوە مـامەڵە لەگەڵ زمانـدا دەکەن ، کە (( لەڕووی لایەنـی ڕسـتە سازی و پێکهاتەکانی ، لەیەک کاتدا دەبینین  هەندێکیان هـونەریترن لەهەندێکیان ، لەهەمانکاتدا دەکرێـت وشــە و دەربڕینەکــانی  ئەم شــاعیرە لەشــاعیرێکی ترباشــترو جــوانتر و نەرمتــر و شیرینتربن  ، ئەمەیە شێوازی تایبەتی زمانی شیعری هەر شاعیرێک، واتە پێکهاتەی زمـانی ئەم

شـاعیره لەچـاو شـاعیرێکیتر لەڕووی چنینـی وشــە و شـێوازی دەربڕینەکـانەوە جیـاوازتر بەوەرگردەگەن ))(حماسە : 1989، 67).

زمانی شیعریی دەقە نۆستالیژییەکانیش، ((بەشێوەیەکی گشتی بارگاوییە بە خەم و حەسرەت و خـۆزگە و ئـاوات خواسـتن و گەڕانەوە بـۆڕابردوو))( جـلال : 1986، 8) ، لەبەرئەوەی دەقـی نۆستالیژی گفتوگۆیەکە سەبارەت بە هەست و ئێش و ئازار ، ئەم حاڵەت و دۆخەش پێویستی بە وشـە و دەربڕینـی گـران و نـامۆنییە ، لەبەرئەوەی لەدەقە نۆسـتالیژییەکاندا شـاعیر کاتێـک گوزارشـت لەحـاڵەتێکی تـایبەتی لە کـات و سـەردەمی ڕابـردوو دەکـات ، باشـترین ئـامراز کەپێویستە بەکاریبهێنێ ، بریتیە : لە وشـە و دەربڕینی ئاسان بۆ گوزارشتکردن لەوحاڵەتەی پێـی دەڵـێن نۆسـتالیژیا ، بەواتـایەکی تـر ، پێویسـتی بەڕوونـی و ئاشـکرایی واتـا هەیە ، نەک شـاراوەیی و قورسـی وشـە و دەربـڕین ، هەر بەهـۆی ئەوشـێوازە ئاسـانەی زمـانە دەبینـین زۆرجـار (خـوێنەر – وەرگـر) یـش، بەشـداریی لەو حـاڵەتە پڕ هەسـتە دەکـات ، بەپێچەوانەوە خـوێنەر ئەگەر لەو وشـە و دەربڕینـانە نەگـات ئاسـان نیـیە بەئاسـانی بکەوێـتە ژێرکـاریگەریی حاڵەتە نۆستالیژییەکەوە.

**لەخسـتنەڕووی ئەو ڕاسـتییانەوە لەبـارەی زمـانی دەقە نۆسـتالیژییەکانەوە ، بەلای ئـێمەوە چەنـد تایبەتمەنـدییەک هەن ، کەدەتـوانین دەستنیشـانیان بکەیـن ، وەکـو تایبەتمەنـدیی زمـانی شـیعریی دەقەنۆستالیژییەکان بەگشتی و شاعیرانی سنووری تێزەکەمان بەتایبەتی ، کەئەمانەن :**

١ :زمـانی دەقە نۆسـتالیژییەکان ، زمـانێکی بـێ گـرێن ، زمـانێکە بەوە ناسـراوە ، کە وشـە و دەربڕینەکانینان سادە و ئاسانن

٢ :زمـانی دەقە نۆسـتالیژییەکان ، مەیـدانێکی فـراوان و لەبـارە بـۆ زینـدووکردنەوە و پاراسـتنی وشە و دەسـتەواژە کۆن و کەلەپوریيە ناچالاکەکانی کۆمەڵ، ئەمەش بەهـۆی ئەوەی شـاعیران لەدەقەکانیانـدا دەگەڕێـنەوە بـۆ یـادی ڕابردوو(شـوێن و کـات ) و یـادکردنەوە و ناوهێنـانی کەرەستە شوێنەوار و شتەکۆنەکان .

٣ :زمانی دەقە نۆستالیژییەکان خاوەنی تایبەتمەندی وشە و دەسـتەواژەی سـۆزدارین ( سـۆزی ڕاستەقینە)، بەجۆرێک سۆزێکی ڕاستەقینەی بارگاوی بە ئەزمونی خودی شـاعیرن ، سـۆزێک ، کە لە ئەنجامی هۆکارە جۆربەجۆرەکانی کاریگەریی سـەر دەروونـی شـاعیرەوە سـەرچاوەیان گرتـووە ، چـونکە نۆسـتالیژیا لەبنەڕەتـدا بارگـاوییە بە دەروونـی خرۆشـاو و پڕ نـاڵەی کەسـی نۆستالیژیی.

ئێمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو تایبەتمەندییە زمانیەی سەرەوە ، تەنها زمانی دەقە نۆستالیژیەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن ) دەخەینە ڕوو.

### 3-1-1- ا: زمان لەدەقە نۆستالیژییەکانی پیرەمێرددا:

زمان لای شاعیر بەکارهێنانێکی تایبەتە ، چونکە شێوازی بەکارهێنانی کەرەستە و دانە زمانییەکان لەژێر چەتری هونەردا ڕیتم و شێوەی تایبەتی تر وەردەگرن . ئەگەرچی ئەرستۆ پێی وایە ، کە ((زمانی شیعریی لەزمانی ئاسایی جیایە و شاعیر مافی ئەوەی هەیە ،کە زمانێکی تایبەت بەکاربهێنێ ، کە لە زمانە ئاساییەکەی ناوخەڵک دووربێ ))( قادر: 2004، 34) ، بەڵام کاتێک باس لەزمانی شیعریی پیرەمێرد دەکەین ، دەگەینە ئەو ڕاستییەی ، کە شاعیر هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داوە زمانە شیعرییەکەی لەوشەی بێگانە پاکبکاتەوە ، هەمیشە بەدوای وشەی ڕەسەنی کوردی پەتیدا گەڕاوە ، بەجۆرێک ئەگەر هەرکاتێک وشە و دەستەواژەیەکی کوردیی پەتی کوچەو لادێی وشارێکی ئەم نیشتیمانەی بەرگوێ بکەوتایە ، هەوڵی دەدا لەنێو دەقەشیعرییەکانیدا بەکاری بهێنێ ، بۆئەوەی پارێزگاریی لەمانەوەیان بکات(( بەشێکی زۆری ئەو وشەو زاراوانەی پیرەمێرد بەکاری هێناون سەرچاوەیەک بوون بۆ فەرهەنگە کوردییەکانی پاش خۆی و کەڵکیان لێوەرگرتوون))(عارف: 2002،326) ، ئەگەرچی سەرەتای زمانی دەقە شیعرییەکانی پیرەمێرد تاک تاک وشەی عەرەبی تێدا بەکارهاتووە ، بەڵام سیما و شەقڵی بنیاتەکانیان هەر کوردی پەتی پاراوبون.

دوورکەوتنەوە لەشێوەی کلاسیکیەتی زمانی شیعریی کوردی و بەکارهێنانی زمانێکی شیعریی بە دانە و کەرەستەی زمانی کوردی پەتی ، بەتایبەت بەکارهێنانی ئەو شێوازە زمانییەی ، کە دەربڕینەکانی سادە و ئاسان و ڕوونن و لەخەڵکەوە نزیکن ، دەگەڕێتەوە ((بۆ دوایی سەردەمی شەڕی جەنگی جیهانی ، کەبێگومان ئەمە هەنگاو هەنگاو زمانی شیعریی کوردیی لە بەکارهێنانی وشەی بێگانەو نەتەوە دراوسێکان پاکبوەوە، هەندێ شاعیر هەبوون ،کە بە مەبەست و ئاگادارییەوە ، وەک ڕەگەزێکی گۆڕانکارییەکە و تەواوکردنی سیماکانی شیعری نوێی کوردی لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە ، بەتایبەتی وشەی عەرەبی و دورکەوتنەوە و ڕویان کردە هەڵبژاردنی وشەی کوردیی خۆماڵی ، سەرەتا پیرەمێرد بەو هەوڵە دەستپێشخەربوو))( کاکی : 2012، 193) ، بەشێوەیەکی گشتی پیرەمێرد بەسود وەرگرتن لەئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و شیعریی هەورامی و مەولەوی بەتایبەتی ، ئەوشێوازە نوێیەی زمانی شیعریی لەئەدەبیاتی کوردییدا پەیڕەوکردووە، تائێرە ئەگەر ڕێچکەی شیعریی بەگشتی لای پیرەمێرد ، بەم شێوەیە دەستی پێکردبێ (هەرچۆنێ بێ زمانی ئەدەبی پیرەمێردکوردییەکی پاکی ڕەسەنی کوردیی ناوخەڵکی کوردەوارییە)(مارف خەزنەدار:2005، 112) .

بێگومـان شـێوازی زمـانی دەقە نۆسـتالیژیەکانی پیرەمێرد ،خـاوەن زمـانێکی ئاسـان و ڕەوانـن، دەقەنۆستالیژیەکان لەڕێی وشەودەربڕینی کوردی پەتییەوە ، چەندین وێنەی جوان و تراژیدییان دروستکردووە، کەسۆز و هەڵچوونێکی وەهایان تێدایە ، هەمووخوێنەرێک هەست بەکاریگەریی و ڕەوانی ئەو حاڵەتە نۆستالیژییە دەکات لەشیعرەکانی پیرەمێردا ، وەکو یاکوبسۆن دەڵێ: (( لەم ئەرکە سۆزدارییەی زماندا ، ئاراستەی پەیام ڕوو لەنێرەر خۆیەتی ، زمان لەم ئەرکەدا هەڵگر و گەیەنەری هەستی تایبەتی پەیامدەر خۆیەتی ، ئینجا یان ئەوەتا پەیامدەر بەڕاستی ئەم هەستە تایبەتەی هەیە، یان ئەوەتا نیشانی دەدات کە هەیەتی ))( دەشتی : 2014، 51)، ئەو ئەرکە سۆزداریە ، لە دەقە نۆسـتالیژیەکانی پیرەمێردەوە لەئەنجامی حەز و خۆزگە و حەسـرەتی ی شاعیرەوە بەرجەستە بووە.

ئەستێرە بەرزەکانی کە وا شەوق ئەدەن بە شەو

وەک من بەداخەوەن نەسرەوتیان هەیە نە خەو

چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین

وەک سەرسەرین ، شەوێ سەرناکەنە سەرسەرین (د:پ:2001،87)

ڕەفیق حلمی لەبارەی دەقی ( من و ئەستێرەکانەوە ) دەڵێ: (پیرەمێرد) بە پشت بەستن بە توانا و دەسـەڵاتی شـیعریی تـایبەتی خـۆی بـێ ڕوکـردنە لاسـایی کـردنەوە ، بەهـۆی ئەو توانـایەی لەبـواری دانـانی شـیعرەوە نوانـدویەتی تەنـانەت چـاوەڕوانی ئەوەی لێـدەکرابێتە پێشـەنگی شاعیرانی سەردەمی خۆی ((پیرەمێرد کوردیی پەتی تاقیکردوەتەوە و بۆی دەرخستووین ،کە زمانەکەمـان زمـانێکی دەوڵەمەنـد و شـیرینە))( حلمـی :1941، 90 ) ، شـێخ مـحەمەدی خـاڵیش لەوبـارەیەوە دەڵـێ: (یەکێـک ئەگەر بەچـاوێکی ووردبـوونەوە تەماشـای ئەوشـیعرانەی بکاتـک لەژێر عینوانی (من و ئەستێرەکان) دا ، وتویەتی بەکوردیەتی پەتی وا ئەڵێی ئاوی ڕەوانە )( خاڵ: 1984، 81)، لەدەقەکەدا ئیسـتاتیکایەکی جوانکـاری بەدیـاریکراویش هـونەریی (جـوانی بایسـی) بەرجەستەبووە، وەک دیارە کێشـی ئەم دەقە عەروزە ، کە لە کلاسیکییەکانی نزیک دەکاتەوە ، بەڵام چ قـافیەکەی کە (مەسـنەوی ) یە، چ بەزمـانەکەی کە کـوردیەکی تەواو پەتیـیە، چ بەو وێنانەش کە بەو زمانە پەتییەش چنراون دەقێکی داهێنراوە.

هاوکـات سـۆزێکی تەواو بەدەقەکەوە دیـارە، کەکـاریگەریی لەسەرهەسـتی خوێنەردەکـات و دەکرێ بە دەقێکی ڕێچکە شکێن لەمێژووی شیعری کوردیدا دا بنرێ ،

بەڵام خەمی پیری دەردێکی گرانە

گیانە ، دڵەکەم کوڵ و کۆیەتی

ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی

دەمێکە گیڤەی تیرەکەت نایە

چی بکەم ژیرنابێ بەلایەلایە

بەستومەتەوە بەهەودا بەنێ

بەملاو بەولادا هەروا مل ئەنێ

من وام ئەزانی کەدڵ پیر ئەبێ

ئەگەڕێتەوەلای من ژیر ئەبێ (د:پ، 2013 , 202)

ئەم دەقە ، کە بە هۆی خەم و حەسرەتی پیری و خەمی دووری یارەوە ، شێوە و مۆرکی نۆستالیژیایەکی تاکەکەسی وەرگرتووە ، نوقمی سۆزێکی ڕاستەقینەیە.

لێرەدا هەست بەهەڵچوون و ناڵە و ئازاری دەروونی پیرەمێرد دەکەی ، بەهۆی خەمی دووری و تەمەنی پیرییەوە .

زمانی شیعریی دەقەکە، بەکەرەستە و دانەی زمانی کوردییەکی ئاسان و نزیک لەزمانی قسەکەریی ئاسایی خەڵکە، وەک ئەوەی پێویستە لەدەقە نۆستالیژیەکاندا هەبن ، چەندین وێنەی پڕ لە سۆزداریان بەرجەستەکردووە، وێنەکان هێندە کەوتونەتە ژێر کاریگەریی سۆزی شاعیرەوە ، تەنانەت شاعیر خۆی سەری سوڕماوە ، لەو خەم و حەسرەت و ئاهوناڵەیەی ، کە دەروونی ئاڵۆز و پەرێشان کردووە ، حەز و ئارەزووی دیداریی یارو گەیشتن بەگوشینی دەست و پەنجەی ئەو نازەنینە ، ئۆقرەی لێ بڕیوە، دڵەکەی وەکو منداڵی ساوا هەردەگری و ژیرنابێتەوە، تەنانەت بەلایلایەش،زمان لێرەدا بەو ئەرکە هەستاوە ، کە سۆز و پەیامی پڕ لەناڵەی شاعیر دەگەیەنێ و وێنەیەکی لێکچواندنی لەنێوان (دڵی شاعیر و منداڵ)دا ، دروستکردووە.

من لەدووری ئێڵ جەرگم خوێنین بێ

چەند خۆشە برین لەسەر برین بێ

ئەگەڕێم بە شوێن دەردەدارێکا

کەس و کار کوژراو ، دڵ زامارێکا

وەک تاق تاق کەرە تا دەمی بەیان

ناڵە ناڵمە لەسەر کەلی خان

لافاوی فرمێسک لەدووری یاران

سەرەو خوار ئەڕوا وەک لێزمە باران (د:پ، 2013 , 212)

ئامانج و پەیامی دەقەکە ، لەڕێگای زمانی دەقەکەوە ، کەزمانێکی پاراو و ئاسان و ڕەوانە ، هاوتەریب و هاوشان بەوشەی کوردی پەتیە ، دەقە نۆستالیژییەکەی بەقوربانی گوتاریی شیعریی نوێ نەکردووە ، بەڵگو ڕۆڵ و ئەرکی هەردوکیانی وەلانەخستووە .

ناڵەو حەزو ئارەزووی شاعیر بۆ دیدار و گەیشتن بەنێو خزم و خێڵ و عەشیرەت ،دەقەکەی ئاوێزانی کۆمەڵێک وشە و دەربڕینی سۆزداریی کردووە، کە ئەمیش یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی دەقی نۆستالیژیی، وەکو : (چەند خۆشە برین لەسەربرین بێ ، ئەگەڕێم بەشوێن دەردەدارێکا ، ناڵە ناڵمە تادەمی بەیان ، لافاوی فرمێسک لەدووری یاران ) ، بۆیە دەکرێت بڵێین: زمانی دەقەکە جارێکی تر خزمەتێکی باشی بە ئەزمونی خودی شاعیرکردووە ،کە خۆی لە پەرێشانی و حەز و ئارەزوو شاعیر دەبینێتەوە بۆ یادی ئازیزان و گەیشتن بەدیداریان.

لالە تارایە بۆ پەری شاخان

فێنکی گیانە بادی لەیلا خان

دەمی ئێوارە سێبەری باخان

خۆشە بۆ یارو بادەی سەرشار

ئەم تەرانەی گوڵ و ملە گیانە

بێ تۆ لای من ژیانی زیندانە

جەژن و شادیم هەمیشە گریانە

من و بلبل جوتە زار و هەژار

فێری فرمێسکمە گوڵاڵەی دەورم

والەداخی تۆ بێ وەفا ئەمرم

چاوەڕێم کەوا بێتە سەرقەبرم

بەهەوات زیندوو ببمەوە دووجار

لەبەهەشتا بەیادی تۆشادم

بەتەماشای فریشتە ئازادم (د:پ، 2013 , 166)

زمانی شیعرەکە، جارێکی تر بەهۆی کۆمەڵێ وشەی هەست بزوێنەوە ، بەریتم و ئاوازە ڕەوانەکەی خۆی، لەخزمەت نۆستالیژیایەکی تاک- نۆستالیژیای دووری یار و حەزی گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشت .

ڕەشبینی و بێ ئومێدی باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە ، خەم و حەسرەتی شاعیر بەڕوونی بەدەقەکەوە دیارە ، کە بە هۆی بێوەفایی و دووری یارەوە دروست بووە، بەشێوەیەک شاعیر ئارەزووی دیداری یاری بێ وەفا دەکات، تەنانەت پێی وایە دوای مردنیش ، ئەگەر یار بێتە سەرگۆڕی زیندودەبێتەوە ، دەربڕینەکانی ( خۆشە ژوانی یار و بادەی سەرشار ، لەژێر سێبەری باخان ، چاوەڕێم کەوا بێیتە سەرقەبرم ، لەبەهشت بەیادی تۆوە شادم) خزمەتێکی باشی حاڵەتە نۆستالیژییەکەیان کردووە لەدەقەکەدا ، دواتر هەڵچوونە دەروونییەکەی شاعیر، سەردەکێشێ بۆ دروستکردنی وێنەیەکی لێکچواندن لەنێوان (خۆی و بولبول) دا ، خۆی بەزاری کوردییەکی پەتی بەرجەستەبوویناڵە و ئازار، بولبولی خۆش خوانیش بەئاواز و تامەزرۆیی گەوڵی باخان.

مردن جارێکە و زوو ئەبڕێتەوە

دووریت دەردێکە ئەتەنێتەوە

ڕەنگە جەستەی من شوشەی پۆڵا بێ

هێندە بیرەنجێنن هێشتا هەر مابێ

چەرخی چەپکردار خستومیە سەما

وەک بەردم دابێ لەشوشەی سەما

نایەڵێ ساتێک بسرەوم بۆخۆم

ئەمەساڵێکە من چاوەڕێی تۆم

باشەوێک لەلات دەردم هەڵڕێژم

تامی شیرینی زارت بچێژم (د:پ، 2013 , 169)

دەبڕینەکانی (دووریت دەردێکە – هێندە ڕەنجاوم – خستومییەسەما – نایەڵێ بسرەوم – چاوەڕێی تۆم باشەوێک لەلات بم – تامی شیرینی زارت بابمژم ) ، ئەو کەرەستە و دانە فەرهەنگییانەی زمانن ، کە حاڵەتە نۆستالیژییەکەیان بەرجەستەکردووە .

نۆستالیژیای دووری یار و حەزی گەیشتن بەدیداریی ، سەلیقە و توانا و لێهاتوویی پیرەمێرد لەبەکارهێنانی ئەو زمانە ڕەوان و ئاسانە ، کەپڕە لەهاوار و ناڵە و فوغانی (داد و بێداد)ی، شاعیرێکی ڕەنجا و دوورە یار ، بۆتە هەوێنی داهێنانێکی هونەریی جوان ، کەهەست و سۆزی هەڵچووی پیرەمێرد کاریگەریی زیاتری بە وێنە فرەچەشنەکانی دەقەکە بەخشیوە .

وشە و دەلالەتە زمانییەکانی دەقەکە ، ئاماژە بە ڕەشبینی و بێ ئومێدی شاعیردەکەن ، شاعیر هێندە دڵڕەنجاوە ، هێندە ماندووە ، بەدەست جەوری ڕۆژگارەوە ، گلەیی دەکات و ناڵە و هاواری دەباتە بەر دەرگای هەمووان ، بەحسرەت و تاسەوە بەزمانێکی ڕەوان ئارەزووی لێوی شیرینی یارە ، خۆزگە دەخوازێ شەوێک لەلای یار ماندوێتی بحەسێتەوە.

(بتزانیایە )

بتزانیایە گۆڕە سەرئەنجامی ژینی تۆ

ئەڕزێ لەژێرگڵا قەد و باڵای سیمینی تۆ

نامێنێ خاڵ و میل و دەم و پێکەنینی تۆ

دڵت نەدەشکاندم

بتزانیایە جامەیەکی چاو لەبەر ئەکەی!

تەڵقینی کوێرانە لەجێی دەنگی ناڵ و نەی

لەجێگە تەنگ و تارە بەتەنهایی هەڵدەکەی

لەخۆت نەدەتاراندم

بتزانیایە کەجوانی گوزەرگای پیرییە

مەرگیش کوت و پڕێکە ، دەوا ناپەزیرییە

دوای ئەوەی کە بەجوان ئەبڕێت دەسگیرییە

جوانیت پێ دەنواندم

بتزانیایە دەست لەملانێ کاتی بەیانیان

چەند خۆشە تالەگۆڕ ئەخزێی مەست و تێک خزان

چارەی بەبەزمی وایە غەمی گەردشی زەمان

وا ڕات نەدەپەڕاندم (د:پ، 2013 , 182)

دەڵێن : تەنهایی هەر بۆخوا باشە ، جا یەکێک لە هۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا بریتییە : لەوەی ، کە وا لەمرۆڤ دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ڕابردووی خۆی ، تەنهایی وات لێدەکات بەخەیاڵ لەکەمترین کاتدا تەمەنێک بگەڕێیتە دواوە ، دەتبات بۆ شوێن و کوچە و کۆلانی شار و کاتە بەسەرچووەکەت .

ژینی تەنهایی شاعیر هۆکاری لەدایک بوونی دەقەکەیە، خەیاڵێکی ڕۆمانتیکیانە لەدەقەکەدا ئامادەگیی هەیە ، سۆز و گرەی دەروونی پیرەمێرد بەشێوە و زمانێکی سادە و پاراو ، بەکۆمەڵێ وشە و دانەی زمانی کوردی پەتی ، چەندین وێنەی سۆزداریی زادەی دەروونی ئاڵۆز و شێواویان دروستکردووە .

وێنە و دیمەنەکانی ( سەرئەنجامی ژینی بەرە و گۆر ، ڕزان لەژێر گڵا ، نەمانی خەت و خاڵ و خەندە و پێکەنی گەنجی ، لەبەرکردنی جامەی جاو – کفنی سپی ، نەمان و نەبیستنی دەنگی ناڵە و نەی ، گەیشتن بەکاتی تەڵقینی کوێرانە ، هەڵکشانی تەمەن و دەستلەملانێی پیری ، گۆڕی تەنگ و تار ، تەنهایی گۆڕ ) بەرهەمی ئەو حاڵەتە تەنهاییەیە، کەشاعیر لەدووری یاری بێ مەیل بەسەریی بردووە، کە لە ئێستای تەنهایدا بەسۆزەوە گەڕاوەتەوە بۆ یادیان .

ئەو وێنانە حاڵەتێکی تراژیدییان دروستکردووە ، دەقەکەیان پڕکردووە لەحەسرەت ، خەمی ئەو ئەزموونەی ڕابردووی شاعیر لەئێستای پیریدا یاددەکرێنەوە ، پیرەمێرد پێی وایە خۆشی و بەختەوەریی عاشقان وادەبێت ، کە تەواوی تەمەنیان دەست لەملانێی یەکتربن تاکو شۆڕدەبنەوە بەرەوگۆڕ، بەڵام ئیدی کەئێستای تەنهایی دونیای ڕووناکی لێکردووە بەشەوی تار ، تەنها یادگارییەکان ماونەتەوە و ئەوانیش لەخەم و حەسرەتێک زیاتر نین .

کەواتــا : زمــانی شــیعریی دەقەکە ، وێــنەی ڕابــردووی ژیــانی شــاعیری وەکــو تــابلۆیەک نەخشـاندووە ، لەهەمانکاتدا ئەرکی گوزارشتکردنی ئەوژیانەشی کەوتۆتەسەر،جگە لە ئەرکی لیکسیکی فەرهەنگی .

### 3-1-1- ب: زمان لەدەقە نۆستالیژییەکانی دیلاندا:

لەڕەوتی ئەدەبی کوردیدا هەندێ دەنگی شیعریی هەیە ، کە ناوبانگی تایبەتی خۆیان هەیە ، وەک ئەستێرەیەکی پرشینگدار لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا دەدرەوشێنەوە ، دیلان یەکێکە لەوشاعیرانە، دیارترین بنەمایی هونەریی لەشیعرەکانی دیلاندا ، کە بەهۆیەوە شێوازیی شیعریی دیلانی پێدەناسرێتەوە زمانەشیعرییەکەیەتی .

زمانی شیعریی دیلان زمانێکی پاراو و پوخت و ڕەسەنە ، لەهەمان کاتدا دیلان خاوەن لێهاتوویی و توانایەکی لە ڕادەبەدەربووە لەبەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی ، جیا لەمە ((دیلان وەک کەسێکی بەئاگا لەزمان توانیویەتی لەئاستێکی باڵادا سود لەلایەنی یاسا فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی ببینێت، بەمەش ترپە و ئاوازەی دەربڕینەکانی بەوشێوەیەی ، کەئەو کەرەستەزمانییەکانی بەکارهێناون ، ڕەوانییەکی لەباریان بەشیعرەکانی داوە ))( فەرەج: 195،2013)، دیلان وشەو دەربڕینی وای بەکارهێناوە ، کە پێشتر لەنێوخەڵکدا بەکارهاتوون ، ئێستا خەریکە بەرەو سوان و لەناوچوون دەچن ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ، کە دیلان شارەزاییەکی باشی لەفەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەی هەبووە، بە مەبەست هەندێک جار ئەو وشانەی بەکارهێناوە بۆ زیندوو ڕاگرتن و پاراستنیان بووە لە لەناوچوون،(( زەخیرە زمانییەکەی دیلان ئەنجامی خوێندنەوەیەکی بەردەوام و مامەڵە کردنێکی وشیارانەبووە ، لەگەڵ وشەی کوردی پەتیدا، دیارترین سەرچاوەش کەهەبووبێ و لەبەردەستیدا بووبێ ، هەر بەرهەمە کلاسیکییەکانی شیعریی کوردیی و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی سەر ڕێبازە نوێیەکەی شیعری کوردی و فۆلکلۆری کوردی بوون))( عەلی : 2007، 148)

دەقە نۆستالیژییەکانی دیلان ، خاوەن زمانێکی ئاسان و ڕەوانن، بە وشە و دەربڕینی ئاسان سۆزێکی ڕاستەقینە و هەست بزوێن دەخاتەڕوو، شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی کوردیی پەتییەوە دەقە نۆستالیژییەکانی دروستکردووە .

هەتا شێوەی ئێش بمێنێ لەناوا

شەرتە نەڵێم ، هەرگیز نەڵێم ماڵئاوا

شکۆفەی ژینی عومرم نەوبەهاربوو

وەکو پشکۆ لەشەوگارا دیاربوو

تەمەن کورتە وەکو کورتی گوڵاڵە

لەلێو ئەڕژا بەخوڕ ئەو خوێنە ئاڵە (د:دی،2013، 385)

دیلان لەم دەقەییدا بەزمانێکی سادەو ساکار و ڕەوانی نەتەوەکەی ، چەندین وێنەی هەست بزوێنی خوڵقاندووە، دەقەنۆستالیژیەکە زادەی ئەزموونی خودی شاعیرە، کە بەهۆی گەڕانەوە بۆ یادی ڕابردووەوە بەرجەستە بووە ، شاعیر لەڕێگەی لێکچواندنی نێوان ژینی ڕابردووی خۆی و پشکۆی شەوگار، وێنەیەکی لێکچواندنی ناوازەی دروست کردوە ، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە ، کە ئەگەرچی کەرەستە زمانییەکە سادە و ئاسانە ، بەڵام بەتێکەڵکردنی بە ئەندێشەیەکی داهێنەرانە ، خەم و حەسرەتی ناخی خۆی بەگوێی خوێنەردا دەدات :

منم بەدەستی چەرخەوە ، واگێژ ئەخۆم و ئەڕۆم

منم کە بوومە خوێنەخۆر ، خوێنی خۆم ئەخۆم

منم لە بەحری خەیاڵاتی بێ وچانی ماتەما

هەرپەل ئەگێرم نەکەڵک و نە – سوود – و علاجە بۆم

زامدارە بولبول و لەدووری گوڵ ئەکا ڕەقس و سەما

بەکەیلی ئەشکی سوور و سوێر ئەسەف و چاو ئەشۆم (د:دی،2013، 21)

زمانی ئەم دەقەی دیلان ، پڕە لە وشەی خەم و ئازارێکی لەبن نەهاتوو، حەسرەتێک لە بێچارەیی و دوورییەوە دروست بووە، وشەی کوردی پەتی و زمانی ئاسان ، دەقە نۆستالیژییەکەی پڕکردووە لە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینە ، سۆزێک کە بەرئەنجامی ئەزموونی ئێستا و ڕابردووی شاعیرە .

سۆزێکی ڕاستەقینە ، کە خوێنەر لەخەم و هەستی تراژیدیایی خۆی ئاگاداردەکاتەوە ، گلەیی و نارەزایی خۆی بەهەموو لایەک دەگەیەنێ ، کە ئەمەیان لوتکەی حاڵەتە نۆستالیژییەکەیە ، لەگۆشەی تەنهایی خۆیدا هەرخەریکی گێژەگێژ و پەلهاویشتنی بێ ئەنجامە.

ئەی تریفەی مانگەشەوی زیوینی ئاسمان

بۆ بەتۆسقاڵ جار بەجارێ خۆت ئەدەی نیشان

دەربکەوە رووناکی پاک بەرە سەرینم

بۆم رووناک کە زیندانی تار ژووری کەمینم

ڕازاوەیە دیواری پان ریچکەی زنجیری

دەم کراوە و عەزرەتیە لەش (منم نیچیری ) (د:دی،2013،163)

حەز و خۆزگەی شاعیر بۆ ئازادی و سەربەستی ، زمانی دەقەنۆستالیژییەکەی دیلانی ئاوێتەی وشە و دەربڕینی کوردی پەتی و خەفەتبار کردووە، خەمێک لەودیو دیوارە ئەستورەکانی زیندانەوە ، حەز وخۆزگە و ئارەزوویەکی پڕلەناڵە و ئازاری بۆ سەربەستی دروستکردووە ، دیلان بەهۆی وشە و دەربڕینەکانی ( بۆ بەتۆسقاڵ جارجار خۆت ئەدەی نیشان- ئەی تریفەی مانگەشەو – بۆم ڕوناک بکە زیندانی تار) زمانی دەقەکەی پڕکردووە لە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینە .

سۆزێک ، کە لەئەنجامی ئەزمونی خۆیەوە بەرجەستەبووە، بەهۆی ڕووداو و ئازارەکانی ناو زیندانەوە ، دیلان وشەکانی ( تۆسقاڵ و عەزرەتی ) لێرەدا بەشارەزاییەوە بەکارهێناوە بۆ پیشاندانی ئەو حەسرەت و خەمەی ، کە دەقەکەی پەیوەستکردووە بە بێ ئومێدی و ڕەشبینییەوە .

هەر من بەبێ تۆ، بێ نیشانت

بێ دەستی لەناو گیرفانت

بێ باوەشی گەرم و گوڕت

بێ دڵی بەزەیی پڕت

بەبێ باوک بەهەتیوی

کەوتومە چۆڵی نەدیوی

ساتوخوا وەرە ناومان

روون کەرەوە بەری چاومان (د:دی،2013، 127)

دیلان بەهۆی وشە و دەربڕینی سادە و ئاسانەوە چەندین وێنەی تراژیدی(مەرگەسات)ی ، پڕلەخەم و حەسرەتی منداڵێکی بێ باوک دەگێڕێتەوە .

وێنە زمانییەکە هەڵگری سۆزێکی تەواوە ، ئەگەرچی کەرەستە سینتاکسیەکەی دەقەکە سادە و ئاسانە ، کەڕەنگە ئەو وشە و دەربڕینانە لەدەرەوەی دەقەکەدا ، واتای لیکسیکی فەرهەنگی سادەبگەیەنن و کەمترین کاریگەریش بەجێ بهێڵن.

ئەمە ئەو ئەرکەیە ، کە شاعیر بەهۆی زمانەوە خەمەکانی ناخی دەردەبڕێت، دیلان بەو کەرەستە ئاسانەوە ، چەندین وێنەی پڕ لەخەسرەتی دروستکردووە، کە خوێنەر ئەستەمە نەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە .

جارانی سەوز سەر ڕازاوە بەمرواری

بە شەونمی بەهاری لای کوردەواری

جارانی مەست بەبۆنی شەرابی بەهار

پیاڵەکەی پەڵەی گوڵ بوو تادەم نزار

سنگ کۆتەربوو تەکاندەربوو وەکو لاوی

لەڕێگای ئاواتی چەن ساڵەی جێماوی

جاران ئاژەڵ ڕووە و پەچە و بەرە و کۆز بوو

ڕۆژگار کورت و چاو خەواڵووی وەنەوز بوو

شوان کۆڕی شەو گەرم کەر بوو بەفوی شمشاڵ

جوڵەی ئەدا بەدەماری هەست و خەیاڵ

پاشان نۆرەی بەستەی دەمی هەرزەکاربوو

ئەمان ئەمان بۆسروشتی کردگاربوو

بەستە ئەڵێن ئەوەی ئەڵێین نایڵێنەوە

تا کەیبانۆ لەفەرمانی شەو ئەبنەوە

شەوی جاران شەوگاری پایزی درێژ

تاسوراوی ئەپەڕییە چاوی گێژ و وێژ

بەستە ئەڵێن ئەوەی ئەیڵێن نایجونەوە

تاکو بێدار لەگریانی شەو ئەبنەوە (د:دی،2013، 300)

زمانی ئەم دەقەش زمانێکی ئاشکراو ڕوون و بێ گرێیە ، کەرەستە زمانییەکان دانەی کوردی ڕەسەنن، ئەم چەشنە لەوشەی ئاسان ، بووە بەهۆی سەرنج ڕاکێشانی زیاتری خوێنەر بۆ دەقە نۆستالیژییەکە ، شاعیر بەهۆی گەڕانەوە بۆ یادی جاران و ڕابردوو کۆمەڵێک وێنەی سۆزداریی ناوازەی دروستکردووە ، کە ئەو جۆرە گەڕانەوانە بۆ یادی ڕابردوو مەگەر تەنها دیلان بتوانی بەزمانێکی پاراو گوزارشتی لێبکات .

گەڕانەوە بۆ وێنە جۆربەجۆرەکانی زەمەنی ڕابردوو، وەکو : بەهاری پڕ لەبەرەکەت (سەوزایی و تەڕیی – پڕبارانی ) یادی ڕابردووی و هاتنی بەهار- هەوری گورج و گوڵ و سینگ کۆتەرەی تیژ ڕەو ، پیشاندانی ئەو ڕابردووەی ، کەجاران مەڕ و مالآت دەچوون بەرە و (پەچە و کۆز) ە .

کە ئەمەی دواییان یەکێکە لەو وشە کوردییە پەتیانەی ، کە بەمانای (شوێنی حەوانەوە و لەوەڕاندنی مەڕو مالآت) دێت .

جگە لەوەی گوزارشتەکانی( لەڕۆژگاریی کورت و دەمە و وەنەوز ، یادی دەنگی شیمشاڵی شوان ) هەستێکە ، کە تا مرۆڤ خوێن لەلاشەیدا بجوڵێ ئارەزووی دەکات.

دواتر گەڕاوەتەوە بۆ یادی پایزی درێژ هەروەکو هیوا و ئومێدی کورد درێژ، کۆبوونەوە و دانیشتنی ئەو شەوانەی تاکو بەرە بەیان بەزمانێکی سادە و بەوشەی کوردی پەتی ، پیشاندەری شێوازێکی دیاری دەقە نۆستالیژییەکانی دیلانن.

جەمیل جوان بوو .... گوڵ وێنەی ئەو ئەنەخشا

وەکو جەستەی لەوهەردانە ئەپەخشا

وێنەی چاوی ئەستێرەکان لە ئاسمان

ئەیان ورشان ئەیان پەخشان ئەجریوان

کام شەو ڕەش بوو کامی تاریک و تار بوو

لەوشەوەدا وەکو مۆمێ دیاربوو

بەستەی دەم بوو ... هەوێن بوو بۆ گۆرانی

بۆشەوانی بەهاری نەوجەوانی!...

کەرەسەبوو ... بۆ هەڵبەستی دڵداری

درەختێک بوو بۆجریوەی پاساری

مایەی خورپەی دڵی گەرمی نازداربوو

سالْ دوانزە مانگ هەمیشە بەهار بوو (د:دی،2013، 304)

کەرەستە زمانییەکانی ئەم دەقە هەڵگری خەم و حەسرەتی دووریی شاعیرن لە هاورێیەکی ئازیزی، دانە فەرهەنگییەکان گێڕەرەوەی یادی ڕابردووی پڕ لەحەسرەتن ، کە سۆزێکی تەواو و ڕاستەقینەیان بەدەقەکە بەخشیوە.

زمانی دەقە نۆستالیژییەکە هێندە سادە و پاراوە ، خوێنەر پێویستی بە هەڵوێستە کردن و تێرامانی مەدلولەکانی نێو دەقە نۆستالیژییەکە نییە ، کەئەمە بۆخۆی تایبەتمەندییەکی دیاری دەقە نۆستالیژییەکانە بەگشتی : دیلان بەهۆی یادی مەرگی ئەو ئازیزەیەوە دەروونی ئاڵۆز و پەرێشانە ، خەمبار و حەسرەتبارە .

هەست و سۆزی ڕاستەقینەی شاعیر خوێنەریش دەخاتە ژێرکاریگەریی دەقەکەوە ! وێنە و ڕووداوە جۆر بە جۆرەکانی دەقەکە لەڕێگەی شێوازە تایبەتییەکەی دیلانەوە دەگەن بەخوێنەر ،دیمەنەکانی سادە و ڕەوانن.

تۆ بۆم بڵێ بەلەرەی لێو

لێوی ئاڵتر لەبەرگی سێو

لەسەر تانگۆی ئاواتی دڵ

من و تۆش بێنێتە کوڵ!...

تادەگاتـە..................

بابەیەک دەنگ بەیەک ئاواز

دەشت و چیا بخەینە پەرواز

بلێین ئاشتی، ئاشتی بۆ گەل

دەنگ بداتەوە دەمی کەل (د:دی،78،198)

دەقەکە جگە لەوەی زمانێکی ئاسان و ڕەوانی هەیە ، وێنە جیاوازەکانی دەقەکەش سادە و ئاسانن ، دیلان ئەو هەستەی کە هەیبووە بۆ (بۆڵدی – کچە ئەڵمانییەکە ) ، بە هۆی گوزارشتێکی زمانی ڕەوان ، پاڵپشتە بە هەست و سۆزی شاعیر بۆ ئافرەت – مۆسیقا – نەتەوە ، بووبە هەوێنی بەرهەمهێنانی ئەم دەقە نۆستالیژییە.

## 3-1-1-ج : زمانی شیعریی دەقەنۆستالیژییەکانی هێمن

ئەگەر شیعر سەنعەتێک بێت ، ئەوە بنەمای سەرەکی ئەو سەنعەتە زمانە ، هەوڵی پوختەکردن و پاراو کردنی زمان جێی بایەخی زۆرێک لەڕەخنەگرانە ، چونکە شیعری تەواو (چاک) پێویستی بەوشەی گونجاو هەیە بۆ گەیاندنی بیرو ئەندێشەی شاعیر، ( چونکە شاعیر وشە ڕزگاردەکات لەبەکارهێنانی سواو و بەواتای نوێووە بەکاریان دەهێنێت ))(منصور: 24،1979) ، بەواتایەکی تر ئەو وشە نوێیانەی کە شاعیر واتای قوڵی نوێیان لێ بەرجەستەدەکات ، لەنێو هیچ فەرهەنگێکی نوێدا بوونیان نییە ، چونکە دەکرێت واتای وشەکان لەنێو دەقی شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر، جیاوازتر دەربکەوێت .

کاتێکیش قسە لەسەر زمانی شیعریی هێمن دەکەین هەندێکجار(( ستراکچەری زمانی شیعریی لەدنیای شیعریی هێمندا زمان شکێنیە و کارکردنێکی زمانی و کۆمەڵایەتییە ، بەجۆرێک ئەم خەسڵەتە لە بنیاتی زمانی شیعریی هێمن دا تەواو چەسپاو و جێگرە و دەرخەریی ئەو دیوە جوانناسییە ، کە بە روخساری شیعریی هێمنەوە دیارە ))( ابراهیم و غریب: 2016، 45) ، ئەمە بەو مانایەی دانە زمانییەکانی شیعریی هێمن هەڵقوڵاویی شارو لادێکانی کوردستانە ، لەکۆن و ئێستادا .

لەوبارەیەوە هێمن خۆی دەڵێ: ( مەسەلەی زمان زۆر بە گرنگ دەگرم و هەوڵدەدەم کام وشە ڕەسەنە بەکاریدەهێنم ، ئەوەش بەئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم ، واتا زمانی شیعریی هێمن زمانێکی تایبەتە ، لەئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت ) ( سابیر، 2006، 287) . داهێنانی زمانی شیعریی ئەو پەیامەیە ، کە لە ئەنجامی هەڵچوون و هەست و سۆزی شاعیرەوە بەرجەستەدەبێت ، قسەکردنیش لەبارەی زمانی شیعریی هێمنەوە ، بەدەر لەواتا لیکسیکیە فەرهەنگییەکەی، قسەکردنە لەسەر پێویستی ئەرکە ئەدەبییەکەی ، کە وەکو دڵنیایی بەرهەمێک(دەقێکە)، لەگەڵ هاوشێوەکەی لەزمانی ئاسایی، گۆڕینی ڕۆڵی دانەی زمانی

لەگوزارشتکردنەوە بۆ داهێنانێکی ئەدەبی ، لەشیعری هێمندا بەهۆی شارەزایی و ووردبینی هێمنەوە پەیڕەودەکرێت ، زمانی شیعریی هێمنیش قۆناغ بەقۆناغ بەپێی تێپەڕبوونی کات ، گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە و گەشەی کردووە ، تاکو بووە بەو زمانە پاراو و پوختەی کە بووە بەشێوازی تایبەتی هێمن و پێی دەناسرێتەوە ، کە زمانێکی کوردی پەتی و زمانی خەڵکی سادەی لادێییە ، زمانێکی ناسک و جوان و تەڕو پاراوی ڕەسەنی کوردەوارییە ( هێمن بەشێوەیەکی زۆرسادە و ساکارو شارەزایانە شیعری نوسیوە ، کە لە وشەی هەرە ڕەسەنی کوردی سودی وەرگرتووە ، )( فتاح : 2013، 187) ، جگە لەوەی زمانی شیعریی هێمن سادە و پاراوە ، توانیویەتی لەڕیگەی ئەوزمانە سادە و پاراوەوە پەیامە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی بە هەموو لایەک بگەیەنێ ، ئەو زمانە سادە و ئاسانە ، کەچەندین وشەی ڕەسەنی کوردی لەخۆگرتووە.

هەر ئەوەشە بووە بە هۆی دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی کوردی بەگشتی ، لەوبارەیەوە عبدالرحمن قاسملو لەپێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا دەڵی : (زمانی شیعریی هێمن زمانێکی کوردی پەتی جوانە ، نەپڕە لە وشەی بێگانە ، نە وشە دروستکردنی تێدایە ، زمانەکەی زمانی خەڵکی کوردستانە )(هێمن:1974، تاریک و ڕوون ، 59) ، زمانی شیعریی هێمن زمانێکی تایبەتە و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، لەڕووی بەکارهێنانی کوردی پەتی تاڕادەیەکی زۆر، کەم وێنەیە ، هەر ئەوەشە وایکردووە خۆی لەزاراوەی نامۆ و گران بپارێزێ ، ئەوەتا هێمن بەجۆرێک وشە و زاراوەی کوردی پەتی لاشیرینە ، لەنێوان شیرینی لێوی یارەکەی و کوردیە پەتیەکەدا ، کوردی پەتی بەلاوە گرنگتر و شیرینترە و لەوبارەیەوە دەڵێ:

بەڵێ تۆ کیژی نازداریی لەباریی

منیش پیرێکی زوهان و دزێووم

بەڵام شیرنترە لەوشەکرە لێوە

وشەی کوردی کەهەڵدەڕژێ لەلێوم (د:هێ، تاریک و ڕوون:1974 : 93)

زمانەشیعریەکەی هێمن تێکەڵەیەکە ، لەزمانی خەڵکی ناوچەی موکریان و شێوەی ئەم دیوی ناوچەی سلێمانی ، ئەگەر لێرەو لەوێ هەندێ وشەی بێگانە لەنێو چەند شیعرێکی هێمندا ببینرێت ، ئەوانیش مۆرک و شێوەیەکی کوردییان وەرگرتووە ، هەندێ جاریش تاک و تەرا

وشـەکان پێویسـتیان بەهەڵوێسـتە لەسـەرکردنێکی وورد هەیە بەهـۆی ئەوەی کە چەنـد واتـایەک لەخۆدەگرن..

ئەوەی پەیوەندی بەزمانی دەقە نۆستالیژییەکانی هێمنەوە هەیە ، خاسیەت و تایبەتمەندی دەقـی نۆسـتالیژییان بەڕوونـی تێدا دەبینرێت ، کە خـۆی لەزمـانی سـادە و ئاسـان و بـوونی سـۆزێکی ڕاسـتەقینە دەبینێتەوە بەهـۆی ئەوەی ڕووداوەکـانی ئەو دەقە نۆسـتالیژییانە ئەزمـوونی خـودی شاعیرن .

ئەگەر تەنها (ناڵەی جـودایی ) بەنمـوونە : وەربگـرین ، کە دەقێکـی تەواو نۆسـتالیژییە، دەبینـین چەندین وشـەی ڕەسـەنی کوردەوارییـان تێدایە ، کەلەلایەک بـوونەتە هـۆی پاراسـتنیان ، لەلایەک زیندوێتی بەوشـەکان بەخشیوە و دەقەکانی هێمنی پێ دەناسرێتەوە و بوونەتە شێوازی شیعریی شاعیر، بۆ نموونە :

وشە   لێکدانەوە:

سەهەند   :  دڵشاد

جەفەنگ   :ڕابواردن ، کات بەسەربردن و گاڵتەوگەپ

دۆ- دۆتە   :   کچ

ئەوک   :   قورگ

زگار:   :  هاوتیی زویر

ڕاموسێ   :  ماچ بکات ، بمژێ

خوناو   :ووردە ئارەق

گورد   : هێز

کەنەفت :   زۆر پەرێشان

زوهان   :پەککەوتە

بەندەن  : شاخ ، چیا

پۆلۆ   : پشکۆ ، سکڵ

ئەنگواو :     پێکراو

روو    :     سەخت

نارە نار :      بەستەی نەرم و بەسۆز

چلوان :        هەردوو چلەی زستان(بچوک-گەورە)

پۆلوو :        پشکۆ

ئاران   :      گەرمیان

جواناو         :ئارەقی کاتی سەرە مەرگ

زۆزان :      کوێستان

زورگ       :  زەوی ڕەقەن

زندۆل       :  قڵیشە بەردێ لەئەشکەوت بچوکتربێ

شیخاڵ    :  بەفرێک ئەم دیو دیوی ڕەش بێ

بەستێن :      کەناری ڕووبار و دەریا

ڕامووس :     ماچکردن

بەشێوەیەکی گشتی زمانی دەقە نۆستالیژییەکانی هێمن هێندە  پاراو و سادە و ئاسانن ، تەنانەت لە زمانی ئاسایی خەڵک نزیک بۆتەوە.

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر

کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر

لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەرسووتاو

بە چی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر ، ژەمێکی تر!

ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە

لەسەر کێکی تەمەن ، هەڵناگری تازە شەمێکی تر

گەلێکم رۆژگـاری تاڵ و شیرین ڕابـوارد ، ئاخۆ

مـەرگ مـەودا دەدا دیسـان ببینم سـەردەمێکی تـر!

گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو رۆژێ ، کەچی ڕوانیم:

لە پێشمدایە زەرد و ماە و سەخت و ئەستەمێکی تر

هـەتا چارشیێو بەسـەر تۆوە دەبینم نازەنینی کوردا!

بەسەر بیبیلەکەی چاوی مـنا دەکشێ تەمێکی تر ( د:هێ،2012، 304)

تایبەتمەندیی یەکەمی شیعریی زمانە ، زمـانی شـیعریی هـێمن وەک لەم دەقەدا دیـارە ، زمـانێکی سادە و ڕەوانە ، بەجۆرێک زۆر نزیکە لە زمانی زۆربەی خەڵک ، بە پێچەوانەی شیعری هەندێ لەشـاعیرانی کـورد ، بەتـایبەتی شـاعیرانی کلاسـیکی ، دەقە نۆسـتالیژییەکانی (پیرەمێـرد و دیلانـیش) وەکـو هـێمن زمـانێکی سـادە و ئاسـانن ، بەڵام دەقە نۆسـتالیژییەکانی هـێمن دانە زمانییەکانیـان زیـاتر سـۆزدارین ، کە بێگومـان ئەمە بەهـۆی بـارودۆخی ژیـان و ئـاوارەیی و دەربەدەرییەوە بووە.

لێرەدا زمـانە شـیعریەکە بەهـۆی وشـەی سادە و ڕەوانەوە بەتەواوەتـی کەوتـۆتە ژێـر چەتـری حـاڵەتی نۆسـتالیژیاوە ، شـاعیر بەزمـانێکی پـاراوی کـوردانە ، بەدانەی زمـانی کـوردی پەتـی و بـوونی سـۆزێکی تەواوەتـی و ڕاسـتەقینە نۆسـتالیژیایەکی هەسـت بزوێنـی خسـتۆتەڕوو ، کە لە ئەنجـامی ئەزمـوونی خـودی پڕحەسـرەتی شـاعیرەوە لەنێـو دەقەکەدا گەڵاڵە بـووە ، خەم و نائومێدی و ڕەشـبینی بـاڵی بەسـەر دەقەکەدا کێشاوە ، دەربڕینەکانی (ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم ، گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئەم شەو لەناخم دا سەری هەڵدا خەمێکی تـر ، منـی تینـوی جگەرسـوتاو ، ) ئاراسـتەی دەقەکەیـان بەرە و حـاڵەتی نۆسـتالیژیی بـردووە ، دەقەکە تایبەتمەنـدی یەکەمـی ئاسـانی دەربـڕینە ، لایەنـی دووەمیشـی بـوونی سـۆزێکی تەواوە بەهـــۆی هەڵچـــوونی دەروونـــی شـــاعیرەوە ، کە لە ئەنجـــامی جەور و خەم و حەســـرەتی ڕۆژکارەوە دروست بووە ، هێندە سۆزێکی ناسک و هەسـتێکی خەمـاوی بەدەقەکەوە دیـارە ، هەسـت و سـۆزی خـوێنەریش دەجـوڵێنن، ڕابـردوو پڕبـووە لەهەوراز و نشـێو، ئەو ژیـانەی ڕابردوو ئێستاشی وێرانکردووە، شاعیر دڵنیا نییە ، کە ئاخۆ تەمەن ڕێگادەدا ببینێ سـەردەمێکی تـر ، کە ئەمەیـان ئەوپەڕی حەسـرەت بـاری شـاعیر نیشـان دەدات ، هـێمن ڕێگاچـارەیەک شـک نابات ، تەنها ئەوە نەبێ بەحەسرەت و تاسەوە داوای پێکێکی زیاتر بکات.

بولبولێک بووم لە رکەیدا بەبەهاری رەنگین

دوور لە گوڵزارو دیداری گوڵاڵە و  نەسرین

کازیوە ، بۆلک و پۆپی گوڵی باخی دەفڕیم

پەڕوپۆپم پێوە نەما نیمە ئیتر هێزی فڕین

دەستی ئەو ڕاوکەرە بڕزێ کە بڕی بازو برست

سوڕی سوور گوڵ بەدەم ڕووبکەمە مێرگی شین

من چریکەم هەموو سوچی چەمەنی پڕکردبوو

ئێستە نایا لەگەرووم بێجگە لەناڵەی غەمگین  ( د:هێ،2012، 363)

بەدەر لە ڕوونی و ئاسانی زمانی دەقەکە ، کەپڕە لەوشەی ناسک و ڕەوان و کوردی پەتی ، شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی کرداری ڕابردووە وە حاڵەتی نۆستالیژیی لەدەقەکەدا دروستکردووە ، خەم و بێ ئومێدی لەدەقەکەدا بەڕوونی دیارە ، شاعیر وێنەیەکی لێکچواندنی لەدەقەکەدا دروستکردووە لەنێوان خۆی و بولبولدا ، دەربڕاوەکانی ( بولبولێک بووم – پەروپۆپم پێوەنەما – نیمە ئیتر هێزی فڕین – ڕاوکەربڕی بازو برستم – ئێستا نایات لەگەروم جگە لە ناڵەی غەمگین) ئەمانە ئەزموونی شاعیرن لەنێوان ڕووداوەکانی کاتی (ڕابردوو و ئێستا ) ، ئەو ڕووداوانە هێندە سۆزێکی تەواویان بەدەقەکەدا بەخشیوە، خوێنەریش ئاوێزانی حاڵەتە نۆستالیژیەکە دەکەن ، هێمن گلەیی لەژینی ئێستای خودی خۆی هەیە ، ئیدی توانای بەرگەگرتنی هیچ خەمێکی تری نەماوە .

دڵم تەنگەو پەرێشانم دەمێکە

خەیاڵم هەر دەمەی لانەی خەمێکە

ئەوەندە دڵ پڕم پێم خۆشە بگریم

کەفرمێسک و هەناسەش مەرهەمێکە

دەمێنێ هەر دەمێنێ.. بابمێنێ

یادی تۆل لە دڵی مندا بمێنێ

ژیانم پڕ لەرەنجەو نامورادی

بەهەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی

دڵم هێندە تەنگە هەر جێی تۆدەبێ و بەس

ئەتۆش مەحکومی حەپسی ئینفیرادی

ئەگەرچی ڕۆیی قەت ناچی لەیادم

ئەکەم یادت بەیادی تۆوە شادم ( د:هێ،2012، 236)

زمان وەکو ڕەگەزێکی بنەڕەتی وێنەی هونەریی ، بەکۆمەڵێک ووشەی سادە و ڕەوانەوە ، وێنەی تراژیدیی و خەفەتبار و پڕ حەسرەتی هێمنیان کێشاوە ، وێنەی تراژیدی و سۆزدار بەو زمانە سادەو ئاسانە ، لەپێناو گوزارشتکردن و وەسفکردنی حاڵەتە نۆستالیژیەکەی شاعیرن ، کە بەهۆی لەدەستچوون و دوورییەوە دروست بووە ، خەم حەسرەتی شاعیر هێندە بارێکی گرانە ، پێی خۆشە بگری ، چونکە (فرمێسک بە مەرهەم و چارەسەری برینەکەی دەزانێ) ، کە ئەمەیان دروست بوونی وێنەیەکی لێکچواندنە لەنێوان (فرمێسک وهەناسە و مەرهەم )دا ،

فرمێسک و هەناسە -- لێچووە

مەرهەم -- لەوچووە

سەرجەم دەربڕینەکانی ( دڵم هێندە تەنگە ، پێم خۆشە بگریم ، یادی تۆ لەدڵدا با بمێنێ ، ژیانم پڕ لەڕەنجە و نامورادی ، قەت ناچی لەیادم ، بەیادی تۆوە شادم ) ئاماژەی پشت دروستبوونی حاڵەنۆستالیژییەکەن ، چونکە ئەو کەرەستەزمانیانە بەهۆی (خەم و حەسرەتی دووری (ئەو – یار)ەوە دروستبوونە ، لەهەمان کاتدا سۆزێکی تەواویان بەدەقەکە بەخشیوە ، کە بەهۆی ژیانی پڕ لە نامورادی شاعیرەوە بەرجەستەبوونە.

هەتا نێڵەی نەیە ئاورگی دڵ ،چەم پڕ لەنەم نابێ

هەتا نەم دانەبارێ تینی ئەم ئاورگە کەم نابێ

لەناو ئاورینگ و ئاونگا شەوم ڕادەبرێ بێ هەم دەم

بەڵێ شەوگاریی تەنیایی بەبێ فرمێسک و خەم نابێ

ستەمکاریی منی دوورخستەوە لەویارە شیرینەم

ئیتر من چۆن ڕقی زۆرم لەئازارو ستەم نابێ ( د:هێ، 2012، 261)

ئەم دەقە ، کەبەهـۆی دووری یـارو تەنیـایی شـاعیرەوە بـووە بەدەقێکـی تەواو نۆسـتالیژیی ، کۆمەڵێک وشەی کوردی پەتی لەخۆدەگرێ وەکو : ( نیڵە ، ئـاورگە ، نەم ، ئاورینک ، هەم دەم ....) ، دەردەداریی و تەنهایی شاعیر بەهۆی دوورکەوتنەوەیەتی لەیاری نـازەنین ، کە هەر ئەوە تووشی خەم و حەسرەتی کردووە ، بۆیە بەداخە لەو دوژمنەی بۆتە هـۆی دوورکەوتنەوە لەو نازەنینەی.

ئەرێ ئەی بەدری ئاسمانی جەماڵ

هیچ دەزانی چلۆنە حاڵی من ؟

شەو هەتا ڕۆژ لەکونجی تەنیایی

وەک هیلال ئاوەڵایە باڵی من

گیانە هێشتا کە دانەمرکاوە

ئاگری عیشقی توند و سەرکەشی من

لەشی گەرم و گوڕی دەوێ هەرشەو

بۆیە وا ئاوەڵایە باوەشی من ( د:هێ،2012، 263)

هـێمن وێنەیەکـی ڕوونبێـژی جـوانی دروسـتکردووە ، بەهـۆی خواسـتنی وشـەی (بەدر ) و بەکارهێنانی لەبری یارەکەی ، ئەوە ڕوونە بنەچەی وشەکانی ( بەدر – هیلال – جەمـال – حـاڵ – عیشق ) هیچیان کوردی پەتـی نین ، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەمەش لەپاڵ وشـە و دانە زمـانییە کوردییەکاندا جوانییەکی تەواویان بەدەقەکە بەخشیوە ، بەهۆی شێوازی دەربڕینیانەوە .

هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانەی بێگانە، لەنێو دەقەکان دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ ڕایەکی هێمن خۆی کە دەڵێ : ( هـێمن زۆر بە توندی دژی ئەو هەوڵانە وەسـتاوەتەوە ، کە ویسـتویانە زمانە کوردییەکە تەنها خۆی بەسـنوری زمـانە نەتەوایەتیەکەوە ببەسـتێتەوە و دەرگـا بەڕووی زمانە بیانییەکان دابخات ، کە لە ئەنجامی دا زەرەر و زیـانێکی گەورە بەر زمـانە نەتەوایەتیەکە دەگەیەنێ )( سابیر ، 2006، 332) .

شـاعیر خەفەتبـارە و دەروونـی ئـاڵۆزە و پەریشـانە ، تەنهـایی تووشـی حـاڵەتی نۆسـتالیژیی کردووە ، بەتاسەوە ئارەزوو دەکات ، کەشـەوان لاشـەیەکی گەرم و گوڕ لەلایەوە بێ و خەمـی تەنهایی کۆتایی پێبهێنێ..

## 3-1-2-:ڕۆڵی هەستەکان لەدروستبوونی وێنەی هونەریی لەنێودەقە نۆستالیژییەکاندا

## 3-1-2-1 :  وێنەی هونەریی

چەمکی وێنەی شیعریی، ئاماژە بۆ (image) ی ئینگلیزی دەکات، کە هاوبەشە لەگەڵ ڕەگی ئەندیشـەدا (imagination) ، پەیوەندیەکی بەتیینیش هەیە لەنێوانیاندا، چونکە ئەندێشـە وێنە لەشیعردا بەرجەستە ئەکات و لەمەودای مەعریفیدا هاوبەشن.

(وێنەی هونەریی، جەوهەری شیعرە و گرنگترین ئامرازەکانی شاعیرە بۆگواستنەوەی ئەزموونە شیعریەکەی و دەربڕینی واقع)(احمد: 2022، 10) ، وێنەی شیعریی وەکو ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ بەکاردێت، کە ڕێگا بەرەخنەگر ئەدات، بەناخی دەقدا ڕۆبچێت و نهێنییەکانی جیهانی دەق ئاشکرا بکات، بۆیە وێنەی هونەریی وەکو کرۆکی هەمیشەیی شیعر تەماشادەکرێت، وێنە پێش ئەوەی شێوەیەک وەربگرێت پێویستی بە مانایەک هەیە کەتیایدا دەرکەوێت ، تا شاعیر بە شێوازێکی جوان و کاریگەر ڕێکی دەخات  بەوەی ، کە وێنەی هونەریی هەڵچوون و جووڵەیە ، پێش ئەوەی شێوەیەکی دیاریکراو هێڵکاری و ڕەنگ وئاماژە جێگیرەکە دروست بکات ، شاعیر تێیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زمان و شۆڕ بوونەوە هەیە لەناخیدا ، لەمیانەی شێوازو جۆری بەکارهێنانەوە ، چونکە وێنەی هونەریی ڕاستی ئەو داهێنانەیە ، کە گیان و هەست وسۆز و خەیاڵ تێکڕا پێکەوە دەدوێنێت ، ئەو لێکچواندن و هاوشێوەییەی ، کە لە دنیای خوازەییدا دەستی دەکەوێت ، کاریگەریی خۆی هەیە لە گەشەسەندنی ئیستاتیکای وێنەی هونەریی دا.

وێنە وەکو لایەنێکی گرنگ و بایەخداری شیعر ،هەر لەکۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و لێی جیا نابێتەوە ،چونکە ((لەو کاتەوەی شیعر هەبووە هەتا ئەمڕۆ لەسەر وێنە بنیات نراوە ، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانەوە ، ئەو وێنانە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر ، یان لە شیعری کۆن و نوێدا جیاوازییان هەبووە )) ( عباس: 1998، 230) ، مەبەستیش لە وێنە شیعرییەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر ، یان لە نێوان شیعری کۆن و نوێ دا، ئەوەیە ئەگەر تەماشای شیعری کلاسیکی بکەین ، دەبینین وێنەی شیعری زیاتر لەچوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە سەیر کراوە ،مەبەستیش لێی بۆ ڕازاندنەوە و لایەنی جوانکاری شیعرەکە بەکارهاتووە ، بەڵام ئەمە لەشیعری نوێدا ، وێنە شیعرییەکان لەچوارچێوەیەکی فراوانتردا بەکارهاتوون و پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە ، کە بۆتە هۆی ئەوەی بەیەکێک لە دیارترین بنەما گرنگەکانی داهێنانی دەقی شیعری دابنرێت و پرۆسەی  داهێنانی دەقی شیعرییان پێ تەواو بکرێت سامان جەلال لەنامەی ماستەرەکەیدا پێی وایە : ((شیعری نوێش وردە وردە

بەرەوئەوە چوو لەبری ئەوەی بەوشە گوزارشت بکات بەوێنە دەربڕینەکانی ئەنجام بدات ، نەوەک وەک ئامرازێکی ڕازێنەرەوە سەیری بکات))( عزیز : 2022، 34).

وێنەی هونەریی لە سادەترین پێناسەیدا ، بریتییە لە :(( وێنەیەکی هونەری بە وشە کێشراو )) ( علیان : 21،2015) ، بەڵام ئەمەبەس نییە ! بۆ ناساندن و پێناسەکردنی وێنەی هونەری ، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا شاعیر لەڕێگەی سۆزو ئەندێشەی قوڵ و بەکارهێنانی وەسف و لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکەوە ئەو وێنە هونەرییە بخوڵقێنێت ! وێنەی هونەریی نواندنێکی وێنەییە، پێکهاتەیەکی ژیری وسۆزییە، لە ساتەوەختێکدا ئاراستە دەکرێت ، کە بیروڕا جوداکان یەک بخات، واتا : وێنە بیرو سۆز یەک دەخات ، لەشێوەی دەربڕیندا کرداری گواستنەوە ئەنجام ئەدات بەو پێیە یەکگرتنی بیرو سۆز بەوێنەوە شتێکی جیاواز نییە و ڕاستیەکی ڕەخنەیی نەگۆڕە ، کەواتە : وێنەی شیعری هۆکارێکی هونەری گرنگە بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شیعر .

بەواتایەکی تر، مەبەست لە وێنە ئەوەیە: کە بەهۆی ڕازاندنەوەی واتاوە ، لە بیرو ئەندێشەی شاعیردا دەخوڵقێت ، وێنەی هونەریی دەربڕی ئەو هەست و سۆزە شاراوەیەی دەروونی خودی شاعیرە ، کە بەهۆی وشە بەدوای یەکدا هاتووەکاندا لەڕێگەی زمانەوە دادەڕێژێت ، ((کە لە پێناو مەبەست و واتایەک بەکاردەهێنرێت ، کە ڕەنگە نەتوانرێت ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ بکرێت ، واتا شاعیر وێنە هونەرییەکە لە مێشکیدا هەڵدەگرێت ))،(گەردی :2004، 262) دواتر لەگەڵ هەست و سۆزو ویژدانیدا تێکەڵدەکرێن و لەڕێگەی ئەندێشەوە وێنەیەکی تازەیان لێ دروست دەکرێت ، دروستکردن و داهێنانی وێنەش ، جا بەهۆی هەرچییەکەوە بێت ، ((دەوەستێتە سەر توانای خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەو شاعیرە و ڕادەی کاریگەریی و کارلێکردن و وەرگرتنی ئەو دیمەنەی کە شاعیر بەهۆیەوە وێنە هونەرییەکە دادەڕێژێت ، ئەمەش بەواتای ئەوەیە ، کە ئەو وێنەیەی بەهۆی ئەندێشەوە دروستی دەبێت ، کۆی وێنە واقیعییەکە نییە ، بەڵکو جۆرە قوڵبوونەوە و داهێنانێکی تێدایە ، بەهۆی ئەوەی ، کە هەست و سۆزی شاعیری تێدا دەتوێتەوە ،هەروەها لەگەڵ دیاریکردنی ئەو شتەش کەشاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت ))( حمە : 2010، 6)، ئا لێرەشدا گرنگی و بایەخی ئەندێشە لە خوڵقاندنی وێنەی هونەریی دا دەردەکەوێت ، هەر لەم بارەیەوە (کامیل حەسەن بەصیر) دوو جۆر وێنە دیاریدەکات و پێی وایە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئەندێشەوە هەیە ،کاتێک دەڵێت : (( یەکەمیان وێنەی ڕاستەوخۆیە ، کە بەتەنها واتای ڕاستەوخۆی وشەو دەربڕینەکان خۆیان دەگەیەنن ، بێ ئەوەی پشت بەزانستی ڕەوانبێژی بەسترابێت ، دووەمیان: وێنەی هونەری ، کە بریتین لەو وێنانەی کە بەمەبەست و بە شێوەیەکی کارامە و هۆشیارانە ئەنجام دەدرێن ، بەهۆی بابەتەکانی خوازەو خواستن و

درکەوە ، کەبەهۆی زمانی دەربڕینی ئەندێشەوە سازدراون ، بێگومان هەردوو جۆری وێنەکەش ، ڕاســـتەوخۆ پەیوەنـــدییان بە ئەندێشـــەوە هەیە )) (بصـــیر : 1987، 267) ، لەم ڕایەی کامـــل بصـیرەوە دەگەیـنە ئەو بـاوەڕەی ، کە شـاعیر هەر وێـنەیەک دروسـت بکـات دەبێـت تێکەڵـی ئەندێشەی بکات ! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی هونەری وەکو ئامرازێکی سـەرەکییە، کە ئاسـتی زمـانی شـیعری بەرز دەکاتەوە و وزەی زمـان دەبزوێنێت و لەنـاوەوە دەیتەقێنێتەوە و بنەمـای داهێنـانێکی بـێ سـنوری بۆدروسـت دەکـات ، چـونکە توانـای هەنگاونـانی هەیە بەرەو قـوڵایی وشەکان ، لە توانایدایە، کە لە واتا وەزیفیەکەیەوە بەرەو واتـایەکی فراوانتری هەنگـاو بنـێ ، کە پڕ بێت لەکـاری داهێنەرانە ، بەجـۆرێکی تـر دەتـوانین بڵێین : وێـنەی شـیعریی ، پێکهـاتەیەکی زمانییە بۆ وێنەگرتن ، واتـا ژێـری و سـۆزە خەیاڵاوییەکـان و پەیوەنـدی نێوان دوو شـت ڕێک دەخات ، کە بە گەلێک شێواز دەتوانرێ وێنەیان بکێشرێت ، لەڕێگای لێکچواندن ، یاخود جوڵەوە ، یان وێناکردن یاخود گۆڕینەوەی هەستەکان .

وێـنەی شـیعریی کـۆمەڵە ڕەگەزێـکە پێکهاتەیەکیـان درووسـت کـردووە ، زمـانیش یەکـێکە لەو ڕەگەزانە ، کە وێنەکە بەرجەستە دەکات، چونکە  وێنە لەهەسـت و سـۆزێکی قـوڵەوە هەڵـدەقوڵێ و هەوڵدەدات، کە لەنـاو ڕەمـزە زمانییەکانـدا بەرجەسـتە بێـت، ئەوەش ڕاسـتەوخۆ دەرچـوونە لە نەسەقی فەرهەنگی و نەسەقی ئەرکی لەپێکهاتەدا .

بەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە ((وێنەی شیعریی لە زیاتر لە ڕەگەزێکی وەکو ئەندێشـە دروست دەبێت، وەکو ڕەگەزەکانی ( زمان ، واقیع ، بیر ، سـۆز ، هەسـت و ئەندێشـە ...هتد )،کە هەسـت و ئەزمـوونی شـاعیر یەکیـان دەخـات ، بـۆ ئەوەی لە کۆتاییـدا توانـایەکی گوزارشـتییان لێـدەربچێت ، بە مەبەسـتی شـیکردنەوەی وێـنە ، هەر یەکە لە ڕەگەزەکـانیش ڕۆڵـی گرنـگ و تایبەتیان لە بنیاتنان و پێکهێنانی وێنەی شیعریدا هەیە ، و ڕەگەزەکان وەکو یەک گرنگن ، بـۆیە نابێت شاعیر لەکاتی دروستکردنی وێنەدا هیچ یەکێک لەم ڕەگەزانە فەرامۆش بکات ، ئەگەر بێت و یەکێـک لە ڕەگەزەکـان پشـتگوێ بخـرێن ، دەبێـتە هـۆی لاوازی ئەو ڕەگەزە لەوێـنەکەدا ، لە ئەنجامیشدا ناتەواوی لە بنیاتی وێنەکەدا بەرپا دەبێت ))(حمه کریم56,2017:) ، پێویسـتە شـاعیر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزەکان بکـات ، چونکە بەهەموویـانەوە وێنەیەک دروسـت دەکەن ، بیرۆکەیەک لەنێو دەقەکەدا هەڵدەگرن ، ئەرکی دەبڕین و شیکردنەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، ئەمەش دەکەوێتە سەر تواناو بەهرەو زیرەکی شاعیر.

شاعیرانی سنوری تێزەکەی ئێمەش،  گرنگییەکی زۆریان  بە وێنە فرەچەشـنەکان  داوە، چـونکە وینە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، وەک سـامان جـلال دەڵـێ : (( زۆر جـار وێنە بەلای هەنـدێک لەشـارەزایانی ئەدەب و ڕەخنەوە بەڕەسـەنایەتی شـیعرەوە دەبەسـترێتەوە، لەم بـارەیەوە نـازک

مەلائیکە باوەڕی وایە : نەبوونی وێنە لە ناو شیعردا زۆر جار لەجوانی و ڕەسەنایەتی لەدەست دەدات))( عزیز : 2022، 24) ، زۆر  وێنەی ناوازەی هونەریی لە شیعرەکانیاندا دەبینرێت ، زۆر بەدەگمەن شیعرێکیان دەبینرێ وێنەی هونەری تێدا نەبێت ، جا وێنەکان ڕاستەوخۆبن یان لە ڕێگەی هەستەکانی ( بینین ، بیستن ، بۆنکردن ، تامکردن ، بەرکەوتن ) ەوە، بن، لەناویشیاندا زۆرترین وێنەی هەستی( بینین و بیستن دەبینرێت).

ئەمەش بۆ ئەزموون و شارەزایی و تاقیکردنەوەی شاعیران دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا ، چونکە (( وێنەی شیعری وەکو هەموو هونەرێکی تر ، پێویستی بە بەهرەو ڕۆشنبیری و تاقیکردنەوەی کارکردن و چێژی پەروەردەکراوی تایبەتی و شارەزایی و قاڵبوون هەیە )) ، ( ڕەحمان : 2006 ، 42) .

ئەزموونی قوڵ و فراوانی شاعیران هۆکارێکن بۆ ئەوەی وێنەکان زیاتر بەهێزو کاریگەربن ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوێنە شتێکی ویژدانییە و پەیوەستە بەناخ و دەروونی شاعیرەوە ، پیرەمێرد و دیلان و هێمن  لە شیعرەکانیاندا وێنەی جوان و بە پێزو سەرنج ڕاکێشی وایان دروستکردووە ، کە زۆرترین کاریگەریان لەسەر لەدەروونی خوێنەر دروست کردووە ، ئێمە لەم پارەدا هەوڵدەدەین تەنها هەندێک لایەنی وێنەی هونەریی، کە بە هۆی هەستەکانەوە نەخشێنراون ، لەنێو دەقە نۆستالیژییەکانی شاعیرانی سنوری لێکۆڵینەوەکەمان بخەینەڕوو.

**3-1-2-1 - آ : ڕۆڵی هەستەکان لەدروستکردنی وێنەی شیعریی دەقە نۆستالیژیەکانی پیرەمێرد دا. :**

لەوەتەی شیعر هەیە ، وێنە وەکو ڕەگەزێکی کاریگەرو سەرچاوە و هۆکاری گەیاندنی بیری شاعیر بووە بەخوێنەر ، بێگومان دروستکردنی وێنەی شیعریی لەڕێگەی ئەندێشە و خەیاڵی شاعیرەوە پێویستی بەسەلیقە و لێهاتوویی هەیە ، بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش بێتە بەرهەم ، هەڵبەتە بەیارمەتی ڕەگەزەکانی تری وێنەی شیعریی بۆ ئەوەی چێژێکی تەواوی هونەریی بەدەق ببەخشێت .

ئەم پڕۆسەیەش شاعیر لەڕێگەی زمانێکی باڵا (میتا زمان) و یاریکردن بەوشەکانی ئەو زمانە باڵایەوە بە ئەنجام دەگات ، چونکە (( ئاشکرایە وێنەی شیعریی وێنەیەکی کۆپی کراوی شت و دیاردەکانی واقع نییە ، ئەندێشەی شاعیر بەجۆرێک ئاوێتەی وێنە گیراوەکە دەبێت ، کە لە دووبارەکردنەوەی واقع دووریدەخاتەوە و واقعێکی داهێنراومان بۆ دروست دەکات ))( کریم ، 2009، 32) ، بۆ دروستکردنی ئەم وێنە شیعرییەش توانا و ئەزموونی شاعیر ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.

پیرەمێرد توانا و سەلیقەیەکی بەرچاوی هەبووە لەپێکهێنان و دروستکردنی وێنە شیعرییەکانیدا ، بەجۆرێک زۆربەی جۆر و چەشنەکانی وێنەی شیعریی بوونیان هەیە ، شاعیر بەچەشنێک خەیاڵ و ئەندێشەیەکی داهێنەرانەی ئاوێتەی بیری وورد و جوان کردووە ، واتە : خەیاڵ و ئەندێشە لەڕێگەی زمانەوە وەکو ڕەگەزی سەرەکی وێنەی شیعریی ئیستاتیکایەکی جوانیان بەشیعرەکانی پیرەمێرد بەخشیوە .

شاعیر بۆدروستکردنی وێنە شیعرییەکانی سوودی لە سروشتی جوانی کوردستان و ئافرەت و خەم و حەسرەتی گەل و نیشتیمان بینیوە ، پیرەمێرد جگە لەوێنەی هەستی ، کە کرۆکی ئەم باسەمانە ، سوودی لەوێنەی خوازە و لێکچواندن و وێنەی سادە ....هتد بینووە ، بۆ نموونە : شاعیر لەدەقی (سەرچاوەی زەڵم ) دەڵێ :

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەی زەڵم

بۆچ بەهار لێڵی و پایز سەربەتەم

ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی

جێ بەخۆت ناگری وێڵی هەردانی (د:پ، 2001، 174)

لەم دەقەدا بەڕوونی خەم و حەسرەتی شاعیر دەبینرێ ، لەلایەک خەم و حەسرەتی سروشتی سەرچاوەی ئاوی زەڵم ، لەلایەکیش خەمی نیشتیمان ئاوێتەی یەکدی بوونە و حاڵەتێکی دیاری نۆستالیژییان بەدەقەکە بەخشیووە .

هەر بەو هۆیەوە وێنەیەکی جوانی لێکچواندن دروستبووە لەنێوان (دیمەنی جوان و ڕازاوەی سەرچاوەی (ئاوی زەڵم) ، کە ئەمیان بووە بە (لێچووە) ، لەگەڵ (بەختی کوردان ) ، ئەمیشیان (لەوچووە ) ، وێڵی و ناڕوونی و نادیاریی هەردووکیشیان (ڕووی لێکچواندنە ) ، بەم جۆرە وێنە لێکچواندنەکە دەرخەریی ئەو ڕاستییەیە ، کە پیرەمێرد خاوەن سەلیقەیەکی تەواوە لەبواریی دروستکردنی چەشنە جۆربەجۆرەکانی وێنەدا.

پیرەمێرد لەدەقی ( لەتیفەی جنسی لەتیف ) دا ، وێنەیەکی نۆستالیژیی سادەی دروستکردووە ، کاتێک دەڵێ:

دانیشتبووین لەگەڵ یار

من سەرمەست و ئەویش هۆشیار

بەتیلەی چاوی بیمار

دڵمی فڕاند بەیەکجار  ( د:پ: 2001، 12)

پیرەمێرد بەگەڕانەوە بۆ یادی ڕابردوو حاڵەتێکی  نۆستالیژیی خستۆتەڕوو ،  وێنە شیعرییەکە بەتەوایی سادە و ڕوونە ، کە یادی دیداری یار و کاتی مەستی و دوورکەوتنوەیە  لە جەنجاڵی ژیان ، وێنەکە زەمەنی ئێستای خستۆتە ژێر کاریگەریی ڕابردووەوە.

ئەم وێنانە و چەندین جۆری تری وێنە لەدەقە نۆستالیژیەکانی پیرەمێردا دەبینرێت ، بەڵام ئێمە مەبەستمانە ڕۆڵی وێنە هەستییەکانی نێودەقە نۆستالیژیەکان بخەیینە ڕوو، چونکە وەکو پێشتریش ڕوونمانکردەوە، هەستەکانی مرۆڤ کاریگەریگەرییەکی تەواویان لەسەر درووستبوونی وێنەی شیعریی هەیە ، لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی زۆریان بەدەروونی شاعیرەوە هەیە ، هەر ئەمەشە وا دەکات لەنێو دەقە نۆستالیژیەکاندا زۆرترین وێنەی هەستی ببینرێت.

پەڕەندەش لەسەر لقی درەختان

هەریەک ئاوازێ ئەڵێن بۆ بەیان

کەو قاسپەقاسپ، کۆتر بەهاق هاق

لە دڵ دەرئەکەن مەینەت و فیراق ( د:پ : 2001، 323)

لێرەدا دەبینین پیرەمێرد حەزو و ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆسروشت و باڵندە و دەنگی کەو کۆتر ، ئەم ئارەزووە پیشاندەر و بەدیهێنەری حاڵەتە نۆستالیژیەکەیە ، شاعیر لەڕێگەی هەستی بینین و بیستنەوە ئارەزووی بینین و بیستنی دەنگی کەو و کۆتر دەکات ،  سۆزیش کاریگەریی لەسەر دروستبوونی وێنە هەستییەکە هەیە ، کەواتە: هەستەکانی پیرەمێردیش ڕۆڵی سەرەکی لە درووستبوونی حاڵەتە نۆستالیژیەکە دەبینن .

منیش لەداخی ناسازی زەمان

لەجێدا کەوتووم بێ دەست بێ زمان

ڕەنگ زەرد و لاواز ، بێ یار ، بێ غەمخوا

عەیشم لا تاڵە وێنەی زەهری مار   ( د،پ : 2013،  45)

پیرەمێرد بەستایلی زمانە سادەکەی خۆی ، حاڵەتێکی نۆستالیژیی ڕوون و ئاشکرای لەدەقەکەدا گەڵاڵە کردووە ، دەقەکە کەوتۆتە ژێر سێبەری نۆستالیژیایی دووری یار و گلەیی (لەڕۆژگاری ئێستا) ، بێ ئومێدی و ڕەشبینی باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە ،کە لەم دەربڕینانەدا دەردەکەوێ: ( لەجێدا کەوتووم ،بێ دەستم ، بێ زمانم ، ڕەنگ زەردم ، لاوازم ، بێ یارم ، بێ غەمخوارم، عەیشم تاڵە).

هەستەکانی ( بینین و چەشتن) ی ، شاعیر فاکتەرێکی تەواوی دروستبوونی حاڵەتە نۆستالیژییەکەن .

دواتر شاعیر جگە لەسودوەرگرتن لە هەستەکان ، وێنەیەکی لێکچواندنی تەواویی دروستکردووە لەنێوان ( زەهری مار و ژیانی ئێستای) بە جۆرێک ژیانی ئێستای بەهۆی ناسازی و خراپەوە بە زەهری مارچواندووە.

یاخوا ئەو کەسەی کە ئەم دوو ساڵە

لێم کەوتە گیزە وەک زەردەواڵە

نەیهێشت ئاگری یارە بگرێ

چەقۆی ئاهی من جەرگی هەڵدڕێ

بەنەشئەی بەهار لەومێرغوزارە

کۆئەبوونەوە خەڵکی ئەم شارە

سەیری شیرینی وڵاتیان ئەکرد

داخی زستانیان لەدڵ دەرئەکرد ( د،پ:2013 : 51)

حاڵەتە نۆستالیژییەکە، بەهۆی لێ قەدەغەکردنی پیرەمێردەوەیە ، لەکردنەوە و یادکردنەوەی ئاگری نەورۆز لە گردی مامەیارە ، خەم و حەسرەتی شاعیر لێرەدا لەنێوان کاتی ( ئێستای پڕ لەحەسەرەت و ڕابردووی ئاسودەوە ) سەرچاوەی گرتووە ، کەبۆتە هۆی دروستبوونی چەند وێنەیەکی هەستیی جوان، شاعیر بەهۆی گەڕانەوە بۆ یادی ڕابردوو، لەدروستبوونی وێنەی سۆزداریەکانیدا سوودی لەهەستەکانی (بینین و بیستن و بەرکەوتن ) بینیووە ، هەرئەمانە نا ! بەڵکو پیرەمێرد وێنەیەکی لێکچواندنی لەنێوان (ئەو کەسەی لێی کەوتە گیزەگیز و زەردەواڵەدا) دروستکردووە ، بەجۆرێک:

ئەو کەسە(بەدکار) = لێچوو

زەردەواڵە = لەوچوو

وەک = ئەوزارە

گیزەگیز = ڕووی لێکچواندنی نێوانیانە

پاشان پیرەمێرد وێنەی دڵفڕێن و جوانی وڵاتی کێشاوە، کاتێک وشەی (شیرین) دەخوازێت بۆ جوانی و قەشەنگی نیشتیمان ، کەواتە : وێنە هەستیەکان کەرەستەیەکی دەوڵەمەندن بۆ دروستکردنی دەقە نۆستالیژیەکان.

بەهارمان بۆ هات بەڵام بەبرسی

کەس لەسەیران و شایی نەپرسی

ساڵان هەرباسی گوڵ و گوڵزار بوو

نەشئەی نێرگزی دوودیدەی یاربوو

بانگی بلبل بوو لەسەرچڵی گوڵ

تەمی زستانی ئەڕەوان لەدڵ ( د،پ:2013 : 332)

شاعیر بەزمانی سادە و ڕەوان گلەیی هەیە ، خەم و حەسرەتی ئێستا و ڕابردوو کردووە بەو ئەزموون و کاتە پڕ لەجوانییەی، تاکو قەرەبووی ئێستای پڕ لەناسۆر و بێ ئومێدی بۆبکاتەوە ، هەستەکانی شاعیر وێنەی ساڵانی ڕابردووی پڕ لەگوڵ و گوڵزاریان بۆکێشاوە ، (بۆنی نێرگس ئاسا و یادی دووچاوی خوماریان ) بەبیرهێناوەتەوە ، هەستی بیستنیش ئاوازی بولبولی خۆشخوانیان هێناوەتەوە یادی شاعیر ، کەمژدەی ڕەوینەوەی زستانیان بۆ هەمووان دەگەیاند ، هەستەکان بوونە بە ئاوێنەی ئەندێشە و خەیاڵی شاعیر ، هۆکارێکن بۆ یادی ڕابردوو و درووستبوونی حاڵەتە نۆستالیژییەکە.

شەماڵ دێنێتە گوێم دەنگی مناڵانی قوتابخانە

نەشیدی میللیان لاهوتییە قوتی دڵ و گیانە

هیوام پێیانە ئەم دەستە کوڕانە مەشخەڵی هەڵکەن

لەتاریکی نەزانیندا بەزانستی وەتەن دەرکەن ( د،پ:2013 : 69)

واقیعی ژیانی شاعیر،کە خۆی لەو بارودۆخە گەشبینییە دەبینێتەوە، کە پیرەمێرد هەیەتی ، هیواو ئومێدێک لەدەروونییدا دروست بووە ، کەپێی وایە داهاتووی میللەت بەرەو باشتر دەچێت ، ئەگەر نەوەی ئێستا گرنگی بەزانست و زانیاری بدەن ، خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر بەسوود وەرگرتن لەهەستی بیستن ، نۆستالیژیای داهاتوویی باشتریان دروستکردووە ، ئەو پەیوەندییەی هەستی شاعیر هەیەتی بەنۆستالیژیاوە ، بەهاوکاری ڕۆڵی خەیاڵ ئارەزووی سەردەم و بارودۆخێکیان لەدەروونی شاعیردا بەرپاکردووە ، کە لەڕابردوو باشترە ، ئێستاشیان کردووە بە ئامرازی باشترکردنی داهاتوو.

<u>ساخوایە هەڵکەی</u> کزەی شەماڵێ

هەوای ژەنگی غەم لەدڵ بماڵێ

<u>ئای</u> بۆدەنگ خۆشێ لەگەڵ شمشاڵێ

بەئای ئایەوە ئیتر بۆم بناڵێ

دەردم کاریە و جەرگم برینە ( د،پ:2013 : 109)

پیرەمێرد حەز و ئارەزووی کزەی شەماڵ دەکات ، بۆ ئەوەی خەم و حەسرەت لە دڵ دەربکات، ئەم ئارەزووخواستنە ، دەقەکەی کردووە بە دەقێکی نۆستالیژی ، سوود وەرگرتنی شاعیر لە ڕەگەزەکانی سروشت بەهۆی خراپی بارودۆخی ئێستاوەیە ، کە لەڕابردوودا هۆکاربوونە بۆدڵنەوایی و ئاسودەیی دەروون ، گلەیی شاعیرش لەبارودۆخی ئێستا و دروستکردنی وێنەی سۆزداریی بەهۆی هەستەکانەوە، بەئاواتی باشتربوونی ئاسوودەیی دەروونە ، بۆیە ئەیەوێ سوود وەربگرێ لەو ڕەگەزانەی سروشت ! شاعیر لەڕێگەی پەنابردن بۆ خەیاڵێکی دوور و بەکارهێنانی هەستەکانی ، ئەیەوێ لەو واقیعە تاڵەی ئێستا ڕزگاریی ببێت ، ئەم وێنەیە بۆتە هۆی ئەوەی ، کەسۆز و خەیاڵ بەتۆکمەیی بەیەکەوە ببەسترێن ،لەهەمان کاتدا پاڵپشتێکی باشن بۆ هەستی بیستن و بینین ، لە دروستکردنی وێنە نۆستالیژییەکەدا.

### 3-1-2-1 - ب : ڕۆڵی هەستەکان لەدروستکردنی وێنەی شیعریی لە دەقە نۆستالیژیەکانی دیلانەدا

وێنەی شیعریی ، بەشێوەیەکی گشتی تەنیا بە پیشاندانی ئەوەی لەواقیعدا هەیە خۆی سنوردار ناکات ، کە بە هۆی بەرجەستەکردنی هەست و نەست و ناوەڕۆکی هونەریی و ئەدەبی لە دەروونی شاعیردا بەرهەمێکی خولقێنرا و داهێنەرانەی لێبەرهەم دێ، بەڵکو سنوری واقیع تێدەپەڕێنێ ، لەبەر ئەوەیە دەوترێ وێنەی شیعریی ، بەهایەکی دیاری گشتگیر و تەواوی

هەموو ڕووداو و لایەکی ژیانی مرۆڤ دەنەخشێنێ ، بەهاوکاریی بیرو سۆز وئەندێشە و زمان ، واتە : ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریی ( بیر و سۆز و زمان و ئەندێشە ) بەشدارییەکی تەواو لە پێکهێنان و دروستکردنی وێنە فرەچەشنەکان دەکەن ، لاوازیی هەریەکێکیش لەوڕەگەزە بنەڕەتییانەی وێنەش دەبێتە هۆی لاوازی وێنە شیعرییەکە .

جۆراو جۆری ژیانی مرۆڤ ، بۆتە هۆی فرەچەشنی وێنەی شیعری لای شاعیر ، کە خۆی لەوێنەی تاک و وێنەی گشتی دەبینێتەوە ، ڕووداوەکانی دەوروبەری شاعیر کاریگەریی لەسەر هەست و نەست و سۆزی شاعیر دەکەن و ئەزموون و زانیاریی زیاتریان لێوە وەردەگرێ، شاعیریش لەڕێگەی هەستەکانەوە بەیارمەتی زمان وێنەی جوان و قەشنگ دەکێشێ، کە جیاوازتر و داهێنەرانەترن لەوێنەی واقیع.

دیلان وەکو شاعیرێکی دیاری گەلەکەمان توانا و شارەزاییەکی تەواوی لەدروستکرنی وێنەی شیعریی جۆربەجۆر هەبووە ، لەبەشێکی زۆری دەقە نۆستالیژییەکاندا ، بەهۆی بەکارهێنانی هەستەکانیەوە چەندین وێنەی جۆراوجۆری( تاک و گشتی ) نەخشاندووە ، هەندێ کاتیش هەستەکانی کردووە بە ئامرازی ئاوێتەکردنی چەندین وێنەی ڕوونبێژی و جوانکاریی.

دیلان لەڕێگەی هەستەکانیەوە حەز و ئارەزووی شتەمادییەکانی دەوروبەری دەکات ، هەستەکانی کردووە بە پردێک بۆ گەیشتن بەوەی لەناخەوە ئارەزووی دەکات ، سوود وەرگرتنی دیلان لە کەلوپەلە مادییەکان و سروشت ، لەدیدگاو و بیری خۆیدا بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین دەقی نۆستالیژی لەنێوان کاتی ئێستا و ڕابردوودا ، ئەو حەزو خۆزگە و حەسرەتەی شاعیر بەیارمەتی خەیاڵ و یادگە و هەستەکانی چەندین وێنەی نۆستالیژیان دروستکردووە.

هۆ کیژی جوان ، هۆ کیژی جوان

ورد وەرە پێش نەرم و نیان

مەیبڕەوە حەیرانی دڵ

باسۆزی لاوک بێتە کوڵ

ژێربەڕووبێ شوێنی گوفتار

بۆم مۆڵدە ڕانی بەرخ و کار

بێ ، سەرێ کەمە سەر ڕانت

چاو ببڕمە هەر دوو چاوانت

دەم بخەمە سەر گوڵمی گەش

تۆزێ دەرچێ هیلاکی لەش

ئەوسا تین یەتەوە گیانم

پێی ساڕێژ ئەبێ زامانم

لێی ئەدەم بەفووی دوولێوان

هەی هاوار سەد ئامان (د:دی،2013، 106)

حەز و ئـــارەزووی نۆســـتالیژیی دیـــلان، لەدەقەکەدا بەشـــێوەیەکی تەواو ڕوون و ئاشـــکرا دەرکەوتـووە ، شـاعیر لەڕێـگەی کرداریـی داخـوازیی (وەرەپـێش) ەوە ، ئـارەزووی گەیشـتن بەدیداری ئەو کچەکە ناشارێتەوە ، بەتاسە و حەسرەتەوە ئارەزووی گەیشتن دەکات بە کیژی جوان، تاکو لەجێی ژواندا تۆزێک بحەسێتەوە.

دیـلان بەیـارمەتی هەسـتی ( بینـین و بیسـتنەوە ) وێنەیەکـی جـوان و سـۆزاوی دەکێشـێت ، بەجۆرێک ئەو ئارەزووە زۆرەی شاعیر بۆ گەیشتن بەدیداری کیژی نازەنین نۆستالیژیی بوونی دەقەکەی یەکلایی کردۆتەوە .

شاعیر سەرەتا هەستی بینین بەکاردەخات، بەهۆی ئاوەڵناوی (جوان )ەوە ، وەکو وەسفێک بۆ کیژ، دواتر بەسوود وەرگرتن لە هەستی بیستن و بەیارمەتی دانە زمانییەکانی ( با حەیران و لاوک نەبڕێتەوە ) بۆ ئەوەی لەژێر سێبەری داربەڕوودا تۆزێک (کەمێک) ببێتە هۆی ڕەوینەوەی خەم و حەسـرەتی دەروون ، دەربڕینەکـانی ( چـاو ببـڕمە هەر دوو چـاوت ) ئامـاژەیەکی تـری سوود وەرگرتنە لە هەستی بینین ، پاشان ئارەزووە خەفەکراوەکانی دیلان ڕادەگەیەنرێ و ئەوە ناشـارێتەوە ، کە ئـارەزووی مـژین و مـاچکردنی لێـو و کـوڵمی یاردەکـات ، تـاکو برینەکـانی سـاڕێژبن، بێگومـان ئەم وێنەیەش بەیارمەتی هەسـتی بەرکەوتنەوە بەرجەسـتە بـووە ، بەمەش پەیوەنـدیەکی بەهێـز لەنێوان هەسـتەکانی شـاعیر و حـاڵەتی نۆسـتالیژیادا دروسـت بـووە بـۆ نەخشاندن و دروستبوونی وێنە شیعرییەکانی دەقەکە.

ئەی بولبولی شەوانی بێدار تابەری بەیان

تۆبۆمن منیش بۆتۆ ئەبین بەنیشان

ئەوا ئێستا پێچەوانە من لەجیاتی تۆ

لەقەفەزدام ئیشک چێتیم گرتۆتە ئەستۆ

بۆم بخوێنە منی نەخۆش منی دەردەدار

چەشی ئێش و ناهەمواری هاوڕێمە ئازار

ئەی گوڵەکەی ڕەنگ پەمەیی سەرداری ژاڵە

وەک بیستومە ڕەنگ شیرین و چێشتنت تاڵە

بەڵام تاکو ئەم قسەیە کامە عەشقی گوڵ

توانیوێتی دەستی نیاز بێنێتە سەر دڵ

کام عەشق و کام پەرۆشی ڕوخساری شیرین

گەیشتۆتە هیوای سەواداو ئامانجی زێڕین

ئیتر باتۆ تائێوارە بەم تام ناخۆش بێ

کە بەشێوە جێگای سەرنج سەرمایەی جۆشبێ

تا ئەو ڕۆژەی چوار ئێسکەکەم ئەخرێتە ناوچاڵ

بۆ گوڵی ڕووت ئەسوتێم ئەبم بەزوخاڵ (د:دی،2013، 166)

دەقە نۆستالیژیەکە ، لەنێوان کاتی (ڕابردوو – ئێستا – داهاتوو) دا ، پڕە لەگەشبینی و ڕەشبینی ، زیندان هۆکاری ڕەنگرێژکردنی دەقەکەیە بەخەم و حەسرەتی شاعیر ، هەستەکانی شاعیر ، چەند وێنەیەکی ڕوونبێژی و جوانکاریی واقعییان دروستکردووە .

بۆ نموونە : شاعیر (ڕووی یارەکەی بەگوڵ چواندووە) ، (درککردن بەشەو لەڕێگەی هەستی بینینەوە) (حەز و ئارەزوو خواستن بۆگوێگرتن لەدەنگی یار) و(هەستکردن بە چەشتنی ئازار و دەرد) ، (درککردن بەڕەنگی پەمەیی سەرداریی ژاڵە) و (سوود وەرگرتن لە وشەکانی ( شیرین و تاڵ و تام ناخۆشەکان ) ، دەرخەری ئەو ڕاستییەن ، کە شاعیر سوودی لەهەستەکانی ( بینین و بیستن و تامکردن و بەرکەوتن و بۆنکردن ) وەرگرتووە ، بۆ پیشاندانی ئەو خەم و حەسرەتەی هۆکاری دروست بوونی وێنە شیعرییەکانی حاڵەتە نۆستالیژیەکەن .

بەواتایەکی تر، شاعیر پەیوەندیەکی تەواوی دروستکردووە ، لەنێوان هەستەکانی خۆی و ئەو حەز و خۆزگەیەی بەرهەمهێنەری حاڵەتە نۆستالیژیەکەیە.

وێڵم بەدووی پرشنگێکا گەش و ئاڵە

بەدووی ئاوازی زەنگێکا زۆر زوڵاڵە

لێم دیار نییە پرشینگەکەی ناگاتە جێم

لێم ونە زرەی زەنگەکەی نایاتە گوێم (د:دی،2013، 169)

کاتی ئێستا ! هەستەکانی دیلانیان کردووە بە ڕەگەز و پێکهاتەیەکی لەبار بۆ گەیشتن بەوشێوە و دەنگەیکە ئێستا ونە ! بەجەشنێک ئێستا لە خۆزگە و ئارەزوویەک زیاتر نییە لای شاعیر.

دیلان بە ئاشکرا بەهۆی وشەی ( وێڵم )ەوە ،دەقەکەی پڕکردووە لە حەزی نۆستالیژیی .

هەستەکانی بیستن و بینین فاکتەر و پاڵنەریی خۆزگە و ئارەزووەکەی شاعیرن ، بەجۆرێک چاو وێڵ و عەوداڵی پرشینگێکی گەش و ئاڵە ، هەستی بیستنی شاعیریش تامەزرۆی دەنگ و ئاواز و لەرەی ئەو دەنگەیە ، کە زەنگەکەی وەکو یادێک لە گوێچکەی شاعیردا بوونی ماوە ، پەیوەندی هەستەکان و حاڵەتە نۆستالیژیەکە زادەی ئەندێشە و خەیاڵێکی قوڵن.

(گوڵی ئاوات)

ئەی گوڵی ئاوات ،گەشەت بێ و پێبکەنە

نەختێ نرخ و فەڕ بدە بەم چیمەنە

گیان پەرۆشی بۆنی ئێوارانتە

سەرپەرێشانی پیاڵەی گوڵشەنە

بۆمژی جامی لەبا لەب ئاڵتە

لێوی ناسۆرم بەبارو وشکەنە

بۆکز و سیس و لول و بێ گەشەی

ریشەیی تۆرا و تاڵیت هەڵکەنە

کوا لەکوێیە بولبولی سەودا سەرت

بۆچی بێ ئاواز و یۆزی دەگمەنە) (د:دی،2013، 173)

حـاڵەتی نۆسـتالیژیی لەدەقەکەدا، سـوودی لەهەمـوو کەرەسـتە و پێکهاتەکـانی سروشـت و دەوروبەر وەرگرتـووە، دانە و کەرەسـتە زمانیەکـانی (گـوڵی ئـاوات )، کە بـۆ خـۆی وێنەیەکـی خوازەییە ، چونکە دانەی زمانی (وشەی گوڵ) بۆ واتـای بنەڕەتی خۆی بەکارنەهـاتووە ، دواتـر دانە زمانییەکانی (حەزی پێکەنین ، چەمەن ، بۆنی ئێواران ، تامی پیاڵەی گوڵشەن ، مژینی لەبی ئـاڵ ، کـزی و سیسـی ، بـێ ئـاوازی) لەلایەک کەرەسـتە و هۆکـاری دروسـتبوونی حـاڵەتە نۆسـتالیژییەکەن ، لەلایەکـی تـریش هۆکـاریی دروسـت بـوونی پەیوەنـدی دوو لایەنەی نێـوان هەستەکانی شاعیر و دەروونی پڕ لە حەسرەتی بارگاویی بەحاڵەتی نۆستالیژیین .

بەجۆرێک هەستەکانی شاعیر کۆمەڵێ وێنەی جوانیان دروستکردووە لەنێوان کاتی ( ئێستا و ڕابردوو ، ئێستا و داهاتوو) ، کە بێگومان ئەمەی دووەمیان خەم و حەسرەتی زیاتری بەدەقەکە بەخشیوە و سۆزێکی تەواوی شاعیریان بەرجەستەکردووە.

هەناسە ڕەشە ، هەست پلێشاوە

بانگیش لەبەربین قورگا خنکاوە

پێست بەسەر ئێسکا قرچ هەڵگەڕاوە

لەشە ، جنراوە ..... سەرەبڕاوە

لەکوێیە شەراب لەکوێیە شەراب

بۆ لە ئێمە بوو بەرێچکەی سەراب ....؟!

ئەبێ لەکوێ بێ بۆن و بەرامەی

ئەو ڕەنگە ئاڵەی ئەوتفتە تامەی

ئەبێ لەکوێ بێ درەوشەی سووری

ڕووناکی تیشک و بلێسەی دووری (د:دی،2013، 273)

دیلان وێنەیەکی هەستی جوانی دروستکردووە بەهـۆی پەنـابردن بـۆ دەسـتگیرکردنی شـەرابی (ڕەنـگ ئـاڵ و تفـتە تـامەوە ) ، ئەمەش لەپێنـاو ڕەوانـدنەوەی ئەو خەم و حەسـرەتەیە ، کە لەدەروونیدا دێت و دەچێت و پەرێشانی کردووە .

ئەگەر چی زمان خزمەتێکی باشی دەقە نۆستالیژیەکەی کردووە، لەڕێگەی چەند دانەیەکی ڕەمزیەوە ، بەڵام وێنەکانی ( هەناسەی ڕەش ، هەستی پلیشاوە ، خنکاندنی بانگ لەبەربینی قوڕگا ، پێستی هەڵقرچاو ، لاشەی سەربڕدراو ) ، بەیارمەتی هەستی ( بیستن و بینین و بەرکەوتن ) خەیاڵێکی قوڵیان لەدەقەکەدا گەلاڵە کردووە ، خەم و ڕەشبینیان کردووە بە مۆتەکەی نالەبار لە دەروونی شاعیردا ، بۆیە شاعیر پەنادەباتە بەرهەستی (تامکردن و بۆنکردن ) ، لەپێناو ڕەوینەوە و لەبیرکردنی ئەوخەم و حەسرەتەی دەروونیان هەراسانکردووە. ئەندێشەیەکی داهێنەرانە و خەیاڵێکی قوڵ پەیوەندی نێوان هەستی پڕسۆزی شاعیر و حاڵەتە نۆستالیژییەکەیان فراوانتر کردووە ،

### 3-1-2-1 ـج : ڕۆڵی هەستەکان لەدروستکردنی وێنەی شیعریی دەقە نۆستالیژیەکانی هێمندا"

وێنەی شیعریی سەرچاوەیەکی گرنگی ئەزموونی شیعرییە ،بە هۆیەوە شاعیر ئامانج و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت ، ڕەگەزەکانی هەست و سۆز و ئەندێشە و بیر ، کاتێک یەکدەگرن وێنەیەکی خەیاڵی جوان بەخوێنەر دەگەیەنن ((شاعیر لەڕێگای وێنەوە گوزارشت لەوشتانە دەکات ،کە لەدەروون و ناخیدا پەنگیان خواردۆتەوە ، تابتوانن لەچوارچێوەی شیعرێکدا بیگەیەنن بە وەرگری دەقەکە ))(حمەکریم : 2017، 17)، لەبەر ئەمەیە دەوترێت : وێنەی شیعریی لەگرنگترین ئامرازە، کە شاعیران لە بونیادی دەقەدا بەکاریدەهێنن بۆ گەیاندنی تێڕوانینەکانیان. هەر ئەمەشە وادەکات بەهۆی وێنەوە هەست و سۆزی خۆی لەشێوازێکی هونەریدا بخاتەڕوو،لەهەمان کاتدا ((وێنەی شیعریی ئەرکی ئەوە نییە ، کە زانیاریی و ووردەکاری ئەو بابەتانە باسبکات ،کە شاعیر لە بەرهەمەکەیدا دەیانخاتەڕوو))(والی : 2015،175) .

واتە : وێنەی شیعریی خەریکی ووردەکاریی ڕوکاری بابەتەکان نابێت ، وەک ئەوەی لەپەخشان و شیکردنەوەی زانستیدا باسدەکرێت ، بەڵکو وێنەی شیعریی ئاماژە بۆ واتای هۆشەکی دەکات ، بەجۆرێک شاعیر دەیەوێ بەئاماژەی پشت وێنە شیعرییەکان خوێنەر تێبگەیەنێت.

هێمن سەرباریی باگراوندی زانستی و کەسی خۆی ، چەندین هۆکاری تایبەتی و گشتی هەن بوونەتە مایەی داڕشتن و ڕازاوەیی وێنە شیعرییەکانی ، بۆ نموونە : یەکێک لەوانە سەرچاوەی خودی و ئەزمونی خودییە ، کە ئەمیش ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەی ، کە لە ژیانی شاعیردا ڕوویانداوە دەبنە کەرەستەی وێنەکان، هێمن هەر لەتەمەنی گەنجییەوە چۆتە نێو کۆڕی خەبات و تێکۆشان و سیاسەت ، لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەی و گەیشتن بەخۆری ئازادی و سەربەستی گەل، لەو پێناوەشدا باجی زۆری داوە ، تووشی ئازاری جەستەیی و دەروونی

زۆربووەتەوە ، بەجۆرێک بەشێکی زۆری تەمەنی لەو پێناوەدا لە ئاوارەیی و غەریبیدا دوور لەدیداری ئازیزانی بەسەربووە .

بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری وێنەی دەقە نۆستالیژییەکانی هێمن ، هەڵگری خەم و حەسرەتی دوورین (دووری زێد- دووری یار ، دووری ئازیزان) .

هەر ئەمەشە وادەکات هەستەکان بەیارمەتی سۆز و ئەزمونی خودی ، چەندین وێنەی کاریگەر و ڕازاوە بگەیەنن بەخوێنەر ((وێنەی شیعریی لەشیعرەکانی هێمندا تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە و خاوەنی ناسنامە و سەربەخۆیی خۆیەتی ، جیاوازە لە هی شاعیرانی تر ، هێمن لە ڕێگای وێنەو دیمەنە ڕەسەنەکان و نیشاندانی پەیوەندی ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە ، بەو وێنانە جیهانێکی هەستپێکراو دەنەخشێنێ ))(فتاح : 2013، 203) ، سەرباری جۆراوجۆری وێنەکان لە شێوەی وێنەی سادە و لێکدراو و لێکچواندن و خوازەیی و ڕەمز و ئەفسانە لەشیعری هێمندا .

بەڵام وێنەهەستییەکان لە دەقە نۆستالیژییەکاندا کاریگەرترین و دیارترینی وێنەی شیعرین، ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بە باروودۆخی ئاوارەیی و غەریبی شاعیرەوەهەبێت ، کە زۆرجار لەڕێگەی درکاندنی هەستەکانی خۆیەوە بارودۆخێکی گشتیش دەخاتەڕوو.

خۆشەویستی گەل و نیشتیمان وایلێکردووە ، وێنە شیعرییەکانی بکاتە ئاوێنەیەک بۆ سروشت و کەلتوری زێدی خۆی ، بەڕوونی باروودۆخی نالەبار و سەختی میللەتەکەی بوونە بە کەرەستەیەکی باش بۆدروست بوونی وێنەی دەقە نۆستالیژیەکان بەگشتی .

خستەنەڕووی خەم و ئازاری میللەت و بارودۆخی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و دووری لەزێدی خۆی و خەم و حەسرەتی یار و ئازیزانی ، سیمایەکی دیاری وێنەی نێو دەقە نۆستالیژیەکانی هێمنن.

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی

نەهاتی گەرچی پێتدابووم بەڵێنێ

لەناو کورددا نەبوو پەیمان شکاندن

لەکوێ فێری بووی گوڵم پەیمان شکێنێ

ئەگەر چی ڕۆیی قەت ناچێ لەیادم

دەکەم یادت ، بەیادی تۆوە شادم (د:هێ ، 2012، 76)

لەم دەقەدا حاڵەتە نۆستالیژیەکە ، بەهۆی دووری یارەوە دروست بووە، ئەم حاڵەتە ، خەمی یار ئاوێتەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی قوڵ بووە، چەندین وێنەی هەستی و ژیری جوانیان خستۆتەڕوو، شاعیر توشی خەم و پەژارەیەکی زۆربووە، بەهۆی پەیمان شکێنی یارەوە، هێمن سەری سوڕماوە لەپەیمان شکێنی و بێ وەفایی یار و نەبردنەسەری ئەو پەیمانەی لەنێوانیاندابووە، بۆیە بەسۆز و حەسرەتەوە دەڵێ : خۆ تۆ بڕیار بوو بێی و لەگەڵ خۆتدا شادی بێنی ،کە ئەمیان هەرچەندە وێنەیەکی ژیرییە بەرئەنجامی حەز و (خۆزگەی) گەیشتنە بە (خۆشی) لەوڕێگەیەشەوە هەستی بەرکەوتن ئەو خۆزگەیە دەهێنایە دی، ئەگەر یار پەیمان شکێن نەبوبا.

سەرباری پەیمان شکێنی یار ، کەچی شاعیر هێشتا بەتامەزرۆییەوە یادی دەکات و دەستبەرداری نابێت ، کە بێگومان وێنەکانی (دەکەم یادت ، قەت ناچی لەیادم) کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەستەکانی مرۆڤەوە ،هەر ئەو هەستانەش حاڵەتە نۆستالیژییەکەیان قوڵتر کردۆتەوە .

تاک و تەنیام ئازیزانم کوان

بۆنی مەیخانەی لێ دێ جێی ژووان

نامەوێ لەپاش مەرگم بۆمن بگری

ئێستا ماچم بدەیە کیژی جوان ( د:هێ ، 2012، 219)

ئەوە هەستەکانی شاعیرن ، کەوایانکردووە بەتامەزرۆییەوە چاوبگێڕێ بۆ دیداری ئازیزانی ، خەم و حەسرەتی دووری یار(ئازیزان) ی ، پاڵنەری دروستبوونی حاڵەتە نۆستالیژییەکەن، هاوکات هەستی بۆنکردن و حەزی شاعیر بۆ چێژی(ئیرۆتیکی) و گەیشتن و شادبوون بەیار لەجێ ژواندا ، ئەو پەیوەندییەن ، کە لەنێوان هەستەکان و حاڵە نۆستالیژیەکەدا دروستبوونە ، سۆزی ڕاستەقینە بەهۆی نائامادەگی یار و ئازیزانەوە لەدەقەکەدا بوونی هەیە .

لەودەمەیدا گوێ هەڵدەخەنە بۆتارێ

لەودەمەیدا ( ماملێ ) دەڵی قەتارێ

یادم بکەن ، یادی منی دوورەوڵات

یادی منی ڕێبواری ڕێگەی خەبات

یادی منی بێبەش لەخۆشی و شادی

یادی منی سەودا سەری ئازادی ( د:هێ ، 2012، 65 )

**(ناڵەی جودایی )** داستانی خەم ودەرد و ناسۆرەکانی شاعیرە ، ( زایەڵەی مرۆڤێکی ڕەنجەڕۆ و چەوساوە و زوڵم لێکراو و بەش خوراو و ئاوارەیە، لێرەدا دا شاعیر گەیشتۆتە پلەی سوتان ، هاوار دەکا ، هاوارێک بۆ گەیشتن بەیەکسانی و ڕزگاری.

لێرەدا شاعیر بەهۆی خەم و دەردو مەینەتییەکانی خۆیەوە ، تووشی حاڵەتی نۆستالیژیا بووە، هێندە یادی ئازیزانی دەکات ، داوایان لێدەکات ئەوانیش لەهەموو کات و شوێنێک یادیبکەن، چونکە خۆی ئاوارەیە و لەناویان نییە، لەدیرەکانی سەرەتادا هەستەکانی (بیستن و بینین ) پاڵپشتی حاڵەتە نۆستالیژییەکەن بۆ دروستکردنی وێنە هەستییەکان ، کە بەجۆرێک کەوتونەتە ژێر کاریگەری سۆزەوە بەهۆی دەربڕینەکانی (منی دووروڵات ، منی بێبەش لەخۆشی و شادی ، منی ڕێبواری ڕێگای خەبات ،منی سەوداسەری ئازادی ) ،کە خوێنەر ئاوێزانی ئەو سۆزە ڕاستەقینەیە دەکات ، ئەگەرچی ئەزموونەکە ئەزموونی شاعیر خۆیەتی بەڵام حاڵەتە نۆستالیژیەکە دەکاتە مولکی خوێنەریش .

ئەی ! پەری زادەی مهابادی ئەتۆ ون بووی لەمن

<u>تۆم هەبێ لەکوێ پەریزادەو پەری چینم دەوێ!</u>

ڕووتم <u>یاقووت و ئاوریشمم</u> لەبیر ناچێتەوە

<u>لێوی سوورو ئاڵ و بسکی خاو و چین چینم دەوێ</u>

<u>تۆ نەدیوی بۆیە شەو چاوم لەئاسمانێ بڕێ</u>

تۆبەدی کەم <u>گرشەگرشی مانگ</u> و پەروینم دەوێ ؟

تاوەکو ساقی ئەجەل نەمداتێ تاڵاوی نەمان

تا<u>چاوبرکا</u> ! <u>دەس بزێوی</u> ، <u>ماچ شیرینم دەوێ</u> (د:هێ :2012 , 359)

جوانی سروشت و دووری یار ، بەیارمەتی و پاڵپشتی هەستەکانی شاعیر هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵێ وێنەی سۆزدارین ، ئاوارەیی و تەنهایی خەیاڵی هێمن هاندەدەن بۆ

ئەوەی بگەڕێنەوە بۆیادی بسکی ئاڵ و لێوی سوری یار ، ئەمە حەزی نۆستالیژی شاعیرە ئارەزووی ماچی شیرین دەکات، بەتاسەوە ئاواتەخوازە بەدیداری یاربگات ، هەرئەمەشە خەمێکی قوڵی لەدەروونی هێمندا بەرپاکردووە ، وێنەکانی ( حەزی گەیشتن بە لێوی سور و ئاڵ ، تامەزرۆیی بۆ بسکی خاو و چین چین ، چاوگێڕان لەئاسمانی شەو ، ترس لەچەشتنی تاڵاویی نەمان ، ماچی شیرین) زادەی هەستەکانی ( بینین و تامکردن و بەرکەوتنن) ، لەهەمان کاتدا هۆکاریی دروست بوونی ئەو پەیوەندییەن ، کە هەستەکانی شاعیر بەحاڵەتە نۆستالیژیەکەوە گرێ دەدەن

کەنازداری ڕادەبرێ ........... دڵی ساردبۆوەم گڕدەگری

کەچاو لەچاوێ دەبڕم ......... بەئاسمانێدا دەفڕم

کەڕک دەگوشم پەنجەی نەرم ...... لەشی سڕم دەبێ گەرم

بزەی شیرینی سەر لێوێ ....... هەسی پیرانەم دەبزێوێ

نازی شۆخێکی نازەنین ..... دەمباتە بەهەشتی بەرین

بیرم لەبەرم دەڕوێن ....... کەچی کچم هەرخۆشدەوێن ( د:هێ،2012 , 302)

پیری وەکو یەکێک لەهۆکارەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا ، لێرەدا جگە لەوەی دەقەکەی پڕکردووە لە حاڵەتی نۆستالیژیا، هاوکات ڕێگرە لەشاردنەوەی ئەو حەز و ئارەزووەی شاعیر بۆ جوان پەرستی و گەیشتن بەدیداری ژن ، هەستەکانی بینین و بەرکەوتن ) ، هۆکاری دروستبوونی وێنەکانی ( دڵی ساردبووە وەم گڕدەگرێ ، لەشی سڕم دەبێ گەرم ، هەستی پیرانەم دەبزوێ ، دەمباتە بەهەشتی بەرینن) ، سۆزی پیرە شاعیرێکی دڵ سارد لەڕێگەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی داهێنەرانەوە ، پاڵپشت و یارمەتیدەرێکی تەواوی هەستەکانی شاعیرن بۆ دروستبوونی دەقە نۆستالیژییەکە .

<u>چاوم</u> لەئاسمانێ بڕی

دڵم هێندەی دیکە گیرا

<u>گەڵێک بیرەوەری کۆنم</u>

لەپڕ هاتەوە بەبیرا ( د:هێ : 2012، 178)

هێمن بەهۆی بێزاریی و خەم و حەسرەتەوە ، تووشی بارێکی دەروونی ئاڵۆز و خراپ بووە ، ڕاوەستاوە و چاوی لەئاسمان بڕیووە ، بەدوایی جوانی و شادیدا وێڵە ، بەڵام دیارە قەدەری هێمن وایە ، کەتەنها بەشی خەمێکی نەبڕاوەیە ، جوانی و شادی خۆی لێشاردۆتەوە .

هەستی بینین یارمەتی دەری حاڵەتە نۆستالیژییەکەیە ، شاعیر بەتەماشاکردنی ئاسمانیش تووشی دڵتەنگی و خەم دەبێ و حەسرەتێکی تر یەخەی دەگرێ ، وەک خۆی دەڵێ : کە ئەو ئاسمانەشینەش بووە بە شانۆی بینینی هەزاران بیرەوەری تاڵ و ناخۆش.

ئاخ دیسان چومە ژێر باڵی

ڕەشی شەوگاری تەنهایی

ئاخ ! دیسان دەبێ بچێژم

ژەهراوی تاڵی جودایی (د:هێ : 2012، 236)

هێمن هەستی چەشتنی خواستووە (ژەهری تاڵی جودایی) بۆ گوزارشتکردن لەبارودۆخی پڕلەناڵە و بێکەسی و تەنیایی خۆی ، بەوهۆیەشەوە گەیشتووە بە حاڵەتی نۆستالیژیا و خەم و حەسرەتی خۆی بەگوێی هەمووواندا دەدات .

شاعیر تەنیایە و خەم دەرونی داگیرکردووە ، هەستی بینینی بەکارهێناوە بۆ پیشاندانی هاتنی شەوگاری دوور لەئازیزان، هەرئەم هەستەس حاڵەتە نۆستالیژیەکە قوڵتر دەکاتەوە ، بۆیە ئاخ هەڵدەکێشێ ، چونکە شەو ئەو کاتەیە دووبارە هەوری خەم بەسەریدا دەدات و توشی پەرێشانی و دڵتەنگی زیاتری دەبێت.

ئاخ دیسان دەبێ ڕابوێرم

لەژوورێکی سارد و سڕا

دەگەڵ ئازار دەستلەملان بم

تابەیان لەنوێنی شڕا (د:هێ 2012، 134)

تەنیایی ، ئاوارەیی ، دووریی یار، دووریی ئازیزان ، ئەو مۆتەکەڕەشەن ، کەبوونەتە مایەی خەم و حەسرەتێکی نەبڕاوە ، لێرەدا هەستی بەرکەوتن هۆکاری دروستبوونی حاڵەتە

نۆستالیژییەکەیە ، ئاوێزان بوون و لەباوەشگرتنی نوێنێکی شڕ ، لەکوێ؟ لەژورێکی سارد و سڕ و تەنهادا ، جیهانێکی پڕ ئازاریان بۆهێناوەتە بوون.

### 3-1-3-: ئیستاتیکای ناونیشان :

ناونیشان ئەو سەرەتا پڕبایەخەیە ، کەدەبێتە هۆکارێک بۆسەرنج ڕاکێشان و والاکردنی دەق بەڕووی خوێنەردا ، (( لەئینگلیزیدا زاراوەی Title لە فەرەنسیشدا Titres بۆ بەکاردێت(ئەدەمس ) پێیوایە : بنچینەی وشەکە ، بۆ Titulus ی، لاتینی دەگەڕێتەوە ، کە بەواتای قسەیەکی نوسراو ، ناسناو ، تێبینی ، ناونیشانی شەرەف و ناوبانگ دێت )) ( خۆشناو :2019، 105) ، ناونیشان یەکەم ئەڵقەو وێستگەی بەیەکگەیشتنی خوێنەر و دەقە ، زۆربەی زانایان پێیان وایە : کە لەدەقدا پەیوەندی لەنێوان شاعیر و دەق و خوێنەر پرۆسەیەکی پەیوەندی کردن و کۆنتێکست و کۆدەکاندا هەیە ، هەموو ئەو پەیوەندییانەش لەڕێگەی کارنامەی ناونیشانەوە دەخرێتە ڕوو.

لیۆن هۆک دەڵێ : ((ناونیشان کۆمەڵێ کۆد و نیشانەی زمانیین ، کە لەوشە و ڕستە پێک دێت ، کەلەسەرووی دەقەوە دەردەکەون بۆ ئەوەی دەلالەتی لێ بکەن ))(بلعاد:2008،67)، بەوپێیەی ناونیشان سیستەمێکی سیمۆلۆژی خاوەن ڕەهەندی دەلالی و ڕەمزییە ، هەر ئەوەشە ئەو تێڕوانینە دروستدەکات ، کە ناونیشان دەقێکی ئاماژەیی کۆکراوە و چڕ و کورتکراوەیە،بەجۆرێک ناونیشان نیشانە و ئاماژەیەکی پەیوەندی کردنە و یەکەم دیداری هەستکردنی نێوان شاعیر و خوێنەرە ، جگە لەوە ناونیشان دەبێتە بەشی ئاماژەپێکەری دەق و فاکتەری ڕوونکردنەوەیە ، ((مەرجەعێکە ئاماژە و ڕەمز لەخۆ دەگرێت ، واتا چڕەدکاتەوە و دانەریش دەقەکەی لەسەر دەچێنێت ، پرسیارێکە دەقەکە وەڵامی دەداتەوە ، خوێنەریش ڕاڤەی زیادی دەخاتەسەر ))( بەرزنجی : 2020، 20).

کەواتە : ناونیشان لایەنێکی گرنگی دەقی ئەدەبیە و کاریگەریی گرنگ و تەواو بەسەر دەقەوە بەجێدەهێڵێت ، توخمێکی گرنگی هەر پێکهاتەیەکی ئەدەبی یە ، کەسەرباریی لایەنە ئەدەبیەکە بایەخێکی دەلالی(واتایی) بۆ خوێنەر دروستدەکات ، هەمیشە نوێنەری دەسەڵاتی دەقیشە ، ناونیشان لەنێو ئەدەبیاتی کۆن دا گرنگی و بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە ، وەک : ئەوەی لەئەدەبیاتی نوێ دا بۆتە جێی بایەخ و گرنگی پێدان ، بەجۆرێک لە ڕەخنە و ئەدەبیاتی کۆندا تەنها بۆ ناونان و جیاکردنەوەی دەقەکان ئاوڕی لێدراوەتەوە ،لەو بارەیەوە (د. سامان جلال) لەنامەی دکتۆراکەییدا دەڵێ : ((زۆرینەی کارە ئەدەبییە کلاسیکییەکان ناونیشانەکانیان خاوەن ناونیشانی : ناوی قارەمان ، یان گێڕەڕەوەن ، یان ناوی ئەو سەرکێشییەی کەقارەمانەکە دەیکات ، یان ئەو

ولاتەی ئەوی تێدایە ،گەڕستەیەکی گوزارشتکەردا دێت .....هتد ، بەڵام لەسەردەمی هاوچەرخدا ج . جینێت وای دەبینێت ، کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، بەپێی گونگانیان لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی بەسەر ژانەرەکانی ئەدەبدا هاتووە))( عزیز : 2014 ، 93 ) ، دەبینین لەئەدەبیاتی نویٚ دا ، (یەکێک لەو دیاردە نویٚ و دیارانەی کە لەڕووی تەکنیکی نووسینەوەی شیعردا هاتەکایەوە ، ناونیشان دانان بوو بۆ پارچە شیعرەکان ، ئەم دیاردە نوێیە پێشتر لەئەدەبیاتی ئەوروپیدا هەبوو، دواتریش شاعیرە ڕۆژهەڵاتیەکان وەک مۆدێلێکی نویٚ ناونیشانیان بۆ پارچە شیعرەکانیان داناوە )(پیربال : 2005، 145) .

سەرباری ئەوەی ناونیشان وەک نیشانەیەکی زمانی دەردەکەویٚ ، وەک نیشانەیەکی سیمۆلۆژیی ئەرکی گەیاندن و پەیوەندیکردنی دەبێت ، لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی گرنگی لەبەرهەمی شیعریدا هەیە ، چونکە هەموو هەوڵدانێک بۆدۆزینەوەی کۆدەکانی دەق لەناونیشانەوە دەست پێدەکات ، هەر ئەمە وایکردووە ، ئەو پەیوەندییەی ناونیشان هەیەتی بەدەقی ئەدەبیەوە ببێتە هۆی ئەوەی دەق لەتاک خوێندنەوەیی دووربخاتەوە ، بەجۆرێک لەگەڵ هەرلێکدانەوە و دۆزینەوەی جۆر و دەلالەتێکی زیاتر، ناونیشان خوێندنەوەی جیاوازتر بەدەق دەبەخشێ ، کەواتە : ئەوەی (Michael hauser) دەڵێ : ((پێش دەق ناونیشانە و دوای دەقیش هەر ناونیشان ، واتە ناونیشان هەم دەروازە و کۆتایی دەقە ))( حسین::2022 ،84) ، بەوپێیەی ناونیشان پەیوەندیەکی گرنگ تەواوی نێوان (پەیام نێر و پەیام – وەرگر) ە ، نوسەری سەرکەوتوو هەمیشە بایەخ بەناونیشانی دەق دەدات ، هەوڵی ڕازیکردن و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر دەدات ، چونکە ناونیشان هەمیشە وەکو ڕەهەندێکی ستراتیژیی لەنێوان پڕۆسەی نووسین و خوێندنەوەدا ڕۆڵ دەگێڕێت ، ، بۆیە ئەگەر درک بەخوێندنەوەی هەمەلایەنی دەقەکە نەکات ، بەلاڕێدا بردن جۆرێکی دواخستنی ئاسۆی چاوەڕوانیی لێدەکەوێتەوە ، کە نوسەر زۆرجار وەک لایەنێکی ئیستاتیکی پەنای بۆدەبات ، ، ئا لێرەدا ڕۆڵی نووسەر بەناونیشانەوە دەردەکەویٚ ، بەجۆرێک زۆربەی شاعیران کردنەوەی کۆدەکان لەناونیشاندا حەشاردەدەن ، بێگومان ئەوەیش تەنها بە نووسەری سەرکەوتوو دەکرێت ، لەپێناو بەرزکردنەوەی بەهای ناونیشانەکە ، لەوەش گرنگتر پەیوەندی نێوان ناونیشان و خوێنەرە ، چونکە ئاستی مەعریفی خوێنەر بە گشتی چونیەک نییە ، کەهەرئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ، کەبڵێین ناکریٚ پەیوەندی نێوان (نوسەر و ناونیشان) وەک پەیوەندی نێوان (ناونیشان و خوێنەر ) تەماشابکەین .

هەندێک جار نوسەر ناونیشانێکی پێچەوانەی ناوەڕۆکی دەقەکە دادەنێت،بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر ، بۆیە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەکردنەوەی کۆدی ناونیشان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ناونیشاندا ، بەچەشنێک ئەگەر خوێنەر خاوەن

دونیابینیەکی هەمەلایەن نەبێ هیچ کاتێ ناتوانێ بەڕوانینێکی یەک لایەنە درک بەدەق و لایەنە شاراوەکانی دەق و ناونیشان بکات .

لایەنێکی تر ، کەپێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەو پەیوەندیەیە لەنێوان ( ناونیشان و دەق ) دا هەیە ،پێویستە بەر لەهەموو شتێک لای نووسەر ڕوون بێت ، کە پەی بە تۆکمەیی پەیوەندی نێوان ناونیشان و دەق ببات ، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی تەواوکەرییە ، بەجۆرێک ئەو دەلالەتانەی لەدەقەکەدا هەن (ناونیشان) لەخۆیان دەگرێت ، وەک چۆن ناونیشان بەرە و دەق ئاراستەدەکرێ ، ئاوهاش دەق بەرە و ناونیشان ئاراستەدەکرێت ، بۆیە ناونیشان بەکلیلی چوونەژوورەوەی دەق دادەنرێت ، هۆکارێکیشە بۆ شۆڕبوونەوە بەرە و دێر بەدێری دەق و والآکردنی دەرگا لەسەر بەربەستە زمانییەکانی دەق ، کەواتە : ناونیشان ئەرکی وروژاندن و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەری دەکەوێتە سەر.

لەمەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی لەدەقی نوێدا بەهۆی بوونی فەلسەفەیەکی قوڵ ، ناونیشان دەبێتە پرۆسەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ ، شاعیران بەحەزەوە (بەئاگاییەوە ) وەک ڕەگەزێکی ئیستاتیکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن ، هەوڵدەدەن ناونیشانی دەقەکانیان جوان و سەرنج ڕاکێش بن.

دەقە نۆستالیژیەکانیش لەبەر ئەوەی هەمیشە لەژێرکاریگەریی سۆز و چەندین ڕەهەندی دەروونیدان ، پیویستیان بەناونیشانێکی ئیستاتیکی و هونەریی هەست بزوێن هەیە ، بۆ ورژاندنی هەستی خوێنەر و ئاوێتە کردنیان بەحاڵەتە جۆربەجۆرەکانی نۆستالیژیا.

## 3-1-3- آ : ئیستاتیکای ناونیشان لەشیعرەکانی پیرەمێرددا

بەشێوەیەکی گشتی ناونیشان لەلێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا ، بەتایبەتی لەئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخدا بایەخێکی زۆری پێدراوە ، بەجۆرێک زۆرجار ناونیشان وەکو دەقێکی چڕکراوە دەخرێتە بەردیدی خوێنەر ، چونکە ناونیشان شێوە و پێکهاتەیەکی نیشانەیی و بانگەوازی هەیە ، کە دەلالەت لەو دەقە دەکات ،(( ناونیشان لە ڕەهەندی سیمۆلۆژیانەیدا لەلێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەلالەتەکاندا بۆ تێگەیشتن لەدەق یارمەتیدەرێکی گەورەیە ، کاتێکیش بمانەوێ خوێندنەوەیەکی سیمۆلۆژیانە بۆ ناونیشان بکەین چوار هەنگاوی سەرەکی هەیە پێویستە لەبەرچاوبگیرێن ، ئەوانیش بریتین لە : بونیاد ، دەلالەت ، ئەرکی خوێندنەوەو دەوروبەر ))(حلمی : 2009، 11) ، کە ئەرک و ڕۆڵی ئەو هەنگاوانە خۆیان لە پێویستی خوێندنەوەی دەنگیی ڕەمزیی ئاوازەیی و مۆرفۆلۆژیانەی ڕەوانبێژی و پرسیارکردن لەبارەی سروشتی ناونیشان لەدەوروبەر و ناوەوەی دەق دیاریدەکرێت ، هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی وردی دەقەکە ، لەسەرەوە بۆ خوار و تێگەیشتن لەواتای فەرهەنگی وشە و بنیاتی ڕستەکان.

ناونیشـــان( پەیوەنـــدیەکی تـــۆکمەی لەگەڵ چەمکەکـــانی (نوســـەر – دەق – خـــوێنەر) هەیە)(خۆشناو:2019، 67) ، بـۆیە دەوتـرێ : نوسـەری سـەرکەوتوو بـایەخ بە دەق و ناونیشـان دەدات ، چـونکە خـوێنەر ناونیشـان وەکـو پردێـک بەکـاردەهێنێ بـۆپەڕینەوەی بەرە و دەق و بەپێچەوانەشەوە.

پیرەمێرد لەنێو دەقە نۆستالیژیەکانیدا ،خاوەن چەندین ناونیشانی نۆستالیژییە ، خوێنەر هەر لە خوێنــدنەوەی ئەو ناونیشـــانانەوە ، هەســـت بەخەم و حەســـرەتی و نـــاڵە و ئـــازاری نـــاخی شـــاعیردەکات ، غـــوربەت و تەنیـــایی و عەشـــق و خەمـــی نیشـــتیمان و درکـــردن بە دەردەکۆمەڵایەتییەکان هۆکاری لەدروست بوونی ئەم جۆرە شیعرانەن ، بۆ نموونە: دەقەکانی ( شـیوەنی شـەهیدانی کـوردی سـەروو، هـاتن شـەهیدەکان ، مـن و ئەسـتێرەکان ، کۆسـتی بومەلەرزەی پێنجوێن ، یادێکی حەزین، ئاوات ، ناڵە و دڵتەنگی ، قەلەندەرتۆراوە ، عەشیرەت هاوارە ، کزەی دەروون ، یادی نازدارانی جاف ، ئای نائومێدی ، تافی جوانی ، ئای لەدەست پیری ، لەگیان بێزاری ، خەیاڵی خاڵی ، دیداری تۆ ، گەلـێ سزام دی ، بەیادی کۆن ، پایزی دڵتەنگ ، دانیشتبوین لەگەڵ یار ، تەفرە ، ناڵە ، واگوڵ بەسەرچوو، کای کۆن ، هاپیری کەوت ، سۆزی پیرەمێرد، عەشقی عەسری ، خۆزگە ، شیوەنی نەونەمامێک ، دڵەکەم غەمگینە ، گلەیی لەکەس نـاکەم ، بەنـدی پیـری ) ، هەریەکێکیـان هەڵگـری نیشـانە و تایبەتمەنـدی نۆسـتالیژین لە ڕووی ناونیشان و ناوەڕۆکیشەوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین دەقی تری شاعیر هەن ، کە ناونیشانەکان یان لەڕێی ڕەمزەوە ئاراستەکراون یاخود هەڵگری نیشانەی نۆستالیژی نین، بەڵام لەناوەڕۆکدا تایبەتمەندی نۆستالیژیان لەخۆگرتووە .

بۆ نمـوونە لەدەقی (قەلەنـدەر تـۆراوە) ،کە سـاڵی (1949)،کاتێـک ڕێـگە نـادەن پیرەمێـرد ، وەک ساڵانی ڕابردوو یادی ئاگری نەورۆز بکاتەوە ،ئەویش داخی دڵـی خـۆی بەشـێوەیە دەردەبـڕێ ، لێرەدا شـاعیر ناونیشـان وەکو کلیلـی دەق بەڕووی خـوێنەردا واڵا دەکـات، ئەم ناونیشـانە کە لە دوو وشـەی سـەربەخۆی واتـادار پێکهـاتووە (قەلەنـدەر+ تـۆران) ، پیرەمێـرد وشـەی قەلەنـدەری بۆناوی خۆی خواستووە، خۆی وەکو کەسێکی بێچارە وبێ نان و بەرگ بێ دەربەست لەجیهان وێناکردووە، وشەی (تۆران)یش ، ئاماژەیە بۆ زیزبوون و دڵشکاویی و ڕەنجاویی .

هەردوو وشەکەش بەیەکەوە مانایەکی هەست بزوێن و سـەرنج ڕاکێش لای خـوێنەر دروسـت دەکەن، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن و هەستی دەروژێنن.

(قەلەندەر تۆراوە)

کاری ناچاریە ، بێزار لەشەوی ئەم شارەم

چەند ڕۆژێکە بەتۆراوی ، لەگردی یارەم

گردی یارە ، وەکو ئاتەشکەدەی نەورۆز بوو

واکوژاندیانەوە ، سوتاوی گڕی ئەو نارەم

کەس نییە ، هامدەمی ناڵەی شەوی بێداریم بێ

باری زۆرقورس بووە ،دەربەستی دڵی بێیارەم

دەسەڵاتم نییە ،چی بکەم ،ئەمە کاری خوایە


چاکی ناسیوم ئەزانێ ، کەکەری ئەم بارەم

کردەوەی خۆمم ئەزانی ،کەنەتیجەی وایە

ئیستە ڕابردووە، فایدەی چییە ئەم هاوارەم ( د،پ :2001، 146)

لێرەدا ناونیشان بۆتە چەقی دەلالەتکردن لەکەسی قەلەندەری تۆراو ، هەرئەمە تەواوی دەقەکەی لە پیتاندنی قەلەندەری تۆراو دروستکردووە ، دەق بەدەوری چەقی ناونیشاندا چنراوە ، نیشانە و تایبەتمەندییەکانی ناونیشان لەتەواوی دەلالەتەکانی دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە ، بەمانایەکی تر شاعیر لەپێناو (قەلەندەری تۆراو) دا ، یاخود لەوەسفی قەلەندەری تۆراودا دەقەشیعرییەکەی چنیووە ، وێنەشیعرییەکانیش ڕەنگدانەوەی وێنەی کەسایەتی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسی بێ چارە و بێ دەسەلاتن، ئەمەیە پێ دەڵێن: شۆڕبوونەوەی ناونیشان ، ناونیشان بەئاشکرا ڕەگی بەنێودێرەکانی دەقەکەدا بڵاوکردۆتەوە.

لەلایەکی تر دەربڕاوەکانی ( بێزارم لەشەوی ئەم شارە ، کارم ناچارییە، چەند ڕۆژێکە تۆراوم ، کەسێ نییە هاودەمی ناڵەی شەو بێ ، دەسەڵاتم نییە ) ئاماژە و نیشانەی پشت دروست بوونی حاڵەتە نۆستالیژیەکەن ، دەقەکە زادەی خەمی نەتەوە و بارودۆخە پرحەسرەتەکەی خۆیەتی ، بەم شێوەیە پەیوەندی ناونیشان و دەلالەتەکانی پەیوەست بە شاعیردروست بووە:



~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

(ئای لەدەست پیری)

ئای لەدەست پیری ،چەند جەفا کێشم

ڕێگای مردنی ، هێنایە پێشم

بەکۆچی دوایی ، دڵی ترساندم

وەکو کونجی سەرساج هەڵیقرچاندم

تافی جوانی لەدەست فڕاندم

تۆماری عەشقی یەکسەر سوتاندم

گێژ و کەساس و بێ قەدری کردم

لەلای نازداران ، ئابرووی بردم

ئای بۆ ئەوکەیف و نەشئەی جوانییە

بڵند دەماخی کامەرانیە

پۆلی نازداران، شۆخی جەبین جام

بۆبەزم و سوحبەت ئەهاتنەلام

گادەسکە گوڵی ، بەتەرتیب بەستە

ئەدرایە دەستن ، دەستە بەدەستە

گا ، کەمەندی زوڵف، ئەخرایە ملم

گا، پرچ ئەپێچرا ، لەپاو پلم

ئێستا واپیری ، کەساسی کردم

هێجگار مووی سپی ،ئابرووی بردم

پیری لەپڕهات بەپیریمەوە
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

بەندم بەزویری ئەسیریمەوە

زوقێ نابینم ،لەم بگرەو بەرە

ڕاستە گورگ پیر بوو ، بوو بەمەسخەرە  ( د،پ : 2001، 200)

لێرەدا خوێنەر هەر بەبینینی ناونیشان، هەست بەخەم و حەسرەتی نۆستالیژیی شاعیر دەکات ، چونکە شاعیر بەهۆی خەمی پیرییەوە دەروونی ئاڵۆزبووە و تووشی ناڵەو حەسرەت بووە، ئێمە پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە ، کەپیری یەکێکە لەهۆکارەکانی دروستبوونی نۆستالیژیا ، لێرەدا شاعیر دەقەکەی ئاوێتەی خەمی پیری کردووە ، بەجۆرێک خەمی پیری ترسی مردنی لە دەروونی شاعیردا دروستکردووە ،ئەوەتا پیری سەردەمی لاوی شاعیری فڕاندووە و تۆماری عەشقی سوتاندووە ، کە وەکو خۆی دەڵێ: بۆتە هۆی ئابروبردنی شاعیر لای نازداران ، ( مووی سپی) وەکو ئاماژەیەک بۆ پیری ، نرخ و بەهایەکی بۆنەهێشتۆتەوە.( لێرەدا ناونیشان لەگەڵ زەمینەی گشتی دەقەکەدا دەگونجێ ، نەک تەنها بیرۆکەیەک بێت و هیچی تر ، ناونیشان دەستەواژەیەکە وەصفی ئەوبارەدەروونییە پڕحەسرەتەی شاعیردەکات ، خوێنەر لەخودی ناونیشانەکەوە کەساسی و حەسرەتباری پیرەمێرد دەبینیت ،

لەم دەقەدا پەیوەندییەکی سەربەرەوخوار هەیە ، کەپێی دەڵێن: پەیوەندی شۆڕبوونەوە ، پەیوەندییەکە لە ناونیشانەوە بەرەو دەق دەچێت ، ناونیشان خزمەتی ناوەڕۆکی دەق دەکات ، بەهۆی جیاوازی نێوان هەردوو( کاتی ڕابردوو + کاتی ئێستای پیری) ،

خەم و حەسرەتی شاعیر و دەلالەتەکان لەنێوان کاتی (زەمەن) ی ، دوێنێ و ئەمڕۆدا لەئەنجامی ئەم پەیوەندیانەوە د

ئای لەدەست پیری

| کاتی ڕابردوو | کاتی ئێستا |
| --- | --- |
| گەنجی و جوانی | بینینی ڕێگای مردن |
| بەکەیف و نەشئەدار | دووری لەنازداران |
| عاشق و مەیلی نازداران | پیری و مووی سپی |
| | دیلی ئەسرین |

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

دەقی : (دیداری تۆ)

لەزومرەی بیٚ نەوایاندا گرفتاری خەمی ژینم

بەرووزەردی ،بەرووما جاریە فرمێسکی خوێنینم

بەداخی تۆوە ، وەک من سەد هەزارانیٚ گرفتارن

لەناویانا منی بیٚ بەرگ و بار، وەک چقڵی پەرژینم


سروەتم نییە هەرگیز، لەرووی ئەم خاکەدا چی بکەم

دەمیٚ مەجنونی دوجەیلم ، دەمیٚ فەرهادی شیرینم

جیهان گەر رووبەرووی منبیٚ ، بەمەردی پشتی تیٚناکەم

بەڵام تەنها لە عەشقی تۆوەیە ، ترسان و لەرزینم ( د،پ : 2001، 209)

لێرەدا خوێنەر لەیەکەم دیداریدا لەگەڵ ناونیشان، درک بەوەدەکات ، کەشاعیر دەیەویٚ لە (کاتێکی دیاریکراوی ژیاندا) شتێک بگێڕێتەوە و یادی ئەزموونی ڕابردووی یاری نازەنین بکات ، ئەمە بۆخۆی هەست و حەزی نۆستالیژییە ، چونکە هەروەک لەناونیشانەکەدا هەست بەچەند دەلالەتێکی ڕابردوو دەکەین ، خۆ ئەگەر ئەو دیدارە لەڕابردوودا ڕووی نەدابیٚ! چۆن پیرەمێرد ئەوهەموو وێنەحەسرەتبارییە دروست دەکات ،هەر ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی لەنێوان (ناونیشانەکە و دەقەکەدا)، ئیستاتیکایەکی جوان دروست ببێت ، بەجۆرێک ناونیشان شێوەیەکی دەلالی وەرگرتووە ، سەرباریی ئەرکی ئاماژەیی و وەسف بەرە و ناوەڕۆک چووە ، شاعیر هەوڵی داوە پەیامی دەق بەشێوەیەک لەناونیشان چڕبکاتەوە، خوێنەر بەرە و مەبەستێکی دیار و ڕوون ببات ، شاعیر ناونیشانی بۆ دەلالەتکردن لەگۆشەنیگای خۆی بەکارهێناوە ، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی پڕ لەنائومێدی و ڕەشبینی خۆی ، بەجۆرێک ڕەشبینی ترسێکی وای لەدەروونیدا دروستکردووە، شاعیر لەڕووبەڕووبونەوەی هەموو دونیا ناترسێت ، کەچی لەعەشقی (تۆ – ئەوی نائامادە) دەترسێت بەم شێوەیە :
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~




### 3-1-3: ـب : ئیستاتیکای ناونیشان لەشیعرەکانی دیلاندا

ناونیشان لەدیوانی دیلاندا شێوە و جۆری جیاوازی لەخۆگرتووە لەوانە : ناساندنی بابەتی دەقی ڕوون و ئاسان ، ناساندنی بابەت بەشێوەیەکی ئاڵۆز ، هەندێ جار دیلان هەوڵی داوە بەشێوەیەکی ڕوون و دوور لەئاڵۆزی و ناڕوونی ناونیشانی شیعرەکانی لەدونیای ئەدەبی خۆیدا بخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی خوێنەر بەدەلالەتی ناڕوون سەرقاڵ بکات ، بەجۆرێک دەلالەتەکانی ناونیشان لەسەر هەمان ڕێچکەی ڕاڤەکردنن ، هەرچی جۆری دووەمیشیانە : ناساندنی بابەتی دەق لەڕێگەی ناونیشانی ناڕوون و ئاڵۆزەوەیە ، کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆدەکان ناکرێنەوە.

ئێمە لێرەدا ئەمانەوێ لایەنی ئیستاتیکی ناونیشانی دەقە نۆستالیژیەکانی دیلان بخەینە ڕوو، کەبێگومان لەجیهانی شیعریی دیلاندا چەندین ناونیشانی نۆستالیژیی هەن ، کەبەهۆی خەمی نیشتیمان و مەرگی ئازیزان و حەزوئارەزووی شاعیر بۆ سروشتی دڵگیری وڵات و ترس لەمردن و دوورخستنەوەی شاعیر لەزێدی خۆی و خەمی یارەوە دروست بوون ، لەوانە : ( وەرزی جاران ، بەهاری جاران ، چیرۆکی ڕووداوە نەبڕاوەکە ، دەردی دڵ ، شەپۆل، بۆهەڵەبجە ، شیوەن ، سێبەری پەرت ، تاوان ، کەی ؟ ، لاپەڕەیەکی شاردراوە ، ناسۆروداخ، پایزی جاران، من و بای شەماڵ ، نیگایەکی شین ، گوڵی ئاوات ، مامەکوڕنوو، بەستەی دڵ ، بۆگیانی غەنی بلوریان ،سکاڵایەکی کورت ، ئەوپەڕی هەست ، شینێک بۆ قوربانییەکانی نەتەوە ، گوڵی سارای خواروو ، بەهەشتی فرمێسک ) ، ئەمانە دیارترین ئەو ناونیشانە نۆستالیژیانەن ،کە ڕەهەندێکی حەسرەتباریان هەیە، بەجۆرێک ئەرکی ئیستاتیکی ناونیشان لەنواندنی ئەرکی ئیستاتیکی و نۆستالیژیدا پەیوەندییەکی تەواویان دروست کردووە ، لەنێوان خۆیان و دەقدا ، بەجۆرێک لەم دەقانەدا ناونیشانی ئیستاتیکی هەندێ جار سنوری باوی زمانی تێگەیشتنی ئاسایی تێدەپەڕێنن ، هەڵبەت دیلان لەپێناو زەقکردنەوەی ناونیشاندا ئەمەدەکات ، هەندێ جاریش لەپێناو وورووژاندنی خوێنەر ، تاکو ببێتە مایەی تێرامان و سەرنج ڕاکێشانیان، سەرباری بوونی هەندێ دەقی تر، کە لەناوەڕۆکەوە هەڵگری تایبەتمەندی نۆستالیژین.

ئەگەر دەقی (بەهاری جاران ) بەنمونە وەربگرین ، کە ناونیشانێکی ڕوون و ئاشکرایە ، خوێنەر بەبێ ماندووبوون و گەڕان بەدوای کۆدەکانی نێوان (دەق و ناونیشان ) دەتوانێ لە واتای مەدلولەکانی نێو دەقەکە بگات ، چونکە خودی وشەکە بەرلەوەی وەک ناونیشان بخرێتەڕوو، وێنایەکی نۆستالیژی ڕوونە.

دیلان توانیویەتی پەیوەندیەکی ئیستاتیکی تەواو لەنێوان دەقەکە و ناونیشانەکەدا دروست بکات و دێرەکان و ناونیشانەکە شارەزایانە پێکەوە ببەستێتەوە ، بەهاری جاران وەکو: ناونیشان) لە هەڵگری حاڵەتی نۆستالیژیایە و هۆکاری دروست بوونی حەز و و حەسرەتێکی بەردەوامە.

وەرزی جاران (بەهاری جاران)

لەلێوی (لالە) خوین بارین بوو جاران

لە(دڵ) دا باوە پڕ ئەسرین بوو جاران ..!

لەئاسۆگا .......... سروشتی تازە کۆرپە

دڵی بەردی ئەزستە جۆش و خورپە.....!

لەتاو ... باق و بریقەی نێو نزاران

شەوارەی بوو قـڵینگ و قاز بەهاران...!

لەگرمەی هەورو هاڕەی تیژی تەرزە

شکۆفەهەڵوەریوی ترش و لەرزە

لە (دەشتێکا) کەسەیرانگا بوو جاران

لەپڕ هەورێ کە بارانی ئەباران

کەئارایشت ئاشێوا بەرگ ئەگۆڕا

هەزاران دڵ ئەجوو .. پەیمان ئەدۆڕا ..! ( د : دی ، 2013، 340)

لەیەکەم هەنگاوی بەیەکگەیشتنی دەقەکەدا ، خوێنەر توشی خەم و حەسرەت و تامەزرۆییەکی زۆردەبێت ، نۆستالیژیا لەنێوان (نێرەر و وەرگردا) هاوبەش دەبێ ، لێرەدا دەق دیالۆگ لەگەڵ ناونیشان دەکات ، دایەلۆگ لەنێوان ( مەدلول – دەقەکە ) و (دال) ، کە ناونیشانە بەشێوەیەک دەردەکەوێ ، کۆی پرۆسەکە دەرخەری ئەو پەیوەندییە بەتینەیە ،کە لەنێوان دێر بەدێری دەقەکە و ناونیشانەکەدا هەیە .

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

(پایزی جاران) ، یەکێکی ترە لەودەقە نۆستالیژییانەی دیلان ، کەهەڵگریی خەم و حەسرەتی نۆستالیژیە، شاعیر لەڕێگەی چەندین ڕەمز و دانەی زمانییەوە کۆمەڵێ وێنەی جۆربەجۆری لەنێوان (کاتی ڕابردوو ی پڕ لەجوانی ، پڕشانازی ) و( کاتی ئێستای تاریک و ناڕوون و پڕحەسرەت) دروستکردووە ، خوێنەر بەگەیشتنی بە ناونیشانەکە ، ڕاستەوخۆ تووشی حاڵەتی نۆستالیژیا دەبێت بەبێ ویستی خۆی ، نۆستالیژیایەک لەدەروونیدا دروست دەبێت توشی سەرسوڕمانی دەکات ، دیلان بەسودوەرگرتن لە پێکهاتە و کەرەستەکانی سروشت گەڕاوەتەوە بۆ یادی ڕابردوو، دەربڕاوەکانی (شەوگاری جاران)، (ڕۆژگاری کورتی جاران )، (جارانی مەست) ، (جاران ئاژەڵ ڕووە و پەچە وکۆز بوون) ، (جارانی شەوان کۆڕگەرم کەربوو) ، (پایزی جارانی درێژ)، (شەوی جارانی پڕ لەخۆشی) ، (جارانی پڕ لەپیت و فەڕ) ، (هەوری پەڵەی جاران ، ) هۆکاری حەسرەت و حەزی نۆستالیژیای نێودەقەکەن ، نیشانە و ئاماژەی نێوان دەلالەتەکانی دەقەکە و چڕی (ناونیشانن) ، ئامرازی دروست بوونی ئەو پەیوەندییە بەتینەن ،کە لەنێوان دێر بەدێری دەقەکەو ناونیشاندا هەیە ، کات جگە لەو کەرەستە و پێکهاتانەی سەرەوە ناومان هێنان لەنێوان (باش و خراپ ) دا بەم شێوەیە دابەش کردووە

**__ڕابردوو (باش)__**    ( هەوری پەڵە ، بای پەڵەی گەرمەسێر، گیای جاران ، شەونمی بەهار ، شەرابی بەهار)

**__ئێستا (خراپ)__**    ( شەوگاری تاریک ، پڕ لەشەرمەزاریی ، ئامادەنەبوونی هەموو کەرەستەکانی سەرەوە )

(پایزی جاران)

ئەکەوتەڕێ هەوری پەڵەی پاراو و تێر
بەفرمێسکی بای بەپەلەی لای گەرمەسێر
تی ژڕێ و ڕوو بەپەرۆش بوو بۆ سەرچیا
بۆ سەرپوشی زەرد هەڵگەڕاو ، جاران گیا
جارانی سەوز ، سەر ڕازاوەی بەمرواری
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

بەشەونمی بەهاری لای کوردەواری
جارانی مەست بەبۆنی شەرابی بەهار
پیاڵەکەی پەڵەی گوڵ بوو تادەم نزار
سنگ کوتەر بوو ،تەکان دەربوو وەکو لاوێ
لەڕێگای ئاواتی چەن ساڵەی جێماوی
جاران ئاژەڵ ڕووە و پەچە بەرە و کۆز بوو
ڕۆژگاری کورت و چاوی خەواڵووی وەنەوز بوو
شوان کۆڕی شەو گەرمکەربوو فووی شمشاڵ
جوڵەی ئەدا بەدەماری هەست و خەیاڵ
پاشان نۆرەی بەستەی دەمی هەرزەکار بوو
ئامان ئامان بۆ سروشتی کردگاربوو
بەستەئەڵێن ئەوی ئەیڵێن نایڵێنەوە
تاکەیبانوو لەفرمانی شەو ئەبنەوە
شەوی جاران شەوگاری پایزی درێژ
تاسورایی ئەپەڕییە چاوی گێژ
شەوی جاران خۆشەویستی دەستی ڕێز بوو
بازوی مەردی لەمل و گەردن ئاوێز بوو
هەستی فەرمان ڕێکخستنی ڕێچکەی ژیان
گوزەرانی ئاسودەیی و ئاڵ و گۆڕی سادە و نیان
ئاسای بەنرخ و گرانی ئەو خەڵکە بوو
بێ فەرمانیش فرمانداری ئەو خەڵکە بوو
شەوجاران شەوگاری پایزی درێژ
تاسورایی ئەپەڕییە چاوی گێژ و وێژ
ئەم وڵاتە پڕ لەپیت و پڕ سامانە
جیگای فەڕ بوو پڕ بوو لە شەقڵی پیاوانە
ئەوە دیسان پایز هات گەڵا ڕێزانە
هەوری پەڵە ڕووە و شاخ بەرە و کوێستانە
بەڵام ئێستا و شەوی ئێستا چۆن بەجۆش کەم
گڕر کۆڕی ساردەوە بوو بەچی خۆشکەم
شەوگاری تاریک و نوتەک چۆن ڕۆشن کەم
ئەم سەرە گێژو شێواوە چۆن هۆشن کەم
ئەی هەورەکە دایڕێژە سەری تشرینە
وادەی پەڵە و ناشتنی تەرمی هاوینە
نۆرەی تۆیە بگری بەسەرهەموومانا

بەسەر ئێسک و پروسکی ڕابردووماناا
بیشۆرەوە باسەرلەدەسی دیاری بێ
باقورٍ خەست بێ بۆسەری شەرمەزاریی بێ (د،دی : 2013، 302)

لێرەدا توندوتۆڵی و یەکانگیریەک لەنێوان ناونیشانەکە و (کاتی ئێستای پڕ لەشەرمەزاریی و ڕابردووی پڕ لەحەسرەت و گەشدا) بەدیدەکرێت ، ناونیشان بۆتە نوێنەری ڕاستەقینەی دەقەکە و هەموو ڕەهەندەکانی دەقەکەی تێکدا بەرجەستەبووە و ئامادەگییەکی تەواوی هەیە ، بۆیە (پایزی جاران) وەکو ناونیشانێکی نۆستالیژیی بۆتە ئاوێنەی ئیستاتیکایەکی جوان لەدەقەکەدا.

_( کەی؟ ) ناونیشانی دەقێکی نۆستالیژی دیلانە ، کەشاعیر بەتاسەوە هەست و سۆزی خوێنەر بەرە و خۆی ڕادەکێشێ ، حەز و ئارەزوو حەسرەتی شاعیر لەڕێگەی خەیاڵێکی ڕۆمانتیکیانەی قوڵەوە ، بەپاڵپشتی (وشە و ئامرازی) پرسی (کەی؟ ) لەدەقەکەدا چەندین وێنەی هەست وروژێن و سۆزداری دروستکردووە ، (کەی ) لەلایەک ناونیشانە و لەلایەکیش بەشێکی گرنگی دەقەکەیە ، هەر ئەویشە تامەزرۆییەکی زۆر لەدەقەکەدا بەرجەستەدەکات ، بەبێ ئەوەی ئەنجام بەڕوونی بدات بەدەستەوە ، کەواتە : (کەی ) ، بەرجەستەکەری حەسرەتی و نۆستالیژیایە لەدەقەکەدا .

(کەی )

ئەی هەنسک و سۆزی بلوێر

کەی بێ من .... ئیتر

قوم بدەم لەو (گۆی) شەتاوە

دەم بخەمە دەمی چاوە ...؟

دەس بکەمە ملی چیا

وەک شەونمی سەرسەوزە گیا

وەکو هەنگی سەر هەڵاڵە

سەربکەمە سەر گوڵاڵە

سینگی نێرگس هەڵبمژم

کەمەری ( تاڤگە ) بگوشم ...؟

ئەزانی کەی ...؟ ئەزانی کەی ..؟

هەناو و دڵ ئەڵێ ئۆخەی ..؟

گەشەی بۆ من ، بۆچاوی کوێر

ئەی هەنسک و سۆزی بلوێر (د:دی : 2013، 267)

(کەی؟ ) وەکو ناونیشانێکی ئیستاتیکی بەرجەستەکەری پەیوەندی نێوان خۆی و دەقەکەیە ، وەکو دانەیەکی زمانیش بۆتە هۆی دروست بوونی حاڵەتە نۆستالیژییەکە ، چونکە (کەی؟ ) جگە لەوەی وشەی پرسە ، حەزێکی نۆستالیژیای (داهاتوشە) و دەرخەری حەسرەتی شاعیریشە ، نیشانە و ئاماژە ی ئەو ئارەزووە بەدی نەهاتوانەی شاعیرە ، کەدەمێکە بەتاسەوە چاوەڕوانی پێگەیشتنیانە ، (کەی ) هەڵگری تەنها یەک دەلالەت و ئەرک نییە ، لێرەدا لەنێوان واتای فەرهەنگی و حەز و ئارەزووی نۆستالیژیدا لەجوڵەدایە ، دیلان بەوشیارییەوە هەردوو دەلالەت و ئەرکەکەی لەو تاک وشەیەدا ، پیکەوە گرێ داوە.

**3-1-3: ج : ئیستاتیکای ناونیشان لەشیعرەکانی هێمن دا : .**

پێشتر وتمان ناونیشان لە کۆمەڵێ نیشانەی زمانی وەکو وشە و دەستە واژە و ڕستە پێک دێت ، لەسەرووی دەقەوە دەردەکەون بەمەبەستی پیشاندانی دەلالەتە جۆربەجۆرەکان ، ناونیشان شان بەشانی (نوسەر و خوێنەر ) وەک پەیامێک دەبێتە تەوەرێکی سەرەکی و پەیوەندییەکی بەهێزیش لەنێوانیاندا هەیە.

ناونیشانی سەرەکی لەدیوانەکانی هێمن دا زۆرجار وەکو ناونیشانێکی دەلالی(واتایی) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ ، کە ئەمە خاڵی جیاوازی نێوان (هێمن و پیرەمێرد و دیلانە) ناونیشانە دەلالییەکانی (بابەتی) هێمن سەرباری ئەرکی ئاماژەیی ، ئەرکی چڕکردنەوەی ناوەڕۆکیشی لەخۆگرتووە ، هێمن هەوڵی داوە پەیامی دەق بەشێوەیەک لەنیشانەدا چڕبکاتەوە ، کەخوێنەر بەمەبەستی تایبەت ڕابکێشێ ، دیاریکردنی ناونیشان لای هێمن گوزارشت لەگۆشەنیگای تایبەتی دەکات.

ناونیشانی دیوانی یەکەمی هێمن ،کە ناونیشانێکی تەواو هەست بزوێن و سەرنج ڕاکێشە بەناوی ( تاریک و ڕوون)، کەساڵی (1974) چاپکراوە ، ئەم ناونیشانە لەڕووی سینتاکسیەوە لەگرێیەکی ئاوەڵناوی پێک هاتووە ، کەدووجەمسەری دژی لەخۆی کۆکردۆتەوە ، دووسەردەم،

دووهێز ، دووکاتی جیاوازی لەخۆگرتووە ، ناونیشـان جگەلە بەخشـینی ئیسـتاتیکایەکی جوان ، هەڵگری پەیام و نیشانەی نۆستالیژییشە، جگە لە ناونیشـانە سـەرەکییەکەی دیوانەکە ، چەنـدین ناونیشانی سەرەکی لەنێو دیوانەکەدا بوونیان هەیە ، کەهەڵگری تایبەتمەندی نۆستالیژین وەکو ( بەهـاری لادێ ، خـاوەنی زێـڕ ، تـۆم هەرلەبیـرە ، کیـژی لادێ ، ڕۆژگـاری شـادی ، یادگـاری شـیرین ، پێکەنینـی گـوڵ ، بلـوێری شـوان ، فرمێسـکی گەش ، ئـاواتی بەرز ، مـاچی شـیرین ، بۆسەی ڕۆژگار ، گێژەڵۆکەی خەزان ، لەبیرم مەکە ، شەوگاری تەنهایی ، پەیامی ڕانەگەیەنراو ) ، کەهەر یەکێک لەم ناونیشـانانە پڕ پڕن لە حـاڵەتی نۆسـتالیژی ،سـەرباری بـوونی چەنـدین ناونیشانی تر،کە لە ناوەڕۆکدا نیشانە و تایبەتمەندی نۆستالیژییان لەخۆگرتووە لە دیوانەکەدا.

ناونیشانی دیوانی دووەمی هێمن ، بریتییە : لە (ناڵەی جودایی ) کە سـاڵی (1979) چـاپکراوە ، ئەمیش لەڕووی سینتاکسسیەوە لە گرێیەکی ناوی پێک هاتووە ، (ناوی واتای ناڵە + ئاوەڵناوی جودایی ) ، لێرەدا خوێنەر لەیەکەم بەریەککەوتنی بەناونیشانەکە، هەست بە سۆزێکی ڕاستەقینە و ئیستاتیکایەکی بێ وێنەدەکات ، ناڵەی جودایی وەکو ناونیشـانێکی سـەرەکی دیوان هەڵگری نۆسـتالیژیایەکی ڕوونە ، پەیوەنـدی نێـوان ناونیشـانی سـەرەکی و ناونیشـانە لاوەکییەکـانی دیوانەکە، پەیوەندیەکی شۆڕبونەوەیە کە ئەم شۆڕبونەوەیە بریتیە لە : ((بەستنەوەی ناونیشـانی سەرەکی دیوانەکە بە ناونیشـانە لاوەکیەکان و ڕەنگدانەوەی لەسـەریان ))(متیحة : 2005 ، 84) ، لەم دیوانەشدا چەندین ناونیشانی نۆستالیژیی دەبینرێت وەکو : (مانگەشەو ، تاوانی بێ هێزی ، ناڵەی جودایی ، بەرە و ئاسۆ ، جوان ناسوتێ ، سازی ناساز ، جوانی ڕەشپۆش ، ئێوارەی پایز ، چـاویلکە ، عەشـق و ئـازادی ، سـوری دەوران ، شـەرابی خەسـت ) ، ئەمـانە هەریەکێکیـان پیشاندەری خەم و حەسرەتی بێ کۆتـایی شـاعیرن ، ئەم ناونیشـانانە هەر لەسـەرەتاوە تـا کۆتـا دێری دەقەکان هەڵگری حاڵەتی نۆستالیژیان.

دیـوانی سـێیەمی هێمنـیش بـریتیە لە: (بـارگەی یـاران) کە سـاڵی ( 1986 ) چـاپکراوە ، ئەم ناونیشـانە لەهەنـدێ شـوێندا پشـتی بەزمـانی خـوازەیی پەیوەسـت بەبـابەت بەسـتووە ، لەهەمـان کاتدا چەند ناونیشانێکی نۆستالیژیی بەزمانێکی سادەی تێدا دەبینرێ لەوانە (جێ ژوان ، تەوری جەور ، گریانی ڕنوو، بەهارهەردێ، ئاپۆلۆی ماچ ، فرمێسکی ڕنوو) .

(یادگاری شیرین)، یەکێکە لەو ناونیشانە سەرنج ڕاکێشانە ، سـەرباری ئەو حەز و ئـارەزووەی شاعیر بۆ گەیشت و بەرکەوتنی یار ، هۆکاری لەدایک بـوونی دەقەکەش هەر ئەو حەسـرەتە پڕ لەژانەی هێمنەز

حەزوئـارەزوی شـاعیر ل مـاچێکی شـیرینی دا کۆبـۆتەوە ، لێـرەدا پـارچەیەکی دەقەکە بـووە بەناونیشان و دەلالەت لەحاڵەتە دەروونییەکەی شاعیر دەکات.

(یادگاری شیرین)

چاوەکەم ! چاوی ڕەشی تۆ ئافاتی گیانی منە

گیانەکەم برژانگی تیژت نووکە ڕمبی منە

سیری دەستی شێری ئالآیە برۆ ڕاکشاوەکەت

جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی وردپێ بنجنە

دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکات

بۆیە مەیلی وابەکێشە و فیتنەوخوێن ڕشتنە

بەژنەکەت سێدارەیە ، کەزیەت تەنافە زووبەدەی

بیخە ئەستۆی من کەکوردم ، کورد بەشی خنکاندنە

زامی جەرگی من بە فەرمودەی گڕاوی سواری کورد

مەڵهەمی هەر ژەنگی گوارەوئارەقی بەرگەردنە

ئارەزومە هەیچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ

ئارەزوی من چووکە ئەمما تا بفەرمووی شیرنە (د. هێ : 2017، 99)

لەدەقی ( عەشق و ئازادییش دا ) : دەقەکە بەتەواوەتی بووە بەپارچەیەکی نۆستالیژیای تاک، بەئاشکرا خوێنەر هەست بە پەیوەندی نێوان ناونیشان و بابەت دەکات ، بەجۆرێک خوێنەر بۆ بەستنەوەی هەردووکیان پێویستی بەماندووبوون نییە،

(عیشق و ئازادی)

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر

کەوا ئەم شەو سەری هەڵدا لەناخمدا خەمێکی تر

لەبادە ئەم ژەمە تێر کە منی تینوی جگەر سووتاو

بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر ، ژەمێکی تر

ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە

لەسەرکێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر

گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ ، کەچی ڕوانیم

لەپێشمدایە زەرد و ماە و سەخت و ئەستەمێکی تر

هەتا چارشێو بەسەر تۆوە دەبینم دەبینم نازەنینی کورد

بەسەر بلبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر

نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ

دەنا هێشتا لەکوردستان دەژین زین و مەمێکی تر

پەپولەی خۆشەویستی من لەشوێنێ ناگرێ ئارام

دەنیشێ و باڵی دەبزوێ لەسەر سینە و مەمێکی تر

هەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا

لەنێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر

هەتاکو دواپشووی ڕێبواری ڕێگای عەشق و ئازادیم

ئەگەر بێجگە لەناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

کە فرمێسکم لەسەر ڕووخساری کیژی دڵشکاو بینی

گوتم : یاخوا لەسەر سوورگوڵ نەبینم شەونمێکی تر


شەوێکی چاوەنوارت بووم ، نەهاتی گیانەکەم

منی دڵناسکی شاعیر بگێڕم ماتەمێکی تر

خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بەکانی ژینێدا نوسێم

<u>ئەوەندەم ژین دەوێ تادەم دەنێمە نێو دەمێکی تر</u> ( د:هێ : 2012، 304)

چەمکە دەلالەییەکانی نێودەقەکە ڕوون و ئاشکران ، پێویستیان بەووردەکاریی و سەلیقەی بەرزنییە ، شاعیر سوودی لە شێوازی دژ و بەیەکەوە گرێدانی نیشانە ناکۆکەکانی نێوان (عەشق – ئازادیی ) بینیوە ، بەجۆرێک ناونیشان پەیوەست بووە بەئەرکی پەیوەندی نێوان ناونیشان دەق)(ناونیشان ناونیشان ) ەوە ، ئەمیش لەپێناو زەقکردنەوەی ناونیشان کراوە، لایەنێکی تری ئەم ناونیشانە لەئەستۆگرتنی ئەرکی ورووژاندنە ، شاعیر بەهۆی لێهاتوویی و ئەزموونی خۆیەوە ، هەردووچەمکی (عەشق و ئازادی ) پیکەوەبەستووە ، جۆرێک لە ورووژاندنی هەست و سۆزی بەدەقەکەوە پەیوەستکردووە ، ئەمەش وادەکات خوێنەر توشی تێرامان و سەرنج ڕاکێشان بێت، هەریەکێک لەچەمکەکانی (عەشق + ئازادیی ) چەند لێکەوتەیەکیان لەدەقەکەدا دەبینرێ بەم شێوەیە:




(بۆسەی ڕۆژگار)

نیمه ئاواڵێ لەگۆشەی بێکەسیدا غەم نەبێ

چاکە ئەولێرەش وەفای هەر ماوە ، سایەی کەم نەبێ

لاپەڕەی ژینم هەمووی هەڵدەیتەوە ، تێیدا نییە

باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ

ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە

نەمدی هەرتیرێکی دەیهاوێ بەرە و سینەم نەبێ

ڕەنجی دووری دلبەرم بۆ کوشتنی من کافییە

گەر لەدنیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ

کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حاڵی من ؟

ئەو کەسەی گیرۆدەی ئەگریجە و پەرچەم نەبێ (( د،هێ : 2012، 180)

لێرەدا ئەگەرچی ناونیشان تاڕادەیەک لەڕووی سیمانتیکیەوە شێوەیەکی ڕەمزی وەرگرتووە ، بەڵام هێمن توانیویەتی بەستنەوەیەکی تەواو لەنێوان بابەت و ناونیشانەکەدا دروست بکات و سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ ، خەم و حەسرەتی شاعیر و ژیانی پڕلەمەینەت و ئازاریی هێمن لەدەقەکەدا حاڵەتە نۆستالیژییەکەی دروستکردووە ، نیشانە و دەلالەتە نۆستالیژیەکانی دەقەکە پەرچەکرداری ئاوارەیی و دووری یار و خەم و حەسرەتی بەردەوامی هێمنن، ئیستاتیکایەکی جوانیان لەنێوان واتای بابەتەکە و ناونیشانەکە دروستکردووە.

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوە بیڵێین : بەلای ئێمەوە (پیرەمێرد و دیلان و هێمن) بەئاگاییەوە لە گرنگی و بایەخی ناونیشانیان ڕووانیووە ، ناونیشانیان کردووە بە ئامرازی گوزارشتکردن لە حاڵەتە نۆستالیژییەکە، پەیوەندی نێوان نۆستالیژیا و ئیستاتیکا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لای هێمن بە پلەی یەکەم و لای دیلان بەپلەی دووەم ئینجا پیرەمێرد دەردەکەوێت .

# ئەنجام.

1) نۆســـتالیژیا چەمکێکــی دەروونناســـی و ئەدەبیـــیە، پەرچە کــرداری حـــاڵەتێکی نەســـتی و وشــیارییە، کە لەنــاخی نووســـەران و شـــاعیران دا ســـەر هەڵــدەدات، ئەم هەســـتە گشـــتی و سروشـتییە، کاتێـک ئاشـکرا دەبێـت، کەتـاک لە بیـری خۆیـدا ئـارەزووی گەڕانەوە دەکـات بـۆ ڕابردوو، یان لەئێستا ناڕازییەو ئاواتەخوازی ئایندەیەکی جوانترە.

2) نۆسـتالیژیا ، گەڕانەوەیە بـۆ ڕابـردووی تـاڵ و شـیرین ! ڕەتکـردنەوەی ئیسـتای پرئـازار و ناڵەیە ! ئاوات خواستنە بۆ داهاتووی باشتر.

3) هۆکارە کاریگەرەکانی دروست بوونی نۆستالیژیا فرەچەشنن ، لەشـاعیرێکەوە بۆیەکێکی تـر دەگۆڕێن ، مەرجیش نییە هەموو جۆرێکی نۆستالیژیا لای هەموو شاعیران بوونی هەبێت .

4) نۆستالیژیای (کات و شوێن) ، پانتاییەکی فراوانیان لەدیوانەکانی (پیرەمێرد و دیلان و هـێمن) دا، داگیرکردووە ، هەڵبەت ئەمە بەهۆی پەیوەستبوونیانەوەیە ، بە ژینگە ودەوروبەرەکەیانەوە.

5) هەموو جۆرەکانی نۆستالیژیای تاک – گشـتی لەشـیعرەکانی (پیرەمێرد و دیـلان و هـێمن) دا بوونی هەیە، وەکو: گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و گەنجی ، خەم و حەسرەتی پیری ، دووری یــار ، خەمــی نیشــتیمان ، مەرگــی ئــازیزان ، حەزی گەڕانەوە بــۆ سروشــتی زێــدی خۆیــان ، نۆستالیژیای شاری نموونەیی ، حەز وئاواتخواستن بەداهاتووی باشتر، گەڕانەوە بۆ کەلەپوری میللی و ئەفسانە کۆنەکان، ڕووداوی مێژوویی وکەسـایەتییە مێژووییەکـان، گەرانەوە بۆ بەهـاو پیرۆزییە ئاینییەکان و ....هتد.

6) غوربەت و ئاوارەیی و دووری نیشتیمان و زێد، دیارترین هۆکارو فاکتەری دروست بـوونی دیاردەی نۆستالیژیایی خەم و حەسرەتی نیشـتیمانن لە شـیعرەکانی پیرەمێرد و دیـلان و هـێمن دا، بەجۆرێــک پیرەمێــرد لەغوربەتــدا لەوڵاتــی تورکیــا، چەنــدین ســـاڵی بەرێکــردووە، ئەمە بەرهەمهێنـی دیـارترین دەقی نۆسـتالیژییە لەشـیعرەکانی دا، هێمنـیش ، بـارودۆخی سیاسـی و زوڵمی دوژمنانی کورد ، تالاویی ئـاوارەیی و دووروڵاتـی پێچەشـتووە ، هەر ئەمە بـووەتە هـۆی ئەوەی نۆسـتالیژیای خەمـی نیشـتیمان ببیتە بەشـێکی دیـاری شـیعرەکانی ، بەتـایبەتی دیـوانی ( ناڵەی جودایی) ، دیلانیش بەهـۆی گـرتن و دوورخسـتنەوەی بۆ خـواروی عێراق ، ئەم جۆرەی نۆستالیژیا لەشیعرەکانی  دروستبووە، کە ئەمە بۆخۆی دیـارترین جیـاوازی نێوان (پیرەمیرد و دیلان و هێمن) ە .

7) وێنە نۆستالیژییەکان ، لە دیوانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن دا) زادەی ئەو بارودۆخە نامۆیەن ، کە بەرهەمهێنی خەم و حەسرەتی نەبڕاوەن لەدەروونی شاعیراندا.

8) دیارترین تایبەتمەندی زمانی دەقە شیعرییە نۆستالیژییەکانی(پیرەمێرد و دیلان و هێمن) ، زمانیکی سادە و رەوان و ئاسانە ، نزیکە لەزمانی قسەکەری ئاساییەوە ، ئەمەش دەرهاویشتەی کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانی سەر دەروونی شاعیرن ، کەزادەی سۆزێکی ڕاستەقینەن، چونکە لە بنەرەتدا نۆستالیژیا بارگاوییە بە دەروونی خرۆشاو .

9) نۆستالیژیا وکاریگەرییەکانی بوونەتە هۆی دروستبوونی چەندین وێنەی هەستی و ڕوونبێژی لەدیوانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن ) دا .

10) سەبارەت بەنۆستالیژیای تاک کاریگەرترین و زۆرترین ڕێژەی وێنەی نۆستالیژیا لەشیعرەکانی (هێمن ) دا ، بەدیدەکریت ، بەڵام زۆرترین وێنەی نۆستالیژیای گشتی لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و دیلان دا) هەیە .

11) شاری نموونەیی (یۆتۆپیا)، وەکو بنەمایەکی دیار وگرنگی نۆستالیژیا ، دیارترین وێنە و شێوەی ئەم یۆتۆپیایە ، لەشیعرەکانی پیرەمێردا بوونی هەیە .

12) نۆستالیژیای داهاتووی باشتر ، لەدیوانی (پیرەمێرد و دیلان و هێمن ) دا ، پەیوەست کراوە بە ، گرنگیدان بەخوێندن ودەستگرتن بە زانستەوە .

13) نۆستالیژیا ، هۆکاری چەق بەستووییە لەڕابردوودا ، لەلای (پیرەمێرد ودیلان ) ، بەڵام لای هێمن چەند هەوڵێکی خۆدەربازبوون دەبینرێت لەچنگی ڕابردوو.

14) پیرەمێرد و دیلان و هێمن،بەئاگاییەوە لە گرنگی و بایەخی ناونیشانیان ڕوانیووە ، ناونیشانیان کردووە بە ئامرازی گوزارشتکردن لە حاڵەتە نۆستالیژییەکە.

15) پەیوەندی نێوان نۆستالیژیا و ئیستاتیکا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لای هێمن بە پلەی یەکەم و لای دیلان بەپلەی دووەم ئینجا پیرەمێرد دەبینرێت.

# لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردییەکان:

1.ئاشنا، ئومێد: (٢٠٠١)، پیرەمێرد و پێداچونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی ،ب.1، ئاراس ، هەولێر.

2.ئاشنا،ئومێد (٢٠٠١)، دەربارەی ئەدەب و مێژوو، چ1، بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی .

3.ئەحمد ، خورشید رشید: (١٩٨٩)، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، چ1، جاحظ، بغداد.

4.ئەسوەد، نوزاد احمد : (2015) ، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، چ1 ، غەزەلنوس ،سلێمانی.

5.ابراهیم ، نبیلە : (1986)، ئەفسانە ، چ1، چاپخانەی علاء ،بغداد.

6.بەرزنجی ، عەلی تاهیر : (2020)، ئاسۆی دەق ، چ1، چاپخانەی ئێڤا، سلێمانی.

7.بەرزنجی ،عەلی تاهیر : (٢٠١٤)،چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی ، چ1،حاجی هاشم ، هەولێر.

8.بێ کەس ، شێرکۆ : (1986) ، ئاوێنە بچوکەکان، چ1، لەبڵاوکردنەوەکانی یەکێتی نوسەرانی کوردستان،.

9.پیربال ،فەرهاد: (2005) شیعریی نوێی کودی ( 1898 – 1958) ، چ1 ، دەزگای کوردستان ، هەولییر.

10.جوتیار، خالد: (2007)، تارمایی ئەفسانەی کوردی ، چ1، چاپخانەی ژین، کۆیە.

11.حەمەد، پەخشان سابیر : (2012)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا ، کرمانجی خواروی کوردستان(1970-1990)،چ1،حاجی هاشم ، هەولێر.

12.حەسەن، حەمەسەعید: (2018) ، فڕین بەباڵی شیعر ، چاپخانەی ئاوێر ، هەولێر.

13.حەسەن ، مولود ابراهیم: (2007)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چ1، رنج ، سلێمانی .

14.حسین ، هیمداد : (2010)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، چ1،موکریان،هەولێر.

15.خاڵ ،شێخ محەمەدی: (1984)، ناڵەی دەروون ، جزمی یەکەم ، چ1،چاپخانەی ئیرشاد، بغداد .

16.خەزنەدار، مارف( 2005 ) مێژووی ئەدەبی کورد، بەرگی پێنجەم ،چ١،ئاراس .

17.خۆشناو : سەرباز مجید: ( 2019)، سیمۆلۆژیای ناونیشان لەشیعرەکانی نەوزاد رەفعەت دا ، چ1 ، چاپخانەی تەفسیر ، هەولێر.

18.دەشتی ، عوسمان : (2014)، لەماتەمینی هێمندا ، چ1، حاجی هاشم ، هەولێر.

19.دەشتی ، عوسمان:( 2009)، هیمن نامە ، چ1، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولیر .

20.دزەیی ، عبدالواحد مشیر:( 2021)، نیشانە و دەق و واتا ، چ1، هەولێر .

21.دلزار، ئازاد: ( 1994) ڕێچکەی خوێن، چ1،ستۆکهۆلم،سوید.

22.رسول ،عزەدین مصطفی:(1970)،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چ1.معارف ، بغداد .

23. حلمی،رفیق :(1941 )، شیعروئەدەبیاتی کوردی ،ب 1،چاپخانەی التفیض ، بەغدا.

24.سـابیر، پەرێـز :(2006)، ڕەخـنەی ئەدەبـی کـوردی و مەسـەلەکانی نـوێکردنەوەی شـیعر، چ1، چاپخـانەی ئاراس،هەولێر.

25.سەباح ، ڕەنجدەر :( 2012).ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لەناو ژیان ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

26.سجادی ، علاالدین:( 1951)، یادی پیرەمێرد، چ1،چاپخانەی معاریف،بغداد.

27.سیوەیلی ، ریبوار :( 2001)، لەستایشی ئەدەبدا ، کۆمەڵەوتار ، و . لەئینگلیزیەوە شیرزاد حەسەن ، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولیر.

28.شوان ، ابراهیم:( 2016) مێژووی ئەدەبی کوردی ، ب5،چ1،ئاراس ، هەولێر.

29.صڵێوە ،هاوژین :( 2013)، ڕەهەندی دەرونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ،چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر.

30. صلێوە ، هاوژین :( 2019)، ڕەخنەی پراکتیکی ، چ2، چوارچرا، سلیمانی.

31.عەبدوڵڵا، سۆران مامند : (2016) ، نۆستالیژیا لەشیعری هاوچەرخی کوردی بەنموونەی (انورقادر،سباح ڕەنجدەر، عەبدڵا پەشێو ، چ1،ئاودێر،هەولێر .

32.عەبدالکریم ، صبور : ( 2014)، چەمکی ژیان و مردن لەشیعری مەولەوی و مەولانا رومی ، ،چ1، غەزەلنوس ، سلیمانی.

33.عەبدوڵڵا ، پێشڕەو :( 2013)، دەرونشیکاریی شیعر ،چ1،حاجی هاشم، هەولێر.

34. عزیز ، سامان جلال : ( 2022) ،شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم ، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .

35.عەلی ، بەختیار :( 2005)، خوێنەری کوشندە، چ1،ڕەنج،سلێمانی .

36.عەلی ، سوبحانی جلال : (2010) ، فەرهەنگی ئەلمونزیر ، بەرگی یەکەم ، سەردەم ، هەولێر

37.کـاکی ، محمد نـوری :( 2012) شـێوازی شـیعری نـوێی کوردی،کرمـانجی ناوەڕاسـت(1920-1970)،چ1،چاپخـانەی ڕوون،سلێمانی .

38.عمر، حسن علی :( 2021) ڕۆمانسیەت لەهۆنراوەکانی پیرەمێرددا ، چ1، نارین ، هەولێر.

39.فەرهەنگی لیکسیکۆ : (2019) ، کوردی – ئینگلیزی ، جامعە اوکسفۆرد،چ٣

40.فەرهەنگی لیکسیکۆ:جامعە اوکسفۆرد: (2019 ) (کوردی ئینگلیزی ) چ3، ل 413).

41. فتاح : ڕزگار عمر : (2013) ، ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محمد نوری دا،چ١ك چاپخانەی موکریانی ، هەولیر.

42.قادر ، سەرکەوت سعید: (2011) ، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی صڵاح عومەر ، چ1 ، هەولێر.

43.قەرەداغی، عەتا( 2001) کاریگەریی کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چ1،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری .

44.کریم ، ئازادعبدالواحد: (2017)، شیعریەتی دەق .چ1، کتێبخانەی ئاڤێستا ، کەرکوک .

45.کتێبی پیرۆز- پەیمانی دێرین ؛ سیفری دروستبوون : 2:16-17).

46.گەردی ، سـەردار حسـن : (2004)، بنیـاتی وێـنەی هـونەری لە شـیعری کوردیـدا (1970-1991)، چـاپ و پەخشـی سەردەم،سلیمانی .

47.محمد ، تانیا اسعد :( 2012)، دیاردەی خەم لەشیعری حەسیب قەرەداغی ، چ1، ئاراس ، هەولێر .

48.محمد ، دڵشاد علی :( 2007)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری ، چ1، سەردەم ، سلیمانی .

49.محمود، شنۆ محمد: (2021)، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردی بەنمونەی شیعری پیرەمێرد و گۆران و لەتیف هەڵمەت ، چ1، بینایی، سلێمانی .

50.محمود ، فاضل مجید :( 2007)، سروشت لەشیعری گۆراندا ، چ1، سەردەم ، سلێمانی .

51.مصطفی ، ئاسۆ عومەر: (2009) ، بەهائیستاتیکییەکان لای پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران ،چ1، چاپخانەی خانی ، دهۆک.

52.موکری ، کامەران :( 1984)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەشی یەکەم ، چ1، چاپخانەی ز.یلاحالدین ، هەولێر.

53.میراودەلی ، کەمال : ( 2021،) ، گۆران و ڕۆمانسیزمی جوانی و هونەر: چ1،چاپخانەی مێخەک ، تاران .

54.نجم الدین، پشکۆ: (2010) ، ئەزمون و یاد ، چ3،ستۆکهۆڵم، سوید .

## نامەئەکادیمییەکان :

1.احمد ، مریوان حمەکریم: (2022)، بنیاتی وێنەی هونەریی لەشیعری سالم دا ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان .

2.اسماعیل، سرود : ( 2008)، سروشت لەشیعرەکانی مەولەوی و پیرەمێرد و گۆراندا، نامەی ماستەر ، ز. بغداد، کۆلێژی پەروەردەی ابن رشد.

3.حمەکریم : هۆگر جمعە : (2017)، وێنە لە تاقیکردنەوەی شیعری عەبدڵلا پەشێو ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی ڕاپەڕین .

4.حەمە، هیتلەر ئەحمد ، (2010) ، وێنەی شیعری لای نالی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، ز. صلا ح الدین ، هەولێر.

5.حسین ، هەژار فقی سلێیمان: ( 2022)، هێماگەری لەدەقە واڵاکانی شێرکۆبێکەس دا، تێزی دکتورا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

6.ڕەحمان ، عبدسلام سالار: ( 2006)، وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێخ نوری شێخ صالح دا، نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

7.رفیق، ئاشنا جلال :( 2011)، لاواندنەوە لەشیعری کرمانجی خواروودا ، نامەی ماستەر ک. زمان، ز. سلیمانی .

8. عزیز ، سامان جلال : (2014) ، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لەشیعری( هەردی ، دیلان ، ع.ح،ب ، کامەران ) دا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان ، بەشی کوردی .

9.عباس ، ڤیان اسماعیل :( 2021)، نۆستالیژیا لەشیعری کلاسیکی کوردی ، شیعرەکانی (نالی ،سالم ، کوردی ) بنمونە ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی صلاح الدین .

10.عبداللە ، پێشرەو : ( 2011)، شیعرەکانی بەختیار عەلی لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی صلاح الدین ، کۆلێژی زمان ، هەولیر.

11.قادر ، ارام محمد: (2006) ، نامۆیی لە شیعری کوردی دا ، نامەی ماستەر ، ک.زمان ، زانکۆی سلێمانی .

12.قادر، خانزاد عەلی :( 2004)، زمانی شیعرەکانی حاجی قادریی کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی ێلاح الدین، هەولێر.

13.قادر،کارزان محسن: ( 2013)، بنیات و ناسنامەی نەتەوەیی لەڕۆمانەکانی یەشار کەمال ، نامەی دکتۆرا ، ز.کۆیە ، فاکەلتی پەروەردە .

14.کەریم، فەرهاد قادر :( 2009)، بنیاتی وێنەلە شیعرەکانی حەمدی دا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

15.محمود ، ابراهیم عبدالرحمن: ( 2004)، ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لەڕۆمانی کوردی دا ، نامەی ماستەر ، ک.پەروەردەی ابن رشد ، ز.بغداد،

16.مصطفی ، محمد فاضل : ( 2008 )، دەنگی پیرەمێرد لەبزوتنەوەی شیعری نوێی کوردی ، نامەی دکتوراە ، سلیمانی ، کۆلێژی زمان .

17 . مستەفا ، محمد فاضل :(1989)، زێوەر ژیان و بەرهەمی ،نامەی ماستەر ، زانکۆی صلاح الدین.

18.نوری ، مژدە اسماعیل :( 2017)، وێنەی بابەتی لەهۆنراوەکانی هێمن دا ، نامەی ماستەر ، ک.زمان ، ز. گەرمیان.

19.والی ، ئاوات حەسەن:( 2015)، چەمکی شانازی لەشیعرەکانی نالی دا ،نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی

## دیوانەکان

1. دیوانی ئەحمەد ڕێبوار، (1985)، بارێژ،چ1، چاپخانەی حوادث، بغداد.
2. دیوانی ئەحمەد محمد،( 2010)،چ1،کوردپیدیا .
3. دیوانی بورهان بەرزنجی: (2021) ، ئەم خۆشەویستییەت لێ دێ ، چ1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .
4. دیوانی بێخود: (1385)،کۆکردنەوەی محمدملاکریم ، چ1،چاپخانەی چاپخانەی کوردستان، ایران.
5. دیوانی بێ کەس : ( 2008)، ئێ. ئومێد ئاشنا، سنە ، کوردستان- ایران.
6. دیوانی پیرەمێرد : (2001) هۆشیار ، فایەق و هاوڕێکانی : ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک ، سلێمانی.
7. دیوانی پیرەمێرد : (2013) ،هاوار محمد رسول ، چ١، جاپخانەی سنە ، ایران .
8. دیوانی جاحظ : (1384)، چ8، انتشارات سامل – تهران.
9. دیوانی جەلیزادە ، قوباد : (2018)، کۆلانە شینەکانی منداڵی ،چ1 ، پیرەمێرد، سلێمانی.
10. دیوانی جەلیزادە، قوباد: (1990)، تەمتومان ، چ1، مطبة اسعد ، بغداد .
11. دیوانی جلال میرزا کریم : (1992)، ڕێگادورەکان چاومانن،چ1.
12. دیوانی جەلالی مەلەکشا : 2012، چ٢، میدیا ، سنە.
13. دیوانی حمەباقی ، محمد:( 1980)، ژوان ، چ1، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .
14. دیوانی دیلان : (2013) ، عبدوڵڵا ئاگرین ، چ٢، جاپخانەی چوارجرا ، هەولێر.
15. دیوانی شێرکۆ بێ کەس: (1993، چ1، چاپخانەی بابان ، سلێمانی.
16. دیوانی شیرکۆبێ کەس : (2012): ئیستا کجێک نیشتیمانمە ، چ2، سەردەم، سلێمانی.

17. دیوانی شێرکۆ بێ کەس :( 2016) ، دەربەندی پەپولە ، چ3، چاپخانەی تاران، ایران.

18. دیوانی شێخ ڕەزا:( 2003)، کاکە رەش ، ئومید، پێداچونەوەی حەمەبۆر ، چ2، لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر ، سلێمانی .

19. دیوانی صابری: (2008) ، نجم الدین ، چ2، هەولێر ، چاپخانەی ئاسیا .

20. دیوانی عوسمان ، محمد عومەر :( 2002 )، شنەبا ، چ1، سلیمانی .

21. دیوانی قانع :( 1979)، کۆکردنەوەی برهان قانع ، چ1، چاپخانەی دار التضامن الاهلی ، بغداد.

22. دیوانی کاکەی فەلاح:(2004) ، بنەماڵەی شاعیر ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، 2004.

23. دیوانی گۆران :( 2011)، محەمەد مەلاکریم ، چ1، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە ، ایران .

24. دیوانی هەڵمەت ،لەتیف: ( 1970)، ئەوهۆنراوانەی تەواودەبێ و تەواو نابێ ،چ1،چاپخانەی الحوادث، بغداد.

25. دیوانی هەڵمەت،لەتیف :(2014) نەخشەی دل، چ1، غەزەلنوس.

26. دیوانی موفتی پێنجوێنی : (1990)، ئومێد خۆشنا و عبدالکریم موفتی ،چ1، چاپخانەی شرکە العراقیە للطباعە والنشر ، بغداد.

27. دیوانی مەولانا رومی:( 1386)، متنوی معتویی،چ3، انتشارات سایە نما،تهران.

28. دیوانی مەولەوی :(2007)، عبدالکریم مدرس، چ4، چاپخانەی کوردستان سنە ، ایران.

29. دیوانی مەحوی ، (١٣٨٥) ، ج3، انتشارات کوردستان، سنە.

30. دیوانی شەهید مەلاعەلی : 2011، ئامادەکردنی ناوەندی ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک ) ، چ١، چاپخانەی حەمدی ،

31. دیوانی نەدیم :( 2019)،ئاراس یاوەر محمد ندیم، چ1،چاپخانەی تەژنە ،سلێمانی.

32. دیوانی نالی : (2000)، مەلاعبدالکریم مدرس، انتشارات کردستان ، سنە.

33. دیوانی نەوزاد رەفعت :( 1985)، نیگەرانی ،چ1، چاپخانەی زمان، بغداد.

34. دیوانی نەوزاد رفعت :( 1992)، بەفری گەرم، چ1،چاپخانەی رۆشنبیری ولاوانی هەولێر..

35. . دیوانی هێمن ، سەرجەم و کۆبەرهەمی هیمن : (2012) ، ئامادەکردنی وریا زراری ،چ١، کوردستان . سنە

36. دیوانی هێمن، سەرجەم و کۆبەرهەمی هیمن : (2017) ،محمدئەمین (هیمن)، ج2،انتسارات کوردستان،سنە.

37. دیوانی هێمن : (1974) ، هێمن : تاریک و ڕوون ، چ١، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی پیشەوا.

38. دیوانی هێمن : (2003) ، ناڵەی جودایی ئامادەکردن و پێداچونەوەی (سەیران حیکمەت) ،چ١، دەزگای ڕۆشنبیری سوید

## گۆڤارەکان:

1) ئەمین و رشید، فواد: کارزان کریم : (2014) چەمکی نوێی نیشتیمان پەروەریی ، گ.زانکۆی راپەڕین، ژمارە 1.

2) بێ کەس، شیرکۆ: (1972) روانگە و کوێرە ڕەخنە ، گ. هاوکاریی . ژ.129.

3) ابراهیم وغەریب ،سەرکەوت عمروعبدالرحمن غریب: (٢٠١٦) ، خوێندنەوەی گوتارو ڕەهەندە جیاوازەکانی گوتاری شیعری لە تێکستی (ئێوارەی پایزی) هێمن موکریانی ، گ.زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (٨) .

4) جبار ، ئاسۆ : (2000)، دنیای مۆدێرن و دنیای حکایەتەکان – وتریی ڕەخنە دەربارەی زاکیرەی نەوەلای شێرکۆ بێ کەس ، گ.ڕەهەند،ژ.18-19.

5) حەسەن، محمد فریق: (1980)، هێمن و بۆنی غەریبی ،گ.بەیان، ژمارە 51.

6) حمەامین و امین، حسین غازی و خۆشناو عزیز : (2015)، مشتێک لەفۆلکلۆری ناوچەی پشدەر ، گ.ڕاپەڕین، VOL12.،NO5

7) خۆشناو، هێمن عومەر :( 2021)، شیعری شیوەن لە ئەدەبی کوردی، گ. ژان،ژ. 51

8) ڕەسول ، هەلمەت بایز: (2018) ڕەهەندەکانی نۆستالیژیا لە رۆمانی چیاکانی من ی (هندرین ) دا ، گ. زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان.ژ،10.

9) سابیر ، پەخشان:( 2015)، تەوەرەسەرەکیەکانی شیعری زیندان ، گ. ز.سلێمانی ، ژ.47نیسان، بەشیB ،

10) صالح ، ئاوارە کمال:( 2021)و نۆستالیژیا لە رۆمانی ئەڵوەن و ئەفسانەی مامۆستا جعفردا، گ . زانکۆی ڕاپەڕین.

11) عارف، محمد نوری:( 2002)و وشەوزاراوەکانی پیرەمێرد،لێکدانەوە و بەراورد و شیکردنەوە ، گۆڤاری ئەکادیمی کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە(1)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

12) عزیز و محمد امین، کەیفی محمد و یادگار رسول : (1397)، لێکەوتەکانی تاراوگە لە ئەدەبی کوردی دا ،پژوهشنامەی ئەدەبی کوردی ،ساڵی چوارەم،شمارە (5) بهار تابستان.

13) عەلی ، هیوا:( 2008) ، ئە دە ب و ئاین ، گ.ئاینده ، ژ. 76 کانونی دووەم ..

14) فەرەج : هۆگر محمود : ( 2012)، هەندێ لایەنی زمانی لەچەند شیعرێکی دیلاندا، گ.ز.سلێمانی ، ژ. 34.

15) فەرەج، لەتیف فاتح:( 2013)، شیوەن و ناڵەو حەسرەتی هێمن بۆدووری نیشتیمان ،گ.رامان ،ژ.189.

16) قادر و احمد ، کارزان محسن و ریحان رسول: (2021)، کۆسی دایەستۆرا و سۆزی نۆستالیژیا ، لەقەصیدەی خدیجە گوڵاوی ماردین ابراهیم ، گ. ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە 49.

17) قادر، ئارام محمد: (2022)، دیاردەی خۆشەویستی لەدەقی (دیارم دەیری عیشە) ی ، مەحوی دا ، گ. ز. ڕاپەڕین، .VOL9. ،NO4

18) قەرەداغی ، فواد، (1972)،ڕەخنە، گ.هاوکاریی ، ژ،199.

19) کریم ، فرهاد قادر: ( 1399)، کەلەپور لەشیعری کوردی دا، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کاکەی فلاح بەنمونە ، پژوهشنامەی ادبیات کردی، سال6، شمارە 1،پیایی 9.

20) محەمەد ، باخان احمد: (1397)، تێمەچەمکەکانی پیری و تەنهایی ، پژوهشنامەی ادبیات کوردی ، سال چوارەم، شمارە.

21) موکریانی ، کوردستان : (1975)، ئافرەت لەهۆنراوەکانی مامۆستا هێمن ، گ.بەیان، ژ.26.

22) میرە، عومەر: احمد محمد و مهدی فاتح: (2020)، نۆستالیژیا لەدیوانە شیعری ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێری جەمال شارباژێری، گ.ز. هەڵەبجە ، ISSUE3،VOL5.

## سەرچاوە عەرەبییەکان :


1) قوران كريم ، مريم ، اية 13

2) قورئانی پیرۆز ، مائيدة ،29.

3) ابـراهيم ، مهـا روحـي : ( 2007)، الحـنين والغربـة في الشـعر الاندلسـي في سـيادة غرناطـة 635-995 الهجريـةط1, دارالثقافة , بيروت, لبنان.

4) احسان، عباس :(1998) معنى الوجودية ، ط1 ، دار المكتبة الحياة ، بيروت.

5) الطربـولى، محمـد، صـابر: ( 2005) ، مكـان في الشـعر الاندلسـي – مـن العصـر المـرابطين حتـى نهايـة الحكـم العربـي ، منشورات المكتبة الثقافة الدينية ، قاهرة ، مصر.

6) الراوي ، مسارع حسين:( 2015) الاغتراب والغربة في فكر العلمي والتراث الاسلامي ، ط2،دار الكتب، بيروت .

7) الربيعي ، احمد حاجم : (2013)، الغربة والحنين في الشعر الاندلسي، ط1، دار العربية للموسوعات، بيروت ، لوبنان

8) الربيعي، محمود :(1987،)حاضر النقدالادبى ، ط2 ، دار المعارف ، بغداد.

**9)** افلاتـــون:( 1974 ) **جمهــوريه افلاتــون، تــرجمه .د. فــوءاد زكريــا ، مطــابع الهيــئه المصــريه العــامه للكتاب,قاهرة, مصر.**

10) ابن منضور : (1995) ، ليسان العرب ، ط3، دار الصادر البنانية ، لبنان

11) ابو سليم ، انور محمود: ( 2013)، المطر في الشعر الجاهيلي ، ط1، دار الجليس الزمان، عمان.

12) ابو مسعود، عطيات: ( 1998)، مدينة الفاضلة عبر التاريخ، ت: ماريا لويز،ط2،دار الترجمة و لبنان ، بيروت.

13) ابي عثمان ،جاحظ: (1982) ، الحنين الى الاوطان ، ط3 ، دار ارائد البحري- بيروت ، لوبنان

14) ايباري ، ابراهيم: (1962) ، الوطن في الادب العربي ، دار الفلم ، د.ط. القاهرة

15) بالعاد ، عبدالرحمن : ( 2008 )، عتبات جيرار جنيت من النص الى المناص ، ط1 ، منشورات الاختلاف ، جزائير.

16) بطل ، علي عبدالمعطي : ( 1982)، الرمز الاسطوري في شعر بدرشاكرسياب،ط1، دار الربيعان للنشر، كويت.

17) بريتون ، ا ندرى : ( 1978)، بيانات السريالية ،ت:صلاح برمندا،منشورات وزارت الثقافة والارشاد القومي ،ديمشق.

18) بصير ، كاميل حسن: ( 1987 ) ، بناء الصورة الفنية فى االبيان العربى ، المجمع العلمى العراق .

19) بليغ ،عبدالكريم : (1979) )، الحركة تجديد الشعري في المهجري – نضـرية التطبيقيـة ، ط1 ، هيئـة المصـرية العامـة .للكتب.

20) بوقرورة،عمرو: (،1997)الغربة والحنين في الشعر الجزائيري (1945-1962) منشورات جامعة باتنة ،

21) توفيق، احمد خالد: (2008)، يوتوبيا، دارميرين، ط1 ، قاهرة ، مصر.

22) توفيق، اشراف مصطفى : (2017)، ديستوبيا، مكتبة نور، ط1، قاهرة ، مصر.

23) جان كوهن،: (1987 ) ، بنية الشعرية ، ت. محمد الولى و محمد العمرى،ط1،دار توبقال للنشر، المغرب، .

24) جبورى ، وهيب يحيى :( 2007) الغربة والحنين في الشعر العربي ، ط1، دار مجيد لاوي للنشروطبع ، بغداد.

25) جلال ،محمد غيض: ( 1986)، الرومانتيكية ، دارالصورة- بيروت، لوبنان.

26) جنداري ، ابراهيم :( 2001) ، فضاء الروائي عند جبران ،ط1، دار شئون الثقافة ، بغداد.

27) حسين ، محمد: (1954) ، الاتجاهات الوطنية في الادب المعاصر ،ط1، قاهرة ، مطبعة الاداب ، مصر.

28) حماسة : محمد عبدالطيف : (1989)، اللغة والبناء الشعر، ط1، مكتبة زهراء ، قاهره ، مصر.

29) خشروم، عبدالرزاق:( 1982)، الغربة في الشعر الجاهيلي ، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ديمشق، بغداد.

30) خليفة ، عبداللة:( 2003)، ماذا لو كونت اعيش في تلك الاوقات ، دراسات سايكولوجية الاغتراب، ط1،دار الغريب ، مصر.

31) زكى ، احمد امين:( 1935)، القصة فلسفة اليونانية ،ط1،الدار الكوتب المصرية ، قاهرة.

32) سرغينى ، محمد: (2013) ، من القضاية الانسان في الشعر الاندلسي ، ط1 ، وطبعة العلم ، قاهرة ، مصر.

33) سعد، مها عبداللة:( 2004)، الاغتراب والحنين بين شعراء المشارقة والاندلس، ط2،نادي منطعة الشرقية للنشر، دمام – سعودية.

34) سوهيل ، ادريس : (2006) ، قاموس: الوسيط ، (فةرةنسي – عربي) ، ط العاشرة ، دار الادب ، بيروت ، لبنان

35) سي لويس:( 1982 ) ، الصوره الشيعرية ، ت .احمد الجنابي ، دار الرشيد للنشر ،بغداد .

36) شايب ، كاىد:(2003)،سيكولوجيا الحب والحرمان، ط1،دار فضاءات للنشر واتوزيع،عمان ،الاردن.

37) شتا، علي سيد: ( 1993)و النظرية الاغتراب من المنضورالاجتماع، موءسسة شهاب جامعة ، الاسكندرية ،مصر.

38) صالح ، علي رحيم : (2021) ، ماضي جميل ، ط1 ، مطبعة نور ، لبنان

39) طرابيشى،جورج: (1982)و مدخل الى تحليل الفلسفى ،ط2، دارالطليعة للطباعة والنشر،بيروت ، لبنان.

40) عباس ،احمد: ( 1998 ) ، فن الشعر ، ط،3،بيروت، ،لبنان، د. ت .

41) عبداللة، محمدحسن: (1978) ، فنون الادب (اصول، نصوص ، قراءت)ط3، داركتب الثقافة،كويت.

42) عبيدي ،مهدي :(2011) ، جماليات مكان في ثلاثية حنامينة، ط1، دارالعلم للطباعة والنشر، ديمشق ، سوريا

43) عدنان ، خالد عبدالله:( 1986) النقد التطبيقي التحليلي ، دارالشئون الثقافة العامة ، ط1، بغداد، .

44) عريضة، نسيب:( 1992)، الارواح الحائيرة،ط2، دارالغزو –عمان ، الاردن.

45) عصفور،جابر: (2001) ، استعادة الماضي ، ط1، دارالمدى ، سوريا.

46) عناد غزوان،:( 1994 ) مستقبل الشعروقضايا النقدية، مطبعة دارالشئون والثقافة العامة،بغداد، ،

47) عياد ، شكرى محمد: (1971،) الادب في عالم متغير،ط1، الهيئة مصرية للنشر، قاهرة ، مصر.

48) فهمي ، ماهر حسن :( 1970)، الحنين والغربة في الشعر العربي الحديث،ط1،جامعة الدول العربية ، مصر .

49) فهمي ،ماهر حسن:(1969) الغربة والحنين في الشعر العربى الحديث ،ط1، دارالمعارف، قاهرة ،مصر.

50) فيروز و محمد ، ابادى و بن يعقوب: (1980) ، قاموس موحيط ، ط4 ، هيئة العامة المصرية للكتب ، قاهرة .

51) قصى ، عبدالعزين(2002)، اسس الصحة النفسية، ط5،مطبعة السعادة، قاهرة،مصر.

52) ناللينو،كارلو :(1970) ، تاريخ الادب العربية من الجاهلية حتى عصر بنى امية ،ط2،دارالمعارف،قاهرة،مصر.

53) كامبل ، جوزيف،:( 1998)، قدوت اسطورة ، ت:عباس مخبر،ط1، تهران –مركز.

54) ماكوري ، جون:( 1982) الوجودية، ت: امام عبدالفتاح امام ،ط1،المجلس الوطني للثقافة والادب، كويت.

55) مقداد ، قاسم :( 2014)، تفكرات سيمائية ، اليات انتاج الدلالة والمعنا ، دار نور الصباح، ط1 ، ديمشق ، سوريا .

57 ) موسى ، عبداللة عبدالحي: (1982) ، المدخل الى عالم النفس، ط3،مطبعة المجلد،القاهرة،مصر

58 ) موسى ، محمدى: ( 2001) الاغتراب في التراث الصوفية الاقدام – الدراسة المعاصرة ، دار بيت الحكمة ، بغداد.

59 ) ناعوري ،عيسى : (1991)، ا لادب المهجر ، ط2 ، دارالمعارف ، مصر.

60 ) لوكاش ، جورج : (1982) و التاريخ والوعي الطبيعي ،ط2ودارالاندلس للطباعة والنشر، ديمشق.

## الرسائل والاطاريح :

1) ابوريش، ثائر نعيم محمد:(2013) ، الحنين الى الديار في الشعر العصر العباسي الثالث ، رسالة ماجستير ،جامعة خليل ، عمادة الدراسات العليا، فلسطين .

2) البغدادي، عبدالقادرعمر : (1998) ، خزانة الادب ولب لبلب لسان العرب ، ط3، دارالكتب بيروت .

3) الحراسيس ، امال عبدالمنعم(2016 ) ،ظاهرة الاغتراب في الشعر مخضر الجاهلية والاسلام، رسالة ماجستير ، جامعة موءتة، كلية الدراسات عليا.

4) بادحوا ، احمد:(2019) ، نقد الفلسفي ،رسالة ماجستير،جامعة وهران،جزائيرى ، كلية الاداب.

5) بلولة زين ، محمد موسى : (2010) الاغتراب والحنين في شعر المهجري ، رسالة دكتوراة ، جامعة خرطوم ، كلية الاداب ، سودان.

6) حلمى : فريد : ( 2009)، سيمائية العنوان في الرواية الجزائيرية المعاصرة ، رسالة ماجستير ، جامعة منتوري ، قسطنتينة.

7) حمادى،عبداللة:(2005)، ضاهرة الغربةفي الشعر مفدي زكريا، رسالة ماجستير ، جامعة منتوري – قستنطينة،كلية الاداب و اللغات ،جزائير.

8) خليل ، ياسر جميل: (2013)، شعر الحنين فى عصر المملوكى الاول، رساله ماجستير ، كليه الدراسات عليا، جامعه خليل

9) دحماني ، حمة د:( 2006) الظاهرة الغربة في الشعرمفدي زكريا ، جامعة مستوري - قستنطينية ،كلية الاداب –قسم اللغة العربية جزائير.

10) دخموش،فتحة : (2005)، تجربة الغربة والحنين في شعر ابن خفاجة ، رسالة ماجستير، جامعة منتوري ، جزائير، كلية اداب ، قسم اللغة العربية .

11) سعد ، فورارى : (2011) ، الحنين الى الديار المقدسة في الشعر الاندلسي ، الرسالة ماجستير ، جامعة العربي ام البواقي ، كلية الاداب ، قسم اللغة العربية.

12) صباح ، شيماء عبدالتميمي:( 2003) حزن في الشعر الاعصر الاسلامي، رسالة ماجستير ، جامعة ديالة-كلية التربية-قسم اللغة العربية.

13) عطا القضاة/امينة جميل: (2019)، تجليات الغربة والحنين في الشعر الفتوحات الاسلامية في شعر صدر الاسلام،رسالة ماجستير ،جامعة موتة ،كلية الدراسات العليا،الاردن .

14عليان ، عويض: ( 2015 ) ، الغربة والحنين في الشعر احمد شوقي ، الرسالة ماجستير ، جامعة غزة ، فلسطين ، كلية الاداب

15عمرو ، مي يحيى : ( 2001 ) ، الحنين والغربة في الشعر الزنكي والايوبي ، رسالة ماجستير ، جامعة خليل ، كلية الدراسات العليا .

16عمرو مولود،روضة بلال: ( 2007) الغربة والحنين في شعر العربي القديم ، رسالة ماجستير ، جامعة ام العربي ،كلية اللغة العربية وادابها.

17عواد الحربي، صيتة علي:( 2015)، الحنين للوطن في شعر الجواهيري، رسالة ماجستير ، جامعة الشرق الاوسط ، كلية الاداب ، قسم اللغة العربية.

18عطا ، امينة جميل : ( 2019 ، تجليات الغربة والحنين في شعر الفتوحات الاسلامية ، رسالة ماجستير ، جامعة موءتة ، كلية الدراسات العليا .

19عويض العماري ، نضال عليان:( 2015)، الغربة والحنين في الشعر احمد شوقي ، رسالة ماجستير ، جامعة الاسلامية غزة ،كلية الاداب،فاسطين.

20)غميض ، حنان :( 2015)، الغربة والحنين في الشعر العربي الحديث(فوزي المعلوف نموذجا)،رسالة ماجستير ، جامعة محمد بوضياف ، كلية الاداب، جزائير.

21)قباحة ، محمد عبدالمنعم :( 2008)، الغربة والحنين الى الديار في شعر العصر العباسي ثاني ، رسالة ماجستير ، جامعة خليل ، كلية الادراسات ، قسم اللغة العربية ، فلصطين.

22)متيحة ، دخموش( 2005)، تجربة الغربة والحنين عندة ابن خفاجة ،رسالة ماجستير ،جامعة منتوري –كلية الدراسات،جزائير

23)محمد: احمدعلي:(1990)، طيف الخيال في الشعرالعباسي حتى نهاية قرن الثالث الهجرى ، رسالة ماجستير ،جامعة دمشق،سوريا.

24)محمد ، محمد عبدالمنغم :( 2008)، الغربة الى الديار في الشعر العباسي الثانى ،رسالة ماجستير ، جامعة خليل ،كلية الدراسات العليا – قسم اللغة العربية

25)محمود عصيمي ، امين صالح:( 1995)، الغربة والحنين في شعر فلسطينى بعد الماساة،رسالة دكتوراة ،جامعة قاروبونس ،بنغازي .

26)مطلك ، حيدرلازم : ( 2003)، المكان في شعرالعربي قبل الاسلام، رسالة ماجستير ، جامعة المستنصرية،العراق .

27 )نبيل ، بوكرموش ياسين:( 2017 ) ، الاساليب البلاغية في فخ الطيب للمقري، رسالة ماجستير ،جامعة حسيبة بن بوعلي ، كلية لاداب واللغات، جمهورية الجزائيرية.

## گۆڤارەعەرەبییەکان :

1-احمدى ، مير : (2012)، الاشكال حنين في الماضي ، في شعر بدرشاكرسياب ، مجلة الدراسات في اللغة العربية والادابيها ، عدد11، مجلد4.

2-ابراهيم ، على احمد : ( 2014)، الغربة والحنين في شعر السنايي ، عدد18، مجلة الاداب.

3-احسان ، محمد: ( 2015 ) ، توضيف نؤستاليجيا في بناء الرسالة اعلامية ، مجلة العمارة والفنون ،عدد 12 ، مصر

4-الاسدي ، مروة : ( 2016)، نوستالجيا واثارها الاجابية على النفس ، مجلة بناء ، عدد13.

5-جنادلة، حامد: ( 2018 ) ، ضاهرة الحنين في الشعر احمد عبدالمعطي حجازي ،و منوتشهر انشي ، مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية ،جامعة بابل ، عدد37.

-6خليفة ، ابراهيم خزعل: ( 2017 ) ، نوستالجيا في شعر العراقى ، مجلة بحوث اللغات، جامعة تكريت ، عدد11.

-7منصور، ابـراهيم محمـد:( 1979)، البوعدالصوفي عنـدة الشعراء المهجريـى الشـمالي والارتباطـة بالرومانتيكيـة ، مجلـة العـالم الفكر،عدد 1.مجلد28،كويت.

8) مـلا ابـراهيم ، عـزت:( 2018)، ،ظاهرة الحـنين في الشعر عبـدالمعطي حجـازي و منوتشهر اتشي ، مجلـة كليـة التربية،جامعـة بابل،عدد3.

9 - نسب ، على عدالتي : ( 2018)، الغربة والحنين في شعر الرصافي ، مجلة كلية التربية للعلوم الانسانية ، جامعة بابل ، عدد39.


## سەرچاوەی فارسی


1. ابراهم،كارل :( 1998)، رووءيا و اسطورة – مجموعة مقالات اسطورة شناسى ،ت.جلال ستاريى ، تهران ، مركز.
2. احمدمحمدرحيم:(1377)، نقد ادبى در سدةى بيستةم، ض1 ، تهران-مركز
3. باتمني ، محمد رضا :(1383) ، فةرهةنط معاصر واذةنامةورةوانشناسى و زةمينةهاى دايشـة- انطليسى – فارسي – فارسي- انطليسى، ض1، تهران ، ايران.
4. بارت ،رولان:(1996)، اسطورة، ترجمة شيرين دخت دقيقيان،ض4،تهران – مركز
5. برونسيلا، ماليندوفسكي:( 1378)، اسطورة در روانشناسي انسان هاى بودي جهان، ط1،تهران – مركز
6. جعفري ، مسعود: (1378) ، سير رومانتسيزم در اوروبا ، ض1 ، تهران – نشر مركز.
7. حجت،اصيل:( 2012)، امانشهر در انديشة ايراني ،ج2،تهران نشرتي.
8. داودى رضا:(1977)،عصر اتوبى ،ج١ جامى ، تهران .
9. رمضان ، عبداللة : ( 1395)، مصطلحات فرهنطي ،ثذوهشنامةى علوى ،دانشطاه علوم انساني ،سالهشتةم،شمارة دوم، بايز تابستان .
10. زرينكوب، عبدالحسين:( 1376)، نقد وشرح تحليلي تطبيقى ،ط3،انتشارات علمى ، تهران،
11. سبحاني ، توفيق:( 1396)، تاريخ ادب ايران ، ج1، تهران .
12. سةير، رابرت / لوى ميشيل: (1383)، رومانتيسم و فكـر اجمـاعى ((ارغـون)) شمـارة (2) ،تهـران، انتشـارات سـازمان ضاب.
13. - سيد ، حسينى رضا:( 1366 )، مكتبهاى ادبى، ضاث سوم، ، انتشارات نيل. ، تهران .
14. شاملو ، احمد:( 2013)، كلكاميش، تصديرساز مرتخى مميز،تهران جشمة .
15. شاملؤ ، سعيد: (1375) ، اسيب شناسي دواني ، ض3، تهران ، مركز.
16. شافعي ، سلمان علاء:(2014),نوستاليذيك،ضاب1، انتشارات علمى ، تهران.

17. صالح مهدی:(2011)، نوستالیذی در ادبیات فارسي ، ض2،مرکز ، تهران.

18. صنعتی ،محمد: (1382) ، تحلیل های رةوانشناختی در هنر و ادبیات ,ض1،تهران – مرکز .

19. فه رهادی ، اعضم: (1382) ، نقد ثست مدرنسیم ، کالینکوس ابل ، تهران ، ئینا.

20. فتاحي ، محمد:( 2011)،اسطورة زال ،ض1، توس، تهران

21. فورست، لیلیان: (2001)، رومانتیسزم، ت.مسعود جعفری،ض3، مرکزکمیجان داود،تهران

22. فروغی ، محمد علی: (1374) ، فرهنط اصتلاحیات ادبی ، ض3،شرکت کانون کتاب، تهران.

23. فورست :( 1380)، رؤمانتیسزم، ت: مسعود جعفری ، نشرمرکز –تهران.

24. کامؤ:( 1984)، نقد بست مدرنیسم ، ت . عباس مخبر ، انتشارات ادینة سبز، تهران .

25. محمد ، سمية :( 1395)،نوستالیذیا دراشعارکلاسیك،ض3،مرکز ، تهران

26. مختاري ، محمد: ( 1372) ، انسان در شعر معاصر ،ض2، انتشارات توس ، تهران

27. هینلز ،جان،( 1381)، اساطیر ایران ، ت: ذالة ئاموذطار ، ض8، تهران ،ضشمة.

28. یونك ، کوستاف:( 1993)، مقالاتی ازیونط ، ت. جلال ستاریی ، ض1،توس، تهران .

## گۆڤارەفارسییەکان :

1. برایان،تیرنةر:( 2003 ) ، حسرتزدطی ،ثسامدرنیسم و نقد فرهنط تودة، فصلنامة ارغنون : ترجمة محبوبة مهاجر، تهران : شمارة 13، ثایز

2. جعفری ، اسعد اللة: (1396 ) ، برسي مفاهم نوستالیذیك در اشعار منصور اوجی ، فصلنامة ادبی عربي ، شمارة اول ، تابستان ، تهران

3. جعفري ، اسعد: (1398) ، نوستایذیا در اشعار رضا طاهر زادة ، مجلة شهر ، تهران ، شمارة 45.

4. حریرجی ، فیروز: ( 1394) ، نوستالذیا دراشعار ابو فراس حمداني ، مجلة الادب العربي ، شمارة1، سالی 9.

5. حسيني ، حسن :( 1374)، احمد مطر شاعر خندةهای تلغ ،مجلة کیهان فرهنطی ، شمارة 49-50.

6. رحیمی و باقری و علمي، ابو قاسم و مصطفی و جعفر تواتا:(1398) غم غوربة نوستالیذی وطن در سرود محمد رضایی ، ثذوهشنامة ادبي و بلاغي ، سال سوم ، شمارة

**7. رشید، جیهاد شکری :( 2021)، واکاوی جیلوەهای نوستالیژی درشعر شیرکو، گ.زانکۆبۆزانستە کۆمەڵایەتیەکان ، ب5،ژ.25.**

8. رضـايي ، رمظـان: ( 1395 ) ، درامـدى برزمينــةهاى نؤســتالذى درنهــج البلاغــة ، ثذوهشـنامة علـوي ، ثذوهشـطاه علـوم انسانى ،سال هةشتةم، شمارة2، ثايز تابستان.

9. رمضان ، عبداللة : ( 1395 )، مصطلحات فرهنطي ،ثذوهشنامةى علوى ،دانشطاه علوم انساني ،سالهشـتةم،شمارة دوم،ثـايز تابستان.

10. رؤشنفكر ، كويري : (1391 ) ، برسي تطبيقي نؤستاليزي در شعر عبدالوهاب ، ثذوهشنامة ادبيات تطبيقى ، شمارة 2.

11. .سيزيان، ثـور: (1392 ) ، برسي تطبيقى نؤستاليذى سياسي درشعر ملـك شـعراء بهـار و جميـل صـدقي زهـاوى ، نشـرية ادبيات تطبيقي ، سال ضهارم ،شمار 8 ، بهارتابستان.

12. شريفيان ، مهدى: ( 1385 ) ، برسي نؤستاليذى در شعر معاصر فارسي ، بر اساس شعر نيما يوسيج و مهدى اخوان ثالث، مجلة كاوسنامة ، شمارة3

13. شريفيان ،مهدي :( 1386 )،نؤستاليذيا در اشعار سهراب سبهرى ،مجلة زمان و ادبيات فارسي ، شمارة 3،سال ثيَنجةم.

14. صفري ،جهانطير :( 1389 )، برسي نوستاليذى در ديوان ناصر خسرو ، بذوهشنامة ادبيات غنائي ، دانشـطاه بلوجسـتان ، سال هشتةم ، شمارة 15.

15. مسبوق ، سيد مهدي :( 1394 )، ابن نباتة مصري و نوستاليذيك ، ثذوهشنامة ادبي غنائي ، دانشـطاه ، بلوجسـتان ، سـال 13، شمارة 25.

16. موسوى ،سيد كاضم :( 1390 )، نوستاليذيا در اشعار سنايى ، مجلة تحقبقات ادبي ، شمارة 14،

## نامە ئەكادییمییەكان بەزمانی فارسی :

١/ احمد ، على اكبر : ( 1390 )، نوستالجيا عندة سلاح عبدالصبور و منوتشهر اتشي ، رسالة ماجستير ، جامعة علامـة طباطبـايى ، كلية الاداب ، تهران.

٢/ تكايي ، حامد ابراهيم : ( 1391 )، نوستالجيا در شعر دورة ، رسالة ماجستير ، جامعة علوم تطبيقي ، كلية الاداب.

3/ خدادى ، معصومة: ( 1373 ) ، نوستاليذى در شعر زنان معاصر ، بايان نامة دكتر زبان و ادبيات فارسي ، دانشكاه نربيت مدرس

4/ عبداللهيان، فرشـيد : (1394)، برسـي بديـده نوسـتاليژى درشـعر احمـدمطر، پايـان نـامەدكترى، دانشـگاه محقق اردبيلـي، زبان و ادبيات عربي.

5/كلاهضيان ، فاطمة: ( 1984 ) ، نؤستالژيا (دلتنگـى بـراى گزشـته در شـعر كلاسـيك عرفـانى ، رسـاله دكتـرى، دانشـگاه ادبيات علوم انسانى ، زبان ادبيات فارسي .

## سەرچاوەئینگلیزییەكان

1) Addison:1998, wesliy logman,dictionary of English – language and caltur

2) Cheung, W. Y., & Wildschut, T. (2020). Nostalgia and identity: A review. Current Opinion in Psychology, 32, 84-89.

3) Cambridge dictionary.2022.Cambridge University Press.Cambridg

4) Dominiqqe,Geahchan(1968),nostaligia in revue fracaisede psy cha nalyses

5) mirce cartarescu (1989), ,nostaligia, humanitas,71p,.

6) Routledge, C., Arndt, J., & Wildschut, T. (2011). Nostalgia as a resource for psychological health and well-being. Social and Personality Psychology Compass, 5(10), 808-818..

7) Ray,(1996):Memoireoubliette nostalgia thrapie: va de mander amammyesell,terecontera

**سەرچاوەی تورکی :**

– پاموك ، ئورهان (2008) ، ماسوميت موزيسى ، رومان ، lietisim yayinlari تركيا .

# الخلاصة

الحنين إلى الماضي هو عنصر اساسي و مؤثر في تشكيل السيكولوجية البشرية، وقد اخذ مكانة مهمة في مجال الدراسات الأدبية، و المفهوم الحنين اوجه متعددة في العودة الى الوراء و الشوق الى الماضي البعيد، وعندة التفكيربه ينتاب الانسان والكآبة الناتجة عن البعد من ذاليك الزمن بسلبياته و ايجابياته، ومن ثم الحنين إلى (العودة) و الوطن، والشكوى من والايهات وندم من الحاضر، والتطلع إلى مستقبل أكثر إشراقاً. يعتبر الحنين إلى الماضي غريزة راسخة في مجالات علم النفس والفن بشكل عام، وله صدى خاص في عالم الشعر.

وتعتبر تلك المشاعر هي تجربة بشرية عامة و عالمية، وغريزة فطرية متأصلة عنده كل فرد. فيحمل الحنين معه أحلامًا لماضٍ لا رجعة له، وكثيراً ما يُنظر إليه على أنه جانب لا يتجزأ من النفس البشرية، وحين التفكير به يمنحنا السعادة والراحة ، وإن كان ذلك بشكل متناقض مع النفس الحالية، من خلال قدرات جمع الذاكرة والخيال معا، مما يسمح لنا بالالتقاء مرة أخرى مع أحبائنا الراحلين بطريقة لا إرادية وخارجة عن إرادتنا.

يتكون بحثنا، الموسوم "الحنين إلى الماضي في شعر بيرَميرد وديلان وهيمن"، من ثلاثة فصول رئيسية ، و المقدمة، وقد تم تنظيم هذه الفصول على النحو التالي:

الفصل الأول: الأسس النظرية والتاريخية للحنين إلى الماضي.المبحث الأول: يتطرق في الأسس النظرية والتاريخية للمصطلح الحنين، حيث يشمل موضوعات مثل جذور أصل كلمة الحنين إلى الماضي، وتصور وتعريف الحنين إلى الماضي، والأصول التاريخية وانتشار مفاهيم الحنين إلى الماضي، والأنواع النظرية للحنين إلى الماضي، والعوامل التي تساهم في ظهوره.المبحث الثاني: يستكشف التفاعل بين الحنين إلى الماضي والتأمل، ويشمل موضوعات مثل الحنين إلى الماضي الرومانسي والعوامل التي تساهم في تطوره.المبحث الثالث: يحقق في الأبعاد المتعددة للحنين إلى الماضي، بما في ذلك فوائده، وتصوير الكآبة الزمنية، وعلاقته بالأنواع الفنية والأدبية المختلفة، مثل صلاته بالأساطير والأدب والسياسة والنقد النفسي والفلسفة والفكر الطوباوي.

الفصل الثاني: أنماط مفاهيم الحنين إلى الماضـي في شـعر بيرَمـيرد وديـلان وهـيمن ، يكـرس هـذا الفصـل لتحديد وتقـديم الأنـواع والمظـاهر المتنوعـة للحـنين إلى الماضـي في الأعمـال الشـعرية لــ(بيرَميرد وديـلان وهيمن)، مع التركيز على التحليل العملي.

الفصل الثالث: علاقة الحنين إلى الماضي بالجماليات .

فيها يستكشف اللغة المسـتخدمة في القصـائد القصـيرة الحنينيـة لـبيرَميرد وديـلان وهـيمن، ويـوفر رؤى عملية حول الصور الفنية في هذه الأعمال ويبحث في جماليات عناوينها.

في ختام الدراسة ، قدمنا ملخصًا باللغتين العربية والإنجليزية، مصحوبة بقائمة شاملة للمراجع.

## Abstract

Nostalgia,is a profoundly influential element in shaping human psychology, has long occupied a significant position within the realm of literature. This multifaceted concept encompasses the act of revisiting the past, the melancholy stemming from distance, the yearning for a return to one's homeland, the lamentation over the woes and regrets of the present, and the aspiration for a brighter future. Nostalgia serves as a pervasive motif in psychology and art in general, with a particular resonance in the world of poetry.

This sentiment is a universal human experience, an innate instinct inherent in every individual. Nostalgia carries with it the dreams of a past that is irrevocably lost, often regarded as an integral facet of the human psyche, akin to an organ that bestows happiness and solace upon us. It achieves this, albeit paradoxically, through the faculties of memory and imagination, enabling us to reunite with departed loved ones in a manner that is both involuntary and beyond our control.

This research, entitled "Nostalgia in the Poems of Piramerd, Dylan, and Hemin," comprises three principal chapters. Beyond the introductory section, these chapters are structured as follows:

Chapter 1: The Theoretical and Historical Underpinnings of Nostalgia

Part 1 delves into the theoretical and historical foundations of the term, encompassing topics such as the etymology of nostalgia, the conceptualization and definition of nostalgia, the historical origins and dissemination of nostalgia, theoretical typologies of nostalgia, and the determinants contributing to its emergence.

Part 2 explores the interplay between nostalgia and contemplation, encompassing subjects like romantic nostalgia and the factors contributing to its evolution.

Part 3 investigates the manifold dimensions of nostalgia, including its benefits, the depiction of temporal homesickness, its relationship with various artistic and literary genres, such as its ties to mythology, literature, politics, psychological criticism, philosophy, and utopian thought.

Chapter 2: Typologies of Nostalgia in the Poems of Piramerd, Dylan, and Hemin

This chapter is devoted to the identification and presentation of the diverse types and manifestations of nostalgia within the poetic works of Piramerd, Dylan, and Hemin, with a focus on practical analysis.

Chapter 3: Nostalgia's Relationship with Aesthetics and Psychological Critique

Part 1 scrutinizes the language employed in brief nostalgic poems by Piramerd, Dylan, and Hemin, offering practical insights into artistic imagery within these works and examining the aesthetics of their titles.

Part 2 explores the representation of elements of both optimism and melancholy within the short nostalgic poems of Piramerd, Dylan, and Hemin, providing a practical perspective.

In conclusion, this study provides a summarization in both Arabic and English, accompanied by a comprehensive list of references.